# واتە

22

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئایار و حوزەیران ۲۰۱۲

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاڤانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. ئاریان ئەحمەد

# موبارەک و سەردەمەکەی..
# لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان

محەمەد حەسەنێن هەیکەل

٢ لە ٢

---

لای زۆر کەس وابوو، کە میسر چارەسەرە، بەتایبەت لەگەڵ هەندێک بۆچوونی چاوەڕواننەکراودا:

– میسر وڵاتێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا و بناغەیە، پاشان بارودۆخەکەی دوای پەیمانی ئاشتی بواری کارەکەی دەستنیشان کرد و بەتاسەوەیە ڕۆڵێک لە ناوچەکەدا بیگێڕێت.

– وڵاتێکە خەریکە دەبێتە عەنباری وزەیەکی مرۆیی دیارنەکراو.

– ئەم وزەیە سەرچاوەیەکی لێوانلێوە بەلاوانێک ئامادەن بۆ جیهادکردن دژ بەئاتەئیزم (الالحاد).

– لەم وڵاتەدا ئەندامەیلێک هەن بەرەو توندوتیژی ملیان نا، هەن ڕێگری ناکەن لەوەی بەرەو دەرەوەی میسر بنێررێت، تاکو لێی ڕزگار بێت و بەشتێکەوە سەرقاڵی بکات دوور لە ناوەخۆی میسر.

لەمەش گرینگتر میسر خەزێنەیەکی زەبەلاحی لە چەکی سۆڤیەتی هەیە پێویستی پێ نییە (چونکە چەکدارکردنەکەی بۆ وڵاتە ڕۆئاواییەکان گواستەوە، بەتایبەت ئەمەریکا)، ئیدی سیاسەتی میسری هەوڵی دا چی پێویست نییە پاڵی پێوە بنێت، ئەوە بوو زۆریانی بەعێراق فرۆشت، چونکە پێویستییەکانی "سەدام حوسێن" لە جەنگەکەیدا دژ بەئێران لە سەرووی هەموو بۆچوونەکانەوە بوو، پێویستییش وا لە داواکاری چەک دەکات بەهەموو مەرجەکان ئامادە بێت.

ئا لەو کاتەدا بۆ زۆرێک دەرکەوت، شێوازی ئەفسوونئامێزی وەفاداری بەگشت پێویستییەکانەوە دوور نییە لە قاهیرەدا بێت، بەدیاریکراویش لە دوو زەلامدا: "موبارەک" و "ئەبوغەزالە".

یەکەمیان، سەرۆکایەتیی میسری بەدەستەوەیە بەهەموو ئەوانەی دەیاننوێنێت، هەروەها بەگشت ئەو توانایەی هەیەتی لە پاڵپشتی سیاسی.

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

دووەمیش، چەکی زۆری هەیە لەگەڵ توانای مرۆییی ڕاهێنراو لەسەر شەڕکردن.

لە نێوان ئەو دووانەشدا چینێک لە میسردا هەیە ئامادەیە بۆ ئەوەی لێی داوا دەکرێت، بەتایبەت ئەگەر سامانی نەوت داوا بکات، ئەوکات دەسەڵاتی نێودەوڵەتییش پشتگیریی دەکات!.

**

جـێی خـۆیەتی بوترێت، هەر یەک لـەو دوو پیـاوە پاڵنـەر "پرۆژە"ی خـۆی هەبوو بۆ چوونە ناو گۆڕەپانە فراوان و نیگەرانەکەی دەرەوەی سنوور.

"مـوبارەک" بەنیـازپاکیـیـەوە واهەست دەکـات ئەم سـاتـە، بەهێـزی ڕاکـێشـانی سـیـاسی و فەراهەمبوونی سەرچاوە مەزنە مرۆییەکانەوە لە میسردا، لە هەرای ڕووداوەکاندا یارمەتیی ماڵیی گـەورەی بەربکەوێت، سـوودیان هەبێت بۆ سـووککردنی توندی قـەیرانە ئابوورییـەکـەی مـیسـر، هەروەها خزمەت بەو حەزانەی بکات، کە ئارەزووی دەوڵەمەندبوونی تێدا دەکات.

"ئەبوغەزالە"ش لای خۆیەوە وای بۆ دەچێت (هەڵبەت ئەویش لە قاڵبی نیازپاکییەوە) لە هەمان بگرەوبەردەدا دەسکەوتەیلێک بەدەست بهێنێت نرخیان هەبێت، وەکو ئەوەی بازاڕێک بۆ چەکی سۆڤیەتی بدۆزێتەوە، کە دوای گۆڕینی سیستەمی چەکدارکردن لە میسردا بۆ چەکدارکردن بەچەکی ئەمەریکایی، ئیدی پێویستی پێی نییە، ئەویش بەو داوایانەی ئەم فرۆشتنانە بەدەستی بهێنن، دەتوانێت کڕینی چەک لە ڕۆژئاوا پتر بکات و دابینی شێوازی فراوانتر بۆ چوونە ناو بواری دروستکردنی ڕۆکێتەوە بکات، هەروەها بەهاوتەریبی دەتوانێت خۆبەخش بۆ جیهاد فەراهەم بکات، لەوانەی خزمەتی سەربازییان لە میسردا تەواو کردووە و خەریکە دەردەچن و هیچ دەرفەتی کارێک چاوەڕوانیان نییە و ترس لەوەی "گرووپە توندڕەوەکان"ی میسر بیانگرنە خۆیان، ئینجا مەزەندەکردنی ئەوەی دەکرێت بەپارەی زۆر تەفرە بدرێن، ئەگەر مەترسیی "خۆبەخشی"یان لە ڕیزەکانی جیهاد دژ بەبێ خواییی قبووڵ کرد، ئالێرەدا پاداشتەکە دووقات دەبێت، پاداشتی جیهادکردن و سوودی شەڕکردن!.

ڕەنگە ئەم دوو پیاوە پێکەوە وابزانن، بەنیسبەت سیاسەتی ناوەخۆیی میسرەوە، ئەوا بەبەردێک چەند چۆلەکەیەک دەپێکن.


– یەکەمیان سەرچاوەی داراییە هەڵدەقوڵێت.

– دووەم، هەندێک لە لاوان لەوانەی ئامادەی جیهادن، ڕەوانەی دەرەوە بکرێن باشترە.

– پاشان، ئەمەش ئەو چۆلەکەیەیە، کە جوانتر و ڕەنگینترە، هەردووکیان دەتوانن لە میانەی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت، لە دەرەوە ئەوە ببینێتەوە، کە لە ناوەوە پاڵپشتیی دەستمایەکەی بکات.

(بۆ ئەمانەت بڵێین، دەکرێ بوترێت لەم ماوەیەدا پارەیەکی زۆری بۆ میسر دابین کرد، کە لە هەندێک لە قەیرانەکانی دەری هێنا).

**



سیاسەتی میسری لەو ساڵانە و لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستدا ڕۆڵگەلێکی هەستیاری گێڕا، ئەو دوو پیاوە پێی هەستان، جار جار ڕۆڵەکان یەکیان دەگرتەوە و هەندێک جاریش لە ململانێدا بوون، زۆر دەمیش یەکتریان دەبڕی لەگەڵ هەوڵی دابەشکردنی پسپۆڕی لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا لە هاوبەشییەکی پڕ لە نیگەرانیدا لە نێوان هەرایەکدا لە ناوچەکە شیرازەی تێک چووبوو. ململانێ لەسەر زاڵبوون، لەسەر دەسەڵات، لەسەر پارە و لەسەر ئایندە!.

وڵاتە یەکگرتووەکانیش "بەتوندی" بوونی لە قاهیرەدا هەبوو و وڵاتە یەکگرتووەکان "توندتر" لە کەنداودا بوونی هەبوو.

بەشێوەیەک لە شێوەکان موبارەک "سەرۆکی دەوڵەت" بووە شارەزا لە پێوەندی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی لە واشنتۆن (ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکاشی لەگەڵدا بوو) و دەزگەکانی خێزانە فەرمانڕەواکان لە وڵاتان و میرنشینەکان و شێخەکانی کەنداودا.

"ئەبوغەزالە"ش هاوتەریب بووە پسپۆڕ لە پێوەندییە کردەییەکاندا لەسەر زەوی و بەسەرکردایەتیی ناوەندی ئەمەریکایی، کە بەرپرسە لە ئاسایشی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، بێگومان بەهاوکاری لەگەڵ دەزگەکانی هەواڵگری و چەک لە کەنداودا، هەمووشیان بێ ئاوارتە لە ئەندامانی خێزانە فەرمانڕەواکانن لە وڵاتەکانیاندا.

هەڵبەت لەپشت ئەم دوو پیاوەوە کەسانێک لە گرووپەیلی تازە، کە لە میسر بەدەرکەوتن، دزەیان کرد، لە پاشەوە هاتن و کۆشان دەستیان بەچی بگات لە تاڵان و بڕۆ کۆی بکەنەوە.

ئەو ماوەیە بوو شتی سەیر و سەمەرەی زۆری بەخۆوە بینی. بۆ نموونە، جیهادکردن لە "ئەفغانستان"دا پێویستی بەشەش هەزار هێستر هەبوو، چونکە هێستر لە گشت ئاژەڵەکان پتر بەرگەی چیاکانی "ئەفغانستان" دەگرێت، یەکێک لە خاوەنکارە شانسدارەکان هێنانی شەش هەزار هێستری لەقوبرسەوە گرتە ئەستۆ و بۆ "ئەفغانستان"ی بارکردن.

دواتر یەکێک ئاشکرای کرد شێخ "زاید"ی سەرۆک وڵاتی میرنشینەکان دەیەوێت لە گوێدرێژەکانی میرنشینەکان ڕزگاری بێت، چی گوێدرێژ لە وڵاتەکەیدا هەبوو کۆی کردنەوە و وەکو دیاری ڕەوانەی کردن بۆ ئەوانەی لە گوندە میسرییەکاندا ئاتاجین، لێ گوێدرێژە دیارییەکان پیاوی خۆیان هەبوو وەری بگرن و دواتر بەئەفغانستانی بفرۆشنەوە، هەرچەندە داواکراو نەبوو، کەچی گەیشتە گۆڕەپان، دەکرا بۆ گواستنەوە بۆ بەرەکانی دواوەی جیهاد بەکار بهێنرێن و هەر واش کرا!.

جیهادکردن دژ بەئاتەئیزم پێویستی بەزۆرە، وێڕای چاوپۆشی لە هێستر و گوێدرێژ، هەڵچوونی دەڤەرەکە بۆ میسر دەبێتە بازاڕێکی کراوە بۆ هەموو شتێک، کڕیاریش هەمیشە هەیە و پارەش زۆرە!.

سەرەڕای ئەوەی پێوەندییە سیاسییەکان لە نێوان میسر و وڵاتە عەرەبییەکانی تردا لە زۆربەی

ئەو کاتانەدا بڕابوو، لە ئەنجامی ڕێکەوتنی یەک لایەنەی نێوان میسر و ئیسرائیلدا، ئەو ماوەیە لەودیو پەردەوە شێوە نزیکبوونەوەیەکی دەگمەنی بەخۆوە بینی، چونکە پێویستییە ڕاستەوخۆکانی لایەنەکان (نەک بیرۆکە و پرۆژەی نەتەوەیی) بوونە چوارچێوە و دەفر و پاڵنەر و بزوێنەر!.

**

لە میسر دۆخێکی توند لە ئاشووب لە نێوان سیاسەت و چەک و پارەدا بەدەرکەوت، هەروەها لە نێوان بڕیاری سیاسی و کاری هەواڵگری و لە نێوان دەسەڵاتی ئاینی و چەکی دەسەڵات، جیهاد هێندەی پێویستی بە"هەڵلووشینی" پارە بوو، ئەوەندەش ئاتاجی"دەرکردنی" فەتوا هەبوو!.

هەروەها ناوەخۆی میسر لە دۆخی ڕێژەوی دراوەکیی "سیولە نقدیە" مەترسیداردا بوو، لەو سەروبەندەدا موبارەک گورزی کوشندەی خۆی لە نەیارە گەورەکەی لەناو میسردا وەشاند، ئەویش موشیر ئەبوغەزالە بوو، بەشێوەیەک وەشاندی زانی دەسمایەی لە ناوچەکە و لە شوێنەکانی بڕیار لە واشنتۆن گەورەترە لە دەسمایەی نەیارەکەی، هەروەها وا بەدڵنیاییەوە لێی دا، کە سەرەڕۆییەکەی دیاریکراو بێت، جا ئەگەر لە ناوەوەی میسردا بێت، یا لە دەرەوەی!.

ئەو لایەنی کاریگەرتر بوو لە جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا، بەتایبەت دۆخەکەی ڕێگەی والا کرد بۆ گەڕانەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی تردا (بەفەرمی) و بەواقعییش.

**

لە ناوەڕاستی ئەم قۆناغەدا شتێکی تازە ڕووی دا، ئەوە بوو مامۆستا "ئیبراهیم سەعدە"ی (سەرنووسیاری "اخبار الیوم") سەردانی کردم، بەلای ئەوەوە ماقووڵ نەبوو نووسینەکانم لە سەرجەم ڕۆژنامەکانی جیهان ببینرێن و لە میسردا نەبن.

بانگهێشتنکردنم بۆ نووسین لە میسردا، کە دڵتەنگی بۆ هەندێک لە ناوەندی دەسەڵات دروست کرد، بڵاو بووەوە، بەڵام سەرۆک موبارەک (ڕاستی بڵێین) بەرگریی لە بانگهێشتنم بۆ نووسین کرد!.

لە ڕاستیدا دڵنیا نەبووم لەوەی من بەمانای تەواوی وشە نووسینم لێ قەدەغە کراوە، کارەکە وەکو زۆرێک لە شتەکانی تری ئەو ڕۆژگارە تێکەڵکردنێکی تێدا بوو، لێ ئەوەی لێی دڵنیام لەلایەن خۆمەوە، هیچ ڕۆڵێکم لە ڕۆژنامەوانیی میسری نەدەویست، باوەڕم وابوو کە جووڵەی زەمەن و بەدوای یەکداهاتنی نەوەکان کێشەیەکە شایانی ئاوڕلێدانەوەیە، کەچی وێڕای ئەوەش بانگهێشتنەکەم قبووڵ کرد!.

**

ئەوکات (زۆرێک) بایەخیان بەوەدا کە دەینووسم و ئەوی دوای بێدەنگی و گەڕانەوەم بۆ سەر نووسین لە میسردا دەیڵێم.

هەروەها دوکتۆر ئوسامە بازیش سەری لێ دام، پرسیاری ئەوەی لێ کردم سەبارەت بەچی دەنووسم، فەرمووی و پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم، ئەو بابەتەی دەستی پێ بکەم لەسەر شەڕی

عێراق–ئێران بێت، کە بەڕای ئەو لەو کاتەدا خەڵکی پێوە سەرقاڵ بووبوو، قسەم لەسەری نەکرد، چونکە هەر بەکردەنی من بابەتی خۆم هەڵبژاردبوو و نەم دەویست پێشوەخت قسەی لەسەر بکەم و شەرمەزاری بکەم، چونکە دامنابوو لەسەر بابەتی "دروستکردنی بڕیاری سیاسیی میسری ئێستا" بنووسم، مەزەندەم دەکرد ئەو بابەتەیە، کە زۆر پێی لەسەر داگیرا لە نێو ئەو ڕووداوانەی لە میسر و ناوچەکەدا ڕوویان دا!.

**

یەکەمین وتار بەدەرکەوت، لە پێگەی بەتەنگەوەهاتنەوە لەسەر سەلامەتیی بڕیاری سیاسیی میسری ڕەخنەی تێدا بوو، پتر لەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕەتکەرەوە بێت، لێ ڕایەکە بەدڵی موبارەک نەبوو و دڵتەنگی کرد، من خۆم ئەمەم دانابوو وابێت، بەڵام کاردانەوەی موبارەک دوورتر بوو لەوەی مەزەندەم دەکرد، ئەوی بێ مەبەست ئەمەی بۆ گواستمەوە، ئەندازیار "حەسەبوڵا کفراوی" بوو، کە لە ڕۆژی دەرچوونی وتارەکەی "اخبار الیوم" لەناکاو سەردانی کردم، تاکو پێم بڵێ "ئەو ئەمڕۆ لە فڕۆکەدا بەرەو غەرنەقە لەگەڵ سەرۆکدا بوو، وتارەکەی من بەدرێژاییی گەشتەکە شوێنی قسەوباس بوون و سەرۆک زۆربەی کات دەموچاوی لێک نابوو، کاتێک بەکفراویم گوت، من لە دۆستایەتییەوە ڕەخنەم گرتووە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

"چ دۆستایەتییەک، تۆ سەرۆکت لە شوێن قوتابییەک داناوە و پەنجەکانیت بەڕاستە شکاندووە"!.

(حەسەبوڵا کفراویی ئەندازیار تا ئەودەمەش بڕوای بە موبارەک باش بوو، بەڵام کابرا لە شوێنی خۆیەوە شتەیلێکی بینی وایان لێ کرد تێڵا ببینێت نەک تەنیا قامک شکاندن)!.

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەردوو وتاری یەکەم و دووەم سەبارەت بەدروستکردنی بڕیاری سیاسی لە میسردا، دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک کەوتە خۆی، بەتایبەت لە حزبی نیشتمانیدا، ئیدی ناچار بووم بەکورتی بدوێم، بەنیاز بووم لەسەر "دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە میسردا" سێ وتار بنووسم، بەدووەم وازم هێنا و ناردم بۆ مامۆستا ئیبراهیم سەعدە.

ڕاستییەکەی من نەم دەویست شەرمەزاری بکەم، بەتایبەت زانیم دەرفەت لە بەرابەریدا هەیە، تا سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی کارگێڕیی "اخبار الیوم" وەربگرێت.

## ڕۆڵ یاخۆ فەرمان

جیهانی عەرەبی لەو کاتی خەریک بوو بچێتە قۆناغێکی قورسی مێژووییەوە، لە باشترین دۆخیدا نەبوو، دە ساڵی نێوان نیوەی حەفتاکان و نیوەی هەشتاکان کارەسات بوو بۆ جیهانی عەرەب.

بەرایی ئەو هاوپەیمانییە مەزنەی لە ساڵی ١٩٧٣دا شەڕی ئۆکتۆبەری گێڕا و لە مێژووی نوێی عەرەبیدا بێ پێشینە بوو، هەروەها تا ئەم ساتەش پاشینەی نەبوو، ئەوە بوو هەڵوەشایەوە و ڕایەڵەکانی شی بوونەوە.

جەنگ لە ئۆکتۆبەر بەچەک لە دوو بەرەدا هەڵگیرسا:

میسر و سووریا، لە پشت ئەو دوو بەرەیەشەوە پاڵپشتیی سەرجەم نەتەوە بەسووربوونێکی سەرسەختانەوە ڕیزی بەستبوو، لەودیو مکوڕبوونەکەشەوە یارمەتیی بەردەوام لە تەقەمەنی و پارە و هێزی نەوت لە گەڕدا بوو، ئەو ئەنجامانەشی لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا بەدی هاتن، لە سەرەتاکانی جەنگەکەدا دڵخۆشکەر بوون، بەڵام ڕێگەکان لە ناوەندی شەڕداجیاواز بوون!

هەروەها هەینێ شەڕەکە وەستا، جیهانی عەرەبی لە تەنگژەدا بوو، چونکە میسر ویستی بەتەنێ ئەوە بدۆزێتەوە، کە پێیان دەگوت ڕێگەی ئاشتی.

پاشان کەوتنەکان بەدوای یەکدا هاتن: لە جەنگی ناوەخۆی لەبنانییەوە تاکو جەنگەکانی قەڕنی ئەفریقیایی، کە بووە هۆی ڕزینی وڵاتی سۆماڵ، تا ململانێی نێوان باشوور و باکور لە سووداندا، ئینجا جەنگی عێراق–ئێران، تا وڵاتگیریی کوێت، بەمانە و هی تریش بینای پڕۆژەی عەرەبی، کە وێڕای ئەو لەمپەرانە هێشتا بەپێوە بوو، ئیدی درزی تێکەوت، کاتێک میسر هەر خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەئاشتی دەرچوو، هەل بۆ کۆمەڵی ناوچەیی، یا خێزانیی کپکراو لەژێر پاڵەپەستۆی ڕەوشەکەدا ڕێک کەوت، پڕۆژەی کۆبوونەوەی وڵاتانی کەنداویان هەبوون لە ناوجەرگەی عەرەبیان دوور بخاتەوە، کێشەی تری بۆ جێهێشتن، سامانی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا برد، هەروەها "ڕێکخراوی هاوکاریی کەنداو"یان دروست کرد، لە بەرامبەردا عێراق بەناوی "ئەنجوومەنی هاوکاریی عەرەبی"ی پێشنیاز کرد، کە عێراق و ئەردەن و میسر و یەمەنیان تێدا بوو، پاشان گفتوگۆ و قسەوباس لەسەر یەکەتیی وڵاتە مەغاربییەکان هاتە گۆڕێ، ئینجا شەڕی عێراق بەسەر کوێتدا لەناوچوو و سیستەمی عەرەبی تەقییەوە، تەنانەت ئەگەرچی لەتەکان کۆشان بەلەتەکان بگەن!.

**

هەرچەندە سیاسەتی میسری لەو کاتەدا ئەندام بوو لە یەکەتیی عەرەبیدا، کە لەگەڵ عێراقدا کۆیان دەکاتەوە، خۆی و ئەردەنیش دەکات بەبنکەی پاشەوەی جەنگ دژ بەئێران، دۆخی جیهانی عەرەب و دراوسێکانی هێندەی نەبرد شتی نوێ و باری قورسی خرایە سەر، بەتایبەت شەڕی جیهاد دژ بەئاتەئیزم لە ئەفغانستان و ئەوی بەدوای خۆیدا هێنای لە تاڵان و دەسکەوت، کە بەسەر دەڤەرەکەدا ڕژا، ئەم دەسکەوتانە بوون وایان لە سیاسەتی میسری کرد زوو هاوپەیمانەکانی بگۆڕێت، وڵاتگیریی عێراق بۆ کوێت چاوی سیاسەتی میسری سوور کرد تا ڕۆڵێکی فراوانتر بگێڕێت و ڕێگەکان تێکەڵ بکات، ئەگەر بەرگریی وڵاتگیریی کوێت دەرگەی پاساو بکاتەوە بۆ وێرانکردنی عێراق خۆی لە دابەشکردن و هاوپەیمانیی ناکۆک و گۆڕاو، هەروەها ململانێ و جەنگی بێ مانا، گشت ئەمانە کێشەی فەڵەستین و ململانێی عەرەبی ئیسرائیلیان خستە گۆشە و پەراوێزەوە!.

هەموو ئەمانەش ئیدی چەندێک شتەکان بخرێنە ئەستۆی لایەنەکانەوە! ماکی نەخۆشیەیلێک بوون تووشی نەتەوەیەک هاتن ناسنامە و یادەوەری و ڕێگەی خۆی ون کردبوو.

**

لەو کاتەدا گرێبەستێکم لەگەڵ خانەی "هاربەر کۆڵێنز" (لە لەندەن و نیویۆرک) مۆر کردبوو، سێ کتێبی لەسەر ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لەخۆ گرتبوو، سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی "ئیدی بێڵ" لێی پرسیم، ئەگەر ئامادەییم تێدا هەبێت دەست بکەم بەنووسینی کتێبێک لەسەر ئەو جەنگەی کەنداو، منیش ڕەزامەندیم دەربڕی و کارم لەسەری کرد، ئیدی هەندێک لە ڕۆژنامەکانی میسر و دەرەوەی بڵاویان کردەوە، کە من کتێبێک دەنووسم ناونیشانی Illusions Triumph "وەهمەکانی هێز و سەرکەوتنم"م بۆ هەڵبژاردووە.

**

بەیانیانێکیان لە نووسینگەکەمدا سەرۆک موبارەک دوای دابڕانێکی زۆر پێوەندیی پێوە کردم، تا ڕادەیەک بێ پێشەکی کەوتە پێشمەوە و لێی پرسیم:

"لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوویەتییەوە، من بۆ عەمان دەچم بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شا حوسێن، چونکە تۆ کتێبێک لەسەر شەڕی کەنداو دەنووسیت"!.

بەسەرۆکم گوت: "ئەوی خوێندوویەتییەوە ڕاستە"!.

سەرۆکیش لێی پرسیم: "بۆچی شا حوسێن؟"!.

گوتم: "چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆری تریشدا دەکەم، ئەوی پێوەندیی بەشا حوسێنەوە هەبێت، ئەو کەسەیە لە ولاتگیریی کوێتەوە تا لێدانی عێراق لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ گشت لایەنەکانی قەیرانەکەدا، بەردەوام لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ سەدام حوسێن و جۆرج بۆش و مارگرێت تاچەردا!.

سەرۆک موبارەک بەناڕەزاییەوە گوتی:

"تۆ لەمەدا هەڵەیت، چونکە حوسێن ئەو لایەنە نەبوو تا دوا سات پێوەندیی بەهەموانەوە کرد، بگرە ئەوە من بووم هەر لە یەکەم ساتەوە تا دوا سات بەردەوام لە پێوەندیدا بووم".

سەرۆک موبارەک درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی:

"هەرچی شا حوسێنە درۆت لەگەڵدا دەکات، تۆ بەخۆت دەزانیت"!.

هەرچەندە قسەکەی تووشی سەرسووڕمانی کردم، گوتم:

"شا مافی خۆیەتی چی بڵێت، لەسەرمە ئەوی دەیبیسم جیای بکەمەوە، بەهەرحاڵ شا لە ڕێگەی سەرۆکی دیوانەوە پێی ڕاگەیاندم، حەزی لێیە بەتەواوی هەمبەر ڕاستییەکان ئاگادارم بکاتەوە، بێ خۆپارێزی هەموو پەروەندەکانم لە بەردەمدا دەکاتەوە، تاکو چیم بوێت ببینم".

سەرۆک سەبارەت بەبایەخی من بەکاغەز قسانی کرد، پاشان گوتی:

"هەڵبەت ئەمە هەرگیز دژ نایەتەوە لەگەڵ ئەوەی کێم بوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم".

**

بەرەو عەمان کەوتمەڕێ، دوو ڕۆژ بەدوای یەکدا شا حوسێنم بینی: لە ڕۆژی یەکەمدا لە سەعات یازدەی بەیانی، تاکو هەشتی ئێوارە، لە کۆشکی "الندوە" پێکەوە نانمان خوارد و قسە بەردەوام

بوو، زۆربەی کـات مـامـۆسـتـا عـەدنـان ئەبوجـۆدەی سـەرۆک دیوان لـەگـەڵمـاندا بـوو و هـەر کـات بمانگوتایا پەروەند و دیکۆمێنتەکانی ئامادە دەکردن.

گـەڕامـەوە ئـوتێلی "ئـینتـەر کـۆنتـینێنتـاڵ"، کۆمـەڵێک دۆسـت و برادەر لە چاوەڕوانیـمـدا بوون، سیاسەتوان و بیریار و ڕۆژنامەوانان، لە نیوەی شەودا پێوەندییەکم لە شا حوسێنەوە بۆ هات، پێی گـوتم: "ئەو دەزانێت مـن سـبـەی نیـوەڕۆ بەفـڕۆکـەی ئەردەنی بەرەو قـاهیـرە دەگـەڕێمـەوە، ئەو پێشنیـازی ئەوە دەکات سـەعـات دەی بەیانی جارێکی تر پێکەوە لە کۆشکی "الندوە"دا دابنیـشین"، منیش پێم گوت: "بەر لە تۆزێک پێم ڕاگەیەنرا ژوانم لەگەڵ میر حەسەنی جێنشینیدا هەیە، کە هـەر لە سـەعات دەیە".

شـا حوسێن پێی گوتم: "چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ میر حەسەندا ڕێک دەخـات و لە بریی من داوای لێبـوردن لە جێنشـینەکەی دەکـات، چونکە ئەو بەخـۆی "شـا حـوسـێن" شـتی پێـیـە و بەپێویسـتـی دەزانێت ئـەوی قـسـەمـان لەسـەری دەکرد تـەواوی بکەین (هـەرچەندە قـسـەکـانمان ٩ سـەعـاتـی خایاند)".

لە سـەعات دەی بەیانی گەڕامـەوە کۆشکی "الندوە"، تاکو سەعات دوازدەی نیـوەڕۆ شا شـتی بۆ ڕاڤە دەکردم و دەیگێڕایەوە، هەستی بەنیگەرانییەکەم کرد تەماشای کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم، لە ترسی ئەوەی نەکو فڕۆکەکە جێ هێڵێت (سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ)، بلەز گوتی:

"ئێستا ئاسوودەت دەکەم".

بیستـەکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و فـەرمانی دا فڕۆکەی قاهیرە هەڵنەستێت، تاکو من دەگەمـە فـرگـە، ئیـدی لە قـسـەکـردن بەردەوام بوو و سـەعـات دووی پاش نـیـوەڕۆی تێـپـەڕ کرد و هێـشـتـا قسەکردن درێژەی هەبوو!

لە سـەعات دوو و نیـو گـەیشـتـمـە بـان پەیژەی فڕۆکەکە، سـەرنشـینەکـان لە کـاتـی دیاریکراو لە شـوێنەکانیـان دانیشـتبوون، فڕۆکەکەش لە شـوێنی خـۆیدا بوو، سـەرنشـینەکـان هۆی دواکـەوتنی فڕۆکەکەیان نەدەزانی، پێیـان گوتن هـۆیەکەی هـونەرییـە، وەلێ لە دەوروبەری فڕۆکەکە شـتێکیـان بەدی نەکرد نیـشـانەی ئەوە بێت خـەریکی بن، چاوەڕوانییـان درێژەی کێشـا، تاکو ئۆتۆمـۆبێلەکەم گەیشتـە بەردەم پەیژەی فڕۆکەکە، سەرکەوتمە سەرێ، واهـەستم بەشـەرمەزاری دەکرد خـەریکبـوو ڕوخسـارم داپۆشم، نەم دەزانی چۆن داوای لێبـوردن لە گشت ئەمـانە بکەم، کە لـەسـۆنگەی منەوە دواکەوتن، کاپتنی فڕۆکەکە ڕزگاری کردم، بەخێرهـاتنی کردم و داوای بەخشینی لە سەرنشینەکان کرد، بەوەی من لەگەڵ خـاوەنشکۆ شـا حوسـێندا بوومە و ئەو دواکـەوتنەش بەفـەرمانی خـاوەنشکۆ بووە!.

کاردانەوەی سـەرنشینەکان بەخشندەییی لێ دەباری، بۆیە ئاهێکم پێدا هاتەوە!.

**

دوای گەڕانەوەم بۆ قاهیرە بەسێ ڕۆژ، پێوەندییەکم لە سەرۆک موبارەکەوە پێگەیشت، بەبێ پێشەکی دەستی پێ کرد:

"درۆی بۆ هەڵڕشتی (مەبەستی شا حوسێن بوو) و چی ویست بۆی گێڕایتەوە، تا پاکانە بۆ هەڵوێستی خۆی بکات؟"!

"شتی چاوەڕواننەکراوی پێ دام، بۆی دەرکەوت چەند شەیدای دیکۆمێنتم، بەخۆم لە وێنەی ڕووداوەکان دەگەڕێم، بڕیاری دا نووسراوە نهێنییەکانی سەرکردایەتیم پێ نیشان بدات، ڕێگەم پێ دەدات چیم بوێت بیخوێنمەوە، بەو مەرجەی وێنەی لەبەر نەگرمەوە".

پاشان موبارەک بەردەوام بوو و پرسی:

"ئەی مستەفا فەقی (سکرتێری سەرۆک بۆ زانیارییەکان) برادەرت نییە؟!".

گوتم "ڕاستە".

گوتی: "مستەفا فەقیت بۆ دەنێرم، تا پەروەندەکانیش لەگەڵ خۆی بهێنێت، بەئامادەبوونی ئەو تەماشایان بکە و چەندێک لە بەشێک بوویتەوە، بەشێکی ترت بۆ دێنێت، تاکو خۆت دەتەوێت".

"چی دەڵێیت؟".

سوپاسی سەرۆک موبارەکم کرد، کە هێند ڕاستگۆیانە گرینگی دەدات، نیو سەعاتی نەبرد دوکتۆر مستەفا فەقی پێوەندیی پێوە کردم و گوتی:

"سەرۆک فەرمانی پێ کردووە پەروەندە نهێنییەکانی سەرکردایەتیم سەبارەت بەشەڕی کەنداو پێ نیشان بدات".

ڕێچکەوتین سبەی سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لە نووسینگەکەم سەرم لێ بدات، پاشان دابەزێت، تاکو بەکاتی ڕۆژووشکاندندا بگات (لە مانگی ڕەمەزاندا بووین).

**

دوکتۆر مستەفا فەقی لە کاتی دیاریکراودا هات، یاریدەرێکیشی لەگەڵدا بوو جانتایەکی چەرمینی زلی پڕ لە پەروەندەی هەڵگرتبوو، لە بەرابەرمدا دانیشت، کردییەوە و گوتی:

"ڕێنوێنییەکان وایە چیم بوێت بیخوێنمەوە، بەڵام وێنەی هیچیان نەگرم".

بەستەیەک "کاروانی سەرۆکایەتی" دەرکرد، ئەو دەفتەرانەی پێوەندییەکانی سەرۆکیان تێدا دەنووسرێنەوە دوای پێوەندییەکە.

سەرقاڵی خوێندنەوە بووم، دوکتۆر مستەفا فەقییش لە بەرابەرمدا دانیشتبوو چاوی لە سیمام بڕیبوو، پاشان پەروەندەکانی ناو جانتاکەی هەڵ دەدایەوە، یاخۆ تێبینییەکی بەپەلەی خۆشی دەردەبڕی، لێ کابرا (بەوریایی سیاسەتوانێکی شارەزا) هەستی بەناخم کرد، ئەودەمی کاغەزەکانی پەروەندێکم ئەمدیو ئەودیو دەکرد و بەخێرایی لە ناوەڕۆکەکەیم دەڕوانی، ناوبەناو تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد و کاتی شێوانیش پەیتا پەیتا نزیک دەبووەوە، وەکو خۆی گوتی

بانگهێشتنی خوانی بەربانگی برادەرێکی بوو.

منیش ویستم ڕێگەکە کورت بکەمەوە، بەڕاشکاوی پێم گوت:

"پێم باشە لە خوێندنەوەی ئەم کاغەزانە بەردەوام نەبم و ئەو دەتوانێت ئێستا لەگەڵ خۆیدا بیبات و وابزانم ئەوەندە بەسە، داوای هی تر ناکەم ڕۆژانە بۆمی بهێنێت".

**

سەرنجی پرسیارئامێزم لە چاوانی دوکتۆر مستەفا فەقیدا دەخوێندەوە، بلەز لە سیمایدا ڕەنگی دایەوە، ویستی هەڵوێستی من بزانێت، منیش بەڕوونی گوتم:

"ئەوی لە کاروانی سەرۆکایەتی خوێندمەوە، وای لێ کردم هەست بکەم ئەم کاروانانە بەشێوەیەکی درەنگوەخت نووسراون، واتا دوای ڕووداوەکان نەک لەناویدا، ئەمەش لە نرخیان کەم دەکاتەوە، چونکە ئەوپەڕی بایەخی کاروانەکان لەوەدان یەک بەیەک بنووسرێنەوە، چونکە ئەگەر ئەوی ڕووی داوە پاشان بنووسرێتەوە (وەکو من هەستم پێ کرد)، ئەوا بەئاراستەکردن نووسراوەتەوە، تاکو وێنەیەکی دیاریکراو بکێشێت مەرج نییە لەگەڵ ئەوی ڕووی داوە بێتەوە"!.

دوکتۆر فەقی لێی پرسیم، چی وای لێ کردم ئەم گومانە بکەم؟ منیش بەڕاشکاوی پێم گوت:

"وەکو کەسێک فێر بووبێت لە دیکۆمێنت بڕوانێت ئەم هەستەم لا ڕوا".

دیسانەوە دوکتۆر فەقی لێی پرسیمەوە: "باشە، چی بەسەرۆک بڵێم؟!".

گوتم: "من ئاریشەکە بۆ کارامەییی ئەو هەڵدەگرم، دەترسم ئەگەر بەردەوام بم لە خوێندنەوەی ئەو کاغەزانەی ڕۆژانە دەیانخوێنمەوە و (سبەی و دووسبەیش بۆمی بێنن و بیخوێنمەوە) ئەوا خۆم بەسەرچاوەیەکەوە ببەستمەوە قەناعەتم پێی نەبێت، من خۆم پێم باشە ئەوی دەینووسم بینووسم و پشت بەوە ببەستم، کە خۆم پێی دەگەم و بەسەرچاوەکانی قایل بم، بەڵام ئەگەر لە خوێندنەوەی ئەوی بۆم دێنێت و گومانم لێیان هەیە بەردەوام بم، ئەوا کۆت و بەندم بۆ دروست دەکات، ڕەنگە پابەندی شتێکم بکات، کە ڕەزامەندیم لەسەر نەبێ".

ئیدی دوکتۆر مستەفا فەقی کاغەزەکانی گەڕاندنەوە چەمەدانە گەورەکە و بانگی یاریدەرەکەی کرد، کە لە دەرەوەی نووسینگەکەم چاوەڕێ بوو، بێت هەڵیان گرێت و بیانکاتە ئۆتۆمۆبێلەکەوە، شانبەشانی دوکتۆر مستەفا فەقی بەرەو ئەسانسەرەکە بۆ دەرگەی نووسینگەکە کەوتمە ڕێ، چاوەڕوانی ئەسانسەرەکە بووم، لەپڕ (من بەڕاستگۆییم دانا) گوتی:

"مامۆستا هەیکەل... پشت بەوە مەبەستە کە دەینووسیت، تەنیا بەوەی متمانەت پێیەتی، ئیدی پرسیاری لەوە زیاترم لێ مەکە"!.

بۆ ڕۆژی دواتر، ئەو بەخۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم، سەرۆک ئاگادار بکەمەوە، کە کۆتاییم بەخوێندنەوەی پەروەندەکانی سەرۆکایەتی هێنا و ئەو لێی پرسیوە و لەسەر ئەو بنەمایەش لێم دەپرسێت: داخۆ کتێبەکە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئێمە دەبێت، یاخۆ بۆچوونی شا حوسێن؟

منیش بەڕوونی گوتم:

"نە بۆچوونی ئێوە و نەیش هی شا حوسێن، بگرە وەکو هەر کتێبێکی تر، ڕەنگدانەوەی ماندووبوونی نووسەرە لە بەدواداچوونی بۆ بابەتەکەی، ئەمەش هەموو شتەکەیە"!.

**

بەڵام ئەمە هەموو ئەوە نەبوو، کە من دەم خواست، بگرە سەرەتای هەڵمەتێکی دڕندانە بوو، هەر هێندەی کتێبەکە دەرچوو و وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی، دنیایان بەیەکدا دا، ئەو شوێنە هەستەوەرانەی چیرۆکەکە، کە زۆرترین دژەنێوانی لەسەر دروست بوو (قیامەتی لەسەر هەستا) بریتی بوون لە:

– کەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سعوودیە دابەزین؟! داخۆ ئەوە پێش کۆنگرەی لووتکە و بەڕێکەوتنی تایبەت بوو لەگەڵ سەرۆک موبارەک و ئەوانی تر بەر لە کۆنگرەی لووتکە؟! یاخۆ دابەزینی ئەمەریکایی دوای کۆنگرەی لووتکە بوو و لە ئەنجامی بانگهێشتنی ئەو بوو؟!.

– پاشان ئاخۆ ئامانج ڕزگارکردنی کوێت بوو؟ یا وێرانکردنی عێراق داواکراو بوو بۆ پێویستی، یاخۆ بەئەنقەست بوو یان خۆدانانێکی پێشوەختە لەبن سەر هەبوو؟! پاشان داخۆ دابەزینی هێزە ئەمەریکاییەکان لە کەنداو و لە سعوودیەدا بەم شێوە فراوانە ئەنجامی دۆخێکی نائاسایی بوو، یا نەخشەیەکی ستراتیجیی نوێ بوو؟!.

مشتومڕێکی زۆر هەمبەر ناکۆکی لە هەڵسوکەوت و کاتدا دروست بوو، لە میسردا کتێبەیلێکی فەرمیی سپی دەرچوون، لە ڕاستیدا ڕەنگاوڕەنگ بوون، دوکتۆر مستەفا فەقی بردمیە لایەکەوە و لە کاتی نانخواردندا لەسەر خوانی یەکێک لە هاوەڵە بەشداربووەکانی یەکمان گرتەوە، تا بەچرپەوە پێم بڵێت: "با شتێک لەوانەی دەوترێن دڵتەنگت نەکات، تۆ ڕاستبووی، ئەوی من لە شوێنی خۆمەوە بزانم زۆر وێرانترە لەوەی لە کتێبەکەتدا وتووتە"!.

**

ئەوە ساتێک بوو شایانی لێکۆڵینەوە بوو لە مێژووی میسردا، وابەدەردەکەوت وەک ئەوەی میسر بخەوێنرێت، یا سڕ بکرێت.

ساتێک بوو شایان بەوە بوو مەزنترین و ناودارترین فەیلەسووف لە زانستی سیاسەت و پراکتیزەکردنی "نیکۆلۆ مەکیاڤیللی"ی خودان کتێبی "میر" لەگەڵیدا بژێ و بیبینێت.

مەکیاڤیللی لە لێکدانەوەی بۆ سیاسەت، لە نامەکەیدا کە پێشکێشی میری فلۆرەنسا "لۆنزۆی مەزن"ی کردووە، وای دادەنێت میر دەکارێت دوور لە ڕەوشت پراکتیزەی سیاسەت بکات.

هەڵبەت مەکیاڤیللی ستەمی لێ کرا، چونکە هەندێک کەس قسەکانیان لەسەر مرۆڤی ئاسایی پیادە کرد، لە کاتێکدا مەکیاڤیللی بۆ میر و سیاسەتەکانی میر دەدوا، واتا قسەکردنی بۆ میر بەچەمکی سەردەمە نوێیەکان بوو، قسە سەبارەت بەدەوڵەت و سیاسەتەکانی.

**

لەپڕ لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لە کەنداودا هەلی ئومێد بریسکەی دا، تەنانەت ئەگەر لەسەر شێوازی مەکیاڤیللییش بووبێت، تێیدا سیاسەت لە ڕەوشت جیا بێتەوە!.

بۆ بێ بەختی (یاخۆ لە بەخت باشی) لەسەر شێوازی مەکیاڤیللی، ئەوا شەڕەکانی دەڤەرەکە بوونە "کارەساتی سەرکەوتوو" (ئەگەر باش گوزارشتمان لێ کردبێت)، چونکە ڕێگەیان بەهەندێک دا دەرفەتێک بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە میسرییەکاندا، بەچاوپۆشی لە هەر بڕیارێک!.

ئابووریی میسر بارکرابوو و قورسییەکانی ئاتاجی ماندووبوونێکی زۆر نەبوون بۆ خوێندنەوەی هۆیەکانیان، بگرە چەند هۆیەک بوون:

– ئابووریی میسر قورسیی پڕۆژە زەبەلاحەکان پەرەپێدان لە ئەستۆ دەگرێت.

– ئابووری میسری قورساییەکانی شەڕی ١٩٦٧ و جەنگی لەبەر ڕۆیشتن (استنزاف) لە ئەستۆ گرتووە (لە ڕاستیدا کەرتی گشتی بووبووە پاڵپشتی گەورە لە قەرەبووکردنەوەی ئەم بارانە).

– پاشان ئاقاری میسر دوای شەڕی ئۆکتۆبەر لە چاوەڕوانیی یارمەتیی وڵاتە عەرەبییەکاندا مایەوە، یەکەمین خۆی بێ هیوایی لە بۆچوونەکاندا، ئەوە بوو میسر لە کاتی کۆتاییی هاتنی جەنگەکاندا، ئەوەی هەڵبژارد بەتەنیا ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکات.

– هەروەها لەوساتەشدا یارمەتیی دەرەوە وەستا، بلۆکی ڕۆهەڵات سەرەتاکانی وەرچەرخانی لە سیاسەتی میسردا بەدی کرد، لە هەمان کاتدا بلۆکی ڕۆئاوا و وڵاتە یەککگرتووەکان دەیانەویست لە سەقامگیریی ئەم وەرچەرخانە دڵنیا بن.

– هەر لەم کاتەدا هەڵکوتانە سەر کەرتی گشتی دەستی پێ کرد.

– پاشان ئەوانەی بەرهەڵستیی میللییان دژ بەبەتایبەتکردن (خصخصە) بەدڵ نەبوو، لەگەڵ ئەو شێوازەی ئەوسا پێشنیاز کرا، پەنایان بۆ سیاسەتی نیمچە پیلانگێڕی برد لە بەرابەر کەرتی گشتیدا، هەموو وەبەرهێنانێکی تازەیان لێ شاردەوە، کەچی زێدەی قازانجەکە بۆ ژمێریاریی خەزێنەی گشتی دەگەڕایەوە.

– لەسەر ئەمەشەوە، دوای وەستانی شەڕەکانی ئۆکتۆبەر، هەندێک ویستیان کەمیی داهاتەکان بەزیادکردنی باوەڕ جێ بکەنەوە، ڕەنگە نزاکردن جێی پێداویستیی هەژاران بگرێتەوە، یا قەناعەتی خواپەرستی و گوێنەدانیان لا دروست بکات، وێڕای گشت ئەو بۆمبارانانەی بینییان چۆن خۆیان ڕێک دەخست بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەشی گەورە لە سامانی نیشتمانی بەناوی "کرانەوە"وە.

– لەم کەشوهەوایەدا شەپۆلی کۆچی لاوان و شارەزایان دەستی پێ کرد، چونکە گۆڕانکارییەکان لە جیهاندا و داڕووخانی سامان لە دەڤەرەکەدا نیشانیان دەدا ڕەوشی ناوەخۆ وەڵام بەبەڵێنەکان ناداتەوە، بەتایبەت دۆخی تەیارکردنی گشتیی (تعبئە عامە) حەوت ساڵە لە ١٩٦٧–١٩٧٤ سەفەرەکانی خوێندنی بۆ دەرەوە وەستاند، چونکە لاوانی لەبار لە سەنگەرەکاندا بوون!

– نارەزایی گەورەی میللی لەو ماوەیەدا، وەکو خۆپیشاندانەکانی ١٨ و ١٩ی ینایەری ١٩٧٧، هاوارێکی لە بۆشاییدا ون کرد، چارەسەرەکەشی لە لایەنی تەناهییەوە گەیشتە رادەیەک بە"راپەرینی حەرام" وەسف کرا.

– پاشان تیرۆرکردنی سەرۆک سادات رووی دا و شەپۆلی تیرۆری بەدوادا هات و میسر لە سادەترین شیمانەدا بووە ولاتێکی نائاسوودە و ئابووریی میسر بەرەو لێواری مەترسی لێژ دەبووەوە.

**

نازانم داخۆ موبارەک مەکیاڤیللی خوێندووەتەوە یان نا، وەلێ لە جەنگی کەنداودا بەباشترین شێوە رایەکانی پراکتیزە کرد، واتا دەکرێت بەدڵنیاییەوە بوترێت میسر لە بەشێکی هەشتاکان و بەدرێژی نەوەتەکان رووبەرووی هەڵوێستی ئابووریی زۆر سەخت دەبووەوە، پاشان جەنگەکانی ناوچەکە و شەری کەنداو رۆحیان بەبەر ئابووریی میسردا کردەوە، چونکە بەئاسانی پارەی بۆ هێنا و قوتاری کرد، تاکو بتوانێت سیاسەتەکانی جێبەجێ بکات.

دوای جیهادی ئەفغانستان و شۆرشی ئێران و گشت ئەو ناکۆکیانەی لەو دوو جەنگەدا هەبوون، دەڤەرەکە وای دەنواند وەک ئەوەی لە دۆخی شیزۆفرینیادا بێت.

– لە ئەفغانستاندا جیهاد لە پێناوی ئیسلام و لە ئێرانیش شەر دژ بەشۆرشی ئیسلامی.

– جەنگ لە ئەفغانستاندا دژ بەدەسەلاتێکی ئیسلامیی سوننەمەزەب، دەسەلاتی تالیبان (کە بەرایی جیهادکردنی دژ بەئاتەئیزم بوو)، کەچی جەنگ لە ئێراندا جەنگی سوننە بوو دژ بەشیعە.

– جەنگ لە ئەفغانستاندا دژ بەلۆجیکی پارێزگاریی بروادار لە سوننە.

– لە ئێراندا جەنگەکە دژ بەشۆرش بوو لە ولاتی شیعەمەزەبدا!.

– بەچاوپۆشی لە ناکۆکییەکان، ناکۆکی هەمیشە دەرفەتە، وەکو لە وانەکانی مەکیاڤیللیدا هاتووە.

**

لە راستیدا ئەم ناکۆکییانەی لە ناوچەکەدا هەن، پلەیەک لە تای خوولانەوەی پێچکەی سامانی نەوت و ئالتووندا بەرزکردووەتەوە، هەروەها لە چەک و هەوالگریی نێودەوڵەتی و جیهادی دژ بەئاتەئیزمیش، بەمە لافاوێک لە یارمەتیی بۆ میسر دروست کرد، بەشێوەیەکی وا کەس گومانی لەوە نەبێت ئابوورییەکەی رزگارکرد.

لەسەر بنەمای سندووقی پارەی نێودەوڵەتی، میسر لە دۆخی جەنگی کەنداو و دوای ئەوەش یارمەتی و بەخششی زۆری بۆ هات، برەکەی گەیشتە ١٠٠ ملیار دۆلار، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– ٣٠ ملیار لێخۆشبوون لەو قەرزانەی ولاتە بیانییەکان لەسەر میسرە.

– ٢٥ ملیار دۆلار لە کوێتەوە.

- ١٠ ملیار دۆلار لە سعوودیەوە.

- ١٠ ملیار دۆلار لە وڵاتە میرنشینەکانەوە.

ئەوی تریشی لە سەرچاوەی جیاجیاوە، هەروەها گەلێک لە خزمەتەکانی هەواڵگری و ئاسایش و چەک و خزمەتی بێ پایان، هەموو ئەمانە بەیەکەوە لاپەڕەیەکی ئابووریی هاندەر و نوێیان بەمیسر بەخشی!.

ئا لێرەدا بابگوازینەوە بۆ ساتی ئێستا، باسی دیمەنێکی وروژێنەر دەکەم لە پاریس بەسەرمدا هات، پرسیارم لە یەکێک لە ئابووریناسە ناودارەکانی جیهان کرد سەبارەت بەباشترین ڕێگەچارە بۆ گرفتی بنجداکوتراوی ئابووری لە میسردا، کابرای ناودار لەسەر ئاستی جیهان وڵامی دامەوە:

- دوو ڕێگەچارە هەن: یەکیان درێژ و زەحمەتە، ئەوی تریش خێرا و ئاسان.

ڕێگەچارەی درێژ ئێستا پێویستی بەپێهەستانی یەکلاکەرەوە و بنبڕە، چونکە دەستبڵاوی لە ساماندا لەم پازدە ساڵەی دواییدا لای ئێوە مایەی سەرسووڕمانە.

کابرا بێدەنگ بوو و منیش بەگرینگی پێ دانەوە پرسیم:

- ئەی سەبارەت بەڕێگەچارەی خێرا و ئاسان؟!

وەڵامەکەی لە بەرابەر یەکێک لە باڵیۆزە هەرە ناودارەکانی میسر لە جیهانی دەرەوەدا، ئەوە بوو کە:

- ڕێگەچارەی ئاسان و خێرا، جەنگی ناوچەییە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، جەنگێکی تر لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا میسر قوتار دەکات، وەکو شەڕی پێشووی کەنداو!.

**

ئەو ساتە خاڵی وەرچەرخانی گەورە بوو لە بۆچوونەکانی موبارەکدا، لایەنەیلێکی بینییەوە داوای بەهێزکردنی ڕۆڵیان لە ناوچەکەدا لێ دەکرد، بەشێوەیەک ڕەوشی میسر لە هەموو ناوچەکەدا بۆ هەر کوێیەک بیەوێت و بەکەیفی دڵی خۆی لەگەڵ خۆیدا بیبات، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ پشتگیریکردنی حوکمەکەی بەدرێژی ژیانی، بەپشتیوانی هێزەیلی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، (تەنانەت بێ ئەوەی مەبەستی کەس بێت) ئەوە ڕێخۆشکردنێکی لۆجیکی بوو بۆ هاتنەکایەی بیرۆکەی میراتگری، موبارەک ئێستا ڕۆڵی خۆی دەبینێ و لە کارکردنیدا میسر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، گرینگە ئەمە بەردەوام بێت و هیچ شتێک زامنی بەردەوامییەکەی نییە بۆ درێژترین ماوە، مەگەر کوڕ بەردەوامیی باوکی بێت، یان بەلای کەمەوە بۆ جەختکردنەوەی بەردەوامی لەسەر هەمان ڕێگە!.

**

لێ گرفتەکە لەوەدایە چارەسەری ئاریشەکانی میسر لەسەر ڕێبازی مەکیاڤیللی سەرنەکەوت، لەبەر هۆیەکی ڕوون، ئەویش ئەوەیە تاقمەکانی بەرژەوەندی کە دەوروخولی باوکیان داوە و لەگەڵ

کوردا کشان، بوونە ڕەوە کوولەیەک کە سیاسەت هێنایانی، لەسەر ڕێبازی مەکیاڤیللی لە ڕەوشت ڕزگار بوونە، واتا ئەو دەفرە ئابوورییەی دوای جەنگی کەنداو بەپارە پڕ بوو، دوای ئەوە بەتالآن و برۆ بەتاڵ کرایەوە!.

## ئاسایش و زامنکردن... سامان و دەسەڵات

بۆچی موبارەک شەرەم شێخی بەبارەگای سەرەکیی خۆی هەڵبژارد؟! لە ساتی یەکەمی دوای جەنگی ئۆکتۆبەر "ئاسایشی ڕێژیم" و "ئاسایشی سەرۆک" بوونە کێشەی بنچینەیی و زیندوو بۆ زامنی بەردەوامی سیاسەتە نوێیەکان، کە بەسەر ئەو ڕەوشەدا هاتن، کە بۆ دووەمین هەفتە جەنگی ئۆکتۆبەر و دەرهاویشتەکانیان گرتبووەوە.

بۆ یەکەمین جار لە کاتی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک ئەنوەر سادات و هێنری کێسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایی لە پشووی ئەسواندا لە ڕۆژی ١٢ی ینایەری ١٩٧٤دا بابەتی تەناهی و دابینکردن هاتە گۆڕێ، بۆچوونی هەردووکیان بەیەکەوە ئەوە بوو وەرچەرخانە گەورەکان لە میسر و سیاسەتە نوێیەکانی ستراتیجی لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەر، چاودێریی فراوانی سەرۆک و ڕێژیمەکە دەخوازێت، تاکو ئەو وەرچەرخانانە جێگیر بن.

**

سەرەتا بۆ خستنەڕووی بابەتی تەناهی و دابینکردن، سەرۆک سادات گەیشتە قەناعەتی یەکجاری لە خوێندنەوە بۆ شێوەی ئایندە لە میسردا، ئەو قەناعەتی تەواوی بەئەرێنییەکانی هەبوو، بەم ئاوایە بۆچوونەکانی خۆی خستە بەرچاو:

١- ئایندە بۆ ئەمەریکایە، ئەویش دەیەوێت میسر لەم ئایندەیەدا لەگەڵ ئەمەریکادا بێت نەک لایەنێکی تر.

٢- لەسەر ئەم بنەمایە، لەمەودوا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و عەرەبیدا ڕێبازێک دەگرێتە بەر جیا لە سیاسەتی پێشووی میسر.

٣- پاشان بەپێی هەڵبژاردنەکانی لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەر، لە ئێستاوە ئامادەیی هەیە بەتەنیا سیاسەتە تازەکانی خۆی بگرێتە بەر، بێ ئەوەی چاوەڕێی وڵاتە عەرەبییەکانی تر بکات، پاشان شانبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی سۆڤیەت دەوەستێتەوە.

٤- هاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا وای دادەنێت جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ دژ بەئیسرائیل، دوایین جەنگە لەگەڵیدا، ئەم پشتبەستن و ڕاگەیاندنەی جەختکردنەوەیەکی یەکجارەکیی سیاسەتە نوێیەکانە.

٥- سەرەڕای ئەمانە، وێناکردنی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی میسری جیایە لە وێناکردنەکانی ئەوانی پێشووی، چونکە دڵنیایە گۆڕانکارییەکانی دنیا دەیسەلمێنن ئایندە بۆ سەرمایەدارییە.

یەکەمین سات کیسنجەر وای زانی ئەو سیاسەتانە سنووری ڕاستییەکانی ئێستای میسر

دەبڕن، دووریش نییە بەریەکیش بکەون، بۆیە گومانی لە تواناکانی سەرۆک سادات هەبوو بەسەریاندا.

**

کیسنجەر لە یەکەمین دیداری نێوان هەردووکیاندا لە ڕۆژی ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٣دا گوێی لەو قسانەی سەرۆک سادات گرت، پاشان ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە دیدارێکی نێوانماندا لە ژوورەکەی لە نهۆمی دوازدەمی ئوتێل هیلتۆن سەبارەت بەوە پرسیاری لێ کردم، تەواو زانیاریم لەسەر ئەوانە نەبوو، کە سەرۆک ئەو وێناکردنانەی خستبوونە بەرچاو، بەڵام کێسنجەر بێ وردەکاری پرسیاری "ڕادەی بەهێزی سەرۆک"ساداتی لە ناوەخۆ لێ پرسیم، داخۆ دەتوانێت سیاسەتی نوێ جێبەجێ بکات؟ منیش تەنیا ئەوەندەم گوت "سەرۆک توانای وەفاداریی بۆ ئەو بەڵێنانە هەیە، کە دەیاندات"، ئاگاداری ئەوە بووم هێڵەکان تێکەڵ نەبن و لەگەڵیدا بگوازمەوە بۆ قسەکردن لەسەر کاروباری ئەمڕۆ، قسەکانمان لەو شەوەدا بابەتی وتارێکی درێژ بوو لە ڕۆژنامەی ئەهرام لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٣دا بەناونیشانی "گفتوگۆیەک لەگەڵ کیسنجەردا" بڵاو بووبووەوە!.

**

هێنری کیسنجەر لەگەڵ خۆیدا ئەوەی لە ساداتی بیستبوو بۆ واشنتۆن برد و لەوێ قسەی لەسەر کرا، جارێکی تر لە ڕۆژی ١٢ی ینایەری ١٩٧٤دا بۆ میسر هاتەوە، لە پشووی سەرۆکایەتیدا لە ئەسوان بەسەرۆک سادات گەیشت.

سەرۆک سادات لەسەر هەڵوێستی خۆی بوو، کیسنجەریش پلانێکی تەناهی ئامادەکردبوو بەپێویستی دەزانی بۆ پیاوی داهاتوو لەسەر مەترسییەکانی وەرچەرخانی سیاسی بەرووی میسر و ستراتیجیی تازەدا، کە بەرپرسیی سیاسەتەکانی لە ئەستۆ دەگرێت!.

کیسنجەر لەم کۆبوونەوەیەی دووەمدا پلانی تەناهی و دابینکردنی خستە بەردەم سەرۆک سادات، کە لە سێ لایەنەوە جێبەجێ دەکرێت:

١- ئاسایشی سەرۆک خۆی، ئەمەش دەخوازێت سەرلەنوێ پاسەوانیی شوێنەکانی نیشتەجێبوونی لە هەر شوێن و هەر کاتێکدا ڕێک بخرێتەوە.

٢- ئاسایشی ناوچەیی دەوڵەت لە جووڵەیدا لەسەر هێڵە نوێیە ستراتیجییەکان، کە لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە:

* وڵاتەکە لەژێر چەتری سیستەمی بەرگریی ئەو هەرێمەدا بێت، کە سەرکردایەتیی ناوەندیی ئەمەریکایی سەرپەرشتی بکات، کە بەرگریی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی پێ سپێرراوە.

* هاوشان لەگەڵ ئەم چەترە سەربازییەدا چەترێکی تەناهی هەبێت، ئەویش تۆڕی هەواڵگریی گەورەی ناوچەکەیە، کە لەچوارچێوەیدا ئەرکەکانی ئەو دوو دەزگا سەرەکییە یەک دەگرنەوە، ئەوانیش:

– ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکایی، کە لەگەڵ ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوەیی لە کۆشکی سپیدا کار دەکات.

– پاشان ئاژانسی تەناهیی نیشتمانی، کە لە چوارچێوەیدا وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایی کار دەکات، ئەویش ئاژانسی A.S.N یە National Security Agency، هەروەها پاراستنەکە بەگشتی دەبێت (مەدەنی و سەربازی) و سنووری وڵاتان دەبڕێت، قووڵایی ناوەخۆی ئەم وڵاتانەش دەسمێت!.

**

٣– دوای ئاسایشی کەسێنیی سەرۆک و تەناهیی ناوچەییی دەوڵەت، ڕۆڵی سێیەم لە پلانی کیسنجەر لەسەر تەناهیی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم دێت، کە ئێستا پێویستی بەسەرلەنوێ ئەندازەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی چینە نوێیەکانە بەوپەڕی خێرایی پشتگیری لە بۆچوونە تازەکان دەکەن.

**

* ئاسایشی سەرۆک خاڵی یەکەم بوو لە لیستەکەدا، کیسنجەر پێشنیازی ئەوەی کرد، گرووپێکی تایبەت لە پسپۆڕان بێن بۆ قاهیرە، چەندین کاری هەمەلایەن لە ئەستۆ بگرن:

– یەکسەر دەستکردن بەپارێزگاریی تایبەتی سەرۆک.

– دووبارە ڕاهێنانی هێزی پاسەوانیی سەرۆکایەتی بەنوێترین ئامراز و شێوازی پاراستن.

– پاشان دانانی پلانێکی هەمیشەیی بۆ کارڕایی و زامنکردنی ئاسایشی پێویستی سەرۆک.

ئەوە بوو هێنری کیسنجەر دوای سەفەرەکەی لە ئەسوان بەدە ڕۆژ، بروسکەیەکی کۆدئامێزی بۆ بەڕێز "ئیسماعیل فەهمی"ی وەزیری دەرەوە نارد، تا پێی ڕابگەیەنێت، نێردەیەک لەسەر ئاستی پێشکەوتووی هونەری بۆ قاهیرە دێن، تاکو پلانێکی تەواو بۆ دابینکردنی ژیانی سەرۆک دابنێن (ئەم کارە لە بواری شارەزاییی وەزیری دەرەوەی میسریدا نەبوو) کەچی ئامادەی بەشێک لە کۆبوونەوەکەی ئەسوان بوو، کە بابەتەکەی تێدا خرایە ڕوو، ئەو لایەنە بوو، وای لە کیسنجەر کرد بەدوایدا بنێرێت، لە ڕاستیدا دەبوو ئاراستەی بەڕێز "حافز ئیسماعیل" بکرایا، (ڕاوێژکاری تەناهیی نیشتمانی و لێپرسراوی سیستەمی کار لە سەرۆکایەتیدا)، کەچی حافز ئیسماعیل لە کۆبوونەوەکەی ئەسوان نەبوو.

دەقی ئەو نامەیەی ئیسماعیل فەهمی وەری گرت:

وەزارەتی دەرەوە – واشنتۆن

نووسینگەی وەزیر

زۆر نهێنییە

٢٨ی ینایەری ١٩٧٤

نامەیەک لە وەزیری دەرەوە "کیسنجەر" بۆ سەرۆک "سادات" لە ڕێگەی وەزیری دەرەوە "فەهمی".

دەقی نامەکە:

سەبارەت بەو وتووێژەی کردمان، ئەودەمی هەمبەر ئاسایشی کەسێتیی جەنابتان، ئێمە ئامادەین دەم ودەست ئەم تیمە پسپۆڕە بۆ قاهیرە بنێرین:

"جۆرج ک. کیتان" Keithan، پسپۆڕ لە کاروباری پاراستنی کەسەکان.

"پۆڵ لویس" Paul Lewis، پسپۆڕ لە کاروباری بەرهەڵستیی گوێ هەڵخستن (تنصت).

"هیو وارد" Hugh Ward، پسپۆڕ لەڕاهێنانی بەرپرسانی لە پاراستنی کەسایەتییەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا پسپۆڕێک لە ئاسایشی ڕاستەوخۆ و لە دۆزینەوەی مادەی تەقینەوە، دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەتیمەکەوە پێوەند دەبێ، وێڕای ئەمانەش پێشنیازی ئەوە دەکەین تیمێکی تر بەسەرۆکایەتیی مستەر "ئالان د. وولف" Alan D. Wolf بنێرین، کە پسپۆڕە لە کاروباری هەواڵگریدا، ئەگەر سەرۆک سادات ڕازی بێت، ئەوا دەمانەوێت بیخەینە سەر نێردەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە قاهیرە، نیازیش لە هاتنەکەی ئەمجارەی دەرفەت بەپسپۆڕانتان لە ئاسایش بدرێت ببینن و گفتوگۆی پێشنیازەکانی بکرێت، تاکو خاترجەم بن لە قبووڵکردنی.

ئێمە دەمانەوێت بەپەلە ئەم تیمە بۆ قاهیرە بنێرین و لە ماوەیەکدا کە ٢ فبرایەر تێپەڕ نەکات، خۆ ئەگەر کاتێکی ترتان پێ گونجاوتر بوو، ئەوا بێگومان ئامادەین لەگەڵ داخوازییەکانتاندا پێک بێین.

**

ئیدی پسپۆڕی تەناهی بەسەر میسردا ڕژان، هەندێکیان بۆ دوو ساڵ مانەوە، لەو ماوەیەدا پلانی پێویست بۆ ئەم بەشەی پلانی ئاسایش دانرا، کە پێوەند بوو بەپاراستنی کەسی سەرۆکەوە و سەرپەرشتیکردنی بەکردەنی، پاشان دانانی جێگەوڕێگەی هەمیشەیی بۆ ئاسایشی سەرۆک.

پلانی تەناهیی تایبەت فراوانتر بوو لە تەنیا توندکردنەوەی پاسەوانیی سەرۆک لەکوێ بێت، یا کاتێک دەجووڵێت، لە نێوان خاڵەکانیدا وردەکاریی شیمانەی شتی چاوەڕن نەکراو هەبوو، پاشان لیستی کارڕایی ئەگەری داخوازییەکانی ئاسایش لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێ دەکات، هەندێک لەو ڕێوشوێنانە توند بوون، هەروەها فراوانتر بوون لەوانەی ناسرابوون:

– بۆ نموونە، پاسەوانی تایبەت و چەکی هەمەجۆر و مەشقی بەرز و کۆت و سنوورەیلێک لە هەر شوێن پیادە دەکرێن سەرۆکی لێ بێت، لەگەڵ پێویستیی دابینکردنی هەر جێگەیەک لێی بمێنێتەوە، بەلای کەمەوە بەر لە چوونە ناوی بەسی و شەش سەعات!.

– هەروەها بۆ نموونە، سەرۆک تابتوانێت دوور بێت لە شەقامەکانی قاهیرەوە، لەگەڵ

هەلیکۆپتەر بەباشتر دانان وەکو ئامرازێکی گواستنەوە، بەمەرجێک لە شوێنە قەرەباڵغەکان بەباڵەخانەی بەرز خۆی بەدوور بگرێت، کە لەسەربانەکانیان چی ڕوو بدات نازانرێت، یاخۆ ئەو شوێنە نزمانەی شتی بەجێماویان لێیە و دەگونجێت بکرێنە شوێنی بۆسە و خۆمەڵاسدان.

– هەروەها بۆ نموونە، شوێنی نیشتەجێی سەرۆک پتر لە جێگەیەک بێت، بەشێوەیەک کەس نەتوانێت لە کاتی بوونی بۆ کاتێکی دیاریکراو و لە شوێنێکی زانراودا پیلانی شتێک دابنێت.

– هەروەها بۆ نموونە، زۆربەی کاتەکان لە شوێنێکدا بێت بتوانرێ بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها دابڕانی لە دەوروبەر ئاسان بێت و توانای دەرچوونی خێراشی لە دۆخی نائاساییدا هەمەجۆر بێت، وەک ئەوەی ڕووبەری فراوان بۆ بەکارهێنانی کۆپتەر، یا ئاوەڕۆی ئاوی بۆ بەکارهێنانی بەلەم تێدا بێت، لەگەڵ ڕێگەی کراوە بۆ ئۆتۆمۆبێل.

– هەروەها بۆ نموونە، شوێنی دامەزراندنی ئامادە هەبێت بۆ نیشتەجێکردنی هێزە تایبەتەکانی گاردی کۆماری، کە سەرۆک بۆ هەر کوێیەک بڕوات لەگەڵیدا دەجووڵێن.

– هەروەها بۆ نموونە، بەخشش و پاداشتی تایبەت بۆ هێزەکانی پۆلیس دابنرێت، کە لەسەر ڕێگەی کەژاوەی ئۆتۆمۆبێلەکان ڕیز دەبەستن، ئەگەر سەرۆک (بەهەر هۆیەکەوە بێت) ناچاری جووڵان بوو لەناو شاردا، هەروەها ئەم پاداشتانە لەوانی تر جیا بکرێنەوە، بخرێنە زەرفی تایبەتەوە و دروشمی سەرۆکایەتیی کۆماریان لەسەر بێت، تاکو ئەوی وەری دەگرێت، بیری نەچێتەوە کە "نیعمەتی سەرۆکە"!

**

نزیکەی دە ساڵ تێپەڕی و ڕووداوی زۆر تێپەڕین، گەلێک گۆڕانکاری هاتنە کایەوە، بەڵام لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا دەستی خۆیان وەشاند و سەرۆک سادات لە ڕێگەی ئەفسەرێک لە هێزە چەکدارەکانەوە، کە کلاشینکۆفێکی ڕووسی بەدەستەوە و دەمانچەیەکی ئەمەریکایی لە گیرفاندا بوو، لەسەر شانۆی نمایشی سەربازی تیرۆر کرا!.

حوسنی موبارەک لە دوانگەوە بەرەو کۆشکی کۆماری هەنگاوی نا، یەکەمین کۆبوونەوە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئامادەی بوو، کۆبوونەوەی بەرپرسانی ئاسایش و دابینکردن بوو، بەوە دەستی پێ کرد، "ڕێوشوێنەکانی ئاسایش و دابینکردن، کە بۆ پاراستنی سەرۆکی پێشوو گرابوونە بەر سەرکەوتوو نەبوو، بەو دەلیلەی ئەو پلانی کوشتنەی خۆی شایەدحاڵی بوو سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەپەرچوو ڕزگاری بوو لەوەی ببێتە یەکێک لە قوربانییەکانی"!.

لە کۆبوونەوەکانی دواییشدا تایبەت بوو بۆ بەدواداچوونی ئاسایش و دابینکردنی کەسی سەرۆک، ئەوە بوو موبارەک بەخۆی و بەئەزموونی تایبەتی خۆی ڕێوشوێنی فراوانتر و دوورمەوداتری خستەسەر:

– وەک، داخستنی هێڵە ئاسمانییەکان لە کاتی فڕینی فڕۆکەکەی سەرۆک، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیەی دەیبڕێت.

هەواڵنامەی کیک

– وەک، گرتنی شەقامەکان لە هەردوو لاوە لە کاتی تێپەڕبوونی هەر کاروانێکی سەرۆک، خواست وابوو هاتوچۆ ئاسان بکرێت، بەتایبەت لەسەر ڕێگەی فڕگەی قاهیرە، هەندێک جار وای دەخواست ڕێگەکە لەولاوە بگیرێت، کە کاروانەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، جارێکیان موبارەک لەوکاتی بەڕێگەوە بوو بەرەو فڕگەی "ئەڵمازە"، تێبینیی ئەوەی کرد لایەکەی تر کراوەتەوە بۆ هاتوچۆ، هەینێ گەیشتە ئەڵمازە داوای کرد بەخۆی لێکۆڵینەوە لەگەڵ لێپرسراوەکەدا بکات، ئەوە بوو بانگی فەرماندەی هاتوچۆی ناوچەکەیان کرد بێتە بەرابەر سەرۆک، کاتێک ناوبراو داوای لێبوردنی کرد لەوەی سایدەکەی تری کردووەتەوە، ئەمەش لەسەر داوای زۆری بەرپرسانی فڕگەی قاهیرە بووە، چونکە چەند فڕۆکەیەکی پڕ لە گەشتەوەر کاتی فڕینیان بوو و بەهۆی کاروانەکەی سەرۆکەوە سەرنشینەکانی دواکەوتن، موبارەک بەسەر بەڕێوەبەری هاتوچۆ و فەرماندەی هێزەکانی تووڕە بوو، کاتێکیش گوێی لە بڕگەی بەسەلامەتی گەیشتنی گەشتەوەرەکان بۆ فڕگە بوو، پتر تووڕەیی دای گرت و گوتی:

"کامیان گرینگترن: ژیانی گەشتیارەکان، یا ژیانی سەرۆک؟!" هەروەها گوتی: "هیچ ئامانجێک لە وڵاتی میسردا نییە لە ژیانی سەرۆک گرینگتر بێت".

– وەک، ڕێنوێنی بەردەوام ئەوەیە، نابەوێت لەسەر هیچ ڕێگەیەکدا پێیدا تێپەڕێت، ببینێت دەرگەیەک داخراوە و ئەودیوی دیار نییە، هەر دەرگەیەکیش داخرابێت، دەبێت بەشکانیش بێت بکرێتەوە، ئینجا ئەودیوی بپشکنرێت و لەبەر دەرگەکە پاسەوان دابنرێت، وێڕای پاسەوانیی سەر ڕێگە.

– هەروەها وەک، "شرم الشیخ" ببێتە بارەگای سەرەکی نیشتەجێبوونی، ئەمە ڕای پسپۆڕانی ئەمەریکاییش بوو، چونکە "شرم الشیخ" تایبەتمەندیی نموونەییی تەناهیی هەیە، دەڤەرێکی دیاریکراوە لای بەشی خوارووی نیمچە دوورگەی سینا، دەوروبەریشی لە گشت لایەکەوە کراوەیە، بەبەلەم چەند خولەکێک لە سعوودیەوە دوورە و لە دووری کەمتر لەبیست خولەکە لە ئەردەن و ئیسرائیلەوە، پاشان شوێنەکەی لە تەنیشت پێگەی هێزی چاودێریی نێودەوڵەتییەوەیە لە سینا (لە واقیعدا ئەمەریکاییە، هێند ئامرازی هەیە دەتوانێت هەست بەڕێکردنی مێروولە بکات لەسەر لمی بیابانەکەدا)!.

* کاتێک سەرۆک موبارەک لە قاهیرەوە بۆ "شرم الشیخ"، یا شوێنێکی تر دەڕۆی، ئەوا دە لایەن (بەلای کەمەوە) لە بەرپرسیاریی سەفەرەکەی ئاگادار دەکرانەوە، هەڵبەت گاردی کۆماریشیان تێدا بوو، لەگەڵ ئاسایشی تایبەتی سەرۆکایەتیی کۆمار و بەرگریی ئاسمانی و وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی فڕۆکەوانیی مەدەنی و هەواڵگریی گشتی و ئەوانی تر.

هەر لایەن لەم لایەنانە ڕێوشوێنی دابینکردنی ڕاستەوخۆ و تایبەتی دەگرتەبەر، پاشان لە کۆتاییدا کەس نەی دەزانی سەرۆک چ ڕێگەیەک دەگرێتە بەر، تەنیا ئەوکاتی بەر لەوەی لە ماڵەکەی دەر چێت!.

زۆرجـار ڕیزبەسـتنی چڕ لەسـەر ڕێگەکـان ڕووی دەدا، بەو مـەزەندەیەی سـەرۆک بەئۆتۆمـۆبێل سـەفەر دەکات، پاشـان لەپڕ هەلیکۆپتـەر دەردەکەوت لە مـاڵەکەی خۆیەوە بۆ فڕگەی دەگواسـتەوە، ئیـدی کاری ئـەو ڕیزبوونە دوایی دەهـات، دوای ئەوەی دە سـەعـات، هـەندێک جار پتـریش لەسـەر ڕێگەکان چاوەڕێیان کردووە!.

**

کەڵکەڵەی تەنـاهی و دڵنیاکردنی سـەرۆک موبارەک و دەسـتوپێوەندەکانی گەیشـتبوونە ڕادەی بێ هوودەیی.

دەزگـەکـانی ئـاسـایش لە دەوڵەتدا تا ئەوپـەڕی فـراوان بوونـەوە، لە ئەنجـامی ئەوەی لە شـۆڕشـی تەکنۆلۆجـیـادا ڕووی داوە، هـەروەها بەرنامـەی ئـاسـایش و دڵنیـایی لە بواری سـانسـۆردا بازیدایە ئاستێکی پێشبینی نەکراو، چونکە هـەندێک دەیان ویست بەخۆیان دڵنیا و خاترجەم بن، بەتایبەت بەگوێگرتن لەو لایەنانەی جێگەی گومانن.

لە بـەراییـدا داوا لـە دەزگـای ئـاسـایشی دەوڵـەت کـرا ڕێژەیەکی دیاریکراوی چاودێری بـۆ ناو سەرۆکایەتیی تەرخان بکات، جا ئیدی لەناو لیستی ئاسایشی دەوڵەتدا بێت یان نا. لیستەکان زۆر بوون، چونکە داواکاران زۆر بوون، بەشی زۆری داوای چاودێریکردنەکانیش لە لیستە تایبەتەکاندا لە نووسـینگەی "مـیـراتیی سـەرۆکـایەتی" بوو، زۆرجـاریش تۆمـارکـردنەکـان گـەیشـتنە لێژنەی سیاسەتەکانی حزبی نیشتمانی، گەلێکیشیان بەڕەنگاوڕەنگی، یا بـەشێوێنراوی گەیشتنە هـەندێک لە ڕۆژنامە و کۆوارەکان.

پاشـان پەرەسـەندنێکی گـرینگتـر ڕووی دا، ئـەویش جـاڕێکیـان یەکـێک لە لـەندەن گـەڕایەوە ئامێرێکی گوێ هەڵخستنی بۆ سەر تەلەفۆنەکان پێ بوو، لە دووکانێکی تایبەت بە "ئامێرەکانی دڵنیـایی" هـەبوو، وەلێ کـڕینی بڕوانامـەی لە لایـەنێکی فـەرمی ڕێگە بـە بەکـارهێنانی بدات، دەخواست، بەمەرجی فرۆشتن و دانەوەی.

لە قـاهیرە ئـامێرەکە تاقی کرایەوە و ئەوانی حـەزیان لێ بوو، تـوانییان بـچنە هـەر هێلێکەوە لە هـەر کـاتێکدا بیـانویسـتـایا گـوێی بۆ هەڵخـەن، دواتر هێندەی نەبرد ئەم ئامـێـرە لە ئاسـتـێکی دیاریکراو لای پیـاوانی دەسـەڵات بووە مۆدیل، بەپێی خـەمڵاندنی پسـپۆڕێک لە وەزارەتی ناوەخۆ، لەودەمەدا چەندین پۆستی گرینگی وەرگرتبوو، ئەمە ڕووی دا:

– ئەو بەشـەی بۆ چاودێریی ئاسایشی دەوڵەت بۆ داخوازیی تایبەت تەرخان کرابوو، لە کاتێک لە کاتەکاندا گەیشتە ٧٪ لە قەبارەی چاودێرییەکان.

– ژمـارەی ئـامێرەکـانی چاودێری لەسـەر تەلەفۆن لـەژێر دەسـتی هـەمـان کـەسـان و ئەوانەی لە لەندەن کـڕدران، بەپێی زانیـاریی ئەو گـەیشـتـە ١١ ئـامـێـری گـەڕۆک، ئەوی مـایەی سـەیر بوو هەندێکیـان بـۆ مـەبەسـتی تاکـەکـەسی بەکـار دەهێنران، یـاخـۆ بەمـەبەسـتی ڕابواردن و بـوختـان بەدەمەوەکردنی کۆمەڵایەتی بەکار دەبران.

هیچ سنوور و لەمپەرێک بۆ هیچ "زانیارییەک" نەبوو، سوودی لە ئاسایش، یا دابینکردنی کەسێکدا هەبێت بێ خەرجی!.

تەنانەت "شرم الشیخ"یش زیاد لە ئامێرێکی گوێ هەڵخستنی تایبەتی تێدا دانرا!.

**

کەس وێنای ئەوەی نەدەکرد، یا بەمێشکیدا نەدەهات (بۆ نموونە) تێچووی بوونی سەرۆکی دەوڵەت لە "شرم الشیخ"، لەگەڵ فەرمانبەرانی دیوان و پاسەوانەکانی و نووسینگەکانی پێوەندیی بەدەوڵەتەوە و ئەو میوانانەی دێن و دەچن و بەرپرسەکان و سەفەری هەموان بۆ "شرم الشیخ" بژمێرێت، خەرجیی خۆی هەیە لە گواستنەوە و مانەوە و پارەی سەفەرکردنەکە، ئەمە و جگە لەو خەرجییانەی لایەنەکانی تری دەوڵەت لە ئەستۆیان دەگرن، خەملاندنی شارەزایان مانەوەی سەرۆک لە "شرم الشیخ" لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ملیۆنێک جونەیهی تێ دەچێت، جگە لە تێچووی ئاسایی سەرۆکایەتی! (هەروەها تێچووی ڕۆژێکی سەفەری سەرۆک بۆ دەرەوەی وڵات، دەگەیشتە ملیۆنێک دۆلار "هەندێک جار پتریش")!.

هەینێ ڕۆژێک سەبارەت بەمانەوەی نیمچە هەمیشەیی لە "شرم الشیخ" لە سەرۆک موبارەکیان پرسی، وەڵامەکەی (چەندین جار لە زمانی ئەوەوە بڵاو کراوەتەوە) "بوونی لە "شرم الشیخ" هانی گەشتیاری دەدات، ئەمەش بەسوودە بۆ ئابووریی میسر"!.

لێ لە ڕاستیدا پرسەکە تەناهی بوو و پێوەند بوو بەخاڵی یەکەمی پلانی دابینکردنەوە، کە هێنری کیسنجەر نەخشەسازیی بنەڕەتی بۆ کردبوو.

**

خاڵی دووەم لە پلانی ئاسایش و دڵنیایی، بەستنەوەی "ئاسایشی ڕێژیم" بوو بەدەزگەکانی تەناهی و دابینکردنی ناوچەییی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، کە تۆڕی سەرکردایەتیی نێوەندی ئەمەریکی لە ڕۆهەڵاتی ناوەند و ئاژانسی هەواڵگریی سیاسی C.I.A و ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانیی سەر بەوەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایی N.S.A دەگرێتە خۆ.

ڕەنگە لێرەدا واباشتر بێت شتێک لەسەر ئەم کێشە ئاڵۆزە لەخۆمەوە نەڵێم، بەڵکو لە کتێبەکەی "بۆب وودوارد"ی ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئەمەریکی بێنمەوە لە بواری هەڵسەنگاندندا و ناسراو بەوردیی سەرچاوەکانی، کە لەسەر بەرزترین ئاستدان لە نێوان داڕێژەرانی بڕیاری ئەمەریکاییدا، ودوارد لەو کتێبەیدا هەر لە سەرەتاوە باس لە پرسی ئاسایش و دابینکردنی ڕێژیم دەکات، واتا لە ڕێکەوتنەکەی کیسنجەرەوە لەگەڵ سەرۆک ئەنوەر سادات، لە لاپەڕی ٣١٢-٣١٣ لە کتێبەکەیدا The Veil(ڕووپۆش) بۆب وردەکاری زۆر، کە مایەی بێزارین، باس دەکات. بۆیە تەنیا بەوەندە وازدێنم، کە تەنیا کورتەیەک دێنمەوە لە بریی وردەکارییەکان، لەو دەقانەدا بۆب ودوارد بۆ نموونە دەڵێت:

"پرۆسەی پشتگیریی تەناهی و هەواڵگریی سەرۆک ئەنوەر سادات تایبەتمەندی و ناتەواوییەکانی ئەم جۆرەی لە پێوەندییە نهێنییەکان ڕوون کردەوە. سادات لە ساڵی ١٩٧٠دا

گەیشتە دەسەڵات، دوای دوو ساڵ ڕووسەکانی لە میسر وەدەرنا، دوای دوو ساڵیش C.I.A یەکێک لە بەهێزترین بەرنامەکانی خۆی بۆ پاراستنی سەرۆک و کۆمەکی هەواڵگری ئامادە کرد.

بەپلەی یەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی، یەکەم سادات لە ژیاندا بمێنێت، دووەمیش ویستی زۆرترین زانیاری لەسەر سادات و سیاسەت و مانۆڕەکانی کۆشک بەدەست بهێنێت، لافاوێک لەو زانیارییانە هەبوون و هەندێکیان بێ نرخ بوون، کەچی دۆخێکی بووژانەوە لە C.I.A هەبوو، کە سەرچاوەی باوەڕپێکراویان دەستکەوتووە، لەگەڵ دروستکردنی خشتەی حەز و ئاوات و سیاسەتەکانی دەیان وەزیر و جێگری وەزیر.

هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ ئەو شتانە نەبوون، کە هەواڵگری بەدەستی دەهێنان، چەندێتی بەسەر چۆنێتیدا زاڵ بوو، بەهەڵقوڵینی ئەم چەندێتییە زۆرە لە زانیاری و کاری نهێنی لە هەواڵگریدا بووە ئالوودەیی، لە هەندێک کاتی دیارکراودا وادیاربوو ئەستەم بوو هەڵسەنگێنرێ و زەحمەت بوو پۆلێن بکرێت، ئیدی چەندێک ئەو زانیارییانەی C.I.A بیانیزانیایا پتربوونایا، ئەوەندە سوودیان کەمتر لێ وەردەگیران.

سەرۆکەیلێکی وەکو سادات ئەم پرۆسە هەواڵگرییانەیان بەکار دەهێنا، بەوحسێبەی چەق و پاڵپشتن و دەرگەی دواوە بۆ حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دابین دەکەن، کە ڕێگەیەکە بۆ پێچدانەوە بەدەوری کەناڵە دیپلۆماسییە ئاساییەکان، لەگەڵ داواکردنی زانیاریی تایبەت لە C.I.A و خزمەتی هەمەجۆر، یاخۆ تەنانەت پاڵپشتیی دارایش.

**

هەرچی سەبارەت بەسەردەمی موبارەکە، ئەوا بۆب ودوارد وردەکاریی زۆری هێناوەتەوە، بەدیارکراوی لە لاپەڕە ١٦٨ لە هەمان کتێبدا، (لەبەر چەند هۆیەک) بەوەندە وازدێنم، بەتەنیا بەئاماژەکردنێک ودوارد تێیدا دەڵێت:

"لە ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەردا ولیەم کایسیCaseyی سەرۆکی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمەریکایی، ڕاپۆرتێکی بەپەلەی بۆ هات، کە ساداتی سەرۆکی میسر لە کاتی بینینی نمایشی سەربازیدا تەقەی لێ کراوە و بەدرێژایی سێ سەعات ئەو ڕاپۆرتانەی لە ئیزگەی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندییەوە لە قاهیرە دەرچوون (هێڵی فەرمیی حکومەتی میسری) دووبارەیان دەکردەوە، کە پێکانەکەی سادات مەترسیدار نییە، وێڕای ئەوەی تەلەفزیۆنی ئەمەریکایی ڕاپۆرتەیلێکی بڵاو دەکردنەوە، دەیانگوت سەرۆکی میسر مردووە.

دوای نزیکەی سێ سەعات لە ڕاپۆرتی یەکەمی ڕۆژی ٦ی ئۆکتۆبەر، ئیزگەی قاهیرە جەختی کردەوە، سەرۆک سادات کوژراوە و دەمەودەست دوای پێکرانی بەچەند گوللەیەک گیانی لەدەستداوە.

کایسی هەستی بەشەرمەزاری کرد، لە کاتێکدا ڕێگان Reagan ڕۆژەکەی لە کۆشکی سپی بردەسەر خاترجەمی پێ دەگەیشت، کە ڕاپۆرتەکانی تەلەفزیۆن ناڕاستن. کایسی و ئینمان Inman

نیگەران بوون لەوەی سەرۆکی نوێ "حوسنی موبارەک" نارەزاییەکی توند یا پڕ لە هەڵچوون دەربڕێت، چونکە C.I.A، کە ڕاهێنانیان بەپاسەوانە تایبەتەکانی سادات کرد لە ئاگادارکردنەوەیان شکستیان هێنا، کەچی هیچ شتێک لەمانە ڕووی نەدا، تەنانەت سکاڵایەکی نەرمیش.

دەرکەوت ئەنجامدەرانی کوشتنەکە بەشێک بوون لە گرووپێکی ئیسلامیی توندڕەو لە میسردا، C.I.Aبایەخێکی گەورەی بەگوێ هەڵخستن و چوونە ناو حکوومەتەکەی سادات داوە، لەگەڵ وریاکردنەوەی سادات لە مەترسییەکانی دەرەوە بەڕادەیەک هێزەکانی ناوەخۆی پشتگوێ خست، کارەکە هێند نزیک بوو تاڕادەی مەترسی لەوەی کارەساتی ئێران دووبارە ببێتەوە، کایسی زۆر تووڕە بوو، C.I.A ئاتاجی کەناڵی سەربەخۆی فراوانتر و زیاتری زانیاری لە میسردا بوو، کایسی پتری ویست، جا ئیدی لە سەرچاوە مرۆییەکانەوە بێت، یا ئەوی بەئەلەکترۆنی کۆ دەکرێتەوە، لەسەر بەرزترین ئاست لە حکوومەتە نوێیەکەدا، فەرمانەکانی کایسی ئەوە بوو کە: "هەندێک خەڵک دەرکە شەقامە نەفرەتییەکەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی داخۆ کەسێک گوللە بەموبارەکەوە دەنێت"!.

**

خاڵی سێیەم بوو لە پلانی تەناهی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها لە لایەنی هزری و ڕۆشنبیریشەوە.

ڕاستی دۆخەکە دەرگەی فراوانی بەڕووی ئەم خاڵەدا دەکردەوە، لەبەرئەوەی لەسەر ڕێی ئۆکتۆبەر و (دوای شەڕیش) ڕوون بوو شتی نوێ و پێویست هەن بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێ ڕێکەوتنێک لەگەڵیدا هەبێت، ڕەشەبای ئەم شتە نوێیە زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە میسریشی گرتەوە، بەم ئاوایە کەشێک دروست بوو ئامادەیی بۆ هەموو شتێک و هەر شتێک تێدابوو، لەبەرئەوەی ڕەوشەکە پێویستی بەپیاو بوو، ئەوە ئەو ساتە بوو پیاوی وەکو ئەندازیار "عوسمان ئەحمەد عوسمان" بەتەنیشت سەرۆک ساداتەوە دەرکەوت، مژدەی لۆجیکی "زانستی" و "واقیعی"یان دەدا بێ "خەون و خەیاڵ"!.

**

ڕێکەوت نەبوو ئەو ڕەوشانە بەدیهاتنی (هەرچەندە لە ماوەیەکی کورتیشدا بوو) بۆچوونەکانی هێنری کیسنجەر بوون، لەگەڵ پلانەکەی لە خاڵی ئاسایش و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری، بیرمدێت بەخۆم گوێم لە قسەکانی هێنری کیسنجەر بوو بەتایبەت لەسەر ئەم خاڵە، سەرلەبەری قسەکانی (خۆی و زۆرێک لەوانەی لە شوێنی بڕیاری ئەمەریکایین) سەرنجدان بوون لەوەی سەرۆک سادات دەیانڵێت، ئەو دۆخە نوێیەی ستراتیجیی میسر، بوار دەکاتەوە بۆ دەرکەوتنی چینێک، یا کۆمەڵی کۆمەڵایەتی پشتگیریی لە سیاسەتە تازەکان دەکەن و پاڵپشتیی دەکەن، ڕای هەمووان وابوو ئەوە پرۆسەیەکی شیاو و مایەی ڕەزامەندییە، چونکە میسر ڕووبەڕووی حاڵەتی بۆشایی چینایەتی بووەتەوە، ئەوە بوو ناسر (جەمال عەبدولناسر) هەستا بەپاکتاوکردنی موڵکدارێتییە گەورەکانی زەوی و خۆماڵی کردنی زۆرێک لە کۆمپانیاکانی بازرگانی

و دەرەوە و بانکەکان، هەروەها دەرکردنی ئەوانەی لەسەر کۆمپانیاکانی بازرگانیی دەرەوە و بانکەکان و بریکارییە بازرگانییەکان، کە هەموویان بیانی بوون، ئەمەش وای کرد چینی بالاّ لە کۆمەڵگەی میسریدا بنکەی خۆی لەدەست بدات، لە هەمان کاتدا چینە مامناوەندی و هەژارەکان، کە جەمال عەبدولناسر بەرێوشوێنەکانی رووی تێکردن، نەیتوانی بنکەی بۆ دروست بکات، وێڕای بوونی کەرتی گشتیی فراوان گرووپی خاوەن شارەزاییان تێدا بوو، بەلاّم ڕایەڵەیان بەکارەکانیانەوە (بیرۆکراتی) چینی سیاسی دروست ناکات، چونکە چینەکان موڵکداریّتی دروستیان دەکات.

لەسەر ئەم بنەمایە بەبۆچوونی کیسنجەر و ئەوانی تر لە واشنتۆن، کۆمەڵگەی میسری ئێستا ڕووبەڕووی "گرفتی بۆشاییی دەبێتەوە، دەکرێت بەچینێکی نوێ پڕ بکرێتەوە بچێتە ناو بینای کۆمەلاّیەتیی میسری".

**

ڕۆڵی کەرتی تایبەت بەرجەستە و پتر بوو، لەبەر هۆیەلێک هەندێکیان دروستن و هەندێکیشیان زیادەگۆییان تێ دەکرێت و برێکیشیان دروستکراون.

* ڕاستی جیهان زیاتر ڕوو لە ڕێگەدانی بواری کەرتی گشتی دەکات، بەمەبەستی فراوانکردنی بواری پەرەپێدان، واتا کەرتی تایبەت دەتوانێت و بەپاڵنەری دەستپێشکەریی تاکڕەوانە وزەی بەرهەمهێنان پتر بکات، بگرە چەند جاری بکات و ململانێیەکی تەندروست بخوڵقێنێت، لە نێوان کەرتی گشتیدا کە دوور نییە بیرۆکراتی لەمپەری بۆ دروست بکات، لەگەڵ کەرتی تایبەت ڕەنگە نەرمییەکی هەبێت یاریدەی سوورێکی چالاکی سەرمایە بدات.

* هەرچی زێدەگۆییە ئەوا لەبیرکردنی ئەوەیە، کە کەرتی تایبەت بەبەهای ڕاستەقینەی خۆی پێویستی بەکاتە بۆ پێگەیینی سەرمایەدارییەکی هۆشیار بەپابەندبوونی کۆمەلاّیەتی، سەرکەوتنی پرۆسەی سەرمایەداری مەرجی هەیە:

- هاتنەناوەوەی سەرمایەداری بۆ بازاڕ بەپرۆژەی گەیەنراو بەنەخشەی ئابووریی نیشتمانی و پێداویستییەکانی.

- هاتنەناوەوەی سەرمایەداری بەسەرمایەکەیەوە، بەشێوەیەک پشتی بەسیستەمی بەنکی بەستبێت لە سنووری ماقووڵ، کە لەسەر ئاستی جیهان کاری پێ دەکرێت!

- توانای ئەوەی هەبێت بەرگەی مەترسیی قازانج بگرێت، بەو حیسابەی ئەم مەترسییانە لە قازانجکردندا ڕەوان.

* هەرچی دروست کراوە، ئەوا یەکەمەکەی دەستبەسەرداگرتنی کەرتی گشتییە، بەتایبەت ئەو یەکانەی قازانج دەکەن.

- بەپشتبەستن بەکەرتی بەنکە گشتییەکان و ئاسانکارییەکانی، بێ ئەوەی پارەکەی بخاتە مەترسییەوە.

– پەنا بۆ دەوڵەت ببات بۆ پاراستنی لەو مەترسییانەی دەبوو لە حیسابیدا بوایا.

لە واقیعدا ئەو مەرجانە پشتگوێ خران، بەتایبەت لەگەڵ یەکەمین شەپۆلدا، لە دوای جەنگی ئۆکتۆبەرەوە لەژێر ناوی کەرتی تایبەت هاتە پێشێ.

**

لەسەر زەویی واقیعدا کاتێک لە بەرایی ساڵی ١٩٧٤ قسە لەسەر "بەتایبەتکردن" کرا، کەرتەیلێکی زۆر لە ڕای گشتی نیگەرانیی خۆیان دەربڕی، لەسەر ئەوەی بەهەڵکوتانە سەر پاشەکەوتەکانیان دانابوو، هەروەها داواکاران لەودەمەدا بۆیان دەرکەوت، ئێستا نزیکبوونەوە لە کۆمپانیاکان زەحمەتە، یەکەمین ئاستەنگەکانیش ئەوەیە، سەندیکا کرێکارییەکان دەریان خست توانای جووڵەی کاریگەریان هەیە، ئەوی یاریدەی دا ئەوە بوو جەنگی ئۆکتۆبەر و قوربانییەکانی هێشتانەکینێ لە بیردا ماون، ئیدی پاشەکشەیەکی کەم لەو هەڵکوتانەسەرە بەپەلانە کەمبووەوە.

هەروەها بۆ ماوەیەکی کاتی پرۆسەکانی بەتایبەتکردن وەستان، بەڵام گرینگی پێدانەکە لەسەر بریکارییە بیانییەکان بوو، کە لایەنێکی گرینگە لە چالاکیی دارایی دوور لە کارگە و دامەزراوە گەورە بینراوەکان، پاشان ئەوە بەشی سوودمەندی سەد لە سەدە لە کەرتی گشتی، ئەم بریکارییانە هەژموونیان بەسەر بەشی زۆری شتە هاوردەکانەوە بۆ میسر هەن، کە لەو کاتەدا دەوروبەری ١٢ ملیار دۆلار بوو لە ساڵێکدا، ڕێژەی قازانج تێیدا لە نێوان ١٠ بۆ ١٤ لە سەدا بوو لە ساڵێکدا، واتا لێوارێکی قازانج (هامش ربح) نزیکەی ٢ ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا، ئەو بریکارییانە بەتەواوی موڵکی بێگانە بوون بەر لە جەنگی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦دا و میسریبوونی خۆیان لەدەست دابوو، لەودەمەدا جەمال عەبدولناسر ئەوەی هەڵبژارد داهاتەکەی نیشتمانی بێت لە ڕێگەی خۆماڵیکردنەوە، نەک بەمیسریکردن.

بیرکردنەوەکەی وابوو، کە بەمیسریکردن ئەم کەرتە لە موڵکدارێتیی بێگانەوە دەگوازێتەوە بۆ موڵکدارێتیی ئەوانەی توانای کڕینیان لە میسرییەکان هەیە، بەو مانایەی لە ئەنجامدا دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بن، بێ ئەوەی نەداران پشکێکیان بەر بکەوێت، ئێستا پاش کەمتر لە بیست ساڵ (لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٧٤) پێچکەکە بەنیمچە تەواوی دەخوولایەوە، بریکارییەکانیش دەخرانە ڕوو بۆ دابەشکردن بۆ ئەوەی هەڵدەبژێردران، لەوانەی ڕژێمیان دڵنیا دەکردەوە کە لە سیاسەتی نوێوە نزیکن، بەتایبەت لە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا و پێوەندیی تایبەت لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

**

لەم کاتەدا لە سەرەتای ١٩٧٥دا نزیکەی دووهەزار بریکاری دابەش کران، بەنووکە قەڵەمێک لە میسردا دووهەزار کەسی تازە بوونە ملیۆنێر، هەڵبەت ئەوە پرۆسەی ئەندازەی چینایەتی بوو لەنگییەکی لەناکاوی لە هاوسەنگیی چوونەناوەوە دروست کرد، کە دۆخە کۆمەڵایەتییەکە لە میسردا پاساو نەبوو، لێ لە ئەنجامدا پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتیی بەسیاسەتە تازەکان بەخشی، کە

توانای کاریگەریی لەسەر نێوەندی گۆڕەپانە سیاسییەکە هەبێت.

**

ئەمە ڕێوشوێنێکی کاتی بوو، تاکو ساتی دواتر لە سەردەمی موبارەکدا هات، ئیدی دەستی خستە ناو کەرتی گشتی و بەتایبەتکردنی سەرکەوتووترین و گەورەترین کۆمپانیاکان و لە هەموویان گونجاوتر و سوودمەنتر، پاشان لافاوەکە بەتواندنەوەی زەوییەکانی دەوڵەت هەڵقولا، ئینجا ئابڵووقەدانی کەرتەیلی گرینگ بەبەرژەوەندیی دارایی سیما جاڵجاڵۆکەیی، دەستی بەسەر پێگەی دیارکراودا گرت، وەکو پترۆل و گاز و خزمەتەکانی هێڵی ئاسمانی و سەنتەرەکانی ڕاگەیاندن(١).

لەم کەشەدا پێوەندیی خۆشەویستی لە نێوان دەسەڵات و ئەو بەرژەوەندییانەی دڵچوونەسەری، زیاتر لەوەی خەونی پێوە دەبینی پتر کرد.

لە گشت سەردەمەکاندا تەنیا گووزەرانی هاوبەش بەرژەوەندیی هاوتا و بەرامبەر و بەرپرسیارێتی سەر هەر لایەنێک لە هەردوو لایەنەکە مسۆگەر دەکات.

تا ئەو ساتەش دەسەڵات بوو دەیبەخشی و دەیدا، بەرژەوەندییەکانیش بوون وەریان دەگرت، ئێستاکەش ئەوە بەرژەوەندییەکانن لەسەریانە توانای خۆیان بەدەربخەن و سوودی خۆیان ڕابگەیەنن.

بەم ئاوایە بەرژەوەندییەکان لە دەرفەت دەگەڕان، ڕەنگە ترسابن لەوەی ئەگەر پێوەندییەکە بێ شێوە گۆڕانەوەی بەخشندەیی و دیاری بمێنێتەوە، وەکو لە پرسی بریکاریی بیانیدا ڕووی دا، دوور نییە ببێتە بارمتەی حەزەکانی ئەم دەسەڵاتە، بەڵام ئەگەر جەسارەتی کرد و بوێریی کرد، ئەوا دەتوانێت وا لە خۆی بکات ببێتە هاوتای شەرعی، یا بەلای کەمەوە هاوتەریبی هێزی دەسەڵات!.

**

لەپڕ هەلێک بۆ دیاری و بەخشش بەدەرکەوت، بەرژەوەندییەکان بەدەسەڵاتی دەبەخشی، بۆ نەگبەتی زۆرێک سەرنجی ئەوەیان نەدا، کە بەچرپە دەگوترا و لەپشت پەردەوە ئەنجام دەدران.

ئالێرەدا کێشەی "تابا" شایانی بەوردی هەڵوەستە لەسەر کردنە.

ئیسرائیل بەدرێژاییی ئەو گفتوگۆیانەی هێنری کیسنجەر سەبارەت بەکردنەوەی پێکدادانکردنی، پرەنسیپێکی جێگیر کرد دەکرێت بە"تەڵەی سیاسی"ی دابنێین، پاساوێک بۆ کەوتنە ناو چاڵەکەیەوە نەبوو، ئەویش پرەنسیپی جیاکردنەوەیە لە نێوان "سەروەری" و "ئاسایش"دا.

لێکدانەوەکەشی وەکو پشتی پێ بەسترا، مانای وایە میسر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانی لە سەروەری بەسەر "سینا"وە، بەڵام جێگەورێگەی ئاسایش هەیە (بێگومان ئاسایشی ئیسرائیل) دەبێت لەسەر زەوی ئەنجام بدرێت، بێ زیانگەیاندن (وەکو دەڵێن)

"بەمافی سەروەریی بۆ میسر"!.

بیرۆکەی دانانی هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ چاودێری لە "سینا" بێ ئەوەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بن، بەڵکو لە پێکهاتەیدا ئەمەریکایی بێت، لە سەرکردایەتییشدا جۆرێک لەم جیاکردنەوەیە لە نێوان "سەروەری" و "ئاسایش"، ئیدی ئەم پرەنسیپە بەرفراوانتر کرایەوە، وای لێ هات پێویستییەکانی ئاسایش نەیان دەتوانی تەنیا جیاکردنەوەی نێوان هێزەکان بسەپێنێت، بگرە دۆخەکە گەیشتە هێزێکی نێودەوڵەتی (بەڕاستی و بەواقیعی ئەمەریکاییە)، یەکەی پشکنینیان هەبێت، لەگەڵ خاڵەیلێک ببیسێت و بڕوانێت و دەستی لە شتەکاندا هەبێ و داوا بکات، بەهاوتەریبی لەگەڵ ئەمەدا "سینا" بۆ چەند ناوچەیەک دابەش کرا، پلەی بوونی هێزە میسرییەکان و چەکی میسری لەسەر خاکی میسری جیاوازیی هەبێت، پاشان ڕێکخستنی پلەکانی بوونی سەربازیی میسری کەم دەکات چەندێک لە هێڵی سنووریی نێودەوڵەتی نزیک ببنەوە، خۆ ئەگەر بگات، ئەوا هێزی میسریی ڕێگە پێدراو ٧٥٠ کەسە لە پاسەوانی سنوور، هیچ چەکێکی وایان پێ نییە تەنیا ئەوانەی دەستیان دەیانگرێت، ئەمەش لەسەر گەورەییی ناوچەیەک، ڕووبەرەکەی خەریکە هاوتەریب بێت لەگەڵ نیوەی ڕووبەری هەموو ئیسرائیلدا!.

**

دوا سەنگەر لە پرسی کشانەوەی ئیسرائیل لە سینا پێگەی تابا بوو، کاتێک ئیسرائیل کشانەوەی ڕەت کردەوە، حکوومەتی میسری بەپێی مەرجەکانی کامپ دێڤد پەنای بۆ ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی برد و چەندین دیپلۆماتکار و مێژوونووس و شارەزا جەنگێکی درێژخایەن و قورسیان بەڕێوە برد، تاکو لێژنەی ناوبژیوانی بەبەرژەوەندیی میسر شکایەوە.

کەچی ئیسرائیل پابەندبوو بەڕەتکردنەوەوە، پاشان توانی قەیرانەکە چارەسەر بکات و بگاتە چارەسەری مامناوەندی و بەشێوازێک تەمومژاوی بوو، تەنانەت یادەوەرییەکانی "جۆرج شۆڵتز" (وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەو کاتەدا و لە سەرۆکایەتیی ڕۆناڵد ڕیگاندا) ، ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەی زۆرێکی تووشی سەرسووڕمان کردبوو، لە ئەستۆ گرت و شۆڵتز لەم بارەیەوە هەواڵێکی ڕوونی پێشکێش کرد، ویستی لە پەراوێزی لاپەڕی ٤٧٧ی یادەوەرییەکانیدا بیشارێتەوە، دەقەکەی:

ئیسرائیل دانەوەی تابای بەمیسر ڕەت دەکردەوە، ئیدی هۆیەکان هەرچییەک بن، ئامانجیشی داننانی پرەنسیپێکە، کە بڕیاری ٢٤٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش کشانەوەی لە گشت زەوییەکاندا بەسەردا ناسەپێنێت، بەڵام ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی "ئیبراهام سوفێر" گەیشتە چارەسەرێک "مافی سەروەری" بەمیسر بدات و "مافی سوود لێ وەرگرتن"یش بەئیسرائیل بدات!.

هەروەها چارەسەرەکە تەڵەیەکی تری هاورد بەهەمان داواکاریی جیاکردنەوە لە نێوان "سەروەری" و "ئاسایش"دا و بەوپێیە کۆمەڵێک خاوەنکاری میسری و خاوەنکاری ئیسرائیلی بەدەرکەوتن، کۆمپانیایەکی گەشتەوەریی نێودەوڵەتییان دەمەزراند بۆ بەڕێوەبردنی ئوتێلە

گەورەکەی تابا (کە هەموو کەنارەکەی گرتووەتەوە)، هەروەها نووسین لە سەرمایەی کراوە بۆ بەشداربووان لە هەردوولا بەئازادیی بازاڕ، پاشان پاڵپشتیی کارگێڕیی ئوتێلەکە کرا بۆ کۆمپانیای هیلتۆنی جیهانی، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەڕێوەی دەبات، لەجێی خۆیەوە هیلتۆنی جیهانییش ئەنجوومەنێکی کارگێڕیی هاوبەشی دامەزراند، میسری و ئیسرائیلییەکانی لەخۆ گرت، بەو مەرجەی بەڕێوەبەرێکی میسری و بەڕێوەبەرێکی ئیسرائیلیی هەبێت، پارەی کارپێکردووش جونەیهی میسری و شیکلی ئیسرائیلی بێت.

واتا ئوتێلی تابا (کە زۆربەی ڕووبەری تابایە) بووە بەڕێوەبەراتییەکی میسریی ئیسرائیلی، ئاڵای میسریش لەسەر ئوتێلەکە دەشەکایەوە نیشانەی سەروەری بوو، هاوبەشیی ئیسرائیلی لەناوەوە مسۆگەرییە بۆ ئاسایشی جیا لە سەروەری.

ئەوی مایەی سەرسووڕمانە، سیاسەتوانان و دیپلۆماتکارەکان، ئەوانەی کاریان لەسەر دەرکردنی بڕیاری ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی میسردا کرد، هیچ بیرۆکەیەکیان لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی لەسەر زەوییەکە گرایە بەر نەبوو، چونکە پرسەکە لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر گواسترایەوە، وەکو کێشەیەک لە وەزارەتی دەرەوە دەرچوو و گواسترایەوە بۆ وەزارەتی گەشت و گوزاری، وەکو کۆمپانیایەک و ئوتەیلێک و لێوارێک، کەس لەسەر وردەکارییەکان نەوەستا، شەیتان بەخۆی لە وردەکارییەکاندا لەوێ بوو، بەپێی ئەو گوزارشتە کاریگەرانەی لە توێژینەوەی تێکستەکاندایە!.

**

دەرفەتێکی تر بەدەرکەوت (بۆ دووەمین جار) قسەکان بەچرپە کران و جووڵانەوەش لە پشت پەردەوە! بەرژەوەندی خزمەتێکی بەسوودی تری بۆ بڕیاری سیاسیی میسری پێشکێش کرد.

لە چوارچێوەی هەمان کاتدا (لە کۆتایی هەشتاکاندا) ڕووداوی "سلێمان خاتر" ڕووی دا، کە سەربازێکی میسری بوو، خزمەتی سەربازیی لە یەکەیەکی میسری لە سینا دەکرد. چیرۆکی سلێمان خاتر بەخۆی ناسراوە، کورتەی ئەوەیە ئەم سەربازە میسرییە کۆمەڵێک گەشتەوەری ئیسرائیلیی بینی بەپێی ڕێوشوێنی پەیماننامەی ئاشتی، بێ پاسەپۆرت و ڤیزە دێنە ژوورەوە، بەڵکو تەنیا بەڕەگەزنامەی کەسێتی (ئەمیش جیاکردنەوەیە لە نێوان سەروەری و ئاسایشدا)، وادیارە کاتێک ئەم لاوە بینیویەتی لە شوێنەکەی نزیک دەبنەوە، هاواری کردووە تا ئاگاداریان بکاتەوە، کەچی ئەوان هەر نزیک کەوتوونەتەوە، کوڕەی لاویش هۆشی لەبەر نەماوە و تەقەی لێ کردوون، ئیسرائیلییەک دەکوژێ و شەشیان بریندار دەکات!.

وێڕای دادگاییکردنی سلێمان خاتر و حوکمدانی بەزیندانیکردنی توند (دوای چەند مانگێک لە گرتیگەکەیدا گیانی لەدەستدا)، حکوومەتی ئیسرائیلی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی دەبێت میسر بڕی ملیۆن و نیوێک دۆلار بدات، ملیۆنێک دۆلار بۆ خێزانی کوژراوەکە، سەد هەزار دۆلاریش بۆ هەر یەک لە بریندارەکان، هەرچەندە برینی هەندێکیان ڕووکەش بوو! ئەمەش بووە مایەی سەخڵەتی بۆ

حکوومەتی میسری لە بەرابەر ڕای گشتیی میسری و عەرەبیدا، کە هەمووان دەزانن ئیسرائیل تەنانەت دوای پەیماننامەی ئاشتییش هاووڵاتیی میسری کوشت، بێ ئەوەی هیچی تێ بچێت، یاخۆ کەسێک لە میسر داوای قەرەبووی لێ بکات!.

کەچی ئێستا ئەوە ئیسرائیلە سوورە لەسەری. حکوومەتی میسریش هەست بەشەرمەزاری دەکات. ئیدی کەس قسانی لەبارەی ئەم بابەتەوە نەدەکرد، دەرکەوت یەکێک لە خاوەنکارە میسرییە تازەکان ترسا پەیماننامەی ئاشتی کاریگەریی هەبێت و لایەنی میسرییش شەرمەزار بێت، ویستیان بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، وەڵام بەداخوازیی ئیسرائیلییەکان بدەنەوە، لە نێوان خۆیاندا پارەی قەرەبووکردنەوەکەی ئیسرائیل داوای کردبوو، خڕیان کردەوە. ئیدی بەهێمنی درا و دوور لە هەراوهوریا کۆتاییی پێ هێنرا.

**

پێوەندیی لە نێوان بەرژەوەندی و بڕیارە سیاسییەکان گەرم دەبوو و پێویستی بەقایمکاری هەبوو بەشێوەی دانپێنان، تاکو خۆشەویستییەکە و پاشکۆکانی بگۆڕێن بۆ خواستنێک، تاکو پەردەی شەرعییەت بەسەر "میراتگر"دا دابدرێت، لەبەر ئەوە مایەی سەیر نەبوو هەڵبژاردنی دوا ئەنجوومەنی گەل بێت، کە هەڵبژاردنەکەی بەر لە شۆڕشی ٢٥ی ینایەری ٢٠١١ کرا، کە ژمارەیەکی چاوەڕواننەکراوی خاوەنکاری تێدا بوو کە یاسا لەبەر ئەوان هاتبووە پێشێ، بۆ خاترجەمییان پەیمان و بەڵێن و دەسەڵات، بەش ناکات. کەچی دەیانەوێت ئێستا و لە ئایندەشدا دەقەکان بنووسن.

ئەگەر یەکێک بەپێکهاتەی نێردەکان و شاندە چالاکەکاندا بەسەر ڕێگەی واشنتۆندا بچێتەوە، ئەوا لە بەرابەریدا ڕۆڵی بەردەوامی کۆمەڵە نوێیە تازەهەڵکشاوەکان لە میسردا بەدەردەکەوێت، کە چۆن خۆیان بەدەسەڵاتەوە دەلکێنن و ئەوپەڕی توانا دەخەنە گەڕ، تا لە دەرەوەی چوارچێوەکەدا بازاڕیان گەرم بێت.

نێردە و شاندەکان بەوەندە وازیان نەهێنا، بەوەی دەتوانن بیگەیەنن بەوەی دەیبینن لە کۆڵانەکانی کۆنگرس، یا ڕۆڵی ڕۆژنامەکان، بەڵکو هەندێکیان مەزراندنی خزمەتی نووسینگەکانی پێوەندییە گشتییەکانیان دەکرد، گرووپی فشاریش دەجووڵێن، تا بەمەزەندەی خۆیان کار لە سەنتەرەکانی بڕیاری ئەمەریکایی بکەن و قایلی بکەن، کە ڕێژیمی ئێستای میسر دەبێت تا ماوەیەکی درێژ پشتگیریی بکرێت، هەروەها لە ئایندەشدا وەکو ئێستا پشتگیری بکرێت، چونکە پێویستییەکی ئەمەریکاییە بەر لەوەی پێویستییەکی میسری بێت، بەومەبەستەی ئێستا باوک بەڕێوەی دەبات و داهاتووش پێویستی بەکوڕە!.

**

هەروەها ئەم چینە تازەیە لە میسردا پەلوپۆی بەرەو ئاسۆی فراوانتر لە ناوەوە و دەرەوەدا هاویشت، بەتایبەت لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندییە گشتییەکاندا و کاریگەریی نزیک و دوور

لەسەر کەشی ڕۆشنبیری لە میسردا، بەم شێوەیە پرۆسەی ڕاماڵینی میسر ڕووی دا، خراپترین شت تێیدا ئەوە بوو بەسەر فێرکردندا هات، دوای ئەوەی ئەوی بەسەر ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریدا هات.

میسر هەمیشە دوو ڕۆڵی لە جیهانی عەرەبیدا دەگێڕا: ڕۆڵی ڕووناکبیری و ڕۆڵی یەکخستن، پێوەندی لە نێوان ئەو دوو ڕۆڵەدا تۆکمە و سروشتی بوو، لە واقیعدا پرۆژەی سیستەمی عەرەبی لە بناغەدا ڕۆشنبیری بوو.

بزاڤی ڕووناکبیری (بەفێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە)، کە لە میسر و لوبناندا دەستی پێ کرد، ئەوەیە کە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە و بەردەوامی لە نێوان هەموو میللەتانی نەتەوەی عەرەبیدا دەجووڵێنێتەوە.

بزاڤی یەکخستن بەرمەبنایەکی لۆجیکیی ئەم بەردەوامی و نزیکبوونەوەیەیە، بەدەرچوونی میسر لە ئاشتەواییی یەک لایەنە لەگەڵ ئیسرائیلدا، پرۆسەی نزیکبوونەوە و بەردەوامی وەستا.

**

لە کەش و هەوای ئەوەی بەکرانەوەیان ناودەبرد و بۆ خۆ ئامادەکردن بۆی، بەم پێوەندییە نارەوایەی نێوان دەسەڵات و سامان، باشترین ڕەگەزەیلی ئامادە و لەبار بۆ جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و هزری هەستیان کرد ئاسۆکان لەبەردەمیاندا ئابڵووقەدراون، لەپڕ دەرگە کرایەوە بۆ گرێبەستی تاکەکەسی بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و مامۆستایانی زانکۆکانی میسر، تا لە دەرەوەیدا کار بکەن، لە کەشوهەوای تەنگی و ئابڵووقەدا زۆرێک پەنایان بۆ ئەو شوێنە برد، کە هەلیان تێدا بینییەوە، گرێبەستەکانیش ئامادە و دەستواڵا بوون، لە دە ساڵدا نەک پتر، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تا ساڵی ١٩٨٥، سەرژمێرییە فەرمییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە، کە زانکۆکانی میسر ٥٥٪ی لە وزە زانستییەکانی لەدەستداوە، هەروەها خوێندن لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا ٤٢٪ی وزەی فێرکاری لەدەست دا.

**

ڕەنگە ئەوی بەسەر ڕووباری نیلدا هاتبێت لە کاتی تێپەڕبوونی بەهەر شارێکدا، قەبارەی دوژمنکاری ئاشکرا کردبێت، تەنانەت بەسەر پیرۆزیی ژیانیشدا.

خولیاکە سەرشێتانە بوو لەگەڵ وەرچەرخان و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، لە ڕازیکردنی سەرجەم تایەفە و گرووپەکاندا، تاکو بخافڵێن و دوور بکەونەوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا (دوای جەنگی ئۆکتۆبەر) بەملیۆنان تەن چیمەنتۆ فڕێدرانە ڕووباری نیلەوە بۆ دروستکردنی یاریگە و یانەی ئاوی بۆ سەرجەم دەستە و کۆبوونەوە پیشەییەکان، بۆ دڵڕاگرتن و خافڵاندنی توێژە جیاجیاکان، هێندەی نەبرد زۆربەیان بۆیان دەرکەوت لەسەر ڕۆخەکەین، وەلێ بەپێتییەکەی بەئاقارێکی تردا دەڕوات.

ئەوی بەسەر نیلدا هات بەسەر هیچ ڕووبارێکی تردا نەهاتووە، هێندەی نەمابوو ئەو ڕووبارە

مەزنە بەدرێژایی ئاوەڕۆکەی لە میسردا بخنکێت، چەندێک بەپایەتەخت، یاخۆ بەشارێکدا تێپەڕیایا.

لە دوا سەردانی سەرۆک "فرانسوا میتیران"دا بۆ میسر، تاقە پرسیاری ئەو ئەوە بوو:

"بۆچی سیمای نیلتان بەم شێوەیە شێواند، کە دژ بەژیار و بەژیانە؟"!.

لە ماڵی باڵیۆزی فرەنساوە لەدەم نیل لە جیزە لە کەناری ئەو ڕووبارە مەزنەدا پیاسەی دەکرد و بەخەمبارییەوە لەوی دەیدی ڕامابوو!.

## حوسێن سالم

کاتێک بۆ ماوەی سەرۆکایەتیی سێیەم دەست بەکاندیدکردنی موبارەک کرا، تەنیا ئەوەندەم لە توانادا بوو بوەستم، نە پشتگیری و نەیش ئۆپۆزسیۆن، ڕاستی ئەو ئیدی لە هیچ لایەنێکەوە پێویستی بەپاڵپشتی نەبوو، شوێنی خۆی گرتبوو، چ لە ناوەخۆ و چیش لە دەرەوە، یاخۆ بەپێچەوانەوە.

لەمەش پتر توانی دەستەبژێر لە میسردا بەتاڵ بکاتەوە، لەو زیاتر جێی کەسی تێدا نەدەبووەوە، یاخۆ ئەوی بیویستایا، ئەگەر پێویستی هەڵبژاردن بهاتایەتە پێشەوە، تەنانەت بەنیسبەت پۆستی جێگری سەرکۆماریش.

موبارەک بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو زەلامێک قبووڵ بکات لە پشتییەوە دابنیشێت، یا بەتەنیشتییەوە بێت چاوەڕوانی کاتی گۆڕان، یا لەناکاوی قەدەر بکات، پاساویشی بۆ خەڵک ئەوە بوو "ئەو نایەوێت بەزۆر ئەڵتەرناتیڤیان بەسەردا بسەپێنێت، ئەگەر بەبڕیاری ئەو جێگرێکی بۆ دامەزرێنن"، لەمەشدا قسەکەی لۆجیکی بوو، لە ڕووکەشدا ڕاستە و بەبیری کەسدا نەدەهات ئەو ڕووکەشە ڕەنگە لەودیوییەوە شتێکی شاردبێتەوە هێشتا دوور بێت لە تەمومژێکی نادیارەوە!.

بەتەواوی ئەم کابرایە کێیە؟! خەڵک لەوە پتر چی لەبارەوە دەزانن، کە لە هەڵبژاردنی "سادات"ە؟! داخۆ دەسەڵات لە ماوەی نزیکەی بیست ساڵدا چی فێر کرد، لە لووتکەی دەسەڵاتێکەوە نەی دەویست و ئامادە نەبوو بۆی (وەکو دەیگوت و چەندبارەی دەکردەوە)؟!

ئەی بەتەواوی ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیرییەکەی چین و فەرمانڕەوایی چی پێ بەخشی، یاخۆ چی لێ سەندەوە، یان چی ڕاست کردەوە؟!

**

ڕەنگە هۆیەکانی نیگەرانی پتر بووبن و ئاشکرا بووبن، کاتێک تارمایی بەڕێز "حوسێن سالم" لە نزیک موبارەکەوە دەرکەوت، لە ڕاستیدا ناوی حوسێن سالم یەکتربڕ بوو لەگەڵ ناوی سەرۆک موبارەکدا، ڕاستی پێوەندیی نێوان ئەو دووانە لەگەڵ گەیشتنی موبارەک بۆ کورسیی سەرۆکایەتی لە دوای کوشتنی سەرۆک سادات گۆڕا، بەدیارکراویش لەبەردەم کێشەیەکدا لە بەرابەر دادگەکانی

فلۆریدا تەماشا کرا، کە تایبەت بوو بەکۆمپانیای "ئیستکۆ" بۆ گواستنەوەی شتومەکی سەربازیی ئەمەریکایی بۆ میسر، بەپێی ئەو یارمەتییانەی پێوەند بوون بەپەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ناوی موبارەک بەفەرمی لە بەڵگەنامەکانی کێشەکەدا وەکو یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکە تۆمار کرابوو، ئەوە بوو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکایی "چاک ئەندرسۆن" لەو کاتەدا لەسەری نووسی و بەناو لە ستوونە ڕۆژنامەییەکەیدا، کە سەدان ڕۆژنامەی ئەمەریکایی بڵاوی دەکەنەوە، ئاماژەی بەموبارەک کرد.

ئەو هەرایەی لەسەر ئەو کێشەیە نرایەوە، هێور بووەوە و بوویەرەکانی نووستن، تەنیا لە بڕیارێک نەبێت لەسەر حوسێن سالم دەرچوو، ڕێ لە چوونە ناوەوەی حوسێن سالم بۆ ئەمەریکا دەگرێت.

بەڵام تارمایی حوسێن سالم لە نزیک موبارەکەوە، خەریکبوو لە سێبەر دەردەچوو بەرەو ڕووناکیی خۆر، لەگەڵ گۆڕینی "بۆ دووەمین جار" هاوینەهەواری "شرم الشیخ" بۆ نیمچە پایەتەختی سیاسی لە میسردا، حوسێن سالمیش وەکو کوێخای ئەم پایەتەختی دووەمە "شرم الشیخ" تەماشا دەکرا!

**

هەر بەڕێکەوت لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٨٨دا حوسێن سالم لە بەرابەر خۆمدا بینییەوە، سواری فڕۆکەیەکی سویسری بووم لە فڕگەی قاهیرە بەرەو جنێڤ، دوای ئەوەی فڕۆکەکە هەستا و لە ئاسماندا سەقامگیر بوو، کابرایەکی درێژی ڕەشتاڵە بەتەنیشت کورسییەکەمەوە وەستا، خۆی پێم ناساند، کە حوسێن سالمە.

منیش دەمودەست لێم پرسی، داخۆ ئەو "ال"ـە: پیتی The، کە بۆ وەسفکردنی کەسێتییەک بەکار دەهێنرێت ناوێکی هەڵگرتبێت، بەسیفاتەیلێک تایبەت بەوەوە باو بێت، هەروەها سیفاتەیلێک بەدیارکراوی ئاماژە بەو بدات.

کابرا بەحەپەسانێکی بەرچاوەوە بەرپەرچی دامەوە: نازانم The کێیە، کە تۆ مەبەستتە، بەڵام وابزانم منم.

بۆی ڕوون کردمەوە، ئەو لە کورسییەکانی ناوەند دادەنیشت، کاتێک بینیمی سوار فڕۆکەکە دەبم و لە لای ڕاست دادەنیشم، ئەوەی بەبیردا هات قسەم لەگەڵدا بکات، پاشان یارمەتیی خواست ئەگەر ئەوی تەنیشتمەوە قایل بێت بگوازێتەوە کورسییەکەی تەنیشت ژنەکەی، چونکە دەیەوێت هەندێک قسانم لەگەڵدا بکات، کارەکە ڕایی بوو، هەینێ لە تەنیشتمەوە دانیشت، یەکەمین تێبینیی پێم گوت:

"ئەم خاتوونە (ژنەکەت) زۆر لە تۆ گەنجترە".

لە تێبینییەکەم گەیشت و گوتی:

"ئەمە دووەم ژنێتی، ئەو دایکی منداڵەکان نییە. ڕاستییەکەی دوو ژنم هەن: یەکیان بۆ ماڵ و

خێزان، کە دایکی منداڵەکانە، ئەوی دووەمیش بۆ سەفەر و گەشت و گوزار".

منیش گوتم: "ئەمە ڕێکخستنێکی بلیمەتانەیە، تەنیا ئەو پیاوانەی بەهێزن دەڕۆستی شتی وا دێن، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ سەرکۆماردا هاوەڵ بن".

گوتی: "هەر بەتەواوی دەمەوێت لەگەڵتدا باسی ئەمە بکەم، کاتێک لە هەمان فڕۆکەدا تۆم بینی، وام هەست کرد ئەم دەرفەتەم لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە، چوار سەعاتی تەواومان لە بەردەمدایە، ئەگەر "خانم" ڕێگەم بدات" (مەبەستی هاوسەرەکەم بوو)، کە بۆ ماوەیەکی کاتی کورسییەکەی گۆڕییەوە.

تکام لێ کرد نیگەران نەبێت، چونکە "هیدایەت" ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی ڕووداو و ڕێکەوتەکان منی لێ ببەن.

لە تەنیشتمەوە دانیشت، ئاماژەی بەو خاتوونە کرد، کە بەوەی وەسف کرد، هاوسەری گەشت و سەفەرە. دواتر گوتی:

"لاو و شۆخ و شەنگە، شت دەزانێت، بوونی لەگەڵمدا کاتێک لە میسر، یا ئیسپانیا نابم، ژیانم دەکاتە ششتێکی تر".

هەروەها گوتی: "لە میسر چاویان لەسەر هەموو جووڵەیەک کراوەیە، لە ئیسپانیا (لەو شوێنەی دایکی منداڵەکانی لێ دەژێت، هەر کەسە و خەریکی کاری خۆیەتی)، وەلێ جیهان لە میسر و ئیسپانیا فراوانترە"!.

پێم گوت: "دابەشکردنی بۆ پسپۆڕی (جوگرافیا) بەم شێوەیە، مایەی وروژانە، ڕەنگە نیشانەی شێوازی کەسێک بێت لە هەواڵگری کاری کردبێت و دوو ژیانی هەبێت: یەکیان هەندێک خەڵک دەیبینن، ئەوی تر ئەوانی تر دەیبینن".

جارێکی تر حوسێن سالم لە ئاماژەکە گەیشت و وتی:

– چیت نووسیوە من خوێندوومەتەوە، ئەمەش مانای وایە دەتناسم، هەرچی "جەنابتە" هیچ لەبارەی منەوە نازانیت، تەنیا ئەوە نەبێت لە یەکێکی ترەوە بیستووتە، زۆربەشی شێواندنی بەمەبەستەوەیە"!.

– بۆچی وا تێ دەگەی ئەوە شێواندن و بەمەبەستەوەیە"؟ من خۆم گەلێکم بیستووە لە گرینگ و لە وروژێنەر، هەندێکیشیان مەترسیدارن"!

**

پرسیاری مانای "وروژێنەر"ی لێ کردم. گوتم: "بۆ نموونە بیستوومە، تۆ بەرپرسی لە هێنانی جلەکانی موبارەک، هەر تۆش لەگەڵ فرۆشگەی بریۆنی شتەکان بۆ ژنەکەی ڕێک دەخەیت".

قسەکانی پێ بڕیم: "بەتەواوی ئەمەیە شێواندنی مەبەستدار"!.

درێژەی پێ دا: "چیرۆکەکە بنەمای هەیە، بەڵام شێواندنە بەئەنقەستەکە گشت سنوورێکی بڕیوە"!

ئیدی دەستی بەشرۆڤەکردن کرد:

"بنەچەی چیرۆکەکە ئەوەیە، سەرۆک موبارەک (بۆ زانینت من زۆرم خۆش دەوێت، ئەو لەمێژە برادەرمە) سەردانی میرنشینە عەرەبییەکانی دەکرد، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک شێخ زاید"، قسەکانی بڕی و گوتی:

"دەبێت پێیان گوتبیت من باش شارەزای میرنشینە عەرەبییەکانم، ساڵانێکی زۆر لەوێ وەکو نوێنەری کۆمپانیای ئەلنەسر بۆ بازرگانی کارم کرد، بەخۆت دەزانیت یەکێک لە کۆمپانیاکانی هەواڵگرییە". پاشان هاتەوە سەر جێڕەوتی قسەکانی:

سەرۆک موبارەک بۆ لای شێخ زاید هاتبوو، شێخ زاید دوای سەرۆک بەدوو خولەک گەیشتە هۆڵی کۆبوونەوە، داوای لێبوردنی لێ کرد لەسەر دواکەوتنەکەی "کە لەگەڵ گرووپی بریۆنی بووە" (شوێنی ناوداری جلفرۆشیی پیاوان) پراوەیان بۆ دەکرد، چونکە پێوانەی ئێستای نەگونجاوە، پاش ئەوەی شێخ زاید هەندێک لە کێشی خۆی داگرتووە، ئیدی شێخ زاید پەلەی لە پسپۆڕانی بریۆنی کردووە (وەکو بەسەرۆکی گوت)، کەچی ئەوان "بەخۆت دەزانیت جەنابی سەرۆک بەتەنگ ئیشەکەیانەوە دێن، حیسابی مللیمەتر بۆ پێوانەکانیان دەکەن، موبارەکیش سەراسیمەیی خۆی بۆ زەوقی بریۆنی Brioni دەربڕی و پرسیاری ئەوەی کرد داخۆ توانای ئەوەیان هەیە ئەوی هەیانە ئەمڕۆ نیشانی بدەن؟ شێخ زایدیش بەو بەخشندەییەی پێی ناسرابوو وڵامی دایەوە "ئەی بۆ نا، مادام تۆ لە ئەبوزەبیت"؟!

"کارەکەش یەکەمین جار پتر لە چارەکە سەعاتێک نابات، قەدت دەگرن و نموونەیەک بەقەبارەی ورد دروست دەکەن، پاشان لەسەری دەدوورن، ئیدی دووەم جار نایانبینیتەوە، تا ئەوکاتەی دێنەوە لات بۆ پراوەی کۆتایی، دوای ئەوەی لە دروستکردنی دەبنەوە، بەهەرحاڵ دەبینی ڕێک و تەواوە، مەگەر کێشت زۆر بگۆڕێت، لە هەر وەرزێکیشدا نموونەی باشترین قوماشی خۆیانت بۆ دەنێرن، تۆش کامەیانت بەدڵ بێت هەڵی دەبژێریت، دوای چەند ڕۆژێک دەبینیت بەکانتۆری جلەکانتەوە هەڵواسراوە، پاشان هەر خۆیان لەگەڵ هەر تاخمێکدا کراس و بۆینباخی گونجاو لەگەڵ تاخمەکەت بۆ دەنێرن".

سەرۆک موبارەک بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، کاتێکی بۆ ڕێکخرا، تا پسپۆڕانی بریۆنی لە ئەبوزەبی بێن بۆ لای.

قەدیان گرت و ئەویش لە نموونەی قوماشەکان چەند ڕەنگێکی هەڵبژارد.

قسەکانیم پێ بڕی: چەند پارچەی هەڵبژارد؟!

کەمێک بەسەرسوورمانەوە بیری کردەوە، پاشان وەڵامی داوە:

سی پارچە، ئەگــەر باش لەبیــرم مــابێت، بیــرت نەچێت ئەو ســەرۆک دەوڵەتە، پاشــان ئەوی نیشانیان دا زۆر بوو، ئەوانیش بەپێشکێشکردنی قوماشی ڕەنگ جوان زۆریان لێ دەکرد!!

ئەمە چیرۆکەکەیە (ئەمە ئەسڵی چیرۆکەکەیە)، ئەسڵی چیرۆکەکە دیارییە لە شێخ زایدەوە، ئەوی من بیزانم، بەڕاستی نازانم ئیدی سەرۆک داواکەی لە بریۆنییەوە دووبارە کردەوە، ئەگەر وای کردبێ، ئەوا لەڕێگەی منەوە نەبووە!!

درکم کرد حوسێن سالم ڕاستگۆیانە قسەی لەگەڵدا کردم و هیچی لێ نەشاردمەوە، چونکە (بەسادەیی) نایەوێت پێچ و پەنا لەگەڵ "کابرایەکی وەک مندا بکات"!!

منیش سوپاسی ئەو بڕوایەیم کرد بەمن هەیەتی!!

**

گوتم: "دەمەوێت لەوی دەیڵێت گوێی لێ بگرم، هەرچی بڕواکردنە، ئەوا پێوەندیی بەبیرکردنەوەی لەسەرخۆ هەیە بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکەکان و بەراورد لە نێوانیاندا، منیش نامەوێت بەنواندن هەڵی بخەڵەتێنم".

گوتم: "من ئەم حەکایەتە سەرنجڕاکێشە بۆ دانەیەکی تر هەڵ دەگرم".

بەبایەخەوە سەرنجی دام و گوتی: "ئەو ئامادەی هەر پرسیارێکە".

گوتم: "لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێیان گوتم، تۆ بەرپرسیاری هەڵبژاردنی دیاریی میرەکان بووی بۆ ژنەکەی سەرۆک".

دەمودەست بەرپەرچی دامەوە، بێ ئەوەی ئەوەی بمەوێت تەواوی بکەم:

"ئەمەش هەر ئەسڵی هەیە، وەلێ پرۆسەی شێواندن ئەسڵی ڕووداوەکانیشی گرتووەتەوە".

گوتی: "تۆ ژنەکەی سەرۆک دەناسیت؟!".

وتم: "یەکترمان نەناسیوە، بەڵام حاشای لێ ناکەم کاتی خۆی هیوام پێی هەبوو، بۆچوونم وابوو، دەمزانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لە زانکۆی ئەمەریکایی خوێندووە و گرینگی زۆری بەگەڕەکی بولاق داوە و چەندین توێژینەوەی لەسەر کردووە، دوور نییە ڕەگەزی هاوسەنگی بێت ڕۆشنبیریی مێردەکەی تەواو بکات، چونکە ئەو بەوردبینی واقیعی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی ناسیوە و ئەگەر ئەو بیری بچێتەوە، ئەوا ئەم دەتوانێت بیخاتەوە بیری"!!

جارێکی تر حوسێن سالم چاوەڕێی نەکرد:

لەوکاتی مەبەستی ژنەکەی سەرۆک بوو، گوتی:

"سوزی (بەم شێوەیەی گوت) ئافرەتێکی باشە و زەوقێکی بەرزی هەیە، هاوەڵی خێزانی ژمارەیەک فەرمانڕەوایە لە کەنداو، سەریان لێ دەدات و ئەوانیش دێن بۆ لای، هەڵبەت لە دیارییەکانیان بەخشندەن، ئەویش دیارییان بۆ دەبات.

ئەو گرفتەی دەرکەوت ئەوە بوو، ئەوان بەر لەوەی بێن دیاریی بۆ هەڵ دەبژێرن، یان بەر لە

ڕۆیشتنی ئەم، زۆرجاریش دیارییەکان دووبارەن و ژنەکەی سەرۆک هەمان شت وەردەگرێتەوە، هەمان تاخم دوو جار و سێ جار و هەندێک جار چوار جار، بێگومان هەمەڕەنگی پێویستە. داوایان لێ کردم دیارییەکان ببینم، تاکو دووبارە نەبنەوە. تا ماوەیەک وام کرد، کەچی ئینجاش وێڕای ئاگاداری دووبارەبوون ڕووی دایەوە، پاشان بڕیار درا بەر لە سەردانەکە نموونەی دیارییە پێشنیازکراوەکان بۆ میسر بنێررێن، ئیدی لەوێ ئەوی بەدڵیان بێت هەڵی دەبژێرن، چونکە ئەوی هەیبێت دەزانێ و پێی خۆشە شتەکە نوێ بێت".

لێی پرسیم: ئەمە هەڵەکەی لە کوێدایە؟ خەڵکی لەوێ حەز دەکەن بەدیاری گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، دیارییەکانیشیان گرانبەهان، ناشگونجێت دیارییەکان دووبارە ببنەوە، ئەگینا ئەوانەی بۆیان دێت چییان لێ بکەن، ئاخۆ هەموو جارێک هەمان "وێنە" لەبەر بکەنەوە، یاخۆ لە ڕێگەیەک بگەڕێن مسۆگەری نوێکردنەوە بکات؟ دێنیتەی بەرچاوی خۆت لە هەمان تاخم دانەی دووبارە بێتەوە، باشە چی لێ بکات، ئەگەر دووبارەکە بفرۆشن و دانەیەک لە وێنەکە هەڵگرن، ئاخۆ نابێتە مایەی ڕەخنە و قسەوقسەڵۆک و پڕوپاگەندە؟

**

پێم گوت: واز لە گشت ئەو شتە هەژێنانە بێنە، کە لەبارەی تۆوە بیستوومن، باباسی شتە مەترسیدارەکان بکەین، مەبەستم بابەتی چەکە!

لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە سەرنجێکی دەرەوەی دا و گوتی: ئەمە لووتکەکانی چیای ئەلپن لە بەرابەرماندا، فڕۆکەکەش خەریکە لە جنێڤ بنیشێتەوە، بەڵام واتێنەگەی لە پرسیارەکەت هەڵاتووم، من ئامادەم قسەی لەسەر بکەم.

پاشان لێی پرسیم:

– چییەڵێیت سبەی نیوەڕۆ پێکەوە نان بخۆین، تا قسەکانمان تەواو بکەین؟!!

گوتم: من سبەی نیوەڕۆ لای باڵیۆزی میسر (دوکتۆر نەبیل ئەلعەرەبی) لە جنێڤ داوەتم.

گوتی: دەزانم هاوەڵزاواتە.

گوتم: دروستە، بەهەرحاڵ دەتوانم نیوەڕۆخوانەکەی پێ بکەمە کاتێکی تر، ئەگەر قایل بوو ئەوا بانگهێشتنەکەتم قبووڵە.

یارمەتیی خواست بەر لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە بگوازێتەوە بۆ کورسییەکەی بەتەنیشت ژنی سەفەر و گەشتوگوزارییەوە.

هەینێ لە فرگەی جنێڤ دابەزین، باڵیۆزی میسر دوکتۆر نەبیل ئەلعەرەبی و هاوسەرەکەی لە پێشوازیماندا بوون، نەبیل ئەلعەرەبی پێی گوتم: ئەو کاتی بینی لە فڕۆکەکە لەگەڵ حوسێن سالمدا دادەبەزم، تووشی سەرسووڕمان هات.

لە خۆی و خێزانەکەی ڕوخسەتم خواست، کە نیوەڕۆ خوانەکان بۆ ڕۆژی دوایی هەڵگرین،

هەردووکیان ڕازی بوون، پێکەوە لە بایەخدانەکانم دەگەن و بەهەندی وەردەگرن.

حوسێن سالم ئاوڕی لێ دامەوە، پێم گوت داوەتەکەی سبەیی قبووڵ دەکەم.

ئەویش گوتی: کەواتە سبەی لە ئوتێلی La Reserve.

حوسێن سالم هەوڵی دا داوەتەکە بۆ نەبیل ئەلعەرەبییش درێژ بکات، کەچی ئەو باڵیۆزە وریا و بەتوانایە داوای لێبوردنی کرد و گوتی:

"ئەو وای بۆ دەچێت گفتوگۆیەک لە نێوانماندا هەیە، بۆیە واباشترە بەتەنیا تەواوی بکەین". هەر واش بوو!

**

هەر لە یەکەمین سەرنجمەوە لەسەر خوانەکەی لە گۆشەیەکی دووری باخچەکەی ئوتێلی ڕیزێرڤ دانرابوو، بۆم ڕوون بووەوە، حوسێن سالم شتەکانی وا ڕێکخستبوو نیوەڕۆژەکە وابنوێنێت "بۆنەیەکی تایبەتە".

خوانەکە بەئاگادارییەکی بەرچاوەوە ئامادە کرابوو، هەروەها سەرۆکی خزمەتکەران ئوتێلەکە بەتەنیشتەوە وەستابوو بەخۆی سەرپەرشتیی دەکرد، بەتەنیشتییەوە مێزێک بوو لە ناوەڕاستییەوە سینییەکی زیو دانرابوو، بوتڵێکی هەڵپچڕاوی شەرابی لەسەر بوو، تێبینیی ئەوەم کرد، کە "شاتولاتۆر ١٩٤٩"یە، سەیرم هاتێ، ئەم بوتڵە شەرابە نرخی لە دە هەزار دۆلار کەمتر نییە، قسەیەکم تێ گرت لەسەر جۆری شووشە شەرابەکە، پاشان گوتم:

"مایەی داخە، چونکە من ناخۆمەوە".

پیاو حەق بڵێ، گوتی: "منیش".

گوتم: "کەواتە بۆ کردتەوە؟"

گوتی: "سەرۆکی خزمەتچییان (میتر دوتێل) وای بەباش زانی زوو هەڵی بپچڕێت، چونکە شەرابی زۆرماوە پێویستی بەهەوایە".

سەرۆکی خزمەتچییان هەندێکی کردە قاپێکی لە کریستاڵ دروستکراوەوە، مۆمێکی داگیرساو بەتەنیشتییەوە بوو، گەرمی بۆ دەرووبەرەکەی پەخش دەکرد، حوسێن سالم گوتی:

"تازە کردییەوە و تەواو".

تکام لێ کرد لە مێزەکەی دوور بخاتەوە، چونکە بوونی لە نزیکمانەوە پێویست نییە، ئاماژەی بۆ سەرۆکی خزمەتچییان کرد و داوای لێ کرد چی لەو شەرابە دەکەن بیکەن، کابرا پەشۆکا، بەڵام حوسێن بەدەنگی نزم دڵنیای کردەوە، بەمانای (وابزانم) پارەکەی دەدات، هەرچەندە بەکار نەهێنراوە، کابرا شڵەژانی زیاتری پێوە دیاربوو، وەلێ ئەمجاریان شڵەژانەکەی لەخۆشیدا بوو نەک لە نیگەرانیدا!

نەمویست کات لەدەست بدەم، گوتم:

– بەهەرحاڵ بوتڵێک شەرابی لەم جۆرە، هانی بابەتی بازرگانیی چەکت دەدا!!

دەمودەست گوتی: من حەزم بەبازرگانیی چەک نییە، خۆشم تێ هەڵنەقورتاندووە، بازرگانیی چەک بۆ ئەوەی توخنی بکەوێتەوە، یاخۆ لەبارەیەوە بنووسێت مەترسیدارە.

هەستم کرد بەنیمچە ئاگادارکردنەوەیەکەوە پێم دەڵێت:

– تکات لێ دەکەم سەبارەت بەبابەتی بازرگانیی چەک مەنووسە، چونکە بوارێکی مەترسیدارە، ئەوانەی کاری تێدا دەکەن "دڵیان مردووە"، سڵ لە هیچ شتێک ناکەنەوە.

– هەموو پیشەیەک مەترسیی خۆی هەیە، ڕۆژنامەوانی بەسروشتی خۆی مەترسیدارە، گەڕانیش بەدوای ڕاستیدا لە هەر بوارێکدا بێت، بەردەوام توێژەر دەخاتە بەردەم خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە، بەرژەوەندییش لە چەکدا تۆقێنەرە، نزیکبوونەوەش لێی هەر تۆقێنەرە.

پاشان بۆ دڵنیاکردنەوەی گوتم:

– من لەم یەکتربینینەدا ڕۆژنامەوان نیم، پاشان بایەخی من پتر بەسیاسەتە وەک لە چەک!!

گوتی: یەکەمین شت و بەپێی زانیاریی خۆم دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە نەچووەتە ناو بازرگانیی چەکەوە، بەڵکو چووەتە ناو گواستنەوەی چەکەوە، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان گواستنەوە، کە پرۆسەی بارکردنی شتوومەکە، ئەگەر چەکیش بێت، لەگەڵ بازرگانیی چەکدا!

– من دەمەوێت لەم پرسە تێ بگەم پتر لەوەی بەلامەوە گرینگ بێت بۆ بڵاو کردنەوە.

ئەمەشم خستە سەر: بۆ ئەوەی لەگەڵتدا ڕاستگۆ بم، دوای یەکتربینینمان لە فڕۆکەکەدا، پێوەندیم بەنووسینگەکەمەوە کرد و داوام کرد هەندێک کۆپیی ئەو کاغەزانەم بۆ بنێرن، کە خۆم بۆیانم دەستنیشان کرد. کاغەزەکانم بۆ هاتن و بەسەریاندا چوومەوە، ئێستا پێمە، لەو ئۆتۆمبێلەدایە کە پێی هاتم بۆ ئێرە.

پرسی داخۆ دەتوانێت بیانبینێ، چونکە یارمەتیی دەدات بۆ دیارکردنی ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەین!.

پێوەندیم بەشۆفێرەکەمەوە کرد و داوام لێ کرد ئەو زەرفەی لە ئۆتۆمۆبێلەکەم جێهێشت بیهێنێت، حوسێن سالم چاوی لە جووڵەی زەرفەکە بوو، کە لە دەستی شۆفێرەکەوە درایە دەست من، ئینجا چاوی لە جووڵەی دەستەکانی من بوو، کە کۆمەڵێک کاغەزم دەرهێنا و دامە دەستییەوە.

**

ئەو کاغەزانەی دامنە دەستییەوە کۆمەڵێک دیکۆمێنت بوون:

١– بڕیاری تێهەڵچوونەوەی بازنەی چوارەمی کێشەکە بوو لە مێژووی ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٣، دادوەرەکانیش ئەم سیانە بوون: ڕسل و فیلیپس و مۆر ناجان، کە بەداوایەک ڕاسپێرراببوون حکوومەتی ئەمەریکایی لەسەر کۆمەڵێک کۆمپانیا بەرزەوە کرابوون، کە ئەدوین پۆڵ ویلسۆن نوێنەرایەتیی دەکرد، لە بڕیارەکەدا ناوی کۆمپانیای ئێتسکۆ هاتبوو، کە کۆمپانیایەکە حوسێن

هەواڵنامەی کتێب

سالم پشکی ٥١٪ی بەشی خۆیەتی، هەروەها سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی پێنج کەسی ناوداری میسری بەڕێوەی دەبەن، هەمووشیان لە ناوجەرگەی بڕیارە سیاسییەکاندان، ئەو کۆمپانیایە بەپێی یاداشتنامەی تۆمەتبارکردن چەندین پرۆسەی گواستنەوەی چەکی ئەمەریکایی بۆ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست گرتووەتە ئەستۆ، لە ئاماژەیەکدا مایەی گومانە لە پرۆسەیەکدا لە نێوان ئەم گرووپانە و کۆمپانیاکانی چەکدا، لە ڕۆژنامەی "الدعوێ"دا ناوی هەواڵگریی ناوەندی هاتووە، لە دواییشدا زانیاری لەسەر گەمەکردن بەنرخەکان.

٢– دەقی بڕیارێکی تری دادگە بەدیارکراوی دژ بەکۆمپانیای ئێتسکۆ، کۆمپانیاکە هەر بەناو تۆمەتبارە، ئەوی داواکەشی پێشکێش کردووە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاییە، کە تێیدا حوکمی خۆی وەرگرت، دوای ئەوەی سەلماندی کۆمپانیاکە حکوومەتی ئەمەریکایی لە بڕی ملیۆنان دۆلاردا بەهەڵە بردووە، کە بەساختە خستوویەتییە سەر نرخی گواستنەوەی چەک.

ئەوە بوو حوکمی پاشملە لەسەر حوسێن سالم دەرچوو، بەڵام ئەو بەر لە ڕاگەیاندنی بڕیارەکە وڵاتە یەکگرتووەکانی جێ هێشت. ئەوە بوو نووسینگەی جێگری داواکاری گشتیی ئەمەریکا فەرمانی گرتنی حوسێن سالمی دا، ئەگەر پێ بنێتە سەر خاکەکەی.

٣– کۆمەڵێک وتاری ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئەمریکی "چاک ئەندرسۆن"، کە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاوی کردووەتەوە سەبارەت بەکێشەکانی بازرگانیی چەک.

– یەکەمیان بەناونیشانی "گرێبەستەکانی چەک.. ڕیسواییەکە سەرۆکەکانی میسر دەگرێتەوە"!

ناوی موبارەکیش لە وتارەکەدا هاتبوو، لە ڕاپۆرتێکدا گەیشتە دەستی سەرۆک سادات هەمبەر ناوهاتنی لیوا "مونیر سابت" (بەڕێوەبەری نووسینگەی کڕینی شتومەکی سەربازی لە واشنتۆن) لەگەڵ ناوی حوسێن سالم لە جێرەوتی سوود و دەڵاڵیی پێوەند بە"گواستنەوەی چەک"، هەروەها چاک ئەندرسۆن لە وتارەکەیدا بەڕوونی ئاماژە بۆ بروسکەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکات لە ڕێککەوتی ٢ی یۆلیۆی ١٩٧٩، کە وەزارەتی دەرەوە ئاگادار دەکاتەوە: "سەرۆک "سادات" حوسنی موبارەکی ڕاسپاردووە لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتەکە بکات".

بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لە قاهیرەدا هەر بۆ ڕۆژی دوایی وەڵامی ڕاپۆرتەکەی دایەوە، تێیدا دەڵێت:

"سەرچاوەکانی جەختیان کردەوە، کە جێگری سەرۆک لێکۆڵینەوەکە پەردەپۆش دەکات، چونکە مونیر سابت برای ژنەکەیەتی، موبارەکیش یاریدەی سەرکەوتنی دا لە بەرزکردنەوەی لە پۆستی یاریدەری پشتیرەی (ملحق) سەربازی لە واشنتۆن بۆ پۆستی بەڕێوەبەری نووسینگەی فرۆشتنی شتومەکی سەربازیی ئەمەریکایی بەمیسر.

وتارەکە ناوی حوسێن سالم و کۆمپانیای ئێتسکۆی هێنابوو.

– دووەمین وتار هی چاک ئەندرسن بوو، بەناوی "فەڵەستینییەکان دەست بەسەر فرۆشتنی چەک

لە میسردا دەگرن"، ئاماژە بوو بۆ خاوەنکارێکی بەبنەچە فەلەستینی لە میرنشینە عەرەبییەکاندا دەژیا، هاوبەش بوو لەگەڵ حوسێن سالم، لە گوتارەکەدا موبارەک (کە بووەتە سەرۆکی میسر)، هەروەها تۆ (ڕووی قسە ڕاستەوخۆ لە حوسێن سالمە) هاوبەشن لە دەستەوارە (صفقە)ی چەک، کە لە ژوورەکانی پشتەوە ئەنجام دەدرێت و ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکا ئاگای لە وردەکارییەکانە، بگرە لە هەندێک ساتدا بۆ ئاسانکردنەوە و ئاوی ڕوو نەتکان خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت!!

٤- دوا دیکۆمێنت ڕاپۆرتێک بوو سەبارەت کەشتییەکی بارهەڵگر بەناوی بومیە، کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان لەنێو خۆیاندا نۆرەیان بۆ گرتبوو، هەروەها کۆمپانیای ئێتسکۆ بەکرێی گرتبوو، دوابەدوای ئەوە وردەکاریی تێدابوو ناوی بەرپرسانی میسریی تێدا هاتبوو، لە پرۆسەی بازرگانیی چەکدا بەشدارییان کردبوو، لە نیکاراگواوە بۆ ئەفغانستان ئینجا بۆ ئێران، لە بەرابەر دەڵاڵییەکی گرانبەهادا، ئاماژەکان بۆ حوسێن سالم چەندبارە بوون، هەروەها ئاماژەکان بۆ کۆمپانیای ئێتسکۆ و پێوەندییەکانی بەبەرپرسە گەورەکانی میسرەوە بەرچاو بوو، لە جووڵەیەکی چالاکانە لە واشنتۆنەوە بۆ مەدرید، بۆ قاهیرە، بۆ وڵاتانی دووری تر بەدەردەکەوت.

حوسێن سالم لە هەڵدانەوەی کاغەزەکان تەواو بوو، پاشان یەکەم قسەی لەبارەوە ئەوە بوو:

"ئەمەریکاییەکان کوڕی (........)ن، ئامانجیان بەپلەی یەکەم ڕووتکردنەوەی سیاسەتی میسرییە، تاکو وا لە خەڵکی بگەیەنن، کە شێوازی کۆنترۆڵکردنی بەرپرسە میسرییەکانیان هەیە.

پاشان چووە ناو وردەکاریی زۆرەوە سەبارەت بەدەستەوارە نهێنییەکانی چەک فرۆشتن، بەپلەی یەکەم جەختکردنەوەی لەسەر ئەوە بوو، کە زۆربەی ئەم دەستەوارانە لە بەرژەوەندیی موجاهدینەکانی ئەفغانستانە.

**

سەیرم هاتێ کاتێک پرسیاری لێ کردم: داخۆ من دژ بەچەکدارکردنی موجاهیدە ئەفغانییەکانم یان نا؟!

گوتم، نامەوێت بچمە ناو بابەتەیلێکەوە تابەیانی تێیدا نوقوم بین!!

گوتی: "ئەو دەزانێت من گرینگی بەسیاسەت دەدەم، پاشان من بەتەواوی موبارەک ناناسم، دەیەوێت زوڵم لەو کابرایە نەکەم، شوورەیی نییە موبارەک لە ساتێک لە ساتەکاندا بەکارەکانی لە بابەتی چەک نزیک بووبێتەوە.

ڕەنگە شتێکی بەمێشکدا هاتبێت، هێندەی نەمابوو خزمەتی لە فرۆکەوانی کۆتاییی دەهات، نەی دەزانی سەرۆک سادات بەجێگری خۆی هەڵدەبژێرێت، سروشتییە گەر کابرا بیر لە دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی بکاتەوە و لە هەڵبژاردندا سەرپشک بێت، چونکە دەردەچێ و وا تەمەنی دەگاتە

پەنجـا سـاڵی. من ناڵێم وایە، بەڵام تێـبـینیی ئەوە بکە کـابرا نزیک بوو لە بابـەتی چەکی وڵاتە عـەرەبییـەکـانەوە، پێت دەڵێم ڕەنگە (ڕەنگە ئەوەی بەمێشکدا هاتبێت لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانیدا بەشدار بێت)، من دەڵێم دوور نییە و ناڵێم وایە، تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم، لەوە زیاتر ناڵێم"!

دیاربوو گەیشتبووە خاڵێک نەی دەتوانی دوای ئەوە بجووڵێت.

**

بەدەم قسـەکردنەوە بردمـە سـەر فـرۆشـتنی گـاز بەئیـسـرائیل، هێشـتـانەکـینێ ڕێککەوتننامـە گـەورەکـان نەبەسـترابوون، هیچ هێڵێکی بۆرییش بەرەو سـینا درێژ نەکرابووەوە. حـوسێن گـوتی: "بەڵێ دەسـتـەوارەی گـاز لەگـەڵ ئیـسـرائیلدا مـۆرکـراوە، گـازی زۆر لە مـیـسـردا بەدەر دەکـەوێت، دەتوانین بینێرینە دەرەوە".

پرسیاری نرخەکانم لێ کرد، سەیرم بەوەڵامەکەیدا هات:

"چەندین دەسـتەوارەم لەگەڵ ئیـسرائیلدا بەسـتووە، مـەبەسـتی سـیاسـیی گەورەیان لەپشـتەوەیە و لەمن گـەورەتـرە، هـەرچی گازە بۆ ئیـسپانیـا، لەبەرئەوەی من قەرزاری ئیـسپـانییـەکانم، ڕەگـەزنامـەی ئیـسـپـانیـیـان پێـدام و باوەشـیـان بۆ خـۆم و خـێـزانـەکـەم کـردەوە، لە ڕاسـتـیـدا لەگـەڵمـاندا بەخشندەبوون، دەبوو جوانییەکەیان بدەمەوە"!!

**

دوا دیمەن حوسێن سـالم لە گۆڕەپانی میسـردا دەرکەوت، سـواربوونی فڕۆکە تایبەتەکەی بوو لە فڕگەی "شرم الشیخ" دوای چەند ڕۆژێک لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ٢٥ی یۆلیۆ بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک سندووق ٤٥٠ ملیـۆن یۆرۆی تـازەیان تێـدا بوو، تـا ئێـسـتـاش هـەمـان نایلۆنی بـانکی ناوەنـدیی ئەوروپییان پێوەیە، فڕۆکەکەی حوسێن سـالم لە فڕگەی ئەبوزەبـی نیشـتـەوە، لـە فڕگەی ئەبوزەبی نوێنەری فـڕگـەکە تێبینیی ئەم سندووقانەی کرد، یـەکسـەر درکی بەوە کرد، کـە پارەی کـاغـەزن، بەدەسـەڵاتی بەرپرسـی ئەبوزەبـیـان ڕاگـەیاند، بڕیار دەرچوو پێـوەندیی بەقـاهـیـرەوە بکـەن، تا پرسـیاریان سـەبارەت بەو بابەتە لێ بکەن، مـوبارەک ئەوکات لە "شـرم الشـیخ" نیمچـە پەڕگیـر بوو، وەلێ هێشـتـا دەسـتی لە دەسـەڵات هەڵنەگرتبوو، ئەوە بـوو پێوەندیی بەعومـەر سلێـمـانی جێگری تازەیەوە کـرا، جێگر ئـامـاژەی بەبەردانی کابرا کرد، هـەروەها لەم کاتەدا بابەتەکە نەورووژێنرێت، چونکە ڕەوشەکە ئاڵۆزە. هەندێک لە بەرپرسانی مـیرنشینەکان لە چەند کەسایەتییـەکی میسـرییان پرسـیوە داخـۆ لەبارەی ئەو بابەتەوە چی دەکەن، لە نێـوانیـاندا جێگری پێشووی سـەرۆک وەزیرانی مـیسر و وەزیری پیشـەسازی و بـازرگانی لە میسر، بەڕێز "ڕەشـید مـحەمەد ڕەشـید"، ئامـۆژگاریی ڕەشید و ئەوانی تر ئەوە بوو، پارەکە بۆ ماوەیەکی کاتی لە بانکی ناوەندیی میـرنشینەکان دابنرێت و پێـوەندیی بەدەسـەڵاتدارانی مـیـسـرەوە بکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە بـناغـەی بـابەتەکە و چـۆنێـتـیی هەڵسوکەوت لە بەرابەریدا.

دواتر سـەبارەت بەڕاستیی چیرۆکەکە، لە "ڕەشـید محـەمـەد ڕەشید"ی ئەندازیارم پرسی، ئەوکاتی

لە پایەتەختێکی ئەوروپی بینیم، کابرا داوای لێ کردم، کە "لەم بابەتەی بەدوور بگرم"، چونکە خۆی گرفتی کەم نییە تا ئەمەشی بێتە سەر، هەرچەندە قسەی لەبارەی بابەتەیلی ترەوە کرد، گرینگترینیان چیرۆکەکەی هەمبەر دوارۆژەکانی رێژیمی موبارەک لە میسر، بۆ ئەمانەت بڵێم لە بڵاوکردنەوەی ئەوی ئێستا ئاماژەم پێ دا ئیزنم لەم نەخواست، ئەوکاتی بینیم دامنەنابوو ئەم لاپەڕانە دەنووسم، هەروەها یارمەتیشم لێ نەخواست!!

بەهەرحاڵ ئێستا چەندین ڕۆژ و هەفتە و مانگ تێپەڕین، گەلێک هەواڵیش لە ڕۆژنامە میسرییەکان و دەرەوەی میسریش لەبارەیەوە بڵاو کرانەوە، کەچی هێشتا تەمومژ دەوری چارەنووسی سندووقەکانی چوارسەد و پەنجا ملیۆن یۆرۆی داوە، داخۆ خاوەنی سەرەکی کێ بێت؟! ئەی چی بەسەرهات؟! لەگەڵ پرسیارەیلێکی تری بێ کۆتایی!.

## پرسی ئەشرەف مەروان

وام هاتە بەرچاو پێوەندیی نێوان سەرۆک حوسنی موبارەک و دوکتۆر ئەشرەف مەروان تۆکمە بێت، ئەوی زوو سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، ئەم پێوەندییەی نێوان ئەم دووانە دوورترە لە سنوورە سروشتییەکەی، دیمەنێکی نووسینگەکەم لە مانگی مارسی ١٩٧٤دا، حوسنی موبارەک فەرماندەی فڕۆکەوانی بوو، ئەشرەف مەروانییش بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک بوو بۆ زانیاری، ئەشرەف مەروان وەک ئەوانی تر سەری لێ دەدام و دەیویست کێشەکان نەهێڵێت و پێوەندیی نێوان من و سەرۆک سادات بگەڕێنێتەوە، (جیاوازیی نێوانمان توندبووەوە و لە ئەهرام دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی لە کۆمەڵێک وتاردان کە لە ئەهرامدا بڵاوبووەوە و پاشان لە کتێبێکی سەربەخۆدا بەناونیشانی "لە چەند ڕیانێکدا" بەڕاشکاوی دژ بەسیاسەتەکانی وەستامەوە.

لەوکاتی لە نووسینگەکەمدا بوو (ڕۆژەکەی مارسی ١٩٧٤) ئەشرەف مەروان پێی گوتم: "سبەینێ بۆ لیبیا دەچێت، بۆ بینینی قەزافی".

ئینجا باسی هۆی ڕۆیشتنەکەی بۆ کردم، منیش هێند گوێم پێ نەدا، کورتەکەی ئەوە بوو، سەرۆک سادات حەز بەوە دەکات "سەرهەنگی برا" فڕۆکەیەک بۆ سەرۆکایەتیی میسر بکڕێت، چونکە بڕوای وایە کاتی ئەوە هاتووە (دوای جەنگی ئۆکتۆبەر) سەرۆکایەتیی میسری فڕۆکەیەکی هەبێت شایان بەو بێت وەک سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکانی تر (بەتایبەت میر و شێخەکانی نەوت).

پشتیوانیی ئەشرەف لەم کارەدا لەسەر ئەو پێوەندییە بوو، کە لە نێوان خۆی و بەڕێز عەبدولسەلام جەلودی سەرۆک وەزیرانی لیبیادا دروست بووبوو، هەروەها وای بینی جەلود چوونە ناوەوەیەک بێت بۆ قایلکردنی قەزافی بەپارەدان بۆ کڕینی فڕۆکەیەکی سەرۆکایەتی.

**

لە نووسینگەکەمدا (لەو کاتەدا ساڵی ١٩٧٤)، ئەشرەف مەروان باسی چالاکییەکەی دەکرد لە لیبیا، لەپڕ چون شتێکی بیر هاتبێتەوە هەستا، پێوەندیی بەفەرماندەی فڕۆکەوانی "فەریق حوسنی

موبارەک"ـەوە کرد و بەناوی یەکەمییەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد.. حوسنی (بەم شێوەیە بێ نازناو) لای خۆتەوە بۆ سبەی فڕۆکەیەک بۆ سەفەری لیبیا ئامادە بکە، دەمەوێت بەخۆت لەسەر فڕۆکەکە بیت".

پاشان کەوتەوە قسەکردن لەگەڵمدا. ئەو هۆگرییە لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا هەبوو بەلای منەوە مایەی سەرنج بوو!.

**

(ئەوی هەمبەر فڕۆکەی سەرۆکایەتییەکە ڕووی دا، پێوەندیی قەزافی بەسەرۆک ساداتەوە لەپڕ تێکچوو، لە سۆنگەی هۆیەلێکەوە باسکردنیان درێژە دەکێشێت، قەزافی ڕەتی کردەوە لیبیا فڕۆکەی سەرۆکایەتی بۆ سادات بکڕێت، بەڕێز "کەمال ئەدهەم" (بەڕێوەبەری هەواڵگریی سعوودیە) لە ئەشرەف مەروانەوە بەڕەتکردنەوەکەی لیبیای زانی، ئەوە بوو شا فەیسەڵ (و کەمال ئەدهەم برای "عیفەت شاژنی ژنیەتی) بڕیاری دا خۆی ببێتە خاوەنی دیاریی فڕۆکە سەرۆکایەتییەکە، ئەوە بوو جێبەجێی کرد.

**

کاتێک سەرۆک موبارەک گەیشتە پایەی سەرکۆماری و دوای تەواوکردنی ماوەی سەرۆکایەتیی یەکەم و دووەم، ئەوە بوو فڕۆکە سەرۆکایەتییەکە (دیاریی سعوودیە) لە شکۆیی و ڕابواردندا لە ئاستی فڕۆکە پاشایی و سەرۆکایەتییەکاندا نەبوو، بەتایبەت دوای ئەو هەموو سامانی نەوتە!!

ئەوە بوو جارێکی تر قسە لەگەڵ قەزافیدا کرایەوە، پێوەندییەکان باش بووبوون، مەزندە وابوو ئەم باشییە لە پێوەندی بەسە بۆ ئەوەی قەناعەت بەقەزافی بهێنێ لیبیا فڕۆکەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتیی میسر بکڕێت، هەرواش دەرچوو!.

دیکۆری ناوەوەی فڕۆکە تازەکە لە وێنەکێشانی نەخشەسازی ناوداری فەرەنسی "پییێر کاردان" بوو، ڕەنگەکانی لەگەڵ زەوق و ئارەزووی ئەوانی میسردا نەدەگونجان، ئەوە بوو دیکۆری ناوەوەی فڕۆکەکە گۆڕا بەڕەنگەیلێک جێی ڕەزامەندی بوون!!).

**

لەو ساڵانەدا (بەدرێژیی حەفتاکان) پێوەندیی نێوان ئەو دوو کابرایە (حوسنی موبارەک و ئەشرەف مەروان) توندوتۆڵتر و نزیکتر بووەوە ئەودەمی ئەشرەف مەروان یەکێک بوو لە کڕیارانی چەک، دوای پشتبەستن بەسیاسەتی هەمەڕەنگی سەرچاوەکانی، تێبینیی ئەوە دەکرێت ئەو دوو کابرایە پێکەوە لەیەکترەوە نزیک بوون، بەحوکمی پسپۆڕی لە دەستەوارەی "میراج"ی لیبی لەگەڵ فەرەنسادا (١٩٧٠–١٩٧٤)، موبارەک وەکو فەرمانەدەی فڕۆکەوانی، بەرپرس بوو لەوەی لەو دەستەوارەیە بۆ میسر دێت، پاشان مۆرکردنی دەستەوارەکە لە بناغەدا ئەفسەرەکانی فڕۆکەوانی کردیان، بەپاسپۆرتی لیبییەوە بۆ پاریس چوون، (بەلام فەرەنسییەکان بەڕاستییەکان دەزانی)، لە هەمان کاتدا ئەشرەف مەروان، کە لەو کاتەدا لێپرسراوی پێوەندییەکان بوو لەگەڵ لیبیادا، لە

وردەکارییەکانەوە دوور نەبوو.

**

ئەوی مایەی سەرنج بوو لەو ماوەیەدا، چوونەناوەوەی ئەشرەف مەروان بۆ کێشەی چەک لەسەر ئاستی لووتکە بەرچاو بوو، ئامادەی کۆبوونەوەیەکی فەرمیی سەرۆک سادات بوو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا "هێنری کیسنجەر"، کۆبوونەوەکە لە ماڵی سەرۆک ساداتدا بوو لە جیزە، ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤.

یەکێک لە دیکۆمێنتە فەرمییە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەناونیشانی "یاداشتنامەیەک سەبارەت بەگفتوگۆ" دەگێڕێتەوە، کۆبوونەوەکە لەلایەن میسرەوە لەگەڵ سەرۆک ساداتدا، هەر یەک لە ئیسماعیل فەهمی (وەزیری دەرەوە) و مەحموود عەبدولغەفار (جێگری وەزیر) و دوکتۆر ئەشرەف مەروان (کە دیکۆمێنتە ئەمەریکاییەکە بە"یاریدەری سەرۆک بۆ پێوەندیی دەرەوە"ی وەسف دەکات) ئامادەی بووبوون.

لەلایەنی ئەمەریکیشەوە دوکتۆر هێنری کیسنجەر و جوزێف سیسکۆ و هێرمان ئیلتس (باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە قاهیرە) و پیتەر ڕۆدمان (لە دەستەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا).

لەژێر ناونیشانێکدا دەڵێت: "چەکی سعوودیە بۆ میسر" لە (گفتوگۆکەدا) ئاشکرا دەبێت، سعوودیە دەستەوارەیەکی چەکی ئەمەریکایی بۆ میسر بەبڕی ٧٠ ملیۆن دۆلار مۆرکردووە و شاندێکی سعوودیەش، کە لە واشنتۆنە لە هاوکاریدایە سەبارەت بەو دەستەوارەیە.

لە لاپەڕی سێیەمدا لە کۆنووسی گفتوگۆکە، لە یاداشتنامەکەدا هاتووە:

"قسەوباسی لابەلا بەزمانی عەرەبی لە نێوان سادات و ئەشرەف مەرواندا بەڕێوە دەچوو".

پاشان گفتوگۆکە بەم ئاوایە ڕەوتی خۆی وەردەگرێت:

سادات: ئێمە لەگەڵ سعوودیەکاندا سەبارەت بەدەستەوارەی چەک (کە پارەکەی دەدەن) قسان دەکەین، تۆش پێت گوتم لەبارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵ شادا قسە دەکەین، ناتوانین وایان لێ بکەین شتێک بکەن، ئەوا باڵیۆزە پرۆتستانتییە باوەڕدارەکەمانیان بێزار کردووە، چونکە هەموو ئەوەی داوای دەکەن "کچ" و "پارە"یە Girls and money، هێشتا لە خۆیان نەپرسیوە لەسەریانە چی بکەن؟! هەموو شتێکیش پەردەپۆش دەکەن، من خۆم ئەم بابەتە لەگەڵ شادا دەوروژێنم.

ئالێرەدا ئەشرەف مەروان خۆی هەڵقورتاندە ناو گفتوگۆکەوە و گوتی:

مەروان: شا بابەتەکە هەواڵەی سوڵتان دەکات (مەبەست میر "سوڵتان"ی وەزیری بەرگرییە)، سوڵتان دڵخۆش نییە بەپرسی جبەخانە، کە ئێستا پێیان دەڵێن دوای چواردە مانگ ڕادەستتانی دەکەین.

کیسنجەر (ڕووی قسەی لە جوزێف سیسکۆیە): جۆ.... بایەخ بەم بابەتە بدە.

مەروان: ناکرێت بابەتی چەک بەسەر کۆمپانیاکاندا کورت بکرێتەوە، بێ خۆ تێهەڵقورتاندنی

حکوومەت؟ (واتا دانوستان ڕاستەوخۆ لە نێوان سعوودیەکان و کۆمپانیا ئەمەریکاییەکاندا بێ هاتنەناوەوەی فەرمی ئەنجام بدرێت).

سیسکۆ: ئەوە زەحمەتە، چونکە پێویستی بەڕێگەپێدان بەفرۆشتنی چەک هەیە لە حکوومەتی ئەمەریکاوە.

مەروان: بەڵام ئێمە نامانەوێت وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی لە بابەتی چەکفرۆشیدا هەبێت.

کیسنجەر: دەبێت بزانن وەزارەتی بەرگری لە پرسی چەکدا لەسەریەتی بەپێی نرخی بڕیار لەسەردراو و جێگیر مامەڵە بکات!.

**

دوای هەڵبژاردنی موبارەک بۆ پۆستی سەرکۆمار لە ساڵی ١٩٧٥دا، یەکەمین کار پێی سپێررا، لە یۆنیۆی هەمان ساڵدا سەردانێکی فەرمی بۆ پاریس بکات (واتا دوای مانگێک لە وەرگرتنی پۆستەکەی)، ئامانج لەمە ڕێکەوتن بوو لەسەر کڕین و دروستکردنی ڕۆکێتی فرەنسی لە میسردا. ئەشرەف مەروان لەو سەردانەدا لەگەڵ موبارەکدا بوو (هێشتا بەرپرسیارێتیی دەستەی دروستکردنی جەنگی وەرنەگرتبوو، وەلێ ڕۆڵی لە بابەتی چەکداریدا پتر بەدەردەکەوت).

(وردەکاری سەبارەت بەم بابەتە لە گۆواری Aviation Weekly ژمارە ١٤ی یۆلیۆی ١٩٧٥دا بڵاو بووەتەوە، کە تایبەتە بەکاروباری فڕۆکەوانییەوە لە جیهاندا).

**

لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٠دا ئەشرەف مەروان نیشتەجێی لەندەن بوو، هەندێک هەواڵ لە ئیسرائیلەوە دزەیان دەکرد، کە ئەشرەف "بەکرێگیراوی ئیسرائیل"ە، کە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی لە ئۆکتۆبەردا لە ساڵی ١٩٧٣دا بەمۆساد ڕاگەیاند، لە نێوان زانیارییەکاندا هاتبوو، کە هێرشەکە لە دوو بەرەدا دەبێت، لە هەمان کاتدا میسری و سووری، ئیدی دزەکردنی هەواڵ لە ئیسرائیلەوە دەردەکەوت و ون دەبوو، بەڵام بۆ چەندین لە بایەخی گشتییەوە ساڵ دوور نەبوو.

پاشان یادی ٦ی ئۆکتۆبەر (ساڵی ٢٠٠٥) هاتە پێشێ، لەم بۆنەیەدا سەرۆکی دەوڵەت، سادات یا موبارەک، دوای ئەوە دەچنە سەر گۆڕی "جەمال عەبدولناسر"، وادیار بوو موبارەک سەیری هاتێ کاتێک بینی ئەشرەف مەروان لە دەرگەی گۆڕستانەکە لە پێشەوەی پێشوازیکەرانە، لە کاتی دەرچوونیدا ئەشرەف مەروان نزیکترین کەس بوو لێوەی لەوانەی بەڕێیان کرد، ئەوانی لە دەوروبەریان بوو تێبینیی ئەوەیان کرد، هەردووکیان بۆ چەند چرکەیەک کەوتنە چپەچپ، موبارەک ڕۆیی، لێ هەندێک لەوانەی نزیک بوون لە هەردووکیانەوە لە حەوشەی گۆڕستانەکە تاکو ئۆتۆمۆبێلەکەی موبارەک، گوێیان لە چپەچپەکەیان بوو، یا وایان وێنا کرد، کە موبارەک گلەیی لە ئەشرەف دەکات، کە ئەمڕۆ بەدرێژیی سەردانەکە بەئەنقەست خۆی نزیک کردووەتەوە، تاکو بیبینن، پاشان موبارەک ئامۆژگاریی دەکات یەکسەر سەفەر بکات، "چونکە خەڵک دەمیان ناوەستێت"!.

بەکردەنیش وابوو، ئەشرەف مەروان بۆ بەیانیی رۆژی دوایی لەگەڵ یەکەمین فرۆکەدا گەڕایەوە لەندەن.

**

ئەو هەواڵانەی لە لێژنەی ئاسایش و بەرگرییەوە لە "کنێست" و لە ئەنجوومەنە تایبەتە سەربازییە نهێنییەکانەوە دزەیان کردبوو، لێژنە دانران بۆ لێکۆڵینەوە تێیاندا (کە زۆر هەستەوەر و مەترسیداربوون)، بەکورتی شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی ئەو شۆکەی ئیسرائیل رووبەڕوویان بووەوە لە دە رۆژەکانی بەرایی جەنگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳دا، لە کاتی خۆیدا ئیسرائیل لێژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە پێک هێنا، کە بەسەرۆکایەتیی "ئەگرانات"ی دادوەر بوو، تاکو لەو هۆیانە بکۆڵێتەوە کە بوونە هۆی رووداونی و دیارکردنی بەرپرسیارێتی، خاڵی چەق لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە بوو: داخۆ ئیسرائیل ئەمەی بەلاوە چاوەڕوانکراو بوو یان نا؟! ئەی بەمەی دەزانی یان نا؟! ئەگەر لە سەرچاوەیەکی نهێنییەوە دەیزانی، هەر بەڕاستییش زانی، باشە بۆچی لە ئامادەبووندا دواکەوت؟! لەبەرچی؟! ئەی کێ لە ئەستۆی دەگرێت؟!!

لێژنە تایبەتییەکەی لێکۆڵینەوە (کە بەپێی بڕیاری "گۆڵدا مائێر"ی سەرۆک وەزیران پێکهێنرا و بەداخوازی و فشاری ڕای گشتی)، گەیشتە بەرەنجامەیلێک بەکورتی راگەیەنران لەگەڵ رێوشوێنی سزادان، کە ژمارەیەک بەرپرسی گرتەوە، هەروەها ئاراستەکردنی سەرزەنشت بۆ وەزیری بەرگری "مووشی دایان" و لادانی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئیسرائیلی "ژەنەراڵ داڤێد بن ئەلیعازەر" لە پۆستەکەی، هەروەها خانەنشینکردنی ئیلی زائیرا (بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی).

**

لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە کێشەکە و وردەکارییەکانی لە قاڵبی نهێنییە نەدرکاوەکاندا مانەوە، کەچی لە ئیسرائیل و گەلێک وڵاتی تریشدا، لێژنەی "ئەگرانات" نەیتوانی هەموو دەمەکان دا خات، نەیشی توانی گشت کاغەزەکان بەند بکات، هۆی سەرەکیی ئەمەش ئەو ناکۆکییە بوو، کە لە نێوان دوو ژەنەراڵی گەورەی ئیسرائیلی لە کاتی جەنگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳دا توند بووبووەوە.

- ژەنەراڵ "زڤی زامیر" (سەرۆکی مۆساد، واتا هەواڵگریی گشتیی ئیسرائیلی).
- ژەنەراڵ "ئیلی زائیرا" (سەرۆکی ئامان، واتا هەواڵگریی سەربازیی ئیسرائیلی).

هۆی ناکۆکییەکەشیان ئەوە بوو، کە سەرۆکی مۆساد "زامیر" مکوڕە لەسەر ئەوەی پلان و کاتەکانی راگەیاندووە، کە لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی میسرییەوە پێی گەیشتووە، سەبارەت بەهێرشێکی میسری-سووری، کەچی سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی، ژەنەراڵ "زائیرا" لە بەرابەردا سووره لەسەر گومانکردن لە سەرچاوەی زانیارییەکان، کە بەمۆسادی راگەیاندووە (ئەوەی ڕەت نەکردەوە، کە سەرچاوەیەکی میسری بوونی هەیە و رۆڵەکەیشی ڕەت نەکردەوە لە پێشوەخت گەیاندنی هەواڵەکە، وەلێ وای دانا بەکرێگیراوەکە بۆ ئیسرائیل نێررابێت، یاخۆ بەکرێگیراوێکی دوولایەن بێت، بەڵگە سەرەکییەکەشی ئەوەیە، کە ئەو سەرچاوە میسرییە بەهەڵە سەعاتی

هێرشەکەی بەئیسرائیل ڕاگەیاند، واتا کاتی ڕاگەیاندنی هێرشەکەی بەشەشی ئێوارە ڕاگەیاند، کەچی هێرشەکە هەر بەڕاستی لە دووی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەمە ٦ی ئۆکتۆبەر ڕووی دا).

هەروەها بڕیاری ڕاگەیاندنی تەیارکردنی گشتی لە ئیسرائیل پەکخرا و کەمتەرخەمی لە ئامادەبووندا ڕووی دا، وشەی "کەمتەرخەمی" بەدیاریکراوی ناونیشانی لێژنەی "ئەگرانات" بوو.

ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا بووە ناکۆکی لە نێوان دوو دەزگەدا : "مۆساد" و "ئامان"، ئەمەش درزێکی لەناو دەزگەکانی دامەزراوە سەربازییە ئیسرائیلییەکاندا دروست کرد، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت، هەروەها پێکهێنانی لێژنەی تەناهیی باڵا لە نێوان ئەم دوو زەلامەدا پێکهات: "زامیر" و "زائیرا" و هەردوو دەزگەکەی پێکەوە گونجاند: "مۆساد" و "ئامان" بەسەرۆکایەتیی جێگری گشتی "مەناحم مازوز"، ژمارەیەک فەرماندەی سوپا و شارەزای ئاسایشی لەگەڵدا بوون.

هەروەها لێژنەکە تەماشای هەموو دیکۆمێنتەکانی کرد، بەکۆنووسی لێکۆڵینەوەکانی لێژنەی "ئەگرانات" و گوێی لە سەرجەم شایەدحاڵەکان گرت، بێگومان ناوی ڕاستەقینەی بەکرێگیراوە میسرییەکەی مۆساد، کە لە ڕێگەیەوە نهێنیی شەڕەکە و کاتەکەی بەدەست هێنابوو، باس کرا.

پاشان لێژنەکە گەیشتە بڕیارەیلێک ڕانەگەیەنران، بەڵام (جارێکی تریش وەکو باوە) پرۆسەی دزەکردن دەستی پێ کرد، لەو هەواڵانەی دزەیان کرد وەسفەکانی ئەم بەکرێگیراوە میسرییە بوو، یەکێک لە توێژەران گەیشتە ناوەکەی، ئەوە بوو ناوی دوکتۆر ئەشرەف مەروان بێ ئەملا و ئەولا و بێ تەمومژ بەدەرکەوت، ئیدی کێشەکە ئاقارێکی نوێی وەرگرت، چونکە بڵاوکردنەوەی ناوەکە یەکەمین جار هەژان و هەرای لەناو ئیسرائیلدا نایەوە!.

هەراکە قەتیس مابوو لەسەر بەرپرسیاری لە درکاندنی نهێنییەکەدا، چونکە زیان بە"دۆستەکەی ئیسرائیل" دەگەیەنێت و پرۆسەی "ئابڕووچوون"ی تێدایە، ئیدی وا لەوانی تریش دەکات سڵ بکەنەوە، مادامەکی ئەوی لە نهێنیدا دەیکەن دەکرێت ئاشکرا بێت!، بەڕێوەبەری مۆساد ژەنەراڵ زامیر لە دۆخێکی هستیریدا بوو، دەترسا ئەگەر شاراوەکان بەدەر بکەون ئەوا زیانێکی گەورە بەتوانای ئیسرائیل دەگەیەنێت لەسەر ڕاسپاردنی بەکرێگیراوەیلێک بەهای خۆیان هەیە!.

لە هەمان کاتدا، ژەنەراڵ زائیرا بەبڕوای خۆی وای وەڵام دەدایەوە، ئەو بەکرێگیراوەی بەئیسرائیلی ڕاگەیاند بەکرێگیراوێکی دوو لایەن بوو بۆ میسریش، ئازادیشە لە ناوهێنانی یا ناونەهێنانی!.

ململانێکە گەیشتە ئەوپەڕی، بەڕادەیەک وای لێهات بووە مەسەلەی ژیان یا مردن!!

هەر لە یەکەمین ساتەوە کێشەکە (لەبەر چەندین هۆ) بووە جێی بایەخی من!

**

کاتی خۆی هەر هێندەی لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێ کرد، دوکتۆر "عەزمی بشارە"ی سیاسەتوانی ناسراوی فەڵەستینی، کە لە کۆمەڵی "عەرەبی ناوەخۆ"یە، هێشتانەکینێ ئەندامە لە

کنێـست، لە ڕێگەی برادەرێکی فـەڵەسـتـینیی هەردووکـمـانەوە هەواڵم بـۆ نارد، داخـۆ دەتوانێت هەندێک لەو پەروەندانەی "کنێست" سەبارەت بەم بابەتە، کە لەبەر دەستدان، بۆمیان بنێرێت.

ئەوە بـوو بۆمی نارد، لـەگـەڵ ئەوەی زۆربـەی ئەوانەی لەبارەی کـێـشـەکـەوە دەدوان، لە لێـژنەی تەناهی و بـەرگری لە کنێست بەڕێوە دەچوون (لەمـەدا ئـەندامـە عـەرەبەکـان تێیدا بەشـدار نابن)، بەڵام بوونـی عـەزمی وەکـو ئـەندامـێکی ئەنجـوومـەنـەکـە، توانایەکی دەداتێ بگاتە ئەو شـوێنانەی عەرەبەکانی تر "عەرەبی ناوەخۆ" پێی نەدەگەیشتن.

**

ڕاسـتـیـیـەکـەی دوکتـۆر عـەزمی بشـارە و دوو هاوەڵی تر لە عـەرەبی ناوەخـۆ (ناکرێت ناویان بهـێنرێت، چونکە هێشـتـا لە ناو فـەڵەسـتـیندان) پتـر لەوەی داوام کردبـوو بۆیان فـەراهـەم کردم، هەموویان ئەو کاغەزانەی بۆیان ناردبووم، کە بەعبری بوون، وەریانگێڕابوونە عەرەبی و ئینگلیزی.

ڕاسـتـی بۆ دەسـتـپاکی بڵـێم، بڕوام بەوی دەمـخـوێندەوە نەدەکرد. (هەر بۆ دەسـتـپاکـیش) نەم دەتوانی پشتگوێیان بخەم!.

کێـشـەکـە لە ئاماژە و دزەکـردن دەرچووبوو لە ڕۆژنامـەکان بڵاو بـووبێـتـەوە، یاخۆ لە کـتێـبدا وەشێـنرابێت، بەڵکو لەوە گەورەتر بوو، سووربوونی ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ناویان نەدەبوو لە مـیسردا بـەبێدەنگی پێشـوازی لێ بکرێت، ئەوی لە کنێست قسـەی لەسـەر کرا، پێـشـبـینیی ڕۆژنامەکان نەبوو، پڕوپاگەندەش نەبوو ئەم و ئەو بیگوازنەوە، بەڵکو کێشەکە لەسەر دوو ژەنەراڵی ناوداری ئیـسـرائیلـی بوو، هـەروەها دادوەرەیلێک لە دادگـەی بـاڵا، هـەروەها جـێگرێکی گـشـتـیی ئیسرائیلییش، لەگەڵ دانیشـتنی نهێنیی لێژنەی تـەناهی و بەرگریی کنێسـتیش، لەگەڵ پەروەند و دیکۆمێنت، هەندێک لەوانەی بەدەست من گەیشتن نیگەرانییەکی زۆریان لا دروست کردم!.

لە نێـوان دیکۆمـێنت و پـەروەندەکـاندا (بۆ نموونە) وێنـەی کۆنـووسـی کۆبـوونەوەکان هـەبوون لە نێوان "ئەنوەر سادات" و "لیۆنێد بـریجنێڤ"ی هاوتا سۆڤیەتییەکەی لە کاتی سەردانـە نهێنییەکەیدا بۆ مـۆسکۆ لە مـارسـی ١٩٧١دا، هـەرچەندە من لەو گفـتوگۆیانـەدا ئامادە نەبووم، سـەرۆک سـادات بەخدێی خۆی کۆنووسە فەرمییەکانی بۆ ناردم، کە موراد غالبی باڵیۆز نووسیبوونی.

ئێستا لەناو ئەو پەروەنـدە نهێنییـانەی ناو کنێست وێنەی ئـەو کۆنووسـەشیـان تێدایە (کۆپیی بناغـەییـەکـە) هـەروەها کـۆمـەڵێک وێنەی دەیان دیکـۆمـێنتی تێدان!! هـەموویان کۆپی کراون، نەک هەندێک زانیاری پشتیان پێ ببەستـرێت (سەرکردایەتیی هـەواڵگری ئیسرائیل "بەکەیفی دڵی خۆی" کاغەزەکانی سـەرکردایەتیی میسری دەخوێندەوە)!!

لە هـەندێک ساتدا نەم دەتوانی بڕوا بەوی بەردەمم بکەم، کە دەمبینی.

**

لەو کـاتـەدا یەکـێک لە هـاوەڵە نزیکەکـانی مـوبارەک لێی پرسـیم (بەڕێککەوت مـاڵیـان لێـمـەوە نزیکبوو) داخـۆ ڕام چییە لەسـەر ئەم چیرۆکە و ئەو هەرایەی لەسـەری نراوەتەوە، منیش ڕای خۆمم

پێ گوت و ئەوەشم گوت، ئەو دەتوانێت ئەگەر ڕای منی پێ گونجاو بوو بەسەرۆکی بگەیەنێت، مەرەخەسیشم کردبوو لەوەی ناوم بهێنێت، یا نەهێنێت!.

کورتەی ڕایەکە ئەوە بوو "کەرامەتی وڵات و ئابڕووی ئەشرەف مەروان خۆی دەخوازێت لێکۆڵینەوەیەکی فەرمیی میسری لە بابەتەکەدا بکرێت، لە ڕێگەی دەستەیەکی باڵاوە، کە ئەندامی دادگە و پەرلەمان لەخۆ بگرێت، هەروەها بەنوێنەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی و هەواڵگریی گشتیی میسر، لەو بڕوایەشدام بێ ئەمە کارەکان ڕاست نابنەوە".

هەروەها بەهاوەڵەکەی موبارەکم گوت، بابەتەکە تێکچڕژاو و ئاڵۆزە، چونکە ئەوی (ئیدی هەر کەسێک بێت) کاتی هێرشکردنەکەی بەئیسرائیل ڕاگەیاند، کە سەعات شەشی ئێوارە دەبێت، مەبەستی سەرلێ شێواندن نەبووە، چونکە ئەو کاتە سەعاتی سفر بووە، کە لە پلانەکەدا بڕیاری لەسەر درابوو، تاکە ڕۆژی سێشەم ٢ی ئۆکتۆبەر، پاشان ناکۆکی کەوتە نێوان فەریق ئەحمەد ئیسماعیل (وەزیری بەرگری) و لیوا یوسف شکور (فەرماندەی سوپای سووریا)وە.

بابەتی ناکۆکییەکەش ئەوە بوو، سەرکردایەتیی میسر پێی باش بوو پرۆسەکان لە سەعات شەشی ئێوارەدا بن لەگەڵ دوا ڕووناکیدا، تاکو سوود لە هاتنی شەو وەربگرن، کە کاری بنیاتنانی پردەکان لەلایەن ئەندازیارەکانەوە دەپارێزێت.

هەرچی سەرکردایەتیی سووری بوو پێی باش بوو سەعات شەشی بەیانی لەگەڵ یەکەم ڕووناکیدا بێت، تاکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی تانکەکانی ئیسرائیل لە بەرزایی جۆلاندا پشت بەتیشکی خۆر ببەستن.

ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتیی میسری و سووریدا توند بووەوە، ئەوە بوو فەریق ئەحمەد ئیسماعیل بەنهێنی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەم ٢ی ئۆکتۆبەر بۆ دیمەشق سەفەری کرد، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی سووریدا، هەردوو لا بەهیچ چارەسەرێک نەگەیشتن، ئەوە بوو سەرۆک "حافز ئەسەد" هاتە ناوەوە و لەگەڵ هەردوو فەرماندە "ئەحمەد ئیسماعیل" و "یوسف شکور" گەیشتنە چارەسەری مامناوەندی، ئەویش هەڵبژاردنی دووی پاش نیوەڕۆ کاتی هێرشبردن بێت.

ئەم چارەسەرە ناوەندییە، بەم شێوەیە بەر لە تاریکی شەش سەعات بەسەرکردایەتیی میسری دەدات، کە پێویستییەتی بۆ پاراستنی بنیاتنانی پردەکان، هەروەها شەش سەعاتیش لە ڕووناکیی خۆر بەسەرکردایەتیی سووری دەدات بۆ کارەکانی خۆی لە بەرزایی جۆلان، ڕۆژیش لە پشتییەوەیەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زرێپۆشەکانی سوپای ئیسرائیل.

پرسەکە هەستیار بوو، ئەوە بوو دوکتۆر ئەشرەف مەروان ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەر لە ڕێگەی ئەوروپاوە لە میسرەوە چوو بۆ لیبیا، تاکو بەقەزافی ڕابگەیەنێت شەڕ دەستی پێ کرد و سەعاتی سفر و کاتی دیاریکراو شەشی ئێوارەیە، واتا دوکتۆر ئەشرەف مەروان ئەودەمی سەعاتی سفر لە شەشی ئێوارەوە کرایە دووی پاش نیوەڕۆ، ئەو لە میسردا نەبوو.

ئەم پرسەش قسە هەڵدەگرێت و دەبێت بخرێتە بەرچاو، ئەگینا خراپەکاری دێتە سەر ئەشرەف مەروان، ئەمەش ستەمە لە بەرابەریدا، مەگەر شتێکی تر بسەلمێنرێت!.

**

دوای ئەوەی ئەشرەف مەروان ئەو چارەنووسە تراجیدییەی بەسەردا هات، کە ژیانی بەوە کۆتاییی هات لە بانیژەی ئەپارتمانەکەیەوە لە گۆڕەپانی کارلتۆن تیراس لە نهۆمی چوارەمەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، وێڕای غەمە تاکەکەسی و مرۆیییەکان دڵنیا بووم دروست نییە و ناکرێت ئاریشەکە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری کۆتایی بێت، کەچی ئەوی ڕووی دا سەرۆک موبارەک لە کەشێکی پڕ لە ڕاپۆرتدان کە لە ئیسرائیلەوە دەهاتن لەگەڵ هەواڵ و پڕوپاگەندە، لەلایەن خۆیەوە بڕیارێکی دەرکرد بێتاوانیی ئەشرەف مەروانی تێدا ڕاگەیاند!.

لە دیدارێکی تردا لەگەڵ هاوەڵەکەی موبارەکدا، پێم گوت: "من لە جێی خۆمەوە زۆر دڵتەنگم بەتۆمەتبارکردنی ئەشرەف مەروان، زۆر خەمباریشم بۆ ئەو تراجیدیایەی کۆتایی بەژیانی هاورد. وەلێ پرسەکە سەرتاسەر، لەبەر کەرامەتی وڵات و ئابڕووی کابرا و دڵنیاییی خێزانەکەی، پێویست بەهەڵسوکەوتێکی جیا دەکات، یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە کێشەکە".

ڕەنگە زێدەڕۆییم کردبێت، هەینێ گوتم "سەرۆک موبارەک لاسایی پاپاکانی ڕۆمای کردووەتەوە لە سەردەمی ئۆربانی دووەم و چەکی بێگوناهیی دەرکرد، لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆک و هەموو پاپاکانی ڤاتیکان، سەرۆکی میسر ئەم مافەی نییە، کێشەکە لە سیاسەت و لە مێژوودا بەهەڵپەسێرراوی دەمێنێتەوە و کۆتایی بۆ دانانێت، مەگەر لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری و ورد"!.

هەروەها گوتم: موبارەک وادەجووڵێتەوە چون هیچی نەبێت، کاتێک دەسەڵاتی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە بەکار دەهێنێت".

خۆ ئەگەر وەکو سەرۆک لە تواناشیدا بووایا لەم ساتەدا بەهێزی دەسەڵات دەرگەکەی دابخستایا، بەڵام مێژوو دەرگەی زۆری هەن بۆ گەیشتن بەڕاستی بۆ هەر کەسێک، هەرچەندە من خۆم یەکێک لەوانەم بۆ پتر لە هۆیەک پەنا بۆ خوا دەبەن، کە ڕاستی لە بەرژەوەندیی ئەشرەف مەرواندا بێت!.

چونکە کابرا تا ئەوپەڕی خۆشەویستە، پاشان کارگێڕێکی جێبەجێکارە و لە کاتی بەڕێوەبردنی نووسینگەکەی سەرۆک سادات بۆ زانیاری توانای خۆی دەرخست، پاشان گەلێک نهێنیی پاراست، لە ژیانیدا ڕۆڵی هەستەوەری جۆراوجۆری بەڕێوە بردوون: بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک بۆ زانیاری و سەرۆکی دەستەی عەرەبی بۆ دروستکردنی سەربازی، هەروەها پیاوێکە تۆڕێک لە پێوەندیی مرۆیی و سیاسی و سەربازی و داراییی زۆر بەرفراوانی هەبوو، لەبەر گشت ئەمانە پێویست وایە پەروەندەکان ڕوون بن هەر بۆ ڕێز لە مانای گشتی و بەویژدانیی مانای تایبەتی مرۆیی.

**

له پرسی ئەشرەف مەرواندا ڕووداوێک هەیە تەنیا لەبەر مێژوو دەینووسم، ڕووداوێکە لە مانگی سپتەمبەری ٢٠٠٦دا لە لەندەن ڕووی دا.

سەرلەبەیانی ڕۆژێک لەو مانگەدا، لە پایەتەختی بەریتانیا بووم، دۆست و بیرمەندی عەرەبی دوکتۆر "کلۆفیس مەقسوود" پێی گوتم: باڵیۆزی لوبنان لە لەندەن "جیهاد مورتەزا" ئەمڕۆ بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی کردووە، یەکتر بینینەکەش لەگەڵ ژمارەیەک دیپلۆماتکاری عەرەبە، مورتەزا لەوەوە "دوکتۆر کلۆفیس مەقسوود" زانی من لە لەندەنم، تکای لێ کردووە ئەگەر ئیشێکی ترم نەبێت بانگهێشتنم بکات بۆ نیوەڕۆ خوانەکە.

هەروەها کلۆدیۆس مەقسوود گوتی، هیواداره داوەتەکەی باڵیۆزی لوبنانی قبووڵ بکەم، لەو ڕۆژەدا داوەتی شوێنێکی تر بووم، دەمتوانی نەڕۆم، بەم شێوەیە ئەوی کلۆفیس داوای لێ کردم جێبەجێم کرد، دوای چەند خولەکێک جیهاد مورتەزا پێوەندیی پێوە کردم و بەفەرمی داوەتی کردم.

کاتێک چوومە ماڵ باڵیۆزی لوبنان لە باغچەکانی کینسگتۆن، جیهاد مورتەزا و دوکتۆر "کلۆفیس مەقسوود"ی میوانی لە چاوەڕوانیمدا بوون، یەکسەر چووینە هۆڵی نانخواردنەوە، شەش باڵیۆزی عەرەب لەوێ بوون، لە نێوانیاندا "جیهاد مازی"ی باڵیۆزی میسر لە لەندەن و لە نێوان ئاپۆرەی باڵیۆزە عەرەبەکاندا ئەشرەف مەروانم بینی وەستابوو و دەستی بۆ تەوقەکردن ڕاگرتبوو، بەچرپەوە گوتم:

– ئەشرەف قسەی زۆرم لەگەڵتا هەیە!.

نیوەڕۆ خوانەکە بەهەموو وردەکارییەکانییەوە دیپلۆماسیی عەرەبی بوو، کەمتر لە سەعاتێکی خایاند، پاشان ئیزنم لە هەمووان خواست: کە لە دوکتۆر کلۆفیس مەقسوود دەگەڕێم قسەیان لەگەڵدا بکات، باڵیۆزی لوبنان هەستا تا دەرگەی باڵیۆزخانەکەی بەڕێم بکات، تێبینیی ئەشرەف مەروانم کرد بەدوامانەوەیە، لەبەر دەرکی باڵیۆزخانەکە لە لەندەن وەستاین، ئۆتۆمۆبێلەکەم هات و ئینجا ئەوی ئەو، ئەشرەف پرسیاری ئەوەی لێ کردم داخۆ دەتوانێت لەگەڵمدا بێت، منیش بەڕاشکاوی پێم گوت:

– نە ئەو و نەیش من دەتوانین وا هەڵسوکەوت بکەین، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، شتێک ڕووی داوە، شتێکی گەورەش کە ناتوانم لەگەڵتدا پشتگوێی بخەم، تۆش ناتوانیت لەگەڵمدا پشتگوێی بخەیت.

بەخەنینەوەوە گوتی: دەزانم.

لە کاتێکدا جیهاد مورتەزای باڵیۆزی لوبنان هێشتا لەگەڵماندا بوو و گوێی لە قسەکانمان دەگرت، لێم پرسی:

– بۆ کوێ بڕۆین؟ بەڕاستی پێت بڵێم ئەمڕۆ من نامەوێت بێم بۆ ماڵەکەت، هەروەها بۆ ئوتێل کلاریدچیش، کەواتە...

قسەکەی بڕیم، پێشنیازی کرد بچین بۆ ئوتێل دۆرشستەر.

داوام لە شۆفێرەکەم کرد لێخوڕێت بۆ ئوتێل دۆرشستەر.

بۆ ماوەی خولەکێک بێدەنگی دایگرتین، بێدەنگییەکەی بڕی و گوتی:

– ساڵ و نیوێکە یەکترمان نەبینیوە، چەند جارێک زانیم لە لەندەنیت، دوودڵ بووم لەوەی پێوەندیت پێوە بکەم، هەینێ بەسەر دوودڵییەکەمدا زاڵ بووم، پرسیارم کردیت، کەچی تۆ سەفەرت کردبوو، بەڵام ئەمجار، کە لە جیهادەوە زانیم داوەتەکەت قبوول کردووە، داوام لێ کرد منیش بانگهێشتن بکات!.

گوتم: تۆ بەدرێژی ئەم ساڵ و نیوە بۆ قاهیرە نەهاتووی، جا نازانم لەسەر داوای سەرۆک موبارەک هاتنی لێ قەدەغە کردووی، کە لە کاتی بینینت لەسەر گۆڕەکەی سەرۆک عەبدولناسر مۆچیاریی کردی میسر جێهێڵیت.

پەرچەکردار و هەڵچوونەکەی ئەشرەف مەروانم پێ سەیر بوو، گوتی:

– ئەو داوای لێ نەکردم سەفەر بکەم، وەکو لە قاهیرە بڵاویان کردووەتەوە، هەروەها ئەو ناتوانێت ڕێم لێ بگرێت.

کاتێک پرسیم:

– بۆچی ناتوانێ؟ ئەی دەسەڵاتی نییە....

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، بەتوندی گوتی:

– ئەو هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ناشتوانێ....

منیش قسەکانیم بڕی و گوتم:

– ئەشرەف... ئەمە قسەیەکی گەورە نییە؟!!

وەڵامدانەوەکەی مایەی حەپەسانی ڕاستەقینە بوو:

– ئەو ناتوانێت... پێت دەڵێم، دەتوانم تەفروتووناى بکەم.

تەماشای سیمایم کرد و لێی وردبوومەوە، قسەکەی بەئینگلیزییش دووبارە کردەوە و گوتی:

– I can destroy him، ئەمەشی خستە سەر: دەتوانم خۆی و چەندانی تریش لەگەڵیدا تەفروتوونا بکەم (ناوی لیوا عومەر سلێمانی هێنا).

لە کاتێکدا بەجەخت لەسەر کردنەوەوە پەنجەی بۆ پێشەوە ڕادەوەشاند، وای گوت و دووبارەی کردەوە!!

گوتم: وام پێ باشە قسەکانمان لە دۆرشستەر تەواو بکەین.

کاتێک چووینە ئوتێلەکەوە، چووینە سەر مێزێکی لاچەپییەوە، هێشتا دانەنیشتبووین یەکسەر لێم پرسی: پێویست بەوە ناکات کات بەفیڕۆ بدات، ئەو بەخۆی دەزانێت من دەمەوێت چی بپرسم،

هەواڵنامەی کتێب

چاوەڕێی وەڵامم لێی!.

ئەشرەف لێی پرسیم:

– بڕوادەکەیت من سیخوڕ بم؟!.

گوتم:

– ئەمە پرسیارێکە لەجێی خۆیدایە، هیچ نەبێ ئەوی ئێمە بەدوایەوەین پرسی هەڵسەنگاندنی کەسێتی نییە، بەڵکو پرسی ڕووداوەیلێکە لە دیکۆمێنتەکاندا باسکراون، هەمووی پێویستی بەقسەیە بێ ئەملا و ئەولا، بۆ کەسیش نییە لەبەر هەڵسەنگاندنی کێشەکان هەستی ئەوی تر بریندار بکات. من دەمەوێت بەدڵ و مێشکێکی کراوەوە گوێت لێ بگرم، پێشەکی دەمەوێت بڕوا بەوە بکەم، کە پێمی دەڵێیت.

– بەتەواوی دەتەوێ پرسیاری چیم لێ بکەیت؟!

گوتم: دەمەوێت بزانێ ئەوی لە ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکاندا بڵاو کراونەتەوە زۆر بەلای منەوە گرینگ نین، بەڵکو هەموو وردڕامانم لەسەر ئەوەیە، کە لە دیکۆمێنتە ئیسرائیلییەکاندا هاتوون، لەگەڵ ئەوی لە لێکۆڵینەوەکاندا باس کراون، ئیدی لە لێژنەکانی کنێست بێت، یاخۆ لە لێژنە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە، بەدیارکراوییش ئەو لێژنەیەی "مەناحم مازووز"ی جێگری گشتیی ئیسرائیلی سەرۆکایەتیی دەکات، ئەو لێکۆڵەرەوەیەکی وردە، زۆرم لەبارەی توانایەوە خوێندووەتەوە، کۆمەڵێک لە بەرجەستەترین پیاوانی یاسای ئیسرائیلی لەگەڵدا بوون.

بەکورتی سەرجەم ئەو زانیارییانەی گومانیان لێ ناکەم، لەگەڵ هەموو ئەوانەی خوێندمنەوە جەخت لەسەر چەند ڕاستییەک دەکەنەوە:

١– ئیسرائیل کەسێکی لە میسردا هەبوو لە ئاستێکدا بوو ڕێی پێ درا بوو شت بزانێت.

٢– ئەو کەسە نەک هەر تەنیا زانیاری پێشکێش کردووە، بەڵکو وێنەیلێکی لە نهێنییەکانی وڵات، لە ساتێکی زۆر سەخڵەتی مێژوویدا پێ داون.

٣– ئەم کەسە پێشتر لە کاتی دەستپێکردنی جەنگی ئۆکتۆبەر و سەعاتی سفری بڕیار لەسەر دراو ئاگاداری کردوونەتەوە.

٤– ئەو کەسە لە ساڵی ١٩٧٢دا لە لەندەن خۆی بەئیسرائیل ناساندووە، هەندێک لەوانەی دەیانناسی سەردانێکیان بۆی ڕێکخست بۆ نۆرینگەکەی دوکتۆر "ئیمانوێل هێربەرت"، کە هەمان نۆرینگ و هەمان دوکتۆرە، ڕۆڵی پێوەندی بەستنی لە نێوان شا حوسێنی (شای ئەردەن) کۆچکردوو و ئیسرائیلی هەبوو، لە نۆرینگەکەی ئەم پیاوەدا و بەیارمەتیی دەسەڵاتی ئینگلیز، چاوپێکەوتنەکان ئەنجام دران و ڕێکەوتنەکان واژۆ کران. کەواتە ئەم دوکتۆرە و ئەم نۆرینگەیە مێژوویەکی نهێنیی ڕەگداکوتاویان هەیە.

٥– ئەم کەسە، کاتێک ڕۆیشت بۆ نۆرینگەکەی دوکتۆر هێربەرت و وێڕای پێوەندییە پێشینەکان،

داوای چاوپێکەوتنی کرد بۆ ڕاوێژکردن، لەگەڵیدا پەروەندێک گەیشت بردیە ژوورەوە بۆ لای سکرتێرەکەی هێربەرت و کاتێک چووە ژووری تایبەتی پشکنین لەگەڵ خۆیدا بردی و ناساندی بەدوکتۆرەکەی بۆی کردەوە و هەر بەکردەنی کاغەزێکی پزیشکیی لەبانەوە بینی، کەچی کاغەزەکەی تری پەروەندەکە کۆنووسی کۆبوونەوەیەکی نهێنی بوو لە نێوان سەرۆک سادات و فەرماندە سۆڤیەتییەکان، ئەویش کۆبوونەوەی مارسی ١٩٧٦ بوو، ئەوە بوو هەردوو لا لەبارەی فڕۆکە زرێپۆشەکەی ساداتەوە لە سۆڤیەتی داوا دەکرد و ئەوانیش دوودڵ بوون، جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە.

کاتێک دوکتۆر هێربەرت لە بەرابەر ئەم کاغەزەدا وەستا و بەمیوانەکەی گوت "ئەم کاغەزە بەهەڵە لە پەروەندەکەدا دانراوە و پێوەندیی بەوەوە نییە".

ئەو کەسەش بەدوکتۆری گوت: نەخێر بەهەڵە دانەنراوە، بەڵکو خودی بابەتەکە ئەوەیە!.

ئەوە سەرەتا بوو، دوای ئەوە بەڕێوەبەری مۆساد "ژەنەراڵ زامیر" بەخۆی بۆ لەندەن هات و .....

ئەشرەف مەروان قسەکانی پێ بڕیم: ئەی ئەگەر بڵێم خۆی ئەو کەسەیە.

گوتم: من وام نەگوتووە، بەڵکو لە ئیسرائیل وایان گوتووە، ئەگەر بڕوام پێ بکردنایا نەدەهاتم بتبینم و لەگەڵتدا بێم بۆ ئێرە و پرسیارت لێ بکەم، پاشان چاوەڕوانی وەڵامی تۆ بم؟!.

ئەشرەف مەروان دەستی بۆ گیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی برد و کاغەزێکی دەرهێنا و دایە دەستمەوە، پارچەیەک لە ڕۆژنامەی "الاهرام" بوو، دەقی قسەکانی سەرۆک ساداتی بڵاو کردبووەوە لە ڕێزلێنانی ئەشرەف مەرواندا، ئەودەمی وازی لە پۆستەکەی لە سەرکۆماری هێنا و پێوەندیی بەدەستەی گشتیی دروستکردنی سەربازییەوە کرد (دەستەیەک بوو میسر و سعودیە و میرنشینە عەرەبییەکان بۆ دروستکردنی چەک هێنایانە کایەوە)، سەیرێکی تیلمە ڕۆژنامەکەم کرد، دواتر نوشتاندمەوە و دامە دەست ئەشرەفەوە، لێی پرسیم: "گەواهیی ئەنوەر ساداتت بەس نییە، کاتێک دەڵێت من خزمەتێکی گەورەم بەمیسر بەخشیوە؟"!!

بەکراوەیی بەئەشرەفم گوت: "ئەوی خوێندووتەتەوە، کە ئەنوەر سادات گوتوویەتی وەڵام بەپرسیارەکەی من ناداتەوە"، ئەمەشم زیاد کرد "ئەو نرخی هەر وشەیەک دەزانێت، کە لە بۆنەکاندا دەگوترێت، بەهەرحاڵ ئەگەر دەیەوێت ئەمەندە بەس بێت، ئەوا مافی خۆیەتی، هەرچی منم بەڕاستی ئەوەندە بەس نییە"، ئەوەشم گوت: "ئەوی بابەتی ئێمەیە ناکرێت وەڵام بدرێتەوە، تەنیا بەشتێکی ڕوون و دیارکراو نەبێت، هەروەها قەناعەت پێکراو بێت"!

سەخڵەتی پێوە دیاربوو، پرسیاری لێ کردم:

– بڕوا دەکەیت زاوای جەمال عەبدولناسر سیخوڕ بێت؟ تۆ نزیکترین دۆستی بوویت و دەتناسی؟

منیش بەڕاشکاوییەوە گوتم: بالەگەڵتدا ڕوون بم، بڕوانامەی ڕەوشتبەرزی لە ئەنوەر ساداتەوە

نادرێت، هەروەها نزیکایەتیی لە جەمال عەبدولناسرەوە بێ هەڵەیی بەکەس نابەخشێ.. ئێمە لە بەرابەر گرفتێکی ڕاستەقینەداین پێویست بەڕوونیی برواپێکراوی ڕاستەقینە دەکات".

لەپڕ ئەوی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕووی دا، خالد عەبدولناسر و سێ هاوەڵی لبنانیی هاتن، بەخەنینەوەوە بەئەشرەفی گوت:

"زۆرمان زیان لێ دایت... داوەتی نانی نیوەڕۆت کردین و دیارنەبوویت، چاوەڕێمان کردیت و لەسەر حیسابی تۆ ئەوی ویستمان داوامان کرد".

ئەشرەف خەریک بوو بۆی ڕوون دەکردمەوە: "ڕاستییەکەی لێرە داوەتی نانی نیوەڕۆیانم کرد، کاتێک زانیم تۆ لە باڵیۆزخانەی لبنان دەبیت، داوام لە جیهاد مورتەزای باڵیۆزی لبنان کرد، تا لەگەڵتدا داوەتم بکات و بتبینم، هەوڵم دا پێوەندیی بەخالدەوە بکەم و داوای لێبوردنی لێ بکەم، نەمتوانی بیدۆزمەوە، پێوەندیم بەڕیستۆرانتی دۆشستەر کرد و پێم ڕاگەیاندن، کە خالد و برادەرەکانی میوانی منن، دەبێت حیسابەکەیان لەسەر من بێت"!.

خالد عەبدولناسر و ئەو سیانەی تریش لەگەڵماندا دانیشتبوون، گوتم: "کەواتە ئەودەمی پێشنیازم کرد بێی بۆ دۆشستەر دەتزانی کەسانێک هەن لەوێ چاوەڕێتن".

**

بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر و بەر لە سەعات دەی بەیانی بەپێنج خولەک، لە دەرگەی ئوتێلی کلاریدج بەرەو شۆستەی شەقامی برۆک دەرچووم، چاوەڕوانی ئەشرەف مەروان بووم، تاکو بڕۆین بۆ باغچەی هایدپارک، کە نزیک بوو لێمەوە، لە سەعات دەی تەواو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەشرەف گەیشت، شوفێرەکەی دابەزی و خۆی پێم ناساند "ئەحمەد شۆفێری تایبەتی دوکتۆر ئەشرەف مەروان"، نامەیەکی بەدەمی پێ بوو:

– دوکتۆر سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تووشی خوێنبەربوون هاتووە و ناچار بوو بۆ نەخۆشخانە بڕوات، سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ سەعات پێنج پێوەندیی پێوە دەکات، تاکو کات بۆ بینینێکی تر دابنێن".

ئەوە بوو ئەشرەف مەروان پێوەندیی پێوە نەکردم.

منیش پێوەندیم پێوە نەکرد.

تاکو بەکۆتاییە تراجیدی و خەمبارەکەیم زانی، کە ژیانی بەوە دوایی هات!.

**

بەهەرحاڵ ئێستا شتەکە یەکلایی بووەوە، کە ئیسرائیل سیخوڕێکی لە ئاستێکی بەرز لە میسردا هەیە، ئەم سیخوڕەش ئەوی ڕاگەیاندنی قەدەغە بووە پێی ڕاگەیاندوون، تەنانەت ئەگەر سەبارەت بەهێرشەکە بووبێت (ئەگەر سەعاتەکەشی گۆڕانی تێدا کرابێت).

ئەم سیخوڕەش (هەر کەسێک بێت) بەکرێگیراوێکی دوولایەن نەبووە، تاقە کاغەزێک نییە لە

هەوالنامەی کتێب

سەرۆکایەتیی کۆمار و هەواڵگریی گشتییەوە ئەوە بگەیەنێت کە چالاکیی هەبووە، ئەمەش خاڵێکی سەخڵەتکەرە.

بوونی ئەم شێوە سیخورە دیار بوو، تەنانەت لە یەکەمین نامەدا، کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل "گۆڵدا مائێر" بۆ سەرۆکی ئەمەریکا "ریچارد نیکسۆن"ی نارد، ئەمەش بەر لەوەی چالاکییەکان دەست پێ بکەن بەلای کەمەوە بەدە سەعات، بۆیە پێویستە هەر میسرییەک بزانێت کێیە؟! بۆچی؟! چۆن؟

## چی لەبارەیەوە دەزانین؟!

سیمای ئەو پیاوەی ئەوانەی نەیان دەناسی و وایان دەزانی هەموو شتێکی لەبارەوە دەزانن، لە یەکێک لە رۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٨دا لەگەڵمدا ئامادە بوو و ژوانم هەبوو لەگەڵ دەزگای "هاربەر کۆڵینز" لە سەرەتای رێگەی ٤، کە لە لەندەن دەرەچێت، بەرەو وندسۆر و ئۆکسفۆرد دەچووم. کۆبوونەوەکەم لەوێ سەبارەت بەلیستی تایبەتی ئەو کتێبانە بوو، کە دەزگاکە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی دووەمدا بڵاوی دەکردەوە، لیستێکە کۆمەڵی کار لە بەڕێوەبەرەکانی وەشاندن لە بەشە جیاجیاکانی هاربەر کۆڵینز ئامادەی کردووە.

دوور لە هیچ رێکخستنێکی پێشوەختە "جوانا"ی سکرتێرەی "ئیدی بێڵ"ی بەڕێوەبەری گشتیی دەزگەکە و سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕییەکەی هات، داوای یەکتر بینینی لێ کردم، منیش لەگەڵیدا بەرەو نووسینگەکەی رۆیشتم، کە نزیک بوو لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئێمەی تێدا بووین.

**

کاتێک چوومە نووسینگەکەی "ئیدی"یەوە پەروەندێکی ئەستوور لەبەردەمیدا بوو بەقەیتانێک پێچرابوو.

ئیدی بێڵ لەوەدەمی ئاماژەی بۆ پەروەندەکە دەکرد، گوتی:

"گرفتێکمان هەیە، وامان دانا جەنابت دەتوانیت لە چارەسەرکردنیدا یارمەتیمان بدەیت، چونکە تایبەتە بەسەرۆک موبارەکەوە"!.

ئیدی دەستی بەراڤەکردنی گرفتەکە کرد.

"یەکێک لە رۆژنامەوانە ئەمەریکاییەکان (ناوی هێنا)، وەکو پەیامنێر لە رۆژنامەکەیدا لە قاهیرە چەندین ساڵ کاری کرد، لەدواییدا پێشنیازی کرد کتێبێک لەسەر موبارەک بنووسێت، ئێمەش پێشنیازەکەیمان بەدڵ بوو و گرێبەستێکمان لەگەڵیدا مۆر کرد و پێشەکی سەرقەڵەمانەمان پێ دا، پەیامنێرەکە گەڕایەوە قاهیرە، بۆ ماوەی هەشت مانگ زانیاری کۆ کردەوە و خەریکی سەرچاوە بوو و بەدوای چیرۆکەکاندا عەوداڵ بوو، پاشان دەقێکی سەرەتایی نووسی و پیشانی دەستەی نووسەرانی دا، بەڵام دەستەکە شتێکیان لە کتێبەکەدا نەبینییەوە بەس بێت بۆ بڵاوکردنەوە سەبارەت بەکەسێتییەکی گرینگ لە جیهانی عەرەبیدا، ئیدی هەندێ شتم بیست پێوەندییان

بەمنەوە نەبوو، لێ "ئیدی بێڵ" ئەوەشی خستە سەر:

لە دەستەی نووسەران داوایان لە پەیامنێرەکە کرد بەسەر ئەوەی نووسیویەتی بچێتەوە و سەرلەنوێ تێکستەکە بنووسێتەوە، (بڕیاریان دا شتێک بخەنە سەر ئەو پارەیەی پێیان دابوو)، تاکو پتر بگەڕێت و تێیدا فراوان بێتەوە بەزیادکردنی بابەت، وا لە کتێبەکە بکات سەرنجڕاکێشتر بێت بۆ خوێنەری نێودەوڵەتی (ئینگلیزی، ئەمەریکایی، بەپلەی یەکەم)، پەیامنێرەکە هەوڵ و کۆششی خۆی دا و دەقێکی نوێی پێشکێش کرد، بەڵام ئەوی بۆ دووەم جاری خستە سەر هێند پتر نەبوو لەوەی جاری یەکەم نووسی، دەمانتوانی بەیەکجا هەموو بابەتەکە پشتگوێ بخەین، لێ گرفتەکە لەوەدا بوو پارەمان تێدا خەرج کرد، پاشان پێشتریش بۆ باڵیۆزخانەی میسریمان لێرە نووسی، هەروەها بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیایی لە قاهیرە، داوامان لێ کردن بۆ ئاسانکاری یارمەتیی بدەن، ئەوە بوو چاوپێکەوتنێکیان بۆی لەگەڵ موبارەک و ئەندامانی خێزانەکەی و ئەوانی دەوروبەری ڕێک خست، لەگەڵ ژمارەیەک لەوانەی دەیانناسی و لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، زۆربەی ئەمانە لەسەر کاسێت تۆمار کراون، هەروەها لەگەڵ دەقە نووسراوەکەدا سەدان لاپەڕ لە یاداشتنامە و دیکۆمێنت هەن پشتی پێ بەستیون، کەچی گشت ئەمانە یاریدەی دەستنووسێکی تەواویان نەدا بۆ کتێبێکی خوێنراو Readable.

ئیدی بێڵ ئەوەشی خستە سەر: "هەوڵی دا ئەوی نووسراوە بەخۆی بیخوێنێتەوە، نەیتوانی لە خوێندنەوەی تا کۆتایی بەردەوام بێت".

هەروەها گوتی: "گەیشتینە پێشنیازێک دەمانەوێت بیخەینە بەرچاوت، ئەویش ئەوەیە ئەم تێکستە بخەینە بەردەستت، هەروەها تۆماری چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ خاوەنەکەی و یادەوەرییەکانی، دواتر تۆ چی بەباش دەزانیت بۆ نوێکردنەوەی کتێبەکە دەیکەیت، لەم کاتەدا داوای ئاماژەیەکی ناسکت لێ دەکەین بۆ پێشەکی، بۆ ئەو کەسەی بەئامادەکاریی ئەم پرۆژەیە هەستاوە، وابزانم تۆ ئەمەت پێ قبووڵە"!

پێویستم بەدرێژەدان بەبیرکردنەوە نەبوو، بەڵکو بەکراوەیی بەئیدی بێڵم گوت:

"من دەمودەست پێتانی دەڵێم هۆیەلێکی زۆرم هەن بۆ لێبوردن"!!

* یەکەمیان: من پێشتر "بەسەرهاتی ژیان"م بۆ کەس نەنووسیوەتەوە، تەنانەت ئەمەم لەگەڵ عەبدولناسریشدا نەکردووە، بگرە کتێبەکەم لەبارەیەوە The Cairo Documents بوو، جەختم کردبووە سەر دۆستایەتییە نێودەوڵەتییەکانی، هەروەها چاخی گەورەکان کە تێیدا ژیان، پاشان من ئەمەم لەگەڵ ساداتدا نەکرد، بگرە کتێبەکەم لەبارەی کورت بووبووەوە لەسەر پایزیساڵی ١٩٨١ "پایزی توورەیی"Autumn of Fury، بەدیاریکراویش دیمەنی تراجیدی کوشتنەکەی.

واتا گشت کتێبەکانم بەزمانی عەرەبی، یا ئینگلیزی لەبارەی قۆناغ و ڕووداوەکانەوە بوو، نەک لەسەر کەسەکان.

* هۆی دووەمیش بایۆگرافیا پێویستی بەبێلایەنیی هەیە، ڕەنگە ئەمەش بۆ مێژوونووس فەراهەم بێت، بەڵام لەلایەنی مرۆییەوە بۆ ڕۆژنامەنووس فەراهەم نابێت، ڕۆژنامەنووس هەڵوێستی هەیە، ئەمەش دوومین هۆی منە بۆ داوای لێبوردن کردن.

* هۆی سێیەمیش دەروونییە پتر لەوەی کردەنی بێت، ئەویش ئەوەیە قبووڵکردنی ئەم جۆرە کارە ڕەنگە پێویست بەوە بکات موبارەک ببینم، یاخۆ هەندێک لەوانەی دەوروبەری، ئەمەش شتێکە لەبەر هۆیەلێک تایبەتن بەمنەوە نامەوێت بیکەم، لە نێوانیاندا بەتەنگەوە هاتنم لەسەر پاراستنی مەودای نێوان سیاسەتی ئێستای میسر!!

**

بۆ ڕاستی، ئیدی بێڵ بەردەوام نەبوو لە پێداگرییەکەی، بەڵکو لێککەیشتنی نواند، بەڵام نەیتوانی بەیەکجا پرۆژەی کتێبەکە بخاتە لاوە، لە دواهەوڵدا لێی پرسیم "ئەگەر لاریم هەبوو لە خوێندنەوەی بابەتە ئامادەکراوەکان و بڕیاردانم لە توانای تەواوکردنیدا، ئەگەر دوای خوێندنەوەی دەقەکە شتێکم هەبوو پێشنیازی دەکەم"!.

هەستم بەبەرهەڵستی لەم پێشنیازە نەکرد، بەڵکو لە هەندێک تایبەتمەندیی پیشەکەی، کە بۆی ئامادە کرابوو.

ئەوە بوو ئیدی داوای لە سکرتێرەکەی کرد هۆڵی کۆبوونەوەکەی، کە بەقەد نووسینگەکەیەوەیە بۆ سبەی لە خزمەتمدا بێت، تاکو بواری خوێندنەوەیەکی هێمنانەم پێ ببەخشێت و دەقە نووسراوەکەم بۆ بهێنێت، لەگەڵ ئەو سندووقەی پڕە لەو کاغەزانەی پێوەندن پێوەی وەکو، کۆنووس و کاسێت و یادەوەرییەکان، کە ئەو پەیامنێرەی دووجار کتێبەکەی نووسیوەتەوە کۆی کردوونەتەوە!.

لە نێوان یازدەی بەیانی تاکو چواری دوای نیوەڕۆ لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا دانیشتم، دەمخوێندەوە و گوێم لە هەندێک بڕگەی تۆمارکراوەکان دەگرت.

بۆ نووسینگەکەی "چوانا" چوون، تاکو چیم لایە بیدەمەوە، کەچی گوتی "هێشتا سەرۆکەکەی لە نووسینگەکەی خۆیدایە، بەلایەوە گرینگە بمبینێت، تاکو گوێی لێم بێت، چوومە ژوورەوە، ئیدی دەرفەتی بۆ نەهێشتمەوە، بەڵکو لێی پرسیم داخۆ ئەگەر چارەسەرێکم دۆزیبێتەوە، منیش بە"نا" سەرم ڕاوەشاند، کابرا (مەبەستم پەیامنێرەکەیە) کۆششێکی بێ وێنەی کرد، بەڵام کارێکی ئەستەمی بەخۆی سپاردبوو"!.

ئیدی لێی پرسیم داخۆ مەبەستم چییە، گوتم: "ئەم وێنەیەی سەر ئەم کاغەزە تەواو لەو وێنەیە دەکات، کە لەوێ لەسەر زەوییەکە بەدەردەکەوێت، لە توانای پیاودا نییە (بۆ ویژدان) تەنیا ئەوە بخاتە بەرچاو کە دەیبینێت، مەگەر داوای شتێکی لێ بکرێت لە دەرەوەی وزەی خۆی بێت!.

ئیدی لێی پرسیم: "داخۆ ئەوی نووسراوە هەمووی ئەوەیە، کە (لەسەر زەوییە)"؟!

منیش بۆ جەختکردنەوە گوتم: "لەسەر زەوییەکە، هەمووی ئەوەیە"!!

**

دوای ئەوە بەدرێژی بیرم لێ کردەوە، ئەوی پێی گەیشتم ئەوە بوو، ئەو دەقەی خوێندمەوە هەموو چیرۆکەکە نییە، بەڵکو ئەوی دەیبینێت وادەزانێت وایە، چونکە پاڵەوانی چیرۆکەکە (واتا موبارەک) چ بۆ باشتر یا خراپتر بۆ کوێ ڕۆیشتبێت شتێکی بیر نەکردووە، چیشی کردووە جێپەنجەیەکی جێ نەهێشتووە و واژۆی لەسەر کاغەزێک نەکردووە، مەگەر مەرسوومێکی یاسایی بووبێت بەخەڵک ڕا بگەیەنرێت، ڕێگەش بەهیچ کۆنووسێکی کۆبوونەوە گرینگەکان نەدراوە تۆمار بکرێت، بەڵکو هەموویان بەتەنیایی کراون، لە زۆر کاتدا و بەگشتییش هەڵسوکەوتەکانی وەکو سەرۆک بەدەم بووە و دەسکەوتن و کۆکردنەوە و توێژینەوەیان زەحمەتە!.

ئالێرەدا ئەو قسەیە بەڕاست دەگەڕێت، وادەزانن هەموو شتێک لەبارەیەوە دەزانن (بەوەی بینییان) کەچی لە ڕاستیدا هیچی لەبارەوە نازانن!.

**

* لە ماوەی چەندین ساڵدا (بێ مەبەست) ڕای زۆرێکم لەوانەی دەمناسین بیست.

– هەندێک لەوانەی خێزانەکەی موبارەکیان لە "کفر المصیلحە" دا ناسی، کەسیان تێدا نییە شتێکی دیاریکراو سەبارەت بەو بزانێت، وەکو باسم کرد، لە "سامی موبارەک"ی برایەوە زۆرم لەبارەوە بیستبوو، بەڵام هەموو ئەوانە شتی تایبەتی ناو خێزانەکەین، پاشان کەمێک لە گرێی کوشتنی برا Fratricideی تێدایە، کە کاری من نییە!.

– هەندێک لە هاوەڵانی لە کۆلێجی جەنگی و کۆلێجی فڕۆکەوانی، ئەگەر لێیان بپرسن، دەڵێن "نهێنیی خۆی بەکەس نەداوە" وەکو یەکیان وای دەگوت، دەیانزانی حەزی لە گوێگرتنە لە چیرۆک و گێڕانەوە، هەروەها حەزی لە نوکتە و گێڕانەوەیەتی، بەڵام لەم دیو ئەمانەوە بێدەنگە!.

– هەندێک لەمانە هێندەی هەوڵ دەدات هێندە بیر ناکاتەوە، ئامادەیە بەچالاکیی جەستە تۆڵەی ئەوە بکاتەوە، کە بەچالاکیی ئاوەز لەدەستی داوە، بەدرێژایی کاتیش بۆ ئەمە ئامادەیە.

– هەندێک لەمانە دەڵێن، زۆر گوێڕایەڵی گەورەکانێتی، هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ڕازی کردنیان هەرچییەکی پێ بسپێرن، لە کاتی خوێندندا لە کۆلێجی فڕۆکەوانی هیچ مۆڵەتی وەردەگرێ، بەڵکو هەمیشە ئامادە بوو بەردەوام لە کۆلێجدا وەکو ئێشکگر بمێنێتەوە، کەچی ئەوانی تر چاوەڕوانی مۆڵەت بوون و بەتاسەوەبوون بۆی.

– هەندێک لە هاوەڵانی دەگێڕنەوە، کاتێک کۆلێجی تەواو کرد و لە یەکێک لە فڕگەکاندا دامەزرا، دەکۆشا کاریگەریی هەبێت، بەیانیان بەبەرچاو خەڵکەوە لە پەنجەرەوە بۆ گۆڕەپانی مەشق خۆی فڕێ دەدا و خۆی دەگەیاندە ڕیزەکە، تاکو ببینن چەند خێرا و گورج و گۆڵە.

– هەندێک لە هاوەڵانی دەڵێن، لەگەڵ ئەو فەرمانداناەی فڕۆکەوانی، کە کاری لەگەڵیاندا کرد، پلە

و پایەی بەدەستهێنا، پاشان دوای ئەوەی کەلێنێکی لە وەزارەتی بەرگری دۆزییەوە پشتی لێ کردن، بەتایبەت فەریق "محەمەد فەوزی" و فەریق "محەمەد ئەحمەد سادق"، ئەو خەریکی پۆست و دەسەلات دەبوو، کاتێک دڵنیا بوایا فەرماندەکانی ئاگایان لێ نییە، یاخۆ دەزانن و دەنگ ناکەن، چونکە خواردەستەکەیان (مرۆوس) پێوەندیی خۆی بەسەرەوە پتەو کردبوو!.

– هەندێک لە هاوپیشەکانی لە بنکەی "بلبیس" زۆری لەبارەوە قسان دەکەن، ئەو لەگەڵیاندا بوو کاتێک لە بازاڕی بلبیس گۆشتی بۆ ماڵەوە و ماڵ باوکی ژنەکەی دەکڕی، چونکە هەرزانتر بوو، وەسڵی بەنرخی ئەو شتانەی دەیکڕین دەکرد، تاکو (بەمل وتیاری) بێ ئەوەی بەخۆی داوایان لێ بکات، بەنەرمی پارەکەیان لێ بسێنێت (ئەمەش شوورەیی نییە).

– هاوکارێکی تری باس لەوە دەکات چەند جەزی لە کولێرەی بچووکی پڕ لە پاقلەی سوورەوەکراو یا "طعمیە" بووە، لە ڕۆژانی مۆڵەتدا لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا، کە بەڕێوە بوونە لە بنکەوە بۆ ماڵ زۆربەی دەخوارد.

– دوور لە هەموو یا بەشێک لە هاوەڵ یا هاوکارە دێرینەکانی، ئەوانەی دوای ئەمان هاتنە ژیانی موبارەکەوە هێشتا لەوە پتر نازانن، لە یادەوەرییەکانی یەکێک لە یاریدەرەکانی لەوانەی لە نزیکەوە تێکەڵی هەندێک لە قۆناغەکانی ژیانی بوون، ئەوەیە "سەرسامیی زۆری بەدەوڵەمەندی و دەوڵەمەندان بوو، هەروەها سامان و پارەدارەکان، کاتێک بیزانیایا یەکێک لە هاوپیشەکانی سەر بەخێزانێکی دەوڵەمەندە، پرسیاری بەردەوامی ئەوە بوو شتەکان لە وەسفەوە بکات بەژمارە، دەیپرسی "واتا چەندی هەیە؟"!

– شەیدای ئەوە بوو وردەکارییەکانی ژیانی ئەوانی تر بیستێت، هەر لەو کاتەی ئەفسەرێکی بچووک بوو، تاکو بووە سەرۆک ئەوە سیفەتی بوو.

پاشان هەر ئەم باس لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ موبارەکدا دەکات: "کورە تۆ" ئەوی موبارەک پێویستی پێی بێت و "قوربەسەر" ئەوەیشی ئیشی لای موبارەکە"!

– پیاوێکە چەندێکی بەسەردا تێپەڕێت خراپەی بیرناچێتەوە، یاخۆ بەخراپەی دابنێت، هەرگیزیش باس لە چاکەی کەسێک ناکات، یاخۆ بەچاکەی یەکێکی دابنێت!.

– یەکێک لەو نووسەرە گەورانەی گرینگییان بەئامادەبوونی کۆنفرانسەکانی موبارەک دەدا و بەردەوام بوون لەسەری، ویستیان بەبۆچوونی ڕۆشنبیری هەڵیسەنگێنن: "ئەو نووسەرەیە ئامادەی دەیان کۆنفرانسی موبارەک بووە، بەدرێژایی ئەوەندەی گوێی گرتووە، هەستی نەکردووە موبارەک کتێبێکی خوێندبێتەوە، یا چێژی لە هونەر وەرگرتبێت، یان دێرە هۆنراوەیەکی بەنموونە هێنابێتەوە، یانیش ئاماژەی بەپەندێک بەشیعر یا بەپەخشان کردبێت"!.

**

ڕەنگە سەیرترین شت بیستبێتم، کە دەکرێت بەپەند دابنرێت، ئەوەبێت کە خالد عەبدولناسر

دوای بینینی موبارەک بۆی گێڕامەوە، ئەمەش دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆری خالد لە میسر، لەسۆنگەی تۆمەتبارکردنییەوە لە کێشەی لاوانی ئازادیخوازی میسر، کە لەبارەیەوە گوتیان دەستی هەبووە لە دەستدرێژیکردنە سەر ڕەوەندی ئیسرائیلی لە کاتی هاتنیاندا بۆ میسر دوای پەیماننامەی ئاشتی.

ئەوە بوو موبارەک (بەویژدانەوە بڵێین) لەم کێشەیەدا هەڵوێستێکی بەخشندانەی نواند، دوای ئەو قسانەی کران، ڕێی بەخالد عەبدولناسر دا لە میسر دەرچێت، پاش ئەوەی خالد لە دەرەوە بێزار بوو، گەڕایەوە، موبارەکیش وەکو باوک و کوڕ پێشوازیی لێ کرد.

قسەکانی خالد عەبدولناسر سەبارەت بەئامۆژگارییەکانی موبارەک بۆی، نەمتوانی وەریان بگرم.

مۆچیاریی موبارەک نزیک بەکۆتاییی یەکتربینینەکە ئەوە بوو:

– گوێ بگرە کوڕی خۆم، شتومت بکەیت قەینا، چپەچپ بکەیت قەینا، بەڵام سیاسەت و میاسەت نا!

وەرگێڕانی قسەکەش ئەمەیە:

شتومت مەبەستی بزنسە Business و چپەچپیش (بێ وەرگێڕان ماناکەی دیارە) و ئەوی تریش سیاسەتە!.

پەندەکە ئەوەیە هەموو بوارەکان حەڵاڵن، هەرچی بواری سیاسەتە ئەوا بەتەواوی بۆ ئەو حەرامە!

**

ئەو سیفەتەی ئەوانەی موبارەکیان لە نزیکەوە دەناسی پێداگرییان لەسەر کرد، حەزناکات قسەی باشی لە کەسێکی ترەوە گوێ لێ بێت لەخۆیەوە نەبێت، من خۆم تێبینیی ئەمەم کرد، ئەمەش لە میانەی هەڵوێستێکەوە سەرۆک وەزیرانی پێشووی لبنان "ڕەفیق ئەلحەریری" بۆی گێڕامەوە، وا ڕێککەوت ڕەفیق ئەلحەریری لە یەکەمین سەردانی فەرمیدا بۆ میسر دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران، لە ئوتێلی "شیراتۆن" ئەلجەزیرە مایەوە، دیوارێک نێوانی هەیە لەگەڵ نووسینگەکەمدا، ڕەفیق ئەلحەریری لە سەعات هەشتی بەیانی پێوەندیی پێوە کردم، پێی گوتم زوو لەخەو بێدار بووەتەوە و پرسی داخۆ دەتوانێت ئێستا بۆ لام بێت، منیش خۆشحاڵیم دەربڕی و ڕەفیق ئەلحەریری هات، یەکەمین شت دەستی پێ کرد ئەوە بوو، دوێنێ چاوی بەموبارەک کەوتووە و سەرۆک لە هەڵوێستێکی زۆر سەخڵەتدایە، وەزیری دەرەوەی میسر "عەمرۆ موسا" لە دواخولەکەکانی چاوپێکەوتنەکەدا هاتووە، دوای تەواوبوونی موبارەک لەو شوێنەی لەگەڵ میوانەکەیدا دانیشتبوو، بەرەو دەرگەی هۆڵی کۆبوونەوە ڕۆیشتووە و بەڕێز عەمرۆ موسا لەدوایانەوە بووە.

ڕەفیق ئەلحەریری گوتی: من خۆم و عەمرۆ موسام تووشی شەرمەزاری کرد.

باسی ئەوەی کرد چۆن ڕووپامایی "مجامله" سەرۆکی میسری کردووە بەستایشکردنی وەزیری دەرەوەی.

پێی گوت: جەنابی سەرۆک، لێم گەڕێ با بەبۆنەی چالاکییەکانی وەزیری دەرەوەت پیرۆزباییت لێ بکەم.

موبارەک لە شوێنەکەی خۆیدا وەستا، ناخۆشحاڵی پێوە دیار بوو، لەودەمی عەمرۆ موساش دەیبیست، بە ئەلحەریریی گوت:

– چی..... خۆ وەزیری دەرەوە نەخشەی سیاسەت ناکێشێت... سەرۆک دەوڵەت دەیکێشێت!.

بەوەندە وازی نەهێنا، بەڵکو ئاوڕی لە عەمرۆ موسا دایەوە و پێی گوت:

– عەمرۆ... بۆ ڕەفیقی برامان باس بکە، کە وەزیرانی دەرەوە نەخشەی سیاسەت دانارێژن، بەڵکو تەنیا جێبەجێی دەکەن!

قسەکەی ڕەفیق ئەلحەریری خۆی و وەزیری دەرەوەی میسریشی تووشی شەرمەزاری کرد، وایزانی ئێستا ئەو ستایشی دەکات!.

**

پاشان وارێککەوت گوێم لە چیرۆکێک بێت تارادەیەک لەوی پێشوو بچێت، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەمنەوە هەبوو، ئەوە بوو سەرۆک سەردانێکی فەرمی ژاپۆنی کرد و لەوێ گەورەترین دەزگەی بڵاوکردنەوە "یومیۆری شیمبۆن" ئاهەنگی گێڕا و نیوەڕۆخوانێکیان ڕێکخست، کۆمەڵێک کەسایەتییان بانگهێشتن کرد، میوانە میسرییەکە بەتەنیشت سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی دەزگەی یومیۆرییەوە دانیشت، کە لە جیهانی وەشاندندا زۆر گەورەیە، ڕۆژنامە ڕۆژانەکەی "یومیۆری شیمبۆن" ڕۆژانە ٦ ملیۆن دانەی لێ دابەش دەکرێت، خانەخوێ بەمیوانەکەی گوت، وایزانی ڕووپامایی دەکات:

– جەنابی سەرۆک تۆ خۆت باش دەزانیت یەکێک لە نووسەرانتان لەگەڵ سێ گەورە نووسەری تردا لە وتارێکی مانگانەدا بەشدارە، کە لە یومیۆری شیمبۆندا بڵاو دەکرێتەوە، کە هەر مانگە و بەنۆرە یەکیان دەینووسن، هەر یەکە و حەفتەیەک دەنووسێت، چونکە ئێمە دەمانەوێت وا لە خوێنەری ژاپۆنی بکەین لە پێوەندیدا بێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، (ئەوە بوو یارۆ ناوی هەر چوار نووسەرەکەی هێنا و لەناویاندا منیشی تێدا بووم)!

سەرۆک بەرپەرچی دایەوە:

– بەڵام (ئەویش ناوی منی هێنا) لەگەڵماندا نییە، ئەو یەکێک لەوانەیە، کە بەرهەڵستیم دەکات.

سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی یومیۆری شیمبۆن سەیری هاتێ، بۆیە لەسەر شێوازی ژاپۆنی دەرگەی گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە داخست، ئاماژەی بەمیوانەکەی دا تەماشای قاپێکی کریستاڵی سەر مێزەکە بکات و گوتی:

– جەنابی سەرۆک گوڵە کریزتان بەدڵە؟ ئێستا لە ژاپۆن وەرزێتی!.

**

پێوەندیی سەرۆک موبارەک لەگەڵ خاتو جیهان ساداتدا دیاردەیەکە مایەی لێکۆڵینەوەیە، وێڕای ئەوەی ئەم خاتوونە زرنگە لە قسەکردندا لەسەر پێوەندییەکەی زۆر ئاگادارە، کەچی ئینجاش جار جار هەندێک قسە و چیرۆکی لە دەم دەردەچوو.

لەسەر خوانی شێواندا لە ماڵی ژنەکەی وەزیری کۆچکردوو "ئەمین شاکر" کورسییەکەم بەتەنیشت خاتو "جیهان سادات"ـەوە بوو، دوکتۆر "مستەفا خەلیل"یش بەرابەرمان بوو، قسەکان بەچپەچپ دەکران، خاتوو جیهان دڵتەنگیی خۆی لەوە دەردەبڕی، کە بەرابەری دەکران، گوتی:

– ئەوە موبارەکە لەو کاتی جێگری سەرۆک بوو لەسەر ئەو تێبینییانەی پێی دەدا لێی خۆشنەبوو.

خاتو جیهان تەماشایەکی کردم و گوتی:

– تۆ ڕەخنەت لە ئەنوەر و سیاسەتەکانی دەگرت، دواتر دەزانیت ئەوە ئاگری ئەنوەر ساداتە نەک بەهەشتی حوسنی موبارەک!.

پاشان دڵتەنگی بەسەر وریابوونەکەیدا زاڵ دەبێت و دەڵێت:

– نازانم بۆ ئەنوەر سادات تاکۆتایی گرتییە خۆی.

دواتر قسەکانی ئەوەیان دەگەیاند، کە: پتر لە جارێک سنووری دەسەڵاتەکانی حوسنی موبارەکی بۆ جێگری سەرۆکایەتی وروژاندووە، کەچی (وەکو ئەو دەڵێت) ئەنوەر سادات لە گشت جارەکاندا قسەکانی دەبڕی و پێی دەگوت: چی... (بۆناز بەو ناوەوە بانگی ژنەکەی دەکرد) دەتەوێت پێوەندیت بەسەرۆکی داهاتووی دەوڵەتەوە خراپ بێت؟

قەیرێک لەسەر ئەم بڕگەیەی دواییان وەستام، چونکە بڕینی قسەی وا بێ هۆ نییە!.

**

دوکتۆر مستەفا خەلیل لە بەرابەرمان دانیشتبوو و ئاگای لە هەموو شتەکان بوو، ئەویش لە شوێن خۆیەوە سەرەداوی قسەی لە خاتوو جیهان وەرگرت و باسی ئەوەی کرد کۆبوونەوەیەکی بیر نایەت لەگەڵ حوسنی موبارەکدا ئامادەی بوویێت (ئەوکاتی جێگری سەرۆکی حزبی نیشتمانی و ئەندامی لێژنە باڵاکەی بوو)، پاشان باسی کارێکی جیدی کرا لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی، ڕاستە لە هەموو جارەکاندا خشتەی کار هەبوو، لێ ئەوی هەر بەڕاستی ڕووی دەدا هێندەی نەدەبرد کۆبوونەوەکان چیرۆک و گێڕانەوە دەیگرتنەوە و کۆبوونەوەکە تەواو دەبوو.

مستەفا خەلیل درێژەی پێ دا:

– هەموو سەرلەبەیانییەک ڕۆژنامە هەڵ دەدەمەوە، دەبینم ڕاگەیاندنێکی درێژی سەفوەت شەریفی تێدایە باس لە بابەتەیلێک دەکات قسە و گفتوگۆمان لەسەر کردوون و لە کۆبوونەوەکە

لەبارەیەوە بڕیارمان لەسەر داوە، کەچی لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەک قسەمان لەسەر ئەو بابەتانە نەکردبوو.

هەروەها مستەفا خەلیل درێژەی دەداتێ:

– ئەو چاوی بەموبارەک نەکەوتووە، ئیدی بەسیفەتی جێگری سەرۆکی حزبی نیشتمانی بێت، یا بەو سیفەتەی بەرپرسە لە ڕێژیمەکەدا، ئەگەر بەر لە چاوپێکەوتنەکە لە دەستوپێوەندەکەیەوە ئاگادار نەکرابێتەوە، کە "سەرۆکی فەرماندە زۆر کێشەی هەیە، ئەگەر شتێکت هەیە دەبێتە مایەی دڵتەنگی بۆی، ئەوا ئاگات لەم پیاوە بێت، خۆ ئەگەر شتێکیشت هەیە دڵی خۆش دەکات، ئەوا چی دەڵێی بیڵێ"!

**

بەڵام گشت ئەمانە بەس نین بۆ لێکدانەوەی موبارەک و هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی ئەو، گشت ئەم وەسفانە بەهەموو ئاماژەکانیانەوە بەش ناکەن، ئەمە پیاوێکە بەکارەکەیدا لە بچووکترین پلەوە بۆ بەرزترین پلە سەرکەوت، لەسەر هێڵێکی بەردەوام بێ لەمپەر و ئاستەنگ لەسەر ڕێگەی تێپەڕی.

– پاشان ئەو پیاوێکە ناحەز و ئەوانی ململانێیان دەکرد یەک بەدوای یەک بەبەرچاوییەوە شکستیان هێنا و ئەو دوای هەمووان مایەوە، ئەوەش بەردەوامییەکە پێویستی بەلێکدانەوەی فراوانتر و قووڵتر هەیە لە گشت ئەو شتانەی باو و بەناوبانگن لە چیرۆک و گێڕانەوە.

– پاشان ئەم پیاوە لە ڕیزەکاندا لەپڕ بەرەو لووتکەی دەسەڵات سەرکەوت، ڕەنگە خەڵکەکە لەبەر هەندێک دۆخ قبووڵی بکەن، وەلێ دۆخ لە سی ساڵ پتر درێژەی نابێت!!

– دیاردەیەک ماوە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، ئەویش ئەوەیە وێڕای لە دەسەڵات لادانی، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بازنەی ڕووناکیی جێنەهێشتووە، بەڵکو وەکو کێشەیەکی ورووژێنەر مایەوە و لەسەر هەموو زمانێکە.

گشت ئەمانە کاری ئاسان نین، بەدیاردەکانیان حیسابیان بۆ دەکرێت. دەبێت لەودیوییەوە شتێک هەبێت وەسفەکانی نەیانبینیبێت و بۆچوونەکان حیسابیان بۆ نەکردبێت.

گرفتەکە لەوەدایە ئەم شتە (وای دابنێین بوونی هەیە) نیشانەکانی بەدەرناکەون!.

## دوا پێوەندی!

دواپێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرۆک موبارەک و مندا دوانیوەڕۆی ٢ی دیسەمبەری ٢٠٠٣ بوو، لە ماڵەکەم لە گوندی "برقاش" بووم، کاتێک پێیان گوتم سەرۆک موبارەک لەسەر تەلەفۆنە و دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات، ئەوە بەلای منەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە پێشتر ئیشی بۆ کرابوو!

بەر لەو مامۆستا "ئیبراهیم ئەلموعەلیم" (سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی خانەی شروق) لە

فرانکفۆرتەوە پێوەندیی پێوە کردم، بۆ پیشانگەی ساڵانەی کتێب ئامادە بووبوو، گوتی:

– وامەزندە دەکات ئێستا پێوەندییەکی تەلەفۆنیی گرینگم لەگەڵدا دەکرێت.

پرسیارم کرد، وردەکاری لای ئەو بوو، کە وەزیری رۆشنبیری، مامۆستا فاروق حوسنی لە فرانکفۆرتەوە پێوەندیی پێوە کرد و داوای ژمارە تەلەفۆنی ماڵەکەمی لە برقاش لێ کردبوو، چونکە دەیانویست پێوەندیم پێوە بکەن.

حەپەسانەکەم پتر بوو، چونکە تەلەفۆنەکانی برقاش لە نووسینگەکانی سەرۆکایەتی ناسراون، ئەگەر ئێستا یەکێک بیەوێت، ئەوا لە دەرەوەی کەناڵە سروشتییەکان پێوەندییەکە ئەنجام دەدرێت.

**

پێم سەیر بوو سەرۆک موبارەک بەخۆی دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات، چونکە دەمزانی دڵتەنگی بەوەی دەینووسم و دەیڵێم گەیشتە ئەوپەڕی، ئەو نامەیەی بۆ کۆمەڵەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانم ناردبوو زۆر دڵگرانی کردبوو، نامەکە باسی پڕۆژەیاسایەکی دەکرد بیری لێ کرابووەوە و مەبەستیش لێی کۆتوبەندکردنی ئازادیی رۆژنامەوانی بوو، ئەوە بوو سەندیکا داوای ئامادەبوونیان لێ کردم، منیش پێم باش بوو بەنامەیەک بۆ کۆبوونەوەکە واز بهێنم، کە ئاراستەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەوانانم کردبوو، کە لە بریی من سکرتێری گشتیی سەندیکا لەو کاتەدا، مامۆستا "یەحیا قەلاش" خوێندییەوە، دەقەکە پێکهاتبوو لەوەی دەکرێت بەوە دابنرێت رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربەخۆیە:

١– ئەم یاسایە چۆن سەرودڵی ئێوەی گرت، بەهەمان شێوە منیش، هەروەها سەرودڵی ڕای گشتی و خامە هەڵگران و سەرجەم هێزە سیاسی و سەندیکایی و رۆشنبیریی لەم وڵاتەدا گرتووە.

٢– ئەو شێوازەی گرایە بەر لە نەخشەسازیی ئەم یاسایە و ئامادەکردن و بڕیار لەسەردانی، بەڕای من خراپترین مادەی دەقەکەیە، چونکە رۆحی یاسا لۆجیکی بەدزییەوە و هەڵکوتانەسەر قبووڵ ناکات، بەڵکو لۆجیکی بیندرێژی و گفتوگۆ باوە، یاساش بەپلەی یەک رۆحە، ئەگەر رۆحیشت لە هەر ژیانێک دەرکرد، ئەوی دەمێنێتەوە جگە لە خاکەکە بۆ هیچ شتێکی تر دەسنادات!

رۆحی یاسا بەڕای من لە هەموو تێکستەکانی گرینگترە، تەنانەت ئەگەر مەبەستی دەقەکان راستبوو و مەرامەکانی باش بوون.

٣– بەڕای من ئەم یاسایە ڕەنگدانەوەی قەیرانی دەسەڵاتێکە لە شوێنی خۆیدا پیر بووە و وا هەست دەکات رووداوەکان سنووری دەبڕن، پاشان ناتوانێت لە هەمان کاتدا پێویستییەکانی گۆڕان ببینێت، ئالێرەدا چارەسەر بەپێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بەدی نایەت، بگرە بەتوندکردنەوەی کۆت و بەند و قایمکاریی سنوورەکان دەبێت، وەک ئەوەی بزاڤی بیرکردنەوە و گفتوگۆ و گۆڕان شایان بەوەیە بخرێتە قەفەسەوە.

**

ئەو ڕاگەیاندنەی خرابووە پاڵ سەرۆک حوسنی موبارەک خەمباری کردم، کە لە گشت ڕۆژنامەکانی دوێنێدا (پێنجشەم) بڵاو بووەوە، ئەو قسەیە درابووە پاڵی، کە "ئەگەر ڕۆژنامەنووسان پابەندی پەیمانی شەرەف بوون، ئەوا یاسا نوێیەکە لەخۆوە دەنوێت"، پاشان ئەمەش درابووە پاڵی "پێشوازی لە بیروڕا دەکات، بەو مەرجەی ڕاستگۆ بێت".

لەگەڵ هەموو ڕێزێک بۆ پایەی سەرۆکایەتیی دەوڵەت، یاساکان مانای نووستن نازانن، بەڵکو مانای شەونخوونی دەزانن، ئەوانەش دانانرێن تاکو بەبەخشندەیی، یاخۆ بەئەفسوونی موگناتیس بنوێت، بەڵکو بەهای یاسا ئەوەیە جووڵانەوەی خۆیی بەرز بێتەوە بەسەر ویستی تاکەکاندا.

**

ئیدی گوتەی "دەسەڵات پیربووە" کەوتە سەر هەموو زمانێک، بگرە بووە دروشمی گشت بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتی موبارەک و وامایەوە، تاکو کێشەی میراتگری بەدوایەوە بوو، ئینجا وانەیەکی من لە زانکۆی ئەمەریکایی لە قاهیرە لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا هاتە پێشەوە، تێیدا قسەم لەسەر گریمانەکانی میراتگری کرد، لە مەترسییەکانی ئاگادارم کردنەوە، ئەوە بوو زریانی تووڕەیی لە سەرۆکایەتی و حزب و فەرمانگەکانی دەسەڵات و حوکمدا هەڵی کرد، هۆی تووڕەبوونەکەش ناکاو بوو:

لەلایەکەوە چونکە نهێنییەکە بەئاشکرا دەتەقێتەوە، لەلایەکی تریشەوە چونکە تەقاندنەوەی نهێنییەکە چاوەڕواننەکراو بوو، هەروەها ئەوانەی کارەکەیان بەلاوە گرینگ بوو سەرقاڵی ئەو ئاهەنگانە بوون، کە لە قاهیرەدا بەبۆنەی کردنەوەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەوە دەگێڕرا، کە ئاهەنگەیلێکی ئەفسانەیی بوون فیستیڤاڵی کردنەوەی کەناڵی سوێسی لە ڕۆژانی خدێوی ئیسماعیل و چیرۆکەیلی "یۆجینی"ی ئیمپراتۆریای فەرەنسی بیر دەهێنانەوە (کە میوانی ئەو فیستیڤاڵە و چادرە گەورەکەی بوو، لەبەر نزیکی لە "فردیناند دلیسیپس"ی ئەندازیاری پرۆژەی هەڵکەندنی کەناڵی سوێس).

وانەکەی زانکۆی ئەمەریکایی لە کەناڵی "دریم" لە دوو ڕۆژدا سێ جاران پەخش کرا، پاشان ئاهەنگگێران لە کاریگەرییەکانی ئاگادار بوونەوە، ئەوە بوو زریانی تووڕەیی هەموو ئەوانەی دەستیان لە پەخشکردن و دووبارەکردنەوەیدا هەبوو گرتەوە. ئیدی تووڕەیی ڕووی لە هەر ژن و پیاوێک کرد ڕۆڵیان لە دووبارە پەخشکردنەوەی وانەکەدا هەبوو، ئەوانیش "ئوسامە ئەلشێخ"ی ئەندازیار (بەڕێوەبەری کەناڵی دریم لەو کاتەدا)، لەگەڵ دوکتۆرە "هالە سەرحان"ی (ڕێکخەری بەرنامەکەی خۆی).

دوکتۆر "ئەحمەد بەهجەت"ی خاوەنی کەناڵەکە بەنیمچە پەرجوو قوتاری بوو، دوای ئەوە پێی گوتم:

"ئەگەر بەخشندەیی و توانای پەروەردگار نەبوایا، هێندەی نەمابوو پەخشکردنی ئەم وانەیە بە٢ ملیار جونەیە لەسەری بوەستێت ئەوە بوو بۆ گشت ئەوانەی بەلایانەوە گرینگ بوو هەڵوێستی خۆی

بۆ شیکردنەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەگەریی فەرمی لاپەڕەکانی خۆی بۆ هەڵمەتێکی دڕندانە تەرخان کرد، وەکو ڕاهاتم لەسەر تەماشاکردنی، هەروەها بەلۆجیکی هەر قسەیەک دەلالەت لە وتیارەکەی دەدات پتر لەوەی ئاماژە بەگوێگرەکەی بکات"!.

لە کەشوهەوای وادا شیمانەی ئەوەی سەرۆک موبارەک پێوەندیم پێوە بکات، بەدوور گرت، چونکە باسی میراتگری خۆی بەسەر هەموو پێوەندییەکاندا دەسەپێنێت!.

کەچی کابرا بێ ئومێدی کردم!.

بەوشەیەکیش باسی میراتگری نەکرد، بگرە هەموو ئەوانەی گوتی باسیان لە بابەتێکی تر دەکرد، کە پێشبینیم نەدەکرد!.

**

دەنگی سەرۆک موبارەک بێ هیچ پێشەکییەک بەرگوێم کەوت:

– کورە کابرا بۆ وا لە تەندروستیت دەکەیت؟!.

کاغەز و خامەیەکم لەسەر مێزەکە دانابوو، پێنووسەکە وێستا و پرسیارەکەی سەرۆکم دووبارە کردەوە، کە ڕووبەڕووم کرابووەوە:

– جەنابی سەرۆک، چیم لە تەندروستیم کردووە؟!

– تۆ بواری چارەسەری پێویست بەخۆت نادەیت، چییەکەیت؟ دەبێت هەر ئێستا بۆ ئەمەریکا سەفەر بکەیت و لەوێ چارەسەرەکەت تەواو بکەیت، چونکە تەندروستیی تۆ نەک هەر بۆ خۆت بگرە بۆ وڵاتیش گرینگە، تۆ خزمەتی گەورەت بەمیللەت کردووە و ڕۆڵت لە ژیانی گشتیدا گەواهی ئەوە دەدات.

ڕاستی سەیرم هاتێ، بایی ئەوەندە لە ڕای موبارەکم سەبارەت بەهەڵوێستەکانم دەزانی، نازانم چی لەبارەیەوە بنووسم یا بڵێم، نەم دەتوانی بێ پێویستی گەڕانەوە بۆ ئەوی لە یادەوەریمدایە، یاخۆ خوێندنەوەی مەرامەکان، جگە لە سوپاسکردنی سەرۆک بۆ ئەو دەستپێشکەرییەی. وەڵامەکەی منیش ئەمە بوو:

– سوپاس بۆ گرینگی پێدانەکەی و هەواڵپرسینی لێم. پاشان ڕاڤەم کرد:

– سوپاس بۆ یەزدان ئێستا تەندروستیم باشە، ئەو دەزانێت بۆ چوار ساڵ دەچێت نەشتەرگەرییەکم کردووە و بیرم خستەوە، ئەوکات زەحمەتی کێشا و سێ جار لە نەخۆشخانەی کلیڤلاندی وڵاتە یەکگرتووەکان پرسیاری کردم، دوای نەشتەرگەرییەکە چەند جارێک گەڕامەوە کلیڤلاند و یەک جار بۆ ئۆماها، بۆ پشکنین و بەدواداچوون چووم، ئێستا کوڕە گەورەکەم، کە مامۆستایە لە کۆلێژی پزیشکی ئاگاداری دۆخەکەمە و بەردەوام لەگەڵ پزیشکەکانم لە ئەمەریکا لە پێوەندیدایە، تەندروستیم (لە سایەی خواوە) جێگیرە، هیچ شتێکم نییە مایەی نیگەرانی بێت!.

سەرۆک قسەکانی بڕیم و گوتی: نا، نا، ئەم نەخۆشییە بەیەک جار چارەسەر ناکرێت، گوێم لێ بگرە.

بۆچوونی خۆی بۆ من ئاشکرا کرد: جارێکی تر تەندروستیم گرینگە، دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا و دووبارەی دەکەمەوە "گەڕانەوە"، پاشان بابەتێک هەیە دەیەوێت بەکراوەیی لەبارەیەوە قسەم لەگەڵدا بکات، وێڕای ئەوەی سەبارەت بەوەی بەکبریای وەسف دەکەن زۆر دەزانێت، کەچی سەرەڕای ئەوەش ناچارە ئاگادارم بکاتەوە "تێچووی چارەسەرکردن لە ئەمەریکادا (ئاگرە)، ئیدی خاوەنەکەی چەندی هەبێت. پاشان سەرۆک دەگاتە لووتکەی قسەکانی و دەڵێت:

– ئەمجاریان تێچووی چارەسەرکردنەکەت لەسەر حسێبی دەوڵەت نییە، هەروەها لەسەر حسێبی ئەهرامیش نییە، بەڵکو لە منەوەیە، لەبەینی خۆماندا بێت ڕاستەوخۆ بێ یەکێکی تر.

ناڕازی بووم: جەنابی سەرۆک تکایە، هیچ کات دەوڵەت خەرجی چارەسەرکردنی منی لە ئەستۆ نەگرتووە، ئەهرامیش "ملیمێک چییە بۆ چارەسەرکردنم نەیگرتووەتە ئەستۆ، تەنانەت ئەوکاتیشی کە بۆ حەڤدە ساڵ سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕییەکەی و سەرنووسیاری بووم، هەمیشە خەرجیی خۆم لە ئەستۆی خۆم بووە، ئەمەشم بەمافی خۆم و مافی ئەوانی تر داناوە، بەتایبەت گەر توانای ئەوەم هەبووبێت.

سەرۆک وەڵامی دایەوە:

– ئەو دەزانێت دەوڵەت خەرجییەکەی لە ئەستۆ نەگرتووە، هەروەها ئەهرامیش، بەڵام ئێستا پێویستیی تەندروستیم شتی تری دەوێت، تاکو نەخۆشییەکە سەرهەڵنەداتەوە. دووبارەی کردەوە "پرسە داراییەکان" لای خۆی دەبن، بۆت هەیە بێ سنوور داوا بکەیت، من زۆر شت سەبارەت بەکەللەڕەقییەکەت دەزانم، بەڵام "... کەمێک وەستا و دەستی پێ کردەوە":

– محەمەد بەگ... نەخۆشییەکەت قورس نییە!! پاشان گوتی: شێرپەنجە گاڵتە نییە" و چارەسەری زۆری تێ دەچێت، بەتایبەت لە ئەمەریکا ئاگرە و ئێمە بۆ چارەسەرکردنی سوزی (مەبەستی ژنەکەیەتی) تاقیمان کردەوە.

ڕاستی خەریکبوو هەستێکی دژ بەیەک بزێتە هزرمەوە:

– لەلایەکەوە کابرا بەقسەکانی گوزارشت لە بایەخپێدانێکی ڕوون دەکات، ئەمەش دانپێدانانێکە بەفەزڵی ئەو.

– لەلایەکی ترەوە باسکردنی پارە بەبێ سنووری و بێ خۆپارێزی بۆ من مایەی نیگەرانی بوو، ئیدی ئەگەر نیازی وتیارەکەی چەند باشیش بووبێت!

بەرپەرچم دایەوە: جەنابی سەرۆک، دەمەوێت هەڵوێستی خۆمت بخەمە بەرچاو:

ئەو نەشتەرگەرییەی بەر لە چەند ساڵێک کردم، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بوو، بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەش من لەژێر چاودێریی پزیشکی بوومە و بڕوام پێیان هەیە، ئیدی ئەگەر لە میسر

بووبێت، یا لە ئەمریکا، بەر لە چەند مانگێک هەستم بەشتێک کرد، گەڕامەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و سوپاس بۆ خوا دەرکەوت ئەوە دەرنەچوو، کە پێشبینیمان دەکرد.

ئەگەر خوانەخواستە شتێکی نوێ دەربکەوتایا، ئەوا پزیشکەکانم بەپێی ئەوەی دەیبینن، پێشنیازی کوێم بۆ بکەن بۆ ئەوێ دەڕۆم. خۆ ئەگەر ئەمەش ڕووی دا، ئەوا بەپەنای خوا توانای خەرجیی چارەسەرکردنم هەیە، ڕاستی ئەوی نووسیومن و بڵاوم کردوونەتەوە لە کتێبەکانم بەچەندین زمانی زیندووی دنیا بایی ئەوەی بۆ هێشتوومەتەوە بەشی ئەوە بکات و بەزیادیشەوە.

هەروەها گوتم: من سوپاستان دەکەم بۆ ئەو بایەخ پێدان و بەخشندەییەی نواندتان، بەڵام بڕوام وایە کەسانێک هەن لە من پتر ئاتاجی ئەوەن، بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر پارەکەم دەرۆست نەهات، ئەوا دەگەڕێمەوە لاتان، وای دادەنێم ئەوی خستتانە بەردەمم "یەدەکی ستراتیجییە"، ئەگەر پێویستم پێی بوو دەگەڕێمەوە سەری، هەرچی ئێستایە شتێک نییە وام لێ بکات بەکاری بهێنم!.

سەرۆک وەڵامی دایەوە: تۆ هێشتا کەڵلەڕەقی دەکەیت، پێم گوتی نەخۆشییەکەت گەورە نییە و تێچووی لە ئەمەریکا بەرگەی ناگیرێت، پاشان پێم دەڵێی یەدەکی ستراتیجی، یەدەکی ستراتیجی مانای چییە؟.

بەسەرۆکم گوت، هەموو قسەکان مایەی شەرمن: جەنابی سەرۆک، داخۆ دەبێ من بم مانای یەدەکی ستراتیجیت بۆ ڕوون بکەمەوە؟ تۆ بەپاشخانی سەربازیتەوە لەمن و یەکی تریش باشتر مانای یەدەکی ستراتیجی دەزانیت، ئەوی مەبەستمە ئەوەیە ئەوی ئامادەبوونتان تێدا دەربڕی بودجەیەکە لە پاشخانی بیرکردنەوەمدایە، بوونیشی خۆی لە خۆیدا خاترجەمم دەکات، تەنانەت بێ بەکارهێنانیشی، بۆ ئەوپەڕی پێویستی هەڵی دەگرم، بەڵام ئەم ئەوپەڕی پێویستە لەم کاتەدا ئامادە نییە!.

سەرۆک گوتی: دەکرێت ئەم قسەیە لە ڕۆژنامەکان بنووسن، بەڵام هیچ سوودێکی نییە.

تەلەفۆنەکەمان کۆتاییی هات، بەهەموو شێوەیەک کۆشام دۆستانە بێت، بێ ئەوەی داوای لێبوردنەکەم لەوی پێشنیازی بۆ کردم، وەڕسی بکات.

**

بۆ چەندین سەعات قسەکانی مێشکیان داگرتبووم، ڕاستییەکەشی حەپەسابووم لە لێکدانەوەی مەبەستی:

– ئەو بەتاقە وشەیەکیش باسی ئەوەی نەکرد لە وانەی بەرهەڵستیکردنی "میراتگری"دا وتبووم، بەتاقە وشەیەکیش لە میانەی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییەی پتر لە بیست خولەکی خایاند، ئاماژەی پێ نەدا.

من وام وێنا کرد ئەو ڕووداوە لە گوتارێکی سوپاسکردنی نووسراودا تۆمار بکەم و وەکو وەفادارییەک بۆی بنێرم، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی سەرچاوەیەک هەبێت بواری خراپ تێگەیشتن نەدات.

ئەوە بوو دانیشتم و گوتارێکی کورتم نووسی، سەرجەم ئەوەی لە نێوانماندا ڕووی دا تۆمارم کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

قاهیرە لە ٢٠٠٣/١٢/٣دا

جەنابی سەرۆک..

نازانم چۆن باس لە هەستکردنم بەپیاوەتییەکەتان بکەم، هەروەها لەگەڵ ڕێزم بۆ پێوەندییە تەلەفۆنییەکەتان لە ئێوارەی (سێشەم ٢ی دیسەمبەر) پرسیارتان لە تەندروستیم کرد و بایەختان پێ دام، بڕوام وایە پێشنیازەکەتان سەبارەت بەپێویستی چوونم بۆ پشکنین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەجێی خۆیدا بوو و ڕاستەقینە بوو، ئەمەش بەحوکمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا. من خۆم لە مانگی مایۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووم، کاتم دانابوو لەگەڵ دوکتۆر ئارمیتاژی ڕاگری کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی نبراسکا (ئۆماها)، کە پێی گوتم ناودارترین پسپۆڕی ئەو نەخۆشییەمە، کە لە سەرەتای هاویندا تووشی هاتم و فشاری هێنایە سەر قوڕگم و تەنانەت کاری لە دەنگیشم کرد.

ئەوە بوو دوکتۆر ئارمیتاژ پلانی چارەسەرکردنی بۆ دانام و لە میسردا ئەنجام درا، هەست دەکەم تا ئێستا ئەنجامەکانی بەپلەیەکی بەرز سەرکەوتوون، پشتیوان بەخوا دەمەوێت بگەڕێمەوە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرێکی تر.

من ناتوانم باسی ئەوەتان بۆ بکەم چۆن ئەو کارە بەخشندەیەتان سەبارەت بەتێچووی چارەسەرکردنەکە کاری تێکردم، ئەو قسەیەتانم بەدڵ بوو کاتێک ئاماژەتان دا، کە جەنابتان (نەک دەزگایەک یا دەوڵەت) دەیگرنە خۆتان، بۆ ڕێزگرتن، "وەکو فەرمووتان" لە پیاوێک نرخی خۆی هەیە، داواشم لێ دەکەن بێ خۆپارێزی چیم بوێ بۆمی بکەن، ئەمەش بەخشندەییەکی مەزنە.

جەنابی سەرۆک، ئەوی زیاتر خۆشحاڵی کردم، خۆتان باش دەزانن چی دەنووسم و چی دەڵێم، کە جیاوازم لەگەڵ هەندێک بۆچوونی سیاسەتی میسریدا، با هەستتان بەم شێوەیە دەرکەوێت، کە هەر وا دەرکەوتووە، ئەمەش نیشانەی هەستی پڕ لە ڕاستگۆییە، دەتوانێت دووبەرەکی لە نێوان گشتی و تایبەتی، سیاسی و مرۆییدا نەهێڵێت.

ئەو قسەیەتانم زۆر بەدڵ بوو "نەخۆشییەکەتان گەورە نییە" چونکە تێچووی چارەسەرکردن لە ئەمەریکا زۆر گرانە، هەر بەکردەنیش وابوو، دوو جار پێشتر ئەمەم تاقی کردووەتەوە، بەڵام تەندروستی بەنرخترین شتە مرۆڤ بەتەنگییەوە هاتبێت.

من ئەو پێشنیازەی بۆتان کردم لای خۆم دەیپارێزم، هەر کات پێویستم پێی بوو

دەگەڕێمەوە لاتان، وەک ئەوەی یەدەگی ستراتیجی بێت (وەکو دەڵێن) بوونی ئاسوودە و دڵنیامان دەکاتەوە، ئەمەش چاکەیەکە بیر ناکرێت، ئەوی مەبەستی وابێت، شایانی هەموو چاکە و پیاوەتییەکە.

هەرخۆشبن (جەنابی سەرۆک) لەگەڵ دڵسۆزانەترین و قووڵترین سوپاس، ڕێزم قبووڵ بفەرموون.

محەمەد حەسەنێن هەیکەل

**

لە ڕاستیدا ئەم دەقە، وێڕای هەموو نووسینەکانم، زەحمەتترین شتە نووسیبێتم! نەم دەتوانی نکوڵی لە چاکەی ئەو پیاوە بکەم، تەنیا توانیم لێبوردنم سەبارەت بەو پێشنیازەی بۆی کردم تۆمار بکەم، هەر بۆ تاقیکردنەوە کاریگەریی گوتارەکەم لەسەر ئەوانی تر تاقی کردەوە، کە بەپێچەوانەی نەریتەوە ژمارەیەک لە سەرنووسیاران بینیبوویان، لەوانەی ئەوکات پێوەندییان پێوە کردبوو، لە نێویاندا مامۆستا (ئیبراهیم نافع)ی سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی "ئەلئەهرام"، هەروەها مامۆستا "ئیبراهیم سەعدە"ی سەرۆک ئەنجوومەنی کارگێڕیی "اخبار الیوم".

ئیدی لە موبارەکەوە وەڵام یا پێوەندییم پێ نەگەیشت، بەڵکو ئەوەی شێوە پەرچەکردارێکی پێ ڕاگەیاندم دوکتۆر ئوسامە ئەلباز بوو، کە هات بۆ دیدەنیم و گوتی:

– گوتارەکەی خوێندووەتەوە، دەقەکە بەئاگاداریییەوە نووسراوە، بەڵام "ئوسامە" بەڕوونی تێگەیشت من ویستوومە ڕووداوەکە تۆمار بکەم.

بەئوسامەم گوت: جارێکی تریش ئەوی تێی گەیشتووە، دروستە.

ئەوی مایەی سەیر بوو، یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکان لە ئەندامانی لێژنەی سیاسی جارێک بۆی نووسیم و لێی پرسیم چیم لەم بەرهەڵستکارییە بەردەوامەی سیاسەتی سەرۆک دەوێت؟ هەر ئەویش بەخشندە بوو "لەگەڵت"، ئامادەبوونی خۆیشی ڕاگەیاند لە حیسابی خۆی چارەسەرت بکات، تۆ بووی داوای لێبوردنت کرد و نەتویست، ئەوە بوو بۆ خەڵکی و لە کەناڵی جەزیرەوە لە جێڕەوتی (سیاق) قسەکردن لەگەڵ پەخشکەرە درەوشاوەکەیدا، مامۆستا "محەمەد کریشان" گوتت: "گەر سەرزەنشتم دەکەن لەوەی ئامادەیییەکەیانم ڕەت کردەوە، ئەی چی دەبوو گەر قبووڵم بکردایا؟

**

دوای ئەوە پێوەندییەکانی لەگەڵمدا وەستان، بەڵام گفتوگۆی من لەگەڵ سیاسەتەکانیدا نەوەستا، تاکو گەیشتینە ساڵی ٢٠١٠، ڕای من وابوو ڕێژیمی موبارەک لە لایەنی مێژووییەوە تەواوبووە، ئەگەرچی لە لایەنی سیاسییەوە لە میسر لە لوتکەی دەسەڵاتدایە و گواستنەوەیەکی پێویست بۆ دەسەڵات بەڕێگەوەیە، دەبێت کاری بۆ بکرێت، وێنایەکی تەواوم خستە بەرچاو ئەوی ناوم نابوو "ئەنجوومەنی دەستپاکانی دەوڵەت و دەستوور" لە بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوەدا پێی

هەڵدەستن، بەئامادەبوونی هێزە چەکدارەکان، بەنوێنەرایەتیی موشیر "محەمەد حوسێن تەنتاوی".

بۆ ئەندامێتییش ناوی کەسانێکم هەڵبژارد خەڵکەکە خۆیان ناویان هێنابوون، وەکو پاڵێوراوی پیاوچاک بۆ سەرۆکایەتی، ئەوی سەیرە زۆربەی زۆری ئەوانەی من هەڵمبژاردن بۆ سەرۆکایەتی، ئێستا لە سەری لیستەکەن بۆ پێشبڕکێی سەرۆکایەتیی کۆمار دوای ٢٥ی ینایەری ٢٠١١.

ئەوە بوو تێکچڕژانی شەڕێکی گەورە دەستی پێ کرد:

ئەوکاتی پێشنیازی ئەوەم کرد دەسەڵات بگوازرێتەوە و ئەنجوومەنی دەستپاکانی دەوڵەت و دەستوور بەڕێوەی ببەن و هێزە چەکدارەکانیش لەو دیمەنەدا ئامادە بن، پرسیاری ڕۆژنامەکانی سەر بەموبارەک ئەوە بوو، ڕەنگە لایەنی تریش بایەخیان بەکێشەی گشتیی میسر دابێت، ناڕەزاییەکەیان لە دروستیی ئەو لۆجیکەی لە بناغەوە پشتم پێ بەست ئەوە بوو:

چۆن داوای ئەوە دەکەم پرۆسەی گواستنەوە بەڕێککەوتن لە دەسەڵاتدا دوای موبارەک، لە کاتی بوونی ئەو لە لووتکەی دەسەڵاتدا، باشە چی وا لەو پیاوە دەکات قابل بێت، لە کاتێکدا ئەو دەیەوێت حوکمکردنەکەی هەتاهەتایی بێت، مادامەکی "دڵی لێ دەدات و هەناسە دەدات" (بەپێی ئەو گوتارە بەناوبانگەی لەم دواییانەدا دای)، پاشان کابرا بیر لە جێگرتنەوەی دەسەڵاتەکەی دەکاتەوە، هەموو کەللەڕەقییەکەیشی لە خاڵێکدایە، چۆن میراتگری لە ماوەی ژیانیدا ڕوو دەدات، یا دوای تەمەنێکی درێژ، ئەودەمی دەمرێت؟!.

وەڵامی من بۆ هەموو ئەوانەی لەوبارەیەوە پرسیاریان لێ کردم:

گشت وەڵامێکی سیاسی لەسەر قەبارەی فشارە بەردەوامەکان وەستاون، لەو کاتەدا نەم دەتوانی بڵێم: تەنانەت ئەگەر دابەزاینە سەر شەقامەکانیش!.

هەروەها مەترسییەکانیش لە گشت حاڵەتەکاندا تەنیا وریایی و ئاگاداری ڕووبەڕووی دەبێتەوە!

**

پرسیاری زۆر دووبارە ئەوە بوو، گواستنەوە لە موبارەکەوە بۆ کوڕەکەی، بەئاشکرا و بەنهێنی هەردووکیان بڕوایان وابوو پرۆسەیەکی زۆر زەحمەت و پڕ لە مەترسییە، چونکە وەبەرهێنانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و میسریی هەیە، هەمووشیان دەیانەوێت ڕێژیمەکە بمێنێت، ئەگەر بێ ئەو پیاوەش بێت.

هەموو مەترسییەکەش لە هۆکارە ناوچەییەکان بوو، لەگەڵ هۆکاری دەرەوە، بەتایبەت لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

کاتێک ینایەری ساڵی ٢٠١١ هات، قسەکەی "ئەندرێ مۆروا"م بیر هاتەوە:

"ئەوی مەزەندەی ناکەین هەمیشە ڕوو دەدات، دوورترین مەزەندە لە بەدیهاتنندا نزیکترینیانە "!

ئەوانەی وەبەرهێنانەکانیان لەسەر موبارەک داناوە، لە هەموویان بەپەلەتر بوون بۆ وازهێنان لێی، ئەمەش دوای ئەوەی سووربوونی بارستە جەماوەرییەکان و پێشەنگانی گەنجانیان پێکەوە

بینی، کە میللەت "ڕووخانی ڕێژیم"ی دەوێت.

ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە یەکەمینەکان بوون، وەبەرهێنانەکانی خۆیان لە موبارەک کێشایەوە، نەخشەیان ئەوە بوو میسر نابێت جارێکی تر لەدەستیان دەرچێت، ئەوە گرەوی ڕاستەقینەیان بوو.

ئالێرەدا ئەوە گەورەترین هێدمە بوو تووشی موبارەک هات، واتا وێڕای ئەوەی دەریای خۆپیشاندانەکان و پلەی ڕەتکردنەوەی یەکجاری بۆ کوڕەکەی بینی، تا دواساتیش قەناعەتی وابوو کە گشت ئەمانە ڕێکخراون و کەسانێکن پاڵنراون، بەڵام ڕێکخراو و ئاراستەکراون، ڕەتکردنەوەکەشیان بۆ کەسی ئەو نەبوو، بەڵکو مەبەستی ڕاستەقینە ڕووخانی دەوڵەت بوو، ئەویش هێشتا توانای خۆڕاگری هەیە، وەلێ ئەوی چاوەڕوانی نەدەکرد و حیسابی بۆ نەکردبوو، کشانەوەی گرەوی ئەمەریکایی بوو، ڕەنگە ئاشکراکردنی ئەوی لە مێشکیدا بوو، ئەو گفتوگۆ تەلەفۆنییە بووبێت، کە لە نێوان خۆی و "بنیامین ئەلیعازەر"ی دۆستی بوو، کە لە نیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ی فبرایەری ٢٠١١دا و دوای وازهێنانی لە سەرۆکایەتیی کۆمار و کردنی "شرم الشیخ" بەشوێنی نیشتەجێ بوونی، ئاشکرا بووبێت.

لەم گفتوگۆ تەلەفۆنییەدا، کە چەندین ڕۆژنامەی ئیسرائیلی هەواڵ و وردەکارییەکانیان بلاّو کردەوە، هەروەها بنیامین ئەلیعازەر بەخۆی بەدرێژی سەبارەت بەوە قسانی کرد و ئەوەی گێڕایەوە "موبارەک" نیو سەعاتی تەواو وەکو هاوەڵێک سکالاّی دەردەدڵی خۆی بۆ دەکرد، کە چۆن ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتی تێ کردووە، کە ئەمەریکا نکوڵی لە هەموو ئەوانە کردووە پێی هەڵساوە، ئەوی مایەی سەیرە لە هەڵچوونەکەیدا خۆی وا دادەنات قوربانیی دانپێنەنانی ئەمەریکایە، ئەمیش وەکو "شای ئێران"، شا قوربانیی کارتەر بوو، ئەمیش قوربانیی ئۆبامایە!

پاشان موبارەک بەپێی "ئەلیعازەر" ئەوەش دەڵێت:

ئەوانە (هەندێک لەوانەی ولاّتە یەکگرتووەکان" ڕۆژێک پەشیمان دەبنەوە لە پشت لێکردنی، ئەوی جێی داخە موبارەک ئەوەی بەبیردا نەهات خۆی ژیوان بێتەوە، لەوەش جێی داختر ئەو کابرایەی دنیا بینی بەڕاکشاوی لەسەر قەرەوێڵەیەکی پزیشکی دەچێتە گرتگەکەی دادگەی کەتنی میسری، بێ هەستکردن بەکبریا خۆی نەبان کردبوو، وادەهاتە بەرچاو بێ ئاگایە، دوور لە هەستکردن بەکبریا، نە کبریای مرۆڤ، نەیش کبریای مێژوو!

**

لەبان هەموو ئەمانەوە میسری لە ناوەندی کێڵگەیەکی پڕ لە میندا جێهێشت!.

# گرێی میراتگری

پرسیارەیلێکی زۆر لە "موبارەک" سەبارەت بەمیراتگری و هەر جارەی وەڵامێکی جیا!

کێشـەی مـیـراتـگری دیارترین بەڵگە و سـەلماندنە بۆ ئەو وتەیەی دەڵێت، ئەوانـەی هـەمـوو شـتێک لەبارەی موبارەکەوە دەزانن، لە واقیعدا هیچ شتێکی لەبارەوە نازانن!.

زۆرێک لەوانەی مـوبارەک دەناسن، گـەیشـتنە ئەو باوەڕەی دەیـەوێت کـوڕە بچـووکـەکەی بخـاتە شــوێن خـۆی، ئەوەش پڕۆژەیـەکـە بەجـدی کــاری لەســەر دەکــات، من یـەکـێک نەبووم لـەوانەی مـوبارەکـیان دەناسی، کـەچی ئینجـاش هـەسـتـەکـانم (بێ بەڵگە پشـتـیـوانـیـیـان دەکرد)، کـابرا لە هـەستی ناوەوەیدا ئەمەی نەدەویست، نە بەبیرکردنەوە و نەیش بەهەست، بەڵکو ڕەنگە لە قسەکردن لەبارەیشییەوە خۆی بەدوور بگرێت، چونکە ئەوەی بیردەخاتەوە، کە ئومێدەوارە لەبیری بکات!.

بەمــانایەکـی ڕوونـتــر لاری لەســەر ئەوە نیـیـە کـوڕەکـەی ســەرۆکـایەتی بگرێـتـە دەست، بەڵام هـەڵسوکەوتەکانی ئەوە ئاشکرا دەکەن ئامادە نییە ئەمـە لە ژیانیدا ڕوو بدات، ئەو لە تەڵەزگـەیەکی ڕاستـەقینـەدایە، چونکە ئەو لە دۆخی یەکێکدایە قایل بێت و قایل نەبێت، قەبووڵ دەکات بێ ئەوەی ئیرادەی قبووڵی بکات، قەبووڵیش ناکات مادامەکی ئیرادەی هەیە!.

ئەوانی لێوەی نزیکن فشـاری دەخـەنە سـەر و بەردەوامـن لە پاڵەپەسـتـۆ خـسـتنە سـەری، مکوڕن لەســەر ئەوەی ئەگــەر مـیــراتـگرییــەکــە لە بەردەمی خــۆی و بەئیــرادەی خــۆی ڕوو نـەدات، ئەوا بەدیهێنانی ئەستەم دەبێت لە نەبوونی ئەو و نەبوونی دەسەڵاتەکەی!.

گـرێکە لەوەدایـە کـابـرا لای خـۆیـەوە ئامـادە نییـە، بەڵام هـەندێک ئامـاژە دەدات کـە مـانـای ئەوە دەگـەیەنن قـبـووڵی بکات، ئەویش خـاوەخـاو و پێـچـوپەنای تێ دەخـات و نـە بەڕاسـتـی دەڵێت "بەڵێ"، نەیش بەیەکــجـاری دەڵێت "نا"، چونکە دەیەوێت خــۆی لە فــشــارێکی "نـاسک" بپــارێزێت وەکــو بەرکەوتنی ئاوریشمە، هەندێک جاریش بەکێشی تەنێک لە ئاسن"قورس"ە!.

لەو حــاڵانەدا هەندێک قـســە بڵاو بوونەوە ســەبارەت بەپلانەیلێک دادەڕێژرێن وســیناریۆیـەلێک ئامـادە دەکرێن، چاوەڕێی بۆنـەیەکن بێت، یا لەوەدەکا بەڕێوە بێت، پاشـان هـەمـان پڕۆژە دەخـرێتـە ڕوو، بۆنەکانیش تێپەڕ دەبن و هیچیش ڕوونادات!.

**

پێداگرتن لەسـەر ئەو پلان و سیناریۆیانە گەیشـتە ڕادەیەک خـەریکبوو هـەر بەڕاسـتـی بێتـە دی، ئەودەمی سـەرۆک مـوبارەک نەیتـوانی لە بەردەم ئەنجـوومـەنی گـەل لە مـانگی نۆڤـەمـبـەری ٢٠٠٣دا قسـە بکات، گـوتیـان (ئەوانی وایان گوت لە ناوەوە بـوون) ئەوکـاتی سـەرۆک نەیتـوانی و خـەریکبـوو بکەوێتـە سـەر زەوییـەکە و دانیشـتـنەکە بۆ مـاوەی نزیکەی سـەعـاتێک دواخـرا، لە چاوەڕوانی ئەو بۆچوونانەی لە دەرەوەی لێکدانـەوەی مرۆڤـە، شـتێک بەمـێشکی یـەکێک لە بەرجـەسـتـەترین پیـاوانی کــۆشکدا هـات، لە حــاڵەتی ڕوودانــی هـەر ناخــۆشــیــیــەک، کــە دەور و خــولی ئەو هۆڵەیـان دابوو

موبارەکیان بۆ گواستەوە و پزیشکەکانی دەوریان دابوو، ڕەنگبوو سەرۆک ئەنجوومەنی گەل ڕای گەیەنێت، کە قەزای خوا گەیشتە کۆتایی و لەودەمی ئەنجوومەن هێشتا لەژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەدایە، فرمێسک دەڕێژێ و خەم دەخوات، ژمارەیەک پەرلەمانتاری حزبی نیشتمانی دێنە پێشەوە و پێشنیازی ئەوە دەکەن متمانە بەکوڕەکەی بدەن، وەکو وەفادارییەک بۆ باوکە و ڕێزگرتن لێی و بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازەکەی، خاوەنانی ئەم پێشنیازە گومانیان لەوەدا نەبوو، کە دەنگدان لەسەری بەڕازیبوون زۆر دەبێت.

ئەوی مایەی سەیرە، ئەمەش بەشێک لەو گێڕانەوانەیە کە شایەتحاڵی هەیە، خاوەنی ئەم پێشنیازە بەچرپە چرپ بەیەکیان گوت، لە کاتێکدا پزیشکانی موبارەک دەورەیان دابوو و نەخشەی دڵیان دەکێشا و ترپەی دڵیان دەگرت و دەرزییان لێ دەدا و ئەوانی تریش سەرقاڵی ئەوە بوون چی دەبێت ئەگەر هەوڵەکانیان بێ ئەنجام بوو، بۆ ورد قسەکردن نەم بیستووە کەسێک ئەم قەیرانەی بەژنەکەی سەرۆک وتبێت، ئەوانی خاوەن ئەم بیروڕایە بوون دەیانویست "لە ساتی نیگەرانییەکەیدا تووشی سەخڵەتی نەکەن، هەروەها ترسان سەخڵەتییەکەی کاردانەوەیەکی سەرپێییانەی هەبێت"، ئەوە بوو لەو هەڵسوکەوتەیان بەردەوام بوون، تاکو یەکێک لە پزیشکەکان هات و پێی گوتن "سەرۆک باشە و دەتوانێت دوای چارەکە سەعاتێک بگەڕێتەوە گوتارەکەی تەواو بکات، بۆ دوورکەوتنەوە لە قسە و قسەڵۆک، ڕەنگە لە ئەنجوومەن دەر چێ بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە دانیشتووانی هۆڵی ئەنجوومەنی گەل ببینن"!

دەرفەتەکە ڕۆیی، بەڵام ئەوانەی خەونیان بەپلان و سیناریۆوە دەبینی بیریان نەچووەوە، هەلەکە بەدەرکەوتەوە و هەمان شت دووبارە بووەوە، ئەودەمی سەرۆک موبارەک بۆ نەشتەرگەری چووە هایدڵبێرگ، وایان زانی زامن نییە، هەمان شت دووبارە بووەوە، کاتێک بیر لە سەرۆکایەتیی پێنجەمی سەرۆک موبارەک کرایەوە، ئەمجاریان پێشنیازی ئەوانە ئەوە بوو سەرۆک لە دواساتدا بێ و گوتارێک بڵێت ئەوە بگەیەنێت، کە "لەبەر تەمەن و تەندروستی کوڕەکەی وەکو جێگرەوەی دادەنێت"، وەلێ هەوڵەکان دەگەیشتنە خاڵێکی دیاریکراو، پاشان وادەردەکەوت ئەو گەرم و گوڕییە خاو دەبێتەوە و هەنگاوەکانی سست دەبنەوە تا بەیەکجار وەستا، ڕەوڕەوەکە، لەوکاتی بیرۆکەی میراتگری لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا بەسەر شەرمدا ڕۆچوو دەسووڕێتەوە و بەردەوامە!.

**

هەرچەندە من زوو کێشەی میراتگرییەکەم لە وانەیەکدا لە زانکۆی ئەمەریکایی (ئێوارەی ڕۆژی ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢) وروووژاند، هەندێک شتم تێبینی کرد و بیست، کە مایەی ترس و گومان بوون، هەروەها وابزانم کەسانی تریش تێبینیی ئەمەیان کردبوو و بیستبوویان، بەڵام کەس دڵنیا نەبوو لەو شێواز و کاتەی گومانەکەی تێدا دەردەکەوێت و پەردە هەڵ دەدرێتەوە!

ئەو پێشبینی کردنانەی سەبارەت بەبابەتەکە بەردەوام لە ئاسۆدا مایەی سەرسووڕمان بوون،

پرسیاریش بێ بۆنە و بەبۆنەوە لە زیادبووندا بوون!.

* ئەوانی دەیانزانی و زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بوو، سوڵتان قابووس یەکەمین کەس بوو لەبارەی پرۆژەی کوڕەکەیەوە پرسیاری لە موبارەک کرد، کوڕەش نزیکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ماڵێکدا، هی خاوەنکارێک بوو لە پیاوانی سوڵتان بوو لە گەڕەکی کینسگتۆن لە لەندەندا دەژیا، بۆیە سوڵتانی عومان لە یەکەمینەکان بوو بەپلانەکانی گواستنەوەی کوڕە لە کینسگتۆنەوە بۆ ماڵی سەرۆکایەتی لە قاهیرەی دەزانی.

وەڵامی موبارەک بۆ سوڵتان بەپێی ئەوانەی دەیانزانی:

"ژنی سەرۆک نیگەرانە لەوەی کوڕەکەی زۆر لە لەندەندا بمێنێتەوە، دوایی گەڕانەوەی زەحمەت دەبێت، پاشان مانەوەی لە لەندەندا ڕەنگە بەژنهێنان لە ئینگلیزێک، یا بیانییەک کۆتایی بێت، ئەویش ئەوەی ناوێت، هەروەها ئەو لە نێوەندەکانی خێزانە میسرییەکاندا لەوانەی لە لەندەندا دەژین لە بووکێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی گەڕا، کچێکی وای نەدۆزییەوە ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێت، کە ئەم داوای دەکرد، وەلێ ئەو لە گەڕان لێرە و لەوێ بەردەوام دەبێت و بەهیوایە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت!.

* دووەمین کەس پرسیاری کردبێت "موعەمەر قەزافی" بوو، کە تێبینیی بەرێکی دەرکەوتنی کوڕەی لە گۆڕەپانی سیاسیی میسریدا کردووە، هەروەها پرسیارەکەی ڕاستەوخۆ بوو (ڕەنگە لەپڕ بووبێت) داخۆ بیرکردنەوەیەک لە میراتگری هەبێت لە شێوەی "بەشار".

بەڵام سەرۆک موبارەک ڕەتی کردەوە، قەزافییش سەیری هاتێ، کە گوتی:

– ئەزموونی بەشار ئەسەد لە میسردا قابیلی دووبارەبوونەوە نییە، هەروەها میسریش سووریا نییە، هەروەها سیستەم لە میسر کۆمارییە و سیستەمی کۆمارییش میراتگریی بۆ حوکم نازانێت.

پاشان دوای ئەوە سەرۆک موبارەک ئەم ڕایەی بەخەڵکیش ڕاگەیاند.

موبارەک ئەوەشی بەقەزافی گوت:

– ئەوان حەز لە زوو گەڕانەوەی کوڕەکەیان دەکەن، وایان بەباش زانی فریوی کوڕەکەیان بەکارێکی نوێ بدەن بەدڵی بێت، هەندێک پۆستی سیاسیشیان پێ دا "خۆی پێوە بخافڵێنێت"، کەچی ڕۆژێک چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد بگەڕێتەوە لەندەن، پاشان دەبیسین لەوێ ژنی هێناوە و سەقامگیر بووە!!

هەر بەکردەنییش وابوو، موبارەکی باوک لەو ترسانەی لەسەر ڕاست بوو، چونکە هەرچەندە کوڕە لە لەندەن گەڕایەوە، پرۆژەی ژنهێنانی پێ بوو لە کیژێک نیوەی بەریتانیایی و نیوەشی ئێرانی بوو، ئەوە بوو کچە بەدوایدا هات و لە خانەی میوانداری چەند مانگێک مایەوە، پاشان "خەونی سەرۆکایەتی" "خەیاڵی خۆشەویستی"ی لابرد!.

* سێیەم کەس کە پرسیاری کرد بیانی بوو، ئەویش "چاک شیراک"ی سەرۆکی فەرەنسا بوو،

پرســیـارەکــەی لە چاوپێکەوتنێکدا لە نێـوان هـەردووکـیـاندا لە کـۆشکی "ئەلیـزێ" لە پاریس لە فبرایەری ساڵی ٢٠٠٤دا کرا، وەڵامی موبارەکیش ئەوە بوو:

– هـەمـوو ئـەو قسـانـەی لەم بارەیـەوە دەکرێن پڕوپاگەنـدەن و هەندێک لە ڕۆژنامـەنـووسـان بڵاوی دەکەنەوە، ئامـانجیـشیـان خـراپەکارییـە بۆی (بۆ باوکە)، کـەچی هـەمـوو ئەوەی ڕووی دا ئەوەیە، لە بەڕێوەبردنی نـووسـینگەکەیدا پشت بەکوڕەکەی دەبەسـتێت، وەکو چۆن سـەرۆک شـیـراک بەخـۆی لەگەڵ کچەکەیدا دەیکات.

لەو کاتەدا سەرۆک شیراک ئەوەی گوت، هەر بەکردەنی وایە و پشت بە"کلۆد"ی کچی دەبەستێت، پسپۆڕە لە پێوەندییە گشتییەکاندا، کە هەر بەڕاستییش بەیاریدەری خۆی هەڵی بژارد.

**

لەگەڵ ئەو هەرا و بەزمـەی لەسـەر کێشـەی میـراتگری لە میسردا نرایەوە، خێزانی دەسەڵاتداری سعودی بایەخێکی بەرچاویان پێ دا، هەروەها یەکێک لە میرە گەورەکانی سعودیە ڕاسـتـەوخـۆ پرسیاری لە سەرۆک کرد، ئەویش وڵامەکەی دایە دەستەوە:

– ئەو نایەوێت کوڕەکەی جێی بگرێتەوە، یەکەمین هۆ لەبەرئەوەی نایەوێت کوڕەکەی "وێرانە"ی بۆ بمێنێتەوە.

ئەم وەڵامە بۆ گوێگرەکەی چاوەڕواننەکراو بوو!.

**

* بەڵام وا دیاربوو سیاسەتوانـە بەریتانییەکان پتریان دەزانی، ساڵی ٢٠٠٢ پێوەندییـەک لەگەڵ باڵیـۆزی بەریتانیـایی لە قاهیرە، کە ئەودەم جۆرج سـوێر بوو کرا (ئـەو ئێسـتا پۆسـتی بەڕێوەبەری گشـتیی دەرەوە لـە هـەواڵگریی بەریتـانیـایی بەڕێوە دەبات) پرسـیـاری ئەوەیان لـێ کردبوو: "ئەگـەر بکرێت پێـوەندییــەکی توندوتۆڵتـر لە نێـوان کـوڕەکـەی ســەرۆک و ســەرکردایەتیی پارتی نـوێی کرێکارانی بەریتانی ڕێک بخرێت؟!"

ئەو کات کوڕە دەستی کردبوو بەدەرچوون و دەرکەوتن لە گۆڕەپانی سیاسی لە میـانەی ئەوەی بەپرۆســەی نوێکردنەوەی لاوانی پارتی نیـشـتـمـانی ناویان دەبرد، بۆیە پێـویست بـوو گـرینگی بەئـەزمــوونـی "تۆنی بلێـر" بـدرێت، کــە بۆ ئەوانـەی لە قــاهیــرە بـوون، ئەوەی دەگــەیاند لاوێکە سـەرکەوتنی بەدەست هێنا و بەپەرەشووت دابەزییـە سـەر سەرکردایەتیی پارتەکە و سەرۆکایەتیی وەزیران، ئەوانەی لـە قـاهیـرەدا ئـەمـەیان بەلاوە گـرینگ بوو، وایان دەزانی بلێر نموونەی دڵگیـرە و شـایانی گـواسـتنەوەیە لە دێرینتـرین وڵاتانی دیموکـراسـییـەوە!! ئەوە بوو باڵیـۆزی بەریتـانیـایی بەوەڵامی ڕەزامەندی و پێشوازی لێ کردنەوە گەڕایەوە.

جـۆن سـوێر باڵیـۆزێکی ئاسـایی بـەریتـانیـا نەبوو لـە قـاهیـرە، بگرە لە بـنـاغـەدا "پیـاوی کـارە تایبـەتەکان بوو"، دامـەزراندنیشی لە باڵیـۆزخانەی قـاهیرەدا هەڵبـژاردنێک بوو لە باڵیـۆز زیاتر، کاری ڕاستەقینەی ئەو لە ماوەی بوونی لە پایەتەختی میسردا پێشەکی و خۆئامادەکردنی سیاسی

بوو بۆ پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، هەر (بەڕاستییش وابوو، هەر هێندەی شەڕ دەستی پێ کرد، سوێر وەکو نوێنەری بەریتانیا لە لووتکەی دەسەڵاتی داگیرکەر لە عێراقدا لە قاهیرەوە گواسترایەوە بۆ بەغدا، بەڵام لە سەلماندنی بوونی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە کۆمیسیاری ئەمەریکایی بۆ داگیرکردن "پۆڵ بریمەر" هاوبەشیی بەریتانی نەدەویست، بەڵکو ئاڵایەکی ئەمەریکایی دەویست بەتەنیشتییەوە ئاڵای ترەوە هەڵنەدرێت!!).

هەمووان لە پارتی کرێکاران و سەرۆکایەتیی وەزیران پێشوازییان لەو داخوازییەیان لە میسر کرد، بەتایبەت تۆنی بلێر، چونکە سیاسەتی بریتانی لەو کاتەدا وڕێنەی هەژموونی تایبەتی لە میسر بەدڵدا دەهات، لەگەڵ دانەسەری کۆمەڵەی ئەوروپایی خۆی "بەریتانیا" بەکاری چاودێریی ڕێکخستنی سیاسی و پێشخستنی ڕاگەیاندنکاری، لە میانەی پلانی جووڵان لەسەر بەرەی پان بەرەو جیهانی سێیەم و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەدیاریکراوی، هەروەها کاری پێوەندیکردن لەگەڵ لێژنەی سیاسەتەکان لە حزبی نیشتمانی و سکرتێرەکەیدا ("موبارەک"ی کوڕ) بەپیتەر مندڵسۆن سپێررا، کە بەرپرسی یەکەم بوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەوە بوو بەدرێژاییی سێ هەڵبژاردن تێیدا سەرکەوت و تۆنی بلێر بردییەوە!!

پیتەر مندڵسۆن بەگەرمی لە قاهیرەدا پێشوازی لێ کرا (تەنانەت دوای نەمانی لە پۆستەکەشیدا لە وەزارەتی بازرگانی لە حکوومەتەکەی بلێر، بەهۆی ئەو گومانانەی لەسەری دروست بوون لە پێوەندییەکانی بەخاوەنکارانەوە!!)، پاشان مندڵسۆن بووە "میوانی بەردەوامی قاهیرە، بەبانگهێشتنی ئەمینداریتیی لاوان لە حزبی نیشتمانی، هەروەها شاندەکانی ئەمینداریتی پێیەکیان هەر لە لەندەن بوو.

لە تێبینییەکانی مندڵسۆن، کە خۆم لەوەوەم بیست "خانەخوێ میسرییەکانی بایەخی زۆریان بەتایبەت بەدوو بەش لە ڕێکخراوی پارتی نوێی کرێکاران دەدا: ژووری پروپاگەندە، ژووری چالاکییە ڕەشەکان، واتا ئەوی پێوەندە بەکارە چەپەڵەکانەوە (وەکو خۆیان ناویان لێ نابوو)"!!

* پاشان جۆرج بووشی کوڕ پرسیاری لە بابەتێکی تر لە سەرۆک موبارەک کرد، ئەوکاتی لە سەردەمی ئەودا سەردانی واشنتۆنی کرد، سەرۆک موبارەک بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– ئەی تۆ باوکت سەرۆک نەبوو و پاشان تۆ دوای ئەو هاتییە ئێرە؟!

بووش وەڵامی دایەوە:

– ئەوە بەهەڵبژاردنی ئازاد بوو، هەروەها ناوبڕێک هەیە ماوەکەی هەشت ساڵە، لە بەڕێوەبردنی کلینتۆندا لە نێوان سەرۆکایەتی باوک و سەرۆکایەتی کوڕدا دوورخرامەوە!

وێڕای ئەوەی وادیاربوو موبارەک نەی دەویست لەوە پتر گفتوگۆ لەگەڵ جۆرج بووشدا بکات، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئەودەمی ڕیچاردۆنی باڵیۆزی بوو بەدواداچوونی هەبوو بۆ میراتگری لە قاهیرەدا، لە بروسکەکانیدا (زۆریان لە میانەی دەستەی ویکلێکسەوە بڵاو بوونەوە) پێشبینیی زۆریان دەربارەی دەردەبڕی، لەناویاندا ئەوانەی لە موبارەکی کوڕەوە گواستراونەتەوە، قسەکانی

ئەو برادەرانە ڕوون بوون، لەوەی میراتگری لە سەدا سەد دێت و هیچ ڕایناگرێت، تەنانەت دامەزراوەی سەربازییش لەوەناکات خۆپارێزی لە بەرابەردا هەبێت!.

بروسکەکانی ویکلێکس لە زمانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە لە قاهیرە قسە لەوە دەکەن، لە نێوان ئەو برادەرانەدا (ئەوانەی ئەو بەڵگەنامە نهێنییانەیان بڵاو کردووەتەوە بەمەبەستی پاراستنیان ناوەکانیان سڕیوەتەوە، ئەگەرچی دوایی ناوەکانیان دزەیان کرد و بڵاو بوونەوە)، کاتێک ڕیچاردۆنیی باڵیۆز مکوڕ بوو لەسەر هەندێکیان، کە گوتی "بیستوویەتی موشیر تەنتاوی دژ بەمیراتگرییە، لەبەر گەلێک هۆ لای دامەزراوەی سەربازیی لە میسردا، وەڵامیان بەبڕوایەکی تەواوەوە ئەوە بوو "موبارەک بەپێنج خولەک دەتوانێت تەنتاوی لە پۆستەکەی دەر کات، یەکیان ئەوەی بیر باڵیۆزی ئەمەریکایی هێنایەوە و گوتی:

– تەنتاوی لە "ئەبوغەزالە" بەهێزتر نییە، ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان چۆن موبارەک کاتێک ویستی، توانی ئەبوغەزالە بگەڕێنێتەوە ماڵەکەی خۆی، بڕیارەکەش پێویستی بەکۆشش نەبوو، لای هێزە چەکدارەکانیشەوە هیچ سەرێشەیەکی تێدا نەبوو، وەکو گومانکاران ئەوانی نەیاری کوڕەکەی بوون وایان دەگوت!

**

کەچی هەواڵەکان لە دەوروبەری سەرۆکایەتیی خۆی دزەیان دەکرد، کە سەرۆک بۆ ئەوانەی زۆریان لێ کردووە، ناتوانێت قسە لەسەر ئەو شتانە بکات، کە داوای لێ دەکەن، دەبێت فشار کەم بکەنەوە، چونکە دامەزراوەی سەربازی لەسەر میراتگری ڕازی نییە، ئەویش بەهەموو توانایەوە دەکۆشێت بۆ قەناعەت و ئامادەکردن، بەڵام بەرگری قورسە و مەسەلەکەش هێند ئاسان نییە وەکو ئەوانەی پێی لەسەر دادەگرن بۆی دەچن، کە ئێستا ئەوی داوای دەکەن جێبەجێی بکات، ئەگینا هەلەکە لەدەست دەدا.

هەروەها لە دەوروبەری سەرۆکایەتیی چیرۆکەیل و گێڕانەوەی زۆر سەبارەت بەدەمەقاڵە و دەنگ بەرزبوونەوە دزەیان کرد.

ڕاستی ئاڵۆز بوو. ڕاستە دامەزراوەی سەربازی بەکردەنی دژی بوو، ویستی ئەو بەرهەڵستییەی لای سەرۆک موبارەک ناسراو بکات.

لە ڕاستیدا خۆپارێزیی دامەزراوەی سەربازی لەسەر میراتگری، لە کاتی ڕیفراندۆم لەسەر هەموارکردنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەبەر میراتگرەکە دوورا، لە نێو بەرهەڵستییەکی زۆر و ڕەتکردنەوەیەکی میللیی ڕووندا بڕیاری لەسەر درا، وای لە موشیر "محەمەد حوسێن تەنتاوی" کرد ڕای خۆی بدات، کە "هەندێک سەرکردەی ڕاسپاردووە تکا لە سەرۆک بکەن، ئەو بناغە جێگیرە لە سیاسەتی میسریدا لەبەرچاو بگرێت، هێزە چەکدارەکان دوور بخاتەوە لە هەر ڕۆڵێک ئەوە بسەپێنێت بەسەریا توخنی ناوەخۆی سیاسی بکەون".. (ئەمەش بەڵێنێکە کاتی خۆی تاقە جارێک ڕووی دا، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی خواردن لە ١٧ و ١٨ی ینایەری ١٩٧٧، ئەوە بوو فراوان

بووەوە و لە دەسەڵاتی پۆلیس دەرچوو، ئەوکات موشیر "محەمەد عەبدولغەنی ئەلجەمسی" وەزیری بەرگری بوو، مەرجی ئەو بۆ هاتنە ناوەوەی هێزە چەکدارەکان و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، زیادکردنی نرخەکان هەڵبوەشێتەوە، دوای ئەوە کاتێک هۆکارەکە نامێنێت، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی خۆپێشاندانەکە، هێزە چەکدارەکان یارمەتی دەدەن بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاشتیی ناوەخۆیی بۆ نیشتمان!).

ئێستاش نامەکە ڕوونە، کە موشیر تەنتاوی گوتی: هێزە چەکدارەکان نایەوێت خۆی بخزێنێتە گیروگرفتێکی ناوەخۆییەوە، ڕەنگە لە ڕەتکردنەوەیەکی میللی بۆ قبووڵکردنی میراتگری سەرهەڵبدات.

**

ئەوی سەیربوو سەرۆک موبارەک بەم ئاگادارکردنەوەیە دڵتەنگ نەبوو، زۆر ئاماژەکردنیشی پێی بەڵگەی ئەوەیە، کە شتێکی لە قبووڵکردن لا دروست کردووە، ئەوەش پێویستی بەتوێژینەوەیەکی دەروونی هەیە بگاتە ئەوپەڕی قووڵایی، لەو شوێنەی متبوو و چەپێنراوە!.

لەوەش سەیرتر سەرۆک موبارەک بەخۆی لە نێوان ئەوانەدا بوو، کە هیمەتی پتر بۆ گەڕان بەدوای بووکێکی گونجاو بۆ کوڕەکەی، بەشێک بوو لە پرۆسەی سازکردنی بۆ میراتگریی سەرۆکایەتی، گوایا زەحمەتە بۆ کۆمەڵگەیەکی خۆپارێزی وەک کۆمەڵگەی میسری سەرۆکێکی "ڕەبەن" قبووڵ بکات!.

**

بێگومان هەموو کردارێک پەرچەکرداری خۆی هەیە، هەروەها هەر هەڵسوکەوتێکی دژ بەسروشتیش باج و ماکی دەبێت، بۆیە قسەکردن لەسەر میراتگری بەشێوەیەکی پڕ لە نیگەرانی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کەشی خانەوادەی سەرۆکایەتیی دانابوو، چونکە کوڕەگەورە وای هەست کرد برابچووکی پلە و پایەی بەدەست هێنا، ئەوە بوو قەڵشتی گەورە کەوتە نێوانیانەوە، وێڕای هەموو پەردەپۆشییەک خەڵکەکە خراپیی پێوەندیی نێوان دووبرایان بەدی کرد، براگەورە کە خۆی بەشایستەی سروشتیی دادەنێت، لە هەل دەگەڕا تاکو بوونی خۆی بسەپێنێت، ڕەنگە بواری وەرزشی بۆ دەرکەوتن هەڵبژاردبێت، کە یاریگەی تۆپی پێی تێدایە و ئەویش زۆری حەز لێ دەکات (بەم شێوەیە ئەو لە جەماوەرەکەیەوە نزیکترە، چونکە لە وڵاتدا ئەوان حزبی زۆربەن).

لە یاریی میسر و جەزائیردا کوڕە گەورە بەرەو خەڵکەکە دەرچوو، وای دانا گوزارشتکردنە لە هاونیشتمانی بوون، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بەئاشکرا داوا لە باڵیۆزی جەزائیر بکات میسر جێ هێڵێت و لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە و گوتاری ئاراستە بکات: چاوەڕێی چیتە نارۆی؟!

هەروەها قسەی وای پێ دەگوت زیانی بەپێوەندیی نێوان هەردوو وڵات دەگەیاند، سەرەڕای ئەوەش کوڕەگەورە هەڵمەت و دەرکەوتنی لە مەیدانی گشتیدا چڕتر کردەوە، وەکو چاوپێکەوتنی

دۆستانەی ڕانەگەیەنراو، لەگەڵ هەندێک لەو نووسەرانەی بەوە ناسراون بەرهەڵستیی برا بچووک دەکەن لە میراتگری لە فەرمانڕەواییدا!.

ئەمەش کەشێکی پڕ لە نیگەرانیی لە ماڵی سەرۆکایەتی خوڵقاندبوو، جگە لە ئاڵۆزیی تر!.

پێوەندیی نێوان دووبرا گەیشتە دیمەنی خەمهێنەر، بێگومان کاریگەریی لەسەر باوکە قورس بوو!!

**

ئەوی مایەی سەیرە سەرۆک موبارەک هەستی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ دایگرت، ئەودەمی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دوادواییەکانی ساڵی ۲۰۰۳ی ئەنجوومەنی گەلی پێ گەیشت، هەستی کرد (ڕەنگە) هەوڵێک بەرێوەیە بۆ تێپەڕکردنی پلانی میراتگری، تەنانەت بێ ڕەزامەندیی ئەو و لە کاتی ژیانیدا، تێبینیی ئەوەی کرد قەبارەی زۆربە، کە حزبی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی گەلدا پترە لە سنووری خۆی، دووریش نییە ئەمە پێشەکییەک بێت بۆ میراتگرییەک بەخۆی بیسەپێنێت و بەبڕیاری پەرلەمانی نوێ، ئەودەمی کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەل دێت بۆ پاڵێوراوی زۆربە بۆ سەرۆکایەتی، تا ئەوپەڕی یۆلیۆی ۲۰۱۱.

ئەوی مایەی سەیروسەمەرە بوو هەندێک لە چاودێران سەیریان هاتێ، بەڕای ئەوان سەرۆک موبارەک بەخێراییەکی زیاد لە پێویست کشایەوە، پاشان بێ بەرهەڵستییەکی جیدی لە دوای شۆڕشی ۲۵ی ینایەری ۲۰۱۱دا بۆ داخوازیی لاچوون خۆی دایە دەستەوە، هەندێکیان لێکدانەوەی خۆیان لەسەر ئەوە هەبوو، کە سەرۆک موبارەک بەڕۆیشتن خۆی ئاسوودەکرد، چونکە ئەو تەنیا لەبەر خۆی لانەچوو، بەڵکو کوڕەکەشی لەنێو بگرەوبەردەیەکدا لادا، ئەودەمی بەڕێز "عومەر سلێمان"ی بەجێگری سەرۆک دامەزراند، ڕووداوەکانیش لە هەمووان خێراتر بوون!!

**

هەروەها ئەوی مایەی سەیروسەمەرە بوو کێشەی میراتگری مایەی سەرقاڵیی گەورەی ئەو هێزە دەرەکییانە بوو، کە بایەخیان بەکاروباری میسر دەدا، یەکەمیان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ بەڵگەش سەنتەرەکانی هەواڵگریی مەدەنی و سەربازی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا و بەدرێژایی قسەکردن لەسەر میراتگری، بەتایبەت لە مانگەکانی دوایی ساڵی ۲۰۱۱دا خۆیان بۆ ئەم بابەتە تەرخان کرد، هەروەها کۆشان و لیژنە و کۆنفرانسیان تەرخان کرد توێژینەوە بکەن لەسەر ئەو بۆچوونانەی دەکرێت لە دوای موبارەک لە میسردا ڕووبدەن، ڕەنگە گرینگترین ڕاپۆرت ئەودەم ئامادەکرابێت، ڕاپۆرتی گرووپی بۆچوونەکانە لە کۆلێژی جەنگی ئەمریکی لە سوپای ئەمریکادا I.S.S.

ئەوی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەم ڕاپۆرتە لە سپتەمبەری ۲۰۱۱دا دەرچووە، هەرچەندە ڕووداوەکانی میسر پێشی کەوتن، کۆلێژی جەنگی ئەمریکی بڵاوی کردەوە و وای دانا ئەوی تێیدا هاتووە کاری پێ دەکرێت، تەنانەت دوای دوورخستنەوەی دوو شیمانە لە پێنج سیناریۆکەی دوای

موبارەک وێنای دەکرد.

ئەوەی بەدوور زانی موبارەک بەخۆی لە دەسەڵات بەردەوام بێت.

– یاخۆ کوڕەکەی لە سەرۆکایەتیی میسردا جێگەی بگرێتەوە (وەکو چۆن کوڕە دەیویست و ئەوانەش دەیانویست، کە ناوی خۆیان نابوو گاردی نوێ).

پاشان ڕاپۆرتەکە ئەو بۆچوونانەی مابوونەوە خستنییە ڕوو، کە لە ٣ سیناریۆدا چڕ بووبوونەوە، لە میانەی پرۆسەی ملململانێکانەوە لەنێوان ڕەوتی ئیسلامی (ئیخوان و سەلەفییەکان) و هێزە چەکدارەکان و لە نێوان ژمارەیەک کەسایەتی و ڕێکخراوی حزبی، یا سەربەخۆدا دەجووڵان، بەڵام ڕاپۆرتە ئەمریکییەکە بەکۆتایی دیاریکراوی ململانێکە نەبڕا، ئەمەش وا لە وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتەکانی دەکات، لە گشت بەرەکانەوە لە بەرابەر میسردا لە ڕەوشی چاودێری و ئامادەدا بێت، چونکە سیاسەتی ئەمریکی و لەگەڵیدا بۆچوونەکانی سەرکردایەتیی سەربازیی ئەمریکی وادادەنێت بەنیسبەت ئەوەوە میسر وڵاتێکی زۆر بەبایەخە، ئەو بناغەیەیە کە جووڵانەوەی لە ناوچەکەدا پشتی پێ دەبەستێت، ئەو وتە ستراتیژییە کە لە گشت بۆچوونەکاندا لای سەنتەرەکانی بڕیار دووبارە دەبێتەوە، ئەوەیە "نابێت میسر لەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرچێت، ئیدی بەهەر شێوازێک بێت بۆ بەدیهێنانی، پلەی نەرمی یا توندوتیژییش لە پراکتیزەکردنی سیاسەتی ئەمریکادا هەرچەندێک بێت بۆ مسۆگەرکردنی بەدیهاتنی"!!

هەروەها سیاسەتی ئەمریکا بەدوای ڕووداوەکانەوە بوو و لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا مامەڵەی دەکرد و بەهەموو وزەیەوە دەجووڵا، ئامانجی داواکراویش بەپێداگرییەوە "نابێت جارێکی تر میسر لەدەستی وڵاتە یەکگرتووەکان دەرچێت"، ئەمەش ئەو تارماییە هەڵواسراوەیە بەئاسۆی دواڕۆژەوە لە میسردا، ئەو ساتە مەترسیدارەی مێژوو!!

پەراوێز:

(١) جێی خۆیەتی بوترێت، هەندێک لە سەنتەرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت، کە لەو دۆخەدا نوێ بوونەوە، ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لەم ساڵانەی دواییدا گێڕا، لەژێر کاریگەریی ئەستێرەیلێک لە ڕۆژنامەکان و لەسەر شاشەکان دەرکەوتن، کە گەیشتن پێیان پێویست بوو بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە ناکاوەکان و فەراهەمکردنی ئاسایش و دابینکردن بۆی!.

# ڕۆهەڵاتناسی
# بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

## بەشی چوارەم

### ڕۆهەڵاتناسی کەی دەستی پێ کردووە؟

کاهینەکان، بوونە پێشەنگی ئەو کەسانەی بایەخیان دەدا بەپرسەیلی ڕۆهەڵات، چونکە لەو ڕۆژگارەدا، کاهینگەل، دەستەبژێری کۆمەڵگە بوون، بۆیە "جەربەر دی ئۆرالیاک، کە ساڵی ٩٩٩ – ١٠٠٣ زاینی بووە پاپا، بەنێوی سیلڤستەری دووەم، بەیەکەمین ڕۆهەڵاتناس دادەنرێ[١]. هەر ئەم پاپایە بوو ڕایسپارد سێ قوتابخانەی عەرەبی بکرێتەوە، یەکێک لە ڕۆما، دووەمیان لە ڕایمس – لە فەرەنسای زێدی و سێیەمین لە شارتەر، ئەڵبەت، ئەم، یەکەمین فرنسایییە، بگاتە کورسیی پاپایەتیی ڤاتیکان. پێشتر ئۆرالیاک، سەردانی ئەندەلووسی کرد، ماوەیەکیش لە شاری بەرشلۆنە بوو، دواتر چووە قورتوبە، سێ ساڵان قوتابیی پەیمانگاکانی وێندەر بوو، پاشان بەرەو ڕۆما ڕۆیشت، بەر لەوەی بگاتە دیوانی پاشای جەرمانیا، ئۆتۆی یەکەمی گەورە و ئیمپراتۆری ڕۆمانیا ٠٦٢ – ٩٧٣ز، کردنەوەی ئەو قوتابخانانە، یەکەمین هەنگاو بوو بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، وەلێ ئەمە – بەڕای ئێمە – نابێتە بەڵگەی ڕاستیی ئەو بۆچوونەی دەڵێ، کردنەوەی قوتابخانەکان، سەرەتای ڕۆهەڵاتناسییە.

جێی سەرنجدانە، د. عومەر فەڕووخ پێی وایە (بێ سێ و دوو)، ڕۆهەڵاتناسی، پاش شەڕەکانی خاچپەرستان پەیدا بووە، نامانەوێ درێژەی بدەینێ تا شاشییەکانی نێو بۆچوونەکانی د. فەڕووخ بسەلمێنین، ئاخۆ ڕۆهەڵاتناسی لە سەدەی دەیەمدا دەستی پێ کردووە، یان پاش کۆتاییهاتنی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

شەڕەکان، ئاخر جیاوازیی نێوان ئەو دوو مێژووە، دەوروبەری سێ سەدەیە.

ئەدوار سەعیدیش (م٢٠٠٣)، بۆچوونێکی وای هەیە: لە ڕۆئاوا، ساڵی ١٣١٢ز، ساڵی دەرچوونی بەیاننامەی کۆڕبەندی کلێسایی ڤیەننا کە داوا دەکات چەند کورسییەکی مامۆستایەتی بۆ زمانی عەرەبی تەرخان بکرێ، بەسەرەتای ڕۆهەڵاتناسی دەزانرێ. ڕاستە شکانی شەڕوانانی کاتۆلیک کە لە ڕۆئاوا و باشووری ئەوروپاوە هاتبوون لە شەڕگەلی خاچپەرستاندا، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی ئەوروپاییەکان هەوڵ بدەن هێزی دوژمنە موسڵمانەکەیان بناسن، دەستیات بەڤەکۆڵین و توێژینەوە کرد و بەپێی تێگەیشتن و لۆگیکی خۆیان لێکیان دەدایەوە. دیسان لە شکستە سەربازییەکانیان دەکۆڵییەوە. وەلێ ئەم لێکەوتەوانەی تێکشکانەکانیان بەس نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کۆتاییی شەڕگەلی خاچپەرستان، بێ چەندوچۆن، بەسەرەتای ڕۆهەڵاتناسی دابنرێ.

ئاخر پرسەکە پێویستی بەشەنوکەوە تا بگەینە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆهەڵاتناسی، نەخاسمە ئەوەی نووسیوویانە، لەبن باری تێکشکان و گریان بەدیار کەلاوەکانەوە بووە، پاش نێزیکەی حەوت سەدە و هەناسەساردی بۆ ئەو هەموو هەوڵ و قوربانییە سەرومالّیەی هەردوولا دوو سەدە لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و گێڕانەوەی خاکی پیرۆزدا... لە پێناو گەڕانەوەی نەسرانییەکان بۆ ناسیرە و ئۆرشەلیم "قودس" و بەیتلەحم، بۆ لێوارەکانی ڕووباری ئوردێن، شوێنی تەعمید و زێدی مەسیح (س.خ).

ڕاستییەکەشی، هەرچی هەوڵیان دا، بەفیڕۆ چوو، هەرچییان کرد، دەستبەتاڵ دەرچوون، ئاخر دەورانی ڕۆژگار و گیانی مقاوەمەتی ئیسلامی، بەهێزتر بوون لە شەڕوانە پڕچەک و تفاقەکانی ئەوان و تیرەگڕدار و مەنجینەقەکانیان[٢] بۆیە لەبن کاریگەریی بارێکدا، لە سەدەکانی نێوەڕاست و لە سایەی کارتێکردنی کلێسا و هزری لاهووتیدا، ناشێ دیراسەتی ئەوی تر بکرێ، دیراسەتێکی بەویژدانانەی جیدی و دوور لە ڕق لێبوونەوە، گەر بشکرێ، بەدڵنیاییەوە، کەموکورت هەڵچووانە و بێ سەروبەر و نالۆگیکی دەبێ، داکۆکیکار – هێرشبەرانە دەبێ، هەرچۆنێک بێ، دیراسەتێکی لەسەرخۆ نابێ بۆ تێگەیشتن لەوی تر.

بێگومان، فتووحاتی ئیسلامی، ڕووداوگەلێکی برووسکەئاسا بوون بەلای دەوڵەتی ڕۆمانی مەسیحییەوە کە پێڕانەگەیشت بەفریای خۆی بکەوێ لە بەردەم کۆمەڵێکدا لە خۆیان دواکەوتووتر لە ساراکانەوە هاتوون بەسواری وشتر و ماینانەوە، شوێنەوارێک شک نابەن جێی باس بێ، مەگەر بڕێک باڵەخانەی یەمەن نەبێ، هەڵگری بیروباوەڕێکی ئاینین کە داوایان لێ دەکات فەتحی ولاتانی تر بکەن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ولات و خاکێکی بەرفرەوان فەتح دەکەن، لە ڕۆهەڵاتەوە تا تخووبەکانی چین و لە ڕۆئاواشەوە مل دەنێن بەدەوروبەری پورتوگالەوە، بۆیە ئیمپراتۆرێک کە پایەتەختەکەی قوستەنتینییە بێ، ئەوەی پێ قووت ناچێ و هەموو هەوڵێکیش دەدا، ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆڵەی کەرامەتی ڕووشاوی خۆی بکاتەوە.

عوبەیدی وەک وتار بخوێنێتەوە دەڵێ: "ئەوروپاییەکان سالآنێک بەو گرێیەوە دەژیان و زارەترەک بوو بوون، گرێ و ترسێک سەرتاپایانی گرتبووەوە، ڕۆحیان لەوە چووبوو هەر ڕۆژێک دووبارە بێتەوە، چونکە جیهاد شێوازێکە لە شێوازەکانی بانگەواز و دەعوە و پاراستنی بیروباوەڕ و داکۆکیکردن لە وڵات، بۆیە زۆر بەجیدی بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن وڵاتەکەیان لە هێرشی موسڵمانان بپارێزن"[٣].

هەر بەو سەمتە، عانی دەخوێنینەوە، کاتێک باسی ڕۆهەڵاتناسی فرەنسایی، گۆستاف لۆپۆن، دەکات: "سەرەڕای ئەوەی تێڕوانینێکی باشی بەرانبەر عەرەب و توانای هزری و عەقڵییان نەبوو، ئەوەش بۆ کاریگەریی ئەو ئیرەیی و توندڕۆییە ئەوروپاییانەی ناخی دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی بیانەوێ ئەوە بشارنەوە کە شارستانیی ئیسلامی بنەچەی بووژانەوەی ئەوروپایە، یان شارستانیی ئیسلامی لەباریدایە ڕکابەری شارستانیی ئەوروپایی بکات"[٤]. دواتر، عانی، لۆپۆن، بەئیلحاد تۆمەتبار دەکات، هێندەی پێ ناچێ دەکەوێتەوە پیاهەڵدان و مەدحکردنی: "هەرچەندە لۆپۆن مولحید بوو، کەچی بۆچوونەکانی لەبارەی ئیسلامەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی بنەماکانی ئیسلام، ئینسانییەتی قورئان و بالآیی ڕۆحییانەی، ڕەسەنایەتیی شارستانیی ئیسلام، وایان کرد، لۆپۆن، ڕا و بۆچوونی ڕاست لەبارەی ئیسلام و موسڵمانانەوە بنووسێ"[٥].

ئەم شێوازە نابەرپرسیارانەیە لای ئەوانەی وا خۆیان پێشان دەدەن کە بەتەنگ ئاین و کەلەپوورەوەن، ئەوانەی لە ئاست پرسە مەترسیدارەکاندا، تەنیا هاوار دەکەن، بێ ئەوەی بەردێک فڕێ بدەنە گۆمی دواکەوتوویی و بێدەرەتانیی کۆمەڵگەکانیانەوە، شێوازێکی زانراوە، چونکە پرسی دواکەوتووییان بەلاوە گرینگ نییە، ئەوانە هەر خەریکی قسەی گەورە و هاوارکردنن، نەخۆشیی دەستگرتن بەڕابردووەوە، وەک ئەوەی لە دەرەوەی ئەم زەمانەیە بژین.

بۆیە مافی خۆمانە لەم نووسەرە بپرسین: ئاخۆ وڵاتی موسڵمانان لە دوورگەی عەرەبی، پێش فتووحات، لەلایەن وڵاتە غەیرە موسڵمانەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرا، تا موسڵمانان بچن وڵاتەکانیان فەتح بکەن؟ کێ شەڕی کێ لە خۆی دوور دەخاتەوە؟ کێ هەڕەشە لە کێ دەکات؟ دەڵێ: (پاراستنی بیروباوەڕ)، باشە بیروباوەڕی کێ هەڕەشەی لێ دەکرا و پێویستی بەپاراستن بوو؟ ئاخۆ فارس و هیندی و چینی و ڕۆم و ئیسپانییەکان هەڕەشەیان لە بیروباوەڕی موسڵمانان دەکرد، تا ڕووبەڕوویان ببنەوە و بیروباوەڕەکەیان بپارێزن؟ دیسان عوبەیدی دەڵێ: مادامەکی جیهاد، شێوازێک بێ لە شێوازەکانی بانگەوازی ئیسلامی، کاروان دەکەوێتە ڕێ، شێوازەکانی بانگەوازی ئیسلامی، سیانن: هاتنە نێو ئیسلام، بەپێچەوانەوە، ناچار دەبێ جیزیە بدات (حتی یعطوا الجزیە عن ید وهم صاغرون)[٦]، ئەگەرنا، ئەوە شێوازی سێیەم دێتە ئارا؛ جیهاد، جیهاد واتە؛ شەڕوانانی ئیسلام دەکەونە ڕێ بۆ شەڕی لایەنگرانی ئاینانی تر: بەئاسمانی و نائاسمانییانەوە، مەسیحی و زەردەشتی، بوودایی و کۆنفۆشیۆسی و هیندۆسی و... تد. لەبەر ئەمە، ئەو ترسەی لەو کۆمەڵانە نیشتبوو، دڵ و دەروونی داگیر کردبوون، بۆیە پێشبینییان دەکرد –

ئەو کۆمەڵانە – هەر ساتێک (هێرش و پەلامار) دووبارە بێتەوە.

ئەگەر تۆقاندنی گەلانی وڵاتگەلی فەتحکراو، بەشێک بێ لە ستراتیجییەتی جیهاد، وەک عوبەیدی دەڵێ. بێگومـان نووسـەر، نایەوێ فـەتحکاران پیـاوخـراپ بکات، وەلێ ئەو هەست بەشـانازی و سەربەرزی دەکـات سـەبارەت بەو کارانەی بـاو و باپیرانی ئەنجـامیـان داوە، بۆیە ئەو دەسـتەواژە بریقەدارانە بەکار دێنێ، دەستەواژەگەلێک کە هەر بیروباوەڕ و مەزەبێک بەدناو دەکات، وا دەکات شەڕوانانی هەر ئاینێک وەک پیاوکوژانێک دەرکەون کە خەڵک دەتۆقێنن.

کەواتە، ئاخـۆ گەلانی ئەو وڵاتگەلە فەتحکراوە، ئەوان و هاوئاینانیـان، واتە؛ گەلانی ئەوروپا، کە زێدی ڤەکۆڵەوانانی پرسگەلی ڕۆهەلاتن، هەقیـان نییە دیلی دەسـتی گرێوگۆڵی سەدەکانی پێشـوو بن؟ ئاخـۆ ئەوەی بەسـەر مـرۆڤـە مـەسـیـحـیـیـەکـانی ئەوروپادا هات، پاڵیـان پێـوە نانێ تا لە هەڵکەوتەگەلێک ڤەکۆڵن کە زمانی بەسـتوون و سەری سوڕماندوون؟ پرسیـار بکەن: ئەو غازییانە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟ بۆچی هێندە ترساون؟ بیروباوەڕیان چییە؟

ئیدوارد سـەعید، ئەم هـەڵوێستە ناو دەنێ (هـەست بەمـەترسی)، ئەوەش ڕاسـتە، سـەعید دەڵێ: "(پاش وەفـاتی مـحـەمـەد (د.خ) سـاڵی ٦٣٢ز، سـەرەتا باڵادەسـتیی سـەربازییـانەی ئیسلام پەرەی سـەند، دواتر ئاینـی و ڕۆشنبـیـری، پەرەسـەندنێکی یەکـجـار زۆر، وڵاتی فـارسـان ڕووخـا بەعێراقیشـەوە، شـام و میـسر، ئەوجا تورکیـا – مـەبەسـتی وڵاتی ڕۆمـەکـانە – ئەگەرچی ئەوەی سەعید بەتورکیا ناوی دەبات، ئەوێ ڕۆژێ هێشتە نەڕووخابوو، دواتر باکوری ئەفریقیا، کەوتە ژێر دەستی لەشکرگەلی ئیسلامـەوە، لە سـەدەکانی هەشت و نۆدا، ئیسپانیا و سقلییـە و بەشێکی فرەنسا فەتح کران، لەگەڵ سـەدەکانی سێزدە و چواردەدا، فەرمانڕەواییی ئیسلام گەیشتبووە هیندسـتـان و بەشێکی چین. لە بەرانبـەر ئەم سـەرکـەوتنە پانوبەرینەی لەشکری موسـڵمـاناندا، ئەوروپا بەغەیری ترس و تۆقین شتێکی تری شک نەدەبرد... هەستی باوی مەسیحییەکان لەبارەی لەشکرگەلی ئیسلامییەوە برێتی بوو لە: (وەک پووره هەنگێکی دەست قورسن.. هەمـوو شتێکیان وێران کرد).

ئەدوارد سـەعید درێژەی دەداتێ و دەڵێ: "بەمەش ئیسلام بەشێوەیەکی هاکەزایی کرایە ڕەمزی ترس، وێرانکاری و ئیبلیس، کـۆمـەڵە بەربەرییـەکی ڕەزاگران – بەلای ئەوروپاوە، ئیسـلام بووە ڕاپسکاندنێکی هەمیشەیی کارەساتاوی"[٧].

ئەو (تۆقیـوانە)، هەرچییـان بەعـەقـڵدا هـات نووسیـان تا بە ڕووی ئیسـلام و بڵاوبوونەوەیدا بوەستنەوە، هۆکاری فـەتحکردنی وڵاتەکانیان و سەرکەوتنی موسڵمانان و شکستی خۆیان بزانن. ئەڵبەت چاوەڕێ ناکرێ بەجوانی بنووسن، ئاخر داوایان لە کەس نەکردووە بچێ وڵاتەکانیان داگیر بکات تا بەگوڵ پێشـوازییـان لێ بکەن. باشـە لۆگـیک وا نییـە ئەو خـەڵکە داکۆکی لە خـۆیان و نەوەکـانیـان و مـاڵ و مـوڵکیـان بکەن؟ نابێ هـەوڵ بدەن شـەڕ لە خـۆیان دوور بخـەنەوە، پەلامـاری

بیروباوەڕی دوژمنە سەرکەوتووەکانیان بدەن؟ ئەوە بوو شەڕگەلی عێرا ق لە قادسیە و جەلەولا و پردەکە قەوما، یەرمووک لە شام، شەڕگەلی فەتحی میسر و باکوری ئەفریقیا، پاشان پەڕینەوە بەرەو ئیسپانیا و دواتر شەڕی بیلاتولشوهەدا (تورا – بواتیێ).

ئەم دەنگە ناسازە لای ئەو نووسەرانەی هەرچییەکیان بۆ بێ دەینووسن و گوێ نادەنێ ئاخۆ ئەو نووسینە بێ سەروبەرانە چییان لێ دەکەوێتەوە، بەزمانێکی وتارئامێزی وا دەنووسن، مرۆڤ بەزەییی پێیاندا دێتەوە، دەبینی یەکێکیان دەنووسێ: "ڕۆهەڵاتناسان گەرەکیان بوو وێنەیەکی دیاریکراو بگەیەننە وڵات و گەلانیان، وێنەیەک لە کۆمەڵە مەعریفەتێکی شارستانی، دەروونی، مێژوویی و کولتووری. ئەو وێنەیە برێتی بوو لە میراتییەکی (بۆماوە) مەزن، کە بەدەگمەن لای ئێمە نەبێ دەستیان بکەوێ.

ئەوێ ڕۆژێ، عەرەب و موسڵمانان لە دنیایەکی شارستانیدا دەژیان کە لای گەلانی تر نەبوو(!)، چونکە ئەو گەلانەی سەردەمی باڵادەستیی شارستانیی عەرەبی و ئیسلامی نغرۆی خەوێکی قووڵ و نەزانی بوون. ئەو میراتییەی کەوتە بندەستیان، کتێب و دەستنووسگەلێک بوو، پڕ لە مەعریفەتی ڕۆژگارێک کە بەمەزنترین سەردەمی شارستانیی مرۆڤانی دێتە ژماردن، لە پاڵ بەهاگەلێکدا کە بۆ عەرەب مابوونەوە و مەحاڵ بوو لە هیچ دەور و زەمانێکدا لێیان داببڕێن. پێکەوەگرێدانی ئێستێ و ڕابردوو بەشێوەک جیاکردنەوەیان زەحمەت بوو" (هیوادارم خوێنەر لە مەبەستی مامۆستا د. ساموک تێ بگات)[8].

یەکێکی تر لەو سەرلێشێواوانە دەڵێ: زەینی ڕۆئاوا، تا ئێستێ بەدەست بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەو ناوچانەدا کە لە بنەڕەتدا زێدی ئاینی مەسیحی بوون، دەناڵێنێ.. ڕۆئاوا لە سەدەی حەوتەمدا ناچار بوو مامەڵە لە تەک ئاینە نوێیەکەدا "ئیسلام" بکات، پاش ئەوەی دەستی بەسەر ئەو ناوچانەدا گرت، کە وەک ناوچەگەلی مەسیحییەت ناسرابوون[9]. کەواتە، موسڵمانان غەزووی لانەی مەسیحییەتیان کردووە، نەک بەپێچەوانەوە، باشە خاوەن ماڵ هەقی نییە خەم لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بخوات؟

مەکسیم ڕۆدنسۆنیش، قسەیەکی لەو جۆرە دەکات، لەبارەی ئەو ترسەی لە کڵێسا نیشتبوو، کاتێک موسڵمانان بوونە مەترسی بەسەریانەوە، پێش ئەوەی ببنە کێشە و لە ناخەوە بیانهەژێنن، نموونەیەکی شارستانیی باڵادەست و گورجوگۆڵ و خودان توانایەکی ئیستیعابی لە ڕادەبەدەر، پێشکێش بکەن کە ڕۆشنبیرانی ڕۆئاوا لە ئاستیدا دەستەوەستان بوون و وەک مەترسییەکی گەورەی سەر مەسیحییەت، ئیسلامیان دەبینی[10].

ئەم ڕۆهەڵاتناسە فەرەنساییە، لە بن کاریگەریی دەروونیی شەڕەکاندا، تێڕوانینی ڕۆئاوای مەسیحی لەبارەی موسڵمانانەوە دەگوازێتەوە: گەلێکی بەهەڵا و تالانکەر، پەلاماری وڵاتانان دەدەن و تێکیان دەدەن و ماڵی مەسیحییان داگیر دەکەن. ناوبراو، ئەم تێڕوانینانەی پاش نێزیکەی سی

چل ساڵ لە فتووحات نووسیووە و دەڵێ: نەتەوەیەکی خەتەنەکراوی نیشتەجێی بنارەکانی چیاکانی قەفقاسی سەر دەریای قەزوین (ئەوها)، لەو وڵاتەی پێی دەگوترێ "ئەرکۆلیا!".

لەسەری دەڕوا و دەڵێ: ئەو سەراسینانە (بە ئەگارینی-یش ناویان دەبات)، تا دەهات زۆر و چەکدار دەبوون، بەئیمپراتۆریەتی (هێرکلیس – هەرقل)دا پێوەر بوون و وەک خووی هەمیشەییان هەر شتێکیان هاتە پێش وێرانیان کرد. دواتر، لە سەردەمی هەردوو ئیمپراتۆر "قوستەنتین و کۆنستانت"دا، سەراسینان، پاش دەستبەسەرداگرتنی ئۆرشەلیم "قودس" و شارگەلێکی تر، دنیایان وێران کرد، پەلاماری سەر تا خواری میسریان دا، ئەسکەندەرییەیان گرت و تاڵانیان کرد، ئەفریقیایان (مەبەستی تونس و ڕەنگە لیبیاش بێ) کاول کرد، ئیمپراتۆر ناچار کرا، جیزییەیان بداتێ[11].

لەو تۆمەتانەی ڕۆهەڵاتناسان بۆ پێغەمبەریان (د.خ) هەڵبەست لەبارەی هەندێک لایەنی ژیانییەوە، یەکێک لە شارەزایانی ڕۆهەڵاتناسی لەکاتی داکۆکیکردنیدا لە ئیسلام دەڵێ: "ئەوانە زۆرجاران دەیانگوتەوە کە ئیسلام بەزەبری شمشێر سەرکەوتووە و بەشمشێر بڵاو بووەتەوە و بەشمشێر تەواو دەبێ"[12].

گرینگ تەفسیری ئەم توێژەرە (د.ناسر) و داکۆکییەتی لە پێغەمبەر (د.خ) کاتێک دەڵێ: سەرچاوەی هەموو ئەو قسانە، دەستەوەستانی ڕۆئاواییان بوو بەرانبەر سەرکەوتنەکانی ئیسلام، ئەو ئیسلامەی محەمەد (د.خ) هێنای و یەک بەیەکی پایەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بەهێزترین مەملەکەتی نەسرانیی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست لەرزاند و خاکێکی زۆری لە بن دەستیان دەرهێنا و ئاڵای ئیسلامی گەیاندە خاکی ئەندەلووس و سقلییەی نەسرانی[13]. وتەکانی توێژەر تەواو. ئەوە خۆهەڵکێشانە بەخوێنڕشتن و داگیرکردنی وڵاتی خەڵکی ترەوە، جا بەهەر هۆکار و بیانوویەک بێ و بەهەر ناوێکەوە.

نووسینە عاتیفییەکان کە لەخۆڕازیبوونی (بەغیرەتان) تێر دەکات زۆر وێک دەچن، عانی – جارێکی تر – دەڵێ: هەر هێندەی ئاڵای ئیسلام شەکایەوە و شارستانییەتێکەی لە ئەندەلووس و شوێنانی تر جێگیر بوو، ڕۆئاوا ڕۆحیان چووبوو خەڵکەکەیان چاویان بەو ڕووناکی و نوورە پاکە خواییە ڕوون بێتەوە و شەرەفی ئیسلامبوونیان پێ ببڕێ، بۆیە هەوڵیان دا خەڵکەکەیان دوور بخەنەوە، ئەوە بوو دەستیان کرد بەنووسین و توێژینەوە لەبارەی ئیسلامەوە کە تژی بوون لە بوختانهەڵبەستن بەئیسلام و پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ)، بوختانگەلێک کە ناچنە عەقڵەوە و کەس لێیان ناکرێ. کەواتە، عانی، گەرەکێتی ڕۆئاوا لەنێو ماڵی خۆشیدا لە ئیسلام نەترسێ، بگرە دەبووا واز لە ئاینەکەی خۆیان بێنن و بچنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە. بەو نەهاتنەیان، لەو نوورە بێبەش بوون و ئەو شەرەفەیان بەنسیب نەبوو.

ئەوەبوو (ئەو ڕۆئاوا گێل و نەزانە) لە ڕێی نووسینگەلێکی لێوانلێو لە بوختان کە کەس بڕوایان

پێ ناکات، خەڵکەکەی خۆیان لە ئیسلام دوور خستەوە، بەڵام چونکە نەزانن، بڕوایان کرد، بۆیە سەرگەردان بوون و دۆڕان[١٤].

سووک سەرنجدانی عانی بەوانی تر و ئاینەکانیان و بەزەیی پێداهاتنەوەی، بەئاشکرا دیارە، ئاخر بەنەهاتنیان بۆ بەرەی شەریفان، خۆیان لەو هەموو خێروبێرە بێبەش کرد. ئەوجا نازانین کام لایەن داماوە و جێی بەزەییە؟ باشە لە توێژینەوەگەلێکدا (کە سەرلەبەریان بوختانە بەئیسلام) ناکرێ ڤەکۆڵینێکی شایستەی تێدا هەڵکەوێ، ڕۆئاوایی بێ یان غەیرەڕۆئاوایی باس لە ئیسلام و پرسە پێوەستەکانی بکات. دواتر ئەمە ڕوون دەکەینەوە.

مافی خۆمانە بپرسین: موسڵمانان، پاش ئەو هەموو شەڕە و ڕووخاندنی دەوڵەتی ساسانی تاهەتایە، لاوازکردنی دەوڵەتی ڕۆمە بێزەنتییەکان، باشە بۆچی ئەو هەڵوێستە توندەیان بەرانبەر دانیشتوانە هاوماڵەکانیان نواند؟

ڕاستت دەوێ: لەبەرئەوەی ئەو خەڵکە، هەروا بەو ئاسانییەی کە هەندێک پێیان وایە یان پێیان خۆشە، وازیان لە بیروباوەڕ یان بیروباوەڕەکانی خۆیان نەهێنا، سەرەڕای شکستی یەک لەدوای یەکی سەربازی، بگرە هەندێکیان تا دواهەناسە داکۆکییان لە بیروباوەڕیان کرد، تەنانەت لەو وڵاتانەی دانیشتوانیان زەردەشتی یان مەزدەکی یان مانەوی بوون، ئەوە خۆ نەسرانی و بڕێک بیروباوەڕی لۆکاڵی هەر هیچ. ئەوە بوو لە عێراق و وڵاتی فارسان، بزووتنەوەی میللیگەرا[١٥]، دەستی پێ کرد، لە پێناو شکاندنی شانوشەوکەت و عەقڵی عەرەبان و زیندووکردنەوەی نەریتە ئاینییەکان، تەرجەمەکردنی دەستوبرد و فرەوانی کەلەپووری فیکری و ئەدەبی فارسی. میللیگەرایی، لە هەندێک لایەنەوە، بڕێکی زۆر کینەی دەرهەق عەرەب و دژایەتیی ئیسلامی تێدا بوو[١٦].

سەرەڕای ئەوەش، فارسان – لەگەڵ ڕۆژگاردا – لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیدا خۆیان بەغەریب نەدەزانی، ئەوە بوو ڕۆڵێکی یەکجار زۆریان بینی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی و جێگیربوونیدا، کە سەنتەری دەعواکەی لە خوراسانی ئەوپەڕی وڵاتی فارسان بوو، وەزارەتخانەکانی عەباسی تەنیا بەدەست ئەوانەوە بوو هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەوە تا ڕووخانی لەسەر دەستی مەنگۆلییەکان (٦٥٦ – ١٢٥٨ز)[١٧]، هەر لە ئەبی سەلەمەی خەلالەوە (وەزیری ئالولبەیت!)، ئەوجا بەرمەکییەکان تا ئیبن عەلقەمی دوا وەزیری عەباسییەکان. سەرباری ئەوەی ئیمارەتەکانی خۆیان لە ئێران دامەزراند و پاش – دووسەدە – گەڕانەوە سەر زمانی خۆیان، تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیان ئەو ماوەیە بەماوەی بێدەنگی زمانی فارسی ناو دەبەن[١٨].

بەڵام لەگەڵ مەسیحییەکان، یان ڕۆمە بێزەنتییەکان و دواتر لەگەڵ ڕۆئاوادا، هەڵوێستەکە جیاواز بوو. دانیشتوانە مەسیحییەکانی وڵاتە فەتحکراوەکان، شام و دوورگەی فورات و بەتایبەتی

میسر، پشتیان بەدنیایەکی مەسیحی قایم بوو، بۆیە دەستیان بەبیروباوەڕی ئاینیی خۆیانەوە گرت، ئەوانەیان نەبێ کە ناچار بوون، خەڵکەکە وازیان لە ئاینی خۆیان نەهێنا و نەبوونە موسڵمان، چ لە شام (بەتایبەتی لبنان)، دوورگەی فورات (کوردستان) و میسر (بەتایبەتی باشووری میسر لە سەعید و ئەسکەندەرییە و قاهیرە) و لە سوودان (بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باشوور و ڕۆئاوای هاوتخووبی وڵاتانی ڕەشپێستنشینی ئەفریقیا، دەریای سوور، حەبەشە (ئەسیوپیا).

سەرباری ئەوەی ڕۆئاوا، وەک دیوارێک لە سیبەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا وەستا، ئا لەو ڕۆئاوایە، بەپێچەوانەی ڕۆهەڵاتەوە، ئیسلام ناچار بوو ئیعتیراف بەڕکابەر، بگرە بەهاوشانێکی خۆی بکات، ئاینێکی ئاسمانیی پێش ئیسلام، پەیامێکی ڕوونی پێیە بۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی. لایەنگرانی مەسیحییەت لە جیاتیی ئەوەی ببنە ئیسلام، ئەوان هەوڵیان دەدا خەڵکی تر بکەنە مەسیحی – وەک نۆرمان و هەنگار بۆ نموونە – لەم ڕووەشەوە چاک چوونە پێشەوە[19].

ئەم جیاوازییە لە شەڕی دنیای مەسیحییەت و لاکانی تری ئیسلامدا، هەر زوو ئاشکرا بوو، ئاخر شەڕی لاکانی تر، برێتی بوون لە زنجیرە پرۆسێسێکی گۆڕینی ئەو گەلە نامەسیحییانە، بەئاگرپەرست و وەتەنییەوە... تد، بۆ ئیسلام، هەرچی شەڕی دنیای مەسیحی بوو، خەبات بوو دژی سیستەمێکی ئاینی ڕوون و ئاشکرا و دەوڵەتگەلێکی بەهێزی دوژمن[20]. بەڵگەش، ئەهلی عێراق و وڵاتی فارسانە کە پاش شەڕوشۆڕێکی زۆر و پاش دوودڵییەکی کەم، پەیتا پەیتا بوونە موسڵمان، کەچی مەسیحییان – زۆربەیان – لە لایەنگرانی زەردەشتی زیاتر، دەستیان بەبیروباوەڕیانەوە گرت، ئەمەش دیاردەیەکە ڕەنگە بۆ هەندێک هۆکار بگەڕێتەوە: هێزی ماناکی (مەعنەوی) مەسیحییان، جیا لەوەش بیروباوەڕی مەسیحی زۆرتر ڕۆ چووبووە نێو چینە میللییەکانەوە[21]، بەجووتیار و دانیشتوانی شارانەوە.

سەرچاوە و ژێدەر و پەڕاوێزەکان

١. نجيب العقيقي، مذكور، ج١، ص١٢٠. وأنظر: د. عمر فروخ، المستشرقون ما لهم وما عليهم، دورية – الاستشراق – ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، العدد ١، ص٥٤.

٢. عن الأسلحة التي أستعملت في الحروب الصليبية، أنظر: د. محسن محمد حسن، الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٣٧ – ٢٦٥.

٣. د. رشيد العبيدي، الحركة الاستشراقية، مراميها وأغراضها، دار أنوار دجلة، بغداد، ٢٠٠٣، ص٧.

٤. د. عبدالهادي داود عبدالله العاني، الاستشراق والدراسات الاسلامية، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١، ص٧٥. وقد حافظنا على حرفية نصه، وربما كان سبب غموض عباراته يعود الى عامل الطبع..

٥. المصدر نفسه، ص٧٧.

٦. سورة التوبة: الآية ٢٩.

٧. د. ادوارد سعيد، مذكور، ص٨٩.

٨. د. سعدون محمود الساموك، الوجيز في تأريخ الاستشراق، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان–٢٠٠٣، ص١١٣.

٩. محمد فاروق فارس الزين، المسيحية والاستشراق، دار الفكر المعاصر، بيروت، دار الفكر، دمشق، ط٣، ٢٠٠٣، ص٢٤٨.

١٠. نقلا عن د. محمد الشرقاوي، مذكور، ص٣٦.

١١. مكسيم رودنسون، جاذبية، مذكور، ص١٥.

١٢. يذكر د. ناصر عبدالرزاق الملا جاسم أن نقدهم انصب على محاور رئيسة ثلاثة هي: ادعاؤهم كذب دعواه، وتأليفه لكتاب سماه (القرآن)، كما ربطوا بين الاسلام والعنف، وتوسع بالسيف، وبالسيف سوف ينتهي، أما المحور الثالث فتمثل بوصفهم النبي (ص) بأنه أسلم قياده لشهواته (بامتلاكه زوجات كثيرات)، حسب قول (و. م. والت – W . M . Walt في كتابه (محمد في نظر الغرب Mohammad in the Eye of the west. BostonUnirersty Journal, 1974, Vol. 22.P 61-62، فزوروا بذلك – كما يقول د. ناصر – الكثير من حوادث سيرته الشريفة، كتابه: الاسلام والغرب، دراسة في نقد الاستشراق، دار المناهج، عمان، ٢٠٠٤، ص٩٨.

١٣. م. ن، ص.

١٤. د. عبدالقهار، مذكور، ص٩.

١٥. عن الشعوبية أنظر: أحمد أمين، ضحى الاسلام، ج٢، فصل٣، عبدالحميد العبادي، الاسلام والمشكلة العنصرية، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٦٨.

١٦. د. عبدالحسين زرين كوب، دو قرن سكوت، سرگوزشته حوادث و أوضاع تأريخى ايران در دو قرن أول اسلام، چاپخانه مهارت،چاپى سێزدەم، تهران، ١٣٧١، وقد ترجم الكتاب الى اللغة الكردية، وتم طبعه في مؤسسة موكرياني – أربيل، عام ٢٠٠٧، تحت عنوان: دوو سەدە بێدەنگی.

١٧. د. عبدالعزيز الدوري، مذكور، ص٩٢.

١٨. محمد بن علي بن طباطبا (ابن الطقطقي)، الفخري في الآداب السلطانية، القاهرة، ١٩٦٢. د. فاروق عمر فوزي، الجذور التأريخية للوزارة العباسية، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨٦.

١٩. برنارد لويس، (تراث الاسلام)، عالم المعرفة، الكويت، العدد(٨)، القسم الأول، ص٢٦٠.

٢٠. المصدر نفسه، ص٢٦١.

٢١. ادوارد بروي، تأريخ الحضارات العام، القرون الوسطى، دار عويدات، بيروت – باريس، ٢٠٠٣، ج٣، ص١٢٣.

# کوردستان ئیسلامییه

د. فەهمی ئەلشناوی

ڕووناکبیری کورد هەردەم گلە و گازندەی ئەوەیەتی، کە هزرڤانانی ئیسلام، بەتایبەت لە جیهانی عەرەبیدا، لە ئاست مەسەلەی کورددا بێدەنگییان لێ کردووە و گوێیان لە هەموو ئەو ناهەقییانەیش خەفاندووە کە بەردەوام دەرهەق بە نەتەوەکەمان کراوە و دەکرێ، وەک ئەوەی ئەسڵەن کورد هەر موسڵمانیش نەبێ، ئەو هزرڤانانە ئەو هەموو ڕەنج و قوربانییانەشیان بیر چووەتەوە، کە کورد لە سەروەختی سەلاحەدیندا پێشکێش بەجیهانی ئیسلامیی کرد و... هتد. بەڵام جاروبار، لێرە و لەوێ، هەڵدەکەوێ پیاوی بەڕێزی وەک "د. فهمي الشناوي" بە تەواوی ڕاشکاوییەوە لەسەرمان هەڵبداتێ. ناوبراو داعییەیەکی ئیسلامیی بناڤ و دەنگ و بوێرە.

فەرموون بەری خۆتانی بدەنێ بزانن لە سەروبەندی ئەنفالی ناوزڕاو و لە هەڕەتی توغیانی بەعس و دوامای یەکەتیی سۆڤیەتدا، چ بەرگرییەک لە کورد و کوردستان دەکات؟ چۆن کورد بە سەرباشقەی گشت نەتەوە موسڵمانەکانی جیهان دەزانێ؟ نەک هەر ئەوەندە، بگرە بەدڵ و بەگیان چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی گەلی کورد ڕابێت و جیهانی ئیسلام لە میحنەت ڕزگار بکات و هەر بۆ خۆیشی سەروەری دنیای ئیسلام بێت.. بەڵێ ئەم هزرڤانە ئیسلامییە پێی وایە، کە تەنیا کورد لەباریدا هەیە جارێکی تر دنیای ئیسلام یەک بخاتەوە و ڕابەرایەتیی یەک ملیار ئیسلامیش هەر لە خۆی دێت. هۆکارەکانیشی ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەندە هەیە لە ڕووی جوگرافیای کوردستانەوە تووشی غەفڵەتێکی بچووک هاتووە، کە هەموو خوێنەرێک هەستی پێ دەکات و هیچ لە گرینگیی تێزەکانی کەم ناکاتەوە. ئێوە زەینی بدەنێ، بزانن چی بە عەرەب دەڵێ! لەم کورتە پێشەکییەدا، دەمەوێ بڵێم: لەبەر زۆر هۆ، کە ئێرە جێگەی شرۆڤەکردنیان نییە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ڕاگەیاندنی کورد لە زۆربەی ئەو نووسینانە بێ ئاگایە کە بەردەوام لێرە و لەوێ لەسەر دۆزی کورد دەنووسرێن. ئێوە بەوردی سەرنج لەم پرۆژەیە

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمەفەریق حەسەن

بدەن کە شناوی لەمەڕ دۆزی کورد پێیەتی و دەیخاتە ڕوو. گەرچی ئەم وتارە لە گۆشەنیگای هزری ئیسلامییەوە نووسراوە و ڕەنگە بەلای هەندێکیشمانەوە نامۆ بێ. بەڵێ خەڵکانێک هەن بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئێمە. بەشبەحاڵی خۆم دید و بۆچوونی لەم جۆرەم لەلای خودی کورد، بە ئیسلامییەکانیشمانەوە بەرچاو نەکەتووە. پێم وایە دەبوو سەرکردەکانی کورد زوو ئەم پیاوە ڕێزدارەیان بناسیایە و ڕێزیشیان لێ بنایە. ئێستاش نەچووە بچێ. فەرموون ئێوە و دەقی وتارەکەی "د. فهمي الشناوي":

***

پێشتریش باسم کردووە، کە کورد حاڵی حازر هەتیوەکانی ئومەتی ئیسلامن. ئەوان مافیان بەسەرمانەوە هەیە، دەبێ ئەو مافانەیان پێ بدرێتەوە. (وأما اليتيم فلا تنهر) هیچ کەس لە هیچ جێیەک وەکو ئێستای کورد تێک نەشکاوە و نەچەوساوەتەوە. ئەوان لە هەموو جێیەک مافی هاووڵاتیبوونیان لێ زەوت دەکرێ. لە خوێندن بێبەشن. بە پلە دوو نەبێ دانامەزرێن و خزمەتگوزارییان پێشکێش ناکرێ. ئەوا وتمان ئەوانیش شان بەشانی تێکڕای هاووڵاتییان بە مافەکانیان شاد بوون، بەڵام ئێوە چۆن بە خۆتانی ڕەوا دەبینن لاف و گەزاف بە مەسەلەی نەتەوایەتیی عەرەبەوە لێ بدەن، لە کاتێکدا مافی ئەوەتان لەوان زەوت کردووە تەنانەت خەونیش بە مافی نەتەوایەتیی کوردەوە ببینن؟ وەهاشی حیساب دەکەن، گوایە ئەگەر هاتوو مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد چێ بوو، ئەوا دەبێتە پیلان و مەترسی لەسەر سێ نیشتمان!.

ئەدی ئێوە چۆن ددان بەوەدا دەنێن، کە دەبێ هەر نەتەوەیەک نیشتمانی تایبەت بەخۆی هەبێت و سەڵاوات لە دیداری نیشتمانپەروەری دەدەن و دەڵێن: نیشتمانپەروەری لە ئیمانەوەیە و پاشانیش دێن لەوانی حەرام دەکەن نیشتمانی خۆیان هەبێ، واتە بێ ئیمانی بەوان ڕەوا دەبینن! باشە چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکەن، کە کوردی عێراقی بۆ نموونە: شەڕ لە دژی کوردی ئێرانی، یان کوردی تورکیاییی برای بکات و خوێنی برای خۆی بڕێژێ لە پێناوی کەسانی تردا، کە کورد نین؟.

## بۆچی بەدوو تەرازوو کێشانە دەکەن؟

بۆچی ئێوە سەنگ و تەرازووی جیایان لەگەڵدا بەکار دەهێنن؟ ئاخر چۆن دەبێ بانێکە و دوو هەوایان لەگەڵدا مامەڵە بکەن، نیشتمان لەلای خۆتان پیرۆزە؛ گۆرانیی بۆ دەچڕن، سروودی پێدا هەڵدەدەن، هۆسەی بۆ دەکەن. هونەر و کەلەپوورە تایبەتییەکانی زیندوو دەکەنەوە، کەچی ئەگەر کورد بیر لەم جۆرە شتانە بکەنەوە، ئێوە بە خیانەت و پیلانگێڕی بۆیان حیساب دەکەن؟ ئەوە ئێوە لە کەینێوە کوردتان بە کۆیلە کردووە، لە کاتێکدا دایکیان ئەوانی ئازاد هێناوەتە دنیاوە؟ (ومتى إستعبدتم الأكراد وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا؟) ئاخۆ ئەو کاتەی سەڵاحەدین باڵادەست بوو، کورد ئێوەی بە کۆیلە کرد؟

بۆچی ئەم وتەیەی عومەری کوڕی خەتابتان دێتەوە یاد کاتێ مامەڵە لە تەک مەسیحییەکانی میسردا دەکەن، کە لەسەر دینێکن غەیری دینی ئێوە، کەچی کاتێک کوردەکان، کە لەسەر دینی

خۆتانن و داوای ئازادی دەکەن، ئەم وتەیەتان نایەتەوە یاد؟ یان، چۆن دەبێ کاری وەها لە نێوان تیپە جیاکانی یەک ئومەتدا، کە ئومەتی ئیسلامە، ڕوو بدات؟ بگرە چۆن بوار دەدەن، جیاوازکاری و بە دوو تەرازوو کێشانەکردن و قەدەغەکردنی ئازادییەکان بلکێنرێتە ئاینی ئیسلامەوە، لە کاتێکدا خودی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە ئەو ناهەقییانە نەهێڵێ؟

ئەگەر ئێمە سەربەخۆیی نیشتمانیمان بۆ هەر نیشتمانێک لە میسر یان تورکیا یان شام یان عێراق یاخۆ ئێران داوا کرد، ئەوا دەبێ بواری هەمان داواکاریش بە کوردان بدەین. ئەگەر ئێمە بواری مەسەلەی نەتەوایەتیمان دا، جا عەرەبی بێ یان تورکی یاخۆ غەیری ئەوان، ئەوا دەبێ هەمان دەستوور، بوار بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیش بڕەخسێنین. خۆ ناکرێ یەکسانی بەرەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەگەڵ کورددا پیادە بکرێ، کەچی بەرەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەگەڵ غەیری کورددا پەیڕەو کرا.

یەک لە باری مرۆڤ، وتەیەکی جوانە: "خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە – حب الوطن من الأیمان" کارێکی جوانیشە خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵ و دەروونی گشت منداڵانی جیهاندا بڕوێنین و بیانخەینە سەر ئەم ڕێیە... کەچی منداڵی کورد لەم خۆشەویستییە بێبەش بێت و لێی قەدەغە بکرێت. سەرباری ئەمەیش لە نیشتمانی خۆیدا زمانی کوردی نازانێت. بەیەکسانی شان بەشانی غەیری کورد کار و پلە و پایەی پێ نادرێ و لە ڕووی تەندروستی و گەلێک لایەنی ترەوە مافی هاووڵاتیبوونی ڕەچاو نەکراوە.

تۆ وەهای نابینی کاتێک ئەوان، کە وشەی (بەکوردبوون– الأستکراد)یان لەسەر زمانە، بەو واتایە بەکاری دێنن، کە هاوواتایە لەگەڵ وشەی (بەکەرکردن و زەبوونکردندا ـ الأستحمار والأستضعاف).. توو ئەو خوایە پێم ناڵێی ئیتر چۆن کوردان بتوانن مومارەسەی نیشتمانپەروەرێتی بکەن، کە هەستێکی سروشتییە و وەک هەستی مرۆڤ وایە بەرانبەر بە دایکی؟ ئەی باشە چی بکەن؟ لە یەک کاتدا شەڕی سێ وڵاتیان پێ دەکرێ، کە برێتین لە تورکیا و عێراق و ئێران؟ چ ڕەوای هەقە، لە کاتێکدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەب بۆ خۆیان ئیعتیرافیان بە ئیسرائیل کردووە، بەشێکی تریش ناچار کراون ئیعتیرافی پێ بکەن. کەچی یەک لە باری کورد کەس ئیعتیراف بە کوردستانی نیشتمانیان ناکات.

کام نیشتمانەشیان دەگری لەوانەی ڕۆهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، لەلایەن خودی ئیمپریالیزمەوە سنووریان بۆ کێشراوە. ئەو قەبارەکانی دەستنیشان کردوون و نیشانەکانی سنووری بۆ چەقاندوون و ئەمجا لەملا و لەولاوە (پاشا)ی بۆ هێناون یان بۆ داتاشیون.. لە کاتێکدا ئەم هەموو تاوانانەی ئەنجام داوە و بەمجۆرە دەوڵەتی عوسمانیی کەرت و پەرت کردووە بۆ ئەم وردە نیشتمانۆکانە، کەچی زۆر سوور بووە لەسەر ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بگرێ. کردووشێتی بە چوار پارچەوە، وەک چۆن کولێرەیەک بە چوار پارچەوە دەکەی تاکو چوار برسیی پێ تێر بکەی. بەشێک بۆ تورکیا. بەشێک بۆ عێراق. بەشێک بۆ باشووری ڕووسیا. ئەگەرچی وەکو تر ئیمپریالیزم هانی ئەوەی داوە دەوڵەتۆکەی تایفی دروست بکات. ئیسرائیل بۆ

یەهوود و لبنان بۆ ماروون و چیایەک لەولاتر بداتە دورزییەکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی بە کوردەکان نەداوە دەوڵەتی کوردستان چێ بکەن. بە مەرجێک ژمارەی کوردەکان (٣٠) ئەوەندەی دانیشتوانی ئیسرائیل و ماروون و درووز و ئەوانی تریش زیاترە. وەک ئەوەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا لەسەر زوڵم و بێدادی دەرهەق بە کورد کۆک و تەبا بن.

لە دیدی ئیمپریالیزمی ڕۆئاواوە هیچ هۆیەک بۆ ئەم مەحروومکردنە نییە، ئەگەرچی لەسەر کەرت و پەرتکردنی ناوچەکەیش یەکن. وەکو تر سەبارەت بە کورد، هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە. بەڵام چاک دەزانێ، کە ئەو کوردانە (ئینکیشاری) ئیسلام و (پروسیە)ی ئیسلامن.. ئەوانە شۆڕەسوارانی ئیسلامن.

ئەگەر ئیمپریالیزم، ئەڵمانیای بۆ ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا دوو کەرت کردبێت ئەوە بۆ ئەوەی بووە، تاکو ئەڵمانیایەکی یەکگرتووی بەهێز چێ نەبێت. بەسوپایەکی تەیارەوە هێرشیان بێنێتە سەر، وەک لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا کردی، ئەوان کوردستانیان کرد بە (چوار) پارچەوە.. بریا هەر پارچەیەکیان یەکەیەکی کوردیی سەربەخۆ بوایە، حاڵی وەک حاڵی ئەڵمانیا بووایە.. نەء وانییە.. ئەوان هاتن هەر بەشێکیان بە نیشتمانێکی ترەوە لکاند. بۆیە دابەشکردنی کوردستان لە هی ئەڵمانیا دڵڕەقانەتر بوو. ئەوان ئەم تاوانەیان لە دژی نیشتمانی کوردستان نەکرد، بگرە لە دژایەتیی خودی ئیسلامدا ئەم تاوانەیان ئەنجام دا، تاکو ڕێگە لە بەردەم یەکگرتنی توخمە جەنگاوەرەکەی ئیسلامدا بگرن.

کوردەکان سەرەڕمی سەرفرازیی ئیسلامن. ئەگەر هاتوو نووکە تیژەکەی ڕمەکە درزی برد و بوو بە چوار پێنج بەشەوە، ئەوا سەرفرازییەکەمان لێ تێک دەچێ. ئەوەی ئەمڕۆ ڕووس لە دژی ئەفغان و موسڵمانەکانی باشووری ڕووسیادا ئەنجامی دەدا هیچ نییە لە چاو ئەوەدا، کە بە کورد دەکرێ. بگرە لە بێدەنگییەکی ترسناکدا چەندین جار لەوان زیاتر و خراپتریان پێ دەکرێ. ئەمەشیان بۆ ئەوەیە هەتا گەورەترین پێویستیی سیاسی بۆ سەدەی داهاتوو مسۆگەر بکەن، کە بریتییە لە ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی چینێکی ئیسلامیی جەنگاوەر، کە چینی کوردانە، یان دەکرێ پێیان بڵێین سەرەڕمی ئومەتی ئیسلام.

ئەوان لە ڕووسیا و لە ڕۆئاوایشدا پێشوازی لەو موسڵمانە دووڕووانە دەکەن کە بە نهێنی و، لەنێو کۆشکەکاندا، لە تاریکیدا لەگەڵ نوێنەرانی ئیسرائیلدا کۆ دەبنەوە، ئەوانەی خاچیان لە مل کردووە. پێشوازی لەو موسڵمانە ملکەچە گوێ لەمستانە دەکەن، کە پارە و پوولەکانیان لە سندووقی کەنیسەکان و سەندووقی چەک و هی (ڕیبا)دا حەشار دەدەن. ئەو موسڵمانە ملکەچانەی، کە تەنیا بۆ دیمەن و خۆ بە جەنگاوەر و موجاهید پێشاندان چەکیان لێ دەکرن. تەنانەت ئەمەیشیان پێ ڕەوا نابینن، ئەگەرچی لە داهاتوودا دەکەوێتە دەست خاچپەرستان. یان دەکەوێتە دەست لایەنێک، کە لە خاچپەرستەکانیش گوێڕایەڵیی (وەلا) زیاتر بێ بۆیان.

بەڵام کوردستان، نە پارەی هەیە و نە چەک. بگرە خاوەنی بڕوایە.. لەگەڵ ئەوەیشدا لێی تۆقیون و سوورن لەسەر پێشگرتن لە چێبوونی دەوڵەتی کوردستان.. ئاخر کوردستان وەک نیشتمانێک

جیاوازە لە باقیی نیشتمانەکانی تر. خەڵکی ناتوانن بیهێننە پێش چاوی خۆیان چۆن کوردستان چێ دەبێ. ئاخۆ نیشتمانە؟ یان نەتەوەیە؟ ئەگەر نیشتمان بێ، ئەوە مانای وایە بەچێبوونی کوردستان چوار دەوڵەت دەبەزێ. کە تورکیا و ئێران و عێراق و ڕووسیایە، ئەمجا لەسەر کەلاوەکانی ئەمان نیشتمانی کورد پێک دێ. ئەدی نەتەوەیە؟ ئەگەر نەتەوەیش بێ، ئاخۆ لە نەتەوەی عەرەب بەهێزترە؟ بەڵام ئێمە ئاگەدارین، کە پڕۆژەی نەتەوایەتیی عەرەب لە سەردەمی حوسێنی کوڕی عەلییەوە هەتا جەمال عەبدولناسر هەرەسی هێناوە. بۆیە وا پێویست دەکات نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی دەرکەوێت و چێ ببێت زۆر لە نەتەوەی عەرەب بەهێزتر بێ.

کوردەکانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بیریان لە نیشتمانێک نەکردووەتەوە بەو واتایەی ئێمە تێی دەگەین، هەروەکو بیریان لە نەتەوەیەکیش نەکردووەتەوە بەو واتایەی ئێمە تێی دەگەین. ئەوەی کوردان دەستبەرداری نابن ئەوەیە: داوا دەکەن براکان یەک بگرنەوە. ئەو کوردانەی کە لە تورکیادان لەگەڵ ئەوانەیاندا کە لە عێراق و ئێران و ڕووسیادا دەژین بەپێی ئەو مافەی براکان لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەدا هەیانە، یەک بگرنەوە. بەپێی ئەو مافەی ئەندامانی هەر خێزانێک لە سەرانسەری دنیادا کۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەوەتا ئەوان بەزۆر، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، بگرە دڕندانەیش داگیر کراون و لە نێوان چوار نیشتماندا دابەش کراون و لێیان قەدەغە کراوە یەک بگرن. وەک ئەوەی لە خواری خواری کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بن یان تلّپەی مرۆڤ بن.

## واتای چێبوونی کوردستان

چێبوونی دەوڵەتی کوردستان تەنیا یەک واتای هەیە. کوردستان لە ڕێگەی یەکەتییەکی گشتگری دەوڵەتانی ڕۆئاوای ئاسیاوە نەبێ چێ نابێ. یەکەتییەکی ئیسلامی، کە سنووری نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و تورکستان (باشووری ڕووسیا) بسڕێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە ناهێڵن کوردستان چێ ببێ. ڕۆئاوا ناهێڵێ. ڕووسیا ناهێڵێ. پاشاکان و بەکرێگیراوەکانی ڕۆئاوا لە ئاسیادا ناهێڵن. چونکە بەرێگرتن لە دروستبوونی، ئەوا پێش لە چێبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، یان خیلافەتێکی ئیسلامی دەگرن.

وەک تێبینی دەکرێ لەم سەدەیەدا ئیسلام لە هەموو ئاسیادا بەتەواوی بووەتە ئامانجی دوژمنان. تورکیا بەرەو ئەو جەهلانییەتە چووە، کە پێی دەڵێن عەلمانییەت. عێراق بووەتە بەعسی و جڵەوی داوەتە دەست میشێل عەفلەق و تاریق حەننا عەزیز. ئەمانە لە نوێ نامەی خاچپەرستییان هەڵگرتووە. فەلەستین، لە ڕۆئاوای ئاسیادا بووەتە نیشتمانی یەهوود.

هەر لە ڕۆئاوای ئاسیادا، ماروونییەکانیش بۆ چێکردنی نیشتمانێکی تایبەت بە خۆیان هان دەدرێن. پاکستانیان تێک شکاند و کردیان بە پاکستانی ڕۆهەڵات "بەنگلادیش" و پاکستانی ڕۆئاوا. دەستیان بە پشتی هیندستاندا دا، تا دووجاران لەگەڵی بەشەڕ بێ و وایان کرد لە پێشبڕکێی ئەتۆمیدا پێشی بکەوێت. سەبارەت بەئێرانیش هەوڵ دەدەن بزاڤی ئیسلامیی تێدا بخنکێنن و هەموو جیهانی سوننەی لێ ڕاست بکەنەوە بەو بیانووەی، کە شیعەمەزەبە، یان گوایە

ئەوان مەجووسن، یان ئەوان خومەینییەت پەیڕەو دەکەن نەک ئیسلام.

تورکستانی ڕۆهەلاتیشیان کردووە بە پارچەیەک لە ڕووسیا و هەموو ئاکارێکی ئیسلامەتییان لێ داماڵیوە. ئا بەم شێوەیە لە ئاسیادا ئیسلام سەردەبڕن. ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکەی کوردستان چێ ببێ، لە کاتێکدا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە خۆیدا شۆڕشێکی ئیسلامیی گشتگری ئەوتۆ دەخوازێ، بتوانێ عێراق و تورکیا و باشووری ڕووسیا بەجارێ ڕابماڵێ. یان واتای دروستبوونی کوردستان یەکەتییەکی گشتگری پێشوەختە دەگەیەنێت، هەموو ئەم وڵاتانە بگرێتەوە. یان واتای دروستبوون، هاتنەوە مەیدانی هەموو ڕەگەزە جەنگاوەر و خۆڕاگر و پشوودرێژەکانی ئیسلامە، کە ئەمەی ئێستا هەیە شتێکی زۆر کەمە لە چاویدا. لەلاتان شاراوە نییە، کە سەڵاحەدینی ئەیووبی کورد بوو. ئەوە کوردەکان بوون، کە شمشێری خاچپەرستەکانیان شکاند. لە سەردەمێکدا، کە عەرەب ملیان کەچ کرد و لە ئاستیاندا نووشتانەوە، بگرە بەشێکی زۆریان کلکیان لەگەڵ میرانی خاچپەرستەکاندا گرێ دا و پەیمانیان لەگەڵیاندا بەست.. هەر بۆیە خاچپەرستەکانی ئەمڕۆ تۆڵە لە نەوەکانی سەڵاحەدین دەکەنەوە.

## کوردستان و شۆڕشی ئیسلامی

شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران گشت هەقیقەتەکان دەزانێ، هەموو سەرکردەکانیشی بڕوایان پێیەتی، یان بڕوایان بە زۆربەیەتی. چونکە بڕوایان بەیەکەتیی ئومەتی ئیسلام لە هەر پێنج کیشوەرەکەدا و بە هەموو نیشتمان و نەتەوە و ڕەگەزەکانییەوە هەیە. چونکە ستراتیجییەتی ئیسلام وەهایە. ئیسلام بەبێ بوونی دەوڵەتێک پێک نایەت. دەوڵەتیش بەبێ هەبوونی ئومەتێک پێک نایەت. ئومەتیش پێک نایەت هەتا هەموو سنوورە نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و جوگرافییەکان تێنەپەڕێنێ.

## ئیسلام ڕێوڕەسمە و یاسایە و شەرعییەت

هەرچی ڕێوڕەسمەکانە ئەوا برێتین لە فەریزەتەکان و شەریعەتیش لەسەر ڕێوڕەسم نەبێ بنیات نانرێ و دوای ڕاپەڕاندنیان دێ و لەنێو قەومێکدا بەڕێوە دەچێ، کە ڕێوڕەسمەکان جێبەجێ بکەن. تاکو ئەگەر شەریعەت پیادە کرا ئەوا فرمانی خوا لەنێو خەڵک و لەمەڕ مەسەلەکان بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات. دوای ئەمەیش یاسای فەرمانڕەوا، ئیمام، خەلیفە، ئەمیرولمۆئمینین یاخۆ هەرچی ناوێکی لێ دەنێن، دێت.. ئەوە، کە دەبێتە نوێنەری پێغەمبەری خوا (د.خ) بۆ خەڵک و بۆ هەموو وڵات و هەموو نەتەوەیەک. ئیمام، فەرمانڕەوا، یان حکوومەت نوێنەری یاسا و شەرعییەتن. ئەوانیش ئیمام و فەرمانڕەوا و حکوومەتیان بۆ کورد ناوێ.

چێکردنی حکوومەتێک بۆ تەواوی کوردان هەنگاوێکی پێشکەوتووە، وەختێک ڕوو دەدات، کە ئیسلام لە تورکیا و عێراق و سووریا و باشووری ڕووسیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ. ئەو چرکەساتە ڕوو دەدات، کە لەو وڵاتانەدا ئیسلام لە دیلی ڕزگاری بووبێ. ئیتر ئەو پێشهاتە دەبێتە هەنگاوێکی مەزن بۆ پەڕینەوەی ئیسلام بە ئاسیادا بەرەو هەموو جیهان. چێبوونی کوردستان

هاتنەدیی خەونی هەموو موسڵمانانە. کۆتاییەکی شادیهێنە بۆ ئەو چاوەڕوانییە دوور و درێژەی لە پێناوی چرکەساتی ڕزگاریدا کێشایان. لە ئێستادا، کە مەسەلەی کوردمان پشتگوێ خستووە ئەوە لە ڕووی نەفامیمانەوەیە، لە ئاست ئەم واتایانەدا. لە ڕووی دواکەوتنمانەوەیە لە سەرفرازی. پەککەوتەیی تێکڕای ئومەتی ئیسلام دەگەیەنێ لە خۆڕزگارکردن، لە پاشکۆیەتی و ملکەچی و زیللەت. تەنیا دوو شێواز هەن بۆ چێکردنی کوردستان. هەردووکیشیان بە ئیسلامەوە بەندن. چونکە گومانی تێدا نییە هەر دەبێ کوردستان نووکەڕمی ئیسلام بێت. بەڵێ نووکی ئەو خەنجەرەیە، کە توانای بڕین و پێشڕەوی و غەزووی تێدایە. بەهرەکانی ئەم گەلە و چارەنووس وەهای هێناوە کە شمشێری ئیسلام بێت. چونکە کورد تەنیا نەتەوەن لە نێوان گەلانی موسڵماندا، کە کەمایەتیی غەیرە موسڵمانیان لەنێودا نییە. سەرلەبەریان موسڵمانن. لەو ڕۆژەوە بوون بە ئیسلام تا ئەمڕۆ هەر هەموویان جەنگاوەرن.

ڕێگەی یەکەم بۆ چێکردنی کوردستان ئەوەیە، کە خیلافەتێکی ئیسلامی دابمەزرێ هەموو موسڵمانان یەک بخات. بەم پێیە کورد لەنێو ئەم کیانەدا دەبێتە ولایەتێکی یەکگرتوو.

ڕێگەی دووەم ئەوەیە، کە یەکەم جار دەوڵەتی کوردستان پێک بێت، وەک نیشتمانێک هەموو کوردان کۆ بکاتەوە، ئیتر دوای ئەوە، ئەوان خۆیان دەتوانن هەموو موسڵمانان ناچار بەیەکگرتن بکەن. بەم پێیە دەوڵەتی کوردستان، جا ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ دروست ببێ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کوردستان، دەتوانێ یەکەتیی ئیسلام بەسەر ئومەتی موسڵماندا بسەپێنێ. لە ڕوانگەی ئەم هەقیقەتە ڕوون و ئاشکرایەوە، بووەتە کارێکی سروشتی، ئەگەر هەر سیاسەتوانێک بڕوای بە یەکگرتنی ئیسلام نەبێ ئەوا تەرکیز دەکاتە سەر داپڵۆسین و قڕکردنی کورد. لەخۆوە بێ، یان بەبێ هۆشیاری، ئەم کارە دەکەن. ئەمە وەک هەستێکی خۆڕسکە لە کن هەموو ئەو حاکمە عەلمانییانەی کە دژ بە یەکەتیی ئیسلامن.

لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی تورکیای عەلمانییەوە، ئەتاتورک وەهای کرد. سەدامیش لە یەکەمین سەعاتەکانی دەستبەکاربوونیەوە هەر وەهای کرد. شێوازی کوردقڕان لە هەردوو نموونەکەیشدا، کۆمەڵکوژ و گشتگر و بەشێوەی جینۆساید بەڕێوە چوو.. بەکورتی، کێشەی یەکگرتنی گەلی کورد کێشەی هەموو سیاسەتوانێکە ئەگەر یەکگرتنی ئیسلامی بەهەند گرتبێ. هەروەها ئەمە کێشەیەکە بە پێکهاتنی ئومەتی ئیسلام و یەک خیلافەتییەوە بەندە. هەردوو لایان تەواو پێوەندییان بە یەکەوە هەیە.

چارەسەری ئیسلامییانە بۆ پرسی کورد بریتییە لە کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلام. هەروەک لە چارەنووسی کوردانیش نووسراوە، کە بە خوێن و ڕۆح و شمشێر، ئیسلام بپارێزن و لە پێشەنگی ئەوانەدا بن، کە لە نوێ دەوڵەتی خیلافەت بنیات دەنێنەوە.. کوردان ناتوانن بێجگە لەوەی، لە ڕێگەی خوادا نووکەحەربە بن، هیچی تر ببن داخۆ لەم دۆخە تێ دەگەن؟.

سەرچاوە: المختار الإسلامي، العدد ٩٦ السنة الحادية عشرة،١٤١١ هجرية – يناير١٩٩٠ميلادية، ص: ٣٢– ٣٨

# نیکۆلۆ ماکیاڤیللی

## ١٥٢٧-١٤٦٩

د. مەهدی مەحفووز

### یەکەم: کۆمەڵگەی ئیتاڵی لە سەردەمی "ماکیاڤیللی"دا:

هێزی نوێی بازرگانی و پیشەسازی لە ئیتاڵیای سەردەمی "ماکیاڤیللی"دا، هۆکارێک بوون بۆ تێکوپێکدانی سیستمی کۆن، بەڵام لەبەر هۆکاریەلێکی سیاسی (کە دواتر دێینە سەر باسکردنیان)، هێزی دژە گۆڕان توانی کاریگەری ئەو هێزانە کەم کاتەوە و بەرەنجامەکانیشی دوا بخات. "ماکیاڤیللی" سەروەختێک دەینووسی، ئیتاڵیا بەسەر پێنج هەرێمی ناکۆک و دژ بەیەکدا دابەش بووبوو.

١- شانشینی ناپۆلی لە باشوور.

٢- دۆقیەی میلانۆ لە باکوری ڕۆئاوا.

٣- کۆمارێکی ئۆرستۆکراتی لە ڤینیسیا لە باکوری ڕۆهەڵات.

٤- کۆماری فلۆڕەنسا.

٥- دەوڵەتی پاپ لە ناوەڕاستی وڵاتدا.

ڕمانی کۆماری فلۆڕەنسا (ساڵی ١٥١٢) لەسەر دەستی بنەماڵەی "میدیتچی"، کاریگەری گەورەی لەسەر ژیان و نووسینە سیاسییەکانی "ماکیاڤیللی" بەجێ هێشت. لەو قۆناغەی مێژوی وڵاتی ئیتاڵیادا، "پاپاکان" دزێوترین دەستەوتاقمێک بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیبویان دەوڵەتەکەیان بکەنە چاکترین دەوڵەت لە ئیتاڵیادا. "پاپا" وەکی تێکڕای فەرمانڕەواکانی تر، بوو بەفەرمانڕەوایەکی ئیتاڵیایی. واتە پلە و پایەی "پاپا" لە پۆستێکی ئاینییەوە گۆڕا بوو بۆ پۆستێکی دنیای، ئەویش لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوەڕاستی وڵاتی ئیتاڵیادا.

..............................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

سەرەڕای تۆکمەیی دەسەڵاتی، بەڵام "پاپا" نەیتوانی یەکەتیی و نیشتمانی و یەکپارچەییی خاکی ئیتاڵیا بپارێزێت، وەک "ماکیاڤیللی" باسی دەکات: (وڵات لە دۆخێکی سیاسیی مەنگ و پەنگخواردوودا جێ هێڵرابوو). هیچ هێزێکی گەورە و کاریگەریش پەیدا نەبوو، بتوانێت تەواوی ئیتاڵیا یەک بخات. "ماکیاڤیللی" بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخە ناهەموارە دەخاتە ئەستۆی کڵێسا، چونکە "پاپا" بۆ خۆی لەوە لاوازتر بوو بتوانێت بەو ئەرکە هەستێت، هاوکات ڕێگەشی بە هیچ فەرمانڕەوایەکی تر نەدەدا ئەو کارە بکات. کڵێسا بەهۆی پێوەندییە نێودەوڵەتییە چەپەڵ و شەڕانگێزەکانییەوە، توانی هێزی بیانی پەلکێشی وڵات بکات، کارێک کە بووە مایەی بێزاری "ماکیاڤیللی" و وای لێ کرد بە تەوس و گاڵتەجاڕییەوە پەلاماری کڵێسا بدات.

"ماکیاڤیللی" پێی وابوو کۆمەڵگەی ئیتاڵیایی و سیاسەتی ئیتاڵیایی، ئەو دۆخی پشێوی و بێ سەروبەرییەیان نیشان دەدا کە سیستمی سیاسی و داوودەزگەکانی وڵات دووچاری بووبوون. دۆخێک کە گەندەڵی سیاسی و ئەخلاقی گەیشتبووە ترۆپک. بەمجۆرە داوودەزگا مەدەنییەکان مەحف بوونەوە و زەبروزەنگ و پاکتاوکردن، بوونە ئامرازێکی ئاسایی حوکمڕانی. لە بەرامبەریشدا بیروباوەڕی ڕاست و دروست و ڕاستگۆیی بوونە نیشانەی گەمژەیی و ساویلکەی هێز و فرتوفێڵیش بوونە کلیلی سەرکەوتن.

دەکرێت ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی ئیتاڵیایی بە سەردەمی (چەتە و ناقۆڵاکان) ناودێر بکرێت، کۆمەڵگەیەک ڕێک لەگەڵ ئەو وتەزایەی "ئەرستۆ"دا یەک دەهاتەوە کە دەڵێت: "مرۆڤ کاتێک لە یاسا و دادپەروەری تەوەلا دەبێت، دەبێتە بەدترین ئاژەڵ". بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو واقیعە ناهەموارە، "ماکیاڤیللی" بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییا سیاسییەی دەکرد کە باس لە (میر و دەسەڵاتدارێکی بە شان و شکۆ) دەکات.

## دووەم: ژیانی "ماکیاڤیللی":

"ماکیاڤیللی" بە خراپی ناوبانگی ڕۆیشتووە و ماکیاڤیلیزم بووەتە هاوتای فرتوفێڵێکی بێ سنوور. تەنانەت بە یەکێک لە ئیبلیسەکانی درامای ئەوروپایی ناو دەبرێت و هەندێ جاریش دەیکەنە هاوتای ئیبلیس خۆی[1]. "ماکیاڤیللی" ساڵی ١٤٦٩ لە بنەماڵەیەکی دیاری شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا هاتووەتە دنیاوە. مانەوەی لەو شارەدا بواری بۆ ڕەخساند تا بە چاوی خۆی، گۆڕانکارییە سەرەکییەکان لە پێکهاتەی سیستمی سیاسیی فلۆڕەنسادا ببینێت. حوکمڕانی بنەماڵەی میدیتچی تا ساڵی ١٤٩٤ خایاند و پاشان دەسەڵات دەکەوێتە دەست "ساڤونارۆلا".

"ساڤونارۆلا" پیاوێکی ئاینی بوو، بۆ ماوەی سێ ساڵ بە ئاگر و ئاسن حوکمی فلۆڕەنسای کرد و سەرەنجامی ئەوەش سەری تێدا چوو. ئەمە بواری بۆ هاتنە ئارای سیستمێکی کۆماریی ڕەخساند کە لە ساڵی ١٤٩٨ تا ساڵی ١٥١٢ بەردەوام بوو، دوای ئەوە بنەماڵەی میدیتچی گەڕانەوە سەر کورسیی حوکمڕانی. بەو پێیەی باوکی یاساناسێکی دیار و دایکیشی

ئاشنایەتییەکی چاکی لەگەڵ شیعردانانددا هەبوو، "ماکیاڤیللی" حەزێکی زۆری بەخوێندنەوەی کتێب هەبوو. ئەو پێوەندییە بەرفراوانەشی کە لەگەڵ نووسەران و بیریارانی ئەو سەردەمەدا هەیبوو، وایان لێ کرد ڕۆشنبیرییەکی لیبراڵی بەرفراوان لە بواری یاسا و سیاسەت و مێژوو و فەلسەفەدا بەدەست بێنێ. ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساند، تا پۆستی ڕاوێژکاری گشتی دەوڵەت لە کۆماری فلۆرەنسادا وەرگرێت و بۆ ماوەی چواردە ساڵ لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، تا کۆتایی سەردەمی کۆماری لە ساڵی ١٥١٢. لەو ساڵەدا بنەماڵەی میدیتچی سەرلەنوێ و بەهۆی دەستوەردانی وڵاتانی بیانی لە کاروباری ناوخۆی ئیتاڵیا، گەڕانەوە سەر حوکمڕانی و جارێکی تر دەسەڵاتیان گرتەوە دەست.

ئەو پۆستە لە ژیانی "ماکیاڤیللی"دا گرینگ بوو، لەبەرئەوەی بواری بۆ ڕەخساند ڕاستەوخۆ ئاگەداری کاروباری سیاسیی دەوڵەت بێت، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. "ماکیاڤیللی" زۆرجار بە ئەرکی دیپلۆماتی چووەتە دەرەوەی فلۆرەنسا، بۆ نموونە چوار جار چووەتە لای پاشای فەرەنسا و جارێک بۆ لای ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و دووجار بۆ لای "پاپا" و چەند جارێکیش بۆ لای قەیسەر "سیزار بۆرگیا" کە "ماکیاڤیللی" پێی سەرسام بووە[٢].

ئەو پۆستە باڵایە وای کرد، "ماکیاڤیللی" لە نهێنی و پێچ و پەناکانی دنیای سیاسەت حاڵی بێت، هەموو ئەمانەش لە نووسینەکانیدا باس بکات، ئەو نووسینانەی لە گوندەکانی تۆسکانیدا نووسینی، دوای ئەوەی بنەماڵەی میدیتچی بە تۆمەتی بەشداریکردنی لە پلانی کۆمارییەکاندا بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە فەرمانڕەواکەیان، تۆمەتباریان کرد و وەک نەفیکراوێک ڕەوانەی ئەوێیان کرد. "ماکیاڤیللی" ماوەی دوازدە ساڵێک گۆشەگیر و دەستبەسەر، دوور لە وەزیفە مایەوە و بە درێژایی ئەو ماوەیەش چاوەڕێی ئەوە بوو لێی خۆش بن و بگەڕێتەوە سەر کارەکەی جارانی، بەڵام بێ سوود بوو. تا لە ساڵی ١٥٢٧دا کۆچی دوایی کرد و میراتییەکی فیکریی گەورە و گرانی لە دوای خۆی بەجێ هێشت، ئەو میراتییە فیکرییە بە گرینگترین شتێک ئەژمار دەکرێت کە لەو سەردەمەدا نووسرابێت.

لە گرینگترین ئەو بەرهەمانەی "ماکیاڤیللی" لە دوای خۆی بەجێی هێشت، کتێبی (میر)ە کە لە ساڵی ١٥١٣دا نووسیویەتی، لەگەڵ کتێبی (دەمەتەقێ) ساڵی ١٥١٩، (هونەری جەنگ) لە نێوان ساڵانی ١٥١٩ و ١٥٢٠دا، دواجار کتێبی (مێژووی فلۆرەنسا) کە لە ساڵی ١٥٢٥دا بڵاو کرایەوە. لەنێو ئەم چوار کتێبەدا، گرینگیی فیکری و سیاسی "ماکیاڤیللی" لە دوو کتێبی یەکەمدایە کە بریتین لە: (میر) و (دەمەتەقێ). هەر بۆیە ئێمەش لەم وتارەماندا گرینگی بەم دوو کتێبە دەدەین.

بیر و بۆچوونە سیاسییەکانی "ماکیاڤیللی" بە ڕوون و ڕەوانی لە هەردوو کتێبی (میر) و (دەمەتەقێ)دا دەبینرێن. لە (میر)دا "ماکیاڤیللی" جۆر و شێوازی میرنشین و حکومەتە ڕەهاکان دیاری دەکات، لەگەڵ ئەو شێوازی حوکمکردنەی پێویستە بەمەبەستی پارێزگاری لێکردن و

پاراستنی لە دارمان بگیرێتە بەر. هەرچی کتێبی (دەمەتەقێ)شە، ئەوا باس لە کۆمارەکانی ڕۆمان دەکات بەپێی مێژووی ڕۆمانی و بەو شێوەیەی کە "تیتۆس لیڤۆس" نووسیویەتی. لە هەریەک لەم دوو کتێبەدا ئەو خەسڵەتە سەرەکییانە دەبینین کە "ماکیاڤیللی" پێی دەناسرێت، وەک: (گوێنەدان بە بەکارهێنانی ئامرازە نائەخلاقییەکان بۆ گەیشتن بە مەرامی سیاسی و قەناعەتهێنان بەوەی، حوکمڕانی تا ڕادەیەکی زۆر دەرگیری هێز و فرتوفێڵە). هاوکات ئەو دوو کتێبە زیاتر بەلای واقیعدا دەچن، وەک لەوەی قەرەی تیۆریای سیاسی بکەون. واقیعبوونی "ماکیاڤیللی"یش لەم دەستەواژەیەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: "بەو پێیەی ئامانجی من سوودگەیاندنە بەوانەی لێم تێ دەگەن، بۆیە بە چاکم زانی خۆم بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی شتەکانەوە خەریک بکەم، نەک وێنەیەکی فانتازی و دوور لە واقیع بەردەست بخەم. زۆرێک وێنای میرنشین و کۆمار گەلێکیان دەکێشا، کە نە کەس بینیبوونی و نە کەس هیچی لەبارەوە دەزانین. جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ژیان وەکی خۆی و وەکی ئەوەی دەبێت وا بێت هەیە)[٤].

دیارترین خەسڵەتێک کە "ماکیاڤیللی" هەیبوو، ئەوە بوو بەشێوەیەکی پڕاوپڕ لەبارەی شێوازەکانی حوکمڕانیکردن و ئەو ئامرازانەی دەوڵەتی پێ بەهێز دەبن دەینووسییەوە، لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی دەتوانێت لە ڕێیانەوە دەسەڵاتی خۆی پێ بەرفراوان بکات و ئاگەدارکردنەوەی حوکمڕانان لەو هەلانەی دەبنەمایەی لاوازبوون و گلۆربوونەوەی سیستمی حوکمڕانییەکانیان.

گرتنەبەری ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازی، گرینگترین شتێکە ئاوڕیان لێ بداتەوە و گرینگی زۆریان پێ بدات، هەریەک لەمانەش لە هەموو پێودانگێکی ئاینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دادەماڵێت. بەبڕوای ئەو مەبەستی سەرەکی لە سیاسەت، پارێزگاریکردنە لە هێزی سیاسی و زیادکردنی ئەو هێزەیە، تەنیا پێودانگێکیش کە حوکمی پێ بدات سەرکەوتنیەتی لە بەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو سیاسەتە دڵڕەقانە و زاڵمانەیە یاخۆ ناشەرعییە.

"ماکیاڤیللی" زۆرجار باس لەو خەسڵەتە نائەخلاقییانە دەکات کە زۆر لێزانانە بەکاردەهێنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی حوکمڕانیکردن، ئەمەش دەبێتە خەسڵەتێکی دیاری سیاسەتی "ماکیاڤیللی" و بەرپرسیارە لە بەدناوی ئەو کە بڕوای تەواوی بەوەیە: (الغاية تبرر الوسيلة). بە کورتییەکەی ئەو سیاسەت لە هەموو پێودانگەکانی تر جیا دەکاتەوە و وەها لەبارەیەوە دەنووسێت وەک ئەوەی بۆ خۆی ئامانج بێت.

### سێیەم: سروشتی مرۆڤ

بە تێکڕای نووسینە سیاسییەکانی "ماکیاڤیللی"یەوە دیارە کە ئەو باوەڕی بە جێگیری و نەگۆڕانی سروشتی مرۆڤ هەبووە و لەو خەسڵەتە نەگۆڕاوانەشی لە ئەزەلەوە لەگەڵیدایە، خۆپەرستی و دوودڵی و سپڵەیییە. ئەمەش بە ئاشکرا بە خواست و ئارەزووی مرۆڤەکانەوە دیارە، بۆ

دەستەبەرکردنی ئارامی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان، هەروەها بە ویست و حەزی حوکمڕانەکانەوە دیارە، بۆ پاوانکردنی حوکمڕانی و زیادکردنی دەسەڵات و هەژمونخوازیان. حەزی مرۆڤ بە خاوەندارێتیی زۆر و بێ سنوور، وای لێ دەکەن هەمیشە لە خەمی پاراستن و زیادکردنی ئەو شتانەدا بێت کە هەیەتی. بەو پێیەی پێویستی مرۆڤ بە هێز و موڵکدارێتیی سنووری بۆ نییە، ئەمە وا دەکات مرۆڤەکان لە دۆخێکی کێبەرکێ و ململانێی بەردەوامدا بن و ئەمەش مەترسیی هاتنە ئارای پشێوی و نائارامییەکی قووڵ دروست دەکات، گەر بێتو بە هێزی یاسا ڕێگیریی لێ نەکرێت.

لێرەوە پێویستە سیاسەتی حوکمڕانیکردن لەسەر هەقیقەتێکی کۆنکرێتی دابمەزرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئاسایش و ئارامی، بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی بەهێز و تۆکمە دەستەبەر نابێت. یەکێک لەو مەسەلانەی "ماکیاڤیللی" باوەڕی پێی هەبوو، ئەوە بوو مرۆڤ بە گشتی بەد و خراپن و فەرمانڕەوای ژیر و سەرکەوتووش دەبێت، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئەو بۆچوونە دابڕێژێت. لەم بارەیەوە ئەوەتا دەڵێت: "خەڵک و بەگشتی سپڵە و ڕاڕا و دووڕوون، خۆیان لە مەترسی بەدوور دەگرن و زۆر بە تەماح و چاوبرسین. تا بزانن بەکەڵکیان دێیت و بە سوودی بۆیان لەگەڵتدان، هەر بۆیە ئامادەن خۆیان و ماڵ و منداڵیان بە قوربانت کەن، بەڵام کە بارت لاربوو دێنەوە بە گژتا و لێت ڕادەپەڕن. پێویستە میر دەست نەبات بۆ موڵک و ماڵاتی خەڵکی، چونکە مرۆڤ لەدەستدانی موڵک و ماڵاتەکەی لە مردنی باوکی بەلاوە قورسترە"[5]. ئەم وێنە بەد و خراپەی "ماکیاڤیللی" لە سروشتی مرۆڤدا دەیبینێت، بە بۆچوونی ئەو پێویستە بکرێتە بنەمایەک بۆ هەر فەرمانڕەوایەک تا سیاسەتی حوکمڕانی و هێزی خۆی لەسەر بنیات بنێت.

پێویستە حوکمڕانی و هێزی حوکمڕان هەمیشە لەسەر ئەو گریمانەیە دابمەزرێت کە خەڵک بەد و خراپن و مەترسیی ڕوودانی پشێوی و نائارامی لە ئان و ساتدایە، ئەوەشی ڕێ بەم دۆخە دەگرێت تەنیا هێزی فەرمانڕەوایە کە بەرپەرچی هەموو هەوڵێکی شەڕانگێزانە دەداتەوە. کەواتە "ماکیاڤیللی" پێی وایە، دەبێت دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بایەخ بە پێداویستیی قوتارکردنی کۆمەڵگە بدات لە پشێوی و نائارامی. بوونی هەر لاوازییەک لە حوکمڕانیکردندا، دەبێتە مایەی هەستکردن بە نائارامی و سەرهەڵدانی مەیلی شەڕانگێزی و دوژمنکارانە لەناو مرۆڤەکاندا، بە مەبەستی خۆسەپاندن و پاوانکردنی موڵک و ماڵاتی زیاتر و زۆرتر.

ئەم گریمانە سەرەکییانە لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتییەوە، پێویستە لەسەر کەسی فەرمانڕەوا بیانزانێت و لە بیریان نەکات، هاوکات فەرمانڕەوای سەرکەوتوو دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا و بەر لە هەر شتێ، کار بکات بۆ دەستەبەرکردن و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ سەروماڵی هاووڵاتییان، چونکە ئەمە گرینگترین و گەورەترین حەز و ئارەزووی مرۆڤە. مرۆڤ ئەوەندە بەتەنگ سەروەت و سامانەکەیەوەیە، ڕەنگە ئاسانتر بێت لە کوشتنی باوکی خۆش بێت، وەک لەوەی ئەوانە ببەخشێت کە موڵک و ماڵاتیان خواردووە. کەواتە فەرمانڕەوای ژیر بە بڕوای "ماکیاڤیللی"، ڕەنگە

خەڵک بکوژێت، بەڵام موڵک و ماڵاتیان زەوت ناکات.

ئەم بیر و بۆچوونانە لەمەڕ (خۆپەرستی و خراپەکاری) وەک ئەنگێزەیەکی سەرەکیی سروشتی مرۆڤ، بۆیە بووبوونە جێ بایەخی سەرەکیی "ماکیاڤیللی"، چونکە بەشێوەیەک تەشەنەیان سەندبوو لە سەردەمەکەیدا کە بووبوونە خەسڵەتێکی دیاری کۆمەڵگەی ئیتاڵی و پشێوییەکی کۆمەڵایەتیی گەورەیان خوڵقاندبوو. "ماکیاڤیللی" پێی وابوو کۆمەڵگەی ئیتاڵی کۆمەڵگەیەکی گەندەڵە و لە چاو فەرەنسا و ئیسپانیادا، گەندەڵییەکەی بێوێنەیە.

(ئەو ڕادەی گەندەڵییەی لە ئیتاڵیادا هەیە، لە هیچ شوێنێکی تر نابینرێت. ڕاستە لە فەرەنسا و ئیسپانیا بەشی خۆیان گەندەڵیان هەیە، بەڵام هەرگیز بەو جۆرەی لای ئێمە نییە. ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی خەڵکی ئەو دوو وڵاتە، هێندەی پێوەندیی بەو ڕاستییەوە هەیە کە هەریەک لە فەرەنسا و ئیسپانیا، خاوەن پادشا و دەسەڵاتدارێکی وان کە یەکپارچەیی خاکەکەیان دەپارێزن)[٦].

## چوارەم: ئاین لای "ماکیاڤیللی"

ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەندەڵ و ناهەموارەی لە ئیتاڵیادا لە ئارادا بوو، کاریگەریی گرینگی لەسەر بیر و بۆچوونەکانی "ماکیاڤیللی" هەبوو. پارچە پارچەبوونی کۆمەڵگەی ئیتاڵی و دابەشبوونی بەسەر چەند دەوڵەتۆکەیەکی ناکۆک و دژ بەیەکدا، وایان لە "ماکیاڤیللی" کرد بە دوای ئەوەدا بگەڕێت کە کێ لەو ڕەوشە بەرپرسیارە، سەرەنجام بینی "پاپا" و کڵێسای مەسیحی بەرپرسیارن لە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی ئیتاڵی.

"پاپا" لە بریی ئەوەی وەک دادوەرێک لە نێوان مەسیحییەکانی تەواوی ئەورووپادا بمێنێتەوە، خۆی وەک هەر فەرمانڕەوایەکی دنیایی لێ کرد کە بەدوای هێز و دەسەڵاتدا دەگەڕێت. ئەمەش بووە مایەی خراپتربونی ڕەوشەکە و بوو بە کۆسپ لە بەردەم یەکخستنەوەی خاکی ئیتاڵیادا کە "ماکیاڤیللی" خەونی پێوە دەبینی. تاوانبارکردنی "پاپا" و کڵێسا لەلایەن "ماکیاڤیللی"یەوە، بە بڕوای ئەو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مەسیحییەت ڕۆڵی لە سووک تەماشاکردن و بەکەمگرتنی جوامێری و فەزیلەتی سەربازیدا هەبووە و وەک ئاینەکانی تر تەئکیدی لێ نەکردوونەتەوە.

بە بڕوای ئەو مۆراڵ و ڕەفتاری مەسیحی، تەنیا گوزارشت لە خەجاڵەتی و ملکەچی دەکات. (ئاینی ئێمە بەختەوەریی گەورە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی و بە سووک سەیرکردنی خواستە دنیاییەکاندا دەبینێت، لە کاتێکدا ئاینەکانی تر بە پێچەوانەوە، خێر و چاکەی گەورە لە مەزنیی ڕۆح و هێزی جەستەدا دەبینن، سیفەتگەلێکی لەم جۆرەش مرۆڤ دەکەنە کەسێکی بە شان و شکۆ. پێم وایە ئەم پرەنسیپانە بوونەتە مایەی ئیفلیجکردنی مرۆڤ و کردوونی بە نێچیرێکی ئاسان بۆ ئەوانەی خاوەنی ئەقڵێکی شەڕانگێزانەن و ئەوانە دەتوانن زۆر بە شێنەیی کۆنترۆڵیان بکەن.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بەهەشتی بەنسیب بێت، هەوڵ دەدات خراپەکاریی دەسەڵاتدارانی شەڕانگێز قبووڵ بکات، لە بریی ئەوەی بەگژیاندا بچێتەوە و بیر لە تۆڵەکردنەوە بکاتەوە)[7].

ئەم پەرەگرافە لە نوسینەکانی "ماکیاڤیللی"، هەرچەندە لاقرتێی کڵێسای مەسیحی و ڕێنوێنییەکانی ئەو ئاینەی پێوە دیارە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسێکی مولحید و خوانەناس بوو، یان هیچ گرینگییەکی بە ئاین و ڕۆڵی بایەخداری ئاین لە کۆمەڵگەدا نەداوە. ئەو کە ڕەخنە لە ئاینی مەسیحی دەگرێت، لەبەرئەوەیە پێی وایە مەسیحییەت فەزیلەت لە گوێڕایەڵی و گەردنکەچیدا دەبینێت. لە کاتێکدا ئاینەکانی تر، فەزیلەت لە شکۆی ڕۆح و هێزی جەستەدا دەبینن. ئەمەش مانەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان مسۆگەر دەکات و دەیانپارێزێت.

بەڕای "ماکیاڤیللی" گرینگیی ئاین، لە لایەنە سیاسییەکەیدایە و لەو ڕۆڵەدایە کە لە بەدیهێنانی ئامانجی سیاسیدا دەیگێڕێت. ئاینی ڕاستەقینە و ڕاست و دروست دەشێت بۆ هەموو دەوڵەتێکی کۆماری یان پادشایی یاخۆ میرنشینێک کە بیەوێت پارێزگاری لە خۆی بکات، گرینگ و پێویست بێت. خراپترین ئاماژەیەک بۆ لەناوچوون و ئاوابوونی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێک، بە سووک سەیرکردنی ئاین و ڕێورەسمی ئاینییە لەلایەن ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە. بە بۆچوونی "ماکیاڤیللی" ئاین دەتوانێت گوێڕایەڵی لە ڕیزی سوپادا و یەکێتی لەناو میللەتدا زیاد بکات، ترادسیۆن بپارێزێت و شەڕ و خراپەکاریش کەم کاتەوە... چەندە ترس دەبێتە مایەی گەورەبوونی دەوڵەت، نەمانی ئەو ترسەش دەبێتە مایەی بچووکبوونەوە و داڕمانی[8].

لێرەوە تێ دەگەین بۆچی "ماکیاڤیللی" بانگەوازخوازانی ئاین بە پلەیەک لە خوار دروستکەرانی دەوڵەتەوە دادەنێت، چونکە هیچ دەوڵەتێک بەبێ ئاین بوون و قەوارەی نابێت. واتە بوونی ئاین مەرج و پێویستییە بۆ مانەوە و بوونی دەوڵەت.

## پێنجەم: مۆراڵ و سیاسەت لای "ماکیاڤیللی"

کاتێک "ماکیاڤیللی" لە بەرهەمەکانیدا باسی لە پێداویستیی سیاسەت دەکرد، دەیویست بە تەواوەتی لە مۆراڵ و ئاینی جیا بکاتەوە و وەک کایەیەکی سەربەخۆ قسەی لەسەر بکات. بەمەش زیاتر لە "ئەرستۆ" نزیک دەبووەوە، بەتایبەت کتێبەکەی (سیاسەت). "ئەرستۆ" لەو کتێبەیدا باس لە چۆنیەتیی پاراستنی دەوڵەت دەکات، بەبێ گوێدانە باشی و خراپییەکانی.

مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە "ماکیاڤیللی" پێی وابوو مەبەست لە سیاسەت، هێشتنەوەی هێزی سیاسەتی دەوڵەت و زیادکردنی بەردەوامی ئەو هێزەیە، سەرکەوتن لە بەدیهێنانی ئەوەشدا، بریتیە لە سیاسەتی ڕاست و دروست، ئیتر ئەگەر ئەو سیاسەتکردنە ناپاک و زاڵمانە بێت یاخۆ نایاسایی بێت.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو، "ماکیاڤیللی" گرتنە بەری هەموو ڕێگەیەکی

نائەخلاقی (تەنانەت کوشتن و درۆش)، بەڕەوا دەزانێت و ڕێگەی پێ دەدات. کەواتە گرتنە بەری ڕێگەی نائەخلاقی لە پێناو پاراستنی حوکمڕانی و بەهێزکردنی دەسەڵاتدا لەلایەن کەسی فەرمانڕەواوە، شتێکی شەرعی و ڕێ پێ دراوە. بەڵام لە کاتی گرتنە بەری ئەو ڕێگەیانە، دەبێت کەسی فەرمانڕەوا زۆر ژیر و لێزانانە و بە نهێنی کارەکانی بکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە کۆنترۆڵی دەرنەچێت و دووچاری پەرچەکرداری خراپ نەبێت.

"ماکیاڤیللی" زۆر باسی لە بەکارهێنانی شێوازی نائەخلاقیانە و زۆرزانانە کردووە و پیایدا هەڵداوە، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی کەسی فەرمانڕەوادا . هەموو ئەمانەش بەرپرسن لەو ناوبانگ خراپییەی ئەو کە لە وتەزای (الغاية تبرر الوسيلة)دا کورت دەبێتەوە. ئەو کاتێک سیاسەت جیا دەکاتەوە و لە هەموو پێودانگێکی مۆراڵی و ئاینی دایدەماڵێت و ستایشی ئەو فەرمانڕەوایانەش دەکات کە گوێ بە بەها ئەخلاقییەکان نادەن، بۆ ئەوەیە پلە و پایەکانیان پارێزراو بێت و دەسەڵاتی خۆیان و دەوڵەتەکەیان بەهێزتر بکەن.

ئەم داماڵین و جیاکردنەوەیەی سیاسەت لە هەموو بەها و پێودانگێکی ئەخلاقی، هەرگیز بەو مانایە نایەت کە "ماکیاڤیللی" کاریگەری مۆراڵ و ئاینیی لەسەر جەماوەر و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی فەرامۆش کردووە. ئەو کاتێک کە بەهانە دەداتە دەست فەرمانڕەواکان تا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان ڕێگەی نائەخلاقی بگرنە بەر، گومانی لەوە نییە کە دەوڵەتی بەهێز تەنیا لەسەر بنەمایەکی پتەو لە ئەخلاق دروست دەبێت. ئەوەتا سەرسامیی گەورەی خۆی بە فەزیلەتی ئەخلاقی و مەدەنیی ڕۆمانەکان لە کۆندا و سویسرییەکان لە سەردەمی خۆیدا نیشان دەدات و پێیوایە ئەم فەزیلەتانە لەخۆڕا نەهاتوون، بگرە بەرهەمی کەشوهەوای ئارامی ژیانی ناوخێزان و سەربەخۆیی لە ژیانی تایبەتی و خاکیبوون لە هەڵسوکەوت و خۆنەویستی و دڵسۆزی نواندن لە جێبەجێکردن و ڕاییکردنی ئەرکە گشتییەکانە، بەڵام ئەم فەزیلەتانە و ئەو ئەخلاقانە نابنە ڕێگر لە بەردەم کەسی فەرمانڕەوا و ناچاری ناکەن بەوەی پابەندی ئەو ڕێسا و یاسا مۆراڵی و ئاینییانە بێت کە خەڵک باوەڕیان پێیەتی.

بەمجۆرە "ماکیاڤیللی" دوو پێودانگ بۆ ئەخلاق لە دەوڵەتدا دادەنێت، یەکەمیان بۆ کەسی فەرمانڕەوا و ئەوی تریان بۆ هاووڵاتییانی ئاسایی. پێودانگی یەکەمیان بە ڕادەی ئەو سەرکەوتنانە دەپێورێت کە فەرمانڕەوا بەدەستی دێنێت، سەرکەوتوویی لە پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتەکەی و بەهێزکردنی دەوڵەتەکەی لە کاتێکدا پێودانگی دووەم، بە ڕادەی ئەو هێزە دەپێورێت کە لە ڕێیەوە هاوڵاتی، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی لەناو گرووپ و دەستەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێ بڵاو دەکاتەوە.

کەواتە لە ڕێی ڕاستی هەڵوێستی لە ئاین و ئاکار، دەکرێت بڵێین "ماکیاڤیللی" شان بەشانی هێزی مادی بڕوای بە پێداویستیی هێزی ڕوحی کۆمەڵگە هەبووە.. ئەو پێی وایە پێویستە لەسەر کەسی فەرمانڕەوا ئەو دوو هێزە بۆ کۆمەڵگە بەدی بهێنێت، گەر بیەوێت دەوڵەت بە بەهێزی بمێنێتەوە، لەگەڵ جەختکردنیشی لەسەر ئەوەی نابێت فەرمانڕەوا پابەندی ئەو ڕێسا مۆراڵی و

ئاینییانە بێت کە جڵەوی کۆمەڵگە دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو هەر لە بنەڕەتەوە پێی وایە کەسی فەرمانڕەوا لە دەرەوەی ئەو گرووپ و حەشاماتەیە کە کۆمەڵگەی لێ پێکدێت، یاخۆ لە پێوەندییەکی تایبەتیدایە لەگەڵی، بە جۆرێک ئەم پێوەندییە وای لێ دەکات لەسەر و کۆمەڵگە و ڕێسا ئەخلاقییەکانیەوە بێت و لە دەرەوەی بازنەی ئەو ئاینەش بێت کە کۆمەڵگە لەسەریەتی.

مەبەست لە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئاین و مۆراڵ ئەوەیە، "ماکیاڤیللی" پێی خۆش بووە سیاسەت بۆ خۆی ئامانج بێت و زانستێکی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ بێت و لە هەموو پێودانگەکانی تر بەدوور بێت. ئەم دابڕاندن و جیاکردنەوەیەی سیاسەت لە کایەکانی تر، پرۆسەیەکە بۆ "ماکیاڤیللی" حیساب دەکرێت، لەبەرئەوەی یەکەم کەس بووە هەوڵی ئەوەی داوە دیاردەی سیاسەت و بەتایبەتیش دیاردەی حوکمڕانیکردن، بەشێوەیەکی جیاواز و تایبەت لە لێکۆڵینەوە فەلسەفی و تیۆرییەکان تاوتوێ بکات، ئیتر ئەمە لە ڕووی ئامانجەوە بێت یان لە ڕووی شێوازی لێکۆڵینەوەکەیەوە بێت. بەمجۆرە یەکەمین بەردی بناغەی بۆ دامەزراندنی زانستێکی تایبەت و سەربەخۆ دانا کە ئەویش زانستی سیاسەت بوو.

### شەشەم: ئەرکەکانی فەرمانڕەوا

ئامانجی سیاسەت لای "ماکیاڤیللی" بریتییە لە پاراستن و زیادکردنی هێزی سیاسیی دەوڵەت. سەرکەوتن لە بەدیهێنانی ئەوەشدا ئامانجی سیاسەتە و پێوەری سیاسەتی ڕاستەقینەیە، ئیتر ئەو مومارەسەکردنەی سیاسەت، ڕەوا بێت یان ناڕەوا. "ماکیاڤیللی" بە چاوی خۆی هەلومەرجی ناهەمواری کۆمەڵگەی ئیتاڵی دەبینی کە چۆن بەسەر چەندین دەوڵەتۆکەدا پەرت و دابەش بووە و هەر دەوڵەتۆکەیەکیش دەسەڵاتدارێکی گەندەڵ فەرمانڕەوایەتی دەکات، دەسەڵاتدارێک کە شوێن بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کەوتووەو بەرژەوەندیی نەتەوەییی ئیتاڵیای وەلاوە ناوە. لێرەوە خەمی "ماکیاڤیللی" ئەوە بوو میر یاخۆ فەرمانڕەوایەکی بەهێز بدۆزێتەوە، تا بتوانێت کۆمەڵگەی ئیتاڵی لەو واقیعە سیاسییە دژوار و نابووتە دەربهێنێت.

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سیاسییەش، هەموو دەسەڵاتێکی بەخشیبووە فەرمانڕەوا، تەنانەت ئەگەر نائەخلاقیش بێت. هەروەها بە گونجاوی دەزانی فەرمانڕەوا زیاد لە کارەکتەرێکی هەبێت، تا لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سیاسییانەدا بگونجێت کە پیایاندا تێ دەپەڕێت. بەمجۆرە "ماکیاڤیللی" لە کتێبی (میر)دا، باسی لە هەموو ئەو سیفەت و خەسڵەتانە کردووە کە پێویستە لە فەرمانڕەوای بەهێز و سەرکەوتوودا هەبێت و لێیان بەهرەمەند بێت، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیدا. ئەم خەسڵەتانە بە پێداویستییەکانی سیاسەتوانی سەرکەوتوو ئەژمار دەکات. بەمجۆرە پێویستە لەسەر (میر)، خۆی وەک کەسێکی بەخشندە و دڵفراوان نیشان بدات، بەڵام تا ئەو ئاستەی_ نەبێتە مایەی ورووژاندنی زۆرینەی گەل. هاوکات پێویستە لەسەری وای نیشان بدات کە کەسێکی لێبووردەیە، بەڵام دەبێت بزانێت لە چ کاتێکدا دەبێت لێبووردە بێت، لەبەرئەوەی

لێبووردن ئەگەر لە جێی خۆیدا نەبوو، ئەوا بە خراپ دەشکێتەوە. پێویستە میر لە یەک کاتدا خەڵک خۆشیان بوێت و لێشی بترسن، ئەمەش لەبەرئەوەی کارێکی قورسە، چاکتر وایە تۆقێنەر بێت نەک خۆشەویست.

خەڵک بەشێوەیەکی گشتی دوودڵن و خاوەن بڕیار نین، هەرچییەکیان هەبێت لە ناخی خۆیاندا دەیشارنەوە. لە هەڕەشە و مەترسییەکان خۆیان لادەدەن و هەڵپەی دەسکەوت دەکەن. ئەوەندەی لە فەرمانڕەوایەکی سەختگیر دەترسن، ئەوەندە لە سەرکردەیەکی خۆشەویست سڵ ناکەن. سەرکردەی سەختگیریش هەرگیز مانای ئەوە نییە کە بێزراوە و خەڵکی ڕقیان لێیەتی. ڕقهەڵگرتنی خەڵک لە میر کارێکی ترسناکە و هەڕەشەیە بۆی، بۆیە دەبێت ئەوە بەسەر خۆیدا نەهێنێت. بۆ ئەوەی خۆی لە ڕق و تووڕەیی خەڵکیش بەدوور بگرێت، پێویستە میر دەستدرێژی نەکاتە سەر موڵک و ماڵاتیان، یاخۆ چاو ببڕێتە شەرەفی ژنەکانیان. شتێکی جوانە میر لە بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆ بێت، بەڵام ڕاستگۆیی بۆ هەموو کاتێک دەست نادات. زۆرێک لە میرەکان، لەبەر ئەوە لە حوکمڕانیکردنیان سەرکەوتوو بوون و کۆنترۆڵی هاووڵاتییانیان پێ کراوە، چونکە بەڵێنشکێنیان کردووە. پێویستە میر ڕووی خۆی بێ جیاوازی وەک مرۆڤ و ئاژەڵ نیشان بدات. چەکی مرۆڤ یاسا و ڕاستگۆیییە، بەڵام چەکی ئاژەڵ هێز و فرتوفێڵە. لەبەرئەوەی یاسا بە تەنیا بەس نییە، بۆیە مرۆڤ ناچار دەبێت زۆرجار پەنا بۆ چەکی ئاژەڵ بەرێت. لەبەر ئەوە پێویستە میری سەرکەوتوو لە یەک کاتدا خەسڵەتی مرۆڤ و خەسڵەتی ئاژەڵی هەبێت، چونکە هەریەکەیان پاڵپشتی ئەوی تریان دەکات. ئەگەر میر ناچار بێت خەسڵەتی ئاژەڵی هەبێت، پێویستە لەسەری لە یەک کاتدا خەسڵەتی شێر و ڕێوی هەڵبژێرێت. لەبەرئەوەی وەک شێرێک پێویستە ڕێوی بێت تا تەڵەکانی بەرپێی خۆی ببینێت، وەک ڕێوییەکیش دەبێت شێر بێت، تا بتوانێت لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماری گورگەکاندا پارێزگاری لە خۆی بکات[٩].

دەبێت میر ڕێگە بە کەسی تر نەدات ببێتە میرێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات، چونکە بەم کارەی خۆی وێران دەکات. هەروەها پێویستە لە ئاست ئەو کێشانەی دێنە پێش، بێلایەن نەبێت. بێلایەنی هەڵوێستی میرە لاواز و ڕاڕاکانە و دەبێتە مایەی کارەسات و ماڵوێرانی. میر دەبێت ئامۆژگاریی کار و ڕاوێژکاری خۆی بێت و هەر کاتێکیش پێویستی بە مۆجیاری کەسانی تر هەبوو، دەبێت ئەوە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی بێت، نەک بەپێی حەز و ویستی ئەوانی تر.

ئەمانە خەسڵەتگەلێکی پێویستن بۆ هەر میرێکی سەرکەوتوو، بۆیە پێویستە بە ئاشکرا لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ بداتەوە. (ڕەنگە پێویست نەبێت میر خاوەنی هەموو ئەو سیفەتانە بێت، بەڵام گرینگە وا خۆی دەربخات کە هەموو ئەو سیفەتانەی تێدایە. دەتوانم بڵێم: ئەگەر میر خاوەنی ئەم سیفاتانە بوو، هاوکات لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا نیشانی دان، ئەوا ڕەنگە زیانی پێ بگەیەنن، لە کاتێکدا چاکتر وایە بە ـڕووکەش نیشانی بدات ئەو سیفاتانەی تێدایە. چاکتر وایە بۆ میرـ خۆی وەک کەسێکی بە بەزەیی و نەرمونیان و ئیماندار و ڕاستگۆ نیشان بدات...

پێویسته ئەوە باش بزانین کە ئەستەمە میر –بە تایبەتی میری نوێ –، لە هەڵسوکەوتیدا ڕەچاوی هەموو ئەو شتانە بکات کە خەڵک بە چاوی پیاو چاک سەیری بکەن، چونکە ئەو لە زۆر کاتدا ناچارە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، لە دژی مرۆڤایەتی و لە دژی سۆز و بەزەیی و تەنانەت لە دژی خودی ئاین خۆشی کار بکات. پێویستە بیرکردنەوەی نەرم بێت و تا بۆی دەکرێت لە ڕێی خێر لانەدات، بەڵام دەبێت لە کاتی پێویستدا بزانێت چۆن ڕێگەی شەڕ و خراپە دەگرێتە بەر. پێویستە زۆر وریا بێت و قسەیەک نەکات بەدوور بێت لەو پێنج خەسڵەتەی باسم کردن، واتە هەر کاتێک خەڵک بینینی و گوێی لێ گرتن، بزانێت میرێکە نەرمونیانی و بەخشندەیی و مرۆڤدۆستی و شەرەف و بەر لە هەموو شتێکیش ئیمانداریی لێ دەبارێت. ئەمە گرینگترین شتێکە_ میر خۆی وا دەربخات، لەبەرئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی گشتی، بە چاویان حوکم دەدەن و باوەڕ بەو شتانە دەکەن کە دەیبینن. خەڵک بە زۆری ڕووکار و سەروسەکتت دەبینن و کەمەکێکیان بە چاکی دەتناسن. ئەو ژمارە کەمەش زاتی ئەوە ناکەن بەگژ ڕای زۆرینەدا بچنەوە کە هێز و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان لە پشتە)[١٠].

فەرمانڕەوای سەرکەوتوو چەند سیفاتێکی هەیە. هەموو میرێک دەبێت وا خۆی دەربخات کە خاوەنی ئەوانەیە، چونکە ئەو خەسڵەتانە ڕێگە بۆ سەرکەوتنی ئەو کارە سیاسییانە خۆش دەکەن کە میر ئەنجامیان دەدات و وا دەکات هاوڵاتییانی ڕێزی زیاتر و زۆرتری بگرن. لە کاتێکدا ئەگەر میر بە جۆرێک ڕەفتاری کرد کە لەگەڵ ئەم خەسڵەتانەدا بگونجێت، ئەوا پێویستە لەسەری گوێ بە پێوەدانگە ئەخلاقییەکانی ڕەفتاری نەدات، مادامەکی ئەوە سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ حوکمڕانیکردنەکەی مسۆگەر دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕێز و خۆشەویستیی گەلەکەی لەدەست بدات. ئەوەی لە کار و کردەوەی فەرمانڕەوایاندا بەهێند دەگیرێت، سەرەنجامی ئەو کارانەیە، بەبێ گوێدانە خەسڵەتی ئەو ئامرازانەی بۆ جێبەجێکردن و ڕایکردنی ئەو کارانە بەکار هێنراون. بەمجۆرە (پێویستە میر تەنیا بیر لە پاراستنی ژیانی خۆی و دەوڵەتەکەی بکاتەوە). ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بوو، ئەوا (هەموو ئەو ئامرازانەی پەنای بۆ بردوون، بە شتێکی پیرۆز و ڕەوا دەدرێنە قەڵەم و تەواوی خەڵکی ستایشی دەکەن).

### حەوتەم: چاکترین سیستمی سیاسی و خولیای نیشتمانی "ماکیاڤیللی"

لە ڕێی بەرهەمەکانی "ماکیاڤیللی"یەوە سەرنج دەدەین کە سیستمی حوکمڕانی بەسەر دوو جۆردا بەش کردووە، جۆرێکیان کۆماری و جۆرەکەی تریشیان میرنشین. (تێکڕای ئەو دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانییانەی پێشتر و تا ئێستاش خاوەن دەسەڵاتن و حوکم دەکەن، یان کۆمارین یاخۆ میرنشینین). پێی وایە کۆمارییەکان ئەو سیستمە سیاسییانەن کە لەسەر ئازادی دامەزراون، بەڵام میرنشینەکان ئەو سیستمانەن کە تاکەکەس حوکمی دەکات. لە کتێبی (میر)دا "ماکیاڤیللی" باس لە میرنشینەکان دەکات و پێی وایە چەند جۆر میرنشین هەیە:

١–میرنشینە نوێیەکان: ئەمانە دوو جۆرن: (هەیانە زۆر تازەن و هەشیانە بەرەنجامی پێوەندیکردنە بە میرنشینێکی بۆماوەییەوە).

٢– میرنشینە ئاینییەکان: ئەگەرچی هیچ گرینگی و بایەخێکی لای "ماکیاڤیللی" نییە، بەڵام لە میرنشینەکانی تر زیاتر دڵنیایی و بەختەوەریی تێدایە.

شێوازەکانی دەسەڵات گرتنە دەست لەم میرنشینانەدا بەبۆچوونی ئەو، بە چوار ڕێگە دەبێت: (یان بە هێز و توانای مرۆڤ خۆی دەبێت، یاخۆ بەخت یاوەری دەبێت، یان بە زۆرەملێی و تاوان دەیکات، یاخۆ بە ڕەزامەندیی هاووڵاتییان). بەهەرحاڵ "ماکیاڤیللی" لە کتێبی (میر)دا، بەرەو ئەوە دەچێت ستایشی دەسەڵاتی ڕەهای تاکەکەس بکات، ئەو دەسەڵاتەی حیساب بۆ هیچ شتێک ناکات و هەرچی ڕێگەیە دەیگرێتە بەر بۆ پاراستنی کورسیی حوکمڕانی خۆی.

هەرچی سیستمی کۆماریشە، ئەوا "ماکیاڤیللی" لە کتێبی (دەمەتەقێ)دا تاوتوێی کردووە و لەوێدا ستایشی سیستمی کۆماریی میللی دەکات و لە سیستمی پادشایەتیی تاکەکەسی بەچاکتر دەزانێت. لە کاتی ئەو بەراوردکارییەی لە نێوان سیستمی پاشایەتی و کۆماریدا دەیکات، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سیستمی کۆماریی میللی بەلاوە پەسندترە، چونکە تەنیا ئەم سیستمە لە هەوڵی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی گشتیدایە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی تایبەتیش بێت. هەروەها ئەم سیستمە بەهۆی ئەو ئازادییەی فەراهەمی دەکات، دەوڵەت دەتوانێت برەو بە تواناکانی و سەروەت و سامانی بدات، لە کاتێکدا حوکمی تاکەکەسی سەرەڕای تەوقدانی ئازادییەکان، تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی کەسی فەرمانڕەوادایە. هاوکات لەسەر ئاستی چونییەکی و یەکسانیش، تەنیا لە سیستمە کۆمارییەکاندا هەیە و جیاوازی و نایەکسانیش لە سایەی ڕێژیمی پادشایەتیدا دەبینرێت.

سەرەڕای ئەوەش سیستمی کۆماری توانای نوێبوونەوە و گەشەکردنی هەیە، بەڵام سیستمی پادشایەتی چەقبەستووە و بەگژ هەموو نوێبونەوەیەکدا دەچێتەوە. لەلایەکی ترەوە سیستمی کۆماری بوار لە بەردەم توانا و بەهرەکاندا دەڕەخسێنێ و دادپەروەری و یەکسانی فەراهەم دەکات، لە کاتێکدا سیستمی پادشایەتی و بەپێی سروشتی بۆماوەییی خۆی، ئەوا لەگەڵ دادپەروەریدا یەک نایەتەوە و بەهرە و تواناکان نابوت دەکات. لە خەسڵەتەکانی تری سیستمی کۆماری ئەوەیە کە زیاد لە سیستمی پادشایەتی، ڕێز لە ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت، چونکە لە سیستمی پادشایەتیدا ڕەنگە پادشا بەڵێنەکانی خۆی نەباتە سەر، گەر بزانێت جێبەجێکردنیان لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا ناگونجێن.

نیشاندانی لایەنە پۆزەتیڤەکانی سیستمی کۆماری لە کتێبی (دەمەتەقێ)دا، پێمان دەڵێن "ماکیاڤیللی" خوازیاری پراکتیزەکردنی ئەو سیستمی حوکمڕانییە بووە لە وڵاتەکەیدا و بە ئومێدی ئەوە بووە، کۆماری ئیتاڵیا بەشێوەی کۆمارەکانی ڕۆمانی کۆن چێ ببێت، بە جۆرێک خاوەن

سوپایەکی بەهێز بێت و ئاستێکی بەرز و نۆرماڵی لە ئازادیی مەدەنی تێدا بەرقەرار بێت. بەڵام گەندەڵی و ناهەمواریی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئیتاڵی، وایان لە "ماکیاڤیللی" کرد درک بە سەختی و گرانیی چاکسازی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی ئیتاڵی بکات، لە ڕێگەی سیستمی کۆمارییەوە. لە هەمان کاتدا قەناعەت بەوە بهێنێ کە ئەنجامدانی ئەو کارە لە ڕێی میرێکی بەهێزەوە دەبێت، واتە ئەوەی بە ئازادی دەسگیر نابێت بە دیکتاتۆری و زوڵم و زۆر بەدی بهێنێت. دارمانی ئەخلاق و نەمانی فەزیلەت لای خەڵکی لەلایەک و سووکایەتیکردنی فەرمانڕەوایان بەو ئەرکە گشتییانەی لەسەر شانیانە لەلایەکی ترەوە، هێنانە ئارای سیستمێکی حوکمڕانی کۆماری دەکاتە شتێکی مەحاڵ.

ڕوونتر بڵێین: (ماکیاڤیللی پێی وابوو سیستمی کۆماری چاکترین مۆدێلی حوکمڕانییە، بەڵام تەنیا بۆ ئەو میللەتانە دەست دەدات کە پابەندی ئەخلاقی بەرزن. هەرچی ئەو میللەتانەشە کە پابەندی ئەخلاق و ئاین نین، وەک میللەتی دارماوی ئیتاڵیا، ئەوا جگە لە سیستمێکی حوکمڕانی ستەمکاری ڕەها، هیچی تر بە دەردی نایەت. ئەم حوکمە ستەمکارییە دەتوانێت لە ڕێی هێزەوە، ئەخلاقی بەرز لەناو هاوڵاتییاندا بچێنێ و هەرکاتێکیش ئەم ئاکارە بەرز و باشە هەمووانی گرتەوە، دوای ئەوە میللەت دەتوانێت شان بداتە بەر باری حوکمڕانی. ماکیاڤیللی و بەپێی ئەم قەناعەتانەی، پێی وابوو ئەگەری دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە هیچ جێیەکدا نییە، مەگەر تەنیا لە سویسرا و چەند هەرێم و ناوچەیەکی ئەڵمانیادا نەبێت، لەبەرئەوەی ژیانی مەدەنی لەو شوێنانە بە پاکی ماوەتەوە و خەڵکیش ئەخلاقی بەرزی خۆیان پاراستووە).

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین "ماکیاڤیللی" بۆ ئەوەی لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستە ناکۆک و دژ بەیەکەیدا، سەر دەربکات کە لەلایەک بە سیستمی پادشایەتیی ڕەها سەرسام بووە، بۆ خاتری یەکخستنەوەی ئیتاڵیا و لەلایەکی تریش سیستمی کۆماری بە چاکترین سیستمی حوکمڕانیی زانیوە، گەیشتۆتە ئەو بەرەنجامەی کە ئەو تا ئەو شوێنە بڕوای بە سیستمی پادشایەتیی ڕەها هەیە کە دەوڵەتی تازە لە سەرەتای دروستبوونیدا بێت، یاخۆ لەسەر وەختی چاکسازیکردندا بێت بۆ قوتاربوون لە گەندەڵی، بەڵام دوای ئەوەی ئەم دەوڵەتە بارودۆخی دامەزراو دەبێت و لە گەندەڵی دەرباز دەبێت و میللەت ئەخلاق و فەزیڵەتی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کات دەکرێت سیستمی کۆماری جێبەجێ بکرێت.

### هەشتەم: گرینگیی یاسا

ئەگەرچی "ماکیاڤیللی" لە کتێبی (میر)دا داکۆکی لە سیستمی پادشایەتیی ڕەها دەکات و لە کتێبی (دەمەتەقێ)شدا، سیستمی کۆماری بە چاکترین سیستم دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر ئەو قەناعەتە نەگۆڕەی خۆیەتی کە سەلامەتی و مانەوەی دەوڵەت بەشێوەیەکی سەرەکی دەرگیری چاکی و نۆرماڵی یاساکەیەتی، چونکە فەزیڵەتی مەدەنیی هاووڵاتییان لە یاساوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە حوکمڕانی ئارام و دامەزراو لە سیستمی کۆماری یاخۆ لە پادشایەتیی

ڕەهادا بە ڕای "ما کیاڤیللی"، پێوەستە بە چاکی و لەباریی یاساکانییەوە. هیچ شتێک لە سەرپێچیکردنی یاسا لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە، مەترسیی بۆ سەر ئارامی و ئۆقرەیی حوکم دروست ناکات. لێرەوە و لەبەر گرینگیی تایبەتی یاساکان، پێویستە ئەرکی نووسینەوەی ئەو یاسایانە بە یاسادانەرێک بسپێردرێت، ئیتر ئەگەر ئەوە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بێت یاخۆ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی چاک و تەندروست بێت.

بەو پێیەی فەزیڵەت و ئەخلاق لە یاساوە سەرچاوە دەگرن و دروست دەبن، هەروەها لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی گەندەڵ توانای ئەوەی نییە خۆی چاک بکات، ئەوا تەنیا یاسادانەرێک دەتوانێت ڕێنوێنیی بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییانەی بۆی داناون. بەپشتبەستنی بە یاساکان، دەتوانین بڵێین "ماکیاڤیللی" بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، هەر بە تەنیا گرینگیی بەلایەنی سیاسی نەداوە، بگرە بە بایەخی زیاترەوە بە لایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی میللەتەوە خەریک بووە. هەروەها مافی بە فەرمانڕەوای خاوەن دەسەڵاتی ڕەهاش داوە، تا ئەو یاسایانە بسەپێنێت کە فەزیڵەت و ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا دەچێنن و بۆشی هەیە هەموو ئامرازێک لە پێناو چەسپاندنی ئەو یاسایانەدا بەکار بهێنێت، چونکە بەو جۆرە دەتوانێت گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا بنەبڕ بکات و دەوڵەتێکی چالاک و سەرکەوتووش دامەزرێنێت. یاسادانەر ئەو ئەندازیارە نییە کە هەر بە تەنیا دەوڵەت بنیات دەنێت، بگرە ئەندازیاری کۆمەڵگەشە بەهەموو لایەنە ئەخلاقی و ئاینی و ئابورییەکانیەوە[١١].

سەرەڕای ناکۆکیی هەڵوێستی لە سیستمی پادشایەتی و سیستمی کۆماری، بەڵام "ماکیاڤیللی" ڕقێکی زۆری لە ئۆرستۆکراتییەت و خانەدانەکان هەبوو، چونکە پێی وابوو بەرژەوەندیی خانەدانەکان هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا ناگونجێت. خانەدانەکان جگە لە کەڵەکەکردنی سەروەت و سامانی زیاتر و دابینکردنی خەرجی زۆرتر بۆ حەز و ئارەزووەکانیان، خەمێکی تریان نییە. ئەوانە کەسانێکی زەغەل و کارنەکەرن و لەسەر دەسکەوت و قازانجی موڵک و ماڵاتەکانیان دەژین، بەبێ ئەوەی خزمەتێکی بەکەڵکی کۆمەڵگەکەیان بکەن. ئەوان لە هەر جێیەک بن، دوژمنی هەموو حوکمێکی مەدەنین، بۆیە پێویستە لەسەر فەرمانڕەوا ئیتر لە سیستمی کۆماریدا بێت یان پادشایەتی، سەرکوتیان بکات و نەیانهێڵێت.

"ماکیاڤیللی" لە پاڵ ڕقی زۆری لە خانەدانەکان، بێزاری و تووڕەییی خۆشی لە دەست لەشکری بەکرێگیراوەکان دەردەبڕێت کە بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەت بەکار دەهێنرێن. پێی وابوو ئەوانە بەشێکن لە شلۆقی و پشێویی بارودۆخەکە لە ئیتاڵیا، چونکە هەوڵی بەردەوامیان بۆ دەسکەوتنی پارە، وایان لێ دەکات بێ گوێدانە هیچ دڵسۆزی و خۆنەویستییەک، دەستبەرداری ئەم میر بن و پاڵ بدەن بە میرێکی ترەوە. (بەکرێگیراوەکان ئەو چەتە کاسەلێس و چڵکاوخۆرانەن کە ساز و ئامادەی شەڕن لە پێناو هەر کەسێکدا زۆرترین پاداشتیان بداتێ. ئەمانە دڵسۆزی کەس نین و زۆرجاریش لە دوژمن جێی مەترسیترن بۆ سەر ئەو کەسەی بەکرێیان دەگرێت و کاریان پێ

دەكات. ئەم بەكرێگیراوانەی توانییان ترس و تۆقاندن لە ئیتاڵیادا بچێنن، دەستەوستانی خۆیان لە بەرامبەر ئەو هێزانەدا نیشان دا کە لە فەرەنساوە هاتبوون و لە ڕووی دیسپلینەوە چاکتر و لە ڕووی ئینتیما و وەلائیشەوە دامەزراوتر بوون)[12]. بەمجۆرە "ماكیاڤیللی" سەرسامی خۆی بە فەرەنسا دەردەبڕی، دوای دامەزراندنی سوپا بەهێزەکەی کە بەچاکترین شێوە مەشق درابوو. ئەو پێی وابوو مەشقدانی سوپایەک لە هاووڵاتییان، یەکەمین پێداویستیی دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێزە. هێزی کاسەلێس و بەکرێگیراو، مایەی ماڵوێرانییە بۆ ئەو فەرمانڕەوایەی پشتی پێ دەبەستێت، چونکە لە ڕووی داراییەوە مایە پووچی دەکات و هەر کاتێکیش دووچاری تەنگانە هات، دەستبەرداری دەبن و وازی لێ دێنن.

بەمجۆرە "ماكیاڤیللی" دەیویست تەواوی ئەو هاووڵاتییانەی توانای جەستەییان هەیە و تەمەنیان لە نێوان حەڤدە بۆ حەفتا ساڵیدا دەبێت، بخاتە ژێر باری مەشقی سەربازییەوە، چونکە بە هێزێکی واوە، هەموو فەرمانڕەوایەک دەتوانێت بەرگری لە دەسەڵاتەکەی بکات و سنووری دەوڵەتەکەشی فراوانتر بکات. گەرنا ئەوا ئەو وڵاتە دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی ئەهلی لە ناوەخۆدا و لە دەرەوەشدا دەبێتە جێ تەماحی میرو دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دراوسێ.

کەواتە بایەخدانی "ماكیاڤیللی" بە گرینگیی ڕۆڵی یاسا بۆ دەوڵەت لەگەڵ بوونی سوپایەکی نیشتمانی و ڕقی زۆری لە خانەدانەکان، بۆ ئەوە بوو ئیتاڵیا لە ڕووی نەتەوەییەوە یەک بخات و لە هەموو پشێوییەکی ناوەخۆی و مەترسییەکی دەرەکی دووری بخاتەوە. ئەو لەوەدا ڕوون و ڕەوان بوو کە دەیوت: (مرۆڤ لە پێناو نیشتمانەکەیدا، دەبێت هەموو ئەرک و مەسەلەکانی تر وەلاوە بنێت). ئەمەش وای لێ کرد_ دەسەڵاتی پادشایەتیی ڕەها بکاتە نموونەیەکی ئایدیالی، بۆ ڕزگارکردنی ئیتاڵیا لەو دۆخە ناهەموارەی تێی کەوتبوو. هەمیشە خەونی ئەوەی هەبوو، لە نێوان ستەمکارانی ئیتاڵیا و تەنانەت لەنێو بنەماڵەی میدیتچیدا، بەڵکو میرێک ڕابێت و خواستی ئەوەی هەبێت ئیتاڵیا بە یەکگرتوویی ببینێت، ئەوەندەش بوێر و قارەمان بێت بتوانێت ئەو خواست و خەیاڵە بکاتە واقیع.

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین ئومێد خواستن بە ئارامی و یەکەتیی ئیتاڵیا کە هاندەری سەرەکیی بزواندنی فیکری "ماكیاڤیللی" بوو، زیاتر شتێکی ویژدانی بوو وەک لەوەی پلانێکی سیاسیی عەمەلی بێت بۆ هێنانەدیی ئەو ئومێدە، چونکە جگە لە بڕوابوونی بەوەی پێویستە ئیتاڵیا بچێتە ژێر ڕکێفی سەرکردایەتیی پادشایەکی ڕەها، بە مەبەستی دروستکردنی قەوارەیەکی یەکگرتوو، وەک ئەوەی لە فەرەنسا و ئیسپانیا ڕووی دا، شتێکی تری نەبوو کە بشێت ناوی سیاسەتی یەکخستنەوەی ئیتاڵیای لێ بنرێت. هاوکات ئەگەرچی "ماكیاڤیللی" ناوبانگی بە لایەنگری فەرمانڕەوای ستەمکار و سیاسەتی نائەخلاقی ڕۆیشتبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جگە لە هەواداری ئازادی و دیموکراسی و سەروەریی گەل و یاسا، شتێکی تر نەبوو.

هەلومەرجی ژیانی خۆی لەو قۆناغە ناهەموارەی مێژووی وڵاتەکەی و گرینگیدانی بە دەستەبەرکردنی یەکەتیی ئیتاڵیا و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانەوەی پێگەی خۆی لەلای بنەماڵەی مدیتچی، هەموو ئەو هۆکارانە وایان لێ کرد کتێبی (میر) بەو شێوەیە بنووسێت و پێشکێشی فەرمانڕەوای نوێی فلۆرەنسای بکات و داوای لێ بکات کار بۆ یەکەتیی خاکی وڵاتەکەی بکات، بەهەر شێوەیەک بووە.

فەلسەفەکەی بۆ هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی ڕەها، لەلایەن زۆربەی میر و فەرمانڕەواکانی وڵاتەوە پێشوازیی لێ کرا، لەبەرئەوەی بە بەهانەیەکی بەهێزیان دەزانی بۆ تۆکمەکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی خۆیان. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە کتێبی (دەمەتەقێ) ئەو کتێبەی بیر و بۆچوونەکانی خۆی تێدا بەیان دەکات، ئەو نێوبانگەی پەیدا نەکرد وەک کتێبی (میر). گەر ئەوە بووبووایە دەیتوانی ئەو وێنە دیسپۆتیزمی و نائەخلاقییەی سەر "ماکیاڤیللی" بسڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا "ماکیاڤیللی" هەر بە یەکەمین بیریاری سەردەمی ڕێنیسانس دادەنرێت کە دیاردەی سیاسەتی بەجیا لە دیاردەکانی تر بینیوەو بە میتۆدێکی نوێ و جیاواز لە میتۆدی سەدەکانی ناوەڕاست تاوتوێی کردووە. بە کورتییەکەی ئەو سیاسەتی لە چەمکێکی ئەبستراکت و لە دنیای خەون و خەیاڵەوە داگرتە سەر ئەرزی واقیع، ئەمەش دەسکەوتێکە و بۆ ئەو دەنووسرێت.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١– ئەرنستۆلاندی: ڕێبەرانی فیکری سیاسی– دار النهار للنشر، بیروت – ل ٤٠.

٢– پیاوێکی ئاینی بوو، بۆ ماوەیەکی کەم لە فلۆرەنسا حوکمڕان بوو، کە حوکمێکی ئاینی پەڕگیر بوو.

٣– مارسێل بریلۆ: مێژووی فیکری سیاسی – ل ٢٠٧.

٤– نیکۆلۆ ماکیاڤیللی: میر، نەسکی ١٥ وەرگێڕانی: خەیری حەماد، لێکدانەوەی: فاروق سەعد– دار الافاق الجدیده، بیروت، ١٩٧٧.

٥– نیکۆلۆ ماکیاڤیللی: میر، نەسکی ١٧.

٦– جۆرج سباین: گەشەکردنی فیکری سیاسی – کتێبی سێیەم، ل ٤٨٠.

٧–جۆرج سباین: هـ. س. پ – ل ٤٧٧.

٨– د. ابراهیم اباظە– و د. عبد العزیز غنام: مێژووی فیکری سیاسی – دار النجاح، بیروت، ١٩٧٣ – ل ١٨٤.

٩– بڕوانە: نیکۆلۆ ماکیاڤیللی، میر.

١٠– نیکۆلۆ ماکیاڤیللی: میر، نەسکی ١٨.

١١– جۆرج سباین: گەشەکردنی فیکری سیاسی – ل ٤٨٢.

١٢– نیکۆلۆ ماکیاڤیللی: میر، نەسکی ١٢.

سەرچاوە: د. مهدي محفوظ: اتجاهات الفکر السیاسي الحدیث– بیروت، الطبعة الأولي، ٢٠٠٧.

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئەڵقەی حەوتەم

---

هەواڵنامەی شۆڕش

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٨**

٤ی ئاداری ١٩٢٥

شۆڕشی کوردەکان دژی تورکیا

بەریتانیای فەخیمە و گواستنەوەی لەشکری تورک لە ڕێگەی سووریاوە

بڕیاری حکوومەتی فرەنسی بەگوێرەی مادەی ١٠ لە ڕێککەوتننامەی فرەنسی–تورکی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، بە ڕێگەپێدانی گواستنەوەی لەشکری تورک لە ڕێگەی خاکی سووریاوە، بۆ ناوچە کوردییە یاخیبووەکان، بووەتە مایەی نیگەرانیی بەریتانیا، بەوەی داخۆ ئەو هێزانە بەرەوڕووی داگیرکردنی ئینگلیز لە عێراق نابنەوە. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٢١ وەک ئەوەی ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)* ئاماژە بە نامەکارییێکی زۆر چالاک دەکات، کە لە نێوان کیرزۆن و کارگوزاری فرەنسیی ئەو کاتە، بەڕێز دو مۆنتیل ئاڵوگۆڕ کراونەتەوە. لۆرد کیرزۆن داوای گەرەنتیی ئەوەی لە حکوومەتی فرەنسی کردووە، کە فرەنسا لە هیچ حاڵەتێکدا ڕێگە بەوە نەدات، کە بە هیچ شێوەیەک هێڵی شەمەندەفەری تایین لەلایەن تورکیاوە دژ بە بەریتانیای فەخیمە بەکار بهێندرێ.

پێویستە هیوای ئەوە بخوازین، ڕۆژنامە ئینگلیزییەکە درێژەی پێ دەدات، کە ئەو باوەڕەی بەڕێز هێریۆت، بە تورکیا هەیەتی بەتەواوی لە جێی خۆیەتی و مۆڵدانی پێشنیازکراوی لەشکری تورک لە ڕێگەی هێڵی ئاسنینەوە، بۆ سنوورەکانی عێراق، ئەوە نیشان دەدات، کە هیچ نیازێکی تریان نییە جگە لە تەمێکردنی ئەو کوردانە نەبێت، کە ڕاپەریون و ئەو هێزەش لەلایەنی خۆیەوە هیچ

.................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

هەڕەشەیەک بۆ عێراق دروست ناکات لەو کاتەی، کە پرسی مووسڵ لە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر مێزی گفتوگۆدایە.

فرەنسا لە سۆنگەی ئیحساساتی وەفادارانەی خۆی بەرامبەر بە بەریتانیا پێشتر لە ڕێگەپێدان بە تورکیا پێشبینیی نیگەرانییەکانی بەریتانیای کردبوو بەوەی حکوومەتی ئەنگۆرەی بۆ هەمان مەبەست ئاگەدار کردبووەوە، کە ڕێگەپێدانی گواستنەوەی لەشکری تورک لە ڕێگەی خاکی سووریاوە تەنیاوتەنیا بۆ گواستنەوەی سەربازی تەواو پێویست بۆ گەڕانەوەی ئاسایش بۆ کوردستان دەبێت. ئەم تەحەفووزە لە دووەمین تێبینی، کە ئێوارەی شەممە بۆ نوێنەری دیپلۆماتی فرەنسا لە تورکیا نێردراوە هاتووە، تا بیخاتە بەردەم حکوومەتی تورک دووپات کراوەتەوە. ئەم هەوڵدانانە بەو نیازەن، کە بەتەواوی بەریتانیا فەخیمە لەبارەی گواستنەوەی لەشکری تورک بۆ کوردستان دڵنیا بکەنەوە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٩**

کۆنستانتینۆپل، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٥
ژمارە ٧١/ A.M
لیوتینان کۆلۆنێل کاترۆ*، ئەتاشەی سەربازی لە تورکیا
بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ-سەرکردایەتیی ئەرکانی
سوپا -بیرۆی دووەم- پاریس

پارتی گەل و مەسەلەی گەنجە

دوو کردە لە تورکیا هەر ئێستە ڕوویان دا، کە هێشتا هۆیەکانی بەباشی نەزانراون، بەڵام گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ کەوا پارتی دەسەڵاتدار، پارتی گەل تووشی تەنگژەیەکی ناوخۆیی بووبێت. لەلایەک بە گوڕ و تێنێکەوە شەڕی ئەو دژە کۆنەپەرستییە دەکات کە دژ بەو ڕێژیمەی خۆی دایمەزراندووە دەجووڵێتەوە و لەلایەکی ترەوە لەسەر داوای سەرۆک موستەفا کەمال، عیسمەت پاشا، پشووەکەی خۆی لە هەلکی* پچڕاند و بە پەلەداوان گەیشتەوە ئەنگۆرە. لە سەرێکی ترەوە حکوومەت لە مێژووی ٢٣ی ئەم مانگەوە و بۆ ماوەی یەک مانگ حوکمی عورفیی بەسەر تەواوی ویلایەتە کوردنشینەکان لە ئورفەوە تا وان و لە ماردین-ەوە تا ئەرزەرۆم ڕاگەیاند. هەوڵ دەدەین واتاکانی ئەم دوو ڕووداوە لێک بدەینەوە کە وا بەدیار دەکەوێ بە هیچ کلۆجێ بێبەری نەبێت لە برێک پێوەندیی تر.

چی لە ناوچەکە ڕووی داوە کە لێرەوە خراوەتە ژێر حوکمی عورفی؟ زانیارییەکان لەبارەی بابەتەکەوە پچڕپچڕن، بەرچاوخستنی ڕاستییەکان، وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە

لەوەتای دوازدە ڕۆژێک دەبێت، وابەدیار دەکەوێ، ناتەواو بن و هیچ پێوەندییەکی لۆجیکی بە هۆیەکانی پرسەکە لێک نادەنەوە، لە نێوان ئەوەی بانگەشەی شێوازی ناوەخۆییبوونی ڕووداوەکان دەکات، کە وای دەگێڕنەوە و لەگەڵ ئەو هەنگاوهەڵگرتنە گشتییانەی، کە لەلایەن حکوومەتەوە نراون. ڕاستییەکەی بە خۆبەستنەوە بە زانیارییەکانی ڕۆژنامە گشتییەکان، کوانۆیەکی یاخیبوون لە ویلایەتی گەنجە ( ناوچەیەک کە کەوتووەتە ڕۆهەڵاتی ئەرغەنە و باکوری دیاربەکر) هەڵگیرساوە. کەسایەتییەکی ئاینی بەناوی شێخ سەعید، بە وەعزدان لە بەرژەوەندیی دووبارە هاتنەوەی خەلیفە و دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی کوردی، دانیشتوانەکەی دژ بە دەسەڵاتی ئێستە ڕاپەراندووە. چەند لەشکرێک بۆ خنکاندنی ئەم جووڵانەوەیە بەرێ خراون و لەلایەکی ترەوە ئەوە ڕاگەیەندرا، کە بەبێ هێزێکی زۆر و بەبێ وەسیلە، پێشبینی دەکرێ بە زوویی جووڵانەوەکە تێک بشکێنرێ. ئەمە ئەو تێبینییە کە هەر لە سەرەتاوە ڕاگەیەندرا و لەوساوە هەموو ڕۆژ دووبارە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی کە، تاوەکو ئێستە، بتوانرێ ئەوە ڕابگەیەندرێ کە، ئاسایش بەشێوەیەکی یەکجارەکی سەقامگیر بووە.

ڕاستییەکەی، ئێمە هەقمانە باوەڕ بەوە بکەین کە ئەم پرسە، زۆر زیاترە لەوەی ڕاپەڕینێکی خاوەند شێوازێکی ناوەخۆیی بێت کە بەشێوەیەکی شەرعی لەگەڵیدا بگونجێ، حکوومەتی ئەنگۆرەی سەرقاڵ کردووە. ڕاستییەکەی ئێمە توانیومانە بزانین کە، غازی، خۆی، هەرکە پێی زانیوە کاریگەر بووە، لەو ڕاستییەشەوە کە بووەتە سۆنگەی دانانی حوکمی عورفی بەسەر تەواوی وڵاتی کوردەواری، گەواهیی ئەوە دەدات، کە بە هیچ کلۆجێ ئەوە نییە ترس لە درێژبوونەوەی بزووتنەوەکە نەکرێ. لە چەند ڕاگەیاندنێکدا، کە ڕۆژنامەی "ئاکشام" لە وەزارەتی ناوەخۆی وەرگرتووە، ئەوەی لێوە ئەنجامگیر دەکرێ، کە بزووتنەوەکە پێشتر و بە سەلیقەوە ئامادەسازیی بۆ کراوە، کە وا پێ دەچێ ئەنگۆرە زانیاریی هەبێت. ئەوەی تر، ناوەندی کوردی، بێ هۆ و گومان نییە: ڕەوتخوازییە تایبەتییەکانی لەژێر هەموو ڕێژیمەکاندا دووپات کراونەتەوە، پابەندبوونی بە ترادسیۆنی ئاینی وای لێ دەکات کراوە بێت بۆ پڕوپاگەندەی دژبوونی بە حکوومەتێکی عەلمانی. ئەوەش چەسپاوە کە: ئاژاوە لای کورد بەشێوەیەکی نیشتەنییە.، سەرۆکەکانیان وا ڕاهاتوون بە بڕێک پارە بیانخەنە خزمەت خۆیانەوە.، بڕێکیان لەوانە– بڵێی پێویست بکات وەبیریان بهێنینەوە؟ – ئەوانەی بەم دواییە داکۆکییان لە بەرژەوەندییەکانی هێزە بێگانەکان، دەکرد، ئەو هێزانەی کە تورکیا لە کێشەی ئیقلیمی دابوو لەگەڵیاندا. ئەو ڕووداوانە دەزانرێ کە ویلایەتی مووش شانۆکەی بوو و لە دوای خۆیانەوە پشێوییەکیان بەجێ هێشت، کە ئێستەکەشی لەگەڵدا بێت هێشتا هەر خامۆش نەبووەتەوە. هەموو توخمەکان کە توانییان دواجار ئەوە دیار بکەن کە ئەنگۆرە چاوەدێرییەکی تایبەتیی وڵاتی کوردەواری دەکات لەو کاتەی کە، کارکردن لە دەرەوە و کۆششکردن لە ناوەوە، دەتوانێ، لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی بڵاوە بوو، هەڕەشە لە یەکەتیی تورکیا بکات و زەمینە بۆ دابڕانی ویلایەتی مووسڵ خۆش بکات.

ئا بەم شێوەیە جاڕدانی پێشگیرکارییانەی حوکمی عورفی لێک دەدرێتەوە، هەنگاوهەڵگرتنێک کە دەیەوێ خۆڕاگریی حکوومەت دووپات بکاتەوە، کە لەوانەیە نیشانەی دڵەڕاوکێ و بە دڵنیاییشەوە بڕێک ترسی پێوە بێت. وەک ئەوەی بەدیار دەکەوێ، حکوومەت ویستوویە ئەمە بکاتە نموونەیەک بۆ لێدانی باوەڕە وەهمییەکان بەوەی بە هەموو سەختییەکەوە لە جووڵانەوەکەی گەنجە بدات. بەڵام لەمەدا ئەوە بەهیچ کلۆجێ تەنیا شۆڕشگێڕانی گەنجە نین کە بەردەکەون، بگرە تەواوی ئەوانەی بە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکە بڵاو بوونەتەوە، ئەوانەی کە کەم و زۆر بە ئاشکرا دژی قانوونە لایکییەکان و پارتی گەل-ن بەردەکەون. کۆنستانتینۆپل، سیسیل، لازیستان، بە هیچ کلۆجێ بەناوچەگەلی دڵنیا دانانرێن. پارتی ئاینی، کە پارتێکی بچووکی ناو ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانین، وەک دەڵێن وادی ئەوەیان لە پێشکەوتووخوازەکانەوە پێ دراوە کە پشتگیرییان بکەن. یەکێک لە ئاخێوەرەکان، خۆجە زیائەدین ئەفەندی، بەم زووانە جورئەتی ئەوەی کردووە بەبۆنەی گفتوگۆی بودجەوە، کۆمار تۆمەتبار بکات بە گەندەڵی، بە ریفۆرمەکانی، بە پەروەردەکردنی گەل و ویستراوە بوونی پێوەندییێک لە نێوان ئەم ڕەخنەگرتنە و وەعزدانەکەی شێخ بدۆزرێتەوە: هەمان بابەت، هەمان ڕەوت، هەمان هەڕەشە. لەوساتەوە، کاردانەوەیەکی خێرا فەرز کرا، بۆ ئەوەی ئاگەدارکردنەوەیەک بدرێتە هەموو دوژمنانی ڕێژیم.

ئەوە لێرەوەیە دەسەڵاتەکانی حکوومەت، بەڵام لە تورکیا دینەمۆی حکوومەت بەر لە هەموو شت موستەفا کەمال پاشایە. لەم حاڵەتەشدا، سەرۆکی دەوڵەت بێگومان حەز دەکات ئامۆژگاریی هاوڕێیەکی خاوەن ئەزموونی خۆی، عیسمەت پاشا بزانێت. ئەو بانگەوازەی کە ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کرا، دەبێ بەشێکی ئەمە بۆ ئەو ڕەوشە بگێڕدرێتەوە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا. بێگومان هۆی تر توانییان بڕیاری دواییی غازی دیاری بکەن. عیسمەت پاشا سەرۆکی پارتی گەلە. لە حاڵێکدا کە ئەم پارتە دابەشبوونەکانی لە پایزی ڕابردووە تێدا بەدیار کەوتووە، دوورە لەوەی لەوەتای پێکەوەنانی وەزارەتی فەتحی بەگ یەکەتیی خۆی لە ڕوانین و ئاراستەکان بەدەست بهێنێتەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە لەو پرسیارەی کە خۆی دەهێنێتە پێشەوە، بێ ئەوەی ئەو هەنگاوانەی کە لە بەرچاو گیراون لەلایەن کابینەی حکوومەتەوە ببێتە سۆنگەی ناکۆکی لەناو ڕیزەکانی پارتیدا. ئەم ناکۆکییانە لە ڕاپۆرتە یەک لە دوای یەکەکانی پێشوودا ڕاگەیەندرابوون. لەوساتەوە، لە نوێوە دەرفەتیان بۆ هاتە پێشەوە تا لە نوێوە باسیان بکەم. دوێنێ، لە پرسی دووبارە تێهەڵچوونەوەی ڕەدوونان دژ بەو کەسانەی کە لە کێشەی گەڕانەوەی سەرپێچیکارانی قانوون تاوانبار کراون. ئەمڕۆ، گفتوگۆ لەسەر نوێکردنەوەی ئیمتیازی بانکی عوسمانی بوو، ئەوە بەهەمان شێوە هەڵبژاردەی ڕێژیمی ئیداری بوو بۆ مۆنۆپۆلکردنی توتن، کە بوون بەبابەتی جیاوازییێکی گەورە لە هەست و نەست، بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی فەتحی بەگ یان دژ بەو. بۆ دروستکردنەوەی یەکەتی لەناو ڕیزەکانی پارتی، کە غازی بۆ خۆی بەڕێوەری ڕۆحیەتی، یەکەتییەک کە ئەم پارتییە پێویستییەتی بۆ مانەوە و ڕەوشی ئێستەکە، گەڕانەوەی عیسمەت پاشا حەتمی

دەکات، کردەی سەرۆکی حکوومەتبوونی وا دیارە پێویست بووبێ بۆ سەرۆکی کۆمار. ئەوە بەم شێوەیە کە پاساو بۆ ئەو بانگەوازە دەهێنرێتەوە کە سەرکۆمار بۆ ئەوی نارد.

پێشنیاز کرا لەناو ئەم ڕووداوەدا، تەنگژەیەکی وەزاری کە خەریکی ڕوودانە، ڕابگەیەنرێ: عیسمەت پاشا دەسەڵات بگرێتەوە دەست. تەفسیرەکە وا دیارە زیاد لە پێویست سادەیە، چونکە وێڕای ئەوەی بە هیچ کلۆجێ جێگەی گومان نییە، کە غازی پێی باشترە حکوومەت لەگەڵ عیسمەت پاشا بەڕێوە ببات لە برێتی ئەوەی لەگەڵ فەتحی بەگ، دەبێ بە ئیدراکەوە حیساب بۆ دەرفەتی سەرۆکی دەوڵەت بکەین. بۆ گەیشتن بەم گۆڕینکارییەی کابینەی حکوومەت، پێویستە پارتی گەل لەپێشدا دژی فەتحی بەگ کۆ کرابنەوە و کە ئەمە بە هیچ کلۆجێ نەکراوە، وادیارە بە پێچەوانەوە فەتحی بەگ زۆرینەی دەنگەکانی هەیە. خۆ کێشانەوەی لە کاتی ئێستەدا، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پارتی گەل و بینیمان کە هەموو کۆششی غازی، لە ئێستەیدا بۆ ئەوەیە پارتەکەی سەقامگیر بکات. ڕەوشەکە وای لێ دەخوازێ.

بەڵام هەموو ئەوەی پێشوووتر، تەنیا بەرەنجامێکی هەڵسەنگاندنکاری بوون. من لە سەرەتاوە تێبینیم کرد، هۆیەکان لێرە تەواو نەزانراون، نیازەکان تەنیا درکیان پێ دەکرێ. دوو کردە تەنیا بۆ یادهێنانەوەن، تەنگژەی پارتی گەل و ئەو سەرقاڵییەی کە حکوومەتی تیایەتی لە بەرانبەر خۆنیشاندانی ڕۆحیەتی کۆنەپەرستانە.




مۆر و ئیمزای ئەتاشەی سەربازی
باڵوێزخانەی فرەنسا لە تورکیا

***

ئەم ڕاپۆرتە ئەو کاتە نووسراوەتەوە کە ڕووناکیی زیاتر خراوەتە سەر گرینگیی ڕاپەڕینی گەنجە. ئەو زانیارییانەی کە کۆ کراونەتەوە ئەو بەرەنجامانە دوویات دەکەنەوە کە من لە لاپەڕەکانی سەرەوەدا فۆرمیولەم کردوون. کێشەکە لەوە تێپەڕیوە کە بڕوا بەوە بکرێ بزووتنەوەیەکی ناوەخۆیە و پڕوپاگەندەکانی شێخ سەعید بە سەرکەوتووانە بەناو ویلایەتەکانی ئەرغەنە، دیاربەکر، مامووڕەت ئەلعەزیز و گەنجەدا بڵاو بوونەتەوە. ژاندارمەری وەک دەڵێن دەستی لەگەڵ یاخیبووەکان تێکەڵ کردووە و ناچار بوون سوپا دەخاڵە بکات کە، وێڕای ئەوەی کە لە سۆنگەی سەختیی وەرزەکە و ئاستەنگەکانی زەویوزار دەخالەتکردنەکە خاو و لەسەرخۆ بووە، کەچی سەرکەوتوو بووە لەوەی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە لەو ویلایەتانەی کە لە سەرەوەدا ناویان هات دیاری بکات. ڕاستییەکەی، ڕاپەڕینێکی چەکداریی کوردی، پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە و ئامادەسازیی بۆ کراوە - ڕاپەڕینێک کە دەیانەوێ بیخەنە پاڵ کردەی بەریتانییەکان و کە بە پێشوەختە لە ناوچەکانی

ئەرغەنە و گەنجە هەڵگیرسا.

ئاوەها ڕەوشــەکــە ڕادەگــەیەنن. وەزیری ناوەخــۆ لە دانیــشــتنی ئەمــڕۆی پەرلەمــان، دەبێ ڕاگــەیەندراوێک لەم بارەیەوە ڕابگەیەنێت. لەو ڕاگــەیەندراوە وا پــێ دەچێ دووپاتەی بڕیارنامــەی حکوومەت بکاتەوە لە داپڵۆسینەوەی شێلگیرانەی ئەم ئاژاوەیە. ئۆپەراسیۆنەکە بە هیچ کلۆجێ ئاسان نییە، چ لە ڕووی سروشتی ناوچەکە، چ لەو هێزە ئامادەیەی کە لە ناوچەکە لە بەردەستدان. لەگەڵ ئەوەشدا کە سوپای حەوتەم و دووەم کەتیبەی سوارە لەوەتای کێشەی پایزەوە لە سەرپێ و ئامادەن، وەحدەکان خۆیان پەرت و بڵاو دەبینەوە لەسەر زەویوزارێکی پەرت و بڵاو و بەبێ پێوەندی و بە هیچ کلۆجێ خۆیان لە پێدەشتدا نابیننەوە.

کەمتەرخەم نابم لەوەی لە پەرەسەندنی ئەم کێشەیە ئاگەدارتان بکەمەوە، کە دەکرێ بگوترێ بەوەی بەشێوەیەکی ناشیاو نیگەرانیی ناوەخۆیی بۆ تورکیا دروست دەکەن، لەو کاتەی کە، گرژییەکانی یۆنانی-تورکی هێشتا بە تەواوی ون نەبووە و داخوازینامەکانی لەسەر خاکی ویلایەتی مووسڵ کە لەلایەن وەفدی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان لێیان دەکۆڵدرێتەوە.

مۆر و ئیمزای ئەتاشەی سەربازی
باڵوێزخانەی فرەنسا لە تورکیا

وێنەیەک بۆ:
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بیرۆی دووەم)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا( بیرۆی دووەم/ دەزگای زانیاری)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بەشی ئەفریقیا)
-کۆمیسێری باڵا/ بەیرووت
-باڵوێزخانە/ کۆنستانتینۆپل
-ئەتاشەی سەربازی، ئەسینا
-ئەرشیف

*Daily Telegraph
* Catroux
* HALKI

هەوالنامەی کتێب

**A la commission des frontières de Mossoul**

On mande de Bagdad :

Des personnalités influentes de l'Irak ont exprimé à la commission de délimitation de la frontière de Mossoul leurs doutes quant à l'impartialité de cette commission. Elles sont d'avis que la commission ne tient pas compte de la situation critique de l'Irak et semble traiter la question de la frontière comme une question n'intéressant que la Grande-Bretagne et la Turquie.

## La révolte des Kurdes contre la Turquie

4.3.25

### La Grande-Bretagne et les transports de troupes turques par la Syrie

La décision prise par le gouvernement français, conformément à l'article 10 de la convention franco-turque du 20 octobre 1921, d'autoriser le transport des troupes turques à travers le territoire syrien, à destination de la région kurde révoltée, a soulevé en Angleterre la préoccupation de savoir si ces troupes ne sont pas dirigées contre l'occupation anglaise dans l'Irak. A la fin de 1921, comme le rappelle le *Daily Telegraph*, une correspondance très active sur ce sujet avait été échangée entre le marquis Curzon et le chargé d'affaires français d'alors, M. de Montille. Lord Curzon avait demandé des assurances, qui lui furent données par le gouvernement français, que ce dernier ne permettrait en aucun cas que le chemin de fer en question fût utilisé par la Turquie pour des opérations contre la Grande-Bretagne.

Il faut par conséquent espérer, ajoute le journal anglais, que la confiance de M. Herriot dans les Turcs est pleinement justifiée et que la concentration proposée des troupes turques au moyen de ce chemin de fer, aux portes de l'Irak, montrera qu'elle n'avait rien d'autre en vue que le châtiment des Kurdes soulevés et qu'elle ne constitue pas une menace pour l'Irak au moment où la question de Mossoul est en discussion devant le conseil de la Société des nations.

En réalité, la France, animée de ses fidèles sentiments d'amitié envers l'Angleterre, avait déjà prévenu, dans l'autorisation accordée à la Turquie, les préoccupations britanniques en informant le gouvernement d'Angora par la même occasion que cette autorisation de transporter des troupes turques à travers le territoire syrien s'appliquait uniquement aux transports militaires strictement nécessaires au rétablissement de l'ordre dans le Kurdistan. Cette réserve a été répétée dans une seconde note envoyée samedi soir au représentant diplomatique de la France en Turquie, qui l'a portée à la connaissance du gouvernement turc. Ces démarches sont de nature à rassurer entièrement la Grande-Bretagne sur les transports des troupes turques en Kurdistan.

Constantinople , le 24 Février 1925

N° 7 I / A.M.

LE LIEUTENANT COLONEL C A T R O U X

ATTACHE MILITAIRE EN TURQUIE

à

M. LE MINISTRE DE LA GUERRE -ETAT-MAJOR

DE L' ARMEE - 2° BUREAU

P A R I S

Le Parti du Peuple

L'Affaire de GHENDJ

Deux faits viennent de se produire en TURQUIE dont les causes sont encore mal connues, mais qui laissent soupçonner que le Parti au Pouvoir, le Parti Populaire, subit une crise intérieure et qu'il a, d'autre part, à lutter avec un effort de réaction contre le régime institué par lui. D'un côté, et sur l'invitation pressante de MOUSTAPHA KEMAL, ISMET PACHA, interrompant la cure de repos qu'il faisait à HALKI, vient de regagner précipitamment ANGORA; de l'autre, le Gouvernement a

Destinataires
- E-M.A. - 2° Bureau
" - 2° Bureau S.R.
" - Section Afrique
- Haut-Commissariat, Beyrouth
- Ambassade , Cons/ple
- Attaché Militaire , Athènes
- Archives

........

proclamé, à la date du 23 courant et pour la durée d'un mois, l'état de siège sur l'ensemble des vilayets de peuplement kurde, depuis OURFA jusqu'à VAN et de MARDINE jusqu'à ERZEROUM. Essayons d'interprêter la signification de ces deux événements qui ne paraissent point sans une certaine connexion.

Qu'est-il survenu dans la région désormais soumise à l'état de siège ? Les informations sur la matière sont fragmentaires, la présentation des faits, telle qu'elle apparait dans la Presse depuis une dizaine de jours, est visiblement incomplète et n'établit point une relation logique de cause à effet, entre le prétendu caractère local des incidents, qu'elle relate, et la mesure générale prise par le Gouvernement. A s'en tenir, en effet, aux nouvelles des feuilles publiques, il se serait allumé un foyer de rebellion dans le vilayet de GHENDJ ( localité située à l'Est d'ARGHANA et au Nord de DIARBEKIR ). Un personnage religieux du nom de CHEIKH SAID aurait soulevé les populations contre l'autorité établie, en menant la prédication en faveur du rétablissement du Califat et de l'institution d'un Gouvernement national Kurde. Des troupes auraient été mises en marche pour étouffer ce mouvement, déclaré d'ailleurs sans grande force ni moyens, et on s'attendrait à sa prompte réduction. Telle est la note donnée dès l'origine, et qui se reproduit chaque jour depuis, sans que toutefois, jusqu'ici, on ait

مەعروف ئاغایی کیڤشێر

pu annoncer que l'ordre était définitivement rétabli.

En fait, on est porté à croire que cette affaire, préoccupe le Gouvernement d'ANGORA plus vivement qu'un soulèvement de caractère local le comporterait légitimement. On a su en effet, que le GHAZI, lui-même, s'en était ému dès qu'elle a été connue, et le fait qu'elle ait provoqué l'institution de l'état de siège sur tout le pays Kurde, témoigne que l'on n'est point sans redouter une extension du mouvement. De certaines déclarations que le journal " AKCHAM" prête au Ministre de l'Intérieur, il ressortirait que le mouvement aurait été préparé de longue main et avec habileté. ANGORA possède vraisemblablement des informations. Au reste, le milieu Kurde lui est, non sans causes, suspect : ses tendances particularistes se sont affirmées sous tous les régimes, son attachement à la tradition religieuse le rend accessible à la propagande contre un Gouvernement de laïcité. Fait également constant : l'anarchie est endémique chez les Kurdes ; leurs chefs ont pour accoutumé de monnayer leurs services ; certains d'entre-eux - est-il besoin de le rappeler ? - ont été récemment à la solde d'une Puissance étrangère avec laquelle la TURQUIE se trouve en compétition territoriale. On connait ces événements dont le vilayet de MOUCH a été le théâtre, et qui ont laissé derrière eux une fermentation non encore apaisée.

هەولێرنامەی کێکێ

Autant d'éléments qui ont pu déterminer ANGORA à prendre en surveillance spéciale le pays Kurde au moment où, travaillé de l'extérieur et sollicité à l'intérieur, il pourrait , par le fait d'un soulèvement étendu, menacer l'unité turque et favoriser le détachement du vilayet de MOSSOUL.

Ainsi s'expliquerait la proclamation préventive de l'état de siège , mesure qui veut affirmer la fermeté du Gouvernement, qui peut-être trahit de la nervosité, et certainement quelque appréhension . On serait , parait-il, décidé à faire un exemple et à frapper les imaginations en reprimant en toute rigueur le mouvement de GHENDJ . Mais en ce faisant, ce ne serait point seulement les insurgés de CHEIKH SAID que l'on voudrait atteindre , c'est tous ceux répandus en assez grand nombre sur le territoire, qui,plus ou moins ouvertement, sont hostiles aux lois laïques et au Parti Populaire. CONSTANTINOPLE, LA CILICIE, LE LAZISTAN, ne sont point considérés comme sûrs. Le Parti clérical , petitement représenté à la G.A.N.T. , aurait, dit-on, reçu promesse d'appui des progressistes. Un des ses orateurs , le Hodja ZIA EDDINE EFFENDI, a osé récemment , à l'occasion de la discussion du budget , accuser la République d'avoir corrompu , par ses réformes, la moralité du peuple et on a voulu établir

.........

# فەرهەنگی (فارسی - کوردی)
# زانکۆی کوردستان و چەند تێبینی و ڕوونکردنەوەیەک

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

لە کۆتاییەکانی  ساڵی ١٩٩٥ڕا دەستم کرد بە نووسینی (فەرهەنگی فارسی – کوردی)ی کاوە، یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٦ تەواوم کرد و تەنانەت بۆ لەچاپدانیش ناردمە کوردستان. بەڵام لەبەر هێندێک هۆکار لە چاپکردنەکەی پاشگەز بوومەوە و بەدوای سەرچاوەی زیاتردا گەڕام بۆ دەوڵەمەندترکردنی. پاش ئەو ساڵە ئەوەندەی من پێم زانیبێ دوو فەرهەنگی فارسی بەکوردیی تریش چاپ و بڵاو بوونەوە، لەو دووانە، فەرهەنگی هەژیرم لە تۆڕی ئینتێرنێت وەرگرت و فەرهەنگی یەک بەرگیی زانکۆی کوردستانیش، برادەر و هاوسەنگەری خۆشەویستم عەلی فەتحی لە ئەورووپا ڕا بۆی ناردم. ئەمن بۆ دەوڵەمەندترکردنی کارەکەم، وشەبەوشە بەو دووانەدا چوومەوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری وشەم لێ وەدەست خستن و خستمنە سەر وشەدانەکەی خۆم. نەک هەر لەو دوو سەرچاوەی بگرە لە هەموو ئەو سەرچاوانەی بۆ دانانی فەرهەنگی کاوە کەڵکم لێ وەرگرتوون، ئەوەندە بە وردی، تاسە و وەسواسەوە پێیاندا چوومەتەوە، کە تەنانەت وشەیەکیشم بەخەسار نەداوە. هەر وشەیەکی لە ڕاستییەکەی دڵنیا بووبم، لێی نەگوزەراوم و خێرا لە فەرهەنگەکەمدا تۆمارم کردووە.

بەداخەوە ئەو دوو کتێبە هەڵەی زۆریان تێدا بوون کە شایانی باسن. وەنەبێ هەر هەڵەی ئەو فەرهەنگانەم لە بەرچاو بووبێ، بگرە بەوانەوە ژمارەیەکی بەرچاوی هەڵەی چاپی و واتاییشم لە کتێبەکەی خۆمدا وەبەرچاو کەوتن و چاکم کردنەوە. سەرەڕای هەموو پێداچوونەوەکانیش، دڵنیام کە هێشتا زۆر هەڵەی تر لە کتێبەکەم دان کە پێم  نەزانیون و هیوادارم کەس یا کەسانێکی تریش پەیدا بن، کە بەهەموو هەڵەکانم بزانن و ئاگادارم کەنەوە. دڵنیام کەس لەو فەرهەنگنووسانە بەئانقەست  واتای هەڵەی نەخستووەتە نێو وشەدانەکەی. مەبەستی هەموو ئەو دڵسۆزە ڕاستەقینانەی وشەی کوردی، خزمەت بە زمان و نەتەوەکەمانە و لەوەدا بەتەواوی بێگومانم. کە وابوو ئەگەر هەڵەکان دەخەمە ڕوو، بەو مانایە نییە کە بمەوێ لە نرخی کارەکەیان کەم کەمەوە،

بگرە تەنیاو تەنیا مەبەستم ئاگاداری و ڕاستکردنەوەیە. خۆ بەناشکوری نەبێ، نەتەوەکەمان هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەک گەلانی تر، نووسەرێک بە کتێبێک بکاتە میلیۆنێر. بەتایبەتیش کتێبی وشەدان، هەر کڕیاریشی کەمە و نووسەرەکەی پێم وانییە چەند ساڵ لە تەمەنی لەسەر دانابێ بەو هیوایەی بەهۆیەوە بەنانێک بگا. لەبارەی ژمارەی فەرهەنگەکانیشەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە نەک هەر بەزۆریان نازانم، بەڵکو پێم وایە بەسیش نین. چونکە لەلایەکەوە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ قەبارەی زمانی کوردیدا، دەبێ بڵێین، ئەوانە هەر لۆچێکن لە کۆگایەکی گەورە و بەهەمووشیانەوە کەمتر لە نیوەی وشەی کوردییان تێدان. هۆکارەکەشی ڕوونە. لەلایەکەوە سنوورە دەستکردەکانی کوردستان گۆڕەپانی تێکۆشانی ئەو بوارەی زۆر بەرتەسک کردۆتەوە، هەر بۆیەش ئەو وشانە تەنیا لە پارچەیەکی کوردستان وەدەست هاتوون، ئەویش زۆر بەنیوە و نیوەچڵی، لەلایەکی تریشەوە پشتیوانیی ماڵی و مرۆڤی بۆ ئەو کارە یا هەر نەبووە یا زۆر بەرتەسک و ناتەواو بووە.

لەنێو فەرهەنگنووسانی کوردیدا، ئەوەی ئەمن پێم شک بێ بێجگە لە فەرهەنگی زانکۆی کوردستان، تەنیا مامۆستا هەژاری موکریانی کۆمەڵە کەسانێکی هەبوون کە وشەیان بۆ کۆ کردووەتەوە، ماجدی بەڕێز کە سەرپەرشتی دانانی فەرهەنگی زانکۆی کوردستانی کردووە، ئەوەندەی ئاگادار بم، زۆر دڵسۆزی کورد وشەیان بۆ کۆکردووەتەوە و بۆیان ناردووە. بێجگە لەوەش، ئەو پشتیوانیی ماڵیی میریشی هەبوو، لە زانکۆش دەیتوانی لە ڕوانگەی کەسانی پسپۆڕ کەڵک وەرگرێ. بۆیەش هەڵەکاری لە کاری ئەودا بە نەشیاوتر لە هەمووان دەزانم و بە ئەرکی خۆمی دەزانم تێبینییەکانی خۆم لەسەر کارەکانی ڕاگەیەنم.

وەک دەزانن هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نییەو پەنجەدانان لەسەر کەموکووڕییەکانیش نەک هەر خراپ نییە، بەڵکو زۆریشی بەپیرۆز دەزانم. فەرهەنگنووس، بەتایبەتیش لە بواری فەرهەنگی دووزمانەدا ئەرکێکی زۆر گرانی لەسەرشانە و هەڵەیەکی دەتوانێ لێک تێگەیشتنێک بەلاڕێدا بەرێ، بۆیەش ئەوەندە خۆم بەو تێبینییەی خۆمەوە خەریک کردووە.

مەبەستم لەو هەڵەچنیانە خوا نەخواستە کەمکردنەوەی نرخی کارەکە نییە، چونکە بەڕاستی پیرۆزییەکەی ئەوەندە لەلام زۆرە کە بەنەشیاوی دەزانم بە هێندێک هەڵەی بچووک لێی کەم بێتەوە. فارس دەڵێن (همەچیز را همگان دانند). هەرچەند ئەمن کەسێکی ئەکادیمی نیم و کاری ئەکادیمیشم بەمانای ڕاستەقینەی خۆی نەکردووە، لەخۆشم ڕانابینم بەن کاڵەی خۆم دە بەن چەکمەی زانایانی بواری وشەو ئەدەب بخەم، بەڵام زیاترلە ١٥ ساڵە شەو و ڕۆژ لەسەر وشەی کوردی (بەشێوەی خۆم و خۆڕسک) کار دەکەم و بەوپەڕی توانامەوە کەڵکم وەرگرتووە لە چووکترین ئەزموونی دیترانیش کە کەوتبێتە بەر دەستم. کە فەرهەنگە یەک بەرگییەکەشم بەهۆی دۆستێکی دڵسۆزەوە بەدەست گەیشت، لە شاییان پێم وەرزی نەدەکەوت، ئەوە بوو بڕیارم دا بۆ

پەرەپێدانی زانیاریی ناتەواوم و زیاتر بەر هەمدارکردنی فەرهەنگە دوو زمانەکەی بەردەستم، ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگرم و بەڕاستیش هیواکەم بێ جێ نەبوو و ئەو فەرهەنگە زۆری دامێ کە پێم نەگەیشتبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو پێزانینم بەو ڕەنجەی لەسەری کێشراوە، ئیجازەم بدەن هێندێک تێبینیی خۆمی لەسەر پێشکێش کەم:

١- ئەو فەرهەنگە لە جیاتیی ئەوەی فەرهەنگێکی دووزمانە بێ، زۆرتر وەرگێڕاوی فەرهەنگی فارسییە بەکوردی، واتە لە جیاتیی ئەوەی وشەی هاومانات بداتەدەست، لەگەڵ دانانی هێندێک وشەی هاومانا، وشە فارسییەکەی بە زمانی کوردیش شی کردووەتەوە، کە بۆ فەرهەنگێکی ئاوا پێویست نییە. بۆ نموونە کەسێکی وەرگێڕ دەیەوێ وشەیەکی شیاوی کوردی بدۆزێتەوە کە لە جێی (اصابت)ی فارسیی دانێ ئیدی ئەو کاری بەوە نییە کە اصابت ڕەوتی وێک کەوتنە یا شتێکی تر، لە ڕاستیدا ئەو ڕوونکردنەوانە هەر ئەوەندەی بۆ فەرهەنگێکی یەک زمانە پێویستن، بۆ فەرهەنگی دووزمانە زیادین.

٢- لە زۆر لە وشەکاندا پاش تەواوبوونی ماناکان دەستەواژەی (هەروەها....) نووسراوە کە هیچ وشەیەکی هاوسەنگ ناداتە کەڵکوەرگر لە فەرهەنگەکە و شتێکی زیادییە، وەک ئەوەی پێی بڵێ: ئەوانەش بۆ خۆت لێکیان دەوە ئەمن کاتم بەدەستەوە نەبوو ماناکەیان بنووسم، خۆ خوا داینەناوە هەموو شتەکەت هەر بۆ خۆم بۆ ئامادەکەم! بۆ وێنە لە مانای (نمازعیشاء)دا کە هەر لە سەرەتاشەوە بەهەڵە دەستی پێ کردووە دوای هەموو ماناکان، نووسیویەتی: هەروەها نمازصبح، نمازظهر، نمازعصر، نمازمغرب، ئەدی پاشان چی؟ وەک ئەوەی بیەوێ وەبیر خەڵکی بێنێتەوە ئەو نوێژانەش خوا بۆی داناوین، ... ئەو کارەی فەرهەنگنووس وادەنوێنێ، کە ناوبراو زۆر بەپەلە بووە بۆ لەچاپدان و بڵاوکردنەوە، جا یا ویستوویەتی وەپێش تێکۆشەرانی تری ئەو بوارە کەوێتەوە، یا مەبەست و هۆکارێکی تری هەبووە، بەهەرحاڵ پەلەپڕووزەیەکی سەیر بەکارەکەیەوە دیارە.

٣- دانانی وشەیەک بەهەمان شێوە دەربڕین (تلفظ)ە بەجیا و لە چەند جێگەدا بەناوی قید، فعل، صفت و... بۆ فەرهەنگێکی دووزمانە کارێکی سەر لێشێوێنەرەو لە هیچ کام لەو فەرهەنگە دووزمانانەی تا ئێستا دیومن و تەنانەت فەرهەنگە یەک زمانەکانیشدا ئەو شێوەکارەیان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەوە یەگجار زۆر لە سەرتاسەری فەرهەنگەکەدا بەرچاو دەکەوێ و دەبێتە هۆی سەر لێ تێکدان. بۆ نموونە: لە لاپەڕە٢٣٣ بۆ مانای پاپیچ شدن ئاماژەی کردووە: بڕوانە پاپیچ، لەلاپەڕە ٢٣٦ جارێکی تر نووسیویەتی پاپیچ شدن و ماناکانی بۆ نووسیوە جا نازانم، ئەو (پاپیچ شدن)ە دەگەڵ (پاپیچ شدن)ەکەی پێشتر فەرقی چییە و کەسێک بیەوێ کەڵک لەو فەرهەنگە وەرگرێ بۆ مانای وشەیەک دەبێ بۆ گەڕان لەو فەرهەنگەدا تووشی چ دەردیسەرێک بێ، لە زۆر جێگا وشەیەک بە چەند جێگا و هەر جارەی بە سەرباسێک (وەک: صفت، قید، فعل، اسم و...) مانا کراوەتەوە. هێندێک نموونەتان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە لە خوارەوە بۆ دێنمەوە:

ئا: وشـەی (تمام): بەچوار جێگا مانا کراوەتەوە.

ب- وشــەی (درdar): دانەر ئـەو وشــەی بـەچوارجــار و بـەجــیــا لـە ٦ لاپەڕەدا، هـەر جــارەی بەلێکدراوەکانی بەشێک لەماناکەیەوە هێناوە. کە دەتەوێ لە لێکدراوەیەکی (در) بگەڕێی سەرت لێ دەشـێوێ و دەبێ زۆری خـۆ بۆ مـاندووبکەی، چونکە ڕیزبەندیی دانانی وشـەکان بەپێی ئەلفـوبێ وانییـە و بگەڕ بۆ دیتنەوەی وشـەکە، بەباشی و هاسـانیی شیاوی فـەرهەنگێکی وا سـەر ناکەوێ و بێزار دەبێ. ئەو کێشەیە بە هاتنە سـەری کێشەیـەکی تریش چڕتر دەبێتەوە لە کاتێکدا کە دەبینین ژمــارەیەکی تری وشـــەی دەست پێکردوو بە (در) کـــە لێکدراوی وشـــەی (در) نـین تێکەڵی ئەو ڕیزبەندییە بوون.

ج- رندانە١: صفت ڕەندانە، سەگانە، وەکووڕەندان (لبخند رندانەای زدو هیچ نگفت).

رندانە٢: قـید ڕەندانە، سـەگانە، زۆڵانە، بەسـەگییـەوە، بەڕەندییـەوە (رندانـه لبـخند مـی زدو هـیچ نمی گفت).

د- وشەی (سر) و لێکدراوەکانی: بێجگە لەوەی (سر)ی هەر جارە لە لاپەڕەیەکدا وەک وشەیەک بە ٥ جێگا مـانا کردووەتەوە لە لێکدراوەکانیشـیدا کاری سـەیروسـەمـەرەی کردوون: لە لاپەڕەی ٧٨٣دا دەنووسێ

سروسامان دادن بڕوانە سرو سامان

سروصدارا خوباندن بڕوانە سروصدا

سروصورت دادن بڕوانە سروصورت

سروصورت را صفادادن بڕوانە سرو صورت

سرو کارداشتن بڕوانە سروکار

سروکلەزدن بڕوانە سروکلە

سرو کلەی کسی پیدا شدن بڕوانە سروکلە

سرو گوش آب دادن بڕوانە سروگوش

سروگوش کسی جنبیدن بڕوانە سروگوش

لەوەش سەیرتر لە پاشان لە لاپەڕەی ٨٠٥ هەر بەمانای ئەو لێکدراوانەدا هاتووەتەوە، کە دەکرێ لە کاکی فـەرهەنگنووس بپرسین ئەگەر سروسـامـان، سـروصـد، سروصـورت، سـروکـار، سـروکلە، سروگوش، وەک وشەی سەربەخۆ هاتوون چ پێویست بوو لێکدراوەکانیان لەژێر وشـەی سردا بێت ئەگەر بە وشـەی سـەر بە لێکدراوەکانی (سـر) هاتوونەئەژمـار ئەدی بۆ جیـا کـراونەوە و جێگەی ٩ وشـەیان لەژێر لێکدراوەکانی (سر)دا بـەخۆڕایی پێ گیراوە ئەوە بێجگە لە هەڵمسـاندنی بێ جێی

قەبارەی کتێب،ماندووکردنی ناپێویست و لە ڕاستیدا بێزارکردنی کەڵک وەرگریشی بەدواوەیە، نموونەیەکی تر لە لاپەڕەی ١٣٧٢ نووسراوە: نقش برجستە بڕوانە نقش برجستە، جا لە ١٣٧٣ (نقش برجستە)ی مانا کردووەتەوە. ئەوەی دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم ئەگەر هەر وشەیەک بەجودا بەچەند جێگا نەهاتبا و جێی چەند وشەی بەخۆڕایی پێ نەگیرابا و هەموو ماناکانی وشەکە هەروەک لە فەرهەنگەکاندا باوە یەکجێ و بەپێی ژمارە لەبن خۆی نووسرابان، بێجگە لەوەی کارەکە دروستتر و بۆ کەڵک لێوەرگرانیش هاسانتر دەبوو، تا ڕادەیەکی زۆریش لە بارستاییی کتێبەکە کەم دەبۆوە.

٤- بەشێکی بەرچاو لە فەرهەنگەکە بەناوی تایبەت پڕ بووەتەوە وە ناوی گەلێک یا زمانەکەیان یا وڵاتەکەیانە، (وەک: ئاسانتی) کە هۆزێکی ئەفریقیاییە، یا (آفریقایی) و....، بەداخەوە ئەوە لە فەرهەنگنووسانی زانای وەک مامۆستا هەژاری موکریانیش ڕووی داوە، بەشێکی زۆری فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەش بەناوی ئەو گوندانە پڕ بووەتەوە کە بەعس وێرانی کردوون، ئەوە بۆ فەرهەنگێکی یەک زمانە عەیبێکی گەورە نییە، بەمەرجێک فەرهەنگێکی تەواو بێ، بەڵام بۆ خۆشمان دەزانین فەرهەنگێکی کەمتر لە ١٠٠٠ لاپەڕە بۆ زمانی کوردی چەند ناتەواوە، بێجگە لەوەش، ئەگەر ئەو ناوانە دەبوو بۆ مێژوو بمێننەوە، جێی خۆی بوو وەک فەرهەنگی ناوە تایبەتەکان بەجیا هاتبان نەک تێکەڵاوی وشەکانی تر کرابان، وەک ئەوەی دوکتور موعین کردوویەتی. ئەو لە فەرهەنگە ٦ بەرگییەکەیدا ٢ بەرگی تەرخان کردوون بۆ ئەو شێوە ناوانە و ڕوونکردنەوەی پێویستی بۆ داون، بەڵام دیسانیش هەر ئەوەندەی ئەو شێوە دانانەی فەرهەنگەکەی موعین، بۆ فەرهەنگێکی یەک زمانە ڕەوایە، بۆ فەرهەنگی دووزمانە نابەجێ یە، چونکە ناوی تایبەت، ناوەو تەنیا لە کاتێکدا بۆ ماناکردنەوە دەبێ کە لە زمانی یەکەم یا دووەمدا گۆڕابێ، بۆ وێنە (Austria) کە بەفارسی ئوتریشە، عەرەبیش نەمسای پێ دەڵێن، لە کوردیشدا بە لاساکردنەوەی ئەو دوو زمانە، بە ئوتریش یا نەمسای ناودەبەن و کەم کەس ناوە ئەوروپاییەکە دەزانێ. لە خوارەوە هەموو ئەو ناوە تایبەتانەم نووسیون کە کاک ماجد لە وشەدانەکەیدا هێناونی و بەهەر کامیان چەند دێڕێکی (بۆ هەڵمساندنی قەبارەی کتێبەکە) پێ گرتوون! وەک لە ژمارەبەندیی ناوەکاندا دەبینن، هێندێک لەوانەم بە دووجار هێناون، چونکە کاکی فەرهەنگنووسیش وەک دوو وشەی جیاواز بەدوو جێگا هێناونی، بۆ وێنە لەجێگایەک نووسیویەتی آلمانی: خەڵکی ئاڵمان.

دوا بەدوای ئەوەشدا نووسیویەتی:

ئاڵمانی: زمانی ئەو خەڵکە.

ناوە تایبەتییەکانی ناو فەرهەنگەکە ئەوانەن:

١- آذری، ٢- آزتک، ٣- آسامی، ٤- آسی، ٥- آسیایی، ٦- آفریقائی، ٧- آکان، ٨- آلانی، ٩-

آلئوت، ١٠- آلمانی، ١١- آلمانی، ١٢- آمارد، ١٣- آمریکایی، ١٤- آمریکائی، ١٥- آنگلوساکسن، ١٦- آینو، ١٧- اروپائی، ١٨- اروپائی، ١٩- ازبک، ٢٠- ازبکی، ٢١- اسـپـانیـائی، ٢٢- استرالیایی، ٢٣- استرالیایی، ٢٤- استرنزیایی، ٢٥- اسرائیلی (وەک لە ڕوونکردنەوەکەدا کوتم: بەمانای جوو بەجێی خۆیەتی بەڵام ماناکانی تری زیادین)، ٢٦- اسرائیلی، ٢٧- اسکاندیناویایی، ٢٨- اسکیمو، ٢٩- اسلاو، ٣٠- اسلواک، ٣١- اسماعیلی، ٣٢- اسماعیلیە، ٣٣- افریقایی، ٤٣- افغان، ٥٣- افغانی، ٣٦- افغانی، ٣٧- اکدی، ٣٨- آکدی، ٣٩- امهاری، ٤٠- اورارتویی، ٤١- اورارتویی، ٤٢- اورال آلتایی، ٤٣- اویغور، ٤٤- اویغوری، ٤٥- ایتالیایی، ٥٠- ایتالیایی، ٥١- ایرانی، ٥٢- ایرانی، ٥٣- ایغور، ٥٤- ایغوری، ٥٥- ایلامی، ٥٦- ایلامی، ٥٧- باسک، ٥٨- باشقیر، ٥٩- بالتی، ٦٠- بانتو، ٦١- بربر، ٦٢- بربر، ٦٣- برزنگی، ٦٤- بریتونی، ٦٥- بلغار، ٦٦- بلغاری، ٦٧- بلغاری، ٦٨- بلوچ(خێڵێک...)، ٦٩- بلوچی، ٧٠- بلوچی، ٧١- بلیوار، ٧٢- بنگالی، ٧٣- بوئر، ٧٤- پارت، ٧٥- پالی، ٧٦- پرتغالی، ٧٧- پروانی، ٧٨- پزو، ٧٩- پشتو،٨٠- تاجیک، ٨١- تاجیکی، ٨٢- تاجیکی،٨٣- تاگالگ، ٨٤- تالش، ٨٥- تالشی، ٨٦- تامیل، ٨٧- تای (هۆزی...)، ٨٨- تبتی، ٨٩- تبری (خەڵکی تەبەرستان)، ٩٠- تبریزی (خەڵکی تەورێز)، ٩١- تبریزی، ٩٢- تپور،٩٣- تخار، ٩٤- تخاری، ٩٥- تلوگو، ٩٦- توتن،٩٧- تونگوز، ٩٨- جاین، ٩٩- جعز (گئز)، ١٠٠- چچن، ١٠١- چرکس، ١٠٢- چک، ١٠٣- چکی، ١٠٤- چین وتبتی، ١٠٥- چینی (بەجیا وەک پەسن: پەیوەندیداربە وڵاتی چین)، ١٠٦- حامی (بەجیا: ڕەرگەز)، ١٠٧- حبشی، ١٠٨- حبشی، ١٠٩- حمیر(homyar)، ١١٠- خزر، ١١١- خط چینی، ١١٢- خط سیریلی، ١١٣- دراویدی، ١١٤- دروزی، ١١٥- دومینیکن، ١١٦- دومینیکی، ١١٧- دومینیکی، ١١٨- دهلوی، ١١٩- ژن، ١٢٠- راجی (زاراوەی فارسی)، ١٢١- روندی (ژمان)، ١٢٢- زرنگار(بەرنامەیەکی کامپیوتێری بۆ نووسین)، ١٢٤- زولو، ١٢٥- زیدی، ١٢٦- زیدیە، ١٢٧- ژرمن، ١٢٨- ژرمن، ١٢٩- ژرمنی، ١٣٠- ساروی، ١٣١- ساموارئی، ١٣٢- سامی، ١٣٣- سانتیم، ١٣٤- سانسکریت، ١٣٥- ساوجی، ١٣٦- سریانی، ١٣٧- سغدی، ١٣٨- سلتی، ١٣٩- سنگسری، ١٤٠- سواحلی، ١٤١- سوری (خەڵکی سووریە)، ١٤٢- سومری، ١٤٣- سیریلی، ١٤٤- سیک، ١٤٥- سینهالی، ١٤٦- شافعی، ١٤٧- شافعی، ١٤٨- شرپا، ١٤٩- شیخی، ١٥٠- شیخیە، شیلینگ، ١٥١- شینتو، ١٥٢- شیوا(آئین)، ١٥٢- صایی، ١٥٤- صبە، ١٥٥- صرب، ١٥٦- صرب وکروات، ١٥٧- صربی، ١٥٨- صربی، ١٥٩- طبری، ١٦٠- روندی، ١٦١- طوارق (هۆز)، ١٦٢- عربی، ١٦٣- عربی، ١٦٤- عیلامی، ١٦٥- فارویی، ١٦٦- فرانسوی، ١٦٧- فرانسوی، ١٦٨- فرانسیسکن، ١٦٩- فرانسیسی، ١٧٠- فرانسیسی، ١٧١- فرانک، ١٧٢- فنیقی، ١٧٣- فنیقی، ١٧٤- فیواوگرایی، ١٧٥- فیوایغوری، ١٧٦- قبطی، ١٧٧- قزاق، ١٧٨- قفقازی، ١٧٧- کاتالان، ١٧٨- کارن (هۆز)، ١٧٩- کاریبۆ (هۆز)، ١٨٠- کای (هۆزی

ڕەشپێست..)، ٢٨١- کچوا (هۆزی...)، ١٨٣- کردی (زبان)، ١٨٤- کرووات، ١٨٥- کرۆمانیون، ١٨٦- کرون، ١٨٧- کلدانی، ١٨٨- کلموک (هۆز)، ١٨٩- کوا (زمان)، ١٩٠- کوشی (زمان)، ١٩١- کیمونو، ١٩٢- کیوح (زبان)،١٩٤- گئز (زمان)، ١٩٥- گرجی، ١٩٦- گندی (زمان)، ١٩٧- نگیلک، ١٩٨- گیلکی، ١٩٩- گیلکی، ٢٠٠- گیلەمرد، ٢٠١- لاپ (هۆز)، ٢٠٢- لاتین، ٢٠٣- لاتینی، ٢٠٤- لاما، ٢٠٥- لامایی، ٢٠٦- لر، ٢٠٧- لزگی، ٢٠٨- لوترن (ئایین)، ٢٠٩- مائوری، ٢١٠- مادی، ٢١١- مادی، ٢١٢- مارونی، ٢١٣- مالایالام، ٢١٤- مالکی (مژهب)، ٢١٥- ماندارن، ٢١٦- ماندایی، ٢١٧- ماندینگۆ، ٢١٨- مایا، ٢١٩- متشرعه، ٢٢٠- مجار، ٢٢١- مجاری، ٢٢٢- مذهب ارتدکس، ٢٢٣- مذهب پرتستان، ٢٢٤- مذهب کاتولیک، ٢٢٥- مشهدی٢ (سەربەشاری مەشەد کە لە مشهدی١دا دووپاتراوەتەوە)، ٢٢٦- معتزله، ٢٢٧- معتزلی، ٢٢٨- مغول، ٢٢٩- مغولی، ٢٣٠- مک کارتیسم، ٢٣١- منچور، ٢٣٢- مندایی، ٢٣٣- نایلکس (ناوی بازرگانی)، ٢٣٤- نستوری، ٢٣٥- نسطوری، ٢٣٦- نسکافه، ٢٣٧- نعمت اللیه، ٢٣٨- نعمتی، ٢٣٩- نعمتی، ٢٤٠- نقشبندی (طریقت)، ٢٤١- نەقشبندیه، ٢٤٢- واکمن (ناوی بازرگان)، ٢٤٣- واکی تاکی(دەزگای بچووک و دەستهەڵگری ناردن و گرتنی دەنگ؟ ئەو کەشفەی جەنابی تەنیا ناوی بێسیمێکی ژاپۆنییە)، ٢٤٤- والس (هەڵپەڕکێ)، ٢٤٥- والور (ناوی بازرگانی ...)، ٢٤٦- وایکینگ، ٢٤٧- وهابی، ٢٤٨- وهابیت، ٢٤٩- هفت امامی، ٢٥٠- هلنیسم، ٢٥١- هندواروپائی، ٢٥٢- هندوایرانی، ٢٥٣- هندوستانی، ٢٥٤- هندی، ٢٥٥- هندی، ٢٥٦- هیتی، ٢٥٨- یاکوت (هۆزی زەردپێست)، ٢٥٩- یاو (دەستەیەک خەڵکی...ئافریقا)، ٢٥٠- یسوعی، ٢٥١- یعقوبی، ٢٥٢- ین، ٢٥٣- یورو، ٢٥٤- یونانی، ٢٥٥- ییدیش (زمانێک کە لەلایەن جوولەکەی ئەڵمانەوە ...).

بێجگە لەوانەش، ناوی ژمارەیەکی زۆری ماکی کیمیاوی و کانی و ناوی پارەی وڵاتان و...ی تێدا هێناون کە نە فارسین و نە کوردین و وشەی بەرابەری کوردییان نییە و تەنیا ڕوونکردنەوەی بۆ داناون، کە ئەوەش کاری فەرهەنگی یەک زمانەیە نەک ئی دوو زمانە و تەنیا هەڵمساندنی بێ جێی فەرهەنگێکی لەو بابەتەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو بەڕێزە ئەوەندە بەو ناوانە و هێندێک وشەی نامۆی بێگانەوە نووساوە کە تەنانەت لە فارسیشدا هاوتایان نییە، بەڵام زۆر وشەی فارسیی لە بیر کردوون، ... ئەگەر ئەوانەی لێ دەرکەین و داڕشتنەکە ڕاست کەینەوە گومانم تێیدا نییە کە ئەو کتێبە بە کەمتر لە ١٠٠٠ لاپەڕە تەواو دەبوو.

٥- بەگشتی ئەو هەڵانەی خوارەوە لە مانای وشەکاندا کەوتنە بەرچاوم:

١- آب سبز بڕوانە: آب سیاه، بەپێی ئەو تاریفەی فەرهەنگی موعین (٦ جلدی) بۆ ئەو دووەی کردووە (آب سبز) لە گوشاری ناوخۆی چاوەوە پەیدا دەبێ کەچی (آب سیاه) ٩ مانای بۆ

دانراون و یەکێک لە ماناکانی کە نەخۆشییەکی چاوە، دەڵێ: کوێراییيەکی تەواو یا ناتەواوە کە لە (ضمورواطروفیا)ی دەمارە هەست (عصب)ی چاو پەیدا دەبێ، فەرهەنگی چووکی (عمید)یش دەڵێ: (آب سبز) نەخۆشییەکی چاوە کە لە چوونەسەری گوشاری نێوچاو پەیدا دەبێ و تۆپی (کرە) چاو ڕەق دەکا و بەو هۆیەوە تەنگ دەبێتەوە و مەیدانی دیتن کەم دەبێتەوە و لە ئاکامدا لەوانەیە ببێتە هۆی کوێری، بەو حیسابە نابی نەخۆشیی (آب سبز) و (آب سیاە) یەک بن، بەو دەلیلانە:

ئا- آب سیاە نیزیکەی ٩ دەستە مانای هەن کە تەنیا دوویان نەخۆشیی چاو دەگرنەوە و بەو پێیە حەواڵەدانی مانای (آب سیاە) دروست نییە.

ب- آب سبز لە گوشارەوە پەیدا دەبێ کەچی (آب سیاە) لە دەمارە هەستەوە پەیدا دەبێ و بەو پێیە سەرچاوەی پەیدابوونیشیان لێک جیاوازە.

٢- آب پز: نووسراو: کولاو، کوڵیا، کوڵیاگ، دەبوو بنووسرێ کولاو لە ئاودا، کوڵیا لە ئاودا، کوڵیاگ لە ئاودا، چونکە (آب پز) بە خودی کوڵانەکە ناگوترێ بگرە بە شێوەی کوڵێندرانەکە دەگوترێ کەچی (کولاو، کوڵیا، کوڵیاگ) کردەی کوڵاندن دەنوێنن نە شێوە یا جۆری کوڵێندران، بەواتایەکی تر کاتێک دەڵێین (کولاو، کوڵیا، کوڵیاگ) وتەکەمان باس لەو شتە دەکەن کە کوڵێندراوە وەک (شۆرباوی کولاو، گۆشتی کولاو، ...) و لەو دوو نموونەیەدا گۆشت یا شۆرباوەکە ڕاستە کوڵیانە بەڵام مەرج نییە بەتەنیا ئاو کوڵابن بگرە لەگەڵ شتەکانی تردا کە بۆ سازکردنی بۆ وێنە شۆرباو یا گۆشتاو پێویستن واتە لەنێو تێکەڵەیەکدا کوڵی بن نەک هەر لە ئاودا، کەچی (آب پز) تەنیا لە ئاودا کوڵێندراوە نەک لە تێکەڵەیەکی تردا، جیاوازییەکی تری ئەو دوو چەمکەش لەوەدایە کە ئاوی (گۆشتی کولاو) مەرج نییە لێی بگیرێ یا فڕێ درێ، کەچی ئاوی (آب پز) دەگیرێ و زۆرترین جارەکانیش فڕێ دەدرێ بۆ وێنە ئی (تخم مرغ آب پز یا سیب زمینی آب پز) هەر فڕێش دەدرێ و لە ئاشپەزیدا کەڵکی لێ وەرناگیرێتەوە لە هێندێک شتی وەک (گوشتی آب پز)یشدا ئاوەکە بەهەرحاڵ لە گۆشتەکە جیا دەکرێتەوە بەڵام لە ئاشپەزیدا هەر کەڵکی لێ وەردەگیرێتەوە.

٣- لەو شوێنانەی شتێک نیسبەت دەدرێ بە شتێکی تر ئەگەر شتە سەرەکییەکە بە پیتی (ی) تەواو بێ دەبێ (ی)یەکی تریشی بۆ پێوەندی دان بە وشەی دووەم پێوە نووسێنین دەنا ماناکە بەهەڵە دەردەچی بۆ وێنە لە مانای (آبیاری بارانی)دا نووسراوە (ئاویاری بارانی) کە دەزانین ئەو مانایە شێوەی (آبیار)یەکە نیشان بدا کە چی ماناکە واتە (ئاویاری بارانی) بەواتای شێوەکارەکە نییە بگرە بکەری کارەکە دەنوێنێ واتە ئاماژە بە ئامێر یا کەسێک دەکا کە ئاودێرییەکە دەکا، کەوابوو مانای دروستی (آبیاری بارانی) دەبێتە (ئاویاریی بارانی) نەک

(ئاویاری بارانی).

٤- ئاگری بن خۆڵەمێش لەگەڵ ئاگری بن کا جیاوازیی هەیە، ئاگری بن خۆڵەمێش ئاماژەیە بە فیتنەیەک یا بەگشتی کردارێک کە بەڕواڵەت تەواوبووە بەڵام لەڕاستیدا بەتەواوی دانەمرکاوە و هەر ئانێک ئیمکانی هەیە سەرهەڵداتەوە، بەڵام ئاوری بن کایە بە ئینسانی لەبنەوەبڕ و ئاژاوەگێڕ دەگوترێ و ئاگرێکە لە بن کۆمای کادا کە تا درەنگ کەس پێی نازانێ و کە وەدەرکەوتیش درەنگە بۆ کوژاندنەوەی، ئاگری بن خۆڵەمێش (آتش زیر خاکستر) زۆرتر ئاماژەیە بۆ کردار یا ڕووداو، کەچی ئاوری بن کا (آتش زیر کاە) ئاماژەیە بە مرۆڤی فیتنە و ئاژاوەگێڕ.

٥- آتشبار بە یەکەیەکی ئەرتەش دەگوترێ کە لە چوار گوروهانی تۆپخانە پێک هاتووە، نەک بەخودی تۆپی شەڕ یا تۆپێک.

٦- آتمسفر: (یەکەی تەوژم) بۆ مانای (آتمسفر) بەس نییە چونکە تەوژم هەموو جۆرە پەستانێک دەگرێتەوە وەک ئەوەی مانای (آتمسفر) بەفارسی هەر بە (فشار) لێکدەیەوە، دەبوو بنووسن (یەکەی تەوژمی هەوا).

٧- آتمسفر: ٦٦٧ گرەم لەسەر سانتی میتری چوارگۆشە، فەرهەنگی چووکەی عمید (مؤسسە انتشارات امیر کبیر ١٣٦٩ ص٥٧) دەنووسێ: ... ونیز واحد فشار هوا کە معادل است با فشار ١٠٣٣/٦گرم بر سانتیمتر مربع در نقاط همسطح دریا کە گاهی بطور تقریب یک کیلوگرم بر سانتیمت مربع گفتە میشود، بەداخەوە ئەمن هۆکاری ئەو جیاوازییەم لە ڕوانگەی فەرهەنگی کوردستان و هی (حسن عمید)دا نەدۆزییەوە چونکە بەداخەوە لە بارودۆخەکەی ژیانی ئاوارەییمدا دەستم بەو شتانە ڕاناگا.

٨- آذریون: همیشەبهار نییە، ڕاستە گڵ سرخ همیشە بهارمان هەیە کە جۆرێکە لە (گل سرخ)، بەڵام ئەوە بەواتای ئەوە نییە کە گل همیشەبهار مانای گل سرخ بدات، بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕوانە (فرهنگ ٦ جلدی معین، چ دهم، انتشارات امیرکبیر، ١٣٧٥ ج٤ ص٥٢٠١-٥٢٠٢) و (جلدی٣ی هەر ئەو کتێبە ص٥٣٣٤) و (فرهنگ عمید، چ٣/ مؤسسە انتشاراتی امیرکبیر، تهران ١٣٦٩ص١٢٦٩).

٩- آردبیز: بەناوەکەیەوە دەبێ ئامێری دابێژتنی ئارد بێ نەک خەلە و خاک، لە کوردیدا ئێمە بۆ ئەوانە ناوی جیاوازمان هەیە، ئارددابێژ، ئاردێز، ئاردڤێز، ئێڵەگ، مخل، مخەل، مۆخل، مۆخڵ، مووخڵ، مووخل، هاردوێچ، هێرنگ، هێڵەگ، بۆ (آردبیز) کە (الک)یشی پێ دەڵێن و بێژن، بێژنگ، بێژینگ، زوخمە، قەلبیر، کەمە (بۆ خاک)، لە هەز، وێچنە (بۆخەلە)، کە (غربال)ی پێ دەڵێن، فەرهەنگی موعینیش وەک ئێوە هەردوو مانای وێکڕا بۆ ئاردبیز هێناون و جیای

نەکردوونەوە جا نازانم هۆکارەکەی چییە و بەداخەوە دەستم وەکەس ڕانەگەیشت کە لێی بزانێ و لێی بپرسم، هیوادارم کەسانێک بتوانن یارمەتیم بدەن، دیارە ئەمنیش ماناکەم هەروەک هی ئێوە نووسیوەتەوە بەڵام بەدڵ پێی ڕازی نیم.

١٠- آهنگر: وەستاخاڵە بەواتای ئاهنگر نییە ناوی ئاسنگەرێکی بەناوبانگە، بڕواننە گوڵ چنینەوەیەک لە هەمبانە بۆرینە، لە نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

١١- آیش: وشەگەلی (شێوەرد، شێف، شوو، شووم) بەواتای آیش نین بگرە بەزەمینی کێڵدراوی پێش داچاندن دەڵێن، کە مەرج نییە ببێتە (آیش) و زەمینی کێڵدراوی ئامادەی چاندنیش هەر شێوەردە، شێوەرد بۆ خۆشی لە دوو وشەی (شێو) واتە کێڵان و (وەرد) واتە دووبارە کێڵانەوەی زەمینی کێڵدراو پێکهاتووە، کەوابوو شێوەرد زەمینی دووجار کێڵدراوە کە ئەگەر تۆوی پێ وەرکەن ئەوە دەبێتە زەمینی داچاندراو و ئەگەریش تۆوی پێوەرنەکەن بەنەچێندراوی بیهێڵنەوە دەبێتە (آیش)، جا شێوەرد بوون مەرجی (آیش)بوون نییە. (شێف یا شێو)یش هەر زەمینی کێڵدراو و ئامادەکراوە بۆ چاندن کە ئەگەر دانەچێندرێ و بۆ ساڵێک بەنەچێندراوی بمێنێتەوە دەبێتە (آیش) بۆ نموونە سەرنج بدەنە ئەو پەندە فۆلکلۆرییەی کورد کە دەڵێ (شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان) کە نیشانەی ئەوەیە (شێف) ئامادەکردنی زەمینە بۆ چاندن چونکە خۆ ئەگەر نەچێندرێ خەرمانێک نابی تا شەڕ یا ئاشتیی لەسەر بکرێ.

١٢- ابلق: ڕەشبەڵەک و ڕەشباز دوو جۆرن لە (ابلق) و بە مانای گشتیی (ابلق) دەکار ناکرێن، مەبەستم ئەوەیە کاتێک دەڵێین (ابلق) هەموو چەشنە بەڵەکێ بەو دووانەشەوە دەگرێتەوە بەڵام کاتێک دەڵێین ڕەشبەڵەک هەموو مانای بەڵەک ناگرێتەوە، بگرە تەنیا ئەو بەڵەکانە دەگرێتەوە کە خاڵی ڕەشیان تێدایە، بۆزیش بەمانای (ابلق) نییە بۆز مانای (جوگندمی) واتە ماش و برنجی دەگرێتەوە، بەمانای دووڕەنگی پەڵەپەڵەش نییە بگرە دوو ڕەنگی یەک ئاهەنگی تێکەڵە و تێکەڵییەکەشی زۆر ورد و پێکەوە نووساوە نەک پەڵەپەڵە و پنۆک پنۆک.

١٣- کدوحلوائی کولەکەسەراوی نییە، کوولەکە سەراوی (کدو تنبل)ە و گۆشتێکی وای نییە بۆخواردن بشێ و زۆرتر وەک گۆزەڵە بۆ شت تێکردن بەکار دێ، کەچی (کدوحلوائی) یا کوولەکەی شاقەپاغی هەروەک بەناوەکەشیەوە دیارە کوولەکەیەکی شیرنە و بەکوڵاندنی هەڵوایەکی شیرن و خۆشی لێ ساز دەبێ.

١٤- اجرت: ئاوان هەر جۆرێکی تایبەتییە لە (مزد) نەک مزد بەگشتی واتە تەنیا بە مزئاش واتە حەقی ئاسیاوکردنی خەلە دەکوترێ بۆیە هێنانی لە مانای (مزد)دا بەجێ نییە.

١٥- (اختفا) بەرابەر کراوە لەگەڵ خەفا کە ئەو دووانە لە بواری ڕێزمانیدا جیاوازییان هەیە و ناکرێ یەک بن، (اختفا) واتە خۆشاردنەوە کەچی (خفا) واتە شاراوەیی، بەواتایەکی تر اختفا

(فعل) یا (کردە)یە بەڵام (خفا) (اسم) یا ناوە.

١٦- ادغام: تێکەڵێ و ئاوێتەیی نییە چونکە (ادغام) کردەیە کەچی ئەو دوو مانایە ناون، کەوابوو تێکەڵکردن و ئاوێتەکردن مانای دروستی ئەو وشەن.

١٧- اردیبهشت جۆدرەو نییە، (جۆدرەو یا جۆزەردان) دەبێتە مانگی ٤ واتە (تیرماە)، بەگشتی پاشگری درەو مانای (درو) یا دروێنەو دروونەوە دەداتەوە کە لە کوردستاندا لە مانگی بانەمەڕدا هیچ شیناوردێک ئەوەندە هەڵناستێ کە بۆ دروونەوە ببێ.

١٨- ارزن بەواتای زڕاتەکێویلە دروست نییە چونکە زڕاتە کێویلە تەنیا جۆرێکە لە هەرزن کە بە فارسی پێی دەڵێن (ارزن کوهی) و بەمانای هەموو (ارزن)ێک نییە، هەروەک (ارزن تلخ)یش هەرزنە تاڵەیە نەک هەموو هەرزنێک.

١٩- ارزیر مز نییە، مز (سرب)ە کە دەگەڵ ارزیر واتە (روی) فەرقی زۆروە بۆ وێنە ئەوەندەشتان عەرز دەکەم کە ارزیر واتە قەڵایی بۆ دوو شت بەکار دێ یەکیان بۆ جۆشدانی هێندێک کانزا و ئەوی تریشیان کە ئێستا باوی نەماوە بۆ سپیکردنەوەی دەفر و مەنجڵی مس بەکار دەهات، کە مز هیچ کام لەو کارانەی پێ ناکرێ، بێجگە لەوەش قەڵایی زوو ڕەق دەبێ و خۆ دەگرێ بەڵام مز یا قوڕقوشم دوای ساردبوونەوەش هەر تەواو ڕەق نابێ، ڕەنگەکەشیان فەرقی هەیە قەڵایی سپییەکی زێوینە کەچی مز بۆرێکی تارە.

٢٠- اسپرغم: وەک لە هێندێک شوێنی تری ئەوکتێبەدا دیومە چەشنێک لە بابەتێک وەک مانای گشتیی وشە هێندراوە کە پێم دروست نییە، بۆوێنە لە مانای (اسپرغم)دا نووسراوە ڕەشەڕیحانە، کە ئەوە گۆڕەپانی مانا ڕاستەقینەکەی ئەو وشەیە تەنگتر دەکاتەوە، ڕیحانە ڕەشە (شاەاسپرم) یا (شاە اسپرغم)ە واتە هەر چەشنێکی ڕیحانەیە کە ڕەنگی گەڵاکانی ڕەشە و بۆنیشی لە چەشنەکەی تر کە گەڵای سەوزە، توندترە، نەک هەموو ڕیحانەیەک.

٢١- اشکاف خەڵوەتی نییە گەنجە یا دۆڵابە کە کۆمێدی پێ دەڵێن و خەڵوەتی بەفارسی دەبێتە پستوو کە دیوێکی چکۆلەیە بۆ شتی زیادی لێ دانان، اشکاف یا کەشەوی هەیە یا تەبەقە تەبەقە کراوە بەڵام خەڵوەتی دەتوانێ تەبەقە تەبەقە کرابێ و دەشتوانێ هەر دیوێکی ڕووت و ساکار بێ، هەروەک لە فەرهەنگەکەشدا هاتووە اشکاف بەبڕوای من تەنیا جۆرێک جێگەی کەلوپەلە لە دیواردا، کەچی خەڵوەتی دە دیواردا ساز ناکرێ و بۆ خۆی دیوێکی چکۆلەیە کە دەرکەی بەسەر دیوێکی تردا دەکرێتەوە.

٢٢- افسار: (لغاو، لەغاو، لغاڤ، لخاڤ، لەخاف) ئەوانە لەگەڵ مانای (افسار)ێک نین، (افسار) تەنیا دەخرێتە ملی ئاژەڵ و بۆ هەموو ئاژەڵە بەرزەکان (بۆ ڕاکێشان بەدوی خۆدا یا پێ بەستنەوە یا ئاژۆتن) بەکار دێ، بەڵام لغاو کە برێتییە لە (لگام)ی فارسی تەنیا بۆ ئەسپە و

دەزاری دەکرێ و لە دوو بەش پێک دێ:

١- دەسکە لغاو کە زۆرتر لە قایش دروست دەکرێ و دە دانە لغاو دەکرێ.

٢- دانەلغاو کە ئاسنە و دەزاری ئەسپ دەکرێ بۆ لێخوڕین و کۆنترۆڵی لە کاتی سواریدا، تکایە چاوێکیش بە فەرهەنگی موعین و فەرهەنگی عمیددا بخشێننەوە هەردووکیان دەڵێن (افسار تسمە و ریسمانی کە بسرو گردن اسب و الاغ می بندند) بەڵام هەموو دەزانین الاغ (واتە کەر) لغاو ناکرێ، (لجام یا لگام)یش کە لغاوە بە (دهانە اسب) مانا کراوەتەوە.

٢٣- النگو: ئەوەندەی ئەمن بزانم خرخاڵ نییە، (النگو) بەپێی ئەو تاریفەی دوکتور موعین و هەروەها حەسە عەمید دە فەرهەنگەکانیاندا کردوویانە، ئەڵقەیەکە لە کانزای بەنرخ یا مووروو کە ژنان بۆ جوانی دە دەستی دەکەن، بەڵام (خرخاڵ) کە لە (خلخال)ی عەرەبی وەرگیراوە تایبەتی لاقە و دە دەست ناکرێ، فارس (پای ابرنجن)یشی پێ دەڵێن.

٢٤- انحصارگر: پاوانخواز نییە پاوانکەرە، (انحصارگرا) دەبێتە پاوانخواز.

٢٥- اویار: ئاودەرد نییە ئاودەرە، زۆرتر ئەوە وە هەڵەی چاپی دەچێ.

٢٦- بازار بورس بازاڕی فرۆشی زێڕ و زیوو نەوت نییە، بگرە بازاڕی فرۆشی (بورس)ە کە بەڵگە بەنرخەکان (اوراق بهادار) دەگرێتەوە وەک (بەشەکانی سەرمایەی شیرکەتان و قەرزەی دەوڵەتی و....)، لەو بازاڕەدا لە ڕاستیدا شتگەلێک دەفرۆشێن کە بەڵگەی بوونی نرخێکن نەخودی ئەو شتەی نرخی بۆ دانراوە بۆ وێنە بەشێکی بەشگەی (دایهاتسۆ) بڕە پارەیەکی بۆ دانراوە و ئەو کەسەی بەشەکە دەکڕێ لە ڕاستیدا شتێکی خەیاڵیی کڕیوە کە خودی کارخانەی (دایهاتسۆ) نییە بەڵام شتی وەک نەوت و زێڕ و زیو و... ڕاستەوخۆ لە بازاڕدا دەفرۆشێن نەک نرخە خەیاڵییەکەیان، بۆ نموونە کەسێک باری دوو گەمی نەوت دەکڕێ ئەوە ئیدی شتێکی دیارە و وەک ئەوەیە کالایەکی تر با بڵێین باری دوو گەمی گەنمی کڕیبێ، ئەوەش ناکەوێتە ڕیزەی بازاڕی بۆرس، زێڕ و زیویش هەروا ئەتۆ کە کیلۆیەک زێڕ دەکڕی ڕاست کیلۆ زێڕەکە وەردەگری نەک بەشێک لە پارچە زێڕێکی هەشت کیلۆیی.

٢٧- بازداشتی: گیراوە نییە، گیراو دروستە، گیراوە لە کوردیدا بە (محلول) یا تێکەڵەی ئاو و شتێکی تر دەڵێن، (سمیتی گیراوە واتە لێکدراوی سمیت و خیز و ئاو، دەرمانی گیراوە واتە دەرمانی لەگەڵ ئاو لێکدراو).

٢٨- بالابان: ئامێرێکی مۆسیقایە وەک بلوێر و شمشاڵ، ڕاستە ئامێرێکی مۆسیقایە بەڵام نەک وەک بلوێرو شمشال، بگرە لە فارسیدا بەهەموو جۆرە تەپڵێک دەڵێن (بڕوانە: فەرهەنگ شش جلدیی معین و فرهنگ عمید).

٢٩- برکە: (خمخۆرکە) و (کەندالّی بچووکی ئاودڕ) نییە، بگرە بەحەوزو تالاّو و گۆل و... دەگوترێ کە شوێنی تێدا کۆبوونەوەی ئاون.

٣٠- هەگبە: (باردان یا جامەدان)ە نەک (برگ) بەواتای تۆشە.

٣١- بسـودن: بەواتای سـمـان و سـمـەی و کـونکردن نیـیـە و ئەو واتایە هـەڵەیە، بڕوانە فـەرهـەنگی (عمید) و (معین ٦جڵدی)، مانا دروستەکەی سوونەوەیە نەک سمین.

٣٢- بغل: نووسـراوە (بـەشی ژێربالّـی مـرۆڤ هـەتا خـوارەوە) ئەو ڕوونـکردنەوەیە دروست نیـیـە، ئەگەر ئەوە بەڕاست دانێن ئەدی زیر بغل (کە بەکوردیش بنهەنگڵی پێ دەڵێن) دەبێتە کوێ، خۆ لەبەرپاش جـێگای نابێـتـەوە، ئـەو ڕوونکردنەوەیـە لە ڕاسـتـیـدا ناتەواویشـە (چونکە بەپێی ڕوونکردنـەوەکـە لە خـوارەوە سنووری بۆ دانەنراوە)، بنـهـەنگڵ واتە زیربغل دەگـرێتـەوە و بغل بەواتای هەنگڵ لە ڕاستیدا شان و باسک پێکەوە دەگرێتەوە.

٣٣- بقچە: تۆشەبەرە نییە تۆشەبەرە (تووشەدان)ە واتە کیسە یا شـتێک بۆ تێنانی تێشووی ڕێگا، بەڵام بقـچـە زۆرتر بۆ جلک و شـتی وا دەبێ و ئەگـەر پارچەیەکـیش تێشـووی تێوەرپێـچن پێی ناگوترێ (بقچە) بگرە بەکوردی پێی دەڵێن پرێسکە کە بەلایەکدا مانای (بقچە)ش دەگرێتەوە ئەگەر جلکی تێوەر پێچرێ نەک تێشوو.

٣٤- بلوچ: خێڵ نین، وەک کورد نەتەوەیەکی ئارییاین کە دابەش کراون.

٣٥- بوجـارلـنجـان: هـەلپـەرسـتـە نەک دەمـدەمی و وازوازی، هـەلپـەرست و دەمـدەمی یا وازوازی لە شتێکدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە کە هەردووک ڕای خۆیان دەگۆڕن، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کـە وازوازی مـەرج نیـیـە بۆ قـۆسـتنەوەی هەلی لـەبار واز لە بڕیاری پێـشـووی بێنێ بـگرە هـەر بەخەیـاڵی خۆی لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر دەڕوا، بەڵام هەلپەرست ڕادەوەسـتێ و چاوەڕوان دەبێ بۆ دەرفەتێک بۆ گەیشتن بەمەبەستەکەی یا وەدەستهێنانی قازانج، بڕوانە فـەرهـەنگی جڵدیی ٦ موعین.

٣٦- بورس: بـازاڕی فـرۆشی یەک جـۆرە کـالاّ نیـیـە بـازاڕی فـرۆشی بەڵگەی نرخـدارە بڕوانە فەرهەنگی (عمید) و (موعین جڵدیی ٦).

٣٧- بی کم و کاست: بێ کەم و زیاد نییە، ئەگەر سـەرنج بدەیە وشـەکەش کە پێک هاتووە لە دوو وشـەی (کم) و (کاست) بەمانای کەمی و ناتەواوییە و باسی زیادی تێدا نییە، ئەو وشە لێکدراوە بۆ زیادی نایە بگرە بۆ ئەو شتە دێ کە ناتەواویی تێدا نەبێ نەک زیاد نەبێ.

٣٨- بی گدار: بەواتای گۆترە نییە بەمانای بێ بوارە و بۆ ئەو ئاوانە بەکار دێ کە لێ پەڕینەوەیان بێ کـەرسـتـە یا مـەلەوانی ناگـونجێ، ئەو مـانا هـەڵەیە وا وێ دەچێ لە (بی گـدار بە آب زدن)

وەرگـێـــڕابێ بـی گــدار لـەوێدا بەواتـای لە گــۆترە هـاتووە بـەڵام ئەوە تەنیــا لـەگــەڵ هـەمــوو دەستەواژەکەدا ئەو مانایە دەداتەوە نەک بەتەنێ.

٣٩- پالان: جل و جلوجۆڕ فەرقیان هەیە دەگەڵ کورتان، جل داپۆشەرێکی پشتی بارەبەرە کە یا لە ژێرکورتان یا لە جیاتیی کورتان دەخرێتە سەرپشتی بارەبەر، (پاڵوو)ش هەرچەند مامۆستا هەژاریش بە کورتان مانای کردووەتەوە کورتان (واتە پالان) نییە بگرە (رانکی)، واتە کەژووی بن کلکی بارەبەرە کە لە کورتان قایم دەکرێ، کورتان لە ئەسڵدا دوو کەژووی هەن یەکیان پاڵووە کە باسم کرد و ئەوی تریشیان تەنگەیە کە کورتان لەبەرزگی بارەبەرەوە قایم دەکا.

٤٠- پتو: نڤینپۆش، نڤینۆ، مانای (پتو) نین، ئەو دووانە بەمانای (نوێن) واتە (رواندازی)ن و (پتو) تەنیا یەکێکە لە نوێنەکان و دانی مانای گشتیی (نڤینپوش) بەتەنیا بەپەتۆ دروست نییە، ئەوە وەک ئەوەیە (حسن) ناوێک کە ئینسانە بەمانای گشتیی ئینسان ناوبەری و بەهەموو ئینسانێک بڵێی (حسن).

٤١- پژ (poj)، پژ (paj): مانای ئەو دووانە تێکەڵ کراون، پژ (paj) بەواتای (چرک، پلیدی، گردنە، پارەپورە)ی فارسی دێت بەڵام پژ (poj) بەواتای (سـرمـاریزە) دێ کـە بەمـانای (ئاڵشـتـە و سـیـخـوارو....)یە، ئەو دووانە دوو وشـەی لێک جـودان کـەچی وەک یەک وشــە بەیەک جێ ماناکراونە و. بڕوانە فرهنگ ٦جلدی معین.

٤٢- پسر: ڕاستە پیاوی هێشتا ژننەهێنا و (یا بەواتایەکی ڕوونتر) نێرینەی هێشتا ژننەهێنا و لە زمانی کوردیدا مانای (کوڕ= پسر) دەداتەوە، بەڵام دەکارکردنی ڕەبەن بۆ ئەو مەبەستە هەڵەیە چونکە پیاوی ژن تەڵاق دا و یا مردووی ژننەهێناویش هەر ڕەبەنە بەڵام کوڕ نییە.

٤٣- پسرخـواندگی و پسرخـوانده : بەواتای زڕکـوڕی یا زڕکوڕ دروست نین. زڕکوڕ برێتییە لە کوڕی ژن لە مێردی تری یا کوڕی پیاو لە ژنی تری، بەڵام (پسرخوانده) لە ڕاستیدا کوڕی ڕاستەقینەی هیچ کامیان نییە، بگرە کوڕی پەیمانییە واتە بە پەیمان بووەتە کوڕی کابرا یا ژنەکە و بەمانای بەکوڕ قبووڵ کراوە نەک زڕکوڕ، هەروەها (کوڕحەلی) و (حەقەزا)ش بەتەواوی مانایان دەگەڵ پسرخوانده جیاوازە.

٤٤- پشت: نموونەیەکی دەردەسەرە بۆ خوێنەر: لە ٢٦٧ڕا مانا و لێکدراوەکانی دەست پێ دەکا، لە ٢٦٩ پاش پشت گوش انداختن دووبارە (پشت) مانا کراوەتەوە کە هەر بۆ خۆشی هەونییە و ماناکەش هەڵەیە، لەوێدا (پشتی) بە پڕ، چڕ، پەڕ، مانا کردووەتەوە و نموونەشی بۆ سەلماندنی ماناکانی بە (پرپشت) هێناوەتەوە کە هەر خودی نموونەکە هەڵەبوونی ماناکان دەسەلمێنێ، (پرپشت) بە هەمـوو لێکدراوەکەیەوە مانای (پڕ و چڕ) دەداتەوە نەک بەتەنێ، پاشانیش کە خوێنەر پێی وایە دەبێ لە چەنگ وشەی (پشت) ئاسوودە بووبێ، سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە،

پشت باز..... لە سەرەتای لاپەڕەی ٢٦٨ بەشێک لە مانای (پشت صحنە)ی نووسیوە، لێرەدا ئەو کەسەی لە مانای ئەو وشەی دەگەڕێ ئیدی دەستی خاترجەمی وەبن سەری دەدا کە ئەوە ماناکەم بەتەواوی گیرکەوت، خافڵ لەوەی کە دیسان وشەی (پشت صحنە) بە مانایەکی تر لەپشت ژمارەیەکی تر و لە لاپەڕەیەکی تر (٢٦٩) هەلی بۆ خۆ نواندنەوە دەست کەوتووەتەوە و بەدوای ئەودا پاش ژمارەیەک لێکدراوی تری (پشت) ئەوجار بڕگەی دووەمی ماناکەشی هاتووەتەوە گۆڕ.

٤٥- پشتوارە: تێلەکەو کۆڵەبارە نەک تۆشەوەرە، تۆشەوەرە بریتییە لە توورەکە یا پارچەی تێشووی ڕێگا، بەڵام کۆڵەبار شتێکی جیایە و بریتییە لەو شتانە کە بۆ ڕاگوێستن بەکۆڵ پێچراونەوە و ئامادە کراون، نەک هەر تێشووی ڕێگا.

٤٦- پنج٣: پێشواژە.... ئەو جۆرە مانادا تاشینە بێجگە لە زیادکردنی قەبارەی کتێبەکە کەڵکی نییە و ئەگەر بڕیار بێ مانای ئاوا بۆ ژمارەیەک دانێین خۆ بەمیلیاردیش تەواو نابین، ئەدی چهار (چهارپا) شش (شش گوشە)، هفت (هفت تیر)، هزار (هزارپا) و بگرە هەزاران پێشواژەی لەو چەشنە؟، بەداخەوە لە فەرهەنگەکەدا ئەو چەشنە داتاشینانە کە هەر کامەشیان بە تەنیا وەک وشەیەک جێگایان گرتووە کەم نین.

٤٧- پنیرمایە: ڕیتکە نییە، ڕیتکە هەویری شلە و بۆ هەڵێنانی هەویر دەیگرنەوە و کاری بەسەر پەنیرەوە نییە.

٤٨- پونەی وحشی: زرە پنگ، ئەوە ڕاستە بەڵام لە ئاخێریدا نووسراوە پنگەی دەم ئاو ئەو ڕوونکردنەوەیە بەتەواوی هەڵەیە، زرەپنگ پنگەی دەم ئاو نییە پنگەی دێمەیە و تام و بۆنیشی توندترە لە پنگەی ئاوی و مەیلەو تاڵە و کەمتر دەیخۆن.

٤٩- پیش اندیشی: پێشداوەری نییە بیرکردنەوەیە لە کارێک پێش دەستپێکردنی (بڕوانە: ف. ٦ج. معین).

٥٠- پیش بخاری: بالاڕف یا سەرتاق یا تاقەی چکۆلەی سەر دیوار نییە، هەروەک بەناوەکەیەوە دیارە دەفرێکە بۆ خۆڵەمێش لەپێش کوورەی دادەنێن یا ئەو پەردەیە بۆ جوانی بەسەر کوورەی دیواریدا هەڵی داوەسن، (بڕوانە: ف. ٦ج. معین).

٥١: پیشرفت: پێشکەوفت، پێم وایە هەڵەی چاپی بێ، یا (پێشکەفت) یا (پێشکەوت)ە کە هەردووکیان دروستن.

٥٢- پیشرفتە: پێشکەتی لەباری ڕێزمانییەوە هەڵەیە پێشکەتن دروستە، پێشکەتی دەبێتە (پیشرفتە).

٥٣- پیش زادە: لە جیاکردنەوەی دەستەماناکانی ئەو وشەیەدا هەڵەیەک ڕووی داوە، وشەکانی (کۆڵوەس، کۆڵەبەس، کۆڵەوەس) منداڵی شوون لە ژنێکی تر نەک منداڵی ژن لە شوویەکی تر، بۆ هۆکاری ناوەکەش دەڵێن (زڕدایک پێی خۆشە زڕمنداڵەکەی هەمیشە بەکۆڵەوە بێ تا هەر نەیبینێ)، دەلیلێکی تریش لە مانای خودی لێکدراوی وشەکەدایە ئەویش وشەی کۆڵە، وەک دەشزانین لە کۆڵکردنی منداڵ لەو دواییانەدا نەبێ هەر کاری ژن بووە و پیاو بەدەگمەن منداڵی لە کۆڵ بەستووە تا بیکاتە کۆڵەوەس.

٥٤- تاخت: (ڕەم، ڕەو، ڕەڤ) مانای تاخت نادەنەوە ئەوانە بەمانای (فرار)ن و وەک دەشزانین (دویدن) کە یەکێکە لە ماناکانی تاخت لەگەڵ فرارکردن جیاوازیی هەیە، بڕوانە فەرهەنگەکانی (موعین ٦ جلدی) و (عمید).

٥٥- تاختن: لە مانای ئەو وشەیەشدا مانای (فرارکردن) و (دویدن) تێکەڵ کراون. دەرچوون، بەزان، بەزین، ڕەڤان، ڕەتان، ڕەتین، ڕەتیان، ڕەمەی، ڕەمای (کە بەواتای شکست و فرارکردن)ن دوورن لە مانای تاختن، بڕوانە ئەو سەرچاوانەی سەرەوە.

٥٦- تاراج: برۆ، (برۆ) بەتەنێ واتای تاراج ناداتەوە لە لێکدراوی (تالان و برۆ)دا مانای (تاراج) دەداتەوە نەک بەتەنێ، لە ڕاستیدا لێرەشدا (برۆ) بەواتای (تاراج) نییە بگرە ئەو لێکدراوە بەو واتایەیە کە: تالان بکە و ڕامەوەستە برۆ.

٥٧- تانک: مەترالیزە، مەترەلۆز، ئەو دووە تانک نین جۆرێکن لە ئاگربار (واتە مسلسل) کە مەترالیۆزیشی پێ دەڵێن.

٥٨- تانکر: بۆشکە یا بەرمیل نییە ئەو دووانە زۆر لە تانکێر چووکترن.

٥٩- تحریم: پاوانکردن نییە، پاوانکردن تەرخانکردنی مافی کەڵک وەرگرتن لە هەلێک (کەڵک وەرگرتن، کڕین، فرۆشتن، بەرهەمهێنان یا ...) بۆ کەسایەتییەک (کەس یا دامەزراوەیەکی ئابووری یا ....)، بەڵام (تحریم) بەواتای بێبەشکردنی کەس یا دامەزراوەیەکی ئابووری یا سیاسی یا حکوومەتێکە لە مافێک (کەڵک وەرگرتن، یا پێ فرۆشتن یا لێ کڕین یا ....)، بەواتایەکی تر پاوان مافێکی ئەرێنییە بۆ کەس یا کەسایەتیی باسکراو، بەڵام تحریم ڕاست پێچەوانەی پاوانە (واتە بێبەشکردن) بۆ کەس یا کەسایەتیی باسکراو.

٦٠- تحصن: جەنە، گە، گەد، هۆک، هەرم، هەڕن، ئەو مانایانە هیچیان (تحصن) ناگرنەوە بگرە مانای (اعتصاب)ن. (تحصن) لە وشەی (حصن)ەوە دێ و بەواتای خۆقایمکردن لە شوێنێک (وەک قەڵا یا شوێنی پیرۆز یا باڵوێزخانە و...) و جیاوازییشی لەگەڵ (اعتصاب) لەوەدایە کە (تحصن) لەژێر داڵدەدا یا لە پەنایەک یا شوێنێکی قایمدا دەکرێ بۆ ئەوەی لایەنی بەرانبەر نەتوانێ دەست لە لایەنی پەنابردوو بدات، بەڵام (اعتصاب) لە شوێنی ئازاددا دەکرێ و لایەنی

بەرانبەریش دەستی وە (اعتصابی) ڕادەگا،

٦١– تحصنکردن: بۆمانای ئەو لێکدراوەش هەر هەڵەی ژمارە ٦٠ دووپات بووەتەوە.

٦٢– ترترو: ترکەڵەک یا ترەکەڵەک نییە چونکە ترترو بۆ مرۆڤ دەگوترێ کەچی ترکەڵەک بۆ بێگیان دەگوترێ وە شتی سازکراوی خۆنەگر و سست (ئەو خانووە بەترەکەڵەک ساز کراوە).

٦٣– زار، زاور، زراو، ئەوانە بەمانای (زهرە)ن و بەبێ وشەی چوون مانای ترس نادەنەوە.

٦٤– ترشح: ئاودز، ئاوەدز، ڕاستە بە وشەکەدا وە دزینی ئاو دەچن، بەڵام، ماناکەیان جیاوازە و بە (چرککردن زخم) دەڵێن نەک ترشح.

٦٥– ترکش (tarakes) و ترکش (tarkes)ی تێکەڵ کردوون، کە ئەوەی پێشەوەیان بەواتای تیکەی گولله و.... بەڵام ئەوی تریان بەواتای تیردانە کە بەهەڵە هەردووکیان بە مانای ترکش (tarkes) نووسراون.

٦٦– تریلیون: میلیون میلیون نییە میلیارد میلیاردە واتە ژمارە (١)ە بە ١٨ سفرەوە نەک (١) بە ١٢ سفرەوە، بڕوانە (بڕوانە: فـ.٦ ج. معین) و هەروەها (فرهنگ عمید).

٦٧– تسویە: جیاکردنەوە، پاککردنەوە، ئەو دوو مانایە دوورن لە مانای (تسویە) و، مانای (تصفیە)ن کە نووسەری بەڕێزی فەرهەنگیان بەهەڵە بردووە، تسویە لە وشەی (سوی)ڕا دێ کە بەمانای (بەرابەر، تەخت، وەکیەک، یەکسانە، کەواتە (تسویە) واتە (بەرابەرکردن، تەختکردن، وەک یەک لێکردن، یەکسانکردن) نەک جیاکردنەوە و پاککردنەوە.

٦٨– تشبیە: چواندن هەڵەیە، وێچواندن ڕاستە.

٦٩– تغار: پێوانەیەکە بەرانبەر بە ٥ پووت، یان ٨٣/٤ کیلۆگرام، ئەو واتایە پێ ناچێ ڕاست بێ (د. محمد معین لە فەرهەنگە ٦ جلدییەکەیدا) دەڵێ: کێشێکە بەرابەری ١٠کیلۆ (بەپێی فەرمانی غازانخانی پادشای مەغۆل).

٧٠– تقعر: (کووڕی) نییە، ڕۆچووییێیە، کووڕی ڕاست پێچەوانەی (تقعر)ە واتە دەبێتە (تحدب) واتە دەرپەڕیوی و ڕەپی و زەقایی، کەچی تعقر قوپاوییە.

٧١– تقیە: خۆڕاگۆڕی، ئەوە دەبێ هەڵەی چاپی بێ و پێم وایە خۆگۆڕی دروستە.

٧٢– تکاب: چۆم یا زەریای بێ پەی، زەریای بێ پەی، لە ڕاستیدا مانایەکی نییە (تکاب) بەواتای ئاوی پەی نەدەر یا خنکێنەر، چۆم و گۆم دەگرێتەوە بەڵام بۆ زەریا بەکارهێنانی هەڵەیە چونکە هەموو زەریایەک پەی نەدەرە و کوتنی ئەو مانایە فارس گوتەنی (توضیح واضحات) و مایەی سەر لێشێوانە.

٧٣– تلافی جویانە: دەستەوایانە، دەستەوا زۆر دوورە لە مانای تۆڵە، دەستەوا تاوان نییە تا

(تلافی جو= تۆڵەئەستێن) بیەوێ تۆڵەی بکاتەوە.

٧٤- تلافی جویی: دەستەوایی، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، (بڕوانە تێبینیی ژمارە ٧٣) وەک دانەری فەرهەنگەکەش لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە بۆ ئەو وشەی نووسیوە: وەڵامدانەوە بەکاری (زۆرتر نارەواو نەشیاو)، بەڵام هەموومان دەزانین (دەستەوا) کاری نارەوا و نەشیاو نییە تا تۆڵەی بۆ بستێندرێتەوە بگرە کارێکە وەک قەرز بۆ یەکێک دەکرێ تا ئەویش لە کاتی پێویستدا کار بۆ دەستەواکەرەکەی بکاتەوە. دەستەوا لە دوو وشەی دەست+وا پێک هاتووە کە مانای قەرزی دەستی دەداتەوە بەڵام ئەو شێوە قەرزە نانەخدییە و بەشێوەی کار دەدرێتەوە نەک بەپارە، واتە (کار بە کار).

٧٥- تلون: (وازوازی، ڕاڕایی، وتاوتاوی) لەباری ڕێزمانییەوە ڕاست نین، (تلون) وەک (تفعل) کردە (فعل)ە نەک ناو (اسم) کەوابوو دەبوو بنووسرێ وازوازیبوون، ڕاڕاییبوون، یا ڕاڕاییگەری، وازوازیگەری، (وازوازی) و (ڕاڕایی) و (تاوتاوی) دەبنە (ملوَن) نەک (تلوّن).

٧٦- تماشاداشتن: شیاو بۆ دیتن، ئەو مانایە لە بواری ڕێزماندا لەگەڵ وشەکەدا ناگونجێ و ناتەواوە دەبوو بنووسرێ: (شیاوبوون بۆ دیتن) یا (شیاوی دیتن بوون).

٧٧- تنعم: (دارایی، سامان، ماڵ و سامان) لەباری ڕێزمانییەوە ڕاست نین، (تنعم) وەک (تفعل) کردە (فعل)ە نەک ناو (اسم) کەوابوو دەبوو بنووسرێ (دارایی بەدەستهێنان، سامان دەستخستن، ماڵ و سامان وەدەستهێنان)، (دارایی) و (سامان) و (ماڵ و سامان) دەبنە (نعمت) نەک (تنعم).

٧٨- تنقل: چەرە، چەرەز، چەرەس، هەروەک ژمارە ٧٥ و ٧٧ لەباری ڕێزمانییەوە هەڵەیە، ئەو وشانە مانای تنقلات دەدەنەوە، نەک تنقل.

٧٩- تنقیح، تنقد، تنقیە، لەوانەشدا وەک ئەوەی سەرەوە هە هەڵەی جێگۆڕکێی ناو و کردە ڕووی داوە.

٨٠- توفال: ئاڵوودار نییە (پەردووی میچ)ە، واتە ئەو تەختانەی لە دارەڕای میچی خانوو دەدرێن بۆ تەختەبەندی و سپیکردنەوەی بەری بان.

٨١- تیار: بازر، (بازر) وشەیەکە دەیخەنە دوای حازر لە کوتندا بەتەنێ مانای حازر ناداتەوە (حازروبازر)، هەروەک لە (تیب و شیب واتە: حیران، مدهوش)دا وشەی (تیب) بەتەنێ بەو مانایە بەکار دێ بەڵام (شیب)ەکە بەتەنێ هیچ پێوەندییەکی بە (حیران، مدهوش)ەوە نییە یا لە کوردیی خۆماندا (حازروبزر) هەر بەمانای حازرە بەڵام (بزر) بەتەنێ ماناکەی ڕاست بەپێچەوانەی حازرە.

٨٢- تیرحمال: ئاڵوودار و دار ڕایەڵ بەمانای (بالار) یا (کاریتە) نین، کە مانای (تیر حمال)ن، دار ڕایەڵ ئەو دارانەن کە دەکەونە سەر کاریتە، ئاڵووداریش ئەو دارانەن کە ڕاستەوخۆ دەکەونە سەر دیواری خانوو نەک سەر کاریتە، کاریتە دارێکی ئەستووری قایمە کە داری دارەڕا دەکەونە سەری و گرانایی سەربان بەهۆی ئەوانەوە ڕادەگری.

٨٣- جاسازی: حەشار بەتەنێ مانای جاسازی ناداتەوە، حەشارگەسازی دروستە.

٨٤- جامعە: ئاپۆڕە نییە، ئاپۆڕە واتە (ازدحام)ە نەک (جامعە).

٨٥- جوشیدن: زانەوە، ئەو مانایە لێرەدا دروست نییە، زانەوە تەڕایی دانەوەیە واتە (زهیدن)، بەڵام (جوشیدن) هەڵقووڵینە کە لەگەڵ زانەوە لێک دوورن.

٨٦- جوگندمی: برنجی نییە، ماش و برنجییە، برنجی تەنیا یەک ڕەنگە کەچی جوگندمی لە دوو ڕەنگ پێک هاتووە نەک تاکە ڕەنگێک، هەروەها (چیل چیلی)ش (جوگندمی) نییە بگرە پەڵەپەڵە یا بەڵەکە، ئەویش نەک هەر ڕەش وسپی بگرە دەتوانێ ڕەنگی تریش بێ، بەڵام جوگندمی تێکەڵاوی ورد و ڕێکوپێکی ڕەنگی ڕەش و سپییە نەک ڕەنگی تر.

٨٧- جهت: تەنشت نییە ڕاستە مانایەکی جهت (لا)یە بەڵام، هەرچەند وشەی لا بۆ (کنار) واتە (تەنشت)یش بەکار دێ، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە (جهت)یشی پێ بکەین بە (کنار= لا)، دەبێ لە وەرگێڕانی زمانەکاندا ئەوەمان لە بیر بێ کە وشەیەک لە زمانێکدا زۆر مانای هەبن کە لە هێندێک وشەی تریشدا هەن، بەڵام ئەو قانوونە لە زمانێکرا بۆ زمانێک جیاوازە، هەروەک مانای لە جهت و کناردا.

٨٧- جهر: ڕک، ورک، پێداگری، بەو واتایانە نە لە فەرهەنگی موعین و نە لە ئی عەمیددا نەهاتووە، نازانم ڕاستە یا نا.

٨٨- چابک: تۆڵ، (تۆڵ) وشەیەکە دەیخەنە دوای توند لە کوتندا بەتەنێ مانای (چابک) ناداتەوە، بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕوانە تێبینیی ژمارە (٨١)، بەداخەوە ئەو هەڵسەنگاندنە هەڵەیەم لە هێندێک شوێن لە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژاریشدا دیون، کە خۆم لێ پاراستوون.

٨٩- چاە آرتزین: چاڵاوێکی سروشتی کە (وەک فوارە) ئاوی لێ هەڵدەقووڵێ، ئەو مانایە بەتەواوی هەڵەیە، (چاە آرتزین) بەو چاڵاوە دەڵێن کە ئاوی سەربەخۆ لێ هەڵدەقووڵێ بەڵام ئەویش سروشتی نییە یا باشتر بڵێم مەرج نییە سروشتی بێ بگرە دوای هەڵقەندران، ئاوەکەی بەبێ وەسیلە و سەربەخۆ هەڵدەدا و پێویستیی بە ترومپا یا هیچ کەرەستەیەکی ئاو هەڵێنجان نییە.

٩٠- چپە: هەڵدڕیاگ نییە، هەڵدڕیاگ دەبێتە پارەشدە یا شکافتە نەک چپە، چپە واتە وەرگەڕاو (ماشین چپە شد).

٩١- چرخ: تەگەرە، (چرخ) واتە (تەگەر) و وشەی (تەگەرە) لە کوردیدا زۆر جیاوازە لە (تەگەر)، تەگەرە واتە کەند و کۆسپ و وشەیەکی کوردییە بەڵام (تەگەر) لە وشەی (tire )ی ئینگلیسی وەرگیراوە کە دەبێتە چەرخی ماشێن.

٩٢- چشم خوابانـدن: خۆماتەدان، دەسک و هێشووکردن، مرخ لێ خۆشکردن، مەڵازگرتن، وێ گێرتەیرە، ئەو مانایانە هەمووییان پێچەوانەی (تغافلکردن) یا (نادیدەانگاشتن)ن کە لە فەرهەنگەکانی (عمید) و (معین)دا وەک مانای (چشم خوابانـدن ) هاتوون.

٩٣- چکار: چە، چی، چێش و بۆ پرسینەوە لەسەر چۆناوچۆنیی شتێک نییە و پرسیار لەسەر کارە، نەک شت و بەواتای (چ کارێک، چەکارێ)یە، واتە چ جۆرە کارێک، نەک (چ، چە، چی و...) شتێک، بەتەنێ، هەر نموونەکەی باسکراو واتە (چکار) ئەوە دەسەلمێنی.

٩٤- چک چک: تکەتکە، چکەچکە، مانایان لەگەڵ (تک تک، چک چک) جیاوازە، ئەو دووەی یەکەم بەواتای دەنگی دڵۆپە (صدای چکە)ن، بەڵام ئەو دووەی دوایی مانای (قرەقرە) واتە (دڵۆپ دڵۆپ یا تنۆک تنۆک) دەدەنەوە.

٩٥- چوخا: پەستە، پەستک، ئەوانە (چوخا) نین، (چوخا) لە بووزوو دروست دەکرێ کەچی (پەستک و پەستە) لە خوریی نەڕێسراو و بەشێوەی لباد ساز دەکرێ.

٩٦- چهرە: چڕ، (چڕ) وشەیەکە دەیخەنە پێش (چاو) واتە دەکوترێ (چڕوچاو) لە کوتندا بەتەنێ مانای (چهرە) ناداتەوە، بگرە مانای خەست دەداتەوە بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر بڕوانە تێبینیی ژمارە (٨١).

٩٧- حاجی ارزانی: هەرزانجان نییە بەتەوسەوە بە گرانفرۆش دەڵێن.

٩٨- حبوبات: خەلە، خەلەوخەرمان، دەغلّودان نییە ئەوانە بە (غلە) ناودەبرێن، واتە گەنم و جۆ و شتی لەو بابەتە، بەڵام حبوبات کۆی (حبە)یە و لە فارسیدا بە دانەوێڵە یا وشکەدانی وەک نۆک و نیسک و باقلە و... دەکوترێ.

٩٩- بەحرکت دراوردن: ئاڵشتکردن، ئاڵوگۆڕکردن، ئەوەوارەی، وارەیوە، ئەو مانایانە بۆ ئەو دەستەواژەی هەڵەن ئەوانە (معاملە)ن نەک (بەحرکت دراوردن)، بەحرکت دراوردن واتە بزاوتن و جووڵاندنە نەک ئاڵوگۆڕکردن.

١٠٠- حشری: زەنەکحەشەری، وێ دەچێ هەڵەی چاپی بێ، دروستەکەی ئەوەیە: زەنەک، حەشەری.

١٠١- حصول: دەسکەوت، دەسکەفت، نییە ئەو دووە بەمانای (محصول)ن نەک حصول، وشەی حصول دەبێتە وەدەستهاتن، دەسکەوتن، دەسکەفتن.

هەوراز بۆ هەموو ئێوە

١٠٢- در حق کسی کاری کردن: بۆ کەسێک کارێکی باش کردن، (در حق کسی کاری کردن) مەرج نییە هەر کاری باش بێ بگرە دەتوانێ خراپەش بێ، وەک ئەوەی دەگوترێ: درحق او بدی کرد، هەروەها دەشکرێ بڵێین در حق او نیکی کرد، کەوابوو مانا دروستەکە دەبێتە ئەوە: بۆ کەسێک کارێک کردن، واتە وشەی باش لێرەدا زیادییە و ماناکە تێک دەدا.

١٠٣- حمل و نقل: ئاڵوگۆڕ نییە ئاڵوگۆڕ سەودایە کاڵابەکاڵایە واتە گۆڕینەوە نەک جێ گۆڕین.

١٠٤- حیث: هۆ، سۆنگە، بۆنە، بەڵگە، نییە بەپێی فەرهەنگی موعین بوار، بار، لایەن دەگرێتەوە، واتە (جهت: بەواتای لایەن)ە نەک (علّت).

١٠٥- از حیث: لە سۆنگەی نییە هەر بەو دەلیلەی سەرەوە بگرە هەروەک لە باقیی ماناکەدا هاتووە لەباری یا لەلایەنی دەگرێتەوە.

١٠٦- خارج ساختن/کردن: دەرکردن نییە، دەرکردن بەواتای (بیرون کردن) دەکار دەکرێ نەک (خارج ساختن)، جیاوازیی بردنەدەر (بیرونبردن) لەگەڵ دەرکردن (بیرونکردن) لەوەدایە کە لەوەی پێشێ (بیرونبردن: بردنەدەر)دا بکەر دەبێ بۆخۆشی دەگەڵ ئەو شتە یا کەسە بێ کە شوێنەکە بەجێ دێڵێ، بەڵام لەوەکەی دوایی (بیرونکردن: دەرکردن)دا بکەر دەمێنێتەوە و دەرکرا و ناچار کراوە بۆ خۆی (بە پاڵنەرێک یا بەفەرمان و...) شوێنەکە بەجێ بێڵێ.

١٠٧- خاشاک: چڕ، گزرە، ئەو دوو مانایە بۆ خاشاک دروست نین، (چڕ) تەنیا لەگەڵ چیلکە مانای خاشاک دەداتەوە و بەتەنێ مانایەکی تری هەیە، ئەو هەڵەیەش وەک هەڵەی ژمارە (٨١)ە، بەڵام گزرە بە خاشاک ناگوترێ بگرە گیای وردکراوە بۆ خۆراکی ئاژەڵ لە زستاندا.

١٠٨- خاوەند: دەرەبەگ، خاوەند ڕاستە بەمانای (مالک) واتە خاوەن و سێحەبە، بەڵام، ئەو مانایە گشتییە و بەمانای دەرەبەگ بەتایبەتی نەهاتووە (بڕوانە فەرهەنگی معین و عمید)، دیارە مالک هەرچەند لەلای ئێمە زۆرتر بە دەرەبەگ گوتراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە مانا گشتییەکەی مالک نییە و مالک لەڕاستیدا بە هەموو خاوەنێک دەگوترێ کە دەستەڵاتی بەسەر سامانێکدا (ماڵ، دوکان، زەمین و...)دا هەبێ. مەرجی ئەوەی کە مالک بە دەرەبەگ بناسرێ ئەوەیە کە سامانەکەی بۆ چەوساندنەوە بەکار بێنێ، کەواتە چۆن دەتوانین بە خاوەنی خانووە قوڕینەیەکی بچووکیش بڵێین دەرەبەگ کە سەرەڕای مالک (خاوەن) بوونی، هەر خۆی و بنەماڵەکەی بەهەژار حاڵ تێیدا دەژین.

١٠٩- خدشە: ئازار، سەدەمە، بەڵا، ... بەو واتایە نە لە فەرهەنگی (موعین) و نە لە فەرهەنگی (عمەد)دا نییە، لە هیچ کوێش نەمبیستووە.

١١٠- خربزە: قەرپووز، بەتورکی بە شووتی دەڵێن نەک بە خربزە.

١١١- خردەبین: بەواتای کورتبین نییە کە لە مانای خردبیندا هاتووە، بڕوانە فەرهەنگی (معین).

١١٢- خش (xas): خشە، کشە، شەپە، گرخ، ئاڵۆزی لە دەنگدا، ئەو مانایانە بە هەڵە وەک بەشی دووەمی ماناکانی خش (xas) دانراون کەچی لە ڕاستیدا مانای خش (xes)ن، (بڕوانە: فرهنگ معین).

١١٣- خشم: گرژ، ئەو مانایە لەباری ڕێزمانییەوە هەڵەیە، (گرژی) ڕاستە، گرژ دەبێتە خشمگین.

١١٤- خشمگین: ڕک ئەستوور، ئەو واتایە هەڵەیە کەسێک ڕەنگە لە کاتێکدا (خشمگین = تووڕە) بێ، بەڵام بەئەخلاق کەسێکی ڕک ئەستوور نەبێ واتە ڕکەکەی زوو بنیشێتەوە.

١١٥- خصلت (xeslat): هەڵەیە، دروستەکەی خصلت (xaslat)ە، بڕوانە فەرهەنگەکانی (معین) و (عمید).

١١٦- خم شدن: بوون، قوڵزاندن، ئەو دوو مانایە هەڵەن، بوون بەتەنێ مانای (خم شدن) ناداتەوە و (قوڵزاندن)یش بەواتای (خم کردن)ە نەک (خم شدن).

١١٧- خواب ماندن: دەخەوڕاچوون، خەوبردنەوە، ئەوانە مانای دروست نین، (خواب ماندن) واتە دەخەومان نەک دەخەوڕاچوون، جیاوازییەکەش لەوەدایە کە دەخەوڕاچوون واتە خەوتن، بەڵام دەخەومان واتە بەوەختی خۆ هەڵنەستان.

١١٨- خورشید: تاو، تاف، تیرۆژک، خۆرەتاو، خۆرەتاو، هەتاو، ئەوانە مانای (نور خورشید)ن نەک خودی خورشید.

١١٩- خوشرو (xosrow): قۆچاغ، گورجوگۆڵ، کرژوگۆڵ، چوست و چەلەنگ، کرژ، لۆبت، لۆتەر، مانای (خوشرو) نادەنەوە بگرە مانای (چالاک)ن کە جیاوازە لە (خوشرو) کە بەواتای خێراڕۆیە.

١٢٠- خوشرو (xosrow): هەروەها (بزۆز)یش بەمانای (پرتحرک) یا (ناآرام)ە نەک (خوشرو).

١٢١- خوش گوشت: کەبابی شێلاقەی مەڕ و شەک، گومانم لە ڕاستبوونی ئەو مانایە هەیە.

١٢٢- خوشگوشت: گۆشتەزوونە، ئەو مانایە دروست نییە، دەبێ بگوترێ زوو گۆشتە زوونە هێنەرەوە، واتە ئەو کەسەی برینی زوو گۆشتە زوونە دێنێتەوە نەک خودی (گۆشتە زوونە).

١٢٣- دبران: بورجی گا، دوایەش نووسراوە گەشترین ئەستێرەی کەلووی گا کە بەچوی گا ناسراوە، مانا کەی یەکەم (واتە برجی گا) هەڵەیە، چونکە چاوی گا تەنیا ئەندامێکی کەلوەکەیە نەک هەمووی.

١٢٤- در: سەبارەت، لەمەڕ، بۆ نموونەش ئەوەی هێناوەتەوە (دراین بارە بارئیس حرف زدم) لە ڕاستیدا هەر ئەو نموونەیە هەڵەبوونی بۆچوونەکە دەسەلمێنێ، وشەی (در) بەتەنێ مانای

سەبارەت و لەمەڕ ناداتەوە، بگرە سەبارەت و لەمەڕ مانای (بارە) زیاتر دەگرنەوە و لێرەشدا در هەر بەجێگای (لە) هاتووە و لەگەڵ (بارە) لێکدراوی (دربارە) دەداتەوە کە بەمانای (سەبارەت بە) و (لەمەڕ) دەداتەوە.

١٢٥- در: ڕوەو، لێرەشدا هەڵەیەک ڕووی داوە، ڕوەو بەمانای دەر نایە، بگرە وشەی لێکدراوی (ڕوەو) لە دوو بەشی (ڕوو + ەو) پێک هاتووە لە (ڕوەوڕوو) هەروەک دەبینین بەواتای (رو در رو)دا ئەوە تەنیا وشەی (ەو)ە کە مانای (در) دەگرێتە خۆی نەک هەموو لێکدراوی (ڕوەو).

١٢٦- درایت: تێگەیشتووی، لەباری ڕێزمانییەوە هەڵەیە، تێگەیشتوویی ڕاستە.

١٢٧- دردو: بەدەمویل یا زیرەک و قسەزان نییە، بەمانای (شوخ چشم، بیحیا)یە بڕوانە (فم).

١٢٨- درنا: قازوقوڵینگ، قازوقورینگ، قەتار قوڵینگ، ئەوانە دەبنە (گروه مهاجر درنا) نەک تاکی درنا.

١٢٩- دریاچە: زێ، زێ چۆمی گەورەیە نەک (دریاچە).

١٣٠- دستمال: پەشتەماڵ، پەشتەماڵ (حولە)یە نەک (دستمال).

١٣١- دفترمعین: ڕاستە حیسابەکان بەهەڵاواردەیی لە پەڕەکاندا نیشان دەدا بەڵام دەبوو ئەوەشی تێدا ڕوون کراباوە کە ئەو دەفتەرە حیسابی بانک و سندووق و بەڵگەنامە ناگرێتەوە، بگرە تەنیا بۆ ماڵ و موڵک و کاڵا بەکار دێ.

١٣٢- دل گشاد: لەش گران، لەش بەدۆشاو، ڕووسارد، بێ خەیاڵ، بێ مبالات، کەمتەرخەم و تەوەزەل، ئەو مانایانەم بۆ ئەو وشەیە لە هیچ کوێ نەدیوە و نەبیستووە و وەڕاستیش ناچن، فەرهەنگی موعین (دلگشاد)ی بە (گرب و نشاگ) مانا لێ داوەتەوە کە پێچەوانەی ئەو مانایانەیە.

١٣٣- دوروبر: هەسوولا، پێم وایە هەڵەی چاپی بێ و (هەموولا) دروستەکەیەتی.

١٣٤: دوغاب: شۆرباڕێژ نییە، شۆرباڕێژ دەبێتە (دوغاب ریز).

١٣٥- دونقطە: نیشانەی «» ی داناوە کە هەڵەیە، نیشانەی دوو نقطە ئەوەیە (:).

١٣٦- دیرک: (بالار، کاریتە، ڕاجە، ڕاژە) نییە، ئەوانە (بالار)ن واتە وەک کۆڵەکە بەشێوەی ئەستوونی ناچەقن بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دارەڕای بان بەشێوەی ئاسۆیی دەکەونە سەر دیوار و کۆڵەکە.

١٣٧- ذات الكرسي: ئەستێرەی کۆ، ئەو دانانە هەڵەیە، کۆ کۆمەڵە ئەستێرەیەکی ئاسمانە نەک ناوی تەنیا ئەستێرەیەک، بۆیە ڕاستتر بوو بنووسرێ (کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ).

١٣٨- ذکاوت: بڕوانە هوشیار، ذکاوت ناوی کردەیە نەک ناوی کەس، واتە (هوشیار) نییە، بگرە

(هوشیاری) یان (هوشمندی)یە.

۱۳۹- رام: بێوازی، سەربزێوی یان نافەرمانی، بەوەش پاساوی بۆ هێناوەتەوە (او شیر را هم رام میکند) ئەو مانا سەیرە و نموونە سەیرترەکەشی هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم (عوزری خراپتر لە قەباحەت)ە، ئەو مانایانە ڕاست پێچەوانەن، ئەویش نەک وەک لێرە دەهاتووە بەشێوەی کردە، بگرە بەشێوەی ناو واتە: فەرمانبەردار.

۱٤۰- راهدار: ڕێرەوانێ ڕێکێ، هەڵەیە، ڕاستەکە (زێرەڤانێ ڕێکێ)یە.

۱٤۱- راهن: بارمتەدار، بارمتەگر، نییە بگرە بەپێچەوانە (بارمتە دانەرە).

۱٤۲- راهیابی: کار و ڕەوتی پاککردنەوە نییە بگرە (تێخزان، دزەکردن)ە، از راهیابی افراد بدسابقە جلوگیری کنید کە جەنابی فەرهەنگنووس وەک نموونە هێناویەتەوە واتە (پێش بە دزەکردن یا تێخزانی کەسانی بەڕابردووی خراپ بگرن).

۱٤۳- رایج: برەو، هەڵەیە (برەو) دەبێتە (رواج) برەودار یا بەبرەو دروستەکەیەتی.

۱٤٤- رستنی: گژ، وشەی (گژ) بەتەنیا مانای گیا یا ڕووەک ناداتەوە، بگرە لەگەڵ گیا بەکار دێ، واتە دەڵێن گژوگیا، گژ بەتەنێ زۆر دوورە لە مانای ڕووەک.

۱٤٥- رنگ اصلی: (سوور، کەسک، شین)، ئەو مانایە هەڵەیە، سێ ڕەنگەسەرەکییەکە بریتین لە (سوور، زەرد، شین) و سەوز یا کەسک ڕەنگی سەرەکی نییە بگرە لە لێکدرانی زەرد و شین پێک دێ.

۱٤٦- روباز: بەبێ میچ، دەرپۆش، ڕووکێش یان پۆشەن، ئەو شێوە داڕشتنە وا دەنوێنێ کە دەرپۆش، ڕووکێش یا پۆشەن هەر کامیان بەتەنیا مانای (روباز) دەدەنەوە، کەچی دەزانم مەبەستی فەرهەنگنووس ئەوە بووە (بەبێ میچ، بەبێ دەرپۆش، بەبێ ڕووکێش، یان بەبێ پۆشەن) بووە، یا دەبوو (بەبێ)یەکە لەپێش هەر کامیان دانرابا یا ئاوا نووسرابا: بەبێ/ میچن/ ڕووکێش/ دەرپۆش/ پۆشەن، هەروەک لە زۆر شوێندا ئەو کارە کراوە، یا ئاوای لێ کرابا: بەبێ (میچ، ڕووکێش، دەرپۆش، پۆشەن).

۱٤۷- روحانی: مەلا، ڕووحانی هەموو زانایەکی ئوولی لە هەموو دینەکاندا دەگرێتەوە نەک هەر بەتەنێ مەلا، مەلا بە ڕووحانیی ئیسلامی دەگوترێ ئەدی ڕووحانیی زەردەشتی، ڕووحانیی مەسیحی و.... یا مالی جوو یا قەشەی هەرمەنی یا ...؟

۱٤۸- روغن کرمانشاهی: ڕۆنی کەرە، ڕۆنی کەرە (کرە)ی فارسییە نەک ڕۆنی زەنگ کە دەبێتە (روغن کرمانشاهی).

۱٤۹- روی: ڕۆح، ئەوە هەڵەیە، (ڕۆح) لە کوردیدا بە (آلومینیوم) دەگوترێ نەک (روی).

١٥٠- رویا: خەوخەون، ئەوە دەبێ هەڵەی چاپی بێ، دەبوو ئاوابا: خەو، خەون.

١٥١- ریا: ڕواڵەت، ڕواڵەت بەتەنێ مانای ڕیا ناداتەوە، ڕواڵەتسازی یا ڕواڵەت ڕازاندنەوە دەتوانن دەگەڵ مانای ڕیا یەکتر بگرنەوە.

١٥٢- ریسیدن: هۆندنەو، هۆنینەوە، مووناندن، مۆنێ، مۆنین، ئەو وشانە بەمانای (بافتن)ن نەک (ریسیدن).

١٥٣- ریشە: پنجاڕ، پنج، پنجک، ئەوانە (بوتە)ن نەک ڕیشە.

١٥٤- زحل: ناهی یا ناهید نییە ناهید دەبێتە زهرەو جیاوازە لە زحل.

١٥٥- زغن: قلەبازەڵە، قاژوو، قژاک، قشقەڕە، ئەوانە بەو مانایە هەڵەن و هیچیان (زغن) نین، بگرە (زاغچە)ن.

١٥٦- زنبور: ئەستنگ، چز، زرِقتک، زرِقتکێ، زرِقتێ، زرکتک، زرکێتک، زرگیتە، زلکێنە، زەردە زێڕە، زەردەواڵە، زەرگەتە، زەرگیتە، زەنگەتە، ژاگە، ستانگ، ستنگ، ستەنگ، ستینگ، سێو، شاندە لیک، گونجەزەردە، مۆزقرتک، مووز.

ئەوانە تەنیا ناوی (زنبورزرد)ن نەک ئی هەموو (زنبور)ێک، کەواتە بەمانا گشتییەکەی ناوی (زنبور) ناگرنەوە، بۆ وێنە ناتوانین بە (زنبور عسل) بڵێین زەرگەتە یا... .

١٥٧- زنبورعسل: ڕاستە لە هێندێک شتدا وە زەرگەتە دەچێ بەڵام جۆرێک نییە لە زەرگەتە، ئەو لێکدانەوەی کاکی فەرهەنگنووس دەبێ لە فارسی وەرگیرابێ، بەڵام هەروەک دەبینین زۆرجاران واتاکان لە دوو زماندا یەک ناگرنەوە، وەک ئەوەی بە (مێشهەنگوین) بڵێی (مگس عسل) کە هەرچەند زۆر شتی مێشهەنگوین وە (مگس) دەچێ بەڵام لە فارسیدا مێشهەنگوین ناتوانێ (مگس عسل) بێ.

١٥٨- زنبە: ناوە نییە، (زنبە) بۆ کێشانەوەی بەرد و خشت و.... بەکار دێ بەڵام قوڕی پێ ناکێشن، (ناوە)ش تەنیا بۆ قوڕ یا کەرەستەی گیراوە و شلەی ساختمانی بەکار دێ و خشت و بەردی پێ ناکێشن.

١٥٩- زندەزا١: بێچوودێن، زان، زاوزێ، زاوزوو، زای، زەو، زگوزا، زگوزێ، سکوزا، ئەوانە هەموویان بەواتای (زندەزایی)ن نەک (زندەزا).

١٦٠- بە این زودی: ئا بەم زوو، ئەو واتایە یان هەر هەڵە و ناتەواوە یان هەڵەی چاپە، دروستەکەی (ئا بەم زووییە، یا ئا بەم زووە)یە.

١٦١- زیر: تۆ، دلی، ناو، نموونەکەشی بە (زیرزمین) هێناوەتەوە، هەڵەیەکی گەورەیە، زیرزمین بەمانای نێو یا ناو زەمین نییە بگرە بەواتای خوارتر لە ئاستی ڕووبەری زەمینە، واتە شوێنی

سازکراو لەخوارەوەی ڕووبەری زەوی نەک بەمانای ناو زەوی.

١٦٢- زیرشلواری: تنکە، توونکە، نازانم دوای هاتنی کۆماری ئیسلامی جیاوازییەک لە نێوان (زیرشلواری) و (تنکە یا شۆرت) نەمابێ، بەڵام ئەو دووانە لێک جیاوازن و هەرچەندە هەردووک لەژێر شواڵ دەکرێنە پا، بەڵام لە ناودا جیاوازن.

١٦٣- زیگزاگ: لابەلا، لاپلا، لارە، لاوەلا، ئەوانە لەگەڵ مانای (زیگزاگ) یەک ناگرنەوە، بۆ وێنە هێڵێک دەتوانێ خوارەوخوار یا لارەولار بێ بەڵام لە بێچمی حەوت و هەشتی بەشوێن یەکدا نەبێ کە پێویستیی (زیگزاگ) بوونە.

١٦٤- ژیگول: ژیکەڵە نییە، ئەوەندەی ئەمن بزانم ژیگول بەواتایەکی ناخۆشەویست بەکار دێ، کەچی ژیکەڵە بەواتای خۆشەویست و خوێنشیرینە و پێچەوانەی (ژیگول)ە.

١٦٥- ساحل: زرێوار، زرێوار (دریاچە)یە نەک (ساحل).

١٦٦- ساحلنشین: زرێوارنشین، زرێوار (دریاچە)یە نەک (ساحل).

١٦٧- سار: خەزایی، ئاینەمەل، مریچەڕەشە، مرچۆڵە، ئەوانە مانای (سارک)ن، نەک سار.

١٦٨- ساس: قڕنوو، قڕنوو (ساس) نییە، (قراد)ە، قڕنووش وەک گەنە زۆرتر لە ئاژەڵڕا دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ بەڵام ساس زۆرتر لە ماڵ بەتایبەتی لە کون و کەلێنی ئامێری دارین پەیدا دەبێ و بەتایبەتیش لە تەختی خەو، بۆیە تەختەبێتیشی پێ دەڵێ.

١٦٩: ساعد: باسک نییە، باسک دەبێتە (بازو) کە بریتییە لە نێوان ئانیشک و شان (بڕوانە فەرهەنگی موعین و فەرهەنگی عمید) بەڵام ساعد لە خوارەوەی باسکە واتە لە ئانیشکڕا تا جومگە.

١٧٠- ساقە: نێرتک، نێرتک (ساقە) نییە، لاسکێکە لە نێوەندی هێندێک ڕووەکی وەک پیواز و سیر و ڕێواس و... دەردەکەوێ و گوڵەکانی ئەو ڕووەکانەی لەسەرن، بەڵام گەڵاکانی ناکەونە سەر، کەچی ساقە هەڵگری لک و گەڵاکانە.

١٧١- سال نجومی: ٣٦٥ ڕۆژ و ٦ سەعات و ٩ خولەک و ١٥چرکە نووسراوە کە فەرهەنگی موعین دەڵێ: ٣٦٥ ڕۆژ و ٦ سەعات و٩ خولەک و ٩ چرکەیە کە ٦ چرکەیان جیاوازیی هەیە.

١٧٢- ساندویچ: باسترمە، باسترمە ساندویچ نییە، بگرە (جگرآگند یا جگرآکند)ە کە دەبێتە جەرگی وردکراوی دەڕیخۆڵە پەستێوراو و کۆڵێندرا، مانای دروستی سانویچ، (بابۆڵە)یە.

١٧٣- سبزە: سەمەنی نییە، سەمەنی ئەو خۆراکەیە کە لە گەنمی سەوز ساز دەکرێ نەک خودی سەوزەکە، سەوزەی سازکراو بۆ نەورۆزیش بۆ سەمەنی نییە هەر بۆ جوانییە و نیشانەیەکە بۆ نەورۆز.

١٧٤- سپیدە: زەردە، هەرلەناوەکەڕا دیارە ئەو مانایە چەند هەڵەیە، سپیدە سەرەتای بەیان واتە سەرەتای ڕۆژبوونەوەیە کە وردە وردە سپیاییی ڕۆژ وەدەردەکەوێ، کەچی زەردە دەبێتە زەردەی هەتاوی بەیانی کە پرشنگی هەتاو پەیدا دەبێ و دوای سپیدەیە نەک سپیدە.

١٧٥- سپیدە دم: بەربانگ، بەربانگ لە کوردیدا بە کاتی ڕۆژوو شکاندن، دەڵێن نەک سپیدەدم، واتە ڕاست پێچەوانەی سپیدە دمە.

١٧٦- ستاندن: وەستاندن، وەستاندن بەواتای (ایستانیدن) واتە (ڕاگرتن)ە نەک (ستاندن) بەواتای (ئەستاندن).

١٧٧- سردواندن: سەگ بەحەسار پێ کردن، ئەوە مانای دروستی نییە ڕاستەکەی ئەوڕۆسپەی پێ کردنە، سەگ بەحەسار لە کوردیدا بۆ ئازاردان و کوێرەوەری پێدان دەکار دەکرێ نەک بۆ وادەی بەدرۆ یا ئەوڕۆ سبەی پێکردن، سەگ بەحەسار بەو مانایەیە کە سەگێک دەحەسارێکدا حاسێ کەن و لە هەموو لایەکڕا بەردەبارانی کەن.

١٧٨- سرخس: کەرەوزە کێویلە، بەلی سیاوەشان، بارێزە، ئەوانە و چەند گیای تریشی تێکەڵ کردوون کە هێندێکیان بەتایبەتی ئەو سێیانە بەدڵنیاییەوە (سرخس) نین و ئەوانی تریشم لەبەر نادڵنیایی نەخستنە سەر مانای ئەو وشەیە.

١٧٩- سرخک: سوورێژە و ئەو مانایانەی تر نییە کە بۆی دانراون بەپێی ڕوونکردنەوەی فەرهەنگی موعین ئەو مانایانە ئی (سرخجە)ن کە نابێ لەگەڵ سرخک لێمان تێک چێ.

١٨٠- سرزمین: بەروبووم، (بەروبووم) پێک هاتووە لە دوو وشەی (بەر= محصول) و (بووم = زمین) لەسەریەک واتە زەمین و بەرهەمەکەی و زۆرتر بەواتای (محصول) بەکار دێ.

١٨١- سرعت دادن: توندکردنەوە، هەڵەیە، توندکردنەوە واتە قایمکردنەوەی شتی شل بووەوە وەک پێچ و گرێ و... نەک خێرایی پێدان.

١٨٢- سرماخوردگی: پەتا، هەڵامەت.... ئەوانە ڕاستە لە سەرماوە دێن بەڵام سرماخوردگی وەک ناو بە شتێکی تر دەڵێن و ئەوەی لێرەدا وەک مانا بۆی هاتوون (آنفلوانزا)ن، نەک (سرماخوردگی).

١٨٣- سطح: بەشی ئاسۆیی هەر شتێ، (سطح) هەر بەتەنێ بەشی ئاسۆیی شتێک نییە بگرە ئەگەر شتەکە وەک دیوار بەشێوەی ئەستوونیش هەڵکەوتبێ تەخت یا ڕووبەرەکەی هەر (سطح)ە.

١٨٤- سعتر: جاترە، نییە سووسەنبەرە، بڕوان ڕوونکردنەوەی ژمارە ١٩١.

١٨٥- سفارش گیرندە: پێ ڕاسپێر، نییە، پێ ڕاسپێر دەبێتە (سفارش دهندە)، پێ ئەسپێراو، یا

ڕاسپێری وەرگر یا پێ ڕاسپێراو دەبنە (سفارش گیرندە).

١٨٦– سفر: ٢– جێگەیەک دوور لە ماڵ یا شوێنی نیشتەجێبوون، ئەو دەستەواژەیە لەگەڵ مانای (سفر) ناگونجێ، (سفرکردە)یە نەک (جێگا) ئەگەر نووسرابا (چوون بۆ جێگایەک دوور لە ماڵ یا شوێنی نیشتەجێبوون) ئەو کاتی دروست بوو لەو حاڵەتەشدا ئیدی داتاشینی مانا دووەم بۆ وشەی (سفر) پێویست نەدەبوو.

١٨٧– سفرە: تۆشەبەرە نییە، تۆشەبەرە دەبێتە (توشەدان) کە نان و پێخۆری تێدا دەبەنە مەزرا یا سەفەر و...، تۆشەبەرە هەر لە ناوەکەیڕا دیارە لە دوو وشەی (تۆشە) واتە (آذوقە) و (بەرە) واتە (بر یا برندە) پێکهاتووە واتە وەسیلەی تێشوو تێدابردن بۆ سەفەر یا شوێنی کار یا ...، پێم سەیرە کەسێک دەخۆڕا ببینێ فەرهەنگێکی دوو زمانە بنووسێ بەڵام هەڵەی ئاوا زەق بکا.

١٨٨– سگ گلە: گۆڵ، گۆڵ بە نێرەی (سەگ و چارەوێ و گورگ و... وەک گۆڵەبارگین، گۆڵەسەگ، گۆڵەکەر، گۆڵەگورگ و ...، وشەیەکە بەرانبەری دێڵ یا دەڵە وەک مێیینەی ئەو گیانلەبەرانە) دەڵێن نەک هەر بە سەگی مەڕی.

١٨٩– سل (sal): پردەباز نییە لۆتکە یا کەڵەکە بەگەمەشی دەڵێن.

١٩٠– سمور: سمۆرە، سمۆرە و ماناکانی تر کە بۆ (سمور) نووسراون هیچی دروست نین، هەلەکەش لە وێکچوواندنی ناوەکانیاندایە، بەپێی لاپەڕەی ١٩٢٢ی فەرهەنگی موعین و ٨٠٣ی فەرهەنگی عەمید (سمور) گیانلەبەرێکی گۆشتخۆرە، لەشێکی درێژ و ڕاکێشراوی هەیە و وەک ڕێوی دوژمنی مریشک و باڵندەی ماڵییە، کەچی (سمۆرە) گیانلەبەرێکی گیاخۆرە نەک گۆشتخۆر و بەبەری ڕەقی داری جەنگەڵی بەتایبەتی بەڕوو دەژی و بێ ئازارەو لەشێکی خڕ و چکۆلەی هەیە نەک کێشراو، سموری فارسی بەپێ وێنەکە لە فەرهەنگی موعیندا و ئەو پەسنەی لە فەرهەنگە فارسییەکاندا بۆی کراوە، بانبانکە، هەروەها بەپێی وێنە و تاریفەکەی فەرهەنگی موعین، (سمۆرە)ی کوردی (سنجاب)ە.

١٩١– سنان: نەیزە یا ڕمب نییە سەرەنێزەیە واتە ئاستێکی نووک تیژە لەسەری ڕمب قایم دەکرێ.

١٩٢– سجاق تەگرد: پوونس، پوونس نە (سنجاق)ە و نە (تەگرد)یش، بزمارۆکەیەکی زۆر کورت و باریکە لاپانەکەی زۆر لە بزماری تر پانتر و بەقەرا دوگمەیەکی کراسە بۆ لکاندنی کاغەز یا وێنە بەدیوار یا تەختەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەڵام سنجاق تەگرد دەرزییەکە بە بنێکی خڕی چکۆلەی بەقەرا زەنگیانەکەوە یا زەنگیانە یا مووروویەکی بچووکی بەبنیەوە لکێندراوە.

١٩٣– سنگ سرراه کسی شدن: بوونە چقڵی مەم و زینان، ئەوە مانایەکی هەڵەیە بۆ ئەو بابەتە، بوونە چقڵی مەم و زینان واتە پێ بە پێکگەیشتنی دوو کەس گرتن، مانا دروستەکەی (سنگ سرراەکسی شدن) ئەوەیە: بوونە کۆسپی ڕێگای کەسێک.

١٩٤- سورنجان: سورنجان گوڵەگەزیزە نییە، گوڵەگەزیزە لە مانگی ڕەشەمە ڕاست بەشوێن چوونەوەی بەفردا وەدەردەکەوێ، گوڵپەڕەکانیشی لە ئی (سورنجان) باریکتر و درێژترن و دەخورێن و تامی ئاماڵ سیرنیان هەیە. بەداخەوە ناوە فارسییەکەی نازانم بەڵام بەپێی وێنە و شیکردنەوەکەی لە فەرهەنگی موعیندا بەدڵنیاییەوە سورنجان نییە.

١٩٥- سوسنبر: جاترە، نییە سووسەنبەرە، جاترە دەبێتە (آویشن)، (سعتر)یش کە ناوێکی تری (سوسنبر)ە دەبێتە سیسەنبەر، ڕەنگی گوڵەکانیشی سوور یا تارادەیەک ئەرخەوانیی مەیلەو بنەوشن، نەک سپی، ئەگەرچی هەردووکیان لە تیرەی پنگن و تا ڕادەیەک وێک دەچن، بەڵام تەواو یەک نین.

١٩٦- سیاهک: زیزانە، زیزان، زیوان، زیڤان نییە، ئەوانە ڕووەکن کە لەگەڵ گەنم شین دەبن و دەنکێکی ڕەشی وردیان هەیە کە بەداخەوە ناوە فارسییەکەیانم بۆ نەدۆزرایەوە، لە دروێنەدا تێکەڵی دەبن، سیاهک نەخۆشییەکی کارگییە و بەکوردی پێی دەڵێن کوێروو.

١٩٧- سیەفام: تەخلک، ئەوە یا هەڵەی چاپە یا هەڵەی تەواوە، ڕاستەکەی (تەحلک)ە، کرمانجیی ژووروو بە(تاڵ) دەڵێن (تەحل).

١٩٨- شاباش: زەڕەوشان یا ئەو پووڵە نییە بەسەر بووک و زاوادا هەڵداویشترێ، بگرە ئەو پووڵەیە لەلایەن بەشدارانی ڕێوڕەسمی زەماوەندەوە دەدرێتە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنی داوەتگێڕ.

١٩٩- شادی بخش: دلڤەکەری، دروست نییە، دلڤەکەر ڕاستە.

٢٠٠- شاش کسی گرفتن: میز بۆ کەسێ هاتن، هەر دەبێ بڵێی ماشەڵڵا لەو مانالێدانەوەی، کابرا چۆن میزی بۆ کەسێکی تر دێ یا میزی بۆ دێ!! میزهاتن دروستەکەیەتی.

٢٠١- شانە: کۆڵ، قەڵاندۆش، ناوشان، ناوملان، نێوان هەردوو پیل، نییە، کۆڵ دەبێتە (کول)، قەڵاندۆش و ناوملان، نێوان هەردوو پیل و ناوشانیش دەبنە (قلمدوش)، واتە نێوان دوو شانان نەک خودی شان.

٢٠٢- شب پرە: پەپوولە و ماناکانی تری پەپوولە نییە کە لەپێشی نووسراون، بگرە (خفاش)ە واتە چەکچەکی، پەپوولە بەشەویش و بەڕۆژیش دەفڕێ، بەڵام شب پرە بەشەو دەفڕێ و بەڕۆژ خۆ حاشار دەدا.

٢٠٣- شبح: دۆڵپا نییە، دۆڵپا گیانلەبەرێکی ئەفسانەیییە کە بەشەو لە ڕێبوار پەیدا دەبوو و خۆی داویشتە سەر پشتی و نەدەهاتە خوار، بەفارسیش (دوالپا)ی پێ دەڵێن، هەروەها دێوەزمەش نییە بگرە تارماییە.

٢٠٤- شررت: شەڕناشۆیی، ئەوە دەبێ هەڵەی چاپی بێ، شەڕئاشۆیی دروستە.

٢٠٥- شرارە: برووسکە، برووسکە (شرارە) نییە، (نور)ە.

٢٠٦- شرب: ڤەخوارن، ڕێنووسەکەی هەڵەیە، کوردی کرمانج دەڵێن ڤەخارن.

٢٠٧- شلم: ترپۆکە، ترپۆکە گیایەکی ترە کە هیچی وە (شلم = شلغم) ناچێ، گەڵاکەی وەک ئی توورە و وەک سەوزی لەگەڵ جەمەنان دەخورێ، تامیشی هەروەک گەڵا توورە، بە فارسی (ترب صحرائی، قوقالس، قوقلارس)ی پێ دەڵێن.

٢٠٨- شلی: بێحاڵ، خاو، خۆنەگر، سست، شل، فشەڵۆک، فش، لێنەهاتوو، نەبەگە، ئەوانە هەمووی لەباری ڕێزمانییەوە هەڵەن، ڕاستەکەی ئەوانەن: بێحاڵی، خاوی، خۆنەگری، سستی، شلەپەتەیی، شلی، فشەڵۆکی، فشی، لێنەهاتوویی، نەبەگەیی.

٢٠٩- شوخ و شنگ: خۆش و بێ خەم، سەرحاڵ، بەکەیف، ئەوانە مانای شۆخ و شەنگ نین بڕوانە (فرهنگ معین ص ٤٠٨٥)، نموونەکەشی (جوانهای شوخ و شنگی بودند و ظاهراً نشانە ای از ترس درآنها دیده نمی شد) بەو واتایە نییە کە ئەوان گەنجگەلێکی خۆش و بێخەم یا بەکەیف بوون، بگرە واتە ئەوان گەنجگەلێکی جوان و دڵگر یا جوان و ڕێکوپێک بوون و... .

٢١٠- شهلا: کەژاڵ نییە چاو کەژاڵە.

٢١١: شهوانی: زەنەک، بۆ پیاوە نەک بۆ ژن.

٢١٢- شیر: بەلۆغە نییە (بەلۆعە)یە.

٢١٣- شیر خوار: منداڵەبەرە، منداڵەبەر دایکێکە منداڵی شیرەخۆرەی هەبێ نەک خودی منداڵەکە، شیرخوار بەکوردی دەبێتە شیرەخۆرە واتە منداڵی بەرمەمکان یا منداڵێک کە هێشتا شیری دایکی دەخوا.

٢١٤- شیرزن: سەرەژن، سەرەژن بەواتای ژنی دلێر نییە کە واتای (شیرزن) دەدا، بگرە سەرەژن دەبێتە ژنی لە تەمەنی لاوەتی تێپەڕیو.

٢١٥- شیرەی خام: ... بەلقدا دەچێتە لاسکەوە، (شیرەی خام) بەلقدا ناچێتە لاسکەوە، بەڕیشەدا دەچێتە لاسکەوە و لەوێڕا دەچێتە لقەکان و پاشان دەچێتە ناو گەڵا و بەتیشکی هەتاو پەروەردە دەبێ و دەبێتە شیرەی پەروەردە.

٢١٦- صاحب قران: بەختەوەر، بەختیار، خاوەن بەختی زۆر، (صاحب قران) لە فارسیدا بۆ بەختیا یا بەختەوەر بەکار نەهاتووە، ئەوە نازناوێک بووە دراوە بەپادشایان و بەدەگمەنیش پاڵەوانانی کۆن، کە ئێستا هەر باوی نەماوە، ڕاستە کەسێک بوویێتە (صاحبقران)، بەختەوەریشە، بەڵام مانا ڕاستەکەی ئەوەیە: جیهانگیر، زاڵ، دەستەڵاتدار، سەرکەوتوو، شای

عادل و دنیاگر، لەپێشتر لە هاوکووفانی خۆ لە پیشەی خۆدا، کە ئەوانەش تەنیا لایەنێکی بەختەوەرین، نەک هەموو بەختەوەر. وشەی (صاحبقران) لە سەردەمی ئێستادا هەر دەکار ناکرێ.

٢١٧- صاحب مرده: دوابڕاو نییە، دوابڕاو بەواتای قڕان تێکەوتوو یا بەتەواوی لەناوچوویە، بەڵام صاحب مرده بەو واتایەیە کە شتەکە بۆ خۆی ماوە و دوابڕاو نییە بگرە خاوەنەکەی مردووە نەک بۆ خۆی، ئەو وشەیە بۆ تووک و جوێن بەکار دێ. وەک ئەوەی بڵێی خاوەنت بمرێ.

٢١٨- صبغە: تام یا بۆن نییە ڕەنگە، ئەو نموونەش کە هێناویەتی (سخنانش صبغەی تعصب داشت) بەو واتایەیە کە قسەکانی ڕەنگی دەمارگرژییان پێوە بوو، هەرچەند ئەوە بەو مانایەشە کە بۆنی دەمارگرژییان لێ دەهات، بەڵام ئەو مانایە (صبغە) ناکاتە بۆن.

٢١٩- صد(صفت): یەکێ زۆرتر لە نەوەد و نۆدان، ئاخر بۆ خاتری خوای ئەوە چ مانا داتاشینێکە، چۆن ئەو ژمارانە بەدەستی ئەو فەرهەنگنووسە بەڕێزە بوونەتە (صفت)؟

٢٢٠- صدارت: سەرۆک وەزیری وەزیری نییە وەزیری یا شالیارییە، (صدارت عظمی) دەبێتە سەرۆک وەزیری.

٢٢١- صغرسن: تەمەن کورتی، تەمەن کورتی بەمانای زوو مردنە واتە ماوەیەکی کەم ژیاو و پاشان مردوو، نەک تەمەنی کەم بەواتای ماوەیەکی کەم لە تەمەن ڕۆیشتوو، بۆ وێنە منداڵ کەم تەمەنە بەڵام جوانەمەرگ تەمەن کوتە.

٢٢٢- صف بستن: ڕێچکەبەستن، (صف بستن) بەڕیز ڕاوەستانە نەک ڕۆیشتن، کەچی ڕێچکەبەستن دەبێتە بەڕیز ڕۆیشتن یا بەدوای یەکدا (لە یەک ڕیزدا) ڕۆیشتن، بۆ وێنە: بەڕیز ڕاوەستانی سەربازان (صف بستن)ە، بەڵام بەڕیزڕۆیشتنیان لە ڕیزێکدا ڕێچکەبەستنە، وەک ڕێچکەی مێرووله بەرەو شارەکەیان.

٢٢٣- سماخ: پردەی گوش، (سماخ) پردەی گوش نییە، (سوراخ گوش)ە، پردەی سماخ پەردەی گوێیە.

٢٢٤- در صورتی کە: ئەگەرچی، کەچی، ئەگەرچی مانای (هرچند) و کەچی مانای (ولی) دەداتەوە.

٢٢٥- ضایعات: خەساربوو، فەوتاو،... بەتاک مانا کراوەتەوە، کە هەڵەیە (ضایعات) ناوی تاک نییە ناوی کۆیە و دەبێتە کۆی (ضایعە).

٢٢٦- ضروری: ناچاری نییە، بگرە پێویستە و ئەو نموونەش کە دانەری فەرهەنگ هێناویەتەوە (چو نتوان بەافلاک دست آختن / ضروریست باگردشش ساختن؟ هەر دەڵێ: چونکە دەستت

وەفەلەک ڕاناگا، دەبێ یا پێویستە لەگەڵ خولەکەی هەڵکەی.

٢٢٧- طاسک آبخـــوری: بادی، بـادی دەفـــری چاککراو لە دارە نەک مس و (طاسک)یشی پێ ناگوترێ.

٢٢٨- طاعون: لاڕەشە نییە، لاڕەشە نەخۆشییەکی ترە کە پێی دەڵێن (شاربن یا سیاه زخم) و تایبەتی ئاژەڵە، بەڵام مرۆڤیش بە دەست دانی لە پێـــــست یا مووەکەی دەیگرێتەوە، (قڕان)یش بەواتای تاعوون بەکارنایە، بگرە بە هەمــــوو قڕبوونێکی بەکۆمەڵ یا مردنێکی بەکۆمەڵ دەگوترێ.

٢٢٩- طاعون مرغی: پۆپەڕەشە نییە، پۆپەڕەشە دەبێتە (وبای مرغی).

٢٣٠- طویلە: ئاغەڵ، ئاغەڵ هۆڵەمەڕ (واتە: آغل)ە نەک تەویلە.

٢٣١- عایقکردن: بەرگری لە بڵاوەکردن، بەرگری لە (بڵاوبوونەوە) دروستە نەک (بڵاوەکردن)، ئەو بەهەڵە تێگەیشتنە بەداخە و لە میدیاکانی کوردستانیشدا تەنیوەتەوە و بە (بڵاوکردنەوە) دەڵێن (بڵاوەپێکردن)، جیاوازیی ئەو دوو وشەیە لەوەدایە کە (بڵاوبوونەوە) یا (بڵاوکردنەوە) کردەیەکی خوازراوە بەهۆی بکەرەکەی، واتە بەویستی بکەر دەکرێ، بەڵام (بڵاوەپێکردن) یا (بڵاوەکردن) بەبێ هۆکارێکی ناچارکەرانە ناکرێ، واتە دەبێ هۆکارێکی بێ ویستی بکەر کردارەکە پێک بێنێ، بۆ وێنە ئەگەر بگوترێ (نەتەوە یەکگرتووەکان هێزە ئاشتیپارێزەکانی خۆی لە سوودان بڵاو کردەوە، وەک ئەوەیە بڵێین ئەو هێزانە بەویستی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ مەبەستی دیاریکراو بڵاو بوونەتەوە) بەڵام بڵاوەپێکردن بەو واتایەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەژێر گوشاری لایەنێکدا ناچار کراوە هێزەکانی کە لە شوێنێک کۆ کردبونەوە پەرش و بڵاو بکا و پێش بە ئەرکەکەیان بگرێ، لە فارسیدا (متفرق کردن) لە جیاتیی (بڵاوەپێکردن) دێ و پەخشکردن (بڵاوکردنەوە) دەگرێتەوە، بەگشتی دەکرێ بڵێین (بڵاوکردنەوە واتە پەخشکردن) بەویستێک یا بەبۆنەی هۆکارێکی نێوەخۆیی لەلایەن بکەرەوە دێتە پێش، بەڵام (بڵاوەپێکردن) هۆکاری دەرەکیی هەیە، واتە یا بەزۆری و ناچاری دەکرێ یا بەهۆی تەواوبوونی ماوە یا کارەکە دەکرێ.

٢٣٢- عبا: چۆخا، چۆخە، ئەودووە عەبا نین و لە جێگای کەوا دەکار دەکرێن نەک وەک عەبا کە باڵاپۆشێکی درێژە، عەبا دەتوانێ لە بووزووش بێ بەڵام چۆخە نییە، وەک ئەوەی ناتوانین بە کەواش بڵێین عەبا.

٢٣٣- عرضاً: بەپانەوە، وشەی (بەپانەوە) بەو مانایە بەکارنایە، بگرە بەمانای هەموو یا بەتێکڕا دەکار دەکرێ کە بەفارسی دەبێتە (همە)، (وەک: لەشکری ئێران بەفەرمانی خومەینی بەپانەوە هێرشی کردە سەر کوردستان، واتە هێرشی کردە سەر هەموو کوردستان یا هەموو

لەشکرەکەهێرشی کردە سەر کوردستان).

٢٣٤- عشا: خەوتنان، (عشا) سەرەتای تاریکیی شەوە نەک خەوتنان، خۆ خەڵک مریشک نییە وەختی شێوان هەڵنیشی، بڕوانە فەرهەنگی موعین و عمید، خەوتنان کاتی نوێژی خەوتنانە واتە دوای عشا.

٢٣٥- عقرب: ژووشک، (ژووشک) عقرب نییە (خارپشت)ە.

٢٣٦- علاقەمند: بەگرینگ، ئەوە دەبێ هەڵەی چاپ بێ، (بەگرینگ گر) دروستەکەیەتی.

٢٣٧- علف هرز: فریز، فرس، فرووزی، ئەوانە (چمن)ن و بەتایبەتی بەواتای (علف هرز نین، بگرە وەک هەموو ڕووەکێکی تر تەنیا کاتێک (علف هرز)ە، کە بەنەخوازراوی تێکەڵی ڕووەکی داچێندراو بووبێ، بۆ وێنە فریزوو لەو شوێنەدا کە بۆ جوانی دەچێندرێ نەک هەر (هەرز) نییە بگرە ئەگەر تەماتەی لەنێودا شین بێ ئەوجار (تەماتەکە) دەبێتە بژار (علف هرز) و دەبێ هەڵکێشرێ.

٢٣٨- عمامە: کڵاولەچک، عەمامە مێزەرە نەک کڵاو.

٢٣٩- بە عمل آمدن: کردن، ئەوە کردن نییە کرانە.

٢٤٠- عملگی: کاریگەری، کارگەری دروستە، کاریگەری دەبێتە (تأثیر) نەک عملگی.

٢٤١- عنق: بڕوانە ترشرو نازانم عنق بەتەنێ چۆن بووەتە ترشرو، چونکە وشەکە عەرەبی و بەمانای گەردنە، لەوانەیە کاکی فەرهەنگنووس لە (بدعنق)ڕا ئاوا بەهەڵە چووبێ.

٢٤٢- عودت دادن: ناردرانەوە، ئەوە هەڵەیە، دروستەکەی دەبێتە گەڕاندنەوە، ناردنەوە.

٢٤٣- عوض: دەسبایی، دەسوام، دەسەوا، دەسەوام، هەگەل، کرێها، کراها، راهە، ئەوەش لەو مانا سەیرانەیە، هەموویان هەڵەن، عوض واتە لە بری، لە جیاتی، لە جێگای نەک دەستەوا و ئەوانی تر.

٢٤٤- عوض دادن: دەسەوادانەوە، دەسبایی دانەوە، ئەو مانایانەش هەڵەن، عوض دادن واتە: عەویزەدانەوە، قەرەبووکردنەوە، لە بریی دانەوە، لە جیاتیی دانەوە.

٢٤٥- عوض داشتن: دەسەوابوون دەسەوام بوون، ئەوانەش بەتەواوی هەڵەن، قەرەبوو هەبوون، عەوێزە هەبوون، لە بریی هەبوون.

٢٤٦- عوضی: ئەوانەی نووسراون هیچ کامیان هەونین، عوضی لە فارسیدا بەواتای ناڕاست، گۆڕاو یا خراپ دەکار دەکرێ (آدم عوضی)، بەدەڵ.

٢٤٧- ازعهدە برآمدن: باشارهاتن، باشارکردن، دەرۆست هاتن، ڕاستە نەک باشارهاتن.

٢٤٨- غبار: تەپ، بەتەنێ غەڵەتە، تەپوتۆز ڕاستە.

٢٤٩- غرارە: خەشە، خەشە جەواڵێکە بێ کون و کەلێن، بەلاّم غرارە تۆڕە، کە بەکوردی تاینچەی پێ دەڵێن.

٢٥٠- غرور: شانازی، سەربەرزی، ئەوانە واتای غروور نین، لە فارسیدا (غروور) بەواتای (تکبر) یا (خود بزرگ بینی) دێت، کە تەنیا لەوەدا لەگەڵ شانازی یەک دەگرێتەوە کە هەستی غروور وا لە کەسێک دەکا شانازی بەخۆی بکا، لە ڕاستیدا غروور شانازی بە خۆیە نەک شانازی بەواتای خۆی، واتە هەست بە شانازییەکی لە ڕادەبەدەر و بێ جێ! و بەو هۆیەوە خۆ لە کەسانی تر بە باشتر و گەورەتر زانین، (غروور) بەو مانایەی لە فارسیدا نەک هەر شانازی و سەربەرزی نییە، بگرە مایەی شەرمیشە.

٢٥١- غسل دادن: غوسڵکردن نییە غوسڵ پێکردنە.

٢٥٢- غلبەکردن: چێرکردن هەڵەیە، چێربوون دروستە.

٢٥٣- غلتاندن: بزاوتن، بزاوتن (حرکت دادن)ە نەک غلتاندن، گێران... .

٢٥٤- غلفتی: بەتەواو، ... غلفتی کندن پوست واتە بەمەشکەدەرێنانی پێست و ئەوە مانای غلفتی ناکاتە بەتەواو.

٢٥٥- غلفتی کندن: کەوڵ کردن/کەندن، غلفتی کندن هەر شێوەیەکی (کەوڵکردن یا کەوڵ کەندن)ە نەک کەوڵکردن بەگشتی، واتە ئەگەر کەوڵکردنەکە بەشێوەی بەمەشکەدەرێنان نەبێ، نابێتە (غلفتی کندن).

٢٥٦- غمگسار: بڕوانە غمخوار ١- خەمخۆر، مامەخەمە، خاڵەخەمە، هاوبەش لە خەمی دیتراندا، هەڵەیە، ماناکەی دۆست، هاودەم و خەمڕەوێنە کە مانای همدم دەداتەوە.

٢٥٧- فرادست: ١- سەرتر، هەڤیاز، ٢- بانتر، بەرزتر، بەرزتەر، ئەو مانایانە ئی (فراتر)ن، بەلاّم لە فەرهەنگی موعیندا ماناکەی ئەوانەن: بەدەست، بەدەستەوە، بەردەست، وەدەست، لەبەرئەوەی لە دروستیی ماناکەی فدک دڵنیا نەبووم، نەمخستنە سەر ماناکانی ف. کاوە، ئەوەم لە فەرهەنگەکەدا بە چەندین جار بۆ هاتووەتە پێش و لەبەرئەوەی ماناکان بەو شێوەی فدک لە فەرهەنگەکانی بەردەستمدا نەبوون لە بەشێکی بەرچاوی وشە گوزەرام.

٢٥٨- فرادید١: پێداهاتنەوە، ئەوەشم هەر بەهۆکاری باسکراو لە سەرەوە چاو لێ پۆشی.

٢٥٩- فرّار: هەڵجوو، هەڵچووگ، ئەو دووانە واتە لەسەر ڕژاو بەهۆی زۆر گەرمبوونن نەک بەواتای بەهەڵم بوو کە مانای فرّارە... .

٢٦٠- فربهی: ساغی، ساقی، ساخی، ئەوە بەتەواوی هەڵەو لە زۆر بارەوە پێچەوانەشە، فربهی

واتە قەڵەوی.

٢٦١- فرجام خواستن: داوای لێکۆڵینەوەکردن بۆ ئاخر جار لە دادگا هەڵەیە، ڕاستەکەی ئەوەیە: داوای چاوپێداخشاندنەوە بەحوکمی دادگا، چونکە دادگا لێ ناکۆڵێتەوە بگرە دوای بیستنی ئاکامی لێکۆڵینەوە بڕیار دەدا.

٢٦٢- فرزندخواندە: زڕمنداڵ، ... نییە بەفرزند (کوڕ یا کچ) وەرگیراوە یا بەمنداڵی کەسێ قبوولکراو یا منداڵی پەیمانیی کەسێک، کە هیچ کام لە ژن یا پیاوەکە دایک یا باوکی وەرگیراوەکە نین، بەڵام زڕمنداڵ دەبێ منداڵی یەکێک لە دوو کەسەکە (ژنەکە یا مێردەکە) بێ.

٢٦٣- فرشتە: پەری، نییە مەلائیکەتە،... .

٢٦٤- فسن (fesen): هەڵەیە، فسن ( fasan) دروستەکەیەتی بڕوانە فەرهەنگی موعین.

٢٦٥- قاقالیا: پێ قەلە، ڕەکێشە، کێشە، بەپێی فەرهەنگی موعین ئەو تاریفەی بۆ قاقالیاکراوە هیچ کوێی قاقالیا ڕکێشە ناگرێتەوە، پێ قەلەش گیابرژیوەیەکە و ئەویش هیچ پێوەندییەکی بە ڕەکێشەوە نییە.

٢٦٦- قدری: قەدەرێک، قەدەرێک واتە (مدتی) نەک (قدری).

٢٦٧- قرابت نسبی: خزمایەتی خوێنی (لە دایک و بابەوە)، قرابت نسبی لە بابەوەیە نەک لە دایک و بابەوە.

٢٦٨- قرقر: جیرە، جیرەهۆڕ، ١- دەنگی چەرخان چەرخ، دەنگی لەولاوەی دەرگا، ئەوانە هیچی مانای (قرقر) نین، قرقر بە دەنگی زگ (خوڕەی زگ) و هەروەها بە بۆڵەبۆڵ دەگوترێ، بڕوانە فم.

٢٦٩: قسر: بێ بردنەوە و دانان لە دەورێکی قوماردا، بێ گەزەن و زیان لە ڕووداوەکی پڕ مەترسیدا، ئەو دوو واتا هەڵەیەی نووسەر لە (قسر دررفتن) هەڵێنجاون، بەڵام قسر بەواتای نەزۆکە نەک بێ زیان یا بێ بردنەوە و دانان، لە کوردیش و فارسیش و زۆر زمانی تریشدا هێندێک لێکدراو یا دەستەواژە هەن کە وشەیەکیان بەمانایەکی جگە لە مانای سەرەکیی خۆی تێدا دەکار کراوە، قسر لە (قسر دررفتن)دا بەواتای بەبێ ئاکامێکی نەرێنی هاتووە، بەڵام ئەوە بە واتایەک بۆ قسری بەتەنێ نایەتە ئەژمار، بگرە بە (دررفتن)ەکەوە ئەو مانایە دەداتەوە.

٢٧٠- قلع: مز نییە، مز دەبێتە (سرب)، قلع (روی)ە.

٢٧١- قلق (qeleq): دڵەخورپێ، دڵەخورتە، دڵەڕاوکێ، نییە، ئەوانە بەواتای (qalaq)ن،

٢٧٢- قلنبە: ماسیوو، هەڵەیە، ماسیو دروستە.

٢٧٣- قلیان: قەڵتە نییە، (قەلنە)یە.

٢٧٤- قلیل: کورت، بەتەنێ مانای کورت ناداتەوە، بگرە بەواتای کەمە.

٢٧٥- کابوس: دێوەزمە، مێردەزمە، خێو، ئاڵەشەوە، دیمەن یا بوونەوەری بۆفناک کە بەهۆی ترسی زۆرەوە دێنە پێش چاو، ٢- شەڤە، ئەوانە هیچیان کابوس نین، کابوس دەخەودا تووشی مرۆڤ دەبێ و هۆکارەکەشی هەر ترس نییە بگرە قورسیی گەدە بەهۆی زۆر خواردن یا نەخۆشیش بەشێکن لە هۆکارەکانی.

٢٧٦- کاراز پیش رفتن کار: ئەوە هەڵەیە و دەبێ هەڵەی چاپی بێ، (ازپیش رفتن کار) دروستە.

٢٧٧- کارت: پاسوور، پاسوور مانای کارت نییە چەشنێکی قومارکردنە بەکارت.

٢٧٨- کارگر: مەڕدار، هەڵەیە، کرێکار دروستە.

٢٧٩- کاروبار: کار و دەستهاتەکەی، ئەو مانایەش هەر هەڵەیە، کاروبار بەکوردیش هەر کاروبارە و، شوغڵ یا کارە نەک دەستهاتەکەی.

٢٨٠- کاساب: ئاوی شەومەنە نییە قووناوە واتە ئەو ئاوەی پاش گرتنەوەی جۆگە پێیدا دێ.

٢٨١- کاسەکوزە: کۆی ئامێر ئەسپاباتی کاری کەسێک، وانییە، کاسەکوزە بە ئامێری کار ناگوترێ بە ئەسپابی ماڵ دەگوترێ.

٢٨٢- کبود: کوێت، ئەسپی خۆڵەمێشی، کبود واتە شین یا کەوە نەک ئەسپی خۆڵەمێشی یاکوێت.

٢٨٣- کدام: هەرامە، هەرامە (چیز بەواتای ئەو شتەی وێژەر ناوەکەی بۆ نایە یا نایەوێ ناوی بێنێ وەک هین، ئەوەک، وانێک و... )ە نەک (کدام)، واتە کێهە، کدام نیشانەی پرسیارە بەڵام هەرامە پرسیارنییە.

٢٨٤- کدوحلوائی: کولەکەسەراوی، نییە کوولەکەسەراوی ئەو کوولەکەیە کە نێوەکەی بەتاڵ دەکەن بۆ کەڵک وەرگرتن لە توێلکەکەی بەساغی وەک تونگە بۆتراو یا شتی تر، نازانم چۆن ئەو کابرایە کوولەکە سەراویی کردۆتە شاقەپاغی کە هچیان وێک ناچێ، شاقەباغی ناویشی بەپێچەوانەی نووسراوەی ئەو فەرهەنگە هڵۆڵ نییە، زۆریش گۆشتنە.

٢٨٥- کرکیت: دەفە، شە، کویشک، کەرکیت، کەڵکیت، هەپک، هەپۆ، هەپە ئامرازی کانزای شانەئاسا پۆی تەونی پێ دەگوتنەوە، دەفەرهەنگی فارسیدا نەبوو، بۆیە نازانم فارسی یا کوردییەکەیە و فەرهەنگنووس کردوویە بەفارسی بەڵام دەزانم شانە و هەپۆ یەک نین، شانە نە کانزاییە و نە ئی تەون، بگرە ئی جۆڵاییە.

٢٨٦- کرگی: جاشک نییە جاشکەتییە.

٢٨٧- کرم کدو: زووری، زەروو، مۆلک، مومار، مارمارک، هەموویان هەڵەن، زەروو یا زێروو (زالو)یە نەک کرم کدو.

٢٨٨- کرەخر: دەچش، نییە (دەحش)ە.

٢٨٩- کفشدوزک: سپڵ، فاتەڕەشە، بەڕاستی دەبێ بڵێین ماشەڵڵا بۆ ئەو مانایانە، کفشدوزەک مێروویەکە بەکوردی خاڵخاڵۆکەی پێ دەڵێن نەک سپڵ کە ئەندامێکی لەشە.

٢٩٠- کمانی: نوشتاوە، (کمانی) نوشتاوە واتە (تاشدە) نییە، وەک کەمانە واتە دووقەد نەبووەتەوە، چەماوەتەوە.

٢٩١- کمیتە: شاند، لێژنە، کمیتە شاند نییە، شاند دەستەی نێردراوان یا نوێنەرایەتییە.

٢٩٢- کەمینە: ئەزبەنی، ئەزبەنی بۆ پیاوانە بەڵام، کمینە بۆ ژنانە.

٢٩٣- کندو: تیرەشان، سەرهەنگ، شڵخە، شولهە، کندو هیچی ئەوانە نییە، شڵغە کندو واتە خڵەف یا خەڵیفەمێش، یا هێلانەی مێش، کەچی شڵغە بێچووەکانی مێشەکانن کە لە خەڵەف دەڕۆن بۆ سازکردنی هێلانەیەکی تر.

٢٩٤- کوتاە کردن: هپشفاندن، هێشفادن ڕاستە.

٢٩٥- کور (kawar): شێفەلەتەو... ئەوانی تر نین کە مانای کبر (kabar)، دەدەنەوە، پێم وایە نووسەر، وشەی کپر (kapar)ی دەگەڵ کبر (kabar)، لێ تێکچووە، کور (kawar) واتە کپر (kapar) مانای چارداغ، کومەو... دەداتەوە، نەک ئەوانەی لە فەرهەنگەکە داهاتوون.

٢٩٦- کوزل: کوێزر کووپە؟؟، کووپەڵە؟؟ کوزل هەر دە فەرهەنگەکاندا نییە، ئەگەر لە شوێنێکیش هەبێ، کوێزر زۆر لە کووپە و کووپەڵە دوورە و هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە.

٢٩٧- کویر: هۆڵ، بەتەواوی هەڵەیە، دیارە ئەوەی لە مانای چۆڵ و هۆڵ وەرگرتووە، بەڵام هۆڵ بەتەنێ مانای کویر ناداتەوە، تازە بەچۆڵەکەشەوە کە دەبێتە شوێنی بەتاڵ هەر کویر ناگرێتەوە، بگرەماڵیش دەتوانێ چۆڵ و هۆڵ بێ یا هەر شوێنێکی بەتاڵی تر.

٢٩٨- کیفر: تاوانی کاری خراپە، هەر بەتەنێ ئەوە نییە، پاداشی کاری چاکیشە، بڕوانە ف ٦ جلدیی موعین، ص ١١٢٨.

٢٩٩- گاوزبان: گۆگەم، گاوزبان زمانەگایە نەک گۆگەم.

٣٠٠- گداختن: سووربوونەوە، گداختن توانەوەیە (بەگەرما) نەک سووربوونەوە.

٣٠١- گداختە: هەڵقرچاو، گداختەش هەڵقرچاو نییە تواوەیە بەگەرما.

٣٠٢- گداز: هەڵقرچێن، گدازیش هەڵقرچێن نییە توێنەرەوەیە.

٣٠٣- گدازان: بەهەڵقرچان سوورهەڵگەڕاو و بەدرەوشانەوە، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، خەریکی توانەوە بەگەرما دروستە.

٣٠٤- گربەی مرتضی علی: مەردوڕەند، تەواو بەپێچەوانەیە واتە دەبێتە فێڵباز، جا فێڵباز لە کوێ و مەرد و ڕەند لە کوێ.

٣٠٥- گروە: گۆل، گۆل بەو مانایە هەڵەیە، ئەو وشەیە کە بەواتای گوێلک (گوساله)یە دەگەڵ گا بەواتای گاگەل دێ بەڵام بەتەنێ مانای گەل ناداتەوە.

٣٠٦- فرار: غار، لینگ، هەلینگ، غار بەمانای هەڵاتن ڕاکردنە بەڵام نەک بەواتای (فرار) کە ناچاری یا لە ڕووی ترسەوەیە، بگرە بەواتای (دو)، کە بەویستی خۆیە نەک بەترس، هەروەها (لینگ، هەلینگ)یش بەتەنێ مانای فرار نادەنەوە بگرە دەبێ کردەشیان ڕەگەڵ خرێ (لینگدان، هەلیگدان)، تازە ئەوانەش بەتەنێ هەر (فرار) نین، بەمانای (تاختن)یش دێن.

٣٠٧- گزاردن: بجەئینان، ڕێنووسەکەی هەڵەیە (بجەئینان) ڕاستە.

٣٠٨- گل سرخ: باتینۆک، باتینۆک (آلالەی سرخ)ە نەک ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن گل سرخ.

٣٠٩- گلبند: تاجەگوڵینە نییە باخەوانە.

٣١٠- گنبد: گومبەت، دەبێ هەڵەی چاپی بێ، گومبەت ڕاستە.

٣١١- گندمک: برێشکە....، نازانم ئەو مانا غەڵەتەی لە کوێ هێناوە، گندمک.. بڕوانە ف ٦ جلدیی موعین.

٣١٢- گندە: خەلگانوگۆشت، دەبێ هەڵەی چاپی بێ، گانوگۆشت دروستە.

٣١٣- گیومە: جووت کەوان، «»، ئەوە نە کەوانێکە و نە جووت کەوان، هەر کەوان نییە.

٤١٣- لاغر: پووتەکە، پووتەکە بەواتای لاغر دەکار ناکرێ.

٣١٥- لای: لم، (لم) لای نییە، (ماسە)یە.

٣١٦- لب پرزدن: سەرڕێژکردن نییە بەپێی فم، نەختێک لەسەری دەفری پڕ ڕژاندنە تا بەشڵەقان لێی نەڕژێ.

٣١٧- لمبر (lambar): گۆتنەکەی هەڵەیە، (lombar) ڕاستە.

٣١٨- لی لی: بزگوڕ، ڕیشاڵە، ڕیشاڵی نەرم و ورتکە، ئەو مانا سەیرانەی لە کوێڕا هێناون؟

٣١٩- مأجور: خەڵاتبەر، شیا وی ڕێز و خەڵات، نازانم ئەو مانایەی لە کوێ بۆ دیتووەتەوە، مأجور لە ئیجارەوە هاتووە واتە بەکرێگیراو.

٣٢٠- ماغ: بۆڕە، قۆڕە، بەپێی فەرهەنگی موعین و عید ئەو مانایانە تەواو لە ڕاست دوورن.

٣٢١- مال و منال: ماڵ و دارایی، ئەوەش هەر زۆر لەڕاستی دوورە، ماڵ و منداڵ ڕاستە.

٣٢٢- مالە: کەمچە، مالە و کەمچە زۆر جیاوازن، نە شکڵ و نە شێوەی دەکارکردنیان یەکە.

٣٢٣- مان: جەوی، جیوە، جەوگ،... ئەو مانایانەی لە کوێ هێناون؟

٣٢٤- ماندە: شەومەنە، شەوسارە، ئەوانە بەمای گشتیی ماندە نین، (دۆخ و چۆنیەتیی ماندە)ن.

٣٢٥- ماهپارە: مانگەشەو، بەتەواوی نادروستە، ماهپارە واتە ماپەرە یا لەتکەمانگ کە بەواتای جوانی دێ.

٣٢٦- ماهور: زوورک، زوورکان.... نییە (تەپۆڵکە تەپۆڵکەی دامێنی کێوان)ە، کە دەتوانێ زوورکان بێ یا سەوزەڵان و جوان بێ کە زۆرتریش وایە.

٣٢٧- متداول: ئاسایی، بابەت، باڤ، باو، داب، لەباو، بەو واتایەنە (motadawal) دروستە نەک (motadawel).

٣٢٨- مثل سگ پاسوختە: وەکو مریشکی سەربڕاو، بەتەواوی هەڵەیە، سەگی پێ سووتاو دروستە واتە گەڕۆڕ.

٣٢٩- مجلل: بەشان و شکۆ، مجلل بەشان و شکۆ نییە کە بۆ مرۆڤ دەگوترێ، بەشکۆ دروستە و بۆ کۆشک و خانووبەرە و کۆڕ و میوانداری و... دەگوترێ.

٣٣٠- مچ پیچ: زەنگاڵ، زەنگاڵ وەک لە ناوەکەیرا دیارە زەنگەپێچە، واتە لوولاکی پێی پی دەپێچن نەک جومگە و مەچەک.

٣٣١- محاجە: مشتومڕ، لە حجترا هاتووە واتە دەلیل هێنانەوە، نەک مشتومڕ.

٣٣٢- محتضر: گیانەلاو، سەرەمەرگ، ئاویلک، گیان کەنشت، تەوانە هەڵەن، ڕاستەکەی ئەوانەن: بێحاڵ، نەخۆشیی سەرەمەرگ، نەخۆشیی کەشەنگ، لە ئاویلکەی مردندا، لە سەرەمەرگدا، لە گیان کەنشتدا، لە گیانەڵڵادا.

٣٣٣- مداپاک کن: مەساحە، هەڵەیە مەساسە ڕاستە.

٣٣٤- مدقال: جاو، متقال جاو نییە خامە.

٣٣٥- مربوط: پێوەندی، پێوەندیدارە نەک پێوەندی، پێوەندی دەبێتە ارتباط، ربط.

٣٣٦- مرتد: پاشگەزی، نییە پاشگەز یا پاشگەزبووەوە یا لادەرە.

٣٣٧- مرغزار: چیم، مرغزار چیم نییە، چیمەنە، ئەو دووانە و زۆر لێک جیاوازن.

٣٣٨- مزدا: خوای ئاینە ئێرانییەکان، مزدا واتە مەزن و بەتەنێش نابێتە خوا، هەرچی لە ئێران خوێندبی دەبێ ئەو وشەی لەگەڵ (اهورامزدا) واتە خوای گەورە لێ تێک نەچێ، ئەهوورا واتە هوور یاخۆر کە لەلای زاگرۆسنشینان پیرۆز بووە و میترا یا مێهریشی پێ گوتراوە، دوایە لە ئاینی زەردەشتدا بووەتە ناوی خوا، بەو جیاوازییەی کە ئیتر لەوێدا هوور یا خۆر بەمانای خوا

هەوراتامەی کتێب

نەهاتووە، بگرە بەواتای نیشانەی خوا هاتووە.

٣٣٩- مزە: مێلاک، میلاک، ئەو دووانە هەڵەن، مزەو واتە چێژە، تام، نەک میلاک.

٣٤٠- مسافر: گەشتیار، گەشتیار هەر جۆرێکە لە مسافر و هەموو مسافرێک ناگرێتەوە.

٣٤١- مسیل: کەنداڵ، کەندەلان، ڕاستە سێلاو دەتوانێ هێندێک شوێن لەسەر ڕێگای خۆ بکاتە کەنداڵ، بەلام کەنداڵ ناتوانێ بەمانای مسیل بەکار بێ و مسیل مەرج نییە کەندەلان بێ، مانای دروستی ئەوانەن جێ لافاو، سەیلگا، سێلاوگر، سێڵگا، لافاوگا.

٣٤٢- مشت کسی رابازکردن: دەستی کەسێک ڕووبوون نییە، دەستی کەسێک ڕووکردن دروستە.

٣٤٣- مشتمل بر: برێتی لە، دەخۆوەگری دروستە، (بریتی لە) دەبێتە (عبارت از) نەک (مشتمل بر).

٣٤٤- مصب: سولاڤک، هەڵەیە، سوولاوک ناودانە نەک مصب.

٣٤٥- مصمت: بڕوانە همخوان٢، ئەو مانایە بۆ مصمت هەڵەیە، بڕوانە همخوان ٢، لە فەرهەنگی زانکۆی کوردستان.

٣٤٦- مطابقت داشتن: وێکهاتنەوە، هەڵەیە، وەک یەک هاتنەوە یا وەک یەک بوون ڕاست.

٣٤٧- معتدل: فۆنکایی، هەڵەیە، فێنک یا فۆنک دروستە.

٣٤٨- معجر: بڕوانە نردە، نردە نییە روسرییە.

٣٤٩- معقول: ژیر نییە، ژیرانە دروستە.

٣٥٠- مغار: ئەسکەنە، ئامرازێکی دارکونکردنی... مغار یا مغارە ئەشکەوتە نەک ئەسکەنەو (بڕوانە ف عمیدا و ف موعین).

٣٥١- مغروق: تاساو، تاسیا، مغروق خنکاوە نەک تاساو.

٣٥٢- مغزگردو: کاکڵە بەتەنێ واتە ناوکی زۆر شت نەک هەر ئی گوێز، قەلاقووچکە؟ قەلاقووچە؟ ئەوانەش هەر هەڵەیەکی سەرسووڕهێنەرن.

٣٥٣- مفرش: بڕوانە موج-٥، لە (موج)دا ئەو ژمارە هەر نییە.

٣٥٤- مقاش: ئەستێولک، سەولک، ئەوانە لەگەڵ مقاش هەر خودایان یە کەو ئەوەندەی کە هەرتکیان کانزان، دەنا مقاش هەر مەقاش یا پۆلگر یا ماشەو...ە، شتی پێ دەگیرێ، بەلام ئەستێولک بێڵۆکەیەکی کانزایە بۆ کڕاندن و خاوێنکردنەوە و شتی پێ ناگیرێ.

٣٥٥- مکرر: بڕوانە پی درپی، مکرر پی درپی نییە، دووپاتەیە، نەک بەدوای یەکدا، (بڕوانە ف عمیدا و ف موعین)، جیاوازیشیان لەوەدایە کە پیاپی هەر لە شوێنێکدا و لە کاتی جیاجیای

بەدوای یەکدا ڕوو دەدا بەڵام مکرر دەتوانێ لە شوێنی تر و تەنانەت لە یەک کاتیشدا بێ.

٣٥٦- مکعب: چوارپاڵوو، هەڵەیە شەش پاڵوو ڕاستە.

٣٥٧- ملاس: تڵتەی چۆنەری قەن، وانییە، هەر شیرەی کوڵای چەوەندەر یا قامیشی شەکرە لە کارخانە پاش لێگرتنی تڵتە.

٣٥٨- ملانطقی: ڕواڵەتبین نییە، سوور لەسەر نەریتە کۆنەکانە.

٣٥٩- ممنون: منەتکار نییە منەتبارە.

٣٦٠- منصرف: پەشیمان، نییە دەستهەڵگرە.

٣٦١- منفور: (لە) بەرچاوکەوتوو، بەنەبوونی (لە)یەکە دەبێتە بەرچاوکەوتوو کە ڕاست بەپێچەوانەی ماناکەیە، واتە نەبوونی (لە) یەکە بەهەڵەمان دەبا، بۆیەش نەدەبوو بکەوێتە نێو کەوانە.

٣٦٢- موش: مڵ، مڵە ، مەڕە، بەداخەوە بۆ خۆشم بەهۆی هێندێک لە فەرهەنگەکان تووشی ئەو هەڵەی بووبووم، بەڵام موش مشکە نەک مڵە یا مەڕە.

٣٦٣- موصول: لکێنە نییە لکێنراوە.

٣٦٤- مەپیکر: گوڵەندام، گوڵەنام، گۆڵبەژن، نییە لەش وەک مانگە، ماناکەی لەگەڵ ماپەرە یەکتر دەگرێتەوە.

٣٦٥- میخ: قەمتەر، میخ بزمارە نەک قەمتەر.

٣٦٦- میش: مێیە، لەنووسینی کوردیدا (ێ) وەپێش (ـە) ناکەوێ، دەبێ مێیە بێ.

٣٦٧- میشی: قاوەییی کاڵ، قاوەییی کاڵ کە بۆ زەردی تۆخ دادەگەڕێ، سەوزی کاڵە نەک قاوەییی کاڵ (بڕوانە ف عمید و ف موعین).

٣٦٨- نالان: ناڵەناڵ، هەڵەیە بەناڵەناڵ درستە.

٣٦٩- ناهار: قاوەتوون، قاوەتوون پێش ناهارە، ناهار دەبێتە نانی نیوەڕۆ نەک قاوەتوون.

٣٧٠- نثار کسی کردن: بەکەسێکدا سکاندن، کەسێک بەرجنێودان، بەتەنی ئەو مانایە ناداتەوە مەگەر وشەی دشنامی وەپێش خەین، نپار کسی کردن واتە پێشکێشی کەسێک کردن.

٣٧١- نعلین: کاڵە، کاڵە نییەو، کەوش یا تەقتەقیلەیە.

٣٧٢- نعناکوهی/صحرائی: پوونگەڕێوی، زڕەپونگە، نعناکوهی جاترەیە نەک زڕەپنگ.

٣٧٣- نقرە: تورمە، نقرە زێوە چی بە تورمەداوە؟

٣٧٤- نم دادن: شۆکێشان، نم کێشان، ئەم مانایانە ڕاست پێچەوانەن، شۆکێشان و نم کێشان

(نم کشیدن)ن نەک (نم دادن)، مانای دروستەکەی شۆدان، نم دانەوەیە.

٣٧٥- نمازعیشاء: نوێژی شێوان، شێوان نوێژی مغربە نەک عیشا، نوێژی حشاش دەبێتە نوێژی خەوتنان.

٣٧٦- مس: بانبانک، مریشکخۆرە، نییە مشکی خورمایە بڕوانە راسو، لە فەرهەنگی عەمید و فەرهەنگی موعین، بانبانک (سمور)ە نەک مس.

٣٧٧- نوکیسە: دەوڵەمەند چڵکن، خسیس، ئەو دوو واتایە نوکیسە نین، مانا دروستەکەی ئەوانەن: تازە پۆرەکەوتە، تازە پیاکەوتوو، تازە پێداکەوتوو، تازە پێگەیشتوو، تازە دەوڵەمەند، تازە کیسە، دیتۆک، نۆبەخت، نۆکیسە، نوێ کێشە.

٣٧٨- نیز: هەروەها، هەروا، ... بەو واتایانە (نیز) بەتەنێ نابێ یا (و)ی لەپێشدایە یا (بکەر).

٣٧٩- نی لبک: دووزەلە، نییە نایەیە.

٣٨٠- نیم سال: ترم، نیوەساڵ تێرم نییە، ڕاستە لە ئێران بەڕەسمی ساڵی خوێندن بە دوو تێرم دابەش بووە، لەودوو تێرمە، کە هەر کامەیان لە ئێران دەوری چوار مانگ و وردەیەکە نەک نیوەساڵ کە دەبێتە شەش مانگ. بێجگە لەو دوو تێرمەش تێرمێکی هاوینە هەیە بۆ خوازیارانی خوێندن لەو وەرزەدا. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش ئەندازەی تێرم لە وڵاتێکرا بۆ وڵاتێک جیاوازە، لە بەریتانیا، ساڵی خوێندنی زانکۆ ٣ تێرمە، ئەوەندەی من ئاگەدار بم لە زۆر شوێنی تریش وایە، لە لەئوسترالیادا ساڵی خوێندن دوو سیمێستێرە کە هەر سیمێستێرەش بۆ خۆی لە دوو تێرم پێک دێ، کەوابوو تەنانەت لە ئێرانیش هەڵەیە بڵێین نیمسال، بگرە دەبوو بنووسرێ نیمسال تحصیلی.

٣٨١- واخواە: ئەوەی بەرهەڵستی ڕای دادگا دەبێ، مانا دروستەکەی ئەوەیە: داواکار، شکایەتکار لەسەر قەرز، گلەییکار لەسەر لادانی قەرز لە وادەی خۆی.

٣٨٢- وادار: ١- سەردەرانە، ٢- ئەستووندەکی نێوان دوو لنگەی دەرگا یا دەلاقە، نازانم ئەو برادەرە بەکوێدا ئەو مانایانەی هێناوە، چونکە لە هیچ فەرهەنگێکدا مانای لەو بابەتەم بۆ وادار نەدیتووە.

٣٨٣- وارە: بڕوانە اشتها؟ لە هیچ کوێدا نەمدیت بەو مانایە، وارە گیریشم نەدی.

٣٨٤- واکە: بڕوانە مصوت، لە کوێی ڕاهێناوە؟ ئاخۆ ڕاستە؟ ئەو هەموو وشەی پێش وی بەجێ هێشتووە بەو وشە نامۆیەوە نووساوە، ئەمن لە هێچ کوێ نەمدیوە.

٣٨٥- والذاريات، والزاريات: بڕوانە مصيبت، لە کوێی ڕاهێناوە؟ ئاخۆ ڕاستە؟ ئەو هەموو وشەی پێش وی بەجێ هێشتووە بەو وشە نامۆیەوە نووساوە، ئەمن لە هیچ کوێ نەمدیوە.

٣٨٦- وصيت: ولی، وصیت لەکوێرا بووەتە وەلی، مانا دروستەکەی (بڕوانە ف عمیدا و ف موعین) ئەوانەن: ١- ئەسپاردە، ڕاسپێری، قەوینتی، قەوینی، وەسیەت، ٢ نصیحت.

٣٨٧- ولرم: شلوێ، شەلۆ، ملەما، ئەو مانایانە هیچیان بەسەر (ولرم)ەوە نییە، مانا دروستەکەی ئەوەیە: ئاوی نیوەگەرم، تیشیر، تێهنشیر، ساردوگەرم، سەردوگەرم، شلەتین، شیرتین، شیرەوتین، شیرەوگەرم، شیلەتین، شیلەوتین، شیلەوگەرم.

٣٨٨- ویژگی: دانستە، دانستە (منتخب)ە نەک ویژگی، (ویژگی)ش دەبێتە تایبەتمەندی واتە (خصوصیت) نەک دانستە.

٣٨٩- هاون: دنگ، هاون دینگ یا دنگ نییە، ئاونگ یا هاونگە کە شتی تێدا دەکوتن، دنگ یا دنگ ئی چەڵتووک کوتانە و هیچی بەسەر (هاون)ەوە نییە و زۆریش لێک جیاوازن.

٣٩٠- هدف قراردادن/گرفتن: ئەوە بەو شێوەیە دانانی هەڵەیە، ئاخۆ مەبەستی (هدف قرارداد) یا (هدف گرفتن)ە؟ کە ئەو دووانە بەتەواوی پێچەوانەی یەکترن، هدف قراردادن واتە ئەنگاوتن یا نیشانە لێ گرتننە بەڵام هدف قرارگرفتن بەواتای ئەنگێوران یا بوونە ئامانجە کە ئەو دووە وەک دەبینین ناکرێ بەیەک وشە لە فەرهەنگدا بێن.

٣٩١- بە هدف خوردن: پێکران، هەنگێوران، هەڵەن، ئەو دووانە (هدف قرارگرفتن)ن نەک (بە هدف خوردن)، بەهدف خوردن واتە وەئامانج کەوتن.

٣٩٢- هذیان: ئاتەران، ئاتەران بەتەنێ هەڵەیە ئاتەران باتەران ڕاستە،

٣٩٣- هر دودکشیدن: قوولەکردن، ئەو مانایەش بەتەواوی هەڵەیە، مانا دروستەکەی ئەوەیە: بوونە میمڵ لە میوانییەکدا، خێرا خۆگەیاندنە میوانداری یەک و بێ بانگهێشتن تێیدا بەشدار بوون، لە ناکاوڕا بۆ میوانی بەسەرماڵێک دادان.

٣٩٤- هرکارە: دنگ، دینگ، نییە مەنجەڵی بەردە.

٣٩٥- هرم: سێ پاڵ، سێپاڵوو، هرم ٤ پاڵووی هەیە نەک ٣، ٣ لە تەنیشت و ١ لە بنی.

٣٩٦- هرم (horm): هەڵم، هرم هەڵم نییە، تینی ئاگرە.

٣٩٧- هرمی: سێپاڵوو، هەڵەیە، قووچییە، واتە بەشێوەی قووچ.

٣٩٨- هزارپا: زێڵۆ، هزارپاش هەزارپێیە و هیچی بەسەر زێڵۆوە نییە کە بەفارسی پێی دەڵێن (زاالو).

٣٩٩- هست: هەن، هەنە، (هست) تاکە، ئەوانە کۆن و، دەبنە هستند.

٤٠٠- هشتن: دانان، نیان، هشتن دانان نییە هێشتن، هێشتنەوە، هێڵان یا هێڵانەوەوەیە.

٤٠١- هەمــچنـین: ئاوەهـا، ئاوا، ئەئاوا، ئەوانە هـەڵەن، هـەمــچنین واتـە زیاد لـەوەش، هـەرپاســـە، هـەروەسا، هـەروەها و... .

٤٠٢- بە همسری خود درآوردن: خـوازتن، ئەوقە خـوازتن نییـە (کردنە هـاوسـەری خـۆ)یە، واتە لە خۆمـارەکردنە نەک خوازتن چونکە لەوانەیە کـچێک بوازرێ بەڵام تا نەدرێ و مارە نەکرێ نەبێتە هاوسەری پیاوێک.

٤٠٣- یاردانقلی: زەبەلاح، دەست ویا قـەوی، زلـحورت، ئەوانەم پێ دروست نین، (بڕوانە ف مـوعین) دەڵێ آدمی کە هویت او معلوم نباشد، ئەو دوو مانایە یەکتر ناگرنەوە.

٤٠٤- یازردن: ڕاکێشـان، ڕاکێشـران، درێژکردنەوە، ڕاهـاتن، داهـاتن، چەمینـەوە، ئەوانە هـیـچی لەگەڵ مانای فەرهـەنگە فارسییەکان یەک ناگرنەوە.

٤٠٥- یبوست: گرفت، ڕوودڵ، ئەوانە مانای یبوست نین، یبوست واتە قەبزی، زگ کارنەکردن.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم، کاری ئەو برا فەرهـەنگنووسە:

١- بەو مــەرجـەی کـە وریـای هـەڵەکـانـی بین کـە هـەمـوویانم لەو هـەڵەنامـەیەدا هێناون، بـۆ کـاری زانسـتییانە لەسـەر زمانی کوردی بەکەڵکە بەڵام تێدا گـەڕانی بۆ دیتنەوەی وشـەی هـاوسـەنگی (فارسی – کوردی) کارێکی پڕ دەردەسەر و کاتگرە.

٢- (سەرەڕای ڕێز و پێزانینم بۆ ئەرک و ماندووبوونەکەی)، زۆرتر وە فەرهـەنگ هـەڵمـساندن دەچێ تا فەرهـەنگ نووسین.

٣- بەشێکی یـەکجار زۆری فـەرهـەنگەکە لە جیاتیی دانانی وشـەی هاومانا بەواتا شیکـردنەوە مانا لێدانـەوەی وشە فارسـییـەکان پڕ بووەتەوە کـە کەڵکێکی بەرچاوی نییە و لە جـیاتیی فـەرهـەنگی فـارسی بەکوردی لە ڕاسـتیدا شێکردنەوەی وشـەی فـارسـییە بەزمـانـی کوردی و هـەر کتێبـەکە هـەڵدەمـسێنـێ، ئەوە ڕاسـتە کـە لە هێندێک جێگا ئەویش بەدەگمـەن پێـویسـتە بۆ خـوێنەر ڕوون کرێتەوە کە بابەتی وشەکە چییە، بەڵام نەک بەوچەشنە، بۆ وێنە ناوی ڕووەکێک کە هاوماناکەی بەکـوردی لەپێـشـی دانراوە، ڕەنگە لـە کوردیدا، زۆر بـەناوبانگ نەبێ، بـۆ ئەوەی خـوێنـەر بزانێ شـتەکە چییە، بەجێیـە بگوترێ ڕووەکێکە و ئەو پوختـە ڕێنوێنییـە، تا ڕادەیەک دەتوانێ زەینی خوێنەر بۆ لای مەبەست ڕاکێشێ.

هەولێر – ٢٠١٢/٥/٢٣

# سەلەفییەکانی میسر
# هەڕەشەی شۆڕشێکی ئیسلامی دەکەن

ئولریکە پوتس

بە بیانووی ئەوەی کە بەڵگەی یاساییان نوقسانە، دادگەی باڵای میسری سێ کاندیدی ناودار و مەزنی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی میسری رەت کردەوە. بەم شێوەیەش کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر بارەکەی ئاڵۆزتر کرد و " نیل"یش ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورە بووەوە. هەر لەپاش ئەم بڕیارە سەلەفییەکان هەڕەشەی "شۆڕشێکی ئیسلامی" لە میسر دەکەن، بەم شێوەیەش هەڵبژاردنەکان ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە.

بەڵام کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە میسر، لەسەر هەڵوێستی خۆی سوورە. ئەوان بەهیچ شێوەیەک گوێ بۆ دژ وەستاندنەوەی بڕیاری دادگە، لەلایەن کاندیدەکانەوە ناگرن و هیچ شانسێکی واشیان نادەنێ، کە بتوانن بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بکەن.

هەروەک ئاژانسی هەواڵی "مینا" شەوی سێشەمی پێشوو ڕای گەیاند، کە لە کۆی ٢٣ کاندید کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی میسر پاڵاوتبوو، کە وا بڕیارە لە ٢٤ مانگی ٥دا بکرێت، ١٠ کاندید رەت کراوەتەوە، لەناو ئەو دە کاندیدەشدا سێ کاندیدی بەهێزیان تێدایە کە برێتین لە:

"خیرت الشاطر"، کاندیدی "ئیخوان مسلمین"، عومەر سلێمان، سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی میسری " مخابرات"، وە حازم ئەبوئیسماعیل، کە کاندیدی سەلەفییەکانە.

لە کۆتاییی هەفتەی پێشوو، ئەمان لەگەڵ حەوت کاندیدی تردا بە بیانووی نەبوونی چەند فۆرمولارێکی یاساییەوە، بە شێوەیەکی کۆتایی، شانسی بەشداربوونیان لێ سەندرایەوە. بەپێی یاسای میسریش، ئەم بڕیارەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی میسریش، دوایین بڕیارە و ناکرێت جارێکی تر کاندیدەکان دژ بە بڕیاری دادگە بوەستنەوە.

..............................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بەم شێوەیەش ئێمە لەسەر کەنارەکانی ڕووباری نیل، لافاوێکی گەورە دەبینین. وا بۆ ماوەی ساڵێک دەچێت کە شۆڕشی میسری دەستی پێ کرد و بەم شێوەیەش کۆتا بە ڕێژیمی حوسنی موبارەکی دیکتاتۆر هێنا. هەموو هیوای خەڵکی ئەوە بوو، کە هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف چێ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆتا بەو فەوزایە بهێنێت، کە لەپاش ڕووخانی ڕێژیمی موبارەک تووشی میسر بووە و هەروەها کۆتاییش بە قۆناغی ئینتیقالی بهێنرێت و، دەست بکرێت بە قۆناغێکی نوێ، کە تێیدا سیستەمێکی دیموکراسی چێ بێت و فەرمانڕەوا و بەرپرسی نوێ، بۆ ئەم وڵاتە دابنرێت.

ئێمە نازانین ئاخۆ ئەم بڕیارەی پێنج دادوەرەکەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر، لە خزمەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە؟ یاخۆ ئەم بڕیارە، میسر بەشێوەیەکی تەواوەتی دەخاتە ناو گێژاوی نائارامی و توندوتیژی و شەڕ و پێکدادانەوە؟. دیارە هەموو ئەم مەسەلانە کراوەن، کەسیش وەڵامی تەواوەتیی لا نییە.

لەلایەکی ترەوە فەرمانڕەوا نوێکانی میسر کە خۆی لە دەسەڵاتی سەربازیدا دەبینێتەوە، لەسەر کەنارەکانی نیل دانیشتوون، چاوەڕێی هاتنی سەرۆکێکی نوێ بۆ میسر دەکەن، کە وا بڕیارە لە ٣٠ مانگی شەشدا، بەتەواوەتی دەربکەوێت. دیارە دەسەڵاتدارانی سەربازی، بە شێوەیەکی جیدی، چاودێریی ئەم پرۆسەیە دەکەن و دەبێت ئاگەداری ئەو سەرۆکە نوێیە بن، کە دێتە سەر کار. هەر بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی میسر، بۆ دەسەڵاتی سەربازی بەپرۆسەیەکی زۆر گرینگ و پڕ بایەخ دێتە ژماردن.

جێگەی گوتنە، ئەو کاندیدانەی کە مافی خۆ پاڵاوتنیان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسرەوە لێ سەندرایەوە، هەریەکەیان لەبەر هۆیەکی یاسایی مافی بەشدارکردنی پێ نەدرا:

– عومەر سولەیمان کە سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی میسری " مخابرات" بوو، بەپێی دوایین ئامار کە لەلایەن ڕۆژنامەی " الاهرام"ی میسرییەوە کرابوو، نزیکەی ٣١٪ی میسرییەکان وەکو سەرۆکی میسر قبوڵیان بوو. وە بەم شێوەیەش، یەکێک بوو لە کاندیدە بەهێزەکانی سەرۆکایەتیی میسر. بەپێی بڕیاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر، بۆیە عومەر سولەیمان دوور خراوەتەوە، چونکە تەنیا ئیمزای ١٥ پارێزگاری هەبووە، دیارە بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانیش، هەر کەسێک بەشداریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بکات، پێویستە ئیمزای ٣١ پارێزگاری میسر کۆ بکاتەوە. (واتە ٣١ پارێزگار پشتگیریی بکەن، تا بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات.) عومەر سولەیمانیش تەنیا ١٥ ئیمزای هەبووە، لەبەر ئەوە لە گەمەی هەڵبژاردن دوور خرایەوە.

– "خیرت الشاطر"، کاندیدی "ئیخوان مسلمین"، کە کەسێکی ملیۆنێری دەوڵەمەندە، مافی بەشدارکردنی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی میسر لێ سەندرایەوە، چونکە هەتاوەکو مارسی ٢٠١١

له زیندانددا بووه. بەپێی ئەو یاسا کۆنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێژیمی دیکتاتۆری موبارەک، دەبێت ئەو کەسانەی کە زیندانی کراون، لەپاش ٦ ساڵ ئینجا مافی ئەوەیان هەیە، بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بکەن و خۆیان کاندید بکەن. لەبەر ئەوە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر، ڕازی نەبوو "خیرت الشاطر" بەشداریی هەڵبژاردنەکان بێت.

جێگەی گوتنە بەپێی هەندێک ئاماری ڕۆژنامەکانی میسر، "شاطر" تەنیا ٤٪ ی دەنگدەرە میسرییەکان بەدڵیان بوو. لێ هەندێک چاودێری سیاسی، پێیان وایە کە ئەم ئامارە ڕاست نییە و "شاطر" لەو ڕێژەیە زیاتر دەنگی دەهێنا.

دیارە زۆربەی ئەندامانی لایەنگرانی پارتی "ئیخوان مسلمین"، دژی ئەم بڕیارەن و بە بڕیارێکی ناڕاستی دادەنێن. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە، دەسەڵاتدارانی سەربازی کە ئەمڕۆ لە نیل حوکم دەکەن، نەیاندەویست "شاطر" بەشدار بێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەهێزبوون و پێشکەوتنی "ئیخوان مسلمین" بگرن.

جێگەی گوتنە ئەمڕۆ پەرلەمانی نوێی میسری، لەپاش هەڵبژاردنەکانی پارەوە، پارتی "ئیخوان مسلمین"، زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی کۆنترۆڵ کردووە و زاڵە بەسەر پەرلەماندا. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە، دەسەڵاتی سەربازی دەیویست، نەهێڵێت "ئیخوان مسلمین"، هەردوو دەسەڵاتە سیاسییە گەورەکەی میسر کە برێتین لە (پەرلەمان و سەرۆکایەتی) بگرێتە دەست. چونکە بەم شێوەیە ئیخوان کۆنترۆڵی وڵاتیان دەکرد.

"ئەبوئیسماعیل" سێیەمین کاندیدی سەرۆکایەتی کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە ڕەفز کرایەوە، کاندیدی ئیسلامییە سەلەفییەکان بوو، کە کەسێکی ڕادیکاڵ و توندڕۆی ئیسلامییە. ئەمیش بۆیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەرکرا، چونکە دایکی ئەمەریکاییە و پاسپۆرتی ئەمەریکاییی هەبووە. ئەمەش بوو بەهۆی ناڕازیبوونی سەلەفییەکان.

دیارە بەپێی یاسای میسری، دەبێت ئەو کەسەی کە خۆی بۆ سەرۆکایەتیی میسر دەپاڵێوێت، لە باوک و دایکێکی میسری بێت و خاوەنی پاسپۆرتی میسری بن. ئەوەی جێگەی تێڕامانە، ئەبوئیسماعیل و ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکەی، بەوە ناسراون کە زۆر دژی ڕۆئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتین.

جێگەی گوتنە ئەبوئیسماعیل بەپێی هەندێک ئاماری ڕەسمی و ناڕەسمی، نزیکەی ٢٠٪ی دەنگدەرانی میسری بەدڵیان بوو. لێ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، مافی خۆپاڵاوتنی لێ سەندەوە و بۆی نییە بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی میسر بکات.

ئەم بڕیارەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر، بوو بەهۆی ناڕازیبوونی ئەندامان و لایەنگرانی کاندیدەکان و، زۆربەیان بەم بڕیارەی کۆمیسیۆن ڕازی نەبوون. هەر بۆ شەوی سێشەم، کاتێک بڕیارەکە بڵاو کرایەوە، هەزاران ئەندام و لایەنگری ئەبوئیسماعیل، دەستیان کرد بە ئیمزا

کۆکردنەوە و چوون بۆ تەلاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و نارەزایی خۆیان دەربڕی.

دیارە هەر ئەو شەوە نارەزاییەکان زۆر توند بوون، شێوازێکی توندوتیژی زۆری پێوە دیاربوو. هەر بۆیە شەڕ و پێکدادانی توند لە نێوان لایەنگرانی کاندیدەکان و پۆلیس و ئاسایشی میسریدا ڕووی دا. هێزێکی گەورەی پۆلیس و سەربازیش، لە بەردەم تەلاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسریش کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی بەرگری لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای میسری بکەن و نەهێڵن، خۆپێشاندەران پەلاماریان بدەن و تەلارەکە بسووتێنن.

## ئەبوئیسماعیل هەڕەشەی " شۆڕشێکی ئیسلامی" دەکات

لەپاش ئەوەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسر، بڕیاری دا کە ئەبوئیسماعیل مافی خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆکایەتی نییە، ئەبوئیسماعیل لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی:

"میسر شۆڕشێکی ئیسلامی"ی تێیدا ڕوو دەدات.

یەکێک لە پارێزەرەکانی ئەبوئیسماعیل هەڕەشەی کرد و گوتی: "ئەمڕۆ بەم بڕیارەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، میسر ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی گەورەی سیاسی دەکاتەوە".

جێگەی گوتنە چەند جارێک ئەبوئیسماعیل بەڕاشکاوانە گوتوویەتی، کە بۆ سەرکەوتنی ئیسلامی، پێویستە هانا بۆ چەک و توندوتیژی بەرن. هەروەها کاتێکیش کە "ئوسامە بن لادن" ڕابەری ڕێکخراوی " قاعیدە"ی تیرۆریستی کوژرا، ئەو بن لادنی بە شەهید وەسف کرد.

بەڵام هەڵوێستی پارتی "ئیخوان مسلمین" جۆرێکی تر بوو. کاتێک "شاطر" مافی خۆپاڵاوتنی لێ سەندرایەوە، ئەوان بیریان لە ڕێگەیەکی تر کردەوە. ئەمان یەکسەر بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی باشتر گەڕان بۆ ئەوەی بیکەنە کاندیدی خۆیان. ئەویش برێتییە لە سەرۆکی پارتی ئیخوان، (محەمەد مورسی) کە لە ڕووی یاساییەوە کێشەی نییە و، بەوەش ناسراوە کە ئیمانی بە دادوەری و ئازادی هەیە. جێگەی گوتنە محەمەد مورسی، پێشتر ئەندازیار بوو.

لێ ئەم ئەندازیارە کێشەی گەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خاوەنی کاریزمایەکی سیاسیی باش نییە، بەڵام "شاطر" خاوەنی کاریزمایەکی گەورە بوو، هەر ئەمەش وای لێ کرد، کە لەلایەن هەواداران و لایەنگرانییەوە خۆشەویست بێت.

شادی حەمید، کە پسپۆڕە لە بواری "ئیخوان مسلمین"، بەئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند:

(دانانی مورسی وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ "شاطر"، هەروا کارێکی ئاسان نەبوو. بەبڕوای من ڕێگەگرتن لە خۆپاڵاوتنی "شاطر"، گەورەترین زلەی سیاسی بوو، کە بەر "ئیخوان مسلمین" کەوت).

بڕیاری کۆتایی کۆمیسیۆنی باڵا دەبێتە هۆی دروستبوونی شەپۆلی نارەزایی لەناو ئینتەرنێتدا.

هەزاران میسریی تووڕە، شەوی سێشەم لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، هەڵمەتێکی گەورەی نارەزاییان لە دژی دەسەڵاتداران دەست پێ کرد و پێیان وابوو کە ئەندامانی رێژیمی پێشوو لەپشت ئەم بڕیارەوەن (واتە رەفزکردنی کاندیدەکانیان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە).

فاروق سوڵتان کە سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی میسرە، پێشتر ئەفسەرێکی سەربازی و دادوەرێک بووە لە دادگەی سەربازیی میسری و هەروەها کەسێکی بێلایەنیش نییە. لێ پرسیاری گەورە ئەوەیە، بۆچی کۆمیسیۆنێک کە ئەندامانی سەر بە رێژیمی موبارەکن، ناهێڵێت سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی میسری "عومەر سولەیمان" بەشداریی هەڵبژاردنەکان بێت؟. ئەم پرسیارە هەتاوەکو ئێستا بەبێ وەڵام ماوەتەوە و بووەتە باسی خەڵکی.

هەواداران و لایەنگرانی "ئیخوان موسلمین" پێیان وایە کە ئەمە گەورەترین فێڵی سیاسییە. ئەوان دەڵێن، دەرکردنی عومەر سولەیمان، فێڵێکە لەلایەن ئەندامانی رێژیمی پێشووەوە کراوە، بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵبخەڵەتێنن. ئەوان پێیان وایە، ئەم یارییە لەلایەن ئەندامانی رێژیمی پێشووەوە کراوە، کە گرووپێکیان بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد شەفیق پێک هێناوە، کە پێشتر ئەم پیاوە یەکێک بوو لە سەرانی رێژیمی پێشوو.

جێگەی گوتنە ئەو بڕیارەی کە لەلایەن پێنج دادوەرەکەی کۆمیسیۆنەوە دراوە، رۆژێک بەتەواوەتی قسەوباس و گفتوگۆی چڕوپڕیان لەبارەی ئەم بڕیارەیانەوە کردووە. لەو کۆبوونەوەیەدا، هیچ فاکتێکی یاساییی نوێیان دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوەی رێگە بدەن کە ئەو کاندیدانە بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی میسری بکەن.

پاش ئەوەی رێگە بە خۆپاڵاوتنی ئەو سێ کاندیدە بەهێزە گیرا، ئێستا تەنیا دوو کاندیدی بەهێز ماون، کە ئەوانیش:

عومەر و مووسا، کە پێشتر سکرتێری کۆمکاری عەرەبی بوو، هەروەها عەبدول موعین ئەبوفەتوح، کە ئیسلامییەکی ناسراوە، پێشتر ئەندامی پارتی "ئیخوان موسلمین" بوو. ئەم دووانە هیوایەکی گەورەیان هەیە، کە دەنگێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی میسری بەدەست بهێنن.

رۆژی ٢٦ ئەپریل، دوایین رۆژە بۆ ئەوەی لیستی کاندیدی سەرۆکایەتی تۆمار بکرێت. یەکەم خولی هەڵبژاردنەکانیش لە ٢٣ ئایار دەست پێ دەکات و دوو رۆژ دەخایەنێت. پێویستە لەم خولەدا کاندیدەکان، رێژەی پێویست بهێنن، بۆ ئەوەی بەشداریی خولی دووەم بکەن، کە لە ١٦ یونی دەست پێ دەکات.

سەرچاوە: کۆواری شپیگلی ئەڵمانی.

Ulrike Putz .Salafisten drohen Ägypten mit islamischer Revolution..www.Spiegel.de.18 April.2012

# ئاخۆ دەکرێ
# دیموکراسیی ئیسلامی هەبێت؟

دەیڤد بوکەی

ئاخۆ ئیسلام و دیموکراسی لەگەڵ یەکتری دەگونجێن؟ نووسینگەلێکی زۆر بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئیسلام سەرجەم بنەماکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مۆدێرنی تێدایە. زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی ئیسلامی هەوڵی سەلماندنی ئەوەیان دەدا کە ئیسلام بەهای دیموکراسی بەپیرۆز دادەنێ. بەڵام لە بریی بەدەستەوەگرتنی دیبەیتەکە، زۆرجار شرۆڤە تایبەتییەکانی خۆیان ئاماژە بە زاناکانی خۆرئاوا ئامادە دەکەن، ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ترادیسیۆنی ڕۆهەڵاتناسی بۆ بیردۆزەکانی بیردۆززانی ئەدەبی و پۆلیمیستێکی وەک ئێدوارد سەعیدی کۆچکردوو، بۆ شێواندنی بەڵگەکان لە پێناو جێخستنی بیردۆزەکانیان. بەڵام ئەم هەوڵانە بۆ؟ بۆ شرۆڤەکارانی خۆرئاوا وەڵامەکە لەنێو هەردوو سیاسەت و زۆر ئارەزووی سوودگەیێن بۆ ڕازیکردنی بەرفراوانترین جەماوەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە. بۆ ئیسلامییەکانیش هەرچەندە ئەوە پاڵنەرێکە بۆ لابردنی ئەو گومانەی لەبارەی سروشت و ئامانجی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە لە چەشنی ئیخوان موسلمین و تەنانەت حزبوڵڵاش.

## لایەنگری خۆرئاوایی

هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی خۆرئاوا پاڵپشتی لە داوای ئیسلامییەکان دەکەن بەوەی دیموکراسیی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی نەک تەنیا لەگەڵ یاسای ئیسلامدا دەگونجێن، بگرە ئیسلام خۆی هاندەری دیموکراسیشە. ئەمەش بە یەک دوو ڕێگە ئەنجام دەدەن. یان پێناسەکان بادەدەن تا ڕێک بێنەوە لەگەڵ داوودەزگاکانی حکوومەتی ئیسلامی _ دەستەواژەکانی لە چەشنی دیموکراسی ئەبێتە ڕێژەیی- وە یان ژیانی واقیعی لە وڵاتە ئیسلامییەکان دەنوشتێننەوە تا ڕێک لەگەڵ تیئۆرییەکانیان بگونجێت.

..............................................................................

لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لەنێو دیارترین بانگهێشتنکەرانی بیرۆکەی ئەوەی کە ئیسلام هاندەری دیموکراسییە و دەگونجێ لەگەڵیدا جۆن ل. ئیسپۆسیتۆیە، بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری مەڵبەندی "وەلیدی کوڕی تەلاڵ" بۆ تێگەیشتنی ئیسلامیی مەسیحی ناو زانکۆی جۆرج تاون دانەر و بڵاوکەرەوەی زیاتر لە (٣٠) کتێبە لەبارەی ئیسلام و بزووتنە ئیسلامییەکانەوە. ئیسپۆسیتۆ لەگەڵ چەندین دانەری تر مشتومڕەکانیان (ئەرگیۆمێنتەکانیان) لەسەر پشتگیریی گریمانەیەکی پەڕپووتی وەک " دیموکراسی مانای زۆر و جۆرەوجۆری هەیە"[١]" هەر کولتوورێک مۆدێلێکی سەربەخۆی حکوومەتی دیموکراتی بەرهەم دەهێنێ"[٢] وەیان "ئەشێ دیموکراسییەکی ئاینی گەشە بکات"[٣].

ئیسپۆسیتۆ دەڵێ " بزووتنەوە ئیسلامییەکان گوتاری دیموکراسییان لە کاتی چەمکەکانی شورا (ڕاوێژکردن) و ئیجماع ( یەکەتیی بیروباوەڕ) و ئیجتیهاد ( بڕیاری ڕوونی سەربەخۆ)وە کردووەتە بەشێک لە خۆ و ئیستیعاب کردووە[٤] وە لەوەشدا کۆتاییی پێ دێنێت کە دیموکراسی لە دنیای ئیسلامیدا بوونی هەیە" جا وشەی دیموکراسی بەکار بهێنرێت یان نا"[٥].

ئەگەر ئارگیۆمێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ ڕاست بن، ئەی بۆچی دەمودەست دیموکراسییەکی ڕوون و ئاشکرا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نایەتە بوون؟ ماڵی ئازادی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام وڵاتانی عەرەبی ئەوانەی کەمترین دیموکراسییان تێدایە لە هەر شوێنێک بن، ڕیزبەند دەکات.[٦] ئیسپۆسیتۆ بۆچوونی ئێدوارد سەعید وەردەگرێ کە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆرئاوا و پێوانە گشتییەکان لە بنچینەدا لایەندار و سەرزەنشتکردنی ئەو زانایانەن کە ئەو بڕیارانە تێ دەپەڕێنن بەبێ هیچ شارەزاییەک لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان[٧] و ئەوانەی لایەنگری عەلمانیەتن لە بەرامبەر ئیسلامدا[٨].

بۆ نموونە لە ئیسلام و دیموکراسی،[٩] ئیسپۆسیتۆ و جان ڤۆڵ یاریدەری بەڕێوەبەری مەڵبەندی شازادە ئەلوەلید پرسیاری ئەوە لە هەوڵەکانی خۆرئاوا دەکەن بۆ مۆنۆپۆڵکردنی پێناسەی دیموکراسی و ئاماژە بە گۆڕانکاریی مانای دەستەواژەکان دەکەن بەسەر کات و شوێندا. ئەوان دەڵێن هەموو کولتوورێک ئەتوانێ مۆدیلێکی سەربەخۆ لە حکوومەتی دیموکراسی دابڕێژێ کە پێوەست بێ یان پێوەست نەبێ بە بیرۆکەی لیبرالیزمی خۆرئاواوە[١٠].

تەنها بەتاڵکردنەوەی مانای دیموکراسی وەک تێگەیشتنێکی گەشەکردوو هەڵهێنجراو لەئەفلاتوون و ئەرستۆی یۆنانی کۆن لە ڕێگەی تۆماس جێفەرسۆن و جەیمس مادیسۆن لە سەدەی هەژدەم لە ئەمەریکا، ئەوسا ئیسپۆسیتۆ و هاوگەشتیارانی توانییان بیردۆزی گونجاندنی نێوان بزووتنەوەی ئیسلام و دیموکراسییان تیا سەر هەڵبدا.

بەو پێیەی ئەرگیۆمێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ لەوانەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جەماوەری بێتەوە، تیئۆریستەکانی (بیردۆززانانی) دیموکراسی ئارەزوویان بەلای دوورخستنەوەی ئەم ڕێژەیە هەیە. لاری دایەمۆند سەرپەرشتیاری کۆواری دیموکراسی و، لیۆنارد مۆرلینۆ پسپۆڕ لە سیاسەتی بەراوردکردن لە زانکۆی فلۆرەنسا، حەوت بنەما و خەسڵەت

دەدەنە پاڵ هەر دیموکراسییەک: ئازادییەکانی تاک و ئازادییە مەدەنییەکان، باڵادەستیی یاسا، بەرزترین دەسەڵات بگەڕێتەوە لای خەڵک، یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان لە بەرامبەر یاسادا، گرفتە ئاسۆیی و ئەستوونییەکانی لێپرسراوانی دەوڵەت، حکوومەتکردن بە ڕوونی بۆ داواکانی خەڵک بێ، هەلی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان.[١١] ئەم شێوازە زۆر گرینگە چونکە جەخت لەسەر ئازادییە مەدەنییەکان و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان دەکات لە بریی پشی بەستن بە هەڵبژاردن و داوودەزگا دەوڵەتییەکان. [١٢]

ئیسپۆسیتۆ ئەم بنەما سەرەکییانەی دیموکراسی فەرامۆش دەکات و لە جیاتیی ئەوە ئیلهام لەو بیرمەندانە وەردەگرێت وەک فەیلەسووفی هیندی محەمەد ئیقبال (١٨٧٧– ١٩٣٨)، سەرکردەی ئاینی سودانی حەسەن ئەلتورابی (١٩٣٢–......) و زانای کۆمەڵناسی ئێرانی عەلی شەریعەتی (١٩٣٣– ١٩٧٧) و سەرۆکی پێشووی ئێران محەمەد خاتەمی (١٩٤٣–...) کە ئەڵێن ئیسلام چوارچێوەیەک بۆ کۆکردنەوەی دیموکراسی لەگەڵ بەها ڕوحییەکان فەراهەم دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ڕوحییە باڵادەستەی دیموکراسیی خۆرئاوا.[١٣] ئەوان هاوسۆزی بۆ ئەو ڕایەی خاتەمی دەردەبڕن کە دەڵێ دیموکراسییەکان پێویستی بە پەیڕەوکردنی شێوازێک نییە و ئەو دەتوانێ کاری خۆی بکات نەک تەنیا لە سیستەمێکی لیبراڵی بگرە لە سیستەمەکانی سۆشیالیزم و ئاینیشدا. ئەوان گرینگترین دەستەواژەی لێکدەرەوەی (شیکەرەوەی) سەدەی بیستەمی هیندی و (دواتر پاکستانی) ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی" دیموکراسیی ڕێژەیی" وەردەگرن[١٤] کە سێ مەبدەئی تەوحید (یەکبوونی خوا) و رسالە ( پێغەمبەرایەتی) و خیلافە (جێنشین)ن کە دەبنە بنچینەی سیستەمی ئیسلامی سیاسی[١٥].

بەڵام مەودودی ئەڵێ هەر سیستمێکی حوکمڕانی ئیسلامی لەسەریەتی باڵادەستیی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئاینیدا هەبێت[١٦] بەدەگمەن تێگەیشتنی دیموکراسی ئەوەمان دەداتێ کە شەریعەتی ئیسلامی یەکسانی لە نێوان سەرجەم هاووڵاتییان لە بەردەم یاسادا فەراهەم بکات بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز (جێندەر) و ئاین. وە هەروەها فۆرمۆڵەسازی لەم چەشنە مافی بنچینەیی هاووڵاتییان لە بڕیاردان لەسەر یاساکانیان، کە تێگەیشتنی بناغەییە بۆ دیموکراسییەت ڕەت دەکاتەوە. مەودودی هەرچەندە دەستەواژەی دیموکراسیی ڕێژەیی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بڵێت ئیسلام چەند بنەمایەکی دیموکراسیی تێدایە. مەودودی خۆی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دیموکراسیی ئیسلامی ئەبێ دژ بەخۆی بێ. دەسەڵاتی خوا و دەسەڵاتی خەڵک دوولایەنەی تایبەتە. دیموکراسیی ئیسلامی ئەبێتە دژەبەرەی دیموکراسیی عەلمانیی خۆرئاوا.[١٧]

ئیسپۆسیتۆ و ڤۆڵ ئاوا بەرپەچ ئەدەنەوە بە وتنی ئەوەی کە مەودودی و هاوچەرخانی دیموکراسی زۆر ڕەت ناکەنەوە وەک چوارچێوەیەک لە سایەی تێگەیشتن لە یەکەتیی خوا. دیموکراسیی ڕێژەیی بەمانای دیکتاتۆری دەوڵەت نییە، بەڵام ئەوان ئەڵێن لە بریی ئەوە دەسەڵاتی

هاوبەشە لەلایەن هەموو موسڵمانەکانە، بەهاووڵاتییانی ئاساییەوەش.[١٨] ئیسپۆسیتۆ لەوەش واوەتر ئەڕوات و ئەڵێ سیستمی ئیسلامی مەودودی ئەشێ دیموکراتی بێت تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی خەڵکیش پشتگوێی بخات بەو مەرجەی ڕێگە بدات بە گردبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی ملکەچ بە شەریعەتی ئیسلامی.[١٩]

هەرچەندە ئیسپۆسیتۆ و ڤۆڵ ئەڵێن کە دیموکراسیی ئیسلامی لەسەر بنەماکانی ڕاوێژکاری (شورا) و هاوڕایی (ئیجماع) و بڕیاری شیکردنەوەی سەربەخۆ ( ئیجتهاد) دامەزراوە و هەندێ موسڵمانی تر حاکمیا ( پلە و پایە)ی بۆ زیاد دەکەن.[٢٠] بۆ پشتیوانیکردن لە چەمکی دیموکراسیی ئیسلامی، ئیسپۆسیتۆ و ڤۆڵ پشت دەبەستن بە محەمەد حەمیدوڵڵا (١٩٠٨– ٢٠٠٢) و زانای سۆفیی هیندی بۆ ئیسلام و یاسای نێودەوڵەتی، ئایەتوڵڵا باقر ئەلسەدر (١٩٣٥– ١٩٨٠)، پیاوی ئاینی شیعە مەزهەبی عێراقی، محەمەد ئیقبال (١٨٧٧– ١٩٣٨)، شاعیر و فەیلەسووف و سیاسەتوانی هیندی خورشید ئەحمەد جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جەماعەتی ئیسلامی پاکستان و، تەها ئەلئەلوانی زانای فیقهەی ئیسلامی عێراقی[٢١] ئەم لەگەڵدابوونەی ئەلوانی ناڕاستیی بیردۆزەکانی ئیسپۆسیتۆ دەردەخات. لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێف بی ئای (دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵیی ئەمەریکا) ئەلئەلوانی وەک سەرۆکێکی بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستینی و سەرچاوە داراییەکەی دەستنیشان کرد.[٢٢]

هەروەک چۆن ئیسپۆسیتۆ مانای دیموکراسی لە مانای خۆی دادەبڕێ بۆ توانا پێدانی تێزەکەی، لەبەر ئەوە ئەمەش بەلاڕێدابردنی چەمکە ئیسلامییەکانە. شورا ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکارییە نەک بەشداربوویەک. ئەوە کەلەپوورێکی خێڵەکییە نەک پلە و پایە.[٢٣] ئیجماعیش گوزارشت نییە لە هاوڕاییی کۆمەڵێکی فراوان، بگرە تەنیا سەرکردە دروست دەکات.[٢٤] وەک بڕیاردانی سەربەخۆش، زۆرێک لە زانایانی سوننە لەو بڕوایەدان کە ئیجتیهاد لە سەدەی یازدەمەوە داخراوە.[٢٥]

## گەورەکردنی ئیسپۆسیتۆ

ئارگیۆمێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ نە تەنیا ناوەندە ئەکادیمییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتەوە بگرە وابەستەییان لە کاتی ئەو کتێبانەی کە ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی بواری سیاسەت دەینووسن لەگەڵ ڕۆشنبیرانی خەڵک زیادی کردووە.

لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان و هەروەها لە کتێبەکانیدا وەک گریمانەیەکی بنچینەیی لە کاتی ڕیپۆرتاجەکانیدا ڕۆبین ڕایتی پەیامنێری دیپلۆماسیی لۆس ئەنجلس تایمزی جاران و واشنتۆن پۆستی ئێستا ئەڵێت بزووتنەوەی ئیسلامی ئەتوانێ بگۆڕدرێتە شێوازێکی زۆر دیموکراتیتر. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕۆبین لە کتێبی"شۆڕشی مەزنی ڕابردوودا" ئەڵێت ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە ئێراندا ڕووی دا کە بووە هۆی ئەوەی پراگماتیزم جێگەی بەها شۆڕشگێڕەکانی گرتەوە و

لەخۆبایيبوون بواری بۆ ڕیالیزم کردەوە و هەروەها پاشەکشەی حکوومەتی خوا بوو بۆ دەسەڵاتی عەلمانی[٢٦] جگە لەوەی زۆر دوورتر لەوەی دیموکراتیتر بن سەرباری ئەوەی ڕابەر و پاسەوانانی شۆڕش دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو: ئازادییەکان هێشتا دوورن لە بەدیهاتنەوە، زیندانییە سیاسییەکان هێشتا گیراون و دیموکراسیش وەهمییە.

کاری بناغەییی ڕایت ئەو بیرۆکەیەیە کە نە ئیسلام و نە کولتووری ئیسلامی کۆسپێکی (بەربەست)ێکی گەورە نین بۆ مۆدێرنیزمی سیاسی. ڕایت هەم بۆچوونەکانی قوتابخانەی ئیسپۆسیتۆی قەبووڵە لەبارەی شورا و ئیجماع و ئیجتیهادەوە لەو پێوانەیەی کە وا لە ئیسلام دەکات بگونجێ لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی[٢٧]. هەمیش کۆکە لەگەڵ بۆچوونی جۆن ڤۆڵ کە دەڵێ ئیسلام بەشێکی لێک جیانەبووەوەیە لە جیهانی مۆدیرن.[٢٨] و هەروەها دەڵێت درامای ناوەندی ڕیفۆرم هەوڵدانێکە بۆ ئاشتکردنەوەی ئیسلام و مۆدێرنە بەدانانی جیهانبینییەک کە لەگەڵ هەردووکیاندا بگونجێت.[٢٩]

لە وتارێکیدا بەناوی" ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی" رایت پرۆفایلی دوو بیرمەندی ئیسلامی بەناوبانگ ڕەشید ئەلغەنوشی ڕابەری لە مەنفا ژیاوی حزبی ئەلنەهزەی تونسی و فەیلەسووفی ئێرانی و زانای کیمیاگەر عەبدولکەریم سروش دەخاتە بەردەم. ڕایت وەختێ ئەمە ئەڵێت کە بۆچوونەکانیان نیشانەی خاڵی بەیەکگەیشتنی واقیعییەتی ئیسلام و دیموکراسییەتە[٣٠]. ڕایت نە پێناسەی دیموکراسی دەکات و نە بەچاوێکی بێئومێدییەوە دەڕوانێتە لێکۆڵینەوەکانی. غەنوشی چەمکە دیموکراسییەکان بەبێ قەبووڵکردنیان و تێگەیشتنیان بەکار دەهێنێت. غەنوشی نەک وەک مۆدێرنیستێک بەڵام وەک ئیسلامییەکی ئایینناس دەمێنێتەوە.

ڕایت ئەوە فەرامۆش دەکات کە سروش هەوڵی ئەوەی ئەدا ڕۆشنبیرە لیبراڵەکان لە سەروبەندی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئیسلامی لە زانکۆکانی ئێران داببڕێت.[٣١] ئەو کاتەی سروش لەسەر مافە مەدەنییەکان و لێبووردەیی قسەی دەکرد، دەستکەوتگەلی لەو جۆرەی تەنیا بەسەر بەشدارانی دیموکراسیی ئیسلامی جێبەجێ دەکرد.[٣٢] هەروەها سروش ئەیگوت هەرچەندە ئیسلام مانای "خۆبەدەستەوەدانە" کەوابوو هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئازادییە لەخۆوە تیابووەکانی (زگماکییەکانی) دیموکراسیدا نییە. ئیسلام و دیموکراسی نەک هەر بەیەکەوە دەگونجێن، بگرە پێوەندییان بەیەکەوە لە قسان نەهاتووە. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا یەک بەبێ ئەوی تریان ناتەواوە. سروش ئەڵێت ئیرادەی زۆربە دەوڵەتێکی ئیسلامی نموونەیی دەخولقێنێت.[٣٣] بەڵام لە کردەوەدا ئەمە ڕوو نادات. وەک لە ئێران ئیسلامییەکان سنووریان لە بەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا دانا و کۆمەڵگەی مەدەنییان پلیشانەوە. ئەوانەی چەکیان بەدەستەوەیە نەک ژمارە، شێوازی دەوڵەت دیاری دەکەن. لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییە ئیسلامییەکان تەنیا ڕێژیمی سەرکوتگەر و سەرکردایەتیی بەمیرات بەجێماو هەیە. دەستەی سوێندخواران هێشتا نازانن کە ئاخۆ عێراق سەقامگیرییەکی نائاساییی بەخۆوە دەبینێ یان نا. بەڵام سروش لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە. ئیسلام پێویستە ئاینێکی کراوە بێت و

پارێزگاری لە گەوهەری خۆی بکات. بیانووەکانی سروش ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلامی توانای فراوانبوونەوەی هەیە کە ئەمەش لەلایەن زۆرێک لەو هاوچەرخانەی کە ئەڵێن هەندێک یاسای شەریعەتی ئیسلامی توانای گۆڕانیان نییە، وەکو کفر وایە. ئەوەی ئەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شۆڕشگێڕ لە ئێران بەرەو خۆرئاوا قوچاندیان. هەندێک جار ئەکادیمیستەکان بەتەنها لە بورجی ئایڤییەوە ڕووبەڕووی فریودانێکی ڕووکەش دەبنەوە وەختێک ڕووداوەکان ڕووبەڕووی واقیعیان دەکاتەوە.

غەنوشی و سروش لە چیدا هاوبەشن (کۆکن) وە چی بەدروستی لای بەرپرسە ئیسلامییەکان دەمێنێتەوە، گەر وابێ بە لەبەر چاوگرتنی هونەری زمان ئارەزووییان لە ڕێککەوتنی نێوان ئیسلام و نوێگەری نییە، بەڵام ئارەزووییان لە گۆڕینی سیستیمی سیاسی هەیە. ئیتر ئاسانترە پشتبەستن بە هونەری زمانی دیموکراسی، وەک لە بنەماکانی.

لە کاتێکدا زەمەن نیشانی دا ڕایت هەڵە بوو، کەچی ڕوونکردنەوەکانی ئیسپۆسیتۆ کۆڵیان نەدا. هەر چەند ساڵ جارێک دەموچاوێکی تازە بەدەردەکەوێ بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئارگیومێنتە کۆنەکان. تازەترینیشیان نوح فیلدمانە (موعەلەق) ڕوونکەرەوەی میدیا و مامۆستای یاسای زمانی عەرەبییە لە زانکۆی هارڤەرد. لە ساڵی ٢٠٠٣دا فیلڵدمان کتێبی " دوای جیهاد"ی بڵاو کردەوە: ئەمەریکا و خەبات لە پێناو دیموکراسیی ئیسلامی کە ئاسۆکانی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامی دەدۆزێتەوە.[٣٤] تێزەکانی فێڵدمان کتێبی ١٩٩٢ی ئیسپۆسیتۆ چارەسەری ئیسلامییانە؛ ئەفسانە یان ڕاستی؟[٣٥] و کتێبی هاوبەشی ئیسپۆسیتۆ و ن ڤۆڵ ئیسلام و دیموکراسی دادەڕێژێت.[٣٦] تەنانەت دوای پەلاماری تیرۆریستی یازدەی ئەیلوول فێڵدمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە تەمەنی یان سەردەمی توندوتیژیی جیهاد لە ڕابردوودا و بزووتنەوەی ئیسلامی بەرەهەندی نوێ و ئاشتییانە و دیموکراسییانە گەشە دەکات[٣٧] کە لە لیستەکەی فێڵدمان ئیسلامی دیموکراتی وەک یوسف ئەلقەرەزاوی[٣٨] و بیرمەندی ئیسلامی کە پاڵپشتی پەلاماری خۆکوژی و کوشتنی هۆمۆکانی دەکرد، تێدابوو[٣٩].

لە کاتێکدا زۆربەی دیبەیتەکانی ئەکادیمیستەکان ناگەنە دەرەوەی پۆلەکانی خوێندن، دیبەیت لەسەر گونجاندنی ئیسلام و دیموکراسی کاریگەری بەسەر سیاسەتەوە هەیە. فێڵدمان ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجێنێت کە هەرەشەی ئیسلامی ئیسلامی وەهمە. بەم پێیەش دەڵێ بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەبێ چانسی حکوومەتکردنیان هەبێت.[٤٠] فێڵدمان بەو وەسفە کۆتاییی پێ دێنێت کە "داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمەریکا ئەبێ هەڵوێستێکی گشتی لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وەربگرن. وە ڕوونی کردەوە کە "ئاین جێگیرە و ڕق لێبوونەوە لە باوەڕی ئاینیدا نییە کە بەرخورد لەگەڵ کەمایەتییە ئاینییەکانی تردا دەکات و لەوانەیە یەکسان بێت بە ڕێککەوتنی تەواو لەگەڵ دیموکراسی." چاوپێکەوتنی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٣[٤١].

شیرین هەنتەر دیپلۆماتی پێشووی ئێرانی کە ئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئیسلامییە لە

مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژجیی نێونەتەوەیی، لە کتێبەکەیدا داهاتووی ئیسلام و خۆرئاوا: پێکدادانی شارستانەکان یان پێکەوە ژیانی ئاشتییانە؟[٤٢] جارێکی تر و بەشێوەیەکی قەشەنگتر ئارگیومێنتەکانی ئیسپۆسیتۆ دادەڕێژێتەوە و، لەم دوایییانەش لە کتێبی بەمۆدێرنکردنی دیموکراسی و ئیسلام[٤٣] کە بەهاوبەشی لەگەڵ هوما مالیک، یاریدەری بەڕێوەبەری مەڵبەندی وەلید بن تەلالی ئیسپۆسیتۆ بۆ لێکگەیشتنی ئیسلام و مەسیحی لە زانکۆی جۆرج تاون، بڵاوی کردەوە. شیرین لە هەردوو کتێبەکە هەڕەشەی ئیسلامییەکان ڕەت دەکاتەوە و لە هەوڵی ڕێککەوتنی نێوان وانەکانی ئیسلام و بەهاکانی خۆرئاوادایە. شیرین هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی بەیەکدادانی شارستانەکانی[٤٤] سامۆییل هەنتگتۆن دەدا و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێژەیی هۆکارەکانی هەریەک لە ململانێ و هاریکاریی پێوەندیی نێوان ئیسلام و خۆرئاوا دەکات. شیرین دەڵێ لێکهەڵپێکرانی ڕوحی و زەمەنی ئیسلام لە ئاینەکانی تردا، زۆرتر نییە. بۆیە ناکرێ هەنگاوی هێواشی بەدیموکراتیکردنی وڵاتە ئیسلامییەکان بدرێتە پاڵ ئیسلام خۆی. هەرچەندە شیرین هەنتەر دان بەوەدا دەنێ کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان تۆمارێکی دەستکورتیان هەیە لە بەمۆدێرنکردن و دیموکراسی، بۆ ئەمەش گلەیی لە هۆکارە دەرەکییەکان دەکات لە چەشنی کۆڵۆنیالیزم و سیستەمی ئابووریی نێونەتەوەیی.[٤٥]

زاناکانی تر کێن کە بوغزەکان دەبەنە ئاستێکی تر، ئانا جۆردن ئەوەی هیچ زانیارییەک سەبارەت بە پسپۆڕییەکەی نادات بەدەستەوە بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سایتە ئەلیکترۆنییە ئیسلامییەکان[٤٦] نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە، دەڵێت قورئان پشتیوانی لە بنەماکانی دیموکراسیی خۆرئاوا دەکات هەروەک لەلایەن ولیەم ئێبنستەین و ئێدوین فۆگڵمان دوو پرۆفیسۆری زانستی سیاسی کە جەخت لەسەر ئەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجییە دەکەنەوە کە دیموکراسی پێناسە دەکات.[٤٧] لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئایەتی قورئانیی جیاجیاوە،[٤٨] ئانا جۆردەن ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کتێبی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشتیی لێکدانەوەی ئیمپریسیزم و مافەکانی تاک دەکات، بەو پێیەی دەسەڵاتی کۆتاییە و دەوڵەت ڕەت دەکاتەوە. ئازادیی پێوەستبوون بەهەر کۆمەڵەیەکی ئاینی پەرە پێ دەدات، ئەو بیرۆکەیە قەبووڵ دەکات کە دەوڵەت دەبێ ملکەچی یاسا بێت وە ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بگرێتە بەر و یەکسانیی بنچینەیی قەبووڵ بکات.

سەرباری ئەوەی زۆربەی بەڵگەهێنانەوەکانی شیرین هەنتەر پاڵپشتی بەرەنجامەکانی ناکەن و لە هەندێ حاڵەتدا پێشنیازی پێچەوانە دەکات. بۆ نموونە لە بریی پشتیوانیکردن لە لێکدانەوەی ئیمپریسیزم، سورەتی ١٧: ٣٦ تەواوی دەسەڵاتەکان دەداتە خوا. هەندێ بەڵگەی تر هیچ پێوەندییەکیان بە باسەکەی و کرۆکی قسەکانییەوە نییە. پێداگرییەکەشی لەسەر ئەوەیە کە قورئان پێ لەسەر "یەکسانیی بنەڕەتیی نێوان سەرجەم مرۆڤەکان" دادەگرێ، ئەو ئایەتانەی ڕێبەرایەتیی یەکسانی لە نێوان موسڵمانەکان و تەنیا موسڵمانەکان دەکات. ئەمە جگە لە ئەو ئایەتانەی کە وشیاریی دابەشبوونی موسڵمانان دەدەن.

هەروەها گوردون کرامەریش سەرۆکی پەیمانگەی "لێکۆڵینەوەی ئیسلامی" لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین، تێزەکەی ئیسپۆسیتۆی پێ پەسندە. کرامەر ئەنووسێ کە ڕەوتی ناوەندی (سەرەکی) لە ئیسلام " ئەبێ توخمە زۆر گرینگەکانی دیموکراسیی سیاسی پەسند بکات: فرە حزبی و بەشداریی سیاسی، کێشەی حکوومەت و سەروەریی یاسا، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ" بەڕای کرامەر ڕێبازی ئیسلام بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی زۆر پێشکەوتووترە لەوەی خۆرئاواییەکان دانی پێدا دەنێن.[٤٩]

## پاشگەزبوونەوەی ئیسلامییەکان لە بیردۆزەکەی ئیسپۆسیتۆ

سەیر لەوەدایە کە وەختێ زاناکانی خۆرئاوا تێ دەکۆشن بۆ سەلماندنی گونجان لە نێوان دیموکراسی و ئیسلامدا، گەورە زانایانی ئیسلام دەڵێن دیموکراسی لەگەڵ ئاینەکەیاندا ناگونجێت. ئەم بەرەنجامەشیان لەسەر دوو بناخە وەستاوە: یەکەم، ساغبوونەوە و قایلبوون لەسەر ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامی چالاکییەکانی باوەڕداران لە هەموو بوارەکانی ژیان ڕێک دەخات و، دووەم، کۆمەڵگەی ئیسلامی باوەڕداران سەرجەم ئامانجەکانی جێبەجێ دەبێ ئەگەر باوەڕداران بەڕێگای خوادا بڕۆن.[٥٠] بێجگە لەوەش هەندێ زانای ئیسلامی لەوەش واوەتر دەچن و هەموو ئەو شتانە ڕەت دەکەنەوە کە ڕەگیان لە قورئاندا نییە.[٥١]

حەسەن ئەلبەنا (١٩٠٦- ١٩٤٩) دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین[٥٢] هەوڵی لەنێوبردنی کاریگەرییەکانی خۆرئاوا دەدات، ئەو وای دەبینی کە ئیسلام تاکە چارەسەرە دیموکراسیش وەک ناپاکی وایە بەئیسلام[٥٣] سەید قوتب (١٩٠٦- ١٩٦٦) بیردۆززان (مونەزر)ی سەرەکیی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین بەتەواوەتی بەگژ بیرۆکەی دەسەڵاتی خەڵکیدا چووەوە و ئەو وای دەبینی کە دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە پشت بە قورئان ببەستێت کە ئەڵێ پێشکێشکردنی سیستەمێکی تەواو و بەئاکار پێویستی بەهیچ یاسایەکی تر نییە.[٥٤] ڕاوێژکردنیش لە مانای تراديسيۆنی ئیسلامیدا لە بریی ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئیسپۆسیتۆ، بەس نییە.

مەودودی وەک لەلایەن ئیسپۆسیتۆوە بەکار دەهێنرێت، ئەڵێ ئیسلام پێچەوانەی هەر دیموکراسییەکی عەلمانیی خۆرئاوایە کە پشت بەدەسەڵاتی خەڵک دەبەستێت.[٥٥]و بناخەکانی دیموکراسیی خۆرئاوای ڕەت کردووەتەوە[٥٦]. زۆرێک لە ئیسلامییەکانی ئەم دواییانە وەکو قەرەزاوی، ئەڵێ دیموکراسی وەک بناخەیەک بۆ دەسەلات پێویستە پەیرەوی قەبووڵکردنی خوا بکات. هەڵبژاردنی دیموکراسی کفرە و لەو کاتەوەی ئاین یاسا دادەڕێژێت دەستەی یاسادانەران هیچ پێویست نییە.[٥٧] ئامانجی نەخشەکەی دانانی دەوڵەتێکی ئیسلامییە لە ئەندەنووسیا. ئەبوبەکر بەشیر پیاوێکی ئاینی ئیسلامی و سەرکردەی ڕێکخراوی شورای موجاهیدینی ئەندەنووسی هێرش دەکاتە سەر دیموکراسی و خۆرئاوا و داوا لە موسڵمانان دەکات کە جیهاد لە دژی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی جیهانی ئیسلامی بەرپا بکەن. وە ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت" ئەوەی

دەمانەوێت دیموکراسی نییە، بگرە کورسییەکانی خوایە"[٥٨].

هیچ لەمانە بەمانای قەبوولکردنی ستراکتۆری بناخەییی خۆرئاواییی دیموکراسی نییە. لەژێر سێبەری ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، جمهوری ئیسلامی دەستوور و پەرلەمانی پێک هێنا. بەڵام بەبوونی ئەو ئێران زیاتر دیموکراسی نەبووەوە. لە ڕاستیدا خومەینی بەردەوام دەسەڵاتی بەرزی پیادە دەکرد ئەویش بە پێکهێنانی ژمارەیەک دەستە بۆ نموونە دامەزراوە شۆڕشگێڕەکان کە لە سەرووی یاسای دەستوورییەوە مانەوە.

## ئایا دیموکراسیی ئیسلامی دەگونجێت ڕوو بدات؟

جیهانی ئیسلامی ئامادە نییە بۆ وەرگرتنی بەها بنچینەییەکانی مۆدێرنیزم و دیموکراسی. هێشتاش ڕابەریکردن تەنیا کاری نوخبەیەکی لەسەر کارە. سەرکردایەتیکردنی عەرەبی و ئیسلامی سەرکردایەتیکردنێکی بە میرات و ستەمگەر و زاڵمانەیە. بنەما سەرەکییەکانی دەسەڵات و یاسادانان، بەشداریی سیاسی و فرە حزبی، ئەو مافی تاک و ئازادییانەی پێویستن بۆ دیموکراسی، بوونیان نییە لەو سیستمانەی کە ئیسلام سەرچاوەی بنچینەییی یاسایە.

شکستە دیموکراسییەکان لە پێوەست بەپیادەکردنیانەوە لە غەزە و عێراق بەڕەوا نیشاندانی بۆچوونی هەریەک لە سامۆئێل پ. هەنتگتۆن لە ساڵی ١٩٨٤ و وتەی دەیەیەک دواتری گیلێز کەپەر، شرۆڤەکاری فرەنسیی ناسراو و لێکدەرەوەی ئیسلامی رادیکاڵ کە پێیان وایە ترادیسیۆنی کولتووری ئیسلامی ڕەنگە ڕێگر بێت لە بەردەم گەشەی دیموکراسی.[٥٩]

مامۆستای مێژووی زانکۆی ئیمرتوس پرینسیتۆن، بێرناند لویسیش دروستە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چەمکی دیموکراسی زۆرجار بەهەڵە بەکار دەهێنرێت. لە گەلێ جێگەی سەیردا بەرچاو کەوتووە ئیسپانیای سەرکردە فرانسیسکۆ فرانکۆ، یۆنانی ئەنجوومەنی سەربازی، پاکستانی فەرماندەکان، ئەوروپای ڕۆهەڵاتی قۆمیسەرەکان کە هەمیشە چەند سیفەتێکی ماقووڵ (شایستەبوون)ی پێوە لکێنراوە وەک "ڕابەری کرا"، "بناخەیی"، " بنچینەیی"، " جەماوەری" یان وشەگەلی لەو چەشنە کە ئەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و وەرگێران و تەنانەت پێچەوانەکردنەوەی مانای وشەکەش.[٦٠]

ئیسلام لەوانەیە لەگەڵ دیموکراسیدا بگونجێت، بەڵام ئەوە دەوەستێتە سەر چۆنیەتیی تێگەیشتن لە ئیسلام. ئەمەش هەموو کۆک نین لەسەری و هەروەها ئەمەش بە ئومێدەوە بەندە نەک لەسەر ئەرزی واقیع. تورکیا و وڵاتانی ئەفریقیای خۆرئاوای مالی دیموکراسین هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکانیان ئیسلامن. بەڵام ئیسلامی سیاسی لە ڕێگەی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین و ئیسلامییەکانی تردا لایەنگری دوورکەوتنەوە لە دیموکراسیی لیبراڵ بوون.

سەرباری ئەمەش ئەگەر زمان کاریگەری هەبێت بەسەر بیرکردنەوەوە، ئەوسا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بەهێواشی و لەسەرەخۆ دیموکراسی دەستەبەر دەکات. لە ترادیسیۆنی عەرەبی و

تورکی و فارسی هیچ وشەیەک بۆ هاوولاتی نییە جگە لەو وشە هاوبنچینانەی کە لە تێکستە کۆنەکاندا بەکار هاتوون. لە عەرەبیدا "مەواتن" و لە تورکیدا "ڤەتەنداش" و لەفارسیدا "شەهروەند" بەدوای یەکتردا دێن و ئەمەش لە مانادا نزیکترە لە وشەی ئینگلیزی " هاونیشتمان" یان " هاوولاتی". عەرەبییەکە و تورکییەکە لە وەتەنەوە هاتوون کە بەمانای نیشتمانە، مواتن وشەیەکی داتاشراوە کە لە کاتێکدا هێمای پێشکەوتنە، تێگەیشتنی خۆرئاوا بۆ ئازادی ــ تێگەیشتنە وەک توانای بەشداریکردن لە دامەزراندن و بەڕێوەبردن و لابردنی یاسایی و حکوومەت گۆڕین لە زۆر ناوچەدا وەک بێگانەیەک دەمێنێتەوە.

ئیسلامییەکان خۆیان دیموکراسیی لیبراڵی بەسووک تەماشا دەکەن. ئەوان ئامادەن وەک هۆکارێک بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی قەبووڵی بکەن بەلام وەک تەنیا ڕێگەیەک و بەس.[٦١] هیشام شەرابی (١٩٢٧– ٢٠٠٥) لێکۆڵەرەوەی بەئۆتۆریتەی فەلەستینی و چالاکوانی سیاسی ئەڵێ فەندەمانتالیزمی ئیسلامی گوزارشت لە هەستی بەکۆمەڵ و بیروڕای ئایدیۆلۆجی نە ناسیونالیزم و نە سۆشیالیزم (وە ئەتوانین دیموکراسیشی بۆ زیاد بکەین) دەکات، ئەو ئایدۆلۆجییەی کە لە توانایدایە تا ئەمڕۆ درێژەی هەبێت[٦٢].

## بەرەنجام

ئەی دە کەواتە بۆچی زۆرێک لە توێژەرەوە خۆرئاواییەکان سوورن لەسەر نیشاندانی هاوکۆکیی نێوان ئیسلام و دیموکراسی؟ پۆپۆلیزمی پۆست کۆلۆنیالیزم و پۆست مۆدێرنیزم لەنێو دەزگا ئەکادیمییەکان ئارەزوو دەکەن ڕۆشنبیران ڕێبازی ئیسلامی قەبووڵ بکەن. سیاسەتی دروست، بەربەستی زۆرێک لەو دیاردە نێگەتیڤانەی (نەرێیانە)ی نێو کولتووری بێگانە دەکات. ئەوەش بەچاک دەزانرا بۆ سەلماندنی هاوکۆکیی نێوان ئیسلام و دیموکراسی کە ناوی ناوە "ئیسلامۆفۆبیک" یان ڕایسیست کە دەرخەری ناهاوکۆکبوون یان دەرخەری جیاوازیی نێوان لێکدانەوە ئەرێ و نەرێ پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانە بۆ ئیسلام.

زۆرێک لە داڕێژەرانی سیاسەتیش ململانێ– ناپەسندن. ئیسلامییەکان حەزی ڕۆشنبیری خۆرئاوا وە سوود دەهێنن بۆ هاوکۆکی لەگەڵ بیرمەندەکانی خۆرئاوا و هەوڵی داڕشتنی سیاسەتی باشترکردنی بارودۆخی جیاوازییەکان دەدەن و بەتێکۆشان لە پێناو بەدیهێنانی زەمینەی هاوبەش لە پێناسەکان نەک لەسەر ئەرزی واقیع.

لەم تێکەڵییەوە پڕوپاگەندەی ئیسلامی پەیدا دەبێ (سەرهەڵدەدا)، نیشاندانی ئیسلام وەک ئاشتیخوازێک کە مافە مەدەنییەکان و تەنانەت لە شێوەی نالێبووردەییی کەمدا، هاوکۆک بێت لەگەڵ سەرجەم بەهاکانی دیموکراسی. کێشەکە ئەوەیە کە جیهانی ئازاد فەرامۆشیی ئەو لە تواناداپوونە دەکات کە ئیسلامی سیاسی دەتوانێ هەڕەشە لە دیموکراسی نەک تەنیا لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، بگرە لە خۆرئاواش، بکات. هاویشتنەسەری یاسادانان بۆ

ئیسلامی سیاسی ڕێزێکی دیموکراتییانەیە بۆ ئەو ئایدیۆلۆجی و ڕێژیمی سیاسییە کە دژ بە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییە.

ئەو ڕاگەیاندنەی ئیسپۆسیتۆ کە دەڵێ" وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە دەست بەهەڵوێستی یەک ڕەهەندی بۆ دیموکراسی بگرێت و دان بەڕەگەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینە لە ئیسلامدا بنێت.[٦٣] کە نیشانەی نەزانینێکی بنەڕەتییە لە دیموکراسی و ڕێنوێنییەکانی ئیسلام. ئەم بەرەنجامانەش لای ئیسپۆسیتۆ کەڵەکە دەبێ وەختێ ئیسپۆسیتۆ پەنجەی سەرزەنشتی ئاراستەی شەڕانگێزی و تیرۆریزمی فەندەمانتالیزمی ئیسلامی لە خۆرئاوا و ڕۆهەڵاتبوونی ئیدوارد سەعید، دەکات. ئەوە تەنیا شتێکی هەڵەیە لە پۆلەکانی قوتابخانە، بەڵام ئەشێ زۆر مەترسیدارتر بێت کاتێک ئەم بیردۆزە هەڵانە کاریگەری بەسەر سیاسەتی گشتییەوە دادەنێن.


سەرچاوەکان:

Middle East Quarterly Spring 2007 pp.71-79

2- http://www.meforum.org/1680/can-there-be-an-islamic-democracy

3- http://en.wikipedia.org/wiki/David_Bukay


هەواڵنامەی پێشڕەو

تێبینییەکانی وەرگێڕ:

١- لەم دەقەدا لە بریی وشەی شەهرەوەند نووسراوە شاروناد. بەبۆچوونی من لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت، یان هەڵەی فۆنەتیک بێت کە وا نووسراوە و من وەک مانا فارسییەکە نووسیومەتەوە و ڕاستم کردووەتەوە.

٢- من لەو حاڵەی کە دەیڤد بوکەی وڵاتی تورکیا بە دیموکراسی ناو دەبات ناکۆکم لەگەڵیدا. چونکە واقیعی ژیان لە وڵاتی تورکیا لە بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەی ستەمگەرانە و پێشێلکردنی ئازادییە سیاسییەکان و بێبەشبوونی نزیک بە بیست ملیۆن کورد لە بچووکترین مافە سەرەتاییەکانیان نیشانەی نادیموکراتیبوون و دیکتاتۆربوونی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییەیە لە تورکیا کە دەسەڵات بەڕێوە دەبات. هەروەها وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقیاش ئەگەر هەر ناوێک لە خۆیان بنێن بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع نە دیموکراتین و نە مافی مرۆڤیان تیا پارێزراوە.

٣- بورجی ئایڤی بورجێکە لە شاری نیویۆرک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

لەبارەی دەیڤد بوکەرەوە

دەیڤد بوکەر مامۆستا لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی حەیفا. دانەری کتێبی فەندەمەنتاڵی ئیسلامی و سیاسەتی کولتووری عەرەب، پسپۆڕ لە ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، پێوەندییەکانی ناوخۆیی عەرەب و پرسی

ئیسرائیل، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و فەندەمەنتاڵی ئیسلامی کێشە تیئۆرییەکان و پانتایی سیاسەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی سووریا بە ڕووی ئیسرائیل و لبنان.

دەیڤد بوکەی پشتیوانیی تێزی بەیەکدادانی شارستانەکانی سامۆییل هەنتگتۆن دەکات. دەیڤد کۆمەڵی کتێبی بەچاپ گەیاندووە لەوانە:

١- تێکڕای تیرۆریزم بەناوی خوا: دەرکەوتنی فەندەمەنتاڵیزمی ئیسلامی نوێ، مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سیاسەتە گشتییەکان، ئەپریل ٢٠٠٢.

٢- کولتووری سیاسیی عەرەبی - ئیسلامی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سیاسەتە گشتییەکان، ئەپریل ٢٠٠٣.

٣- ئێد: ئەژدیهاکانی محەمەد ڕابەری سەرتاسەری ڕادیکاڵی ئیسلامی بۆ گوێگرانی خۆرئاوا، گرین فۆرست، کتێبی بەلفۆر ٢٠٠٤.

٤- عەرەفات و بزووتنەوەی نیشتمانی فەلەستینی و ئیسرائیل، سیاسەتی دەمامک و دژبەیەک، نیویۆرک، چاپخانەی مێلن ٢٠٠٥.

٥- لە محەمەدەوە تا بن لادن، سەرچاوە ئاینی و ئایدیۆلۆجییەکانی دیاردەی خۆکوژی نیوبرۆنزویک، نیوجێرسی، ٢٠٠٨.

وتارەکان:

١- زایۆنیست، پۆست زایۆنیست و بسیود و زایۆنیست، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی چەپی ئاڵۆز و ڕاپەڕینی ئەلئەقسا، لە س شاران، ئیسرائیل و پۆست زایۆنیست، بریغتۆن، چاپخانەی ئەکادیمی سەسێکس، ٢٠٠٨.

٢- گرووپی ئاخۆرشی ئیسلامی نوێ لە دی بوکەی، ئەژدیهاکانی محەمەد.

ژێدەرەکان:

١- جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٢١١ - ٢١٢ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨-٢١.

٢- جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٢١١ - ٢١٢؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨-٢١.

٣- جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٢١١ - ٢١٢؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی

زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨–٢١. جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) بڵاوکراوەی هیومانیتیس تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠١.

٤– جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٤. جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ " گەوهەری دیموکراتی ئیسلام" وەرزنامەی میدیڵ ئیست ئەیلوولی ١٩٩٤ لاپەڕە ٧ _ ٨. جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٧ – ٣٠ و ١٨٦ ؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٤٩ – ٥٠؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام ڕێگەی ڕاست نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٤٥، ٨٣، ١٤٢ تا ١٤٨.

٥– جان ل. ئیسپۆسیتۆ " خەڵکی دەیانەوێ چی دەربارەی ئیسلام بزانن" چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٢ لاپەڕە ١٥٩ – ١٦١. جان ل. ئیسپۆسیتۆ " ئیسلامی هاوچەرخ" جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئۆکسفۆردی (مێژووی ئیسلام ) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٩ لاپەڕە ٦٧٥ _ ٦٨٠. جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٤٠.

٦– خشتەی وڵاتە سەربەخۆکان ٢٠٠٦" ئازادی لە جیهاندا، ٢٠٠٦ (واشنتۆن، دی سی: ماڵی ئازادی، ٢٠٠٦.

٧– جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٢٠٣ – ٢٠٤.

٨– جان ل. ئیسپۆسیتۆ " لایەنگرانی سکۆلاری لە زانایان" تۆماری مێژوویی خوێندنی باڵا، ٢٦ ی ئاخۆری ١٩٩٦.

٩– نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦.

١٠– جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٦–٨ و ٢٧ – ٣٠.

١١– لاری دایەمۆند، دیموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لەندەن چاپخانەی ئەدەمەنتاین ١٩٨٨ لاپەڕە ٢١٨–٢٦٠ ؛ لاری دایەمۆند و لیۆناردۆ مۆرلینۆ " چۆنایەتیی دیموکراسی" کۆواری دیموکراسی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤؛ ڕۆبەرت ئێ. داهی، ئیان شاپیرۆ، و هۆسەی ئەنتۆنیۆ شیباب، دیموکراسی کتێبی سەرچاوە کامبریج چاپخانەی MIT، ٢٠٠٣.

١٢– بڕوانە ڕۆبەرت ئەی. داهی لەبارەی دیموکراسی نیو هەڤنەوە، چاپخانەی زانکۆی یڵ، ١٩٩٨.

١٣– (ئیسپۆسیتۆ ئۆکسفۆردی مێژووی ئیسلام ) نیویۆرک، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٩ لاپەڕە ٦٦١– ٦٦٧؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام ڕێگەی ڕاست نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ١٣٧، ١٤١، ١٨١– ١٨٣، ٢٣١، ٢٤٥– ٢٤٦، جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٦– ٤٣٧.

١٤– ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسیی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام: مانا و پەیام لەندەن شورای ئیسلامی ئەوروپا ١٩٧٦ لاپەڕە ١٥٩– ١٦١.

هەواڵنامەی کتێب

١٥– ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی ڕێگەی ئیسلامیی ژیان دەلهی کتێبخانەی گشتیی ئیسلامی ١٩٦٧ لاپەڕە ٤٠. جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٦– ٤٣٧، ٤٤٠؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ١٢٥–١٢٦ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٣– ٢٦.

١٦– محەمەد یوسف، مەودودی: ڤۆناغی پێکهاتن کەراچی پەیامی گەردوونی ١٩٧٩ لاپەڕە ٣٥.

١٧– ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسیی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام. جان ج. دۆناهو و جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام لە کولتووردا: ڕوانینی ئیسلامی نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٢٨ لاپەڕە ٢٥٣.

١٨– جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ کرۆکی دیموکراسیی ئیسلام لاپەڕە ٧.

١٩– جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ١٢٦.

٢٠– تەقییەدین ئیبن تەیمیە مسئە في عقل والنفوس مجموعە فتوات شیخ الاسلام ابن تیمیة ریاض مطبعە الحکومة ١٩٩٦ جلد ٩ لاپەڕە ٤٧– ٤٩. ئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسیی ئیسلام لەگەڵ خورشید ئەحمەد ئیسلام لاپەڕە ١٤٩– ١٥١. سەید قوتب معالم في الطریق ئیندیانپۆلیس بڵاوکردنەوەی ئەمەریکەن تراست ١٩٩٠ لاپەڕە ١١١– ١١٣، ١٣٠– ١٣٧.

٢١– جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٧– ٣٠، ١٨٦ ؛ جان ل. ئیسپۆسیتۆ، چارەسەری ئیسلامییانە ئەفسانە یان ڕاستی؟ چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد لاپەڕە ٤٩–٥٠، جان ل. ئیسپۆسیتۆ ئیسلام ڕێگەی ڕاست نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦ لاپەڕە ٤٥ و ٨٣، جان ل. ئیسپۆسیتۆ و جەیمس پیسکاتۆری، ئیسلام و دیموکراتیزەیشن،" میدیڵ ئیست جۆرناڵ هاوینی ١٩٩١ لاپەڕە ٤٣٤.

٢٢– بۆ نموونە بڕوانە جەی مایکڵ وۆڵەر پرۆفیسۆری ئەننبێرگ بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پەیمانگەی سیاسیی جیهانی، بەیانامە لە بەردەم لێژنەی فەرعی لەبارەی تیرۆر و تەکنەلۆجیا و ئاسایشی نیشتمانییەوە، لێژنەی ئەنجوومەنی پیران لەبارەی دەسەڵاتی قەزائییەوە چواردەی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.

٢٣– کلیفۆرد ئێدمۆند بۆسوۆرس ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی نۆیەم لەبارەی شوراوە.

٢٤– ئێم بێرنارد بۆسوۆرس ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی سێیەم لەبارەی ئیجماعەوە.

٢٥– جۆزیف شاخت ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەیدەن ئی جەی بریڵ ١٩٦٠ بەرگی سێیەم لەبارەی ئیجتهادەوە.

٢٦– ڕۆبین ب. ڕایت شۆڕشی مەزنی ڕابردوو پشێوی و گۆڕان لە ئێران لەندەن ٢٠٠١ لاپەڕە ٢٥٦– ٢٧٣ و ٢٩٢–٢٩٩.

هەواڵنامەی کتێب

٢٧– ڕۆبین ب. ڕایت ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی دوو ڕوانین بۆ ڕیفۆرمکردنیان کۆواری دیموکراسی، نیسانی ١٩٩٦ لاپەڕە ٦٥– ٦٧.

٢٨– جان ئۆ ڤۆڵ: ئیسلام بەردەوامی و گۆڕان لە جیهانی مۆدێرن سیراکۆس، چاپخانەی زانکۆی سیراکۆس ١٩٩٤، لاپەڕە ٣٧٨– ٣٨٧.

٢٩– ڕۆبین ب. ڕایت ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی دوو ڕوانین بۆ ڕیفۆرمکردنیان، کۆواری دیموکراسی، نیسانی ١٩٩٦ لاپەڕە ٦٧.

٣٠– هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٧– ٧٥.

٣١– عەبدولکەریم سروش لە نێوان ئەوان و دژدا، چاوپێکەوتن، زانکۆی تاران حوزەیرانی شازدە و حەڤدەی ١٩٩٨ ؛ جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ نیشانکەرانی ئیسلامی هاوچەرخ، ئۆکسفۆرد، چاپخانەی ئۆکسفۆرد ٢٠٠١ بەشی حەوتەم.

٣٢– عەبدولکەریم سروش هۆکار و ئازادی و دیموکراسی لە ئیسلامدا، نووسینە بنچینەییەکانی عەبدولکەریم سروش، ئۆکسفۆرد، چاپخانەی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٢٣– ١٥٥.

٣٣– هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٤٥– ٢٧٤.

٣٤– نیویۆرک ؛ فارار، ستراوس و جیرۆکس، ٢٠٠٣.

٣٥– ئۆکسفۆرد: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد.

٣٦– نیویۆرک: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦.

٣٧– فێڵدمان. دوای جیهاد لاپەڕە ٢٢٢– ٢٢٧؛ دیموکراسیی ئیسلامی لە عێراقی نوێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ نوح فێڵدمان فرۆنتلاین خزمەتگوزاریی وەشاندنی گشتیی ئەیلوولی ٣٠ ی ٢٠٠٣.

٣٨– هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨٢.

٣٩– فەتواکانی یوسف ئەلقەرەزاوی، وەرزنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هاوینی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٧٨– ٨٠.

٤٠– فێڵدمان دوای جیهاد لاپەڕەکانی ٢١٠–٢٢١ و ٢٢٨– ٢٣٠ و ٢٣٤.

٤١– فێڵدمان. دوای جیهاد لاپەڕە ٢٢٢– ٢٢٧؛ دیموکراسیی ئیسلامی لە عێراقی نوێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ نوح فێڵدمان فرۆنتلاین خزمەتگوزاریی وەشاندنی گشتیی ئەیلوولی ٣٠ ی ٢٠٠٣.

٤٢– نیویۆرک: پرایگەر ١٩٩٨.

٤٣– نیویۆرک: پرایگەر ٢٠٠٥.

٤٤– سامۆییل هەنتگتۆن، بەیەکدادانی شارستانییەکان دووبارە دروستبوونەوەی جیهانی نوێ نیویۆرک سایمن و شوستەر، ١٩٩٦.

٤٥– شیرین هەنتەر، داهاتووی ئیسلام و خۆرئاوا، لاپەڕەکانی ١٩– ٢٨ و ١٠٦– ١١٤.

٤٦– ئانا جۆردن پرەنسیپەکانی دیموکراسی خۆرئاوا و ئیسلام سایتی (Submission.org) کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ بینراوە.

٤٧– ولیەم ئیبنستین و ئێدوین فۆگلمان تەدابیری کۆمەکی نێونەتەوەیی کۆمۆنیزم، فاشیزم، سەرمایەداری ئیمگلوود نیوجێرسی برێنتس هۆڵ ١٩٨٠ لاپەڕە ١٧٠– ١٧٨.

٤٨– قورئان 2:190-3; 2:215; 2:272; 3:26; 3:159; 3;195; 4:49-50; 4:52-3; 4:73; 4:71; 4:76;

4:100; 4:135; 9:20; 9:120; 10:98-9; 17:36; 17:53; 25:55; 31:18-9; 38:22-4; 38:26; 42:38; 45:18; 49:11-3.

٤٩–گودرۆن گرامەر، تێگەیشتنە ئیسلامییەکان لە دیموکراسی، ڕاپۆرتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەمووز– ئابی ١٩٩٣.

٥٠– فارس جەدعان تێگەیشتنەکانی دەوڵەت لە نووسینە سیاسییەکانی عەرەبی هاوچەرخ چاپی لوسیانی. دەوڵەتی عەرەب لەندەن ڕاوتلێچ ١٩٩٠، لاپەڕە ٢٤٧– ٢٨٣. حامد عینایەت، بیری سیاسیی ئیسلامی مۆدێرن ئەوستن چاپخانەی زانکۆی تیکساس، ١٩٨٢ لاپەڕە ٦٩– ١٣٩.

٥١– ئەحمەد ئیسلام، مانا و پەیام، لاپەڕە ١٥٩–١٦١.

٥٢– ڕیجارد میشێڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین نیویۆرک چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٦٩، لاپەڕە ٢٠٩– ٢٩٤.

٥٣– حەسەن ئەلبەنا، پێنج نامیلکەکەی حەسەن ئەلبەنا بێرکلی، چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا ١٩٧٨، لاپەڕە ١٤٢– ١٥٤.

٥٤– سەید قوتب معلم علی الطریق کاراچی، بڵاوکراوەی ئیسلامی نیونەتەوەیی ١٩٨٨، لاپەڕە ٧٣– ٧٨، ٨٠– ٨١، ١١٢. سەید خەتاب بیری سیاسی، سەید قوتب بیردۆزی جاهیلیەت لەندەن ڕاوتلێچ ٢٠٠٦.

٥٥– ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی بیردۆزەی سیاسیی ئیسلام لاهۆر لە بڵاوکراوەی ئیسلامیی ١٩٧٦ لاپەڕە ١٣، ١٥–١٧، ٣٨، ٧٥– ٨٢.

٥٦– ئەبوئەلعەلا ئەلمەودودی خۆکوژی شارستانیی خۆرئاوا لەگەڵ وەقار ئەحمەد غاردیزی و عەبدول وەحید خان خۆرئاوا ڕووبەڕووی ئیسلام نیودەلهی لە بڵاوکراوەی نێونەتەوەییی ئیسلامی ١٩٩٢ لاپەڕە ٦١– ٧٣.

٥٧– جنێڤە عەبدلئیلاهە ئیللەللاە میسر و سەرکەوتنی ئیسلام ئۆکسفۆرد، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ٢٠٠٠ لاپەڕە ١٠٧– ١٣٦.

٥٨– پەیمانگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوەی میدیا زنجیرەی تایبەت ژمارە ١٢٨٥ ئەیلوولی ٢٠٠٦.

٥٩– سامۆئیڵ پ هەنتگتۆن ئاخۆ وڵاتانی تر دەبنە دیموکراسیی وەرزنامەی زانستی سیاسی هاوینی ١٩٨٤ لاپەڕە ٢١٤. گیڵ کەپەڵ تۆڵەی خوا زانکۆی پارک چاپخانەی زانکۆی پێنسڤێلیا ١٩٩٤، لاپەڕە ١٩٤.

٦٠– بێرنارد لویس ئیسلام و دیموکراسی لیبراڵی کورتەیەکی مێژوویی کۆواری دیموکراسی نیسانی ١٩٩٦، لاپەڕە ٥٢.

٦١– هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٣– ٥٧.

٦٢– هیشام شەرابی نیوپاتریراشی بیردۆزی لەنێوبردنی گۆڕان لە کۆمەڵگەی عەرەبی، نیویۆرک، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٨٨، لاپەڕە ١٣٦.

٦٣– جان ئۆ ڤۆڵ و جان ل. ئیسپۆسیتۆ (ئیسلام و دیموکراسی) نیویۆرک، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ١٩٩٦، لاپەڕە ٣١.

# شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب
# ١٩١٦ - ١٩٢٥

سەلاح ئەلئیمام

١ لە ٢

---

زۆرداریـیـەکـانی تورک فـەرشی خـەونەکـانی ئازادیی لە بەردەم سـوپاکـەی شـەریف ئەلحـوسـێن ڕاخستبوو.. قەرزە زۆرەکان و کۆمەڵکوژییەکانی جەمال پاشا لە شام فاکتەرێکی گرینگی شۆڕش بوو بە ڕووی دەسەڵاتی عوسمانیدا..

شۆڕشـە مەزنەکەی عەرەب لە سـاڵانی ١٩١٦ هەتا ١٩٢٥ پێش زۆرترین شۆڕشەکانی سەردەمی نوێ بوو. کـە باسی ئەو شـۆڕشـەش بکرێت لاپەڕەیەکی مێـژووی گرینگ لە مێـژووی ئیسـلامی و عـەرەبی هەڵدەدەیتـەوە، کە لە مـاوەی نێوان ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمـانی کە لە ٢٣ی یۆلیـۆی سـاڵی ١٩٠٨ هەتا کـۆتاییی جـەنگی جیـهـانیی یەکـەمی سـاڵی ١٩١٨ دەگرێتـەوە. ئەو شـەڕەی کە ئیمـپراتۆریەتی عـوسـمـانی هاوشـانی ئەڵمـانەکان بەشـدارییـان تێدا کـردبوو، بۆیەش لەو شـەڕەدا هەمـوو شـتـەکـانیـان دۆڕاند وەک دەسـەڵات و دەوڵەت و هەمـوو قـەڵەمـڕەوییـەکـانیـان لە وڵاتانی عـەرەبیدا. لەو رەوشـەدا کە بارێکی ئاڵۆز وڵاتانی عـەرەبی پۆشیـبـوو، لەودەمـانە چەندین کۆمـەڵەی هـزری نەتەوەیی پەیدا دەبێت، هـەر لەو وڵاتانـەدا چەندین بڵاوکراوەی بەرنامەسازیی نوێی هاوشانی ڕۆژنامە کۆنەکان دەردەچوون، بەتایبەتی لە سووریا و لبنان و میسر، هزری نەتەوەییی عـەرەبییش وەک ئاگـری ناو پووش بڵاو دەبێـتـەوە، هەمـوو سـیـاسـەتوانـەکان و رووناکـبـیـرەکـان بیـریان لەوە دەکردەوە چۆن لە پێستی عوسـمـانییەکان داماڵێن و دەربچن، لەودەمـانە لە وڵاتانی عـەرەبی وەک میـسر و شـام و حـیـجـاز و یەمـەن و هەندێ لە پایەتەختی ئەوروپایی و ئەمـەریکایی چەندین یانە و کـۆمـەڵەی هـزری نەتەوەیی سـەریان هەڵدابوو، ئەوانـەش داوای جیـابوونەوە و سـەربەخـۆییـان لە ئیستیعماری تورکی ڕاگەیاندبوو.

..................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

## کۆنگرەی پاریس

لە پاریس لاوانی عەرەب بۆ شرۆڤەکردن و دانوستاندن لەسەر جیابوونەوە لە حوکمی عوسمان کۆ دەبنەوە، لەوێیەوە پێوەندی دەکەن بەو بزاڤ و حزبانەی رامانی سەربەخۆییان هەبوو، لەوانە حزبی لامەرکەزی لە میسر، بۆ بەشداربوونیان لەو کۆنگرەیە کە لە رۆژی ١٨ی یونیۆی سالّی ١٩١٣ دەبەسترێت بانگ دەکەن، کۆبوونەوەکان لە هۆلّی کۆمەلّەی جوگرافیایی لە پاریس دەگیرێت و هەتا رۆژی دووشەمی ٢٣ی یۆنیۆ بەردەوام دەبێت، کە تێدا بڕیار لەسەر دە بەیان دەدەن، کە هەموویان باس لە کێشە و دۆسیەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەولّەتی عوسمانی بوون. حکوومەتی ئەستانە لە سەرەتادا دژایەتیی کۆنگرەکە و بڕیارەکانی کۆنگرەکە دەکات، بەلاّم دوایی کۆمەلّەی ئیتیحاد و تەرەقی وەک نوێنەریان کەسێک بۆ دانوستاندن لەگەلّ سەرپەرشتیاری کۆنگرەکە رەوان دەکەن، تێدا رێک دەکەون لەسەر هەندێ لە داواکانیان، ئیتر لە رۆژی ٣ی ئۆگستی سالّی ١٩١٣ مەرسوومێکی سولّتانی دەردەچێت، کە تێدا هەندێ لەو چاکسازییانە دەکەن، کە نەتەوەیییەکان داوایان کردبوو، لە رۆژی ٢٨ی ئۆکتۆبەردا سەرۆکی کۆنگرەی عەرەبی عەبدولەجید ئەلزەهراوی لە پاریسەوە دەگاتە ئەستانە، لەوێیەوە دانوستاندن لەگەلّ ئیتیحادییەکان دەکات.

## شەڕە گەورەکە

لە رۆژی ٢٨ی مانگی یۆنیۆی سالّی ١٩١٤ ئەرشیدوق فرانسیس فردیناندی جێنشینی نەمسا کە هەنگاریاش بەشێک بوو لەو ئیمپراتۆریەتییە لە سرایێڤۆی پایەتەختی سربیا دەکوژرێت، نەمسا وا مەزندە دەکات کەوا بکوژەکە جافریلو پرنسیب پێوەندیی بە حکوومەتی سربیاوە هەیە، بۆیە شەڕی دژ رادەگەیەنێت، بەوەش جەنگی یەکەمی جیهانی هەلّدەگیرسێت. کە شەڕەکە روو دەدات هەریەک لە فرەنسا و بەریتانیا و رووسیا پشتیوانیی دەولّەتی سربیا دەکەن، کە بە بەرەی هاوپەیمانی دەناسرێت، دژ بە هێزەکانی ناوەند، کە بریتی بووە لە نەمسا و هەنگاریا و ئەلّمانیا کە بەرەی ناوەند دەناسرێن، ئینجا تورکیا هاوپەیمانیی خۆی لەگەلّ ناوەند رادەگەیەنێت. پاشان ولاّتانی تریش دەچنە پالّ هاوپەیمانەکان. بەرەنجامی شەڕەکە هیچ لە ولاّتانی شەڕکەرەکە نەیاندەزانی چۆن دەبێت، چونکە ئەو شەڕە بوو کە ئیمپراتۆرەکانی نەمسا و هەنگاریا و ئەلّمانیا و رووسیای رووخاند، هەروەها ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش رووخا و ئەورووپاش وەک نەخۆشێک دوا هەناسەی دەدا.

## قەرزی زۆر

لەبەر رەوشی شەڕەکە، دەبوایە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکرێتە شەش هەرێمی سەربازی، هەر شوێنێکیش سوپایەکی تێدا بێت، بارەگای سوپای چوارەم لە دیمەشق بوو، کە سنووری دەسەلاّتەکەی لە باشووری تەرتووسەوە هەتا یەمەن درێژ بوو، سەرەتا سەرکردایەتیی ئەو

سوپایەش فەریق زەکی پاشا حەلەبی بوو، دوایی گۆڕا بە ئەحمەد پاشای وەزیری حەربییەی ئەودەمانە، ئەویش یەکێک بوو لە سەرکردەی ئیتیحادییەکان. ئەو لە رۆژی ٥ی دیسمبەر دەگاتە دیمەشق، بەو بۆنەیەش ئاهەنگێکی مەزنیان بۆ کردبوو. جەمال پاشا کەسێکی زۆردار بوو، سەدان کەسی دەگرت و لەسێدارەی دەدان، ناوی ئەو لە هزر و هۆشی خەڵکی سووریا و لبنان هەتا ئێستاش هەر ماوە، وەک رەمزی زۆرداری و چەوسانەوەیە، لە هەفتەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا سەدان عەرەبی ریفۆرمخوازی لەسێدارە دابوو، ئەوانەی داواکاریی پێوەندیی پتەوی نێوان عەرەب و تورکیا بوون و مەبەستیان بوو شەریعەی ئیسلامی ببێتە رێبازی دەوڵەت. جەمال پاشا دیوانی باڵای عورفیی دانابوو، کە برێتی بوو لە دوو دەزگا، دەزگای لێکۆڵینەوە و دەزگای قازییەکان، کە تێدا دانیشتنەکانی هیچی بەئاشکرا نەبوون، بەرگری و مورافعاتی تێدا نەبوو، بەشێکی ئەشکەنجەدانیشی هەبوو، کە چەندین شێوەی ئەشکەنجەی دڕندەی تێدا بوو، قوربانییەکانی ئەو دیوانەش سەدان کەس دەبوون، کە زۆربەیان گەنجانی تەمەن ژێر بیست ساڵی بوون، هەتا ئەوانەی تەمەنیان سەرووی حەفتا ساڵیش بوو، کە بە شێوەی وەحشانە لەسێدارە دەدران. کۆمەڵکوژییەکانی ئەو حاکمە هەموو عەرەبی ترساندبوو، بۆیەش زۆریان بەرەو میسر و عێراق و حیجاز رایان کردبوو، بەوەش رای گشتیی عەرەبی بۆچوونیان لەسەر تورک دەگۆڕێت و داوای تۆڵەکردنەوەیان دەکرد، شاعیرە عەرەبەکانی وڵاتانی عەرەبی، بە چامە شیعرییەکانیان ماتەمینیی خەڵکەکەیان دەنووسییەوە، جۆشی بزاڤی رزگارییان هان دەدا، هەموو مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی زوڵم و زۆردارەکانی تورک فاکتەری سەرەکیی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە بوو.

## ئامادەکاری بۆ شۆڕش

لەودەمانەی شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی گیانی ئەو خەڵکەی دەدورییەوە، حەوت ساڵیش بوو شەریف ئەلحوسێن وەک شەریفی مەکە دەستبەکار بوو، لە پایزی ساڵی ١٩١٥ ئیتیحادییەکان لە وڵاتی شام و میسر و حیجاز چالاکییەکان گەشەی دەکرد، بەڵام شەریفی مەکە دژایەتییان دەکات و بواریان نادات دەست لە کاروباری دەوڵەت وەربدەن، بۆیەش ئەوان لە رۆژنامەکاندا هەڵمەتێکی گەورەیان بە رووی ئەودا بەرپا کردبوو، لە مەڵبەندی گشتیی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئەستانە شکایەتیی لێ دەکەن، بەڵام کاردانەوەیەکی ئەکتیڤی نابێت.

پۆستی شەریفی مەکە لە دوا رۆژەکانی حوکمی عوسمانییەکان تەنیا سەرپەرشتیی بنەماڵەی ئەبی نومای دەکرد، ئەوانیش لە سەردەمی هەڵمەتە میسرییەکە بۆ سەر حیجاز لەسەر دەستی محەمەد عەلی پاشاوە فەرمانڕەواییی ئەو دەڤەرەیان کردبوو، لەودەمانەش شەریفەکەش، ئەلحوسێن پاشای کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی محەمەد عەبدولموعین بوو. لە پایزی ساڵی ١٩١٥ ئەمیر فەیسەڵی کوڕی شەریف ئەلحوسێن بۆ شکایەت لە بوونی پلانێک بە چاودێریی ئەستانە بۆ باوکی سەردانی ئەستانە دەکات، ئەوانیش ئەو پلانە بەڕێککەوت لەناو بەڵگەنامەکانی وەهیب پاشای والیی حیجازەوە زانیبوو. لەوێ ئەمیر فەیسەڵ داوا لە دیوانی باڵا دەکات

زیندانییەکان ئازاد بکەن، کە پاشان لە ڕۆژی ٦ی مایوی ساڵی ١٩١٦ لەسێدارە دران. ئەو لەوێ گلەییی زۆر لە سیاسەتی جەمال پاشا دەکات کە دژایەتیی عەرەب دەکات، ئەمیر فەیسەڵ وتبووی ناکرێ عەرەب لەو هەڵسوکەوتەی ئەو بێدەنگ بن، ئەو پەیامێک دەداتە سەعید حەلیم پاشا کە پۆستی سەدری ئەلعەزەمی هەبوو، تێدا هەموو داواکارییەکانی عەرەبی بۆ ئازادی و سەربەخۆییی خستبووە ڕوو، داواشی کردبوو کەوا ئەوان ئامادەن پشتیوانیی دەوڵەت بکەن، ئەگەر سەربەخۆییی حیجاز لەسەر بنچینەی لامەرکەزی بێت، شەریف ئەلحوسێنیش بکەنە ئەمیری حیجاز و ئەمیریایەتیش پاش ئەو، بە میرات بۆ منداڵەکانی شەریف ئەلحوسێن بمێنێتەوە. بەرەنجامی ئەو سەفەرە وەهیب پاشا لە والیی حیجاز نامێنێت، ئەوەی پلانی لەگەڵ ئیتیحادییەکان کردبوو بۆ کوشتنی شەریف ئەلحوسێن، ئینجا ئەمیر فەیسەڵ لەوێیەوە بەرەو دیمەشق بەڕێ دەکەوێت، کە جەمال پاشا پێشوازیی گەرمی دەکات، چونکە ڕەوشەکە ئارامکردنەوەی ناوچەکەی دەویست، لە دیمەشقەوە بە هاوشانی جەمال پاشا ئەمیر بەرەو قودس بەڕێ دەکەوێت و سەردانی مەیدانی شەڕەکانی سیناش دەدات، وتارێکی بەجۆشیش بۆ شەڕ و جیهادیان پێشکێش دەکات، لەوێ دەڵێت بە سەرکردایەتیی سوپایەکی گەورەی گیانفیدایییان دەگەڕێمەوە تا هاوشانی ئێوە بەشداریی شەڕەکە بکەم.

## مەملەکەتی عەرەبی

پاش ئەوەی ئەمیر دەگەڕێتەوە دیمەشق دیمانەی پیاوانی کۆمەڵە نهێنییەکان لە دیمەشق دەکات، هەموو دیمانەکانیش نیوە شەوانە و بەنهێنی بوون، ڕەوشەکەش لەو شارە ئاڵۆز و بەرەڵا بوو، بۆچوونی واش هەبوو کەوا کار بکەن هاوکاریی دەوڵەتی عوسمانی بکەن تا بتوانێت لە زەبری داگیرکەرانی ئەوروپایی خۆیان بپارێزین، بەڵام لەبەر زوڵم و زۆرداریيەکانی سەرکردەکانی تورک ڕەوشێکی نارەزایی و قینی بە ڕووی تورکەکان لەلایەن خەڵکەکە هەبوو. ئەمیر فەیسەڵ لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٥ بەجۆش و چالاکییەوە دەگەڕێتەوە مەکە، پاش چەند ڕۆژێک دەگاتە تایف، لەوێ باوکی و هەردوو براکەی عەبدوڵڵا و عەلی دەبینێت، هەر چواریان و دوور لە بەرچاوی جاسووسەکان کۆبوونەوەیەک دەکەن، تێدا بڕیار دەدەن بۆ دژایەتیی تورکەکان هاوکاریی ئینگلیز بکەن، لەودەمانەش نوێنەرانی ئینگلیز لەگەڵ شەریف ئەلحوسێن هاتوچۆیان بوو تا هاوکارییان بکەن بۆ دژایەتیی عوسمانییەکان، ئەوانیش بەڵێنیان دەدا بۆ ڕزگارکردنیان لە ستەمی عوسمانییەکان، تورکەکانیش چواردەورەی شەریفیان پڕ جاسووس کردبوو، بەردەوامیش چاویان لە چالاکییەکان بوو و هەناسەیان دەژماردن. لە مانگی یەنایری ساڵی ١٩١٦ ئەمیر فەیسەڵ لەگەڵ پەنجا سواری بڕواپێکراوی خۆی دەگاتە دیمەشق، لەوێ پێوەندی دەکاتەوە بە ڕووناکبیرانی عەرەب، بەیەکەوە باس لە شیمانەی بەرپابوونی شۆڕش دژ بە تورکەکان دەکەن. لە مانگی فیبرایەری هەمان ساڵ ئەنوەر پاشای وەکیلی سەرکردایەتیی گشتی دەگاتە دیمەشق، ئینجا ئەمیر و ئەنوەر پاشا بە هاوڕێیەتیی جەمال پاشا دەگەڕێنەوە حیجاز، کە دەگەنە مەدینەی منەوەرە حەز

دەکەن شەریف ئەلحوسێن ببینن، هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کەوا ئەنوەر پاشا مەبەستی لەو سەردانە گرتنی شەریف ئەلحوسێن بوو، تا نەفیی بکەن و دادگاییشی بکەن، ئەگەر داواکانیان رەفز بکاتەوە. پێوەندییەکانی نێوان شەریف ئەلحوسێن و ئەنوەر پاشا بەردەوام دەبێت، کە تێدا شەریف داوا دەکات لێبووردنی گشتی بۆ زیندانە سیاسییەکان دەربچێت و ئازاد بکرێن و مەکە بکرێتە ئیمارەتێکی سەربەخۆ و منداڵەکانیشی بە وەراسەت والی بن، بەڵام جەمال پاشا پلان لە فەیسەڵ و عەلیی برای دەگێڕێت و هەردووکیان وەک دیل راپێچی دیمەشق دەکات، بەڵام فەیسەڵ دەتوانێت لەو پلانە دەربازی ببێت، بەڵام پێوەندییە نهێنییەکانی نێوان فەیسەڵ و براکەی و باوکی دەمێنێت، ئەو بەردەوام لە رووداوەکانی دیمەشق ئاگەداریان دەکاتەوە، باس لە دوا گۆڕانکارییەکانی تورکیایان بۆ دەکات، ئیتر بریار دەدەن شۆڕشەکە هەڵگیرسێنن. هاوکات شەریف ئەلحوسێن پێوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان بەردەوام بووە، کونسوڵی راوێژکاری ئینگلیزەکان سیر هنری مکماهۆنی موعەتەمەدی بەریتانی لە میسر بووە، کە پۆستی رەسمیی جێگیری پاشا بوو، ئەویش شەریف بۆ شۆڕشەکە هان دەدات، لەوێش پشتیوانیی بەریتانیای بۆ عەرەب پێ رادەگەیەنێت، کە مەبەستیانە عەرەب لەبن دەسەڵات و زوڵمی تورکەکان دەربهێنن و بەڵێنی ئیمارەتی مەکەشی پێ دەدات، ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن و سووریاش بداتە کوڕەکانی، بۆیە شەریف ئەلحوسێن بەو بەڵێنانە پێ دەدرێت بۆ بەردەوامبوون لە سازییەکانی شۆڕشەکەیان.

## بڵێسەی شۆڕشەکە

یەکەم بڵێسەی شۆڕشی عەرەبی لە رۆژی ١٠ی یۆنیۆی ساڵی ١٩١٦ لە مەکە دادەگیرسێت، کە تێدا لە کازیوەی ئەو رۆژەدا سەربازەکانی شەریف ئەلحوسێن هێرش دەکەنە سەر قشلەی سەربازی لە جرول، لەودەمانە سەربازە تورکەکان خەریکی مەشقی بەیانیی خۆیان بوون و ئاگایان لە هیچ نەبوو، سازکاری شەڕیش نەبوون، هەر لەو رۆژەدا هێزێک کە برێتی بوو لە چوار هەزار سەربازی سەر بە شەریف ئەلحوسێن هێرش دەکەنە سەر ئۆردی تورکەکان لە شاری جەدە، لە رۆژی ١٣ ی یۆنیۆش سێ پاپۆڕی شەڕکەری بەریتانی بە خەستی بۆردمانی ئۆردی تورکی لە جەدە دەکات، لە رۆژی ١٤ ی یۆنیۆش فڕۆکەکانی بەریتانی پەیامی تەسلیمبوون فڕێ دەدەنە سەر سەربازگەکانی تورک و داوایان لێ دەکەن چەکەکانیان فڕێ بدەن و ئاڵای تەسلیمبوون لەسەر ئۆردییەکانیان بەرز بکەنەوە، بۆیە سەربازگەکە کە ١٣٤٦ سەرباز و ٤٧ ئەفسەری تێدا بوون تەسلیم دەبن، کە جۆران چەک و تۆپ و تەقەمەنییان پێ بوو. لە رۆژی ٢٧ ی مانگی یۆنیۆی ساڵی ١٩١٦ کۆلۆنێلی ئینگلیز ولسن پاشای حاکمی پوورسوودان وەک نوێنەری سەردار ونجت لە سوودان دەگاتە جەدە، کە نامەیەکی پیرۆزباییی سەرکەوتنەکانی بۆ شەریف ئەلحوسێن هێنابوو، هاوکات لەگەڵ پیرۆزباییەکە بۆ پشتیوانیکردن هێزێکی ٣٢٠ سەربازی و ژمارەیەک تۆپ و سێ هەزار تفەنگیشی بۆ هێنابوو.

بەهەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە ئیتیحادییەکان شپرزە دەبن بەتایبەتی جەمال پاشا کە زۆر

سەخڵەت بووبوو، چونکە هەستی بەوە کردبوو کەوا ئەلحوسێن و منداڵەکانی فێڵیان لەو کردووە، پارە و چەکێکی زۆریان لەو وەردەگرت، ئینجا شۆڕشیان لەسەر دەکەن، لەوانە بەسری پاشا کە پارێزگاری مەدینە یەکەم کەس بوو کە هەستی بەوە کردبوو، کەوا ئەو راستییە هەیە و دەرکی پێ کردبوو، بۆیەش زوو داوای لەناوبردنی ئەلحوسێن و منداڵەکانی کردبوو، قسە ناودارەکەی لەودەمانە بوو کردبوو کە وتبووی: زیرەکیی عەرەب بەسەر زیرەکیی تورکی سەرکەوت. فەخری پاشا کار دەکات ئۆردییەکەی خۆیان باش ساز بکات و خۆی بۆ شەڕی عەرەبەکان هەتا دوا قۆناخ ساز دەکات، بۆیەش فەرمان دەدات بەزووترین کات سوپا سەربازییەکانی نزیک دیمەشق بەرەو حیجاز بەڕێ بکەون و بگەنە هێزەکانی فەخری پاشا، ئیتیحادییەکانیش بیریان لەوە کردبووەوە کەوا شەڕەکەی عەرەب بە عەرەبەکان بکەن، بەرنامەڕێژی بکەن یەکڕیزیی عەرەبەکان لەت بکەن و ناکۆکییان لەناودا بچێنن، بۆیە حەیدەر پاشای وەکیلی ئەنجوومەنی پیرەکانی عوسمانی و وەزیری ئەوقافی پێشوو دەهێنن و دەیکەنە شەریفی مەکە، چونکە ئەو پێوەندی و دۆستایەتیی باشی لەگەڵ ئیتیحادییەکان هەبوو، ئەو بە ترێنێکی تایبەتی لە ئەستانە دەبەنە دیمەشق و لەوێش بەرەو مەدینەی منەوەرە بەڕێ دەکەوێت، لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٦ بە چەندین سەربازی دەوری دەدەن و پشتیوانیی دەکەن و شارەکەی بۆ دەکەنە پایەتەختی ئیمارەتەکەی.

هەواڵی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە نەک لەناو تورکەکان دەنگ دەداتەوە و بەس، بگرە فرەنسییەکان و ئەڵمانەکان و لە نەمساش دەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە پاریس وەفدێک بەچەندین دیارییەوە رەوانەی مەکە دەکات، کونسوڵی ئەڵمانیا و نەمساش لە دیمەشق سەردانی جەمال پاشا دەکەن، لەوێ نیگەرانیی خۆیان بەو ڕەوشە رادەگەیەنن، بەڵام جەمال پاشا پێیان دەڵێت: کەوا بزاڤەکە هیچ نییە و جووڵانەوەیەکی سنووردارە و بەخێرایی دادەمرکێتەوە و دەڵێت فەرمانیش بە هێزەکانی دەدەم بەزووترین کات بزاڤەکە لەناوبەرن و شەریف ئەلحوسێن بگرن و ئینجا لە دیمەشق لەبەر دەروازەکەش لەسێدارەی دەدەین، وەک چۆن سەدان کەسیان زووتر بە پەتەوە کردووە. بۆیە هەردوو میوانەکە بەدڵنیاییەوە لەلای جەمال پاشا دەردەچن، کەوا شۆڕشە کاتییەکە زوو دادەمرکێتەوە، ئەوانیش وا دەزانن ئەو بەرپرسە لەو قسانەدا دیارە کەوا دەتوانێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات. لەودەمانەدا سەرکردە سەربازییەکەی ئەڵمانەکان لەسەر هەڵگیرسان و رۆژەڤیی ئەو شۆڕشە وتبووی:

لەبەرئەوەی تورکەکان جێگەی ڕێزی هەموو موسڵمانەکانی جیهانن و ئەوان خەلافەتی ئیسلامییان دەکرد، زۆریشمان بۆ کردوون، بەرگەی زۆریشمان لەگەڵ ئەواندا کرد، بۆیە پاش ئەوەی شەریفی مەکە لە دەسەڵاتەکەی ئەوان دەرچوو، هیچی ترمان بۆ ناکرێت، چونکە ئەو یەکێکە لە گەورە پێشەواکانی موسڵمان و ئەندامێکی گەورەی بنەماڵە دیارەکانی موسڵمانانە، ئەوەیان گران دەکەوێتەوە، بۆیە ئێمە وەک ئەڵمان ناچارین چاو بە هەڵوێستەکانم دابخشێنینەوە و دەبێ کۆشش بکەین تورکەکان لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە.

لەودەمانەی شەریف ئەلحوسێن کۆششی دەکرد زۆرترین خەڵک دژی عوسمانییەکان و تورک هان بدات، پشتیوانیی هاوپەیمانەکان دژ بە تورک رادەگەیەنێت، لەودەمانە کۆبوونەوە نهێنییەکان لە نێوان رووسیا و ئینگلتەرا و فرەنسا بۆ بەشکردنی موڵک و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەو ناوچانەدا بەردەوام بوو، بەوەش ئینگلتەرا و فرەنسا بەشە عەرەبییەکانیان لەو موڵکانە دەست دەکەوێت، شەریف ئەلحوسێنیش پێوەندییەکانی بۆ سازکردنی شەڕەکە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی مەزنی عەرەبی لەگەڵ ئینگلتەرا بەردەوام بوو، کە سنوورەکەی بێجگە لە حیجاز وڵاتی شام و عێراقیشی تێدا بێت، ئەویش ببێتە پاشای ئەو مەملەکەتە و پاشان کوڕەکانی ببنە پاشای دوارۆژ. پێوەندی و هاتوچۆیەکانی شەریف ئەلحوسێن و ئینگلیزەکان هەژدە مانگی خایاندبوو، کە لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٤ هەتا مانگی یۆنیۆی ساڵی ١٩١٦ بەردەوام بوو. لەودەمانەدا بەڵێنی زۆری لەوان وەرگرتبوو، کە وڵاتی مەزنی ئەو سەردەمە بوو، لەودەمانەی نوێنەرایەتیی شەریف ئەلحوسێن و ئارسەر مکماهۆنی مەندوبی بەریتانی و جێگری پاشا لە قاهیرە بۆ دانانی بنچینەکانی گەشەسەندن و ئاوەدانییەکانی عەرەبی پاش کۆتاییی شەڕەکە دادەنرا، لەولاشەوە هەر لە قاهیرە دانوستاندن لە نێوان سیر مارک سایکسی مەندوبی سامی بەریتانی لە خۆرهەڵاتی خواروو و مسیو جورج بیک و مەندوبی فرەنسی بۆ خۆرهەڵاتی خواروو بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەییی عەرەبی و دابەشکردنی ناوچەکە بەردەوام بوو، ئەو دانوستاندنەش بە سەرپەرشتیی مستر سازانوفی موعەتەمەدی گشتیی رووسەکانی قاهیرە بوو، بەڵام ئینگلیزەکان بۆچوونی نەیاریان لەسەر دانوستاندنەکەدا هەبوو، هەروەها جۆران فێڵ و پلانگێڕیش لە ئارادا بوو. رووسیا و ئینگلتەرا و فرەنسا رێککەوتننامە مێژووییەکە لە رۆژی ٤ی مانگی مارسی ساڵی ١٩١٥ لە شاری پترسبۆرگ مۆر دەکەن، کە تێدا دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، ئەو رێککەوتننامەیە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧ بەنهێنی دەمێنێتەوە، هەتا لە رۆژنامەی پراڤدا بڵاو کرایەوە، کە بڕگەی سێیەمی ئەو رێککەوتننامەیە دەسەڵات و سامانە عوسمانییەکە لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن کە رووسەکان ناوچەکانی قەوقاز و فرەنسییەکان کەنارەکانی شام لەوانە سووریا و لبنان و میسر و دوورگەی عەرەبی و عێراقیش بەر ئینگلیزەکان دەکەوێت، بەڵام تێدا فەڵەستین ئیدارەیەکی تایبەتی دەبێت.

## عەرەب لە تورک رزگاریان دەبێت و خەبات دژی خۆرئاوا دەکەن

پێش ئەوەی عەرەب خۆی ساز بکات، شەریف ئەلحوسێن شۆڕشەکەی راگەیاندبوو، عەرەب ئامادەکاریی لە رووی چەک و تەقەمەنی نەبوو، نەدەکرا بە رووی دەسەڵاتە تۆکمەکەی تورکەکان بوەستن، کە شارەکانی حیجاز و کەنارەکان و رێگەوبان و ئەشکەوتەکانی هەبوو، ئەفسەرەکانیان لەسەر هەموو جۆری شەڕەکان شارەزا بوون، سوپاکەیان بواری گەیاندن و یارمەتییەکانیان ساز بوو. جیاوازییەکانی نێوان قەوارەی سوپای تورک و عەرەبەکان زۆرتر بوو، جیاوازییەکان لە رووی ژمارە و چەک و مەشقکردن زۆر بوو، چونکە سوپای عەرەبەکان بریتی بوو لە چەند رەوە بەدوییەک

که هیچ جۆره مەشقێکی مەیدانییان نەدەزانی، چەکەکانیان سەرەتایی و کۆن بوون، ئەو چەکانەی لە شەڕەکانی یەکەمی جیهانیدا بەکار دەهات، ئەوان نەیانبوو، بۆیە دەڵێن شۆڕشەکەیان بە ڕووی ئەو هێزەی ئەفسەری بەئەزموونی تێدا بوو، کە هونەرەکانی شەڕیان لە ئامۆژگەی بەرز و زانکۆکان خوێندبوو، زوو بوو. ئۆردی جەدە، یەکەمین پێگەی سەربازی بوو کە لە ڕۆژی ١٦ ی یۆنیۆدا تەسلیم بە عەرەبەکان بوو، لەوێ چەندین پارچە چەک و تۆپ و تەقەمەنییەکی زۆریان دەست دەکەوێت، کە لە هێرشەکانیان بۆ سەر حامیەی تورکەکان بەکاریان هێنابوو، بەڵام قەڵاتەکە سەخت و قایم بوو، بەڵام بەبۆردمانی زۆر و ئاگربەردان لە ڕۆژی ٤ی یۆلیۆ قەڵاتەکە دەگرن و ئینجا بەنداوی لەیسی نێوان حیجاز و یەمەنیش دەگرن، ئینجا دەگەنە ناو شاری تایف و ڕزگاری دەکەن، بەڵام هێزە عەرەبییەکە زۆر بەزەحمەتی دەگەنە ناو مەدینەی منەوەرە، سوپاکەش بەسەرکردایەتیی ئەمیر فەیسەڵی کوڕی ئەلحوسێن و ئەمیر عەلیی برای بوو، هێزەکەی تورکەکانیش بەسەرۆکایەتیی فەخری پاشا بوو، کە دەیتوانی بەرگری بکات و دەربازی ببێت و بگاتەوە مەکە، بۆیە ئەمیر داوای یارمەتیی لە هاوپەیمانە ئینگلیزەکانی دەکات کە لەگەڵ نوێنەرەکەیان لە میسرەوە کۆمەکیان بۆ بەڕێ بکات. ئەگەر بەوردی سەیری نامەکانی نێوان ئەلحوسێن و مکماهۆن بکەیت دیارە کەوا ئەلحوسێن لە ئینگلیزییەکان پاڕاوەتەوە تا یارمەتییان بدات، ئەویش بە قسەی شیرین و سارد وەڵامی داوەتەوە و بەردەوام هاواری کردووە فڕۆکەکان بۆردمانی تورکەکانی بۆ بکەن و چەکی زۆری بۆ ڕەوانە بکەن.

## لۆرانسی عەرەب

تۆماس ئیدوارد (١٨٨٨–١٩٣٥) ئەفسەری موخابەراتی بەریتانی کە بەناوی لۆرانسی عەرەب دەناسرێت و ڕۆژانەی تایبەتی خۆی لە کتێبە بەناوبانگەکەی ستوونەکانی حەوت حیکمەتەکان خەریک دەکرد، تۆماس زووتر شوێنەوارناس بوو، زۆریش بەشارستانیەتی خۆرهەڵات و شارستانیەتییە کۆنەکەی سەرسام بوو، ماوەیەکی زۆریش لە بەیرووت ژیاوە و زمانی عەرەبیی باش زانیوە، کە جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵدەگیرسێت و دەوڵەتی عوسمانی لایەنگیریی بەرەی دژ بە بەریتانیا دەکات، بەریتانیا ناوی ئەو پیاوە دەبیستێت و دەیەوێ لە ناوچەکە ئیشی پێ بکات و بەکاری بهێنێت بۆ سەرکەوتن لەو شەڕەدا، سەرداری سوپاکەی ئینگلیزی لە ناوچەکە داوا و دیمانەی دەکات وەک ئەفسەرێک لە بەشی نەخشەسازی دایدەمەزرێنێت، تا لەو بوارەدا سوودی لێ وەربگرن. کە شۆڕشە عەرەبییەکە لە دوورگەی عەرەبی هەڵدەگیرسێت ئەو ڕەوانەی ناوچەکە دەکەن، لەوێ لۆرانس، ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی شەریف ئەلحوسێن دەبینێت، ئەو زۆرتر مەبەستی بووە کەسایەتیی پێشەوایەتیی شۆڕشەکە بناسێت ئەوەی ئینگلیزەکان پشتیوانیی دەکەن. لۆرانس داوا دەکات ئەمیر لە ناوچەکەیان گەشتێکی پێ بکات تا بەچاوی خۆی ڕووداو و ڕەوشەکە ببینێت و بتوانێت ڕاپۆرتێک بۆ سەرکردایەتیی گشتی لە قاهیرە بەرز بکاتەوە، پاش ڕەزامەندیی شەریف

ئەلحوسێن شازادە عەبدوڵڵا نامەیەک بۆ ئەمیر عەلیی برای ڕەوانە دەکات کە هاوڕێیەتیی لۆرانس بکات و ئاگای لە سەلامەتیی ئەو بێت، لۆرانس لەو گەشتەدا پۆشاکی عەرەبی لەبەر دەکات و بە زمانی عەرەبی قسە دەکات وەک کەسێکی حەلەبی خۆی دەناسێنێت. مەبەستی سەرەکیی نەبەردییەکەی لۆرانس لە پشکنینی ناوچەی حیجاز بەدرێژی و بەپانییەوە بەسەرپەرشتی و پارێزگاریکردنی شەریف و منداڵەکانی تا ئەو پیاوانە بناسێت کە بەریتانیا لە ناوچەی حیجاز پشتیوانییان دەکەن، لۆرانس لە کەسایەتیی ئەمیر عەبدوڵڵا و ئەمیر عەلی ئەو سەرکردایەتییە نابینێت کە بەدوایدا دەگەڕا، ئینجا چاوی دەکەوێت بە ئەمیر فەیسەڵ کوڕە گەورەی شەریف ئەلحوسێن، بۆیەش لەگەڵ ئەو باس لە بنچینە سەرەکییەکان و فاکتەرە گرینگەکانی شکست و سەرکەوتنی شۆڕشەکە دەکات، بۆشی ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەو هێرشەی کردبوویانە سەر مەدینەی منەوەرە شکاو بوون، چونکە تورکەکان چەکی نوێیان بەکار هێنابوو، بەتایبەتی تۆپەکانیان کە ترسیان لە هەناوی عەرەبەکاندا چاندبوو، چونکە ئەوان ئەو جۆرە چەکەیان نەبیستبوو نەیانزانیبوو چۆنیش بەکار دێت و کاریگەرییەکانی چییە.

لە دەڤەری ئەلخییف لۆرانس سەرێک لەو هێزانەی شەریف دەدات، کە لەوێ مۆڵ درابوون، تا نیگایەکی دروست لەسەر ڕەوشەکەیان پەیدا بکات بەر لەوە بچێتەوە قاهیرە، بۆیەش نامەیەک بۆ سەرکردایەتیی گشتی دەنووسێت، ئاگەداریان دەکاتەوە کەوا سوپا عەرەبییەکە ئەگەر چەک و پلانی سەربازییان هەبێت دەتوانێت ڕووبەڕووی تورکەکان ببێتەوە و بیانشکێنێت، بەوەش سەرکردایەتی لە قاهیرە قەناعەت بە نامەکەی لۆرانس دەکات و لە ڕەوشەکە تێ دەگات.

لە ڕۆژی ٩ی نۆڤەمبەردا وەک چۆن لۆرانس دەیویست لەسەر کەنارەکە، پاپۆڕە بەریتانییەکان دەنیشتنەوە، چەکی نوێ و زەخیرەی زۆر و ئەفسەری مەشقداری بیابانی و دوکتۆر بۆ پشتیوانیی ئەمیر فەیسەڵ ڕەوانە دەکەن. بەدرێژاییی چوار مانگ بەردەوام یارمەتییە سەربازییەکان لە ئینگلتەرا و فەرەنسا دەگەنە شەریف ئەلحوسێن، تا توانییان سوپایەکی نوێی مەشق پێکراو ساز بکات دانوستاندنێکی زۆریان لە نێواندا بەردەوام بوو.

ئیتر لێرە ڕۆڵی عەزیز ئەلمیسری (١٨٨٠–١٩٦٥)ی کە یەکێک بوو لە پێشەنگانی نەتەوەییی عەرەبی ئەژمار دەکرێت دەست پێ دەکات، ناوی تەواوی عەبدولعەزیز عەلی ئەلمیسری بووە، بەڕەچەڵەک شرکسە و دەگەڕێتەوە سەر نەتەوەکانی وڵاتانی قەوقاز، ماوەیەک لە عێراق ژیاوە، ئینجا دەچێتە میسر، لەوێش دواناوەندی تەواو دەکات و دەچێتە کۆلێجی سەربازی لە ئەستەمبۆڵ و لە ساڵی ١٩٠٤ کۆلێجی ئەرکان تەواو دەکات، سەرەتا لەناو کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی کار دەکات و لە کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٠٨ بەشداری دەکات، کە ئەوان دژایەتیی عەرەب ئاشکرا دەکەن، لەوان دوور دەکەوێتەوە. عەزیز بەگ لە قاهیرەوە دەچێتە جەدە و لەوێ لە مەکە شەریف ئەلحوسێن دەبینێت، قسە لەسەر دامەزراندنی سوپایەکی عەرەبی دەکەن، لەگەڵ ژمارەیەک سەربازی عەرەبی لەوانە نووری سەعیدیشی لەگەڵدا بووە دەچنە بەنداوەکەی ڕابغ بۆ وەرگرتنی

کەلوپەلە سەربازییەکان کە لە بەریتانیایەوە بۆ سازکردنی سوپایەکی مۆدێرین بۆیان هاتبوو، هەروەها پێشوازیی بەریتانییەکانیش بکەن. ئەو سوپایە عەرەبییەی عەزیز و هاورێیەکانی دایانمەزراندبوو، بە شاهیدی دوژمنان بەر لە دۆستەکان سوپایەکی بەهێز و تۆکمە بوو، لەو شارانەی لە نزیک شاری مەدینە روویان دابوو بەشدارییان کردبووو، کە تێدا سێ فەوج و سێ بەتارییەی تۆپخانە و سواری و بلۆکێک ئەندازیاریانی هەبوو، بەلاّم ئەو سوپاکە جێ دەهێلّێت و دەگەڕێتەوە میسر، لەبنەوە لەگەڵ ئینگلیزەکان نێوانی خۆش نەبوو، ناکۆکیی زۆری لەگەڵ ئەوان پەیدا کردبوو، ئەو دەیویست ئەو تۆپانەی لەو شەڕانە دەستیان کەوتووە رەوانەی فەلەستینیان بکات، بەلاّم ئینگلیزەکان رازی نەدەبوون، بۆیە بە ئینگلیزەکانی وتبوو:

دیارە کەوا ئینگلیزەکان دەیانەوێ عەرەب و تورکەکان لەناوبەرن، دەیانەوێ ئەو دوو نەتەوەیە ئیهمال بکەن. پاش رۆیشتنی ئەو؛ سوپاکە دەکەوێتە بن دەستی نووری سەعید (١٨٨٧–١٩٥٨). لەودەمانەدا سێ سوپای عەرەبی بەسەرکردایەتیی کوڕەکانی شەریف ئەلحوسێن گەمارۆی شاری مەدینەیان دابوو، سوپایە باکورەکەی بە سەرکردایەتیی ئەمیر فەیسەڵ بوو، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو سوپایە شێواندنی سوپاکەی فەخری پاشا بوو تا نەگەنە ینبع، سوپاکەی دووەمی بەسەرکردایەتیی ئەمیر عەلی بوو کە بارەگەکەی لە رایغ بوو، کە دەبوایە ئەوانە ڕووبەڕووی تورکەکان ببنەوە تا نەگەنە مەکە، سوپای عێراقیش بەسەرکردایەتیی ئەمیر عەبدوڵلا بوو، کە دەبوایە ئەو شەڕی دوژمن بکەن و هێڵی ئاسنیی نێوان شام و مەکە هەڵتەکێنن. لەو ماوەیەدا چەندین شەڕی لە نێوان بەرەیەکی عەرەبی بە پشتیوانیی ئەوروپاییەکان و تورکەکان روویان دا، دەریاوانی ئینگلیزیش لەو شەڕانەدا بەشدارییان دەکرد، پاپۆڕەکانیان هەتا کەنارەکانی حیجاز دەهات، لە رۆژی ٢٤ ینایری ساڵی ١٩١٧دا ٢٥٠ لە دەریاوانی ئینگلیزی و ٥٠٠ سەربازی عەرەبی دادەبەزن و هێزە تورکییەکان بۆردمان دەکەن، بۆیەش تورکەکان دەشکێنن و بەناچاری لە پێگەکانیانەوە دەکشێنەوە، چەندین چەک و زەخیرە لەدوای خۆیانەوە جێ دەهێڵن. مەیدانی شەڕەکە لە نێوان عەرەبەکان و تورکەکان فراوان دەبێت و دەگاتە قووڵاییی حیجاز و وڵاتی شام، لەناو وێستگەکانی هێڵە ئاسنە درێژەکانی ناو بیابانی عەرەبییەوە سوپای عەرەبی کۆ دەبنەوە و دەتوانن کۆنترۆڵی هێڵی نێوان ئەستانە و وڵاتی حیجاز بکەن و ناوچەکە دەکەنە سێ بەش و هەر بەشێکی دەکەوێتە بن دەستی لایەنێکی عەرەبییەوە. ئەوەی وردەکارییەکانی ئەو شەڕانە بخوێنێتەوە و ورد لە بەرەنجامەکانی بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێت کەوا زۆربەیان شەڕ و بەرەیەکی سەربازی نەبوون، تەنیا تالاّنکردن و ڕاوورووت بوون، لەو شەڕانە هێڵەکانی ئاسنیی حیجازیان هەڵتەکاند کە یەکێک بوو لە پرۆژە هەرە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، پردەکانیان تەقاندەوە، رێگەکانیان شکاند، هێزەکان گەیشتنە عەقەبە، بەوەش بوار ساز بوو وڵاتی شام بگرن. پێشەنگی سوپا باکورییەکە لە عەقەبە و شوێنە نزیکەکانی ئەو دەڤەرە مۆڵ دەدرێن و شەڕەکانی دەگاتە ناوچەکانی حوران (باشووری سووریا و یان باکوری ئوردن) و چیاکانی درووز و غوتە تا کۆشش

بکەن دیمشق لەبن دەستی تورکەکان دەرباز بکەن، لەوێ ئەمیر فەیسەڵ نامەیەک بۆ ئینگلیزەکان دەنووسێت و داوای یارمەتییان لێ دەکات، ئەوانیش شەڕیان دەکرد تورکەکان لەسەر هێڵی فەڵەستین داببڕن، هەموو لایەک ڕێک دەکەون کەوا بەسەرکردایەتیی ئەمیر فەیسەڵ هێرش بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی شام بکرێت و لە چیاکانی درووزەوە دەست پێ بکەن. گەورە پیاوی ئەو ناوچەیە سوڵتان پاشا ئەلئەترش کە بەدوژمنی سەرسەختی تورکەکان دەناسرا، بنکەیەک بۆ پێوەندیی نێوان شۆڕشگێڕە عەرەبەکانی بیابان و هاوڕێیەکانی ناو سووریا دادەمەزرێنێت، کە هەموو پێداویستییەکان ساز دەبن بەرەو سووریا هێرش دەکەن و هەڵمەتەکە لە سەرەتاکانی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٨ دەست پێ دەکات و لە ١٨ سپتەمبەر دەگەنە ئەلئەزرەقی ئوردنی، لەوێ لەگەڵ شێخە عەرەبەکان لەسەر ئەو خاڵانە ڕێک دەکەون: چیاکانی درووز سەربەخۆیی سیاسی و ئیدارییان پێ بدرێت، عەرەبیش لەگەڵ درووزەکان هاوکاریی بەردەوامیان هەبێت، هەردوو حکومەتی سووری یان حیجازی دەسەڵات و فەرمانیان لەسەر درووزەکانەوە نەبێت، درووزەکان دان بە فەزڵی زۆری ئەمیر فەیسەڵ دەنێن، بەڵام وەک ئەمیری چیاکەیان نایناسن.

## هەڵمەتەکەی سەر سووریا

هەڵمەتەکە بە رووخاندنی پردێکی گەورەی گوندی ئەلغزالە لە حوران لە بەیانیی رۆژی ٢١ی سپتەمبەر دەست پێ دەکات، هێڵی ئاسنیی پێوەندی بە درعاش هەڵدەتەکێنن و پێوەندیی ئاسنیی نێوان حەیفا و درعاش ناهێڵن، ئیتر توندکارییەکان هەموو پێوەندییەکان دەگرێتەوە لەوان رێگە و پردەکان و وێستگەکانی گەیاندنی ترێنەکانیش.

لە رۆژی ٢٨ی سپتەمبەردا چەکدارانی هەڵمەتەکە دەگەنە وێستگەی درعا، بۆ رۆژی دوایی پێوەندی بە سوپای بەریتانی دەکەن، ئینجا بەرەو دیمەشق دەچن، لە رۆژی ٣٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ شادمانی و پێشوازیی خەڵکی شارەکە دەگەنە ناو دیمەشق، لەسەر تاوەرەکانی دیمەشق ئاڵای عەرەبی هەڵدەکەن، هەڵمەتەکەش بەسەرکردایەتیی نووری سەعید دەبێت، بەڵام ئەمیر فەیسەڵ لە رۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٨ بە ئۆتۆمبێلێکی شینەوە دەگاتە ناو دیمەشق، ئەو لەگەڵ هاوپەیمانان لەلایەن خەڵکەکەوە بەگەرمییەوە پێشوازییان دەکەن.

لەدوا رۆژەکانی کۆتاییی شەڕەکە بۆ ئەوەی بەریتانییەکان دوا کلکی سوپا و پێگە سەربازییەکانی تورکەکان لە ناوچەکە ببڕن بە فڕۆکە بۆردمانی سوپاکە لە شام و فەڵەستین و حیجاز دەکەن، فڕۆکەکان بە ڕەوە کە ژمارەیان لە سی فڕۆکە کەمتر نەبوو ناوچەکەیان بۆردمان دەکرد، بۆیەش تورکەکان هیچیان لە دەست نامێنێت و بەرەو بیابانەکان ڕادەکەن و خۆیان لەوێ دەشارنەوە و هەموو مۆڵگەکانیان چۆڵ دەکەن.

## پاشەکشەی تورکەکان

لە حیجاز سوپاکە بەسەرکردایەتیی ئەمیری عەلی بوو، لە بەشە خۆرهەڵاتەکەش بەسەرکردایەتیی ئەمیر عەبدوڵڵا بوو، ئەوانەش شاری مەدینەی منەوەرەیان گەمارۆ دابوو، رۆژانەش سەرباز و ئەفسەرانی تورک وەک پەنابەر خۆیان دەگەیاندە ناو عەرەبەکان و رایان دەکرد، ئەوەش بەو شێوەیە مایەوە هەتا هاوپەیمانەکان لەگەڵ تورکەکان رێک دەکەون لەسەر ئەوەی تورک لە ناوچەی عەرەبی بکشێنەوە، ئەوەش لە برگەی ژمارە ١٦ی رێککەوتننامەی ئیمزاکراوی رۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨ هاتووە. کە هەواڵی رێککەوتنەکە دەگاتە ناو حامییەی شارەکە، هەموو بەیەکەوە بڕیار دەدەن فەخری پاشا لابدەن و شارەکەش رادەستی عەرەبەکان بکەن، بەڵام کە فەخری پاشان ئەوە دەزانێت بەناویان دەکەوێت و شەڕزەیان دەکات، بۆیە دەیویست لەوان دوور بکەوێتەوە و سوپایەک دامەزرێنێتەوە، کە دوو سریەی تایبەتی خۆی تەسلیم دەبنەوە، لە رۆژی ١٤ی یەنایری ساڵی ١٩١٩ وەفدێک رەوانەی لای ئینگلیزەکان دەکات و لەگەڵ جەنەراڵ جارلندی نوێنەری هاوپەیمانان لە حیجاز کۆ دەبێتەوە و لەسەر مەرجەکانی تەسلیمبوون رێک دەکەوت، لەگەڵ ئەمیر عەلی کوڕی ئەلحوسێنیش رێک دەکەوێت. فەخری پاشا لە رۆژی ١٠ی یەنایر خۆی لە بارەگای ئەمیر تەسلیم دەکات. لە رۆژی ١٦ی یەنایردا یەکەم فەوجی تورکەکان بەنداوی ینبع جێ دەهێڵن، ئیتر بەرە بەرە فەوجەکان دەکشێنەوە، دوا سەربازی تورکیش لە رۆژی ١٣ی فیبرایری ساڵ ١٩١٩ لەناو خاکی حیجاز دەڕوات.

ئیتر بەو جۆرە سوپاکەی تورک لە وڵاتانی عەرەبی دەردەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادییەکە بە پشتیوانیی هێزەکانی هاوپەیمانان بووە، بۆیە سەربەخۆیی خۆیان نەبوو، بۆیە روو لە شۆڕش دەکەن بۆ سەربەخۆیی، چونکە سوپاکانی ئینگلیز و ئەوروپاییەکان لەناو وڵاتەکاندا تەشەنەیان کردبوو، لۆرانسی عەرەبیش وەک ئەفسەرێکی موخابەراتی رۆڵی سەرەکیی هەبوو لە گەڕان بەدوای سامانەکانی وڵاتەکان بەتایبەتی پیترۆڵ. لەبەرئەوەی هاوپەیمانەکان چەکی زۆریان نەدابووە عەرەبەکان و ئەوەش لە رێککەوتنەکەی نێوان شەریف ئەلحوسێن و مکماهۆنەوە دیارە، دەڵێن ئەو چەکەی کە پاش کۆششێکی زۆریش بەدەستیان کەوت لە دەستیان دەتەقییەوە و ٢٠٪ زیانی بەخۆیان دەگەیاند، عەرەبیش ئازاد نەبوون سوپاکەیان لە دەرەوەی حیجاز پەرت بکەن.

## بەڵێنە بەدرۆیەکان

بەپێی ئەو بەڵێنانەی لە هاوپەیمانەکانیان وەریان گرتبوو، عەرەب دەتوانن مەملەکەتی مەزنی عەرەبی خۆیان پێک بهێنن و خەونیان بەوە دەبینی، بەڵام دەرکەوت دەبوایە دووبارە خەبات بۆ ئەو مەبەستە بکەنەوە و خەباتەکەش زۆر دژوارترە لەوەی دژ بەتورکەکان دەیانکرد. ئینگلیز بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەربەست لە ناوەوە و لە دەرەوەی دابوو، کە سنوورەکەیان لە خۆرهەڵاتەوە

دەریای فارس و خۆرهەڵاتیش دەریازی قلزم (دەریای سوور) و سنووری میسری و دەریای سپیی ناوەڕاست و باکورەکەی ولایەتی حەلەب و مووسڵ هەتا رووباری فورات بێت لەو شوێنەی لەگەڵ رووباری دیجلە لە دەریا دەکاتەوە، لەوانە موستەعمەرەی عەدەنی لەگەڵدا نەبێت، سیر مکماهۆن داوای کردبوو کەنارەکانی شامی لەگەڵدا نەبێت و لەگەڵ بەشێکی سووریا. ئەوە بوو سنووری دەوڵەتە بەدرۆیەکە.

مێژوونووسی سووریایی ئەمین ئەلسەعید (١٨٩٠–١٩٦٧) یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی شۆڕشەکە و بەشداریی رۆژانەکانی کردووە، ئەو نووسیویەتی:

زۆر لە خەڵکە زیرەکەکان هۆشیارییان دەدایە ئەلحوسێن و کوڕەکانی کەوا ئینگلیزەکان غەدر و فێڵیان زۆرە، زۆر گەمە بەپەیمان و بەڵێنەکانیان دەکەن و لە هەڵخەڵەتاندنا زیرەکن، بەڵام ئەلحوسێن گوێی بەو ئاگەدارکردنەوانە نەدابوو، بڕوای بە پەیمانە کە لەسەر بنچینەی دڵسۆز و سۆز دەمێنێتەوە.

## پەیمانی بەلفۆر

شەریف ئەلحوسێن لە گەرمەی خۆشییەکانی سەرکەوتنەدا بەئارامییەوە چاوەڕوانی هیوایەکی گەشی دەکرد، لە ناکاو لە رۆژی ٢ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٧ پەیمانی بەلفۆر دەرچوو، ئەوەش لە رۆژنامەی ئەلمقتمی میسری لە رۆژی ٩ی نۆڤەمبەردا بڵاو دەبێتەوە، واتە پاش شەش رۆژ لە بڵاوبوونەوەی، کەواتە بەشێکی خاکی عەرەبی دەدرێتە جوولەکە. کە جەنەراڵە ئینگلیزەکەی سەرکردایەتیی هەڵمەتەکەی دەکرد گەیشتە میسر لە رۆژی ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٧ بەئاهەنگێکی مەزنی شکۆدار و بە هاوشانیەتیی نوێنەرانی هاوپەیمانان بەڵام بەبێ نوێنەرە گەورەکەی عەرەب و شەریفەکەیان دەگاتە قودس، چونکە ئەو سەرقاڵی هەڵمەتەکانی بوو دژ بەتورکەکان و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکان ساز دەکرد. شەریف ئەلحوسێن نەیویستبوو بەتەنیا لەگەڵ تورکەکان ئاش ببێتەوە، چونکە کە باب ئەلعالی عوسمانی جەمال پاشا ئەلسفاح دەکێشێتەوە لە شام و دەردەسەرییەکان و کۆمەڵکوژییە تورکییە دژ بەعەرەبەکان کۆتاییی هاتبوو، کە لە سەربڕینەکەی دیواندا کرابوو، نامەیەکی بۆ شەریف ناردبوو، داوای ئاشتبوونەوەی کردبوو، ویستبووی لەگەڵ عەرەب دابنیشین، لە ئەستانەوە نامەیەکی دەگاتە دەست، شەریف ئەلحوسێن وەک نیەتی پاکی خۆی نامەکەی وەک پێشەکییەک و نیەت پاکییەک دەداتە سیر مکماهۆن، لەگەڵ ئەوەشدا نامەیەکی بۆ دەنووسێت کەوا عەرەب بەڵێن دەدەن بەهەموو دیاری و سازشیش واز لە هاوپەیمانەکان ناهێنن.

* بە زنجیرە لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی لە مانگی ئۆگستی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە.

# ڕۆشنگەری وەک خاڵی دەسپێک

هاشم ساڵح

### هەڵوەشاندنەوەی مەشروعیەتی سەدەکانی ناوەڕاست

ڕەنگە زۆرێک بەلایانەوە سەیر بێت کە بڵێم: "ڕۆشنبیرانی ئێمە و ئەوروپا، هەنووکە لە خاڵێکی سەرەکیدا یەک دەگرینەوە: "ئەویش سەرقاڵبوونی بەردەوامە بەڕەخنەگرتن لە کەلەپوور"، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت گەر بڵێین: "مەسەلەکە پەیوەست نییە بە کەلەپوورێکی تایبەت و دیاریکراوەوە". ئەو کەلەپوورەی جێ بایەخی بیریارانی ئەوروپا و ئەمەریکایە کەلەپووری مۆدێرنە و ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەتە، هەرچی ئەو کەلەپوورەشە کە بیریارانی ئێمەی بەخۆیەوە خەریک کردووە، ئەوا بێگومان کەلەپووری ئاینییە. جیاوازییەکی گەورەش لە نێوان کەلەپووری مۆدێرنە و کەلەپووری کەلەپووردا هەیە!

شایەنی باسە بیریارانی ئەوروپی، لە ڕەخنەگرتنی کەلەپووری ئاینی بوونەتەوە و بۆ دوو سەدەیەک دەچێت کێشەی خۆیان لەگەڵ ئەو پرسەدا یەکلایی کردووەتەوە. خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەو کەلێنە بەرفراوان و جیاوازییە مێژووییە ترسناکەی، بیریارانی ئێمە لە بیریارانی ئەوروپی جیا دەکاتەوە. هەرئەمەشە بووەتەمایەی ئەوەی ئەنجامدانی هەر دیالۆگ و گفتوگۆیەک لە ئێستادا، لە نێوان بیریارێکی ئێمە و بیریارێکی خۆرئاوایدا مەحاڵ بێت.

کاری نەکردیە هەوڵی ئەوە بدەین، ئەم دووانە پێکەوە کۆ بکەینەوە. لەبەرئەوەی هەردووکیان لە دوو چرکەساتی مێژوویی جیاوازدا دەژین ، یەک خەم و خولیای فیکریان نییە و هەمان زمان و تێرم و وتەزاش بەکار ناهێنن. هەربۆیە ئەگەر دیالۆگ لە نێوانیاندا دروست بێت، کەسیان لەوی تریان حاڵی نابێت و هەرگیز بەیەک ناگەن. بەکورتییەکەی هەردووکیان سەر بە دوو فەزای ئەقڵین

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

و کەلێنێکی مێژوویی گەورەش لە نێوانیاندا هەیە کە دووسەد بۆ سێسەد ساڵێک دەبێت!

کەواتە گوناهی بیریارانی ئێمە و بیریارانی ئەوروپی نییە، بگرە گوناهی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە مێژووییە کە زۆر لەیەکتری جیاوازن. خۆ ڕەنگە بیریارێکی عەرەبی هەبێت زۆر ژیر بێت و عەقڵی کراوە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکانی هەمان کێشەی بیریارێکی ئەوروپایی نییە. سەرەڕای ئەوەش ئەم بیریارە هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە، تا ئەو ئەزموونە فیکرییە گەورانە ببینێ کە هاوتا ئەوروپییەکەی بەدرێژایی دووسەدە، ئەزموونی کردووە و بینیویەتی.

کەواتە ئەم دووانە هاوتا و چۆنیەک نین و ئەمەش وا دەکات، دیالۆگ و تێگەیشتنیان لە یەکتری کارێکی قورس و مەحاڵ بێت. بۆ ئەوەی زیاتر بۆچوو نەکەم روون بکەمەوە و مەبەست بگەیەنم، دەڵێم: "پێگەی بیریارێکی ئەوروپی بەراورد بە بیریارێکی ئێمە، بەپێگەی بیریارێکی ئەوروپی دەچێت بەراورد بەبیریارانی پێشووی ئەوروپا کە لە سەدەی شازدە و حەڤدە و سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاون – واتە بەر لە قۆناغی رۆشنگەری و مۆدێرنە–. با گریمانەی ئەوە بکەین بیریارێکی ئەوروپیی کۆن زیندوو بێتەوە و بێتەوە دنیا و بیەوێت قسە لەگەڵ بیریارانی هاوچەرخدا بکات، ئەبێت بەچ زمان و بەچ تێرم و زاراوەیەک بێتە گۆ؟ چ شتێکی هاوبەشیان لەنێواندا دەبێت؟ من دەزانم پێچواندنێکی لەم جۆرە زۆرێک لە رۆشنبیرانی عەرەب جاڕس دەکات و بەسووکایەتی پێکردنی دەزانن، بەڵام وتنی هەقیقەت– ئەگەر بەئێشیش بێت–، زۆر لەوە چاکترە لەوەی خۆمانی لێ بدزینەوە.. وا چاکترە بەوردی و بەوپەڕی راستگۆییەوە پێگەی خۆمان دیاری بکەین، نەک هەر درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین و قەناعەتی ئەوە بەخۆمان بێنین لە سەدەی بیستەمداین، لە کاتێکدا ئێمە لە سەدەی پازدەم و بگرە تەنانەت لە توناوتونەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیشداین. پاشان وا دەزانین ئێمە هاوسەردەمی– سارتەر و بێرتراند ڕاسل و مێشێل فۆکۆ و یۆرگن هابرماس و فەیلسووفانی پۆست مۆدێرنین–، لە کاتێکدا ئەوەی راستی بێت ئێمە تەنانەت هاوسەردەمی رینێیە دیکارتیش نین).

بەڵام بۆچی پێداگیری دەکەین لەوەی دەبێت، بەوردی پێگەکان دیاری بکەین؟ لەبەرئەوەی ئێمە گەر توانیمان بگەینە ئەوە و رازی بووین رووی خۆمان لە ئاوێنەکاندا ببینین وەکو خۆی و بەبێ درۆ، ئەوا بەر لە هەر شتێ پشوو دەدەین و دوای ئەوەش دەزانین چۆن دەست پێ دەکەین....

رەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی نارەزایەتیی بەردەواممان و ناجێگیریمان، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆمان لە جێیەکدا داناوە کە جێگەی ئێمە نییە. جێگەیەک گەورەتر لە خۆمان، پاشان کە هەقیقەتەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، تووشی شۆک دەبین و هەست بەشکست و نائومێدی دەکەین. وا هەست دەکەین لە شوێنێکی بەرزەوە، بەردەبینەوە بۆ شوێنێکی ئێجگار نزم.

ئێمە دەمانەوێت هاوسەردەمی نوێترین بیریاری ئەوروپی بین، لە کاتێکدا توانای ئەوەمان نییە هاوسەردەمی ئەوانە بین کە زیاد لە سێ سەدەیە مردوون!! ئیتر تا کەی درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین

و خۆمان لەو شوێن و ڕێیانەدا دابنێین کە شوێن و ڕێی ئێمە نییە؟ بەمەش لەلایەک خۆمان دەکەینە مەخسەرەی ئەوانی تر و لەلایەکی تریش خۆمان لە ئەرکە سەرەکی و چارەنووسسازەکانمان دەدزینەوە. ڕەنگە یەکێک هەڵبداتێ و بڵێت: (بەڵام چۆن دەتەوێت هاوسەردەمی مردووان بین و هاوسەردەمی زیندووەکان نەبین؟ چۆن دەتەوێت بگەڕێینەوە بۆ سەدەی شازدە، لە کاتێکدا ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دەژین؟ ئەم مەیلە کۆنەپەرستانەیە چییە، وا بەرەودوا پەلکێشت دەکات؟ پاشان ئەی گوێت لە د. حەسەن حەنفی نەبووە کە هەموو هزری ئەوروپی لە یەک کتێبدا کۆ کردووەتەوە بەناوی- خۆرئاواناسی- و پێی وایە ئێمە، خۆرئاوامان ئەزبەر کردووە و تێمان پەڕاندووە؟ ئەگەر تۆ دواکەوتوو هیچ لە باردا نەبوویت، خۆ هەموو ڕۆشنبیران وەک تۆ وا نین و هەنگاوی زۆر چوونەتە پێش، تەنانەت بۆڕی نوێترین بیریاری ئەوروپیشیان داوەتەوە!....).

لە ڕاستیدا من لێرەدا جیاوازی دەکەم لە نێوان هاوسەردەمێتی لە ڕووی کاتەوە، لەگەڵ هاوسەردەمێتی لە ڕووی ئەبستمۆلۆجییەوە. ڕاستە من لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدام و لە پاریس دەژیم، واتە لە هەمان ئەو شوێنەدام کە "ئالان تۆرین و میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا و کاستریادیس و کلۆدلێڤی شتراوس و پییەربۆردیۆ و جان فرانسوا لیوتارد"ی- ئەو لیوتاردەی تێرمی پۆست مۆدێرنەی لە زمانی فرەنسیدا داهێنا- تیا ژیاون و تەنانەت دەشتوانم ئامادەی وانە و لێکچەرەکانیان بم و گەر بمەوێت قسەشیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئاخۆ بەڕاست من هاوسەردەمی ئەوانم؟ ئاخۆ کێشەکانی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆز و پۆست- پیشەسازی وەک کۆمەڵگەی فرەنسی، چۆن ئەوانی خەریک کردووە بەخۆیەوە، بۆ منیش هەر وایە؟

من هەر ئەوەندەی کتێبێکی "سپینۆزا" یان (لەبارەی سپینۆزا)وە دەخوێنمەوە و دەبینم چۆن چۆنی هاودینە جوولەکەکانی لە ڕیزی خۆیان وەدەریان ناوە و چۆن کەوتوونەتە پەلاماردانی، هەر لەبەرئەوەی ویستوویەتی بەئازادی هەناسە بدات، خۆمی تیا دەبینمەوە و خۆم لێ دەبێت بەئەو. یان هەر ئەوەندەی کتێبێکی "پییەر بایل"ی پرۆتستانتی دەکەمەوە، ئەو پیاوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەمدا خەریک بوو فرەنسای کاتۆلیکی بیکوژێت و ئەویش ناچار هەڵهات و ڕووی کردە وڵاتانی باکوری ئەوروپا، خۆمی تێدا دەبینم. یاخۆ هەرکە کتێبێکی "ڤۆڵتێر" دەکەمەوە و دەبینم چۆن لە پیاوانی دەمارگیری ئاینی تووڕە دەبێت و بەتوندی لاقرتێیان دەکات، وا هەست دەکەم لەگەڵ منیەتی و قسە لەگەڵ مندا دەکات و هەمان خەمی منی هەیە. یان هەرکە کتێبێکی "دیدرۆ" دەکەمەوە و دەبینم چۆن سەیری جیهانی سروشتی دەکات و بۆچوونە خورافی و میتافیزیکییەکانی کڵێسا تووڕ هەڵدەدات، خۆمی تیا دەبینم.. کەواتە من هاوسەردەمی کێم؟ هاوسەردەمی "میشێل فۆکۆ"م یان "سپینۆزا"؟ هی "سارتەر"م یان هی "ڤۆڵتێر"؟

لەبەر ئەوە لێرەدا زۆر بەخێرایی و بەشێوەیەکی سەرپێیی، بیریارانی ئێستای فرەنسا و ئەوروپا بەسەر دەکەینەوە. من ڕەنگە بتوانم تا ئەوپەڕی قسە لەسەر "میشێل فۆکۆ" و "جاک دێریدا" و تازەترین بیریاری پۆست- بنیاتگەری و پۆست مۆدێرنە بکەم، بەڵام ئەوە هەمووی یانی چی؟ چ

دەنگدانەوەیەکی دەبێت لای خوێنەرێکی عەرەب کە لە کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاوازدا دەژی و پێداویستییەکانی تەواو جیاوازە لە پێداویستییەکانی هاووڵاتییەکی ئەوروپی؟

خەسڵەتی ئەبستراکتی زۆربەی زۆری ئەو هزرەی دەگوازرێتەوە بۆ زمان و ژینگەی رۆشنبیریی ئێمە، لێرەدایە. ئێمە شتگەلێک پێشکێش بەم ژینگە کولتوورییەی خۆمان دەکەین، دوور و نزیک پێوەندیی بەواقیع و خواستەکانیەوە نییە. بەم پێیە دەتوانین باس لە شکستی نوێخوازەکانی عەرەب و سەرکەوتنی فێندەمێنتالستەکانی عەرەب بکەین کە توانییان، شەقام و کایەی ئایدیۆلۆجی بۆ خۆیان پاوان بکەن. لانی کەم فێندەمێنتالستەکان بەزمانێک قسە دەکەن، میللەت لێیان حاڵی دەبێت و دەگەڕێنەوە سەر سەرچاوەگەلێکی کەلەپوور کە هاووڵاتییان پێیان ئاشنان و سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە. نابێت بەزمانی پۆست- مۆدێرنە قسە لەگەڵ کۆمەڵگەی بەر لە مۆدێرنەدا بکەین، گەر وامان کرد ئەوا ناتوانین کۆنتاکتی لەگەڵدا دروست بکەین و بەیەکجارەکی خۆمان لە کایەی ئایدیۆلۆجیدا بسڕینەوە.

رەخنەی من لە مۆدێرنیستەکانی عەرەب لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.. ئەمانە پێیان وایە دەتوانن باز بەسەر واقیع و مێژوو سەدەکاندا بدەن و بەقەڵەمبازێک، بەکاروانی شارستانیەتی مۆدێرن بگەنەوە. ئەمانە تەنانەت شەرم لە کەلەپوور و وڵاتانی خۆیان دەکەن و پێیان وایە شایەنی ئەوان نییە، چونکە ئەمان بەرەوپێش چوون و بوونەتە مۆدێرن، لە کاتێکدا کەلەپوور و واقیعی وڵاتەکانیان لە جێی خۆیاندا چەقیون و هەروەک خۆیانن. واتە ئەوانە دیدگایەکی نامێژوویییان لەبارەی دروستبوونی مۆدێرنەوە لە خەیاڵدایە و بێ ئاگان لەو باجە گەورەیەی لە پێناو مۆدێرنەدا دراوە. بەمجۆرە ئەمانە مۆدێرنە دەکەنە پەیجور و ئەفسوونێک، وەک ئەوەی هیچ رەگ و ریشەیەکی مێژوویی دیاریکراوی نەبێت.

مۆدێرنە رسک و سەرکێشییەکە، سەرەنجامی دیار نییە. خۆهەڵدانە بۆ ناو نادیار. من کە سەرکۆنەی ئەمانە دەکەم، هاوکات بەتوندیش رەخنە لە ناحەز و نەیارانی مۆدێرنەش دەگرم. رەخنەی ئەو بەناو رۆشنبیرانە دەکەم کە هیچ کارێکیان نییە، جگە لە جنێودان بە مۆدێرنە و توێژی رۆشنبیران و مەیلی خۆرئاواخوازی نەبێت، چونکە ئەوان ئەمانە بە سەرچاوەی هەموو کێشەکان دەزانن. دوژمنانی مۆدێرنە شکستی نوێکردنەوە لە نیو سەدەی رابردوودا دەکەنە بەهانە، بۆ لێدانی مۆدێرنەی راستەقینە، ئەو مۆدێرنەیەی تووشی فۆبیای کردوون و ترسێکی زۆریان لێی هەیە. ئەوانە دەیانەوێت گورز لە دەسکەوتە زۆر گرینگەکانی مۆدێرنەی ئەوروپی بدەن، ئەم کارەشیان زۆر ورد و زیرەکانە دەکەن، چونکە هەنووکە مۆدێرنەیەکی یۆنیڤێرسالی لە ئارادایە و پەلی کێشاوەتە هەموو شوێنێک. هەر بۆیە ئەم جۆرە رۆشنبیرانە دووزمانن ، واتە لە بەردەم رۆشنبیرانی ئەوروپیدا شتێک دەڵێن و لە بەردەم خەڵک و خوای وڵاتەکانیشیاندا بەجۆرێ تر قسە دەکەن.

تەنانەت دژایەتیکردنی مۆدێرنەش بەوە پاساو دەدەنەوە، گوایە ئەوان پێوەستن بەگەل و نەتەوەی

خۆیانەوە. وەک ئەوەی پێوەست بوون بەگەل و نەتەوەوە، مانای ئەوە بێت دابەزیتە ئاستی ئەو، نەک ئەو بەرز کەیتەوە بۆ ئاستی خۆت. یان مانای ئەوە بێت کە پابەند بێت بە ترادسیۆنی رابردووەوە، لە کاتێکدا ئەرکی رۆشنبیر ئەوەیە پەردە لەسەر ڕووی ئەم شتانە هەڵماڵێ و لە ناوەوەڕا لێکیان هەڵوەشێنێ. تا یارمەتیی خەڵک و بدات، بۆ ئەوەی رۆژێک بێت لە دەست ئەو شتانە قوتاریان بێت.

ئەگەر کەسانی وەک: "ڤۆڵتێر" و "دیدرۆ" و "رۆسۆ"، بەم شێوە کاڵفامییە دڵسۆزی گەل و نەتەوەی خۆیان بونایە، ئەوا فرەنسا هەنگاوێک نەدەچووە پێش. ئەم بەناو رۆشنبیرانەی ئێمە زۆر لە فێندەمێنتالستەکان ترسناکترن، چونکە لانی کەم فێندەمێنتالستە راستەقینەکان لە پێگەیەکی دیار و روون و رەوانەوە قسە دەکەن، بەڵام ئەمان دەمامکدارن و هەر ڕۆژەی شتێک دەڵێن. ئسوڵییەکان بەئاشکرا دەنگ هەڵدەبڕن و ناچارمان دەکەن بەوەی دەست بەشەڕی مێژوویی یەکلاکەرەوە بکەین، ئەو شەڕەی چارەنووسی تەواوی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان دیاری دەکات (ئەو شەڕەش شەڕی کەلەپوور و تاوتوێکردنی کەلەپوورە).

ئێمە دەبێت لە ئێستادا هەوڵی خۆمان بخەینە کار، تا فەلسەفەیەکی نوێ بهێنینە ئارا بۆ مرۆڤ و هاووڵاتییانمان لە دەست ئەو دنیابینیە تیۆلۆجییە کۆنە قوتار بکەین کە بووەتە باربەسەر شانمانەوە و بووەتە مایەی ئەوەی، ئەوانی تر شۆخیمان پێ بکەن. فەیلەسووفانی رۆشنگەری لە ئەوروپای سەدەی هەژدەمدا ئەمەیان کرد. بەمەش مەشروعیەتێکی تازەیان هێنایە ئارا کە لەسەر داروپەردووی مەشروعیەتی مەسیحیی تەقلیدی دامەزرا. ئەو مەشروعیەتە تازەیە هێندە بەرفراوان بوو، توانی بەبێ جیاوازی و هەڵاوێرد، تەواوی هاووڵاتییان لەخۆ بگرێت.

ئەمەش تاکە رێگەچارەیەکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی راستەقینە و نیشتمانیی راستەقینە. بەمجۆرە مەشروعیەتی کاتۆلیکی لە فرەنسا هەرەسی هێنا و لەگەڵیشیدا تەواوی سەردەمی کۆن دارِما، بەمەش بوار بۆ هاتنە ئارا و سەرهەڵدانی سەردەمە نوێیەکان رەخسا. دوا بەدوای ئەمە دەوڵەتی نەتەوە پەیدا بوو، لەگەڵ لەدایکبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی پتەو هاوشان بەسستمی عەلمانی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون. کاتێک ئەم شتانە لە بەردەم بەناو رۆشنبیرانی عەرەبدا باس دەکەین، رەنگیان رەش دادەگیرسێت و خۆیان مۆن دەکەن، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەم مەسەلەیە تەنیا بەدروشم بازی ناکرێت و دەبێت لەسەر زەمینەی واقیع، شەڕی رۆشنگەری و داهاتوو بکەین. لەگەڵ ئەو بەناو رۆشنبیرانە زۆر پشوودرێژ بووین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رووی راستەقینەیان ببینین و ماسکەکانیان لێ داماڵین.

## مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە

ئاخۆ ئەو هەڵوێستەی پێشوومان بەو مانایە دێت، ئێمە دژ بەوە بین تێکەڵ بە قۆناغی ئەمڕۆ و کێشە هەنووکەییەکانی بین؟ ئاخۆ ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دژی ئەوەین "میشێل فۆکۆ و یۆرگن هاپرماس و جاک دێریدا و قوتابخانەی فرانکفۆرت و کاستۆریادیس و ریچارد رۆتی و تەواوی

هزری پۆست مۆدێرن"، بگوازرێتەوە ناو زمانی عەرەبی و لە کایەی رۆشنبیریی عەرەبیدا کاریان پێ بکرێت؟

بێگومان نەخێر. گەر وا بوایە خۆم بەشداریم لەو پرۆسەیەدا نەدەکرد، بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر بۆم دەرکەوت کەگەشتومەتە بەردەم دەرگایەکی داخراو و گواستنەوەی هزری پۆست– مۆدێرنە کەڵکی نابێت، گەر پێشتر خودی هزری مۆدێرنەمان نەگواستبێتەوە. دەبێت لەوە تێ بگەین پێگەی ئێمەی رۆشنبیرانی عەرەب، هەمان پێگەی رۆشنبیرانی ئەوروپیی نییە و جیاوازن. ئەوان دەتوانن رێ بەخۆیان بدەن رەخنە لە مۆدێرنە بگرن و هەوڵی راستکردنەوە و تێپەڕاندنیشی بدەن، لەبەرئەوەی ئەوان بۆ سێ سەدەیەک دەچێت ئەزموونی مۆدێرنە دەکەن و لەگەڵیدا دەژین. ئەزموونی مۆدێرنە بەڕادەیەک لە وڵاتانی خۆرئاوادا کەڵەکە بووەتە، بۆتە کەلەپوور. هەر بۆیە ئەوان دەتوانن رەخنە لە ئەقڵی رۆشنگەری بگرن و سەرکۆنەی بکەن، لەسەر ئەوەی لە راستەڕێگەی خۆی لایداوە، چونکە لە سەردەمی "ڤۆلتێر و دیدرۆ و کانت و هیگڵ ..."ەوە، ئەزموونی دەکەن. واتە ئەوان لەناوماڵی خۆیان و لەناو کەلەپووری فیکریی خۆیاندا رەخنەی شتێک دەکەن، ئێمە نە ئەزموونمان کردووە و نە بینیوشمانە.

بەمجۆرە رەخنەی ئەوان، مانا و پاساوی مێژوویی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە رۆشنگەریمان نەبینیوە تا رەخنەی لێ بگرین. بۆماوەی دوو سەدە ئەزموونی مۆدێرنەمان نەکردووە، تا هەوڵی تێپەڕاندنی بدەین. لێرەوە من پێم وایە تێرمی (پۆست مۆدێرنە)، بۆ خوێنەرانی ئێمە مانایەکی نەبێت. رەنگە بۆ هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ و گەورە پسپۆڕانی مێژووی فیکر، بەتایبەتی ئەوانەی ئاگاداری کاروانی هزری خۆرئاوا و دوا گۆڕانکارییەکانی هەن، شتێ بگەیەنێ و گرینگ بێت بەلایانەوە، بەڵام دیسان بۆ ئەوانیش هەر زیادەیە و بۆ ئێمە هێشتا زووە و کاتی نەهاتووە.

هەڵوێست وەرگرتن لە شارستانیەت و مۆدێرنەی خۆرئاوا سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لە رێی دۆنیەت و گرێی خۆبەکەم زانینەوە بێت، یان لە گرێی خۆبەزلزانین و ئافەرۆزکردنێکی سەرتاسەرییەوە بێت. بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی هاوسەنگ لە خۆرئاوا وەربگرین، پێویستە باز بەسەر ئەو پەرچەکردارانەدا بدەین و خۆمان لە هەموو گرێیەکی شەخسی و مێژوویی قوتاربکەین. بەڵام ئاخۆ لە هەلومەرجی ئێستا دەتوانین ئەوە بکەین؟ بەتایبەت ئێستا من بیر لەوە دەکەمەوە کە لە باشووری لبناندا ڕوو دەدات. سەرباری ئەوەش ئێمە دەبێت دوو خۆرئاوا و دوو ئەزموونی مۆدێرنەی خۆرئاوایی لێک جیا بکەینەوە:

١– روویەکیان ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز و مرۆڤدۆستانەیە کە خۆی لە سەردەمی رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسی و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیدا دەبینێتەوە. ئەم رووەیان تا هەنووکە بەردەوامێتیی هەیە و لە ڕێی هێزە رۆشنگەر و سۆسیال دیموکراتەکانەوە درێژەی پێ دەدرێت.

٢- ڕووەکەی تریان خۆپەرست و دیسپۆتیزمە و خواستی مۆنۆپۆڵکردن و هەژموونخوازی هەیە و دەیەوێت ئەوانی تر بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەوانەی نمانیدەی ئەم ئاقارەدەکەن، هێزەکانی کەپیتالیزم و ڕاستی پەڕگیرن کە فاشیزم و نازیزمیان دروست کرد و ئەقڵی ڕۆشنگەرییان بەلاڕێدا برد و لە هەندێ قۆناغی مێژووی ئەوروپیشدا ئەو ئەقڵەیان خەساند. ئەڵبەت ئەم ئاقارەش لە ئێستادا بەردەوامە (بۆ نموونە بڕوانە دیاردەی- جان ماری لۆپن- لە فەرەنسا). ئاخۆ ئەبێت پرەنسیپەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری یان شۆڕشی فرەنسی، چی بگەیەنێت بۆ ئەو؟

ڕەنگە هەبێت بڵێت: "تۆچی لەیەک جیا دەکەیتەوە، ئەوانە هەموویان دووڕووی یەک دراون و خۆرئاوا هەر خۆرئاوایە.. ئێمە جگە لە ڕووە دزێوەکەی کە کۆلۆنیالیزم و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامان و داکۆکیکردن لە ئیسرائیل و پەکخستنی پرۆسەی بەرەوپێش چوونی عەرەبیە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، شتێکی ترمان نەبینیوە". بەڵام من دەڵێم: "سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەڵەیە گەر جیاوازی لە نێوان ئەو دوو خۆرئاوایەدا نەکەین، چونکە ئەوە لە یەک کاتدا زیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆمان و بە بەرژەوەندییەکانی هەقیقەت دەگەیەنێت".

تێکڕای مێژووی خۆرئاوا بریتییە لە ململانێ و کێشمەکێشی نێوان هێزە ئازدیخوازەکان و ئەو هێزانەی خواستی ئەوەیان هەیە، بۆ دواوە بگەڕێنەوە و دەستبەرداری دەسکەوتە سەرەکییەکانی مۆدێرنە بن، وەک: (ئازادیی دەنگدان و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی توێژینەوە و بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و بڵاوکردنەوە و ئازادیی ڕۆژنامەوانی و هاتوچۆ و ئازادیی دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو و کۆڕی فیکری و... هتد).

لە سەدەی نۆزدەمدا و بەهۆی پاڵەپەستۆ و زۆربۆهێنانی هێزە کۆنەپەرست و ڕاستڕەوەکانەوە، خۆرئاوا چەندین جار ئازادیی ڕۆژنامەوانی سەرکوت کردووە، بەڵام دواجار هێزە ئازادیخوازەکان سەرکەوتوو بوون و ئازادییان بەرقەرار کرد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناکرێت تا سەر ئازادی لە کۆمەڵگە زەوت بکرێت. خوێندنی سیکولاریش دووچاری هەمان شت بوو. سەرەتا "جۆڵ ڤێری" لەگەڵ کاتۆلیکە توندڕەوەکاندا ڕووبەڕوو بووەوە، چونکە ئەوان ڕازی نەدەبوون بەوەی ئەم گۆڕانکارییە ترسناکە لە هەناوی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا ڕوو بدات و ببێتە مایەی ئەوەی، خوێندکارێکی کاتۆلیکی و خوێندکارێکی پرۆتستانتی هاوشانی یەک لە پۆلێکدا بەیەکەوە دابنیشن! واتە کاتۆلیکەکان ئەمەیان بەبیدعەیەکی گەورە دەزانی. بەڵام دواجار ملیان دا، ئەویش دوای ململانێیەکی توند و خوێناوی کە دەیان ساڵی خایاند.

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە ئەزموونی مۆدێرنەی ئەوروپی، ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و شایستەی ئەوەیە گرینگیی پێ بدرێت. بەڵام بەو مەرجەی بەشێوەیەکی لۆجیکی و مێژوویی، سەیری سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەلهاویشتنی بکەین. من پێشنیاز دەکەم تەواوی مۆدێرنەی ئەوروپی، لە ڕێی گرینگیدان بە دوو قۆناغ تاوتوێ بکەین:

١– قۆناغی رۆشنگەری و هاتنە ئارای مۆدێرنە کە لە سەدەی هەژدەمەوە دەست پێ دەکات تا بە سالّی ١٩٥٠و ١٩٦٠ دەگات.

٢– قۆناغی رەخنەگرتن لە مۆدێرنە (یان قۆناغی پۆست مۆدێرن). ئەمەش برێتییە لەو قۆناغەی چارەکە سەدەیەکە ئەوروپا پێی گەیشتووە (دەکرێت بڵێین لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە دروست بووە، چونکە بیریارانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەو کاتەوە کەوتنە رەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوا).

کەواتە ئێمە ناتوانین بگەینە قۆناغی دووەم و تێی بگەین، بەر لەوەی بە قۆناغی یەکەمدا گوزەرمان کردبێت. لەبەر ئەوە دەڵێم: (یەکەم شت رۆشنگەری). تەنانەت من داوا دەکەم بگەڕێینەوە بۆ پێش سەردەمی رۆشنگەری و سەدەی هەژدەم، داوا دەکەم بگەڕێینەوە بۆ سەدەی شازدە. تا تێ بگەین چۆن چۆنی ئەوروپا بۆ یەکەم جار کەوتە خۆی، تا لە توناوتونی سەدەکانی ناوەڕاست و شەوە تاریکەکانی بێتە دەرێ . بەڵام بۆچی دەبێت ئەمە بکەین؟ لەبەرئەوەی من پێم وایە ئێمە بێ چەندوچون لەو قۆناغەدا وەستاوین. هەموو ئەو گێنگلّدانە گەورانەی لەمڕۆدا وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەخۆیانەوە دەیبینن، نیشانەی ئەوەیە کە کاتی هاتووە و گۆڕانێکی گەورە روو دەدات.

من پێم وایە ئێمە لە دووڕیانێکی مێژوویی گەورەداین، رێک بەو قۆناغەی مێژووییەی ئەوروپی دەچێت کە دەکەوێتە نێوان ساتەوەختی "مارتن لوتەر" و ساتەوەختی "رینێ دیکارت"، واتە نێوانی سەرەتاکانی سەدەی شازدەم و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە. بەواتایەکی تر ئێمە لەسەر ئەو هێڵە وەستاوین کە سەدەکانی ناوەڕاست لە سەردەمە نوێیەکان جیا دەکاتەوە. هەر بۆیە دەبینین پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ ئەو قۆناغێکی تر، کارێکی ئاسان نییە. ئەم پرۆسەیە باجێکی قورس و گرانی هەیە، چونکە دەبێتە مایەی داڕمانی هەزاران قەناعات و بیروباوەڕی دۆگما. ئێمە چەندین سەدەیە لەگەڵ ئەو دۆگمایانەدا دەژین و بووەتە بەشێک لە ئێمە، کەواتە چۆن دەتوانین لێی جیا ببینەوە، بێ دادڕان و بێ ئەوەی هەست بەهیچ خوێنبەربوونێکی کوشندەی ناوەکی بکەین؟

پرۆسەی دابڕان لە دێوەزمەی کەلەپوور و میراتی مێژوو، بەزەمینلەرزە دەچێت. ئەوروپاش لە سەرەتاکانی مۆدێرنە و رۆشنگەریدا، ئەزموونی ئەو حاڵەتەی کرد. هەر بۆیە ئەزموونی ئەوێم بەلاوە گرینگە و لە هەوڵی ئەوەدام، بیگوازمەوە بۆ زمانی عەرەبی. ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە تەنگژەی هۆشیاریی عەرەبی– ئیسلامی لە یەک کاتدا لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ مۆدێرنەدا دەستی پێ کردووە. گەر ئەمەش روو بدات، دەبێتە رووداوێکی کەموێنە لە مێژوودا. پێویستە هەرچی لە تواناماندایە بیکەین، تا ئەم تەنگژەیە بگاتە دوا مەنزڵ و هەناسەی جیهانی کۆن ببڕێت، بۆ ئەوەی جیهانێکی تازەتر لەدایک بێت.

گومانی تێدانیە کە هەرەسی (سەردەمی ئایدیۆلۆجیای عەرەبی) یاخۆ پاشەکشەکردنی لە

گۆڕەپانەکە، ڕێگەی چارەسەر نزیکتر دەخاتەوە. ئەو سەردەمە ئایدیۆلۆجییە (بەهەموو هەراوزەناکانیەوە)، ڕێگر بوو لە بەردەم بەرەوپێش چوونی شتەکان و پرسیارکردنی ڕاستەقینە لە واقیع و لە مێژوو. بەڵام نابێت زۆر گەشبین بین و پێمان وابێت چارەسەر نزیکە، چونکە شەڕ لەگەڵ بەڵگەنەویست و بیروباوەڕە دۆگماکان، زۆر تولانی و دژوار دەبێت و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێت، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا لە سەرەتادایین.

لەم شەڕ و ململانێ تاقەت پڕووکێنەدا هێزە ئایدیۆلۆجی و تیۆلۆجییە دێرینەکان، هەروا بەئاسانی چۆک دانادەن و گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکەن و بگرە بست بەست شەڕی بێ ئامان لە دژی هێزە ڕۆشنگەرەکان بەرپا دەکەن. بەڵام دواجار هەر هێزە ڕۆشنگەرەکان سەرکەوتوو دەبن، وەک چۆن فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمدا لە ئەورووپا، ئەو شەڕەیان لە هێزە کۆنەپەرست و تاریکخوازەکان بردەوە. لێرەوەیە کە من زیاتر خۆم لەو قۆناغەی مێژووی ئەورووپیدا دەبینمەوە، نەک لەناو بیریارانی سەردەمی ئێستاماندا. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەکانی ئێمە، دووسەد ساڵێک و بگرە زیاتر لە دواوەی کۆمەڵگە ئەورووپییەکانەوەیە.

ئەم قسانەی من مانای ئەوە ناگەیەنێ، ڕێگری بکەم لە دەستبردن بۆ هزری پۆست مۆدێرن یان وەرگێڕانی ئەو هزرە قەدەغە بکەم! من دەمەوێت بڵێم: "خۆخەڵەتاندن و کات بەفیڕۆدانە گەر خۆمان بە دواین ئەو شتانەوە خەریک بکەین کە هزری ئەورووپی پێیگەیشتووە، یان سەرقاڵی گواستنەوەی تیۆریاکانی میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا و جێڵ دۆلۆزبین، بەر لەوەی خەریکی گواستنەوەی هزری مۆدێرنە و ڕۆشنگەری بین"، چونکە ئەوان کاتێک کەوتنە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنە و ڕۆشنگەری دەکەن، کە لە ڕاستەڕێگەی خۆیان لایان دا. ئەم شتانە کەسێک تێیان دەگات، لەناو ئەو کولتوورەدا ژیابێت و ئەزموونی کردبن. ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری بۆ کەسێک، چ مانایەکی هەیە کە هێشتا لە فەزای سەدەکانی ناوەڕاستدا بژی؟ بەڵام کەسێک کە لە ڕۆشنگەری تێری خواردووە و لە کەلێن و ناقۆڵاییەکانی تێدەگات و ویستی چاکترکردنی هەیە، ئەگەر ڕەخنەشی لێ بگرێت، لە جێی خۆیدا و لێی حاڵی دەبین..

ئەوەی ئێمە زۆر ترسمان لێیەتی ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیستەکانی عەرەب و فێندەمێنتالستەکانی ئێستا، کەڵک لە ڕەخنەکانی "فۆکۆ" و قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ڕۆشنگەری وەرگرن، بۆ خاتری شێواندن و دژایەتیکردنی زیاتر و زۆرتری مۆدێرنەی ئەورووپی! لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش ویستیان ئەمە بکەن، کاتێک هەندێ لە شرۆڤەکاری و لێکدانەوەکانی "فۆکۆ"یان بەکار هێنا، نەک تەنیا بۆ ڕەخنەگرتن لە شارستانیەتی خۆرئاوا، بگرە لە پێناو تەشەردان لە بنەماکانی ئەو شارستانیەتە و شۆخی پێکردنیشیدا..

ئایدیۆلۆجیستەکانی عەرەب و فێندەمێنتالستەکان دەیانوت: گەر ئەوان خۆیان خەریکی کەلوکۆمکردنی شارستانیەتەکەی خۆیان بن و بیانەوێت دایڕووخێنن، بۆچی ئێمە خۆمان بپارێزین

لەو کارە، لە کاتێکدا ئەو شارستانیەتە دوژمنی سەرەکیمانە؟

ئەمە بۆ خۆی هەڵوێستێکی سانا و هەلپەرستانەیە و راستگۆییی تێدا نییە، چونکە "فۆکۆ" بەهەمان دیدگای ئەوان رەخنە لە شارستانیەتی خۆرئاوا ناگرێت و بەو مەبەستەی ئەوان، ئەو کارە ناکات. "فۆکۆ" نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە، یان فێندەمێنتالیزمی مەسیحی زیندوو بکاتەوە! گەر ئەوەی بکردایە نە کەس ناوی دەبرد و نە شایەنی ئەوە بوو باس بکرێت. سەرەڕای ئەوەش "فۆکۆ" لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا لەو رەخنە زۆر رادیکالیانەی پاشگەز بووەوە و دانی بە رەوایەتیی پرۆژەی رۆشنگەریدا نا، بەتایبەت کاتێک دەستی بەتاوتوێکردنی دەقە بەناوبانگەکەی "کانت" کرد: (رۆشنگەری چییە؟). "فۆکۆ" بەم کارەی خۆی خستەوە ناو ئەو سیاقەی "ئیمانوێل کانت-" گەورە فەیلەسووفی رۆشنگەری- سەرەتاکانی داڕشت، واتە دوای ساڵانێکی زۆر لە سەرەڕۆیی و یاخیبوون، گەڕایەوە ناو جوگرافیای مۆدێرنە.

کەواتە ئەلتەرناتیڤی مۆدێرنە، تەنیا برێتییە لە هیومانستیکردنی زیاتر و زۆرتری مۆدێرنە ئەلتەرناتیڤی رۆشنگەریش بەرفراوانترکردن و گشتگیرکردنیەتی، تا تەواوی میللەتانی سەر گۆی زەوی بگرێتەوە- نەک تەنیا تایبەت بێت بەگەلانی ئەورووپی-. ئەڵبەتە دەکرێت بەهەندێ تێزە و تیۆرەی رۆشنگەریدا بچینەوە یان دەکرێت هەندێ لەو لادان و سەرەڕۆیانەشی راست بکرێتەوە کە لەساتەوەختی پراکتیزەکردنی عەمەلیدا لەسەر دەستی بۆرژوازییە مۆنۆپۆلخوازەکان لە سەدەی نۆزدەمدا یاخۆ لەلایەن بزاوتە پەڕگیر و رەگەزپەرستەکان لە سەدەی بیستەمدا، دوچاری هات.

قوتابخانەی فرانکفۆرت و "میشێل فۆکۆ" و کەسانی تر، مافی ئەوەیان هەیە رەخنە لەو لادان و سەرەڕۆییانە بگرن، بەڵام مافی ئەوەیان نییە تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنن. واتە بۆیان نییە لە ساتەوەختێکی نائومێدی و عەدەمیەتی کوشندەدا، هەرچی دەسکەوتی شارستانیەت و مۆدێرنە هەیە تووڕ هەڵبدەن. رەخنە و گلەییی فەیلەسووفی ئەڵمانی "یۆرگن هاپرماس" یاخۆ سۆسیۆلۆجستێکی فرەنسی وەک "ئالان تۆرین" لەم بەریانە، لەسەر ئەم شتانەیە. ئێمە ئەگەر بێتو قوربانیمان بە دەوڵەتی ماف و یاسا دا- کە یەکێکە لە گرینگترین بەرهەم و دەسکەوتەکانی مۆدێرنە-، ئیتر چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟

هێندەی نەمابوو "میشێل فۆکۆ" لە کتێبەکەیدا لەبارەی (کۆنترۆڵ و سزا)وە ئەو دەزگایە هەڵتەکێنێت، کاتێک کەوتە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی دروستبوونی یاسا- یاسای سزادان و گرتووخانەی مۆدێرن لە وڵاتانی ئەورووپی- لە سەدەی نۆزدەمدا. بەهۆی سەرەڕۆیی و ئانارشیستیەتی زۆری و بۆ دەرچوون لە دنیای باو، کەوتە گومانکردنێکی رەها لە ئایدیای یاسا و پێی وابوو تەنیا رەنگدانەوەی هاوسەنگی هێزە لە کۆمەڵگەدا. تاکە هەقیقەت لای ئەو برێتییە لە هێز و دەسەڵات و هیچی تر نا، بەڵام با لێی گەڕێین تەنیا یەک مانگ لەو وڵاتانەدا بژی کە دەوڵەتی ماف و یاسای تێدا نییە و ئەوەی باڵادەستە تەنیا یاسای جەنگەڵ و هێزە، بابزانین دوای ئەوە دەڵێت چی.

بەڵێ فەیلەسووفانی پۆست مۆدێرن، پڕکێشیی زۆریان کرد لە رەخنەگرتنی مۆدێرنە و لێک شیتاڵکردن و رووتکردنەوەیدا. بەڵام هەنووکە کاتی ئەوەیە شتەکان بچنەوە جێی خۆیان و سەرلەنوێ مۆدێرنە و ئەقڵانیەتی رۆشنگەری فۆرمەلا بکرێنەوە. ئەم فۆرمەلاکردنەش هەموو ئەو رەخنە جیدییانە بەهێند دەگرێت کە ئاراستەی مۆدێرنە کراون.

ئەگەر "فۆکۆ" وتبێتی (ئەقڵ زیندانە) یاخۆ (ئەو رۆشنگەرییە ئازادیی خۆڵقاند، هەر ئەویش بوو کۆت و بەندی دروست کرد)، ئەوا ئێمە ئەو بۆچوونانەی وەک پەرچەکردارێک سەیر دەکەین، بەرامبەر بەو داخرانانەی کۆمەڵگەی فرەنسی لە سەروەختی شۆڕشی ١٩٦٨ و دوای ئەوەدا دووچاری هات. بەم پێیە "فۆکۆ" دوای قوتابخانەی فرانکفۆرت، رۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە بەرفراوانکردنی رووبەری ئازادی لە فرەنسا و ئەمەریکا و وڵاتانی تری ئەوروپیدا، بەڵام پڕکێشیی زۆری کرد و رەخنەکانی سنووریان بۆ نەبوو..

ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەی هەنووکە لە رۆشنبیریی ئەوروپیدا دەیبینین لەبارەی ئەقڵانیەتی سەردەمی رۆشنگەریی، گرینگە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ناتوانین پێی رابگەین و لە هەموو رەهەندەکانی تێ بگەین، مەگەر تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە دەسکەوتەکانی مۆدێرنەی کلاسیکی و سەردەمی رۆشنگەریمان خستە ڕوو.

## تایپی رۆشنبیرانی عەرەب

"فردریک نیچە"ی فەیلەسووفی ئەڵمانی، جیاوازیی لە نێوان سێ جۆر بیریاردا دەکرد. جۆرێکیان ئەوانەن رۆکەشن و تەنیا ئیشیان چاودێریکردن و بینینی شتە دیار و رواڵەتییەکانی واقیعە، ئەم جۆرە بیریارە میلیمەترێک چییە بەناخی شتەکاندا رۆ ناچێت. لەلایەکی تر بیریاری قووڵمان هەیە کە دەچێتە هەناوی شتەکان. هاوکات بیریاری زۆر قوڵمان هەیە، دادەبەزێتە ناخی شتەکان و دەستی بەدوورترین پنت رادەگات! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بیریاری قووڵ و قووڵتریش هەیە. ئەوانەی قووڵن ئەوانەن ئەودیو رووکاری دیاردەکان دەبینن، بەڵام زۆر ناڕۆن. تەنیا بیریارە رادیکال و زۆر قووڵەکان دەتوانن، بگەنە ئەوپەڕی و بچنە ناخی شتەکان.. بەڵام کێشەکە ئەوەیە دوایی چۆن دەتوانن تەکان بدەنە خۆیان و بێنەوە سەرەوە! ئاخۆ دەکرێت ئەم پێوەرانە بەسەر رۆشنبیرانی عەرەبدا پراکتیزە بکەین؟

پێم وایە ئێمە زۆر ماندوو نابین لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی بیریارە رووکەشەکان، چونکە ئەوانە لە هەموو جێیەکدان و بەرچاون. دەتوانین زۆرێک لە هەڵگرانی بڕوانامەی دوکتۆرا و دەرچووانی زانکۆ بیانیەکان، لە ریزی ئەو بیریارە رووکەشانەدا پۆلێن بکەین. هەروەها زۆرێک لەو ئەکادیمیانەی کاتی خۆیان لە کۆکردنەوەی زانیاریدا لەبارەی فڵانە شاعیر و فیسارە فەیلەسووفدا بەخەرج دەدەن و پاشان دەکەونە رێکخستنەوەی ئەو زانیارییانەی دەسگیریان بووە، بێ ئەوەی هیچ شتێکی تازە بڵێن، دەچنە ئەو خانەیەوە.

"نیچە" زۆر چاک باس لەمانە دەکات و دەڵێت: "زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ، کەسانی رووکەش و نەخوێندەوارن". من ئەم قسانە بۆ ئەوە ناکەم تا سووکایەتی بەوانە بکەم و لێیان کەم بکەمەوە. بەڵێ ئەوانە کارێکی پۆزەتیڤانە دەکەن، بەو پێیەی زانیاری کۆ دەکەنەوە و کەڵەکەی دەکەن و پاشان دەیگوازنەوە بۆ خوێندکارەکانیان. زۆرجاریش بیرەوەریی بەهێزیان هەیە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بیریارە مەزنەکانە کە خاوەن بیرەوەرییەکی زۆر خراپن. رەنگە دواتر بیریارێکی مەزن بێت و بزانێت چۆن چۆنی ئەو زانیارییە کەڵەکەبووانە بەکار دێنێ و شتگەلێکی وەهایان لێ دروست کات کە بەبیری کەسدا نەهاتبن.

ناکرێت داوا لە هەموو کەسێک بکەین، بیریاری مەزن بێت و هەموو رۆژێک ئایدیا و تێزەی تازەمان بەردەست بخات! خەڵکێکی زۆر هەن بەدرێژاییی ژیانیان بیر ناکەنەوە و تاکە پرسیارێک لە واقیع ناکەن.. ژیان و سەرکەوتن لە ژیاندا یان کۆکردنەوەی پارە و هەڵقۆستنەوە و کەڵەکەکردنی بڕوانامەی زانکۆیی، پێویستیان بەهزر نییە، رەنگە پێچەوانەی ئەوە ڕاست بێت. بۆ ئەوەی بیر بکەیتەوە، پێویستە لە هەموو شتێک دابماڵرێیت.. مایەی خۆشبەختیشە کە خەڵکی هەموو فەیلەسووف و بیریار نین!...

بێگومان لە رۆشنبیریی عەرەبیدا بیریاری قووڵمان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی مامناوەند. واتە کەسانێک هەن لە هەوڵی ئەوەدان، وەڵامی پرسیارەکانی ئەم واقیعە دژوارەی ئەمڕۆمان بدەنەوە. لێرەدا من ناتوانم ناوی کەس بێنم، لەبەرئەوەی ئاگام لە کار و بەرهەمی هەموان نییە و ناهەقیشە گەر باسی هەندێک بکەین و هەندێکی تریش ئاوەرۆز کەین. بەڵام دەرهەق بەوە دەتوانم بڵێم، بیریاری زۆر قووڵ و رادیکاڵ لە رۆشنبیریی عەرەبیدا بوونی نییە.. دەبێت بپرسین بۆچی وایە؟ وەڵامێکی دەستبەجێی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بیریاری زۆر قووڵ و رادیکال، کەسێکی دەگمەنە لە مێژوودا. ئەم جۆرە بیریارە هەموو ساڵ و دوو ساڵێک دەرناکەوێت، رەنگە سەدەیەک یان دووسەدە جارێک دەرکەوێت و پاشان بۆ چەندین سەدەی تر ئاسەواری نەمێنێ، وەک ئەوەی بەسەر خۆماندا هات لەو ماوە دوور و درێژە تاریک و پڕ نوشستییانەدا.

ئەگەر مێژووی هزری ئەوروپی بەسەر بکەینەوە، دەتوانین بڵێین "دیکارت" بیریارێکی زۆر قووڵە. ئەڵبەت ئەم قسەیە بۆ "پاسکال و سپینۆزا و جان جاک رۆسۆ و کانت و هیگڵ و مارکس و فرۆید و نیچە"ش راستە: "دیکارت" نموونەی دیاری بیریاری رادیکاڵە، واتە ئەو بیریارەی رۆ دەچێتە ناخی شتەکان تا بەرەنجامێک دەگات و ترسی لەو سەرکێشییەشی نییە باجەکەی هەر چییەک بێت (ئەڵبەت ئەو دەرهەق بەو سەرکێشییانەی لەکاتی خۆیدا باجی گەورە و گرانیدا). بەڵام ئەگەر سەرنج لە کایەی رۆشنبیریی عەرەبی- ئیسلامی بدەین، دەبینین بیریاری زۆر قووڵ و رادیکاڵ، لە دوای قۆناغی کلاسیکەوە بوونی نەماوە. دەرکەوتنی "ئیبن خەلدون"یش لە سەدەی چواردەمدا، حاڵەتێکی ئاورتەیە. پێش ئەویش دەتوانین باس لە "تەوحیدی و ئیبن سینا و ئیبن روشد و ئەبوعەلای مەعەڕی" بکەین.. رەنگە "تەها حوسێن"یش لە سەردەمی تازەدا دواین بیریاری زۆر

قووڵ و رادیکاڵی بێت، بەڵام ماوەی نێوان "تەها حوسێن" و "ئیبن خەلدون" شەش سەدەیە.

دەبێت هۆکاری چی بێت کە لە کایەی رۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامیدا، ئەم جۆرە لە بیریاری رادیکاڵ و زۆر قووڵی تێدا نییە؟ نەتەوەیەک ژمارەیان سەرو دووسەد ملیۆن کەس بێت، چۆن ناتوانێت بیریارێکی گەورە بەرهەم بێنێت؟ تۆ بڵێی ئێمە کەمتربین لەوانی تر؟ ئێمە باوەڕمان بەم تەفسیرە رەگەزپەرستانە نییە و پێمان وایە هۆکاری بابەتی هەیە، نایەڵێت لەکایەی عەرەبی- ئیسلامیدا بیریارێکی رادیکاڵ لەدایک بێت. یەکەم شت فشاری کۆمەڵگە و شکۆی کەلەپوورە.

وەک ئاشکرایە هەموو بیریارێکی رادیکاڵ، سەرەتا بەر ئەم دوو بەربەستە دەکەوێت. بەڵام کێ بوێریی تێدایە و دەتوانێت ئەو کارە بکات؟ کێ ئامادەیە باجی ئەو ئەرکە قورس و گرانە بدات؟ دووەم هۆکار کە رێگرە، پەروەردەو دروستبوونی زانستی و ئەبستمۆلۆژیە.. هەر ئەوە بەس نییە رۆشنبیری ئێمە زۆر زیرەک بێت و ئاگەداری تەواوی کەلەپوور بێت، تا ببێتە رۆشنبیرێکی زۆر قووڵ و رادیکاڵ، بگرە پێویستی بەوەشە ئاگەداری میتۆدە گرینگەکانی توێژینەوەی زانستی بێت و دەستی بەسەر تێرم و کەرەستە و شێوازی ئەو میتۆدانەدا بشکێت، سەروەختێک دەیەوێت تاوتوێی هەر بابەتێک بکات و رەهەندە جیاجیاکانی ئاشکرا بکات. ئەمەش کاتێکی زۆری لێ دەبات و دەبێت خۆی تەرخان کات، تا زمانی تر فێر بێت و لە رێی ئەو زمانانەشەوە ئاگەداری میتۆد و تیۆرە تازەکانی دنیا بێت. پێویستە هاوکات زۆر بەچاکیش لە کەلەپووری عەرەبی- ئیسلامیدا قاڵ بووبێت، تا بتوانێت بەباشترین شێوە ئەو میتۆدە نوێیانەی بەسەردا پراکتیزە بکات.

هەروەها مەرجی سێیەمیش هەیە بۆ ئەوەی رێگە بۆ دەرکەوتنی بیریاری رادیکاڵ لە دنیای ئێمەدا خۆش بکات، رەنگە ئەمەیان قورسترین مەرجێک یان هۆکارێک بێت. ئەویش ئەوەیە پێویستە تا سەر ئێسقان دەرگیری خەم و خولیای گەل و نەتەوەکەی بێت. دەبێت کێشەی هزر بەلایەوە کێشەیەکی تایبەتی بێت و هەر بەتەنیا کێشەیەکی ئەکادیمی نەبێت. واتە دەبێت لە ساتێک لە ساتەکاندا ببێتە مەسەلەی ژیان و مردن بۆی! بیریارە رادیکاڵ و زۆر قووڵەکان هەمیشە کەسێکی پەڕگیرن، واتە کەسانێکن ئامادەن لە پێناو هەقیقەتدا قوربانی بەهەموو شتێک بدەن.

وەکی ئاشکراشە مرۆڤی لەم جۆرە دەگمەنە لە مێژوودا و لەناو هەر نەتەوەیەکدا بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. گومانی تێدا نییە "مارتن لوتەر" بیریارێکی زۆر قووڵ بووە، سەروەختێک لە بەراییەکانی سەدەی شازدەمدا گەیشتە ئەوەی دەست بخاتە سەر سەرچاوەی ئەو دەرد و نەخۆشییەی کڵێسای کاتۆلیکی بەدەستییەوە دەیناڵاند..

"لوتەر" یەکێک بوو لەوانەی کوشتەی هەقیقەت بوو، واتە ئامادە بوو لە پێناو هەقیقەتدا سەری خۆی دابنێت و لەم پێناوەشدا رسکی زۆری کرد. دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی "گالیلۆ"وە بڵێین، ئەویش لە بەراییەکانی سەدەی حەڤدەمدا و لە بوارێکی تردا هەمان شتی لە پێناو هەقیقەتدا کرد.. ئەوە بوو لە دوا ساتەکاندا توانی، ژیانی لە دەست دادگاکانی ڤاتیکان و تیۆلۆجیای

تۆقـێنەری سـەدەکـانی ناوەڕاست قـوتار بکات. تەنانەت "دیکارت"یش کە کـەسێکی بەحـەزەر و بە پێـچـوپەنا بـوو، ئەوەندەی نەمـابوو دەسـتی ئـاشکرا بێت و تێ کـەوێت! ئەی "دیکارت" کـتـێـبـە بەناوبـانگەکـەی (وتارێک دەربارەی مـیـتـۆد)ی بەبێ نـاوی خـۆی بڵاو نـەکـردەوە، لە تـرسـی زوڵم و دەسـەڵاتی سـەرکوتکەرانەی کڵـێسا؟ هـەر ئەو داهێنەری زاراوەی (فـەیلەسـووفی دەمـاک بەسـەر) نەبوو؟ واتە ئەو پێی وابوو دەبێت فـەیلەسووف ماسک بپۆشێت و هـەنگاو بەهـەنگاو بچێتە پێش، لە کاتی پێویست و گونجاویشدا نەبێت ماسکەکەی لانەدات.

بۆچی "دیکارت" قـەنـاعـەتی وابـوو؟ لەبـەرئەوەی تـەرازووی هێـز لـە سـاتـەوەخـتی ئەودا، لە بەرژەوەندیی ئەو هێز و گـرووپانە بوو کـە دوژمنی ئەو بوون (واتـە لە بەرژەوەندیی هێـزە دۆگـمـا و رابردووپەرسـتـەکان بوو). بۆیە دەبوو زیاد لـە پێویست رسک نەکـات و نیـەتی راسـتـەقـینەی خـۆی ئاشـکرا نەکـات. پاشـان سـەدەیەک دوای ئەو فـەیلەسـووفـانی رۆشنگەری هاتن و توانیـیـان ماسکەکانی سەرڕوویان هەڵماڵن و بەئاشکرا قسە بکەن، چونکە چینی بۆرژوا لەو قۆناغـەدا بووە پشت و پەنـای هێزە پێشکەوتنخـوازەکـان و هێندە بـەهێز و دەسـەڵات بوو، دەیتـوانی بـەرگـری لە رۆشنگەرەکان بکات و لە هەر هەڕەشە و مەترسییەک بیانپارێزێت.

لە سـەرەتادا من باسم لەوە کـرد کە ئێمە رێک و ڕاست لە قـۆناغی بەر لە رۆشنگەریداین (واتە لە قۆناغی دیکارت و گالیلۆ و سپینۆزا و ریچارد سیمۆندایـن- ریچارد سیمۆن یەکەم کەسە رەخنەی مێژوویی بـەسـەر دەقـە پیرۆزەکاندا پراکتیزە کردووە-، نەک لە قـۆناغی رۆشنگەریی خـۆیدا بین). گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەم، ئەوەیە کە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەیبینین.

هـەنووکە گەر بێتو دەست بکەین بە پرۆسـەی پۆلێنکردنێکی خێرای تایپی رۆشنبیران لە وڵاتانی عـەرەبی و ئیسـلامیدا، چیمـان دەسگیر دەبێت؟ ئەڵـبەت رێک و ڕاست ئەوە دەبینین کە رۆشنبیریی ئـسـوڵی (ئیـتـر مـوحـافـیزکـار و رەسـمی بێت یاخـۆ رادیکاڵ و یاخی بێت لە دەوڵەت)، کـایەکـەی کـۆنتـرۆڵ کـردووە و بالادەسـتـە. ڕووبـەری سـۆسـیـۆلۆجـیی ئەو، زۆر لە ڕووبەر و قـەوارەی سۆسیۆلۆجی رۆشنبیرانی نوێخـواز و عەلمانـی گەورەتر و فراوانتـرە. کەواتـە رۆشنبیری تەقلیدی بەهێـزترە و دوای ئەو، رۆشنبـیـرانی نوێخـواز و عـەلمانی دێن. رۆشنبـیـری ئـسـوڵی پێـیـەکی لە رابردوودایە و پێـیـەکی لە ئێسـتـادایە و خـۆی لەوە بەدوور دەگـرێت، هیچ پرسـیـارێکی گـرینگ و فـزووڵی لە کـەلەپوور بکات. لـەبەر ئەوە نابێت پشـتی پێ ببـەسـتن بۆ دیاریکردنی کـێـشـە راستەقینەکانی کۆمەڵگە، چ جای چاوەڕێی ئەوەی لێ بکەین چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

بۆیە دەکـرێت بە رۆشنبـیـرێکی راگوزەر نـاوزەدی بکەین. واتە قـۆناغێکە لە نێـوان رۆشنبـیـری تەقلیدی و رۆشنبیری رادیکاڵدا و دەتوانێت بۆ ماوەیەک گەنجان سرِ بکات، بەڵام توانای ئەوەی نییـە چارەسـەرێکی ریشـەیی کـێشـەکـانیـان بکات (مـحـەمـەد عـابدجابری لە مـەغریب و حـەسـەن حـەنـەفی لە میـسر، نموونەی ئـەم جـۆرە رۆشنبـیرەن). دواجـار دەبێت ئەوە دووبارە بکەینـەوە کە: (مـەحاڵە لـە هـەلومەرجی ئێسـتـادا رۆشنبیری رادیکال و زۆر قـووڵ بێتـە ئارا، مەگەر کـۆچ بکات و

روو بکاتە تاراوگە، بەڵام تاراوگەش دادی نادات، چونکە بارودۆخی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گەیشتووەتە ئاستێک لە شلۆقی و ناهەمواری، تەنانەت دەست لەوانەش ناپارێزێت کە لە دەرەوەن و لە تاراوگەدا ژیان دەکەن). بەڵام ئەم هەموو تەئکیدکردنەوەیە لەسەر بیریاری قووڵ و رادیکال بۆچی؟ ئەمە پێوەندیی بەڕۆشنگەرییەوە چییە؟

پێویستە ئەوە بزانین رۆشنگەری لای ئێمە، هەرگیز لە رێگەی گواستنەوە و کۆپیکردنی رۆشنگەریی ئەوروپییەوە روو نادات. تەنانەت ئەگەر کتێبخانەیەکی تەواویشمان گواستەوە، ئەو کارە مەیسەر نابێت. بێگومان کۆمەکی ئەوەمان پێ دەکات بۆ بەراوردکاری و پەندوەرگرتن لە ئەزموونێکی گەورەی پێش خۆمان، ئەزموونێک کە بۆ یەک جار لە بەرەکەی تری دەریای سپیی ناوەڕاست و لە باکوری ئەوروپادا ڕووی دا. ئێمە دەبێت رۆشنگەری لەناو خۆماندا دروست بکەین، کەس رۆشنگەری بۆ کەس هەناردە ناکات و دەبێت هەر کەس بەڕەنج و کۆشش و ماندووبوونی خۆی پێی بگات.

گرینگترین میتۆدێک ئەزموون و شارستانیەتی ئەوروپا پێشکێشی کردبین، چییە؟ بەبڕوای من میتۆدی خۆڕەخنەکردنە (واتە رەخنەگرتن لە خود و پشکنین و رۆچوون بەناو خوددا). ئەمەش هەمان میتۆدی ژینالۆجی "نیچە" و میتۆدی ئارکیۆلۆجی "فۆکۆ" و میتۆدی دەروونشیکاری "فرۆید"ە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەم میتۆدە ئازادیخوازە گەورانە، دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختێکی دوورتر، واتە دەگەڕێتەوە بۆ چرکەساتی "دیکارت" کە داوای تێکوپێکدانەوەی هەموو ئەو بیروباوەڕە هەڵانەی دەکرد کە بێ ئاگا و بێ ویستی خۆمان، لە قۆناغی منداڵییەوە کراوە بەمێشکماندا. لێرەوە هێندێک پێیان وایە، "دیکارت" دامەزرێنەری دەروونشیکارییە نەک "فرۆید".

هەرچۆنێک بێت خاوەنی (وتارێک دەربارەی میتۆد)، یەکەم کەس بوو باسی لەوە کرد دەبێت رەخنە لە خۆمان بگرین، تا لە هەموو خەوش و پیسییەکی پاک بکەینەوە. ئەم پرۆسەی رەخنەگرتنەش لە خود، یەکەم هەنگاوە بەرەو هەقیقەت. ئێمە تەنیا لەسەر داروپەردووی خانوویەکی داڕووخاو، دەتوانین ماڵێکی نوێ دروست بکەین. قۆناغی رووخاندن پێش قۆناغی دروستکردن و بیناکردن دەکەوێت....

دوای "دیکارت" و سەردەمی رۆشنگەری، "فرۆید" و "نیچە" دێن و شوێنپێی ئەوان هەڵدەگرن و هەمان رێگا دەگرنە بەر. "نیچە" میتۆدی ئیشکردنی خۆی ناونا ژینالۆجیا (واتە پشکنین و سۆراخکردنی بنەما و سەرچاوەی بیروباوەڕ و دنیابینی و شتەکان، تا بزانین بۆ یەکەم جار چۆن چۆنی دروست بوون). ئەمەشی بەتەنیا رێگەیەک دەزانی، تا لە هەژموون و دەسەڵاتیان قوتارما نبێت.

بیروباوەڕە ڕەهاکان تەواو داگیریان کردووین، لەبەرئەوەی وەها خۆیان فەرز دەکەن وەک ئەوەی هیچ بنج و بناوانێکیان نەبێت و سەرمەدی و هەمیشەیی و شتێکی بان- مێژوویی بن. بەڵام واقیع

وا نییە و شتێکی ترمان پێ دەڵێت. گەر بێتو لە قووڵاییەکاندا دەست بەپشکنین بکەین، دەبینین ئەو بیروباوەڕ و دنیابینییانە سەرەتا و مێژوویەکی دیاریکراویان هەیە، ئەو کات تووشی شۆک و سەرسوڕمان دێین. چونکە بڕوامان وا بووە، ئەو شتانە ئایدیالی و ئاسمانین و تێکەڵ بەواقیع و دنیای مادی نابن. کاتێک لەمە حاڵی بووین نائومێدییەکی قووڵ دامانده‌گرێت، بەڵام چار نییە ئەوە نرخی هەقیقەتە و دەبێت بیدەین. هەقیقەت هەندێ جار یان زۆرجار تاڵ و تفتە. شەنوکەوکردنی کەلەپوور و خۆقوتارکردن لە پاشماوەکانی، بە پرۆسەی دەروونشیکاری دێت بۆ نەخۆشێک، تا لە دەست گرێ و ئێش و ئازارەکانی رزگاری بێت. هەردوو ئەو پرۆسەیە دەبێت بۆیان دابەزیتە خوارێ ، تا پەی بە بنج و بناوان و سەرچاوەی شتەکان بەرین.

سەرکەوتنی ئەم میتۆدە لە ئەوروپا مەیسەر نەدەبوو، ئەگەر مرۆڤ متمانەی زۆری بەتوانای ئەقڵی خۆی نەکردایە و ئەگەر گۆڕانکاری و کۆدێتای کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورە رووی نەدایە. "فرۆید" یەکێک بوو لەوانەی بڕوایەکی لە ڕادەبەدەری بە ئەقڵ هەبوو، واتە ئەو یەکێک بوو لە میراتگرانی سەردەمی رۆشنگەری. ئێمە دەزانین دروشمی سەردەمی رۆشنگەری کە داهێنانی "کانت" بوو دەڵێت: "باهێندە جەسوور و ئازا بیت، بتوانیت ئەقڵت بخەیتە کار! مەترسە و ئەقڵت بخەرە گەڕ و بەکاری بێنە". ئەم بڕوابوونە بەئەقڵ، ئەو کاتە هاتە ئارا کە چینی بۆرژوا جڵەوی گرتە دەست و توانی خۆی لە کۆت و بەندی جیهانبینی و بیروباوەڕی کۆمەڵگەی فیوداڵی رزگار بکات. "سپینۆزا و کانت و رۆسۆ و ڤۆڵتێر" سەرەڕای جیاوازیی سیستمە فەلسەفییەکانیان، خاڵی هاوبەشی نێوانیان ئەوە بوو (بڕوایەکی لە ڕادەبەدەریان بەئەقڵ هەبوو). پشت ئەستوور بەمەش، تێ دەکۆشان بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی نوێی رۆشنگەر و مرۆڤانە.

لە ئێستادا کە هەندێک بیریار دەیانەوێت ئەم میتۆدە لیبراڵە بەسەر کەلەپووری عەرەبی-ئیسلامیدا پراکتیزە بکەن، هێزگەلێک لە راسترەو و دۆگما و پەرگیرەکان بەگژیاندا دەچنەوە و رێگیریان لێ دەکەن. ئەمانەش هەمان ئەو هێزانەن کە پێشتر بەگژ بیریارانی رۆشنگەریی ئەوروپیدا چوونەوە. ئەم هێزانە دەخوازن ئەو بیریارە رۆشنگەرانە سارد کەنەوە و کۆڵیان پێ بدەن. پاشان هەوڵی ئەوە دەدەن ئایدیۆلۆجیست و بەناو رۆشنبیرەکانیان لێ هان بدەن. بەوەشەوە ناوەستن و دەکەونە پروپاگەندەکردن و تۆمەت بەخشینەوە و درۆهەڵبەستن و پێیان وایە بەم شێوەیە، دەتوانن هزری راستەقینە لەناوبەرن و نووزەی ببڕن. بەڵام ئێمە دەزانین هیچ هزرێک لە دنیادا چەندە سەرچڵ و گەورەش بێت، ناتوانێت بیریارێک یان تەنانەت لەتە بیریارێکیش دروست بکات.

سەرچاوە: کتێبی داخرانی مێژوویی

# خەمەکانی لێبوکی سێرک[1]

## سیناریۆیەکە لە هەژدە تابلۆدا

میهای زامفێر[2]

تابلۆی یەکەم

لە سەرەمەرگدا

لە گۆڕەپانی سێرکدا، هەمـوو دەمـوچاوەکان دابەش بوون و هەمـوو پانتاییـیەکانیان پڕ کردووەتەوە. دەموچاوی ماندوو کە زەمەنێکی تر دروستی کردوون، گۆڕاون، پێکهێنەرەکانیان کورت بووەتەوە. هەموو سیما ڕەنگاوڕەنگەکان سەیری (ئانا) دەکەن کە لە سەرەمەرگدایە و گیان دەدات.

سێرکەوانەکان بەسەر بۆشاییە فراوان و گوریس و پەنجەرە والا و ڕەنگاوڕەنگەکاندا دابەش بوون.

ریتمەکانیان دەوەستێت. ئەژنۆکانیان دەشکێت و وەک گوریسێک لەسەر ئەرزەکە بڵاو دەبنەوە و واز لە گەمە و پاڵەوانبازی و گوریسەکانی دەستیان دێنن.

بێدەنگییەکی گەورە و رەها باڵی بەسەر هۆڵی سێرکەکەدا کێشاوە.

تابلۆی دووەم

ئەسپەکان، وەک ئەوەی لە دۆزەخ رایان کردبێت، ترس دایگرتوون. لە ناوەڕاستی بیابانێکی بەرین و بێ سنووردا، هەناسەبڕکێیانە و لە ئاسمانێکی بێ کۆتادا شێتانە و بێ پەروا دەحیلێنن.

تابلۆی سێیەم

لێبوکێک لە ڕاڕەوە دوور و درێژە لماوییەکاندا گالیسکەیەکی گران رادەکێشێت. جەستەی

................................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا ڕەئووف

''ئانا''ی لەسەر راکشاوە.

لێبوکە قژ بژ و قژ ڕەنگاوڕەنگەکان، وەک پرچی ئایشە و فاتمە چواردەوریان داوە.

تابلۆی چوارەم

زریانێکی گا قۆچوەشێنەکان بیابانەکە دەبڕێت.

تابلۆی پێنجەم

گالیسکە ماندووەکە، بە هەنگاوی کورت کورت ''ئانا'' رادەکێشێت، ئەو تێکشکاوەی کە هەموو سیمایەکی شارستانی لە چاوەکانیدا تواوەتەوە. لێبوکەکان لە ئاگراوییەکەی بیابان خواردوونی.

دارستانێک لە دەموچاو و سیمای لێبوکەکان لە چەقی پێدەشتەکەدا کۆمەڵ بوون.

تابلۆی شەشەم

بەخاکسپاردن

زەریاچەیەکی سەهۆڵبەندان، باڵندەی نەورەسیش بە شێوەیەکی چڕ وەک پەڵە هەورێکی گەورە بەسەر زەریاچەکەدا دەفڕن.

شێوەی دڕندە، سیمای ڕەنگاوڕەنگ، جەستە کۆم و گرگنەکان، جەستەی زەبەلاح و هەندێکی شڕ و لاواز و ڕەنگپەڕیو، هی تری زۆر گەورە و هەلاوساو لە دەوری جەستەی ''ئانا'' کۆ بوونەتەوە.

تابلۆی حەوتەم

نەورەسەکان شێتانە باڵەفڕکێ دەکەن و بێدەنگییە ترسناکەکە تێک دەشکێنن.

تابلۆی هەشتەم

لێبوکەکان بەناو شەقام و کۆڵانە باریک و ڕەنگاوڕەنگەکانی شارێکی پڕ لە هاتوهاوار و جەنجاڵدا دەگەڕێن.

لە بەردەم تابلۆی پڕوپاگەندەیەکی پرشنگداری گەورەدا رادەمێنن. تابلۆکە هەڵدەکشێت و لە شوێنی خۆیەوە دەست دەکات بە گەورەبوون تا هەموو بەشەکانی ئەو ئافرەتەی کە بەشێکی گرینگی پێک هێنابوو، دەئاوسێ.

تابلۆی نۆیەم

تاوانبارکردن

سێ پیاو، هەروەک ئەوەی لە زەمانێکی ڕابردووەوە بە هەڵەداوان هاتبن، دەستیان بەرەو روو درێژ کراوە.

– تۆ بوویت لە بەرگی لێبوکدا خۆت شاردبووەوە.

ئەو ئافرەتەی لە وێنەی پڕوپاگەندەکەدا بوو، شێوەی لێبوک دەگرێتە خۆ.

– دە ساڵە بینەران، بانگهێشتن کراون گوێ لە ئاهەنگی مۆسیقاکەت بگرن، هێشتاش هەر چاوەڕوانن، نەنوستوون، نانیان نەخواردووە، دانەنیشتوون، باوێشکیان نەداوە، نەپژمیون و فزەیان لێوە نەهاتووە.

تابلۆی دەیەم

هۆڵێکی ئێجگار فراوان: پڕە لە هەڵمێکی سپیی خەست و لێڵ، هیچ نابینرێت.

ئامێرێکی پیانۆ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانراوە، هۆڵەکە بەتەواوەتی داخراوە.

دارستانێکی گیانە هەلاوساوەکان هەموو پانتایی و بارستەی هۆڵەکەیان تەنیوە، لێبوکێک کە لە بەردەم پیانۆکەدایە، جووڵەی لەشە نامۆکان دەپشکنێ.

دەنگە تیژەکان داوای مۆسیقای لێ دەکەن، رووناکیی کامێراکان پەخش دەبێت، رۆژنامەنووسەکانیش بەبێ دەنگی چاودێریی دەکەن. ناتوانی پیانۆکە بژەنێت... ئەو نییە ... لێبوکەکەیە.

چەپڵەڕێزانێکی توندوتیژ. لێبوکەکە دەمرێت.

تابلۆی یازدە

هۆڵەکە بەتاڵە... لێبوکە کۆم و گرگنەکان بەسەر ئامێری پیانۆکەدا دابەش بوون.

تابلۆی دوازدە

لێبوکە گرگنەکان لە ناوەڕاستی بیابانێکدا رادەکەن.

تابلۆی سێزدە

لێبوکێک بەناو شەقامەکانی شاردا دەگەڕێت، لە جووڵە و ئەو هات و هاوار و جەنجاڵییە ورد دەبێتەوە.

سەرلەنوێ سێ پیاوەکە... جارێکی تر پڕوپاگەندە پرشنگدارەکە.

– دە ساڵە بینەرانی یاریگەی شەڕەقۆچی گاکان چاوەڕوانن، رانەوەستاون، نەپژمیون، نانیان نەخواردووە، باوێشکیان نەداوە، نەنوستوون، قسەیان نەکردووە، نەچوونەتە سەر پێشاو.

تابلۆی چواردە

یاریگەکە پڕ بووە لە بینەران ... رووخسار و شێوەکان، زۆربەی سیماکانیان بزر کردووە.

گایەکی قۆچوەشێنی تووڕە و هەژاو، فڕێ دەدرێتە ناوەندی گۆڕەپانەکەوە ... گاکە قۆچەکانی دەچەقێنێتە گیانی لێبوکەکەوە. لێبوک دەمرێت.

### تابلۆی پازدە

نەورەسەکان بە غەمباری بەسەر زەریاچە سەهۆڵبەندانەکەدا هەڵنیشتوون.

### تابلۆی شازدە

لێبوک لە بەردەم دەرگەی تیاترۆخانەیەکی شەوانەدا وەستاوە. ریکلامی پرشنگداری جەستەی ئافرەتێکی دڕندە هەموو پانتاییی خانووبەرەکە دەگرێتەوە ... سەرلەنوێ سێ پیاوەکە.

ریکلامی پڕوپاگەندە پرشنگدارەکان دەبنە جەستەی ئافرەتی دڕندەئاسا.

دە ساڵە یاریی تۆپی سەبەتە وەستاوە

دە ساڵە بینەران شێویان نەکردووە

نەنوستوون

قسەیان نەکردووە

### تابلۆی حەڤدە

یاریگەیەکی تۆپی سەبەتە، تەمومژ بینەران و یاریگەکەی داپۆشیوە. وێنەگر و رۆژنامەنووسەکان لە دەوری لێبوک کۆ بوونەتەوە.

چەپڵە، هاوار: لێبوک لە ناوەڕاستی یاریگەکەدایە.

ئامێری تۆمارکردنی گۆڵەکان، دوای ئەوەی ئاماژەی ئەوە دەکات کە ژمارەی گۆڵەکان گەیشتوونەتە ئاستی بێ پایان، دەوەستێت. هەزاران تۆپ بەسەر سەری لێبوکدا دەبارێت.

لێبوک دەمرێت.

### تابلۆی هەژدە

تابلۆی یەکەم دووبارە دەبێتەوە.

پەراوێزەکان:

١. ئەم سیناریۆیە لە یەکێک لە کۆوارە ئەدەبییەکانی هەشتاکاندا، لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە و (د. صلاح القصب) لە رۆمانییەوە کردوویەتی بە عەرەبی. هەر (د. صلاح القصب) خۆی ئەم سیناریۆیەی وەک نەمایشێکی وێنەئامێزی بەرز، لەگەڵ قوتابییەکانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی ئەو کاتەدا نمایشکرد و بەشێک لە قوتابییە کوردەکانیش بەشدار بوون. بەڕێککەوت لەم رۆژانەدا ئەم وەرگێڕانەی

خۆمم دۆزییەوە، پیایدا چوومەوە و هەندێک دەستکاریی کەمم لێرە و لەوێی تێکستەکەدا کردووە.

٢. نووسەری رۆمانی (میهای زامفیر) لە ساڵی ١٩٥٢ لەدایک بووە، دادەنرێت بە یەکێک لە ریژیسۆر، نووسەر و شاعیرە لاوە بەتوانا پێشڕەوەکانی رۆمانیا، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا.

چەند وشەیەک سەبارەت بە سیناریۆکە:

(خەمەکانی لێبوکی سێرک) باسی لێبوکێک دەکات، وێڵ و سەرگەردانە بەدوای ژنەکەیدا و بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و بەبێ وچان لە گەڕانێکی بێ ئاکامدایە. ئەم لێبوکە بەردەوام لە خەونەکانیدا بە ژنەکەی شاد دەبێتەوە، خەونەکانی جوان و ڕەنگاوڕەنگن و ئازار و ژانەکانی لێبوکەکانمان لە پانتاییەکی هێماگەلی ناتەبادا بۆ بەرجەستە دەکات.

لە خەونەکانیدا لە خۆیەوە. لە ساتە پڕ لە خەندە و پێکەنیناوییەکانییەوە، بۆ ساتە تەنیا و ژانە بەسۆکانی، ژیانی گەڕۆکی و گەمەی لێبوکەکان دەگێڕێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و ئاماژەیە، ئەوەیە کە ئەم لێبوکە و هەمیشە لە ترۆپکی خەونەکانیدا، بەر لەوەی بگاتە مەرامەکانی بەئاگا دێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیان و واقیعە تاڵ و دڵتەزێنەکەی خۆی و ڕووبەڕووی راستییەکان دەبێتەوە.

ئەم گەڕانە پڕ لە ژانەی لێبوکەکە لە ریتواڵێکی نامۆ و تێکەڵ بوون و پێکداچوونی چەندین ئاست و بۆچوون و وێنەی سووریالی و هێماگەل و خەونی چڕووپڕدا پێک دێت. هەندێک جاریش و لە چاوترووکانێکدا، وەک برووسکەیەکی خێرا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناو واقیع.

دەستڕەنگینیی نووسەر لەوەدایە کە بە شێوازێکی جوان و لە بەرگێکی دوور لە بنەما لۆجیکییەکانەوە، وەک ریژیسۆرێکی سینەمایی و لە دەرەوەی زەمەن و شوێنێکی دیاریکراوەوە رووداوەکانی بەرجەستە کردووە. حاڵەتە خودی و بارە دەروونییەکان لە شوێنێکی تەلیسماوی و پانتاییەکی خەونئامێزدا سەقامگیر دەبن. هەر لەم دیدەشەوە دەبنە شیعرێکی باڵا و لە کۆمەڵێ وێنە و بزاوتی سەمائامێزدا، بە شێوەیەکی بزۆز و نەسرەوت دەردەکەون.

تێبینی:

هیچ کەس و گرووپێک بەبێ رەزامەندیی وەرگێڕ مافی بەکارهێنانی ئەم تێکستەی بۆ شانۆ و سینەما و هەر جۆرە پرۆژەیەکی تر نییە.

# بنەواكانی رۆژنامەوانی

ئەو شتەی دەبێ هەواڵكاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بكات

بیڵ كۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ

بەشی شەشەم

---

بەشی حەوتەم

## رۆژنامەوانی وەک كۆڕبەندێكی جەماوەری

كۆدی شیرر تازە لە گەشتێكی ئەوروپا گەڕابووەوە كاتێک سێشەممە شەوێک دانیشت بۆ ئەوەی تەماشای تەلەڤزیۆن بكات. رۆژنامەنووسی سەربەخۆی واشینتۆن بەناو كەناڵەكاندا سووڕایەوە و لەسەر سی ئێن بی سیی راگرت و بۆ چەند خولەكێک تەماشای شۆی گفتوگۆئامێزی هاردبۆڵی كرد كە لەلایەن كریس مەتیوسەوە پێشكێش دەكرا.

میوانی مەتیوس كەسلێن ویلّی بوو، ژنێک كە دەیگوت سەرۆک كلینتۆن لە كۆشكی سپیدا دەسماڵیی كردووە. مەتیۆس هەوڵی دەدا باس لەوە بكات ئاخۆ كەسێک ویستوویەتی بەهەڕەشەكردن ویلّی دەمكوت بكات. بەڵام زوو دەركەوت بابەتی دیمانەكە سەرۆک یان تۆمەتەكەی ویلّی نەبوو – بگرە خودی شیرر بوو.

كریس مەتیوس: كاتێک ئەم پیاوە لێت نزیک بووەوە – لە بەرەبەیانی ئەو رۆژە، لە ریچمۆند، پێنج ساڵ پاش ئەم رووداوە، ئەو پیاوە كێ بوو؟ من دەمەوێت دووبارە پرسیارت لێ بكەمەوە، چونكە دەزانم تۆ دەزانیت ئەو كێ بوو.

كەسلێن ویلّی: من دەزانم. وابزانم دەزانم.

..........................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

کریس مەتیوس: بۆ پێم ناڵێیت ئەو کێ بوو؟ ئەمە بەشێکی گرینگی ئەم بەسەرهاتەیە، تۆ بۆچی ویستووتە ئەمشەو بێیتە ناو ئەم بەرنامە زیندووە و پێمان نەڵێیت بەبۆچوونی تۆ ئەو کەسە کێیە... با بەوریاییەکی زیاترەوە پرسیارت لێ بکەم. ئاخۆ هەرگیز ئەو باوەڕەت لەلا دروست کرا کە ئەو کەسە کێیە و ئەو کەسە کێ بوو کە ئەو باوەڕەی لەلات دروست کرد و ئەوە چ باوەڕێکیان لەلات دروست کرد؟

ویلّی: وێنەیەکەم پێشان درا و...

مەتیوس: کەسەکەی ناو وێنەکە کێ بوو؟

ویلّی: ناتوانم پێت بڵێم. من هەوڵ نادەم ناز بکەم.

مەتیوس: ئاخۆ من وێنەکە دەناسمەوە؟

ویلّی: بەڵێ.

مەتیوس: ئاخۆ کەسێکە لە بنەماڵەی سەرۆک، هاوڕێکانی؟ ئاخۆ کەسێکی نزیکی ستروَب تالّبۆتە ؟ ئاخۆ شیررە؟

ویلّی: داوام لێ کراوە نەی...

مەتیوس: داوات لێ کراوە نەیدرکێنیت؟

ویلّی: بەڵێ، لەلایەن...

مەتیوس: باشە.

شیرر بەنائومێدییەوە دەیزانی مەبەستی مەتیوس چییە. لە واشینتۆندا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووبووە گوایە شیرر لە ویلّی نزیک بووەتەوە کاتێک ئەو خەریکی هەروەڵە بوو و هەڕەشەی لێ کردووە بۆ ئەوەی سکالاکەی لە دژی سەرۆک بکشێنێتەوە. دەنگۆکە بێ بنەما بوو. هەروەها نادروستیش بوو. شیرر لە کالیفۆرنیا بوو کاتێک رووداوە کە گوایە رووی داوە، بەڵام کەس ئەرکی نەکێشا لەم بەشەی چیرۆکەکە دڵنیا بێتەوە. ئێستاکە ئەو تەنیا دەیتوانی تەماشای مەتیوس بکات کە دەنگۆ بێ بنەمایەکەی رادەگەیاند و وەک راستی پێشانی دەدا.

مەتیوس: با بگەڕێینەوە سەر هەروەڵەکە، یەکێک لە هەرە وروژێنەرترین و ترسێنەرترین بەشەکانی ئەم بەسەرهاتە. کاتێک تۆ پیاسەت دەکرد تووشی کەسەکە بوویت. تۆ نەتدەتوانی بخەویت، ملت دەئێشا- ئەم پیاوەی تۆ هەرگیز پێشتر نەتدیبوو هاتە لات. تۆ هەرگیز پێشتر نەتدیبوو؟

ویلّی: نەخێر.

مەتیوس: و باسی ئەوەم بۆ بکە... ئەو چی گوت، ئەم بەسەرهاتە تەواو بکە.

ویلّی: ئێ، ئەو ناوی منداڵەکانمی هێنا. پرسیاری کرد منداڵەکانم چۆنن. لەم ساتەدا دەستم کرد بەپرسیارکردن لێی، ئاخۆ ئەو کێیە و چی دەوێت و، ئەویش راستەخۆ تەماشای ناو چاومی

کرد و گوتی "دەڵێیت تۆ هەر تێ ناگەیت، وانییە؟" و منیش سووڕامەوە و رام کرد. من هیچ کارێکم نەبوو بۆئەوەی رابکەم و رەنگە نزیکەی ١٠٠ یارد رام کردبێت، زۆر تۆقابووم و، ئاورم داوە و ئەو چووبوو.

مەتیوس: کێ وێنەی ئەو کەسەی پێشان دایت کە بەبڕوای تۆ رەنگە ئەو بێت؟

ویلّی: جەکی جوود.

مەتیوس: لە ئێی بی سی؟

ویلّی: بەڵێ.

مەتیوس: و ئاخۆ تۆ بەدڵنیاییەوە ناسیتەوە؟

ویلّی: بەڵێ.

مەتیوس: کەواتە ئەو کەسە کۆدی شیررە؟

ویلّی: من ناتوانم پێت بڵێم.

مەتیوس: باشە، بەڵام تۆ ناسیتەوە... با باس لە کۆمەڵێک شتی تر بکەین بۆ ئەوەی لێرەدا بگەینە ئەنجامێک.

تەنیا بۆ چەند چرکەیەک بوو شۆیەکە دەستی پێ کردبوو کاتێک یەکەم یەکەم تەلەفۆن لێ درا. دەنگێکی نزم و گڕی کەسێکی نەناسراو بوو کە هەڕەشەی گیانی لە شیرر دەکرد. شیرر هەڵنەچوو، بەڵام وا تێ گەیشت کەسێکی سووکی بەکرێگیراوە لەلایەن شۆی هاردبۆڵەوە. بەڵام دواتر تەلەفۆنی دووەم هات و هی سێیەم. شیرر هەستی بەنیگەرانی کرد.

رۆژی دواتری روس لیمباوی پێشکێشکاری کۆنەپارێزی بەرنامەی رادیۆیی دەنگۆیەکەی بڵاو کردەوە: "ویلّی دەڵێت کێن ستار داوای لێ کردووە ناوی ئەو پیاوە نەدرکێنێت کە بەگوتەی خۆی دوو رۆژ پێش شایەتیدانی لە کەیسی پاولا جۆنزدا هەڕەشەی لێ کردووە. ئەو کەسەش کۆدی شیررە- ئێس-ئێچ- ئی- ئێی- ئار-ئی-ئار".

لیمباو کاریگەرییەکی تەنانەت مەزنتری هەبوو. لەو رۆژەدا تەلەفۆن پاش تەلەفۆن بۆ ماڵی شیرر لێ دەدرا، دەوروبەری سەت پێوەندی کە نیزیکەی نیوەیان هەڕەشەی کوشتن یان ئازاری جەستەیان دەکرد. هەرچەندە بەسەرهاتەکە بەئاشکرا هەڵبەستراو بوو، ئەو شەوە مەتیوس لە هاردبۆڵدا بەشێکی دیمانەی ویلّیی دووبارە لێ داوە و کلیپی "هەواڵی دەستە یەکی" خۆی بۆ مایکڵ ئیسیکۆفی نیوزویک و مایکڵ بارۆنی یوو ئیس نیوز ئەند وێرڵد ریپۆرتس و پاتریشا ئایرلەندی سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیی بۆ ژنان لێ دا.

شیرر شارەکەی بۆ چەند رۆژێک بەجێ هێشت و هەوڵی دا رووداوەکە لە بیر بکاتەوە. ئەو پێی وابوو واشینتۆن شارێکی مێشک پەرتەوازەیە. لە ماوەی چەند رۆژێکدا کەس بیر لەوە ناکاتەوە. بەڵام ئەو هەڵە بوو. بەیانی یەکشەممە کە گەڕایەوە واشینتۆن کاتێک خەریکی دووشگرتن بوو

میوانێکی هاته ناو گەرماوەکە و پێی گوت پیاوێکی چەک بەدەست لەناو حەوشەی ئەودا دەڵێت هاتووە شیرر بکوژێت. شیرر وای زانی ئەوە گاڵتەیەکە تا ئەو کاتەی هاتە دەرەوە و پیاوەکەی بینی کە چەکەکەی راستەوخۆ لەسەر هاورێیەکی تری شیرر نیشان کردووە و داوا دەکات شیرر ببینێت.

لە ناکاو بەشێوەیەکی سەیر چەکدارەکە بۆ لای ئۆتۆمۆبێلەکەی رای کرد و هەڵات. شیرر و هاورێکانی ژمارەی پلێتی ئۆتۆمۆبێلەکەیان هەڵگرت و تەلەفۆنیان بۆ پۆلیس کرد. پاش سەعاتێک پۆلیس کۆتاییەکی تەنانەت سەیرتری بە بەسەرهاتە سەیرەکەی بەخشی. چەکدارە شێتبووەکە هەنک بیوکانەنی برای پاتریک بیوکانەنی پێشکێشکاری پێشووی شۆی گفتوگۆئامێز و کاندیدی پێشووی سەرۆکایەتی لەلایەن پارتی کۆماری و پارتی چاکسازی بوو. هەنک بیوکانەن مێژووی نەخۆشیی عەقلیی هەبوو.

شیرر زیاتر لە کریس مەتیوس زویر بوو. ئەو گوتی "ئەگەر من هەڵەیەکی لەو جۆرەم کردبایە، دەبووایە دابنیشتبام و نامەیەکەم نووسیبا و روونم کردبایە دەرفەتم کەمە و داوای لێبووردنم کردبایە. بەڵام من هیچم بۆ نەهاتبوو، تەنانەت لەلایەن بەرهەمهێنەکەشەوە و... سەیرترین شتەکە ئەوەیە ئەو هیچی بەسەر نەهات. شەوی دواتر دووبارە بەرنامەی پەخش کردووە".

هەردووکیان چەند رۆژێک پاش وەشانەکە و پێش رووداوی بیوکانەن لەناو شەمەندەفەر یەکتریان دیتبوو. بەگوتەی شیرر ئەوان سەرسەختانە مشتومڕییان کردبوو و ئەو وا تێ گەیشتبوو مەتیوس پەشیمان نییە. مەتیوس پاش ئەوەی نامەی لەلایەن داواکاری شیررەوە پێ گەیشت، بەشێوەیەکی زیندوو داوای لێبووردنی کرد و لێدوانی داواکاری شیرری راگەیاند سەبارەت بەوی شیرر "هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە رووداوەکانی وەسفکراو لەلایەن خاتوو ویلیەوە نییە".

مەتیوس لە پرۆگرامەکەیدا گوتی " من ئێستا پەشیمانم کە قسەم کرد _ کە پێشوەختە لەگەڵ ئەو (شیرر)دا قسەم نەکرد بەر لەوەی ناوی ئەو بڵاو بکەمەوە. من نەدەبووایە هەرگیز ناوی ئەوم هێنابایە تا ئەو کاتەی دڵنیا نەبووباین".

ئەمە شتێکی کەمتر لە راستکردنەوەیەک بوو. لەوەش گرینگتر هەواڵەکە ناڕاست بوو. بەسەرهاتی کریس مەتیوس و کۆدی شیرر وریاییەک دەدات بۆ تێگەیشتن لە بنەمایەکی تری رۆژنامەوانی. رۆژنامەوانی لە رەچەڵەکییەوە، لە بازاڕی یۆنانەوە بگرە تا مەیخانە ئەمەریکییەکانی کۆلۆنیاڵ، هەمیشە کۆڕبەندێک بووە بۆ گفتوگۆی جەماوەری. کۆمیسیۆنی هاچینز لە ١٩٤٧دا ئەم ئەرکەی وەک بەرپرسیارێتییەکی بنەڕەتیی پیشەکە و تەنیا بەپلەی دووەم دوای درکاندنی راستی لە قەڵەم دا. کۆمیسیۆنەکە نووسی "ئاژانسە گەورەکانی پێوەندییە جەماوەرییەکان پێویستە خۆیان بە بزوێنەری گشتیی گفتگۆی جەماوەری دابنێن".

ئەمە بنەما یان ئەرکی شەشەمی چاپەمەنییە:

پێویستە رۆژنامەوانی کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و سازشی جەماوەری دابین بکات.

تەکنەلۆجیای نوێ کۆڕبەندەکەی بەهێزتر و باوکایەتیی رۆژنامەوانیی بێهێزتر کردووە. بەڵام بەسەرهاتی شیرر ئاماژە بەوە دەدات خێرایی و تاوی زیاتری کۆڕبەندەکە هەروەها پەرەی بە هێزەکەی داوە بۆ شێواندن و چەواشەکردن و زاڵبوون بەسەر ئەرکەکانی تری میدیای ئازاددا و، ئەمە لە ڕێگەی هەڵگیرسانی توانستی رۆژنامەگەریی هاووڵاتی و بلۆگ و تەنانەت ئاوێتەکردنی رۆژنامەوانی و گفتوگۆدا هەر لە پەرەسەندندایە.

لە بەشی دووەم لەبارەی راستییەوە ئێمە لەو کۆڕبەندی سروشتییەمان کۆڵییەوە کە بڵاوکراوەکانی سەرەتایی دابینیان دەکرد و هەروەهاش لە پێوەندییەکەی بە شێوەدان بە رای گشتی. ئەم توانستە بۆ داهێنانی کۆڕبەندێک ئەوەندە گشتگیرە کە بەنزیکەیی هەر هەموو رەهەندەکانی کاری رۆژنامەنووس پێک دێنێت.

لەگەڵ هەواڵە سەرەتاییەکەی رۆژنامەنووسێک کە بەهۆیەوە جەماوەر لە رووداوێک یان هەلومەرجێک لەناو کۆمەڵگەدا ئاگەدار دەکاتەوە، دەست پێ دەکات. ئەم هەواڵانە رەنگە لێکدانەوەیان لەخۆ گرتبێت کە ئاماژە بە کاریگەرییە رێتێچووەکان بکەن. لە پێناو بەراوردکردن یان جیاوازی کردن رەنگە دەق دابین بکرێت لەگەڵ هەڵسەنگاندنی زانیارییەکە لەلایەن نووسیارانەوە. ستوونووسان رەنگە تێبینیی کەسێنی لەسەر بابەتەکە بدەن.

هەموو شێوازەکانی رۆژنامەنووسان رۆژانە بەکاری دێنن دەکرێت لە خزمەت ئەرکی داهێنانی کۆڕبەندا بن لە ڕێگەی هۆشیاریدان بە جەماوەر لەبارەی کێشەکانەوە بەجۆرێک کە هانی هەڵسەنگاندن بدات. سروشتی زانخوازی مرۆڤ بەو مانایەیە لە ڕێگەی گوزارشکردنی وردەکارییەکانی رووداوە بەرنامەڕێژکراوەکان و ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان یان باسکردنی دیاردەیەکی پەرەگر، رۆژنامەوانی جەماوەر دەخاتە پرسیارکردنەوە. کاتێک جەماوەر دەست بە کاردانەوە نواندن بەرامبەر بەم راگەیاندنانەوە دەکات، کۆمەڵگە پڕ دەبێت لە دەنگی جەماوەر- لەسەر رادیۆ و لە شۆیەکانی پێوەندیوەرگر و شۆیە گفتوگۆئامێزەکانی تەلەڤزیۆنی، لە بۆچوونە کەسێنییەکانی سەر لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانە و لە بلۆگەکان و لە ژوورەکانی چەت و لە راپرسییە جەماوەرییەکان و شوێنی تر.

کاتێک ئەوانەی لەسەر دەسەڵاتن ئەم دەنگانە دەبیستن، تێگەیشتن لە سروشتی رای گشتی سەبارەت بە بابەتەکە کە لە گەشەدایە، دەکەن بە ئەرکی خۆیان. ئەم پرۆسەیەیە رۆژانە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا کۆڕبەندە دێرینەکان دادەهێنێتەوە کە تێیاندا سەرەتاییترین دیموکراسییەکانی جیهان دروست بوون.

ئەم ئەرکەی کۆڕبەندی چاپەمەنی رێگە بە خولڤاندنی دیموکراسی دەدات تەنانەت لە وڵاتێکی گەورە و فرەنەژاد، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی سازش، سازش، سازش- ئەو شتەی جێیمز مەدیسن و ئەوانی تر بە کۆڵەکەی دیموکراسییان داناوە.

هیچ کام لەمانە ئەمڕۆکە لەلای گرووپە لایەنگرەکان و پارتە سیاسییەکانەوە لەناو نەچووە.

ساڵانە میلیۆنان دۆلار لە گۆڕینی رای گشتیدا خەرج دەکرێت و، زۆربەی جار لە ڕێگەی بەکارهێنانی بابەتی نیمچە راست و هەندێک جار درۆی ئاشکرا. لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێویستە میدیا رۆڵی نێوانجیکار و ناوبژیوانی راستگۆ بگێڕێت کاتێک گفتگۆیە جەماوەرییەکە دەگوازێتەوە.

لە سەردەمی نوێی میدیادا ئەوانەی رۆژنامەوانیمان بۆ دابین دەکەن، ناچارن قسە هۆنینەوە و درۆی مشتومڕی بازرگانی و لۆبی و پروپاگەندەی سیاسی ئاشکرا بکەن. لاپەڕەکانی تایبەت بە نووسیارانی رۆژنامەیەک، ستوونەکانی بۆچوونی، شۆیە گفتوگۆئامێزەکان، گوتاری کۆوارە بۆچوونییەکان، بلۆگەرەکان و هەر کەسێکی تر مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی هەبێت. ئەمە ئەرکی ئەوانە. بەڵام ئەگەر نووسەرانی ئەمانە بیانەوێت خۆیان بە رۆژنامەنووس ناوبەرن، پێویستە راستییەکان چەواشە نەکەن – پێویستە وەک هەر بەشێکی تری پیشەکە پابەندی هەمان ستانداردەکانی راست و دروستبوون یان دڵسۆزی بۆ بەرژەوەندیی گشتی بن.

کەواتە پێویستە رۆژنامەوانی کۆڕبەندێک بۆ رەخنە و سازشی جەماوەری فەراهەم بکات. بەڵام لە سەردەمێکی نوێدا، زۆر گرینگترە نەک کەمتر کە ئەم گفتوگۆیە جەماوەرییە وەک بەشەکانی تری رۆژنامەوانی لەسەر هەمان بنەماکانەوە بنیات بنرێت، کە بە هەقیقەتبوون و راستییەکان و سەلماندنەوە دەست پێ دەکەن، چونکە کۆڕبەندێک بێ رەچاوکردنی راستییەکان ناتوانێت ئاگەدارکەرەوە بێت. مشتومڕییەکی نقووم بووە لە دەمارگیری و گریمانە تەنیا ورووژێنەرە.

بەهەمان شێوە گرینگە ئەم کۆڕبەندە بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بێت نەک تەنیا بۆ زەنگینەکان یان ئەوانەی لە رووی دیموگرافییەوە سەرنجراکێشن.

لە کۆتاییدا بنەمایەکی تر هەیە بۆ لێتێگەیشتن کە پێوەستە بەو کۆڕبەندە جەماوەرییەی میدیا دەیگوازێتەوە: مشتومڕییەک کە تەنیا لەسەر دوو ئاراستەی ناکۆکییەکە چڕ کراوەتەوە لە خزمەت جەماوەردا نییە و لە جیاتیی زۆربەی هاووڵاتییان پشتگوێ دەخات. تەنانەت ئەگەر میدیای هەواڵی مەودای جۆرەوجۆری ئەو بۆچوونانە بوەشێنێت کە یەکجار فرەجۆربوونی کۆمەڵگەیەک دەردەخات، پێویستە ئەو راستییەیان لە بەرچاو ون نەبێت کە دیموکراسییەکان لە دواییدا لەسەر بنەمای سازش بنیات دەنرێن. پێویستە کۆڕبەندە جەماوەرییەکە رووبەرە بەرفراوانەکانی سازشیش بگرێتە خۆی کە زۆربەی جەماوەر لەناویاندایە و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەیان تێدا دەدۆزرێنەوە.

هەندێک خەڵک رەنگە ئەم لێکدانەوەیە بەچاودێریکردنی نابەجێ دابنێن – و شتێکی زیاتر لە دەستەبژێرێکی بچووک – پاشماوەی سەردەمێک کە تەنیا چەند دەزگایەکی کەم دەسەڵاتیان بەسەر دەستڕەسیی جەماوەر بە زانیاری هەبووە

لە سەردەمێکی نوێدا لەگەڵ تەکنەلۆجیای پێوەندییە نوێیەکانییەوە ئاخۆ مەتیوس تەنیا بە رێگەدان بەوەی ویلی قسە بکات نەیتوانی وا لە شیرر بکات کاردانەوە بنوێنێت؟ ئێستا ئێمە

دەتوانین رۆژنامەوانی نێوانجیکار لەسەر رێگە لابدەین و رێگە بە مشتومڕییەک بدەین لە چوارگۆشەی جەماوەریی راستەقینەدا روو بدات نەک لەناو چوارگۆشەیەکی دەستکردی پێناسەکراو لەلایەن ئێن بی سی یان سی بی ئێس نیوز. ئەمە ئەو شوێنەیە کە مشتومڕیی تەکنەلۆجیا و رۆژنامەوانی دەگاتە روونترین جیاوازیی فەلسەفییانەی خۆی.

راستە مشتومڕییەکی کراوەتر لە توانای ئێمەدایە و لە ئاستێکدا شتێکی دڵخۆشکەرە وا بیر بکرێتەوە کە تەکنەلۆجیا ئەوانەی هەواڵ بەرهەم دێنن لە پێویستیی هەڵسەنگاندن و بەرپرسیارێتی رزگار دەکات. پەرەسەندنی مشتومڕییەکی دروستبووە بەهۆی ماشێنەکانەوە هەڵەی مرۆڤ کەم دەکاتەوە و هەموومان بەرز دەکاتەوە. بۆ ناسینەوەی هەقیقەت، ئێمە دەتوانین پشت بە بازاڕی راستی و بیرۆکەکان ببەستین نەک رۆژنامەنووسان.

جیهانی بلۆگ ئەم فەلسەفەیە تەنانەت بێگەردتریش دەکات. بەپێی پرۆتۆکۆلەکە لانی کەم لە یەکەم دەیەی ئەم سەدە نوێیەدا، کاتێک بلۆگەرێک بۆچوونێک پۆست دەکات، ئەو هەروەها لینکێک بۆ هەر شتێک کە کاردانەوەی بەرامبەر نواندووە یان ئاماژەی پێ کردووە، دەخاتە ناوی. کێشەی ئاڵۆزی بەهەڵە پێشکەشکردن یان بەئەنقەست شێواندنی راستییەکان لەلایەن مرۆڤەوە، نەماوە.

کێشەکە ئەوەیە: بە چ پێوەرێک مەتیوس یان هەر کەسێکی تر لە هەر کۆت و بەندێک بۆ پابەندبوون بە بنەمای سەلماندن یان پەرۆشی بۆ بەرژەوەندیی جەماوەریی گەورەتر ئازاد کراون؟ کەناڵی زیاتر؟ تێکەڵاوبوون؟ شیمانەی لینکە بێ ژمارەکانەوە؟ هەرچەندە ئەمە رەنگە لە روانگەیەکی تەواو تەکنەلۆژییەوە راست بێت، لە بازاڕی راستەقینەی پێوەندی و کولتووری سیاسیدا، ئەمە چوارگۆشەیەکی جەماوەری دروست دەکات بە بایەخدانێکی کەمکراوە بە راستییەکان و دادوەری و بەرپرسیارێتی. قسە هۆنینەوە جێگەی سەلماندن دەگرێت. ماف دەبێتە بابەتێک بۆ کەسی خاوەن گەورەترین دەسەڵات و وزە و کارامەیی لە رەوانبێژی.

بۆ نموونە لە بەشێکی زۆری تەلەڤزیۆن و رادیۆدا بەتایبەتیش لە هەواڵی تەلەڤزیۆنی و هی بەیانیاندا رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی مەودایەکی بەرچاوی بڕیوە بەئاراستەی وازهێنان لە بەرپرسیارێتییەکەی بۆ سەلماندن لە کاتی پێشکێشکردنی کۆڕبەندی جەماوەریدا. هۆیەکەی ئەوەیە ئەم سەکۆیانە ئێستا پشت بە دیمانەی راستەوخۆ دەبەستن وەک شێوازی سەرەکییان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ.

شێوازی دیمانەکردنی راستەوخۆ، وەک چۆن هەر هەواڵکارێک بەخۆشحاڵییەوە دانی پێ دەنێت، دەسەڵاتەکە دەخاتە بەردەست دیمانەکراو. میوانەکە کۆنترۆڵی ئەو شتە دەکات کە ئەوان دەیڵێن و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە بۆ کاتکوژی بە درێژبڕی، چەواشەکاری، یان تەنانەت درۆکردن. رۆژنامەنووسی پێشکێشکار تەنیا بۆ چەواشەکارییە هەرە ئاشکراکانەوە نەبێت، ئەگەرنا دەسەڵاتێکی کەمی هەیە بۆ دڵنیاکردن یان راستکردنەوەی هەموو نیاز و ئامانجەکان. هەرچەندە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی رەنگە هەست بەوە نەکات، بەڵام ئەو رۆژنامەوانییە پرۆگرامەکانی خۆی

بەشێوەیەک دارِشتووە کە راستییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر جێیان بە هەر شتێک پرِ کراوەتەوە کە میوانەکانی ئەم پرۆگرامانە هەست دەکەن دەتوانن بیفرۆشنەوە. هەواڵی تەلەڤزیۆنی بەم شێوەیە رێخۆشکەر بووە بۆ ئەو هەلومەرجەی تێیدا راستییەکان لە پێناو قسەهۆنینەوە سووک کراون.

بەداخەوە کێشە تەکنەلۆجییەکە بەکردەوە و لەسەر شێوەی دیجیتاڵ هاوتای دیکتاتۆرییەتە نەک ئازادی. ئێمە لە جیاتیی ئەوەی ئازاد بکرێین دەبینە دیلی تەکنەلۆجیا. کاری رۆژنامەنووسان تەنیا دەبێتە دڵنیابوونەوە لە کارابوونی تەکنەلۆجیا. دەبێتە مۆتەکەی کۆمپیوتەری هاڵ ۹۰۰۰ لەناو فیلمی ۲۰۰۱: ئێ سپێس ئۆدیسێی.

یەکێک لە گەورەترین پشتیوانانی دیاردەی چاودێریی هاووڵاتی بەسەر دەقی بەرهەمهاتوو لەلایەن هاووڵاتییەوە ویکیپیدیایە – ئینسایکلۆپیدیایەکی ئینتەرنێتی هەموارکراو لەلایەن بەکاربەرانەوە. ویکپیدیا لەسەر تەکنەلۆجیایەک بنیات نراوە بەناوی ویکی، کە رێگە بە دروستکردنی گوتار و هەڵەچنیکردنی لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە دەدات– ویکی مێژووی گوتارەکە لەگەڵ هەموارکردنەوەکانی ئەنجامدراو لەلایەن هەر تاکێکەوە تۆمار دەکات. فەلسەفەی ویکیپیدیا ئەوەیە هەڵە لە راستییەکاندا کە لەلایەن بەکاربەرێکەوە جێگیر کراوە، لەلایەن بەکاربەرێکی ترەوە دەبینرێن و راست دەکرێنەوە. ویکیپیدیا رۆژنامەوانی نییە هەرچەندە ماڵپەرِی بنیاتنراو لەسەر ویکی بوونیان هەیە.

لە ئایاری ۲۰۰۵دا پیاوێکی نەشڤیڵ ژیننامەی رۆژنامەنووسی خانەنشینبوو جۆن ئیڵ سیگنئاڵری لەسەر ویکیپیدیا بڵاو کردەوە. پۆستە رەسەنەکە کە ناوی نووسەرەکەی پارێزراو بوو کۆمەڵێک قسەی هەڵبەستراوەی تێدا بوو، لەوانەش گوایە سیگنئاڵر لە تیرۆرکردنی جۆن ئێف کەنێدی و رۆبێرت کەنێدیدا دەستی هەبووە و ماوەی ۱۳ ساڵ لە یەکەتیی سۆڤیەتدا ژیابووە.

لە راستیدا ژیننامە کورتەکە هەڵگری تاکە رستەیەکی راستەقینەی بوو– سیگنئاڵر یاریدەری کارگێرِیی رۆبێرت کەنێدی بوو لە سەرەتای ۱۹٦۰کاندا. سەرەرِای کەموکوورِییەکان، بابەتەکە تا ئەیلوول هەستی پێ نەکرا کاتێک سیگنئاڵر پێی زانی و لای دا.

سیگنئاڵر بەسەرهاتی خۆی لە بابەتێک لە یۆ ئێس ئێی تودێیدا باس کرد و گفتوگۆیەکی هەم لە میدیای کۆن و هەم لەسەر ئینتەرنێت وروژاند لەبارەی یاسا و چاکەکانی ویکیپیدیا و گفتگۆیەکەی گشتاند بەسەر چمکەکانی راستی و هەقیقیبوون لە کۆمەڵگەی ئینتەرنێتیدا. هەندێک پێشنیازیان کرد یاساکانی تۆمەتبارکردن بەرفراوان بکرێن بۆ ئەوەی ئینتەرنێتیش بگرنەوە، لە کاتێکدا ئەوانی تر رەخنەیان لە سیگنئاڵر دەگرت کە بۆچی لە جیاتیی لادانی ژیننامەکەی تەنیا هەمواری نەکردووە– هەرچەندە ویکیپیدیا رێگەی بە هەموو کەسێک داوە ئەو کارە بکات.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بگوترێت سەرچاوە کۆنەکانی دابینکردن و زانیاری لە خۆیانەوە پشت پێ بەستراوەترن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی چاپکراوە لەلایەن رۆژنامەی نێیچر لە کانوونی یەکەمی

٢٠٠٥دا ویکیپیدیا لە ڕووی وردبینییەوە لە ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا "نزیکە". لێکۆڵینەوەکە ٤٢ بەندی لە هەردوو ئینسایکلۆپیدیا شی کردەوە و ١٢٣ هەڵەی لە بریتانیکا و ١٦٢ی لە ویکیپیدیا دۆزییەوە. بریتانیکا رەتکردنەوەیەکی دوور و درێژی بڵاو کردەوە و لێکۆڵینەوەکەی نێیچری بە چەوت و هەڵە و چەواشەکار ناو برد، ئەمەش بەهۆی رێگەی هەڵبژاردنی بابەتەکانەوە. نێیچر گوتی ئەو لەو باوەڕەدایە "بەراوردەکە دادوەرانە بووە" و وەڵامی داوە و رەتی کردەوە لەو شتەی بڵاوی کردبووەوە، پاشگەز ببێتەوە.

بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوەی پتر لەبارەی ویکیپیدیا و ئەوانی ترەوە هەن. بەڵام لەوەتەی ٢٠٠٦ەوە بێگومان هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ پشتیوانیکردن لە قسەی تەکنەلۆجیکاران کە گوایە نەخشەسازیی کراوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەک باڵادەستترە لە هەوڵی ژمارەیەکی کەم لە پیشەوەران بۆ سەلماندنی راستی و زانیاری.

ئینتەرنێت دەبێتە دەنگی بەشێکی پتری خەڵک، پتر لە هەمیشە و بەشداربوون تێیدا باشە. بەڵام رۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان دەبێت ئاگەداری ئەو مەترسییانە بن کە لەگەڵ زاڵبوونی هەر شێوازێکدا دەردەکەون. کاتێک ئەم کۆڕبەندە جەماوەرییە نوێ و یەکجار بەهێزە تاو دەسەنێت، هێزی ئەو شتەی جێنشین کراوە– هەوڵی پیشەوەرانە بۆ سەلماندن– لەناو دەچێت. بۆیەش لە هەمان کاتدا کە ئێمە بە ڕەوایی رێز لە گفتوگۆی جەماوەری دەگرین کە خەریکە لە دایلۆگی میدیادا دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو، پێویستە بەرگەگرتن بۆ ئەو شتەی لە دەستیشی دەدەین، لە بەرچاو بگرین. لە جیاتیی ئەوەی وا دابنێین کێشەی سەلماندن چارەسەر بووە، چونکە راستییەکان وەک کاڵایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بەها و کاتێکی زیاتر دراوەتە مشتومڕی، پێویستە لە پێشکێشکردنی راستییەکان بە راست و دروستی زۆرتر وریا بین نەک کەمتر.

گفتوگۆی جەماوەری لە ناوجەرگەی رۆژنامەوانیی فەرمیی ئەمەریکیدا درۆ دەکات و پێشی دەکەوێت. پێش چاپەمەنیی نووسراوی، وەک باسمان کرد، هەواڵ لە ماوەی پێکێکی ئاوجۆ لە مەیخانەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا. هەواڵەکان وشەی نەگۆڕی چاپکراوە نەبوون، بەڵام لە بۆشەوە هەڵدەنەقووڵان، بەشێکی گفتوگۆیەک بوون و هەرچەندە لە گفتوگۆکان بەئاشکرا زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکرا، بەشی زۆری بایەخەکە درابوو بە ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و بۆچوونەکان.

لەگەڵ گەیشتنی چاپەمەنیی چاپکراوە، ئەم نەریتە لەناو نەچوو، بگرە بۆ پێشەوە بۆ ناو ئەو گوتارانە گوازرایەوە کە کۆنترین رۆژنامەکانیان داگیر کردبوون. نوا وێبستر (کە فەرهەنگەکەی بۆ یەکەم جار زاراوەی نووسیاریی پێناسە کرد) لە "گوتارێک بۆ جەماوەر" کە لە یەکەم چاپی ئەمێریکەن مینێرڤای خۆیدا (لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٧٩٣) ئەم ئەرکەی وەسف کردووە : "رۆژنامە بە تەنیا گەیەنەری ئەو شتە نییە کە پێی دەگوترێت هەواڵ، بگرە ئامرازی گشتییە بۆ گفتوگۆی جەماوەری، کە بەهۆیەوە هاووڵاتییانی ئەم کۆمارە بەرفراوانە بەبەردەوامی گفتوگۆ دەکەن و لەگەڵ یەکتر لەسەر بابەتی پێوەندیدار بە جەماوەرەوە مشتومڕی دەکەن".

لە سەردەمانی دواتردا رۆژنامەوانی کاری کرد بۆ زیندووڕاگرتنی بیرۆکەی کۆڕبەندێکی کراوە لەگەڵ جەماوەردا. کاتێک رۆژنامەکان لە دواییدا "هەواڵ"یان هەبوو بۆ ئەوەی بیگوازنەوە لاپەڕەی نووسیاری بووە پێگەیەک بۆ گفتوگۆی جەماوەری لە ڕێگەی چاپکردنی نامەی نێردراو بۆ نووسیار و دواتریش لاپەڕەکەی بەرامبەر بەلاپەڕەی نووسیاری کە زۆربەی جار لەلایەن خوێنەرانەوە دەنووسرا. خاوەن ئیمتیازەکانیش چمکی کۆڕبەندەکەیان بەشێوەی سەرەتاییتر پاراست. لە ١٨٤٠دا هۆستن ستار لەناو یەکەمین ئەو رۆژنامانەدا بوو کە لۆبییەکەی کردە شتێکی پتر لە دەروازەیەک بۆ ژووری هەواڵ، رۆژنامەکە بووە سالۆنێکی کراوە بۆ جەماوەر. دانیشتوان نەک تەنیا هان دەدران سەردانی رۆژنامەکە بکەن، بگرە بۆ خۆیان "گلاسێک بخۆنەوە، رۆژنامەیەکی سەرنج ڕاکێش بخوێننەوە و جگەرەیەکی خۆش بکێشن". لە زۆر شاردا نەریتی لۆبیی رۆژنامە وەک ژووری خوێندنەوە و سالۆنی جەماوەری بانگهێشتنکراو بۆ پتر لە سەدەیەکی تر درێژەی کێشا. رۆژنامە نەک تەنیا بەشێکی کۆمەڵگە بوو، بگرە بەشێوەیەکی زۆر هەستپێکراو شوێنێک بوو بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆکردنی کۆمەڵگە.

تۆم وینشیپ پێی وابوو رۆژنامەکەی لەم رۆڵەدا شکستی خواردووە پاش ئەوەی گوزارشی رۆژنامەکەی لەبارەی تەنگژەی پاسەکانی قوتابخانەوە لە بۆستندا هەڵسەنگاندووە، گوزارشێک کە لە ١٩٧٥دا خەڵات پولێتزری بۆ بۆستن گلۆب بردەوە بەبۆنەی خزمەتی دیار رۆژنامەکە بە جەماوەرەوە. وینشۆپ کە ئەو کات نووسیاری رۆژنامەکە بوو گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەو هەڵە بووە کاتێک داوای لە ستوونینووسانی کردووە ماوەی دوو هەفتە لە مشتومڕیکردن لەسەر دژیەکییەکان دوور بکەونەوە. لە کاتی پاشهەڵسەنگاندنەکەدا ئەو گوتی ستوونینووسانی گلۆب رەنگە پێشنیازی بنیاتنەرانەیان سەبارەت بەجێبەجێکردنی پلانەکە هەبووایە. ئەو بە زامنپاڕاوییەوە پرسی "ئێمە بۆچی بە گڕ و تینی پتر لە وردەکارییەکانی پلانی پاسەکانمان نەپرسی؟ وابزانم خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام و هێرشەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەر رۆژنامەکە بەسەرماندا زاڵ بوون... من تووشی سانسۆرکردنی ستوونینووسانی رۆژنامەکە بووم."

کێشەکە لەوەدایە ئەمڕۆکە چمکی میدیا وەک کۆڕبەندێکی جەماوەری رەهەندگەلێکی سەرووئاسایی وەرگرتووە. لە ١٩٩٠دا میدیا رێخۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی ئەو شتەی زمانەوان و نووسەر دێبۆرا تەنن بە "کولتووری مشتومڕی" وەسفی کردووە. ئەوەش بە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیی وەک کرۆسفایر لەسەر سی ئێن ئێن و زێ مەکلافلێن گرووپ لەسەر تەلەڤزیۆنی بازرگانی و گفتوگۆی رادیۆیی بەرەوپێش چوو، بەڵام رەنگدانەوە بوو بۆ شتێکی قووڵتر و کولتووریتر لەبارەی رووداوەکانی ناو سیاسەتەوە. لە ١٩٩٨دا پرۆگرامی وەک ئەوەی خوارەوە کە لەسەر شێوەی پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیی کرۆسفایری سی ئێن ئێن بوون، نائاسایی نەبوون.

لەم گفتوگۆیەی خوارەوەدا، لەری کلێیمەن، بەڕێوەبەر و راوێژکاری گشتیی چاودێریی دادوەری کە گرووپێکی یاسایی کۆنەپارێزی خۆبەختکردوو بۆ ڕکابەرێتی لەگەڵ کاربەدەستانی دیموکراتە،

پێی وایە سەرۆک کلینتۆن پێویستە بۆ جاری دووەم لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەو نەیتوانیوە ئەو ئیمێیلانەی کۆشکی سپی کە پێوەندییان بە ناکۆکیی "فایلگێیت "ەوە هەیە رادەستی وەزارەتی داد بکات و لەبەر ئەوەش کە سەرۆک نامەکانی کەسێنیی لەگەڵ کەسلین ویلیدا بلاو کردووەتەوە. کلێیمەن لەناو پرۆگرامی کرۆسفایر لەگەڵ هاوپێشکێشکاران بیل پرێسی لیبراڵ دیموکرات و رۆبێرت نۆڤاکی کۆنەپارێزدایە.

کلێیمەن: ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەمەریکادا سەرۆکێک بەتاوانێک حوکم بدرێت و بیل من پێشنیاز دەکەم، لێم گەڕێ با لێرە ببڕێنمەوە... کاتی لێپێچنەوەیەکی ترە.

پرێس: وابزانم بەر لە هەموو شتێک ئێمە دەرفەتی چاوپێداخشاندنەوە بە فەرمانەکەمان هەیە و، دووەم شت، پێم خۆشە ئاماژە بەوە بدەم پیاوی ئێوە... (لە دادگای بالا) ئانتۆنین سکالیا لە ١٩٧٥دا فەرمانی دا یاسای تایبەتمەندێتی کاری پێ نەکرێت.

کلێیمەن: ئەو فەرمانی پێ نەدا. ئەو فەرمانی پێ نەدا. ئەو فەرمانی پێ نەدا.

پرێس: لە ڕاستیدا ئەو کاتە ئەوە بۆچوونی ئەو بوو و لەو کاتە بەدواوە ئیدارەی کۆماری و دیموکراتەکان پێرەوییان لێی کردووە.

کلێیمەن: بیل، ئەو سەرە خالانەی کۆشکی سپی بۆ باسی ئەمشەوی پێت داوە، کەموکووڕییان تێدایە.

پرێس: نەخێر، نا.

کلێیمەن: ئەوان بە تۆیان نەگوتووە یاداشتی ناوەخۆیی لەناو کۆشکی سپیدا هەن کە دان بەوە دەنێن– لە کۆشکی سپیی کلینتۆندا– یاسای تایبەتمەندێتی کاری پێ دەکرێت. بێگومان لەو بارەیەوە هیچ ناکۆکییەک نییە.

پرێس: بێگومان، بێگومان ناکۆکی هەیە.

کلێیمەن: زمانە سادەکەی حوکمەکە دەڵێت فەرمانەکە لەسەر نووسینگەی جێبەجێکاری سەرۆکدا پیادە دەبێت.

پرێس: با بچینە سەر خودی نامەکانەوە. من کۆمێک لەم نامانەم لە نهۆمی سەرەوەدا هەیە. ئەمانە نامەی کەسێنین، کۆپیکراوەی نامەکانن... نامەی بە دەست نووسراوی کەسلی ویلین.

کلێیمەن: بیل، تۆ چۆن ئەوانەت دەست کەوت؟

پرێس: هیچ پێوەندیی بەتۆوە نییە.

کلێیمەن: چۆن؟

پرێس: بەڕێز سەرۆک...

نۆڤاک: پرێس رەنگە فەرمانی دادگەت بۆ دەربچێت.

پرێس:... لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦دا بەڕێز...

نۆڤاک: فەرمانی دادگە لە داهاتووی تۆدا دەبینم.

پرێس: بۆب ئەگەر بکرێت ئیتر قسەم پێ نەبڕیت با ئەمە بخوێنمەوە؟

لە ٢٠٠٠دا لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەتێکڕا لە تەلەڤزیۆن ١٧٨ سەعات بۆ هەواڵ و پرۆگرامی کاروباری گشتی تەرخان کرابوو کە نزیکەی ٤٠٪ی لەسەر شێوازی شۆی گفتوگۆئامێز بوو. ساتەکە رەنگە بەباشترین شێوە ترۆپکی کولتووری مشتومڕی بووبێت، کە لەگەڵ لێپێچینەوەی بیڵ کلینتۆندا گەیشتە لووتکە. بەڵام بەرزبوونەوەکە رەنگدانەوەی کۆمەڵێک فاکتەر بوو.

یەکێک لە هێزەکانی پاڵنەری کولتووری مشتومڕی بەتەنیا ئەوە نەبوو کە جەماوەر خوازیاری بوو، بگرە بەشێوەیەکی تەواو دەقاودەق ئەوەیە قسەکردن هەرزانە. تێچووی بەرهەمهێنانی شۆیەکی گفتوگۆئامێز تەنیا بەشێکی تێچووی دامەزراندنی ژێرخانی هەواڵنێری و بڵاوکردنەوەی هەواڵە. لە ئەنجامدا لەو شتەی ئێمە لە شوێنی تردا بە کولتووری نوێی میدیای ئاوێتە لە شۆیەکانی گفتوگۆئامێزی رادیۆ و تەلەڤزیۆن، ماڵپەڕەکان، ژوورەکانی چات، بلۆگەکان، بوڵێتین بۆرد و شتی تری ناو دەبەین، کە ئێستا بەسەر سیستەمەکانی پێوەندیکردندا زاڵە، پێویستی بەدەربڕینی بۆچوون شوێنی پێویستی بە سەلماندن و هەندێک جار پێویستی بە گوزارشکردنی گرتووەتەوە. بیر لەوە بکەوە لە ٢٠٠٦دا لە سەرانسەری هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئێمە تەنیا تاکە شۆیەکی گفتوگۆئامێز دەناسین کە هەوڵی داوە لە راستییەکان بکۆڵێتەوە و لە ماوەی پرۆگرامەکەدا هەڵەکان راست بکاتەوە. ئەو شۆیە پاردن زێ ئینترەپشن شۆیەکی گفتوگۆئامێزە لەبارەی وەرزش لەسەر ئی ئێس پی ئێندا.

دووەم شت، وەک لە سەرەتا لە کتێبەکەی پێشووترماندا، رەپ سپید، باسمان لێوە کرد، کولتووری مشتومڕی بەئاراستەی سووککردنی ئەزموون بوو. کولتووری مشتومڕی کە نائومێدانە لە هەوڵی بەرزرکردنەوەی پێگە جەماوەرییە هەڵچوواوەکەی لەسەر تەلەڤزیۆن یان دامەزراندنی پێگەیەکی نوێ لەسەر ئینتەرنێتە، لە جیاتیی ئەوە ئێستا بەئاراستەی بایەخدان بە نوێبووندا دەڕوات. گوێ لە بیڵ شاینی بەرهەمهێنی جێبەجێکاری جەماوەرکێشترین پرۆگرامی فۆکس نیوز بگرە کە لە ٢٠٠٠دا باس لەوە دەکات بۆچی هێزر ناورتی دامەزراندووە، کە ئێستا پەیامنێری ئێی بی سییە- کەسێک لە چینی لە گەشەدابووەی شرۆڤەکارانی نیمچە شارەزای کەم بەرچاو و بەزۆری گەنج کە دەستیان بەسەر کولتووری نوێی میدیادا گرتووە. شاین بە واشینتۆن پۆستی گوت "سەرەتا کە هێزرم دیت، بیرم کردەوە ئەو دیموگرافیای ئێمەیە، ئەو دەتوانێت خەڵکی گەنجی تر بێنێتە ناوەوە". جگە لەوەش، شارەزایانی گەنجتر "وزەیەکی پتر دەردەن. پیاو و ژنانی بەتەمەنتر زیاتر... لە دواوە دادەنیشن و دەحەسێنەوە. ئەگەر مشتومڕیت هەبێت، پێویستیت بە گڕ و تینە".

هەرچەندە ناورتی ئەو کات ٢٩ ساڵان هیچ ئەزموونێکی لە سیاسەت و تەلەڤزیۆن و رۆژنامەوانیی چاپەمەنیدا نەبوو و هیچ کات بۆ پارتی کۆماری کاری نەکردبوو، فۆکس زۆربەی جار بەهەڵە وەک "راوێژکارێکی کۆماری" یان "ستراجیکارێکی کۆماری" ناوی دەبرد. ناورت روونی

کردەوە "وابزانم ئەوان پێویستیان بەو ناونیشانە هەبوو". بەداخەوە چینی نوێی شارەزایان هەوسارکراوەن بۆ چوونە ناو هەر ئەرکێکی پیشەوەرانە یان ئەزموونێک جگە لە ویستیان بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ تەلەڤزیۆن. بەم شێوەیە شەڕوانانی نوێ لە پێناو بەرهەمهێنەرانی تەلەڤزیۆن پتر لە هەموو شتێک خۆیان بۆ دابینکردنی گڕ و تین و بۆچوون و زێدەڕۆییی پێویست بۆ پرۆگرامەکە بەخت کردووە. میدیا لە جیاتیی دۆزینەوە یان رامان لە قسەهۆنینەوە- بەواتایەکی تر درۆ و دەنگۆ- زۆربەی جار هەوەسی لە قسەهۆنینەوەیە. بەدروستکردنی "شارەزا"کانەوە میدیا مشتومڕیی راستەقینەی جەماوەر ناگوازێتەوە، مشتومڕییەکی دەستکردی خۆی لە پێناو تەلەڤزیۆن دروست دەکات.

سێیەم تایبەتمەندیی کۆڕبەندی نوێی میدیای گەورەتر ئەوەیە مەرج نییە کۆڕبەندەکە مەودای گفتوگۆ جەماوەرییەکە بەرفراوان بکات. کۆڕبەندە میدیاییە هەرە گرینگەکان- شۆیە تەلەڤزیۆنییەکان، پرۆگرامەکانی رادیۆیی و ماڵپەڕە سەرەکییەکان- زیاتر دەپڕژێنە سەر زنجیرەیەکی بەشێوەیەکی سەرسڕمێن تەسکی هەواڵ کە لە ڕووی بازرگانییەوە سەرکەوتوون. بازنەکانی چاپکردن بەبێ هیچ ژێرخانێکی هەواڵنێری پێویستە پشت بەم هەواڵە کۆن و سادانە ببەستن کە جەماوەر بەئاسانی دەتوانێت لەناویاندا نقووم ببێت و لێیان دەربچێت. ئەم رێژیمە میدیاییە هەر هەموو شتێکی تێدایە لە دراماى رادیۆ و تەلەڤزیۆنیی بێ نرخەوە بگرە تا گۆڕینی خەڵکی نەناس بۆ سەرناس و لێک بەستنەوەی نوێترین رووشان بە شەڕی دژە تیرۆر.

بەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکران. زۆرێک لە نیگەرانییە دیارەکانی نەتەوە تووشیان بووە لە چوارگۆشەی جەماوەریی گەورەتردا نین. ئەمانە سپێردراون بەزنجیرەیەک میدیای کەمینەی بچووکترەوە. بێ مەیلیی تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن بۆ وەشاندنی ساتە چارەنووسسازەکانی چالاکیی سیاسی وەک رێککەوتنە سیاسییەکان و جێهێشتنی ئەو ئەرکە بۆ تەلەڤزیۆنەکانی ئابوونەوەرگرەوە، تەنیا هێمایەکە. ئەنجامەکەی ئەوەیە میدیای گشتی ئیتر رێخۆشکەر نییە بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک کێشە. یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی کولتووری ئەمەریکی- واتە توانستی نەتەوە بۆ هاندانی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان وەک چۆن ئێمە لە بەرامبەر فاشیزم یان کۆمۆنیزم یان خەمۆکیدا کردمان- ئێستا جێی گومانە.

لە کۆتاییدا سروشتی خودی گفتوگۆیەکە لە ئارادایە. تامەزرۆییی میدیا بۆ گفتوگۆ پەرەگرانە گۆڕا بۆ تاسەیەک بۆ دوو جەمسەربوون. لە بازنەی بازرگانی تردا، لەسەر رادیۆ و تەلەڤزیۆندا "گفتوگۆکان" زۆربەی کات هیچ پێوەندییەکیان نییە یان پێوەندییەکی کەمیان هەیە بە ئەرکی رۆژنامەوانی بۆ رۆشنبیرکردنەوە. لە جیاتیی بەگوێرەی ئەو تیۆرەی کە هەمووان حەز لە مشتومڕییەکی باش دەکەن، هەموو کێشەکان وێ دەچێت بێ چارەسەر بن. سازش وەک بژاردەیەکی رەوا پێشکێش ناکرێت. ئەو ئەو شتەیە مایکڵ کرایتنی نووسەر لە سەرەتای ١٩٩٣دا بە "نەخۆشیی کرۆسفایر" ناوی ناوە وەک ئاماژەیەک بۆ پرۆگرامەکەی سی ئێن ئێن. مەجازەکە

لەوەدایە هەرچەندە پرۆگرامەکە جەماوەرێکی بچووک بەڵام تامەزرۆ دروست دەکات، ڕکابەرێتییە بەهەراوهوریاکە بەتێپەڕینی کات بەئاراستەی بێگانەکردنی جەماوەری گەورەتردا دەڕوات کە تا دێت کەمتر خۆی لەناو مشتومڕییەکەدا دەبینێتەوە.

کرایتن سروشتی گفتوگۆی ناو کولتووری مشتومڕیی شی کردەوە: "ئاخۆ تۆ لایەنگری بەرهەمی ناوەخۆییت؟... ئاخۆ پێت وایە گەشتەکەت بۆ ڕۆهەڵاتی ناوین بەفیڕۆدانی کات بووە؟.... داڕشتەی پرسیارەکان وەڵامەکە دەسەپێنێت". لەوەش گرینگتر "ئەم پرسیارانە جۆرێکی سادەکراوەی واقیع پێشان دەدەن کە هیچ کەسێک لە ڕاستیدا پێی قبووڵ نییە".

"ئێمە هەمووومان پێمان وایە لەم ڕۆژگارەدا لە یەکێک لە دوو ئاراستەکانی مەودای بۆچووندایین. ئێمە لایەنگری منداڵ لەباربردن یان دژی ئەوین. ئێمە بازرگانیی سەربەخۆ یان لایەنگری بەرهەمی ناوەخۆیین. ئێمە لایەنگری کەرتی تایبەت یان حکوومەتی گەورەین. ئێمە یان مێپەروەر یانیش شۆڤێنین. بەڵام لە جیهانی واقیعدا ژمارەیەکی کەم لە ئێمە ئەم بۆچوونە توندڕۆیانەیان هەیە. لە جیاتیی ئەوەی مەودایەکی بۆچوون هەیە".

کێشەی ئەم تایبەتمەندییانەی کولتووری مشتومڕی- واتە ئاستی دابەزیوی هەواڵنێری، بێ نرخکردنی شارەزایان، جەختکردنەوە لەسەر مەودایەکی تەسکی هەواڵی بازرگانیی سەرکەتوو و، جەختکردنەوە لەسەر مشتومڕییەکی یەکجار سادەکراوە و دوو جەمسەرە- ئەوەیە ئەم تایبەتمەندییانە بەئاراستەی دابڕاندنی خەڵک لە گفتوگۆیە جەماوەرییەکە کە میدیا نەک تەنیا پێویستە پشتگیریی بکات، بگرە بۆ زیندوومانەوەشی پێویستی پێیەتی. گۆڕینی سیاسەت بۆ ڕکابەرێتییەکی بەهەراوهوریا خەڵک لە میدیا دوور دەخاتەوە.

ڕۆبێرت بێردالی سەرۆکی زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی لە ١٩٩٨ لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەنووساندا گوتی "دیموکراسی لەسەر سازشێکی بنەڕەتی لە نێوان زۆرینە و کەمینەوە دامەزراوە. بەڵام سازش ناکردەنییە ئەگەر هەر کێشەیەک بۆ ئاستی پێویستییەکی ڕەوشتی بەرز بکرێتەوە"، واتە ئاسان بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک دەمارگیریی کڵێشەیی بگونجێنرێت یان "بەشێوەیەک چوارچێوەڕێژ بکرێت تاوەکو بەرزترین ئاستی ڕاتەکان بەرهەم بێنێت". بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە چاپەمەنی بەشێوەیەکی نموونەیی دەیکات.

بێردال درێژەی پێ دەدات "من بۆ یەک ساتیش پێم وا نەبووە میدیا و ڕۆژنامەکان تاکە سەرچاوەی ڕەشبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. بەڵام شەپۆلی بەدگومانی لەسەرمانە و زۆر زیانگەیێنە بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی... چونکە ئەو جۆرە بەدگومانییە داڕێنەرەی ئێمەی تووشی بووین ڕێخۆشکەرە بۆ هەست ساردی و بێباکی. ڕێخۆشکەرە بۆ پاشەکشەکردن. ڕێخۆشکەرە بۆ پرژانە سەر تاک لەسەر حسێبی کێشەی کۆمەڵگەی گەورەتر... من پێم وایە بەدگومانی جۆرێتیی گفتوگۆی شارستانی لە ئەمەریکادا دادەخورێنێت و هەڕەشە لە بناخەی دامەزراوە دیموکراتییەکان دەکات".

هەولێرنامەی پێشەنگ

بێردالّ پێی وابوو چاپەمەنی پێویستە لەوە تێ بگات هەرچەندە سەربەخۆیە بەڵام دانەبڕاوە. ڕۆژنامەنووسان بەم شێوەیەی ئەو دەیڵێت "چاودێری دابڕاو لە کێشەی بەردەست نین". ئەوان سەربەخۆن، بەڵام پشکێکی زۆریان پێوە هەیە.

مەبەست لە هیچ کام لەوانە ئەوە نییە بگوترێت بەستنی کۆڕبەندێک لەگەڵ جەماوەر رەنگە بەمانای بەشداربوونەوە نەبێت. ئەوە هەر بەو مانایەیە ئاڵوگۆڕییەکە پێویستە هزردارتر بێت و پتر بپڕژێتە سەر گفتوگۆیەکە و بۆ مەبەستێک بێت- واتە چارەسەرێک.

جۆن کەتزی رەخنەگری میدیای بە هاوکارە ئەکادیمییە لێکۆڵەوانەکانمانی گوت "ئەم کولتوورەی ئەو خەڵکەی باوەڕیان بەوەیە رۆژنامەوانی پێویستە لەبارەی مشتومڕییەکی بەهەراوهوریاوە لە ڕێگەیەکی بیرتیژانە بێت، یەکجار سروشی بۆ هێناوم. بەڵام مەبەستم ئەوە نییە خشتەیەک لە سەری یەکێک رابکێشیت و بڵێیت "ئەرێ، ئەرێ، تۆ گەمژەیت. پێویستە تۆ بەڕاستی خەڵک بۆ بیرکردنەوە بورووژێنیت- بەرەنگاریان ببیتەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەکانیان بسەلمێنن و بەرگریان لێ بکەن، بەهەمان شێوە کە من هی خۆم دەسەلمێنم و بەرگرییان لێ دەکەم".

بەکورتی مشتومڕیی جەماوەری نابێت یارییەکی بەهەراوهوریا بێت- هەڵدانی کولیچەی سیاسی یان مشتومڕی بەشێوەی سەرگەرمی بێت. چاپەمەنی بە گشتگیربوون و جیاوازی بەخشین و بەرەنگدانەوەی شوێنی راستەقینەی مشتومڕییەکە لەناو کۆمەڵگەدا و هەروەها خاڵەکانی رێککەوتن بەشی بە گفتوگۆکەوە هەیە.

لە ٢٠٠٦دا کولتووری مشتومڕی بۆ شتێکی نوێ گۆڕا. ئەو گۆڕانە لەوانەیە بە زەقترین شێوە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤دا روون بووبێتەوە، ئەمەش بە دەرکەوتنی جۆن ستیوارتی کۆمیدیەن لە کرۆسفایر- نموونەی مەجازیی کولتوورەکە و پرۆگرامێک کە ئەو کات پتر لە دەیەیەک بوو پەخش دەکرا.

ستیوارتی پێشکێشکاری دێیلی شۆ لە کۆمێدی سێنترالّ، کە یەکجار جەماوەرکێش بووبوو بەتایبەتیش بۆ جەماوەری گەنج کە لە ڕێگەی رێکلامکارانەوە تامەزرۆ کرابوو، بووبووە رەخنەگری کرۆسفایر و ئەو شێوازە مشتومڕییەی کرۆسفاییر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی بەکاری دەهێنا بەتایبەتیش لەگەڵ سیناتۆر دیموکرات جۆن کێریی کاندیدی سەرۆکایەتی. ستیوارت لەلایەن هاوپێشکێشکارانی شۆیەکە، پۆڵ بێگالا ، نوێنەری باڵی چەپ و تاکر کارڵسنی نوێنەری باڵی راستی مەودای سیاسی بانگهێشتن کرابوو.

کارڵسن بەبزەیەکی ئاشکرا کە ئاماژەی بە تامەزرۆیی ئەو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ستیوارت و "جۆری تایبەتی بۆچوونی لەبارەی سیاسەت و چاپەمەنی و ئەمەریکا" دەدا، گوتی "بەڵێ، ئەو بە بڕواپێکراوەترین کەس لە بواری هەواڵی ساختە ناونراوە". بەڵام بەنزیکەیی دەستبەجێ بەخوێندنەوەی روونووسێک، لانی کەم بۆ خوێنەران، ئاشکرا بوو ستیوارت نەهاتبووە شۆیەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکێشکارانی گاڵتەگۆڕینەوە بکات.

ستیوارت: ئێوە، هەردووکتان، بۆچی مشتومڕی دەکەن؟ ڕقم لێیە کە دەیبینم.

کارڵسن: چێژی لێ وەردەگرین.

ستیوارت: با پرسیارێکت لێ بکەم.

کارڵسن: باشە، لێم گەڕێ با من یەکەم جار پرسیارت لێ بکەم.

ستیوارت: باشە.

کارڵسن: ئاخۆ جۆن کێری- جۆن کێری لە ڕاستیدا باشترینە؟ مەبەستم ئەوەیە جۆن کێری...

ستیوارت: ئاخۆ ئەو باشترینە؟ من پێم وایە لینکۆڵن باش بوو.

کارڵسن: ئاخۆ ئەو باشترین نموونەی دیموکراتەکانە؟

ستیوارت: ئاخۆ ئەو باشترین نموونەی دیموکراتەکانە؟

کارڵسن: بەڵێ، ئەمساڵ لەناو هەموویاندا.

ستیوارت: من هەمیشە پێم وابووە- لە دیموکراسیدا- و دووبارە من نازانم- من هەر لەم وڵاتەدا ژیاوم- پرۆسەیەک هەیە. پێی دەڵێن هەڵبژاردنی سەرەتایی.

کارڵسن: وایە.

ستیوارت: و هەمیشە باشترینەکان هەڵنابژێردرێن، بگرە هەر کەسێک بیباتەوە. کەواتە ئاخۆ ئەو باشترینە؟ بەگوێرەی پرۆسەکە.

کارڵسن: وایە. بەڵام لەو نۆ کەسەی ڕکابەرییان کرد، پێت وایە کامیان باشترین بوو؟ پێت وایە ئەو باشترین، کاریگەرترین بوو؟

ستیوارت: کاریگەرترین؟

کارڵسن: بەڵێ.

ستیوارت: من پێم وابوو ئاڵ شارپتن یەکجار کاریگەر بوو. حەزم لە شێوازی ئاخاوتنی بوو. پێم وایە زۆربەی جار ئەو کەسەی دەزانێت سەر ناکەوێت ڕێگەی پێ دراوە بە ئازادانەترین شێوە بدوێت، چونکە بەپێچەوانەوە لەگەڵ ناونیشانی وەک کرۆسفایر...دا دەردەکەون.

بێگالا: کرۆسفایر.

ستیوارت: یان هاردبۆڵ یان "ئام گۆوینگ توو کیک یۆر ئەس" یان بەسەریدا باز بدەم. لە زۆر ڕووەوە گاڵتەجاڕە. من هەوڵێکی تایبەتم دا بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بێمە شۆیەکە، چونکە من خۆم لەناو دۆستانم و جاربەجار لە ڕۆژنامە و شۆیە تەلەڤزیۆنییەکاندا گوتوومە ئەم شۆیە خراپە.

بێگالا: ئێمە تێبینیمان کردووە.

ستیوارت: و من دەمەویست... هەستم دەکرد ئەوە ڕەوا نەبووە و دەبووایە بێم بۆ ئێرە و پێتان بڵێم

من ناتوانم- گرینگ نییە شۆیەکە خراپە بگرە زیانگەیێنە بۆ ئەمەریکا. بەڵام من ویستم ئەمرۆ بێم بۆ ئێرە و بڵێم... ئازاردانی ئەمەریکا بەسە، بەسە، بەسە.

بەئاشکرا ئێستاکە پێشکێشکاران لەو شتەی پێشتر بینەران تێبینییان کردبوو، تێ گەیشتبوون- لەوەی شۆیەکە بۆ گاڵتەی توانجداری چاوەڕوانکراو نەبوو- و کارڵسن هەوڵی دا لە ڕێگەی تەحەداکردنی ئەو شێوازەی ستیوارت جۆن کێری لە شۆیەکەی خۆیدا دیمانە دەکرد، بارودۆخەکە لە دژی ستیوارتدا بشکێنێتەوە.

کارڵسن: تۆ هەست ناکەیت... هەلت بۆ رەخساوە لەگەڵ ئەو کابرایەدا دیمانە بکەی. لە جیاتیی لووتبەرزیت بەرامبەری، بۆچی پرسیارێکی راستەقینەی لێ ناکەیت؟

ستیوارت: وایە. "تۆ چۆن خۆت بۆ دەگیرێت؟" لووتبەرزییەکی راستەقینەیە. و من لە ڕاستیدا پەیامێکی رەقی گەرمی ئاراستە دەکەم بەهەمان شێوەی ئێمە خەریکی ئەم کارەین.

کارڵسن: وێ دەچوو وا بێت. وێ دەچوو.

ستیوارت: دەزانیت، سەیرە گوێم لە تۆ دەبێت باسی بەرپرسیارێتیی من دەکەیت.

کارڵسن: من هەستم بە پریشکدانەوەی نێوانتان کرد.

ستیوارت: من هەستم پێی نەکرد.. و رەنگە ئەمە تا ڕادەیەک روونی بکاتەوە.

کارڵسن: نا، هەلی...

ستیوارت:... ئەوەیە دامەزراوەگەلی هەواڵی تەماشای کۆمێدی سێنترالْ بکات بۆ ئەوەی ئاماژەکانی راست و دروستییان دەست بکەوێت...

ستیوارت: کەواتە ئەوەی من پێشنیازی دەکەم ئەوەیە کاتێک تۆ باس لەوە دەکەیت قاچی سیاسەتوانان دەخەیە سەر ئاگر، پێم وایە ئەوە ناڕاشکاوە، پێم وایە تۆ...

(قسەگۆڕینەوە)

ستیوارت: بەڵام مەبەستی من ئەمەیە. ئەگەر بیرۆکەی تۆ بۆ بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ من ئەوەیە من بەپێی پێویست پرسیاری هەواڵیی سەرسەختانە ناپرسم، هاوڕێیان ئێمە هەڵەین.

پاش قسەگۆڕینەوەیەکی پتر، ستیوارت قسەی خۆی دەباتە سەر سەرەڕای بێ مەیلیی تەواوی کارڵسن کە لە هەوڵی ئەوەدایە شۆیەکە بێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.

ستیوارت: دەزانیت، خاڵی سەرنج ڕاکێش بۆ من ئەوەیە، تۆ بەرپرسیارێتییەکەت بەرامبەر بە گفتوگۆی جەماوەری هەیە و خراپ شکست هێناوە.

کارڵسن: پێم وایە پێویستە تۆ کارێک لە قوتابخانەیەکی رۆژنامەوانیدا بدۆزیتەوە.

ستیوارت: تۆ پێویستە بچیتە یەکێک لەو قوتابخانانە. ئەو شتەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کاتێک تۆ خەڵکت هێناوە تەنیا بۆ فرتەئەژنۆ، قسەکردنی کاردانەوەیی...

کارڵسن: بوەستە. من پێم وابوو تۆ بەنیازی گاڵتەکردنیت. دەی. گاڵتە بکە.

هەواڵنامەی کتێب

ستیوارت: نەخێر. نەخێر. من نابم بە مەیمۆنی تۆ.

بێگالا: دەی. دەی.

ستیوارت: من ڕۆژانە تەماشای شۆیەکەتان دەکەم و دەمکوژێت.

کارڵسن: دەتوانم پێت بڵێم حەزی لێ بکە.

ستیوارت: ئەوەندە... ئۆه تەماشاکردنی ئەوەندە بەئازارە. دەزانن، لەبەرئەوەیە ئێمە پێویستیمان بە کاری ئێوەیە. ئەمە دەرفەتێکی ئەوەندە باشە کە ئێوە لێرەدا دەتوانن لە ڕاستیدا سیاسەتوانان لە سزای بازاڕدۆزینەوە و ستراتیجییەکانیان رزگار بکەن.

کارڵسن: ئاخۆ ئەمە بەڕاستی جۆن ستیوارتە؟ ئەی ئەمە چییە؟

ستیوارت: بەڵێ، ئەمە کەسێکە شۆیەکەی ئێوە دەبینێت و چیی تر بەرگەی ناگرێت. من ئیتر ناتوانم.

کارڵسن: دەبێت نانخواردنی شەو لەگەڵ تۆ چۆن بێت؟ رەنگە وەک پێست هەڵکەندن وا بێت. ئاخۆ تۆ وەک خەڵکی وانەبێژ حەزت لەمەیە یان تۆ دەچیت بۆ ماڵیان و دادەنیشت و وانەیان پێ دەڵێیتەوە: کە ئەوان کارە ڕاستەکە ناکەن و هەلەکانیان لە چنگ دەدەن و مل نادەنە بەر بەرپرسیارێتییەکانیان؟

ستیوارت: ئەگەر بزانم بەم شێوەیەن.

کارڵسن: من حەز ناکەم لەگەڵت نان بخۆم پیاو. ترسناکە.

ستیوارت: دەزانم. و تۆش ئەم کارە ناکەیت... ئێمە بۆ ناتوانین هەر قسە بکەین... تکایە داواتان لێ دەکەم کوڕینە تکایە.

کارڵسن: پێم وایە تۆ زۆر سەیری کرۆسفایر دەکەیت. پشوویەکی کورت وەردەگرین.

ستیوارت: نا نا نا. تکایە.

کارڵسن: نا نا بوەستە. رێکلاممان هەیە.

ستیوارت: تکایە تکایە با بەس بێت.

لە کولتووری لەزگرتووی سەدەی بیست و یەکەمدا دەرکەوتنی ستیوارت بووە شتێکی نموونەیی خێرا، لە گشت ڕووبەڕی میدیادا سەرلەنوێ وەشێنرایەوە و بەکار هاتەوە. سی ئێن ئێن، کرۆسفاییر و کارڵسن لەناو بلۆگەکانی ئینتەرنێت و ژوورەکانی چات تا چەند رۆژ دواتر گورزیان پێ کەوت. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا سەرۆکی سی ئێن ئێن جۆناسان کلێین رای گەیاند شۆیەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. لەگەڵ راگەیاندنی نەمانی پرۆگرامەکە، ئەو بە رۆژنامەنووسانی گوت "وابزانم بە دڵنیاییەکی پترەوە دەچمە ناو دەستەی جۆن ستیوارت".

ئەو کات ئەستەمە کلێین بەتەنیا بووبێت. کولتووری مشتومڕی نەبڕابووە. بەڵام لە بەرگدا



هەوڵنامەی کتێب

دەگۆڕا بۆ شتێکی تر. ئەو پرۆگرامانەی کولتووری میدیایان دادەڕشت ئێستا مشتومڕیی ئەوەندە کراوە نەبوون، بێ براوە یان دۆڕاو بوون، وەک ئەو پرۆگرامـانەی زیاتر یەک لایەنەن و هـەستکردن بەوەرگرتنی وەڵامەکانیـان پێشکێشی جەماوەر دەکرد-ستایلی پرۆگرامی بەرجەستەکراو لەلایەن لوس لیمباوە لەسەر رادیۆ یان بیڵ ئۆرێیلی لەسەر تەلەڤزیۆن.

ئۆرێیلی، لیمباو، کێیت ئۆڵبێرمەنی چەپڕەوی ئێم ئێس ئێن بی سی یان ئێیر ئەمێریکا لەسەر رادیۆ و تەنانەت ئامۆزاکانیان لە جیهانی بلۆگدا مشتومڕی پێشکێش ناکەن. ئەوان بەڵێنی وەڵام دەدەن. تەنانەت ئەو پرۆگرامانە وێ دەچێت مشتومڕی بن وەک کۆمز ئەند هەنیتیی فۆکس لەم دەستە نوێیەدان. کۆمز لیبراڵێکی رواڵەتپارێز و بەنزیکەیی هەمیشە هانندەرە. لە سەردەمێکدا کە زانیاری وێ دەچێت لە ڕادەبەدەر دابین کرابێت، کولتووری مشتومڕیی نوێ ئاسوودەیی وەڵامی ئاسان پێشکێش دەکات کە ئەمەش وێ دەچێت بەجێگەیاندنی بەڵێنی یارمەتیدانی خەڵک بێت بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و لە ڕێکخستنیان. زۆرێک لە بلۆگە جەماوەرییەکان لە ٢٠٠٦دا بەهەمان شێوە سەر بەم جۆرەن.

جگە لە هەستکردن بەوەی بۆچوون یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی خەڵک لە زانیارییەکان، پەلکێشییەکی تری جۆری نوێی کولتووری مشتومڕی باوەڕهێنانە بەوەی مشتومڕی بە یەک بۆچوونەوە جۆرێکی متمانەپێکراوەتر و راستگۆیانەتری گفتوگۆیە لە سەردەمێکدا کە چمکی گوزارشێکی سەربەخۆی رووداوەکان جێی گومانە. لە کولتووری مشتومڕیدا، من هەڵوێستی تۆ دەزانم.

بۆ ئەوانەی سەرقاڵی میدیای بازرگانیی ترن، فاکتەرێکی پێوەندیدار ئەوەیە کۆمپانیا میدیاییەکان مشتومڕی بە ڕێگەیەک بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە دەبینن لە کاتێکدا کە ئەو پێوەندییانە بێهێز بوون. مەجازەکە لەمەدا ئەوەیە بەتەنیا مایکێکی کراوە کاردانەوەیەکی ناتەواو و تەنانەت خۆبەزێنە بەرامبەر بە کێشەکە.

جەک فوڵری سەرۆکی تربیوون پابڵیشینگ کۆمپانی هۆکارەکانی بەچڕوپڕییەوە دەربڕیوە. ئەو باس لە چاپەمەنی دەکات، بەڵام چمکەکان بەسەر میدیادا پیادە دەبن. فوڵر لە کۆڕبەندێکی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە بەئێمەی گوت "گرژییەکە ئەمەیە. ڕۆژنامەیەک کە لە دەرخستنی کۆمەڵگەکەیدا بەخراپی شکست دێنێت، سەر ناکەوێت. بەڵام ڕۆژنامەیەک کە بەرەنگاری بەهاکان و دەمارگیرییەکانی کۆمەڵگەکەی نابێتەوە، ڕێزی نامێنێت بەهۆی سەرنەکەوتنی لە پێشکێشکردنی ئەو راستگۆیی و سەرکردایەتی لە ڕۆژنامەکانەوە چاوەڕوان دەکرێت". دەستبەجێ توانابەخشین و بزواندنی کاری کۆمەڵگە گرەوێکی گەورەیە، بەڵام گرەوێکە ڕۆژنامەوانیی هەمیشە بە هی خۆی زانیوە. گرەوێکە کە بردنە سەری دەکرێت، ئەمەش بە قبووڵکردنی ئەرکی پێشکێشکردنی نەک تەنیا زانیاری و ئەو تێگەیشتنانەی ئەندامانی کۆمەڵگە پێوستیانە، بگرە ئەو کۆڕبەندەش کە بەهۆیەوە دەتوانن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا بەشدار بن.

پێویستی بۆ چاپەمەنییەک کە هەوڵ بدات بەرپرسیار بێت زیاتر بووە نەک کەمتر، ئەمەش بەهۆی ئینتەرنێتە کە تێیدا بۆڵێتین بۆرد و ژوورەکانی چات و بلۆگەکان و کۆڕبەندەکانی تر ئەو شتەیان بەرهەم هێناوە کە سەردەمانێک قسەیەکی تایبەتیی ناو گفتوگۆی جەماوەری بووە.

بڵاوکراوەکانی سەر دێیلی کۆس بلۆگ لە ١١ی شوباتی ٢٠٠٦دا بەو ناونیشانە کرابوون "واشینتۆن پۆستییەکان، جیم برەدی هێشتاش دەبەنگە". بڵاوکراوەکە کە پتر لە ٢٠٠ تێبینیی لەسەر بوو ئاماژەی بە جیم برەدی، نووسیاری جێبەجێکاری واشینتۆن پۆست دۆت کۆم دەدا، کە ماوەی چەند رۆژێک بوو خۆی دەدزییەوە لە تانەکانی بلۆگەرانی چەپگەراوە لەبارەی بڕیارەکەی بۆ وەستاندنی تێبینییەکانی سەر واشینتۆن پۆست وەک وەڵامێک بۆ ئەو کاردانەوانەی خوێنەران کە بردەی پێی نەشیاو بوون. ئەو پتر لە هەزار تێبینییانەی سەر پۆست بلۆگ لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ ئاماژەیان بە دێبۆرا هاوڵی چاودێری پۆست دەدا، کە بە هەڵە گوتبووی لۆبیکاری ناوزڕاو جەک ئابرامۆف جیا لە کۆمارییەکان راستەوخۆ پارەی بە دیموکراتەکانیش دابوو.

دێیلی کۆس و بلۆگە لیبراڵخوازەکانی تر سەرکۆنەی هاوڵ و دواتر برەدیشیان دەکرد، پاش ئەوەی ئەو لە لاپەڕەی پێچەوانەی نووسیاریدا هۆکارەکانی بڕیارەکەی روون کردەوە، سەرەتا بۆ لادانی تێبینییەکان (کە هەندێکیان دواتر گەڕێندرانەوە) و دواتر بەتەواوەتی داخستنیان (کە دواتر بە سیاسەتێکی نوێ بۆ کاتی دووبارە بەکارهێنانەوەیان کرانەوە). دێیلی کۆس یان خوێنەرانی بلۆگەکە بە ستوونی برەدی قایل نەبوون و لە ١٢ی شوباتدا کاردانەوەیان نواند.

وەڵامدەرێک بەبەکارهێنانی ناوی خوازراوەی تێمیفاه ئەمەی پێشکێش کرد:

"دەمەوێت بپرژێمە سەر بەشێکی گوتاری بەڕێز برەدی و دوو پرسیارەکەی ئەو بۆی وەڵام بدەمەوە. بۆچی خەڵک ئەوەندە تووڕەیە؟ پرسیارێکی زۆر جوانە بەڕێز برەدی. ژمارەیەکی زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی خەڵک ئەوەندە تووڕە بێت. ئەمە چەند نموونەیەکی کەمە:

* ئێمە بەبەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ پێش ئاسایشمان کەمترە.

* ئێمە دەرگیری شەڕێک بووینە.

* هیچ کاممان ئاسایشی کاریی نییە و هەندێکمان دوو تا سێ ئیشی بێ نرخ دەکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کارانەمان کە لە ئابووریی درەوشاوەدا لە دەستمان داوە.

* گوایە ئێمە لەسەر ئاستی فیدراڵیدا دوو هەڵبژاردنمان لێ دزراوە و هەر خوا بزانێت لەسەر ئاستەکانی تردا چی دزراوە.

* ئێمە لە ڕاستیدا هەر کاتێک لە دەوروبەرمان روانیوە رقی پووچ و بێ گەردی دووڕوویانەی سەرچاوەگرتوو لە پارەمان لە قوڕگمان داوەتە خوارەوە (رق لە هاوسەرێتیی هاوڕەگەزانە، رق لە مافی ویژدان، رق لە ئێی ئێف ئێی، رقبوونەوە لە مافی تێری شیاڤۆ بۆ ئێکسپایێربوونی لەناو شکۆی خۆزگەکانی، رقبوونەوە لە لاواز و هەژار و بەساڵاچووان).

و بۆچی ئێمە بەتایبەتی لە تۆ قەڵسین بەڕێز بردەی؟ چونکە هەر جارە و کەسێک وەک دێبۆرا هاوڵ لەلایەن ئەو داگیرکەر و دزانەی نەتەوەی ئێمە کۆنترۆڵ دەکەن، درۆییەکی مەبەستدارمان پێ دەڵێت و هەر جارە و کەسێکی وەک تۆ پاڵپشتی لەو دەکات، تۆ خۆت دەکەیتە بەشێک لە کێشەکە و بەشێک لە ڕژێمی سەرکوتکار... ئێمە بەبۆنەی پاڵپشتی لە درۆیەکانی کۆمارییەکان وەک تۆ و دێبۆرا هاوڵ سەرزەنشت ناکرێین. ئێمە زانیاریی وەک (ئۆه حکوومەتی وەسواس، ڕێک بەر لە هەڵبژاردنێک، خەریکی سیخوڕییە لەسەر ئەمەریکییەکانە) ناشارینەوە وەک چۆن نیویۆرک تایمز ئەم کارە دەکات. ئێمە وەک واشینتۆن پۆست ئەو شوێنانە ناشارینەوە کە تێیاندا حکوومەتی ئەمەریکی خەڵکی بۆ ماوەیەکی نادیار بۆ ئەشکەنجەدان و هەر خوا بزانێت بۆ چی تریش ڕاگرتووە. ئێمە هاوشێوەی بۆب وودواردی خۆتان لەبارەی پێوەندییەکانمان بە کەیسی پلێیمەوە درۆ ناکەین و هەوڵ نادەین هەواڵەکە بقۆزینەوە. جیم بردەی ئێمە بەرپرسیارێتیی چاپەمەنییەکی ئازاد وەردەگرین کە ئێوە دزیوتانە.

دوای ئەمە کەسێک هات کە لە خۆی بە جورەسیک پۆرک ناو بردبوو و پێشنیازی کردبوو:

بردەی کۆمارییەکی زۆروەڕ و قەشمەرە، کۆپییەکی بیڵ کێلەری نیویۆرک تایمزە، کە بە دوژمنداریکردنی بلۆگەرەکان ناسراوە...

زۆروەڕ؟ درۆزن؟ ئەم زمانێکە لەناو زمانی گفتوگۆی میدیای گشتیدا بوونی نییە. بەڵام بلۆگەرەکان زۆربەی کات لێوانلێو بە هەستێکی قووڵی ناپاکی و رق و گومانێکی زاڵ بەرامبەر بە گەندەڵی و دووڕوویی سیاسەتوانانی حکوومەت و چاپەمەنیی ئەم راگەیاندنانە دەپڕژێن. ئاخۆ ڕۆژنامەنووسان بە چ شێوازێک وەڵامی ئەم جۆرە زمانە و تانانە دەدەنەوە؟ لەسەر ئاستێکەوە دڕ و کەسێنییە. بەڵام لە ئاستەکەی تردا پەنجە دەخاتە سەر دەمارێکی هەستی جەماوەری کە باوەڕپێکراوە و لەوانەیە باویش بێت و لەناو میدیای گشتیدا بوونی نییە.

بەڵام قسەی رەق و بەهەمان شێوەش کەلکەلەی شکستەکانی زانراوەی میدیای گشتی تاکە ئەو شتانە نین کە کولتووری مشتومڕیی نوێ لەناو جیهانی بلۆگدا بناسێنێت.

هەر هەمان بلۆگ لە هەمان رۆژدا لە وەڵامی هەمان پۆستە سەرەتاییەکەدا هەروەها تێبینیی وای تێدا بوو کە لە بنەڕەتدا هەڕەشە نەبوون بۆسەر بردەی، بەڵام زیاتر لەسەر ئابرامۆف و خودی ریسوایی لۆبیکردنەکە هەڵوەستەیان دەکرد. ئەم ئاڵوگۆڕییە گفتوگۆیەکی جەماوەریی جیاواز بوو– مشتومڕییەکی پڕ وردەکاری لەبارەی وردەکاریی ئاڵۆزیی ریسواییەکە– و ئەوەندە ورد بوو کە رەنگە تێگەیشتنی بۆ زۆرێک لە هاوولاتییان سەخت بووبێت. کەسێک کە خۆی بە ڤایسرۆی ناو نابوو لەگەڵ هاوولاتییەکی تر بەناوی تۆماس ویلیام لەسەر ماڵپەڕەکەدا لە مشتومڕیدا بوو لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئابرامۆف هۆزگەلی هیندییەکانی بۆ پارەدان بە دیموکراتەکان هان داوە یان نا. سەختە مشتومڕییەکی هەڵگری ئەوەندە سەردێری واتاسازی لە هەر شوێنێکی چاپەمەنیی کۆندا دەرکەوتبێت:

ڤایسرۆی: تۆ (ویلّیام) هیچ شتێکت لەبارەی بەکارهێنانی وشەی "ڕێنوێنکراو" نەسەلماندووە و کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین وشەی "ڕێنوێنیکراو" شی بکەینەوە، تۆ (من) بە "واتایی" تۆمەتبار دەکەیت. تۆ لە پێوەندییەکانی نێوان کەسانی باوەڕپێکراو، موراجیع، کارمەند و سەرۆکدا شکستت هێناوە. تۆ ناتوانیت بەرەوڕووی ئەو ڕاستییە ببیتەوە کە دامەزراوە خێڵەکییەکان ویستیان ئازادە. کاتێک دەڵێیت تۆ لە مشتومڕییەکە سەرکەوتوویت کاتێک لە ڕاستیدا وا نییە، بەڕاستی جێی گاڵتەیە – تۆ لە ڕاستیدا هەر بەئەستەم باسی بابەتەکەت نەکردووە.

تۆماس ویلّیام بە هەمان شێوە وەڵام دەداتەوە، بە لێکدانەوەیەک بۆ واتای وشەی "ڕێنوێنیکراو" و ویستی ئازادیی خێڵە هیندییەکان.

تۆماس ویلّیام: ئەگەر تۆ باسی مانای "ڕێنوێنیکراو" دەکەیت، دان بەوە دەنێم تۆ دەتوانیت ئەوە بە شێوازێک پێناسە بکەیت کە ئابراموٚف هیچ شتێک و لەوانەش بەخششەکان بۆ هەردوو پارتەکەی "ڕێنوێنی" نەکردووە. بەڵام گەیشتن بەو بەرەنجامەی خۆت حەزت لێیە، شێوازێکی تا ڕادەیەک لەنگە– ئەو ئەنجامەی ئابراموٚف ڕێنوێنکاری هیچ بەخششێک نەبووە بۆ دیموکراتەکان. ئەگەر تۆ ئەوەت مەبەست بێت، پێویستە دان بەوە بنێیت ئەو هەروەها ڕێنوێنیکار نەبووە بۆ بەخشش بە کۆمارییەکان... ئەگەر ئێمە ناچارین لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە پێک نەهێین، من پێک ناهێم و پێم وایە پێکهاتەی پێشنیاکراوەی تۆ بۆ وشەی "ڕێنوێنیکراو" لەم دەقەدا بە ئەنجامێکی تا ڕادەیەک پووچ دەگات، پووچ لەوەدا کە ئەوە لە بنەڕەتدا تەواوی پێوەندیی نێوان ئابراموٚف و خێڵەکان پشتگوێ دەخات، جا تۆ بەهەر شتێک حەزت لێ بێت ناوی بنێیت و بڵێیت شێوازی بەخششەکانیان بەتەواوەتی دەرهاوێشتەی "ویستی ئازاد"یان بووە و هەر هەمووی لە پێناو پاراستنی دیموکراتەکان بووە. ببوورە، من دیموکرات نیم، من سەربەخۆم و هیچ بۆچوونێکی دەمارگیرانەشم لەبارەی ریسواییی ئابراموٚفەوە نییە.

لەسەر بلۆگێک لە یەک ڕۆژدا لەسەر بابەتێک کۆمەڵێک شت خۆی دەسەپێنێت. هێرشێکی کەسێنیی بەگڕ و تین لەبارەی ناوزڕاندن بەرەوڕووی ڕۆژنامەنووسانی دەبێتەوە. مشتومڕییەکی جەماوەریی پڕ وردەکاریی لێیە لەبارەی ڕووداوە هەواڵییە سەرەکییەکانەوە. تێکەڵاوێتیی هاووڵاتییانی تێدایە. لە سەرووی هەمووشیانەوە، پەرۆشی تێدایە.

بەگوێرەی ئەم جۆرە نوێیەی کولتووری مشتومڕی ئاخۆ پێگەی ڕۆژنامەنووسی بەهەر شێوازێک بێت، لە کوێدایە؟ جیهانی بلۆگ و ڕێڕەوە نوێیەکانی تری ئینتەرنێت ڕەنگە سروشهێنەری کۆمەڵێک هەست بن. ئەوانەش بەئاشکرا شتێک بۆ دیالۆگی جەماوەری زیاد دەکەن کە چاپەمەنیی کۆن ڕەنگە نەیتوانیبێت پێشکێشی بکات. بەڵام کێشەکە لە ئاکاری گرووپەکانی گفتوگۆکاری ئینتەرنێتدا نییە. تەکنەلۆجیا بۆچوونی ئەم کەسانەی دانەڕشتووە کە بەشدارن لێی. ئامێرەکان سروشتی مرۆڤ ناگۆڕن.

کێشەکە ئەوەیە چ شتێک بەسەر پاشماوەی جیهانی میدیا دێت. بەهەمان ڕادە کە کۆڕبەندە

نوێیەکان دەکرێت بەگوێرەی بابەتی پۆستکراو دەوڵەمەند و بۆش بن، بەهەمان رادەش ناتوانن جێگەی گەڕان بۆ راستی و دەق بگرنەوە کە رۆژنامەوانی سەلماندنی کۆن دابینی دەکات. ئەگەر ئەوانەی هەواڵ کۆ دەکەنەوە و دواتر بڵاوی دەکەنەوە ئیتر کات و پارە لە هەواڵنێری و سەلماندن و لێکدانەوە خەرج نەکەن _ ئەگەر ئەوان لەوە بترسن هەڵسەنگاندن کاری دەستەبژێرانە یان ئێستا تەکنەلۆجیا ئەوانی لەم ئەرکە کۆنانە رزگار کردووە- کەواتە قسە و گەپی سەر ئینتەرنێت تاکە شتێکە بۆمان دەمێنێتەوە.

کێ دەبێت بۆ ئەوەی لەو راگەیاندنانەی لە ژوورەکانی چاتدا دەکرێت، ئەوانەیان بدۆزێتەوە کە لە ڕاستیدا تەواون؟ کێ لە پێشینە و پاڵنەرەکانی کوتلە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە؟ کێ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە تەنانەت ئەم تووڕەترین مشتومڕکارانەش داوای وەڵامی دەکەن؟

لە داهاتوودا رەنگە ئێمە زیاتر پشت بە هاووڵاتییان ببەستین بۆ دیدەوانیکردنی یەکتری. بێگومان ئەوە کۆڕبەندی جەماوەریی گەورەتر و مەودای دەنگەکان فراوانتر دەکات. بەڵام تەنیا ئەگەر کۆڕبەندەکە لەسەر بنەمای راستی و دەق دامەزرابێت، دەنا ئەو پرسیارانەی هاووڵاتییان ئاراستەی دەکەن تەنیا مەجازین. مشتومڕییەکە بۆ فێرکاری نابێت و تەنیا ئەو دەمارگیرییانەی خەڵک پێی گەیشتوون، بەهێزتر دەکات. جەماوەر کەمتر لە توانایدا دەبێت بەشدار بێت لە چارەسەرەکان. گفتوگۆی جەماوەری نابێتە شتێک بۆ ئەوەی خەڵک لێی فێر ببێت، بگرە لەناو دەنگەدەنگێکدا دەتوێتەوە کە زۆربەی جەماوەر کپی دەکات. نیگەرانییەکە لە زیادبوونی سەرسوڕهێنی میدیای هاووڵاتیدا نییە، بگرە لە نەمانی چاودێریی بەردەوام و پیشییانەی دامەزراوەگەلی بەدەسەڵاتدایە.

کەواتە سەرەتا کۆڕبەندی جەماوەری پێویستە لەگەڵ هەر هەموو بنەماکانی تری رۆژنامەوانی بگونجێت و دووەم شت راستەوخۆ پێوەست بێت بە پێناسەی مەدیسن بۆ رۆڵی سەرەکیی سازشکردن لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا. بەڵام ئەگەر رۆڵی سەرەکیی کۆڕبەندەکە بەم شێوەیە، بۆ رۆشنکردنەوە بێت نەک دنەدان، کەواتە بە چ شێوەیەک رۆژنامەنووسان جەماوەر تێکەڵ بەکارەکە دەکەن؟ ئەمە بنەمای دواتری رۆژنامەوانییە.

## بەشی هەشتەم

## تێکەڵکردن و پێوەندی

دابینکردنی چاودێریی پزیشکی بۆ منداڵانی سەرەمەرگ یەکێکە لەو بابەتانەی رۆژنامەنووسان بە گرینگی دەزانن، بەڵام زۆربەیان پێیان ئەستەمە لێی نزیک ببنەوە. خەباتی خێزانێک بۆ رزگارکردنی منداڵێکی تووشبوو بەنەخۆشییەکی کوشندە، تەنیا ئەگەر بۆ ئەوە بێت وەک هەر هەواڵێکی تری میدیایی لە رۆحی خەڵکانی داخدیدەوە بچێتە ژوورەوە و بڵاو ببێتەوە، چیرۆکێکی

سەختە و، کاتێک تراجیدیای مەرگی منداڵێک دەبەسترێتەوە بەگرێکوێرەی پزیشکی بۆ درێژکردنەوەی ژیان لە ڕێگەی شێوازی هێرشبەرانە بۆ ئەوەی دوا ساتەکان کەم ئازارتر بن، چیرۆکەکە بۆ زۆربەی هەواڵنێران دژوار دەبێت.

بەڵام بۆ دایانا ساگ وا نەبوو. ساگی هەواڵنێری تەندروستیی براوەی خەڵاتی پوڵیتزر لە بالتیمۆر سان بەدرێژاییی ژیانی چاوەڕێی هەواڵێکی بەم شێوەیە بوو، ئەو جۆرە هەواڵەی بۆی بەجۆش بوو: "هەستەکی، خاو و نەدرکاو". ماوەی دوو ساڵ بەدەوری بابەتەکە خولایەوە. زۆربەی جار دەبووایە بەبیر خۆی بێنێتەوە هەڵەیەکی باوی ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە زوو چۆک دەدەن. ئەو بەڵگەنامەکانی هەبوو و شارەزاکانی ناو بردبوو و دیمانەی لەگەڵ ژمارەیەکی کەم خێزاندا کردبوو، بەڵام پێی وابوو ئەمە مافی هەواڵەکە نادات.

ساگ گوتی "ئەو هەواڵەی من دەمویست لە سەرەتادا بیڵێم ئاستی سەختیی مەرگی منداڵێک بوو لە ئەمەریکادا. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە منداڵان لە ڕادەبەدەر ئازار دەچێژن، منداڵان دەترسێنرێن، منداڵان پێیان ناگوترێت ئەوان دەمرن هەرچەندە بۆ خۆیان لە ئاستێکدا لەوە تێ دەگەن".

ژان لە کرۆکی هەواڵەکەدا بوو: دایک و باوک و دوکتۆرەکان هەموو شتێکیان لە سۆنگەی ئومێد و خۆشەویستییەوە ئەنجام دەدا، بەڵام بەرەنجامە مەجازییەکە ئەوە بوو منداڵان ئازاریان دەچەشت. بەڵێ، ساگ بە تۆن زانیاریی کۆکردبووەوە، بەڵام دەیزانی گوتەی شارەزایان و کارمەندانی پزیشکی هەرگیز ناتوانێت وێنە تەواوەکە پیشان بدات. بۆ ئەمە ئەو شتێکی پتر لە واتای شاراوەی دەویست- گرێکوێرەکانی بوارێکی پزیشکی بەناوی "چاودێریی ئازارشکێنەرانەی منداڵان". ئەو مانای دەقاودەقی دەویست. ئەوەی لە ئار جێی ڤیگۆی ١٢ ساڵاندا دۆزییەوە کە ئەو بۆ ماوەی چوار هەفتەی کۆتاییی ژیانی بەدواداچوونی بۆ کرد.

ئار جێی هێزی چیرۆکی کەسێنیی منداڵێکی ڕوون دەکردەوە، چیرۆکێک کە خوێنەران نەیاندەتوانی پشتگوێی بخەن. کەس کوڕێکی لاوازبووەی پێڵوو ئاوساوەی لە بیر نەدەچووە کە بەتەقەلاوە بەگوێی دایکیدا چرپاندی "فریشتەکان. فریشتەکان وا دێن".

ساگ نووسی "دەمزانی ئەم هەواڵە چارەنووسی هەستەکیی خێزانەکانی تر دەگۆڕێت. ڕەنگە دایکێک بپرسێت (تۆ دەترسێیت؟)، ڕەنگە کوڕێکی سەرەمەرگ بپرسێت (من ئیتر ئەوەم ناوێت)". بەنزیکەیی سێ ساڵی برد تا ساگ توانی بگاتە ئەو هەواڵەی دەیویست. بۆ نووسینی هەواڵەکەش ئەو سوودی لە تۆمارەکانی پزیشکی و یادنامەکانی ڕۆژانەی ئار جێی و کۆمەڵێک دیمانە لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و پزیشکەکان و خەڵکانی ترەوە وەرگرت. ساگ و وێنەگری بالتیمۆر سان مۆنیکا لۆپۆسێی پتر لە ٢٠ ڕۆژیان لە ژووری ئار جێی لە نەخۆشخانەدا بەسەر برد و لە زۆربەی ڕووداوەکانی وەسفیان کردووە جگە لە مردنی، لەوێ ئامادە بوون. ئەنجامەکە زنجیرەیەکی چوار بەشی بوو کە کاردانەوەیەکی مەزنی هەم لەلایەن ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لەدەست

دابوو و هەم لەلایەن پسپۆڕانی کۆمەڵگەی پزیشکیی لێ کەوتەوە.

هەواڵەکە کارێکی هاوسەنگکەرانە بوو لە نێوان ئار جێی و کێشە مەزنترەکە و هەردووکیان دەبوایە تەواو بن. ساگ گوتی "زۆربەی جار ئێمە چیرۆکی کەسێک تەنیا لەبەرئەوەی چیرۆکێکی مەزنە دەگێڕینەوە. ئێمە نابێت تەنیا بڕۆین بۆ بەدواداچوونی منداڵێکی تووشبوو بە شێرپەنجە بۆ زانینی بارودۆخەکە، بگرە لەبەرئەوەی کێشەی گەورەتر هەن. شتەکە لەسەر ئەو هەواڵە چەقیوە کە خەڵک دەیەوێت بیزانێت". ئەوەی ساگ لەگەڵ بەسەرهاتی تراجیکی مەرگی ئاری جێیدا کردی دەربڕی حەوتەم بنەمایە:

پێویستە رۆژنامەنووسان بابەتی گرینگ و سەرنج ڕاکێش و پێوەندیدار بکەن.

بەشێوەیەکی نەرێنی، کاتێک خەڵک باس لە دروستکردنی هەواڵێک دەکەن کە بەشێوەیەک خەڵک تێکەڵ بکات و پێوەندیدار بێت، مشتومڕییەکە دەبێتە هونەری لێکدانەوە-تێکەڵکار لە بەرامبەر پێوەندیدار. ئاخۆ پێویستە ئێمە جەخت لەو هەواڵە بکەینەوە کە شاد و دڵڕفێنە و بەسەر هەستەکانماندا زاڵ دەبێت؟ یان پێویستە دەست بەو هەواڵەوە بگرین کە گرینگترینە؟ ئاخۆ رۆژنامەنووسان دەبێت ئەو شتە بدەن بە خەڵک کە پێویستیانە یاخۆ ئەوەی بۆ خۆیان داوای دەکەن؟

رێگەی کلاسیکیی ئاراستەکردنی پرسی تێکەڵاوکردن- بەشێوەی زانیاری بەپێچەوانەی چیرۆک گێڕانەوە یاخۆ ئەو شتەی خەڵک پێویستییەتی بەپێچەوانەی ئەو شتەی خەڵک دەیەوێت- شێوێنەرە. رۆژنامەنووسان بە ئێمەیان گوت ئەمە شێوازی کارکردن بە رۆژنامەوانی نییە. ئێمەش پێمان وایە ئەوە هەروەها شێوازی تێکەڵبوونی خەڵک بە هەواڵ نییە. بەڵگە ئاماژە بەوە دەدات زۆربەی خەڵک هەردووکیان دەوێت: ئەوان لاپەڕەکانی وەرزش و بازرگانی، زێ نیویۆرکر و کاریکاتەر و پێداچوونەوەی کتێب و خشتەی وشەی یەکتربڕ دەخوێننەوە. نیویۆرک تایمز ٢٥ نووسینگەی لە دەرەوە و نووسینگەیەکی لانی کەم ٨٠ کەسیی لە واشینتۆندا هەیە و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی رووماڵ دەکات، بەڵام بەشەکانی تایبەت بە پرد و هەڵسەنگاندنی ریستۆڕانت و ماڵ و خواردنیشی هەیە. نیۆیۆرک دێیلی نیوز لە ڕاپۆرتی وەرزشیدا سەردەستە، بەڵام بە هێزەوە لە کێبەرکێدایە بۆ ئاگەدارکردنەوەی خوێنەرانی لە سەرنەکەوتنی دادوەری یان حکوومەت و شکستەکان.

چیرۆک گوتن و زانیاری دژیەک نین. بەشێوەیەکی باشتر بە دوو خاڵی سەر زنجیرەی پێوەندیکردن دانراون. لە سەرێکی زنجیرەکەوە رەنگە چیرۆکی کاتی خەو هەبێت کە تۆ لە خۆتەوە بۆ منداڵەکانتی دروست دەکەیت و رەنگە هیچ مەبەستێکی نەبێت جگە لە لێک نزیکبوونەوە و بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵ یەکتری. لە کۆتاییەکەی تردا زانیارییی خاو هەیە- کورتەی بەرەنجامی یارییەکان و سپۆرتس، بلاڤۆکی کۆمەڵگە، یان خشتەی پشکەکان- کە هیچ چیرۆکێکیان تێدا نییە. زۆربەی رۆژنامەوانی وەک زۆربەی پێوەندیکردن لە شوێنێکی ناوەڕاستدا

هەڵکەوتووە. ڕاهێنەرانی نووسینی ڕۆژنامەوانی، ڕۆی پیتێر کلارک و چیپ سکەنلەن دەڵێن هەواڵنووسینی کاریگەرانە دەتوانرێت لە چوارڕەیانی دیوەدەربوونی شارستانییانە، ئەو زانیارییە هاووڵاتییان پێویستیانە بۆ کارکردن و هەروەها لە شکۆمەندیی ئەدەبیدا بدۆزرێتەوە کە بەو مانایەیە شارەزاییی هەواڵنێر لە چیرۆکبێژیدا تەواوە.

ئەگەر بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە، باشترین کار ئەوەیانە کە بۆ سەرووی ناوەڕۆکە بەرز دەبێتەوە– هەواڵەکە بۆ ناوەڕاستی ئەو زنجیرەیە واتە زیاتر لەوەی جەماوەر چاوەڕێی دەکات، پاڵ دەنێت. ئەو کارە لە ڕێگەی باشترین هەواڵنێری و رامان و گێڕانەوە و سەرەدەرییەکانی ترەوە ئەنجام دەدرێت. گوتارەکەی هۆلیوودە کە شتێکی قووڵتر لەبارەی دروستکردنی فیلمەوە دەڵێت، پەردەهەڵماڵینی لێکۆڵەوانیشە کە هەلومەرجی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و سەرەدەریکردنە لەگەڵ زانیاریی دیموگرافییە کە گەڕەکێک دێنێتە ناو ژیان. بەم شێوەیە ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی گرینگ لە هەر هەواڵێکدا باڵکێش بکات و ئاوێتەی ڕاست و دروستی بابەتی رژد و کەمتر رژد بدۆزێتەوە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵی ڕۆژ.

لەوانەیە بەباشترین شێوە ئاوا لێک بدرێتەوە: ڕۆژنامەوانی چیرۆکبێژییەکی ئامانجدارە. ئەو ئامانجە دابینکردنی ئەو زانیارییەیە بۆ خەڵک کە بۆ تێگەیشتن لە جیهان پێویستیانە. یەکەم تەحەدا دۆزینەوەی ئەو زانیارییە کە خەڵک بۆ ژیانیان پێویستیانە. دووەمیان ئەوەیە زانیارییەکە واتادار و پێوەندیدار و تێکەڵاوکەر بێت.

تێکەڵاوکردن لە ڕاستیدا پێوەندیی بەخۆبەختکردنی ڕۆژنامەنووس بە هاووڵاتییانەوە هەیە. وەک هەواڵنێرێک کە لەلایەن تیمی ئەکادیمیی لێکۆڵەوانی هاوکارمان دیمانە کرابوو، بەم شێوەیە دەری بڕیوە: "ئەگەر تۆ لەو جۆرە کەسانە بیت کە کاتێک شتێکت دۆزییەوە هەست بکەیت لە تێگەیشتنت لە شتەکە رازی نیت تا ئەو کاتەی ڕێگەیەکت بۆ گوتنی شتەکە بە کەسێکی تر نەدۆزیبێتەوە، کەواتە تۆ ڕۆژنامەنووسیت".

بەشێک لە ئەرکی ڕۆژنامەنووس، بەواتایەکی تر، تەنیا دابینکردنی زانیاری نییە بگرە دابینکردنی زانیارییە بەشێوەیەک کە خەڵک حەز لە بیستنی بکات. هاوارد ڕێنگۆڵدی نووسەر و نووسیاری پێشووی کۆواری ئەلیکترۆنیی هۆتوایرد دەڵێت "سەرەکیترین کێشەی ئێمە لە دەوری هەڵبژاردنی ئەو شتەدا دەخولێتەوە کە سەرنجی خوێنەران رادەگرێت – زۆر خوێنەر– خوێنەری زۆر جیاواز. لە سەرێکی مەوداکەدا گرینگترین شتەکەی لێیە – ئاخۆ شەڕ دەبێت یان ئاشتی، ئاخۆ باجەکان زیاد دەکرێن یان کەم دەکرێنەوە؟ لە سەرەکەی تریدا هەر ئەو شتەی تەنیا سەرنج ڕاکێشە و... زۆربەی هەواڵەکان تێکەڵەیەکن لەو دووانە".

کەواتە چۆن پرسی تێکەڵکردن ئەوەندە دەشێوێنرێت، بەشێوەیەک کە هیچ ئاوێتەکارییەک نەبووبێت؟ ئەگەر ڕۆژنامەوانی هەم گرینگ و هەم تێکەڵکار بێت، ئەگەر خەڵک لە بنەڕەتدا بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر داوای ئەوە بکات، ئەی بۆ هەواڵەکان زۆربەی کات لەمەدا

کەموکووڕییان هەیە؟

زنجیرەیەک کێشەی ناچارەکی لەسەر ڕێگەی هەواڵدا هەیە: پەلەپەل، گوێنەدان، تەمەڵی، هاوکێشە، دەمارگیری و چاوبەستە کولتوورییەکان. نووسینی هەواڵێک بەباشی، لە دەرەوەی هەرەمی هەڵگەڕاوەی چاپەمەنی یان ساوند بایتی دیاریکراو بۆ هەر بەشێک کات دەبات. کارەکە لە کۆتاییدا ڕاهێنانێکی ستراتیجییە کە زیاتر لە بەتەنیا کورتکردنەوەی ڕاستییەکان و ڕستەی ڕاگەیاندنیی پێویستە و، کات شتێکی بەنرخە و ئەمڕۆکە ڕۆژنامەنووسان هەست دەکەن بەردەوام کاتێکی کەمتریان هەیە.

بەداخەوە لە کاتێکدا جەماوەر جێگرەوەی تەنانەت پەلکێشتر و سەرنج ڕاکێشتری بۆ هەواڵ هەیە و لە ڕۆژنامەوانی بەگومانتر بووە، کەمکردنەوەی بودجە لە ژوورە هەواڵییە کۆنەکاندا ستافێکی بچووکتر بەرهەم دێنن و جەختەکە پتر لەسەر ژمارەی هەواڵەکانە نەک جۆرایەتی. هەروەها کاتی پێویستی بۆ برەودان بە تێگەیشتنی بابەتەکەش لە ئارادایە. پێشکێشکردنێکی باش لەسەر شێوازی ڕۆژنامەوانی هەمیشە بەرهەمی هەواڵنێریی پتەو و قووڵە کە ئەو وردەکاری و دەقەی تێدایە کە هەواڵێک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەر هەموو هەواڵەکان پێویستیان بەو سێ ساڵە نییە کە ساگ بەسەری برد، بەڵام کاری باش پێویستی بەشتێکی پتر لە ئامادەبوون لە بۆنەیەک و پاشان دانیشتن لە پای کیبۆردێک یان ماشێنێکی بەجۆشی تایبەت بە نووسیاریکردنی ڤیدیۆییە.

تەنانەت ئەگەر هەواڵنێران کاتی پێویستیان بۆ هەواڵنێری و نووسین پێ بدرێت، پرسی مەودای سەر لاپەڕە یان ماوەی سەر پەخش لە ئارادایە. کاتێک دامەزراوە هەواڵییەکان باوەڕیان بەوە هێناوە مەودای بایەخی بەردەوام تەسک بووە پێویستی بە هەواڵی بەردەوام کورتتر هەیە، بۆ هەواڵنێرێک سەختە کات و مەودای پێویست وەدەست بێنێت لە پێناو گوتنەوە هەواڵێک بەتەواوەتی.

بەڵام ئێستاکە پەلکێشکردنی جەماوەر تەنانەت گرینگتر دەبێت، چونکە ئینتەرنێت کۆت و بەندەکانی مەودا دەشکێنێت. لەسەر هێڵدا درێژیی بەستەی ڤیدیۆیی و دەقی گوتراو و ژمارەی پێکهاتەکانی باکگراوند و چوارچێوەکانی ڕوونکردنەوە و خشتە و هێڵکاری هەر هەموویان لە ڕاستیدا لە ژمار نەهاتوون. کاتێک سنووری ئارەزوومەندانەی مەودا کێشەیەک نەبێت، جەماوەر تا دێت زیاتر داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات باشترین بڕیار بدەن سەبارەت بە چەندێتیی زانیاریی دابینکراو. کات دەبێتە تاکە دەگمەنی.

بەشێوەیەکی مەجازی، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەدەن بەشێک لە تێگەیشتنی کۆن لەبارەی مەوداکانی بایەخ بەهەڵەدا براوە و لە بریی یارمەتیدان زیانی بە ڕۆژنامەوانی گەیاندووە. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەیەکی چەند ساڵ خایەن لەلایەن پڕۆژەی کارامەیی لە ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆیی دۆزییەوە ئەو وێستگانەی هەواڵی یەکجار کورت- کەمتر لە ٤٥ چرکە- یان زیاترە، وێ دەچێت جەماوەریان لە دەست بدەن. لەلایەکی ترەوە ئەو وێستگانەی چیرۆکی زیاتر لە

ماوەی دوو خولەکدا دەدەن، وێ دەچێت جەماوەر کۆ بکەنەوە.

ئیـرا گڵـەسـی پێـشـکێـشـکاری بەرنامـەی رادیـۆیی زیس ئەمـێـریکەن لایف کـە "ئـەو هـەواڵانە دەوەشــێنێت کــە بـۆ رادیۆ وەک فـیـلم وان"، دەڵێت بـەتێکرا گــوێگران ٤٨ خــولەکی شــۆیە ٦٠ خولەکییەکە گوێ دەگرن. زیس ئەمێریکەن لایف هەفتانە دەگاتە ١,٧ ملیۆن خـەڵک و زۆربەی جار سێ هـەواڵ لـە هـەر بەشـیدا بڵاو دەکـاتەوە کـە ڕاپۆرتی درێژکـراوە و گـوتار و بابەتی بـیسـتـەنیی دۆزراو لەخۆ دەگرێت.

بـەڵام ئەمــە بەئـەســتــەم تاکــە نموونـەیە کــە چۆن تێگـەیشــتنی کــۆن لەبارەی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە ڕۆژنامەوانیی ئێمە بەسەر ڕێگەی خۆوێرانکەردا شۆڕ دەکاتەوە.

فریوی پرۆگرامی زانیاری–سەرگەرمی

باربارا واڵترزی کەسایەتیی ئێی بی سی نیوز بەوردی و بە هاوخەمییەکی خۆ بۆئامادەکراوەوە تەماشای ژنە گەنجەکەی کرد.

ئەو پرسی "ئەو تۆی ماچ کرد؟"

مۆنیکا لوینسکی وەڵامی داوە: "بەڵێ".

واڵتـرز بە نیگای پوورێکی دڵسـۆز کـە ناتوانێت بەتەواوەتی وورووژانی خـۆی بشـارێتـەوە گـوتی "بیرت لە چی دەکردەوە؟".

"ماچکەرێکی باشە".

"تۆ ژنێکی گەنجی یەکجار بەهەوەسیت؟"

"همممم."

"بەجۆش؟"

"بەڵێ."

واڵترز بۆی چوو "بیڵ کلینتۆن پیاوێکی بەجۆشە؟"

لوینسکی بۆ ساتێک سوور هەڵگەڕا و واڵترز گاڵتەی پێ کرد. پاشان لوینسکی وەڵامی داوە.

"پێـم وایە ئەو پیــاوێکی بەجـۆشــە کــە هـەسـتی هەوەســێنی بەهێــزە و، پێم وایە ئەو هـەروەها پەروەردەیەکی ئاینیی یەکجار بەهێـزی هەیە. وابزانم ئەو بەگژ لەشـپـەرسـتیی خـۆیدا دەچێتـەوە، چونکە پێم وانییە ئەو ئەوەی پێ ڕاست بێت و، دواتر پێم وایە ئەو هـەوڵ دەدات خـۆی بکشێنێتەوە، بەڵام ئیتر ناتوانێت".

هەواڵبـێـژی ٣٧ سـاڵەی تۆڕەکە درێژەی دایە "لە یەکەم پێکگەیشـتندا سـەرۆک وەڵامـی تەلەفۆنی ئەندامـێکی گۆنگرێسی دایەوە کـاتێک ئێـوە زۆر لێک نزیک بـوون. تۆ هـەسـتت بەرامـبـەر بـەمـە چۆن بوو؟"

لوینسکیی ٢٥ سـاڵان دەستی پێ کرد: "بابەتێکی نهێنییە. لەوبارەوە تا ئاستێک جۆشوخرۆش



هەرزانامەی کتێب

هەبوو. جۆشوخرۆش و رەنگە کەمێک مەترسی لەوە پێوەندییە و لەوەی ئەگەر وا بنوێنرێت پێوەندییەکە بوونی نییە، راست دەرناچێت".

دیمانەی یەکجار بانگەواز بۆکراوە و بەجۆشەوە بەدواداچوون بۆکراوەی ئێی بی سی لەگەڵ لوینسکی بەم شێوەیە بەردەوام بوو.

واڵترز دوای پرسی "تۆ یان سەرۆک لەوە دەترسان نەوەک کەسێک بێتە ژوورەوە و بتانبینێت؟... ئاخۆ ئەوە بەشێک لە وروژانەکە بوو؟"

ساتێک دواتر ئەو پرسی "ئەو هەستەی سەرۆک نیشانی دا ئەوە بوو کە ئەمە رێگەیەکی تاک سایدە، کە ئەو رازییە و تۆ وا نیت. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە تۆ رازی بوویت".

پاشان ئەمە: "و ئەوەش کە شتی وا ئەنجام دراوە کە تۆی وەک ژنێک دڵخۆش و رازی کردووە؟"

واڵترز هەروەها پرسی"لە زۆربەی ماوەی پێوەندییەکەدا سەرۆک بە سێکسی زارەکی تەواو نەدەبوو. بۆچی؟ ئەو چی دەگوت؟"

بەنزیکەیی دوو سەعات دیمانەکەی ئێی بی سی پڕژایە سەر ئەو جۆرە پرسیارانە کە ئاخۆ سەرۆک ماچکەرێکی باش، پیاوێکی بەهەوەس بووە یان نا و ئەوەش کە ئاخۆ ترسی ئاشکرابوونەکە بەشێک بووە لە پاڵنەری سایکۆلۆجی بۆ سێکس. تەنانەت لە بەشی دووەمدا پرۆگرامەکە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە راستی– و پێوەندیی دەستوورییەوە– بۆ نموونە بەوەی ئاخۆ لوینسکی لە سوێندخواردنەکەیدا بۆ پاراستنی سەرۆک درۆی کردووە یان سەرۆک لە بەرامبەردا کارێکی بۆ ئەو رێک خستووە.

بەکورتی هەواڵ یان چاوپێکەوتنی دەستی یەکەمی یەکجار چاوەڕوانکراو وەک "چیرۆکی مۆنیکا" پێشکێش کرا کە بەرێککەوت ناوی ئەو کتێبە بوو کە لوینسکی بۆ برەودان پێی سوودی لە دیمانەکە وەردەگرت. لەم حاڵەتەدا هەواڵ نەک تەنیا جەختی لەسەر سێکس و هەست دەکردەوە، بگرە فۆرمێکی بازرگانییەکی دوولایەنەش بوو. ئێی بی سی لوینسکیی بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر بەکار دەهێنا و لوینسکیش ئێی بی سیی بۆ فرۆشتنی کتێب.

لیۆ براودی، پرۆفیسۆرێکی ئینگلیزی زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور کە کتێبی زێ فرێنزی ئۆف ریناونی نووسیوە و باڵادەستێکی بواری پیشەسازیی سەرگەرمییە، دەڵێت تایبەتمەندییەکی سەرەکیی رۆژنامەوانیی زانیاری " تا ڕادەیەک پێشکێشکردنی هەواڵەکەیە بەشێوەی نهێنییەک. پێویستە تۆ هەواڵنێری بزان بیت و جەماوەر بۆ ناوی رابکێشیت و، بەداخەوە بەتێپەڕینی کات نهێنییەکە ریسواکەرتر یان بێ شەرمانەتر دەبێت". ئەمە لە بەرامبەردا "جەماوەرێک دروست دەکات کە حەز دەکات وا بیر لە خۆی بکاتەوە یەکێکە لەو کەم کەسانەی شتەکە دەزانن"– ئەوەش دواتر پێویستی بەچارەسەرێکە بۆ بێ شەرمایەتی.

لە رۆژنامەی وروژێنەردا رێگەی کلاسیکی هەیە: ئەو هەواڵانەی راستیی وەک سێکس و

ریسواییی ناوداران ئاشکرا دەکەن. رامانێک لە ناوەڕۆکی میدیا بۆچوونی براودی پشتڕاست دەکاتەوە لەوەدا کە ئەمە تەکنیکێکی سەرەکییە بۆ گۆڕینی هەواڵ بۆ سەرگەرمی و سەرگەرمی بۆ هەواڵ. یەکێک لە پەلکێشترین رەهەندەکانی ئەمە دیتنی ئاستی رەزامەندییی دامەزراوە هەواڵییە بەناو رژدەکانە لە کێشەکە، کە زۆر لە ئێی بی سی و لە دیمانەکەی لوینسکی دەچێت. بیر لە بەرگی کۆواری نیوزویک بکەوە لە یەکەم شەش مانگی سەدەی نوێدا. لێکۆڵینەوەیەک دەری دەخات ١٧ دانە لە ٢٢ بەرگەکان یان کەسایەتییەکانی بواری سەرگەرمییان بەرجەستە کردووە و لەبارەی سێکسەوە بوون، یان زمانی نهێنییە هەڵماڵراوەکان وەک: "ئێلیان، بیهایند زێ کاستدی "، "زێ ئینسایدستۆری" یان "زێ ترووس ئێباوت..." بەکار هێناوە. لەو ٢٢ بەرگە تەنیا دووانیان لەبارەی سیاسەتەوە بوون، هەرچەندە ئەوە ساڵی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی سەرۆکایەتی بووە. دووانیان لەبارەی سێکسەوە بوون. سێیانیان لەبارەی تەندرووستییەوە. دووانیان لەبارەی بازرگانییەوە و دووانی تر لەبارەی کەیسی ئێلیانەوە گۆنزاڵێز، کوڕە کوبییەکە. تاکە بەرگێک لەبارەی کاروباری جیهانییەوە نەبوو.

ئەمە ئاماژە بە سەرەتاییەکی نوێ دەدات بۆ هەفتەنامە هەواڵییەکان و بەڵگەش هەیە بۆ هەموو کولتوورەکە بەو شێوەیەیە. لە ١٩٧٧دا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن پرۆژەی کارامەیی لە رۆژنامەوانیدا بەرگەکانی تایمز و نیوزویک ٣١٪ی کاتەکە کەسایەتیی سیاسی یان نێودەوڵەتییان بەرجەستە کردبوو. لە هەمان کاتدا نزیکەی نیوەی هەموو بەرگەکان، ١٥٪، لەبارەی کەسایەتییەکانی سەرگەرمی یان ناودار بوون. لە ١٩٩٧دا پێوەندییەکە بەشێوەیەکی کاریگەر پێچەوانەی بووبوو. ژمارەی کەسایەتییە سیاسی یان نێودەوڵەتییەکان بۆ پتر لە ٦٠٪، واتە نزیکەی ١ بەرگ لە هەر ١٠ بەرگێک دابەزی، لە کاتێکدا ژمارەی بەرگەکانی وێنەی ناوداران و سەرگەرمی بۆ ٤٠٪ بەرز بووەوە (بۆ دوو بەرگ لە هەر ١٠ بەرگێک).

کۆمەڵێکی تر ژمارە گۆڕانەکە تەنانەت بەشێوەیەکی روونتر بەرجەستە دەکات: دوو هەفتەنامەی هەواڵیی تایمز و نیوزویک دەکرا بەیەکەوە لە ١٩٩٧حەوت ئەوەندەی ١٩٧٧ هەمان هەواڵی سەربەرگی کۆواری پیپڵیان هەبووایە. وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو هەواڵەی تەنیا شتی گرینگ کەتەلۆگ دەکات بەهەمان رادەی ئەو هەواڵەی هەموو شتە گرینگەکە وەلا دەنێت، ناسروشتییە. پێچەوانەکەشی راستە.

لە هەر ساتێکدا ئێمە دەتوانین نموونە لەسەر ئەوە بدۆزینەوە ئاخۆ هەوەسبزواندن بازاڕی هەیە یان نا. دیمانەی باربارا واڵترز لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی بۆ نموونە جەماوەرکێشترین پرۆگرامی ئێی بی سی نیوز بووە کە تا ئەو کات وەشێنرابێت. بەڵام مێژوو لە ماوەی درێژتردا ئاماژە بەوە دەدات ئەو دامەزراوانەی لەسەر مەوداکەدا بەرەو کۆتاییەکەی تایبەت بە زانیاریی شۆڕ دەچەمێنەوە، وێ دەچێت بەسەر ئەوانەی بەرەو ئاراستەی سەرگەرمی شۆڕ دەبنەوە، زاڵ بن. لە کاتێکدا کە تۆنی ناودار/ناوزڕاوی ناو دیمانەی واڵترز و لوینسکی تایبەتمەندیی هەواڵی

تەلەڤزیۆنیی زۆر زیاتر بوو، ئەو گۆڕانە بەرەو زانیاری-سەرگەرمی ئەوەندە چەکەری نەکردووە و رەنگە بەباشترین شێوە لە خزمەت دابەزاندنی خێرای جەماوەری پرۆگرامە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆنی بووبێت و، هەمیشە هەر وا بووە.

وەک چۆن کۆچەرانی ١٨٩٠ەکان لە سەدەی بیستەمدا بۆ چینی ناوەڕاست بەرز بوونەوە، ورووژێنەرایەتیی رۆژنامەوانیی زەرد جێگەی بۆ شێوازی سەلاری نیویۆرک تایمز چۆڵ کرد. لە ١٩٢٠دا بۆ نموونە نیۆیۆرک وێرڵدی جۆزێف پوڵیتزر بووبووە رۆژنامەیەکی تەواو وێژەیی. کاتێک جۆش و وڕێنەی ساڵە خرۆشێنەرەکانی دەیەی بیستەم جێگەی بۆ تینی خەمۆکێ بەردا، سەردەمی ناوبانگی رۆژنامەکانی وروژێنەر و شەیدایانی گوتەگوت وەک واڵتر وینچێڵی ناوداری رادیۆیی و ستوونووسی رۆژنامە، شوێنی دا بە رژدییەکی نوێ کە لە ماوەی شەڕی سارددا بەردەوام بوو. ئەوانەی رزگاریان بوو لە شەڕە رۆژنامەیییە گەورەکانی ١٩٦٠ەکانەوە کە تێیاندا زۆربەی شارەکان بوونە شاری تاک رۆژنامەیی، رۆژنامە وروژێنەرەکانی تیراژ بەرز نەبوون، بگرە رۆژنامەی رژدی هەر شارێک بوون- واشینتۆن پۆست و نیویۆرک تایمز و لۆسانجلێس تایمز و فیلادێلفیا ئینکوایرر و بۆستن گلۆب و بێ ژمار رۆژنامەی تر. ئەوە بۆ تەلەڤزیۆنیش راست بوو. تۆڕی هەواڵیی تەلەڤزیۆنی زاڵ هەمیشە ئەوەیان بووە گەورەترین ژمارەی نووسینگە هەبووە و زیاتر لە هەموان خۆی بۆ دابینکردنی هەواڵی رژد بەخت کردووە، جا چ ئەوە زێ هانتلی- برینکلی ریپۆرتی ١٩٦٠ەکان بووبێت، چ زێ سی بی ئیس ئیڤینینگ نیوزی واڵتر کرۆنکایت لە ١٩٧٠ەکان یان وێرڵد نیوز تونایتی پیتێر جێنینگز لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ەکانەوە بۆ ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکان.

لێکۆڵینەوەیەکی پڕۆژەی کارامەیی لە رۆژنامەوانیدا لە نێوان ١٩٩٨ و ٢٠٠٢دا شێوازێکی لێکچووی تەنانەت لەناو هەواڵی تەلەڤزیۆنیی ناوەخۆییشدا دۆزییەوە. ئەو هەواڵانەی سەروو ٦٠ چرکە کە ئاستێکی بەرزتری گرینگی و چاونەترسی و هاوسەنگی و رەوایی و پێوەستی بە کۆمەڵگە و نەبوونی هەوەسبزوێنەرایەتییان هەبوو، بەبەراورد لەگەڵ پرۆگرامێکی تایبەت بە هەواڵی کوالێتی نزم جەماوەرێکی باشتریان هەبوو و بەشێکی زۆری جەماوەرە سەرەتاییەکەی خۆیان بۆ ماوە.

بەڵگە ئاماژە بەوە دەدات پەلکێشکردنی جەماوەر تەنیا لە رێگەی تێکەڵکردنیان وەک ستراتیجییەکی کاری بۆ رۆژنامەوانی لە کۆتاییدا شکست دێنێت، ئەمەش بەهۆی سێ هۆکاری سادە بەڵام ناچارەکییە.

یەکەمین ئەوەیە ئەگەر تۆ تەنیا شتی پووچ و سەرگەرمی بە خەڵک بدەیت، ئارەزوو و چاوەڕوانییەکانی هەندێکی خەڵک بۆ شتی تر هەڵدەپرووکێنیت. ئەمە یەکجار راستە بۆ ئەو خەڵکانەی بەهۆی بێ مەیلی و کات و سەرچاوەکانەوە کەمتر بەدوای جێگرەوەیەک دەگەڕێن. ئێستا زۆرێک لە هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنە ناوەخۆییەکانی تووشی ئەم گرێکوێرە بوونەتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئینسایت ریسێرچ، دامەزراوەیەکی پێشەنگ لە کالیفۆرنیا بۆ لێکۆڵینەوە لە جەماوەری تەلەڤزیۆنی، "لەوانەی تەماشای هەواڵی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆیی دەکەن، زیاتر لە نیوەی

ئەوانەیان کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، ئیتر بۆیان گرینگ نییە تەماشای چ وێستگەیەک دەکەن".

کێشەی دووەمی درێژخایەنی ستراتجیای زانیاری-سەرگەرمی ئەوەیە دەسەڵاتی دامەزراوەی هەواڵی بۆ وەشاندنی هەواڵی رژدتر لەناو دەبات و ئەو جەماوەری داوای ئەو هەواڵانە دەکەن دوور دەخاتەوە. ئەمەش هەروەها لە هەواڵی تەلەڤزیۆنە ناوەخۆییەکاندا رووی داوە. لێکۆڵینەوەیەکی توێژەرانی نیوز لەبی زانکۆی ئیندیانا بۆ نموونە دۆزییەوە پێنج لەو حەوت هۆکارە سەرەکییەی خەڵک واز لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیی ناوەخۆیی دێنن ئەوەیە ناوەڕۆکی نییە (دوو هۆکارەکەی تر ئەوە بوون خەڵک لە ماڵەوە نەبوو یان یەکجار سەرقاڵ بوو). ئەم لێکۆڵینەوەیە نەک تەنیا بە تێگەیشتنی زۆرێک لە هەواڵکارە ناوەخۆییەکان بگرە لەلایەن لێکۆلێنەوەی هەڵسەنگێنەری تریشەوە پشتڕاست کراوەتەوە. بەگوێرەی زانیاریی تری ئینسایت ریسیرچ " دوورکەوتنەوە لە هەواڵی ناوچەیی لە ١٠ ساڵی رابردوودا دوو ئەوەندە زیادی کردووە". هۆکارێکی ئەوە بووە "پتر لە نیوەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە هەست بەوە دەکەن زۆربەی وێستگەکان کاتێکی یەکجار زۆر دەگرن بە رووماڵکردنی هەمان هەواڵەکان بە دووبارە و دووبارەکردنەوەیان".

لە کۆتاییدا ستراتجیای زانیاری-سەرگەرمی وەک پلانێکی کاری ناتەواوە، چونکە کاتێک تۆ هەواڵەکەت دەگۆڕیت بۆ سەرگەرمی، تۆ لەگەڵ خاڵە بەهێزەکانی میدیاکانی تر رکابەرێتی دەکەیت نەک هی خۆت. هەر چۆن هەواڵەکە دەتوانێت رکابەرێتیی سەرگەرمی یان زاراوەکانی سەرگەرمی بکات؟ بۆچی داوای شتێکی وا بکات؟ نرخ و پەلکێشیی هەواڵ لە جیاوازبوونیدایە. لەسەر پێوەستبوونەوە دامەزراوە. هەرچەندە ستراتجیای زانیاری - سەرگەرمی رەنگە لە کورت مەودادا جەماوەر راکێش بکات و رەنگە بەرهەمهێنانی هەرزان بکەوێت، بەڵام جەماوەرێکی رووکەشی کۆ دەکاتەوە، چونکە لەسەر فۆرم نەک ناوەڕۆک دامەزراوە. ئەو جۆرە جەماوەرەش روو دەکاتە "پڕجۆشترین" شتی تر، چونکە لەسەر بناخەی ئیسفنجیی جۆشهێنەرایەتی دروست بووە.

ئەم کێشانەی وەک جەماوەرێکی پەرتبووە، رۆژنامەوانی ئەستەم ناکەن تەنیا سەختی دەکەن. رۆژنامەنووسانی سەرکەوتوو لەوانی تەوەزەل و چاکە لە خراپە و تەواو لە یەکجار هەوەسبزوێن جیا دەکەنەوە.

بۆچی رۆژنامەنووسان ئەم مێژووە لەکیس دەدەن؟ نەبوونی پێوەندی هۆکارێکە. پاش ئەوەی دەروونزانانی پەروەردەیی ویلیام دێیمن و هاوارد گاردنر لە رۆژنامەنووسانیان کۆڵییەوە، یەکێک لە راتەکێنترین بەرەنجامەکان ئاستی گەیاندنی وانەکانی نەوەیەک بووە بۆ نەوەیەکی تر لەناو رۆژنامەنووسان بەبەراورد لەگەڵ پیشەوەرانی تر. جگە لەوەش، نەک تەنیا سیستەمی شاگردی تێک چووە، بگرە کارێکی کەم یان هیچ نەکراوە بۆ جێگرتنەوەی سیستەمەکە. پەروەردەی رۆژنامەوانی بەگشتی لەلایەن رۆژنامەنووسانی کاراوە بایەخێکی کەمی پێ دراوە یان لانی کەم گرینگییەکەی جێی ناکۆکییە.

لەوانەیە لە هەمووان گرینگتر ئەوە بێت گێڕانەوەی جەماوەر لە ڕێگەی چیڕۆکبێژییەکی باشتر و

دژوار و کاتگر و بەتێچوو بێت. لە ئەنجامدا کاتێک پیشەسازیی هەواڵی هەوڵ دەدات جەماوەری کەمبووە بدوێنێت، زۆربەی جار دەپڕژێتە سەر ئەو نیگەرانییانە بەڕێوەبردنیان ئاسانترە، برەودان بە بودجەگەلی بازاڕدۆزینەوە و کەمکردنەوەی تێچووەکان و گۆڕینی هەواڵبیژان یان دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێی هەواڵی. کاتێک پیشەسازیی رۆژنامەیی لە ١٩٨٠کاندا هەستا بە چارەسەکردنی نەمانی جەماوەرەکەی، پڕژایە سەر چوارچێوە و نەخشەسازی و رەنگ. ئەو نموونە بەرزانەی لە ١٩٨٠کاندا بۆ دروستکردنی ئەو بەشانەی رۆژنامە کە بۆ کەسانی بەدەر لە خوێنەران بوون و لەلایەن گرووپی نووسیارانەوە پەرەیان پێ درا، بەواتای وشەوە دەبووایە کۆپییەکی هەواڵەکانیان لەو شوێنانە دابەزاندبایە کە لەسەریان نووسرابوو "دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە. دەقەکە دەچێتە ئێرە". کەس دووبارە بیری لە رێبازی چیرۆکگێڕانەوەیی بۆ هەواڵ نەدەکردەوە.

تاکوتەرا رۆژنامەنووس لە دروستکردنی هەواڵی تێکەڵکەر و پێوەندیدار، لە سەرنجڕاکێشکردنی بابەتی گرینگ و گرینگ پێشاندانی بابەتی سەرنج ڕاکێش سەرکەوتوون. بەڵام وەک ویڵیام دێیمن دۆزیویەتەوە، زۆربەی کات ئەو رۆژنامەنووسانە ئەوانەن کە خۆفێرکارن و لە رێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە و بەپلەی دووەمەوە لە رێگەی وەرگرتنی بیرۆکەکانی هاوەڵانیان بەهەوڵی خۆیانەوە فێر بوون. باشترین بیرۆکەکان یەکجار باو نین.

ئێمە لێرەدا ناتوانین وا بنوێنین ئینسایکلۆپیدیایەکی رێبازەکان بۆ ناچارەکیترکردن و پەلکێشترکردنی چیرۆکبێژی- بۆ سەرنجڕاکێشترکردنی بابەتی گرینگ- پێشکێش دەکەین. ئەوە کتێبێکی جیاوازی دەوێت. بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە کۆمەڵێک بابەتی چمکیانەتر بڕوانین کە رەنگە یارمەتیدەر بن بۆ هاووڵاتییان، هاووڵاتییانی رۆژنامەنووس و رۆژنامەنووسانی پیشەیی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە چیرۆکبێژی بکەنەوە.

سەرەتا باسکردنی کێماسییەکە بەسوودە. بەگوتەی ئەو رۆژنامەنووسانەی لەگەڵیان دواین، بەشی زۆری چیرۆکبێژیی کۆنی رۆژنامەوانانەی وێ دەچێت کۆمەڵێک کەموکووڕیی هاوبەشی هەبێت. ئەوانەش ئەمانە لەخۆ دەگرن:

- کەسایەتی بوونی نییە-سەرچاوەکان دەبنە نموونە نەک خەڵکی راستەقینە.
- کات وەستێنراوە بۆ ئەوەی هەموو شتێک یان دوێنێ یان ئەم ئێوارەیە رووی دابێت.
- زانیارییەکە بۆ تاکە جەماوەرێک داڕێژراوە نەک ژمارەیەکی زۆر.
- هەواڵ وەک گفتوگۆی سەرچاوەکانی ناوەخۆییەوە پێشکێش کراوە.
- هەواڵەکان مانایەکی گەورەتر نابەخشن.
- هەوڵێکی کەم هەیە بۆ بەجیهانیکردنی هەواڵی ناوەخۆیی یان پێچەوانەکەی.
- چیرۆکبێژی چاوەڕوانکراو و کلێشەییە.

ئینتەرنێت وەک شوێنێکی نوێ بۆ بابەتی کۆن دەبینرێت نەک وەک تەکنەلۆجیایەکی جیاواز.

### هەندێک ڕێبازی نوێگەرانە

ئەگەر پیشەسازیی ڕۆژنامەوانی بەدوای باشترین بەرژەوەندیدا گەڕابایە، بەراوردی بۆچوونەکانی کردبایە و بەدوای بیرۆکەگەلی ناباوی لەناو هەموو میدیادا گەڕابایە، کۆمەڵێک بیرۆکەی نوێی ناچارەکیی دەدۆزییەوە.

یەکەم بیرۆکە ئەوەیە چیرۆکبێژیی باشتر بەوە دەست پێ ناکات تۆ دانیشیت بۆ نووسیاریکردنی هەواڵ یان ڤیدیۆیەک، بۆ نووسینی دەقێک یان ئەوەی بۆ نووسینی هەواڵێکی گێڕانەوەیی تا کۆتایی تەماشای شاشە بکەیت. شتەکە هەر پێش ئەوەی بۆ هەواڵنێری بچیت، دەست پێ دەکات و پێوەندیی بە گوزارشکردن بەشێوەی جیاواز و چوون بۆ لای سەرچاوەی جیاواز و پرسینی پرسیاری جیاوازەوە هەیە.

### جەماوەر کێیە و چ شتێکی پێویستە بزانێت؟

زۆربەی جار ڕۆژنامەنووسان هەواڵێک بە "وەدەستهێنانی پارچە ڕۆژنامەکان" و پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر و خێراکردن و پاشان گوزارشکردن لە نوێترین پەرەسەندنەکان دەست پێ دەکەن. بەڵام ئەمە ڕەنگە هەواڵەکە سنووردار بکات.

کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس ئێستا پشتیوانی لە ڕێبازێکی جیاواز دەکەن. بۆ هەر ئەرکێک ڕۆژنامەنووسان پێویستە ئەو پرسیارانەی خوارەوە بکەن و پێویستە جەماوەریش بتوانێت بیاندۆزێتەوە:

* ئەم هەواڵە لە ڕاستیدا لەبارەی چییە؟

* جەماوەری ئەم هەواڵە کێیە و ئەم خەڵکە چ جۆرە زانیارییەکی پێویستە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر بابەتەکە بدات؟

* کێ زانیارییەکەی لەلایە؟

* باشترین ڕێگە بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە چییە؟

ئەم پرسیارە سادانە دەتوانن جیاوازییەکی گەورە دروست بکەن. ڕۆماڵەکە دەبەن بەئاراستەی هاووڵاتیدا - سەرەتا جەماوەر- و لە گرووپە بەرژەوەندیخوازەکان و سەرچاوەکانی ناوخۆیی و بەشدارانی ڕاستەوخۆی تر دووری دەکەنەوە. ئەو پرسیارانە هەروەها ڕۆژنامەوانی بەرەو کۆمەڵێکی نوێی سەرچاوەکان کە لە پارچە ڕۆژنامە کۆنەکاندا نین ئاراستە دەکەن، ئەگەر هاتوو سەرچاوەکانی بەردەستکراو لەلایەن دامەزراوە هەواڵییەکان نەتوانن ئەو پرسیارانەی هاووڵاتییان پێویستیانە وەڵام بدەنەوە. ئەم پرسیارانە ڕووماڵەکە دوور دەخاتەوە لە ڕووتینەکانی هەواڵی پێشوو، کە ڕەنگە جەماوەرەکەی زیاتر لەوەی چاوەڕوان کراوە، بەرتەسک کردبێتەوە.

### پێناسەیەکی نوێ بۆ کێ، چی، کەی، کوێ، بۆچی و چۆن

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن دووبارە بیر لە توخمە سەرەکییەکانی هەواڵ- کێ، چی، کەی، کوێ، بۆچی و چۆن- بکەنەوە. ڕۆی پیتێر کلارک، پرۆفیسۆری نووسین لە پەیمانگەی پۆینتر لە سێینت پیتیرزبورگی فلۆریدا، دەقاودەق ئەو کارەی کردووە. ساڵانێک لەمەوبەر کلارک بە بیرۆکەکانی ریک زاهلەری نووسەر و نووسیاری خەڵکی سیاتێڵ تاسا، کە پێی وابوو هەواڵنووسی ڕووداوی بەجووڵەی وەرگرتووە و فریزی کردوون. زنجیرە کاتییەکان تەنیا بوون بە دوێنێ. شوێن بوو بەهێڵی شوێن و ڕێکەوتی هەواڵ. زاهلەر دەیویست هەواڵ "بتوێنێتەوە" و شتەکان بخاتە جووڵەوە. ئێستا کلارک بەپشتبەستن بە بیرۆکەکانی زاهلەر لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەو کارە دەدوێت.

کلارک دەڵێت "کێ دەبێتە کەسایەتی. چ شتێک دەبێتە نەخشەکە. کوێ دەبێتە شوێن و کاتەکە. بۆچی دەبێتە پاڵنەر یان هۆکارەکە". لە دواییدا "چۆن دەبێتە چیرۆکبێژی" یان ئەو شێوازەی هەموو توخمەکان لەگەڵ یەک بگونجێن. کلارک زۆربەی جار ئاماژە بەوە دەدات لە سەرەتای ڕۆمیۆ و جولێتدا شێکسپیر لە یەکەم هەشت دێری هەڵبەستەکەدا هەموو ڕاستییەکانی چیرۆکەکە دەڵێت، بەلەخۆگرتنی کۆتاییەکەشی. کەواتە چ شتێک دەمێنێتەوە بۆ گوتن ؟ وەک ڕوونی دەکاتەوە، دوو سەعاتەکانی تری شانۆیەکە هەموو وردەکارییە پێویستەکان پڕ دەکاتەوە. کلارک دەڵێت "ئێمە زۆربەی جار هەواڵەکە دەدەین، بەڵام تۆ هێشتاش دەتەوێت بزانیت چۆن ڕووی داوە. لە سەرەتادا چۆن مۆنیکا لوینسکی گەیشتە کۆشکی سپی. چیرۆکبێژی ئەو ڕێگەیە بەهۆیەوە وەڵامی پرسیاری (ئەوە چۆن ڕووی دا) دەدەینەوە".

ئەگەر ئێمە کێ بە کەسایەتی دابنێین، چی بە نەخشە و کوێ بە کات و شوێن و چۆن بە چیرۆکبێژی، ئێمە دەتوانین زانیاری و چیرۆکبێژی ئاوێتە بکەین. هەواڵ نابێتە بەتەنیا زانیاری بگرە واتاش. ئەنجامدانی ئەوەش کە ئەوەندە بەرێکەوت نییە، پێویستیی بە گوزارشکردنی زیاتر و زانخوازیی پتری هەواڵنێر هەیە. جەک هارت، نووسیاری بەڕێوەبەر و ڕاهێنەری نووسین لە ئۆریگۆنیەن، دەڵێت ١٥ تا ٣٠ ئینج درێژییەکی ماقووڵە بۆ هەواڵێکی گێڕانەوەی کە دەکرێت لە ڕۆژێکدا دروست بکرێت. بیرۆکەکە ئەوەیە بەدواداچوون بۆ کەسایەتییەک بکەیت کە تووشی ئاڵۆزییەک بووە و پێشانی بدەیت چۆن چارەسەی دەکات. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی چەماوەیەکی پێنج پارچەی چیرۆکبێژی ئەنجام بدرێت. سەرەتا پێشەکی دێت کە تێیدا کەسایەتی و ئاڵۆزییەکە پێناسە دەکرێن. دواتر پەرەسەندنی کارەکە دێت، ئەوەش ناوەڕۆکی هەواڵەکەیە کە کۆسپەکانی بەردەم چارەسەی ئاڵۆزییەکە پێشان دەدات. ئەوانەی دواتر دێن خاڵی تێگەیشتن یان ئەو ساتەیە کەسایەتییەکە شتێک دەدرکێنێت و چارەسەرەکەشە، کاتێک ئاڵۆزییەکە چارەسەر دەکرێت. کۆتاییەکەش کۆتاییی کارەکەیە، دەرفەتێک بۆ توندوتۆڵکردنی سەروبنە سستەکان.

## تاقیکردنەوەی تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکبێژی

باوترین شێوازی چیرۆکبێژی لە ڕۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو سنووردارە. لەگەڵ

ئاڵۆزتربوونی رۆژنامەوانی و فراوانتربوونی بابەتەکان زۆرێک لە باشترین رۆژنامەنووسان تێ گەیشتوون شێوازەکە ناتەواوە. ویلیام ویتێکری سی بی ئێس نیوز بە هاوکارانی لێکۆڵەوانی ئەکادیمیی ئێمەی گوت "هەندێک جار تەنیا بە دەستپێکردن لە A و چوون بۆ Z باشترین کار نییە. هەندێک جار تۆ لە ناوەڕاستدا دەست بۆ L، M، N، O، یان P دەبەیت و لە سەرەوەی دادەنێیت، چونکە ئەوێ ئەو خاڵەیە باشترین مانا دەبەخشێت و ئەوەش ئاسانترین شتە بۆ تێگەیشتنی خەڵک و ئەوەش هەواڵەکە دەخاتە بەر دید".

تۆد هەنسن سەرنووسەر لە هەفتەنامەی گەپی ئۆنیەن، بە ئۆنلاین جۆرناڵیزم ریڤیووی گوت بەشی زۆری گەپی کۆوارەکەی ئەو لەو نابەجێبوونەوە سەرچاوە دەگرێت کە تایبەتمەندیی زۆر رۆژنامەیە. کۆوارەکە سەردێری وەک "کونگرێس ٤ بیلیۆن دۆلار بۆ ردێن پەسند دەکات" و "بەهۆی ئارەزووی کچان بۆ بوون بە دوکتۆر و پارێزەر جەماوەری سیرک و شازادە پەری لە داکشاندایە"، پێشان دەدات.

## تێکەڵکارترین شێواز

جەکی باناژینسکیی براوەی خەڵاتی پولیتزر دەڵێت رێگەیەک بۆ وەدەستهێنانی هەواڵی جیاواز لەبارەی بابەتێکەوە ئەوەیە لە حەوت رێگەی جیاواز و بە هەشت شێواز بۆی بچیت. هەر هەموویان لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراودا ناگونجێن، بەڵام ئەم راهێنانە خێرایە بۆ راتەکاندنی مێشک دەتوانێت گەنجینەیەک بیرۆکە بۆ گوزارشکردن لەبارەی هەواڵێکی دیاریکراوەوە دروست بکات:

١- وەسفێک. خەڵکی پشت هەر هەواڵێک بدۆزەوە، ئەو کەسانەی بابەتەکەیان لەدەستدایە. تۆ دەتوانیت نەک تەنیا وەسفی کەسێک بکەیت بگرە وەسفی شوێنێک و رووداوێک و تەنانەت تەلارێکیش بکەیت.

٢- بەشی روونکردنەوە. بە خوێنەران بڵێ بۆچی شتێک روو دەدات یان چۆن شتێک کار دەکات.

٣- کێشەکان و هەواڵە مۆدەکان. لە خۆت بپرسە ئاخۆ وێنەیەکی گەورەتر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە. مۆدەکان بەتەنیا لە کولتوور و شێوەژیاندا نین: بیر لە تاوان و ئابووری بکەوە.

٤- لێکۆڵەوانی. لە سەرپێچییەکان بڕوانە "بەدوای پارەدا بچوو"، شەڕەدەسەڵات شی بکەوە و سوود لە بەڵگەکانی بەردەست وەربگرە.

٥- چیرۆکبێژی. هەواڵێکی هەڵگری کەسایەتی و شوێن و گرژی.

٦- رۆژێکی وەسفکاریی ژیان. جێگرەوەیەکە بۆ چیرۆکبێژی کە دەپرژێتە سەر ساتێکی دیاریکراو وەک گەڕانێک لەگەڵ پۆلیس یان سەردانێکی مۆزەخانەیەکی نوێ.

٧- دەنگەکان یان هەواڵێکی روانگەیی. خەڵک بێنە بۆ ئەوەی هەواڵەکە بەشێوەیەکی بێ هاوتا بڵێن: پرسیار و وەڵام، مێزگردی گفتوگۆ، پەیڤەیەک لە گوتەی خوازراوە یان وێنەی رۆژنامەیی.

٨- هەواڵی دیتەنی. وێنە، هێڵکاری یان روونکردنەوەکان رەنگە باشترین رێگە بن بۆ گەیاندنی هەندێک هەواڵ.

## کاتژمێری زیخی

لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا کلارک تێبینیی ئەو شتەی کرد کە بە دارشتەی "کاتژمێری زیخی" ناوی برد. "ئەوە بەتەواوەتی چیرۆکبێژی نییە. بەتەنیا هەرەمی پێچەوانەش نییە... فۆرمێکە کە بەهۆیەوە تۆ دەست بە گوتنی هەواڵەکە دەکەیت، رووداوەکە دەگێڕیتەوە و پاشان هەرەمەکە درزێکی دەبێت و دێرێک دێت کە دەستپێکی چیرۆکبێژییەکەیە کە زۆربەی جار زنجیرەییە، وەک ئەوە "رووداوەکە کاتێک دەستی پێ کرد کە...". لەو خاڵەدا هەواڵەکە دەتوێنرێتەوە و بەشێوەیەکی سەرنج راکێشتر و زۆربەی جار راستەقینەتر دەردەبڕێت.

## داهاتووی پرسیار و وەڵام

لە کۆنفرانسێک بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازە نوێیەکانی پێوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتییاندا، جێی رۆزن، پرۆفیسۆری رۆژنامەوانی لە زانکۆی نیویۆرک و رەخنەگرێکی سەرسەختی کولتووری چاپەمەنی، گوتی ئەو شێوازی پرسیار و وەڵام بە رێگەیەکی بەهێز بەڵام کەم بەکارهاتوو دەزانێت. شێوازەکە رۆژنامەنووسان ناچار دەکات کەرەستەکە لە چوارچێوەی ئەو شتانەدا بن کە رەنگە هاووڵاتییان پرسیاریان لێ بکات. هەروەها دەرفەت بە هاووڵاتییان دەدات هەڵسەنگاندنێک بۆ هەواڵەکە بکەن و لە هەر شوێنێک ویستیان بۆ هەواڵەکە بچن لە بریی ئەوەی ناچار بن لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی بخوێنەوە. بەشێوەیەکی سەرنج راکێش ئەمە لەسەر شێوازی پرسیاری زۆر کراوە (FAQs) بووەتە شێوازێکی ویستراو لەسەر ماڵپەڕەکان.

## چیرۆک بەشێوەی ئەزموون

مایکڵ هێر، کە کتێبەکەی بەناوی دیسپەچیز بە یەکێک لە باشترین کتێبەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی ڤێتنام دادەنرێت، بە یەک هەنگاو بەرەوپێشبردنی تەکنیکی " فلای ئۆن زێ وۆڵ"ی گەیی تێیلز رەهەندێکی تری بۆ گوزارشکردن لەبارەی شەڕەوە زیاد کرد. هێر نەک تەنیا وردەکاریی فراوانی کۆ کردەوە کە ئەو جۆرە گوزارشکردنە داوای دەکرد، بگرە دەرفەتی بە سەربازەکان دا بۆ خۆیان قسە بکەن و کەرەستەکەی نەک تەنیا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە سەربازان، بگرە بۆ داگیرکردنی مێشک و هزریان هەڵدەبژارد. وەک ئالفرێد کەزین لە خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکە لە ئێسکوایردا نووسی "هێر لە هەموان باشتر بۆ ئەو.... نەریتە سەختە چوو کە تێیدا پیاوانی گۆڕەپانی شەڕ پێشانیان دەدا باش و لە راستیدا بێ نرخن".

## بەسەری لووتەوە دیار بوون

داگ مارڵیت، نووسیاری کاریکاتۆریست کە خەڵاتی وەرگرتووە و هەروەها شانۆ و سیناریۆی فیلم و ڕۆمانێکی نووسیوە، دەڵێت گەورەترین کێشە لە هەواڵدا ئەوەیە بەشێکی زۆری بەشێوەیەکی ئاسایی "بێزارکەرە". مارڵیت دەڵێت "کاتێک تۆ بێزار دەبیت، ئیتر فێر نابیت و پەیوەندیکردنەکە سەر ناگرێت". هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە "تۆ هەرگیز سەرسام نابیت". لە شانۆدا زاراوەیەک بۆ ئەم بێزارییە هەیە. پێی دەگوترێت "بەسەر لووتەوە دیاربوون" کە "ئەو کاتەیە تۆ شتێک بە خەڵک دەڵێت کە ئەوان بۆ خۆیان دەیزانن."

مارڵێت دەڵێت لە هەواڵدا "ئەوە گوتنە نەک نواندن، وانەگوتنەوەیە، پەروەردەکارییە. ئەو ساتەیە کە لەسەر تەلەڤزیۆن پەیامنێرەکە ئەو شتەی جەماوەر بۆ خۆیان وا دەیبینن پێیان دەڵێت". ساتێکە کە هەواڵێکی ڕۆژنامە لەسەر خاڵێک یەکجار هەڵوەستە دەکات لە جیاتیی بەرەوپێش بچێت.

ئێمە چۆن دەتوانین هەواڵ لە بەسەر لووت دیاربوونەوە بپارێزین؟

## وێنەکانی ناو مێشک

ڕێگەیەک ئەوەیە یارمەتیی خەڵک بدەیت بۆ خۆیان لەناو مێشکیان وێنا بکەن لە بریی ئەوەی ئەو وێنانەیان بۆ بکێشیت. ئانی لەنگ کە وانەی تێلێکۆمیونیکێیشن دەداتەوە و پەیمانگەی لێکۆڵینەوە لە پێوەندییەکان لە زانکۆی ئیندیانا بەڕێوە دەبات، دەڵێت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەئاشکرا هێزی وێنە هزرییەکان، بەلەخۆگرتنی مەجازەکانیشی سەلماندووە. "هیچ شتێک مەترسیدارتر نییە لەوەی بە کەسێک بڵێت (مارێک لە پشتتەوەیە). ئەوە یەکجار بەهێزترە لەوەی مارەکەی پێشان بدەیت".

## گرێدانی هەواڵەکە بە بابەتی قووڵتر: پەردەهەڵماڵین

جۆن لارسنی پەیامنێری ئێن بی سی نیوز پێی وایە سەرسامبوون کلیلی چیرۆکبێژییە. بەڵام ئەو هەروەها دەڵێت " سەرسامکردنیان بەشێوەیەکی بەمانا. نەک تەنیا شۆککردن و ڕاتەکاندنیان". لە پرۆگرامی لارسن بەناوی دێیتلاین ئەوە بە "پەردەهەڵماڵین" ناو دەبردرێت. لە مێشکی لارسندا باشترین جۆری پەردەهەڵماڵین کاتێک دەبێت کە هەواڵێک لە جۆرە ناوەڕۆکێکی چاوەڕواننەکراوی قووڵترەوە گرێ دەدرێت. ئەو کاتەیە هەواڵەکان "لەسەر ئاستێکی سەرەتایی پێمان دەگەن. باس لە خۆشەویستیی دایکێک بۆ منداڵەکەی و شانازیی زەلامێک بە وڵاتەکەی، فراوانخوازی، چاوبرسێتی و ئیرەیی دەکەن. لە هەواڵە باشەکاندا شتێکی یەکجار گرینگ هەمیشە بەشێوەیەکی یەکجار ساکار لە گەڕدایە". ئەم ناوەڕۆکانە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەرنابڕێن بەڵام بەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەنووسان مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکە دەکەن، دەردەکەون یان ئاشکرا دەبن– لە ڕێگەی گوتەی وەرگیراوی بەجێ، وێنەی گیراوی گونجاو بۆ سەر تەلەڤزیۆن یان تێڕوانینی دوو کەس بەرامبەر بە

یەکتری کاتێک لەگەڵ یەک قسە ناکەن. وەک لارسن دەڵێت "هەواڵە باشەکان دەتگەیەنن بە راستی، بەڵام خۆیان راستییەکەت پێ ناڵێن".

ئەم لێکگرێدانی کەرەستە و ناوەڕۆکی گەورەتر ئەو شتەیە رۆبێرت کارۆ لەگەڵ زێ پاور برۆکردا یان دێیڤید هاڵبێرستەم لە زێ پاورز زەت بی یان ئێچ جی بیسینگر لە فرایدێی نایت لایتس یان تۆم وولف لە زێ رایت ستافدا کردوویانە. کارۆ، ژیننامەنووسی سەرۆک لیندن جۆنسن و رۆبێرت موسسی دەڵلای دەسەلات لە نیویۆرک، دەڵێت ئەم چمکە رێنوێنیکاری ژیانی کاریی ئەو بووە. کاتی نووسینەوە لەبارەی موسسەوە، بیرۆکراتێکی کەم ناسراوە کە شاری نیویۆرکی گۆڕی، کارۆ دەیویست شتێکی پتر لە پەردەهەڵماڵینێک بکات. "ئەوەی دەمویست بیکەم روونکردنەوەی چۆنیەتیی کارکردنی دەسەلاتی سیاسی بوو، چونکە من هەواڵنێر بووم و بواری سیاسیم رووماڵ دەکرد و هەستم کرد من لە ڕاستیدا ئەو شتەم روون نەدەکردەوە کە بۆ راڤەکردنی تێکەڵ بە کاری رۆژنامەوانی بووبووم، کە ئەمەش چۆنیەتیی کارکردنی دەسەلاتی سیاسی بوو و بەشێکی زۆری دەچووە سەر ئەو پیاوە، رۆبێرت موسس، بەشێکی زۆر لەو شتەی من لێی تێ نەدەگەیشتم. ئێستا کەسێک هەبوو کە هەرگیز بۆ هیچ پلەیەک هەڵنەبژێردرابوو و خەریک بوو تێ دەگەیشتم ئەو دەسەلاتێکی پتری هەیە لەوانەی پارێزگار یان شارەوان بوونە".

## کەسایەتی و وردەکاری لە هەواڵدا

رۆژنامەنووسانی تر پێیان گوتین ئەوان کەسایەتی بە کلیلی راکێشانی خەڵک بۆ هەواڵەکان دادەنێن. ئەمەش زۆربەی جار لەو وردەکارییانەدایە کە کەسێک وەک مرۆڤ و راستەقینە پێشان دەدات. کاتێک باوکی ئێلیان گونزالێز، کوڕەکەی کەشتییە تێکشکاوەکە، لە ٢٠٠٠دا هاتە ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی و گەڕاندنەوەی بۆ کوبا، بۆید هاپێرتی هەواڵنێری کێی ئێی ئار ئی تی ڤی لە دیمانەکەی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆچ لە هەمووی پتر بەوە راتەکا کە "باوکەکە نمرەی پڵاوەکەی (هی کوڕەکەی) دەزانی". ئەمە بۆ هاپێرت "تیشکێکی تەواو نوێی خستە سەر پیاوەکە"، پەردەی لەسەر شتێک لەبارەی پێوەندیی نێوان باوک و منداڵەکە، خۆبەختکردن و کەسایەتییەکەی هەڵماڵی.

بەشێکی زۆری رۆژنامەوانی ناتوانێت پەرە بە کەسایەتی بدات. خەڵکەکە کارتۆنە، ناو و دەموچاوگەلێکن کە لەگەڵ قاڵبێکی رۆژنامەوانیدا کونجێنراون.- کاربەدەستی لێکۆڵەوانی، بەرهەڵستکاری داکۆکیکار لە ژیان، گوتەبێژی تووڕەی کەمایەتییەک، دایکێکی جەرگسووتاو. هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەمە ئەوەیە خەڵکەکە رێگەی پێ نادرێت لەو شێوازە بدوێت کە لە ژیانی راستەقینەدا پێڕەوی دەکات. لێدوان زۆربەی جار وەک ئامرازێک بەکار دێت نەک بەشێکی قووڵتری گفتوگۆیەک لە نێوان بابەتەکانی هەواڵەکە و جەماوەردا. ئەو شێوازەی دیمانەکان لە تەلەڤزیۆندا پێشان دەدرێن، هۆکارێکی سەرەکیی ترە. زۆربەی جار خەڵکەکە تەنانەت وەک کەسانی راستەقینە پێشان نادرێن کاتێک لەوبەر باکگراوندی دەستکرد و رووناکیی یەکجار بەرزەوە وێنەیان دەگیرێت

یان لە بەرامبەر تەلارێکی دەورەدراو بە مایکرۆفۆنەوە وەستاون. ئەوان تەنیا لە جیهانێکی دەستکرددا بوونیان هەیە- جیهانی هەواڵ- و زیاتر لە کاریکاتۆر دەچن نەک کەسایەتی.

ناوبردنی کەسێک بە "کاربەدەسی لێکۆڵەوانی" وەسفکردنی سەرچاوەیەکە. بەڵام "لویسی لێکۆڵەوان، پۆلیسێکی لێکۆڵینەوەی لە کوشتنی کۆچبەران.... کە باوکیشی پێش ٢٠ ساڵ حاڵەتێکی هاوشێوی هەبوو" کەسایەتییە. یەکەمیان لویسی لێکۆڵەوانی کوشتن لەناو کلێشەیەکی تا ڕادەیەک رەق دادەنێت، کلێشەیەک کە بۆ مەبەستی رۆژنامەوانی گونجاوە، بەڵام رووالەتییە و لویس دەکاتە کەسایەتییەکی چەسپاو کە جیاوازیی نییە لەگەڵ هیچ کاربەدەستێکی لێکۆڵەوانی تر.

"کۆمارییەکی پلە دووی ئەندامی هاوس وێیز و مینز کۆمیتی" کلێشەیە. "بەئەزموونێکی ٣٠ ساڵانی هاوس کە بەنێزیکەیی لە دژی هەر کەمکردنەوەیەکی باج دابووە جگە لە هی تەندروستیی عەقڵییەوە نەبێت، ئەوەش پاش ئەوەی بووە باپیرەی منداڵێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت" بۆ خۆی سەرنج ڕاکێشترە. بەڵام بۆ گەیشتن بە دووەم ئاست، بۆ گۆڕینی سەرچاوەکان بۆ خەڵک، پێویستیی بە بیرکردنەوەی پێشوەختە لە کەسایەتییەوە هەیە. پێویستی بە پرسیارکردنی جۆرەوجۆر لەبارەی کاربەدەستەکەوە، گەڕان بە دوای شتی زیاتر و زانخوازی هەیە لەبارەی کاربەدەستەکەوە وەک کەسایەتییەکی رێتێچوو نەک تەنیا سەرچاوەیەک. رەنگە کاتێکی زیاتر بخوازێت، بەڵام نەک زیاتر یان بە قەدەر ئەو پرسیارانەی بە خەیاڵی کەسێکدا دێن. "ئاخۆ تۆ هەرگیز حاڵەتی لەم جۆرەت هەبووە؟ ئاخۆ شێواز یان رێگەیەکی تایبەتت هەیە بۆ لێکۆڵینەوە؟" لە هەمووی گرینگتر کارەکە دەخوازێت کاربەدەستەکە بەچاوی کەسێک تەماشا بکرێت نەک تەنیا بۆ لێدوان یان زانیاری.

لە بواری تەلەڤزیۆندا رەنگە هەروەها بەمانای بەجیاوازی بیرکردنەوە لە فۆتۆ-رۆژنامەوانی بێت. دێیڤید تروکامۆ، دەرهێنەرێکی فیلمکار بۆ پرۆگرامی نایتلاینی ئی بی سی، کە وێنەگر و دیمانەکار و نووسەر و نووسیاری بەرهەمەکانی خۆیەتی، هەمیشە هەوڵ دەدات کەسایەتییەکانی بە شێوازی راستەقینەی ژیانیانەوە زۆربەی جار بەدوور و درێژییەوە وێنە بگرێت- دوکانداران کاتێک لەپشت مێزی پارەن، فرۆشیاران لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکانیان و بازرگانان کاتێک بەرەو کۆبوونەوە دەچن. بابەتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەی بچووکن لەسەر کەسایەتی و رای جەماوەر بەرامبەر بە بابەتەکانی ئەو گۆڕاوە، چونکە لە ناکاو خەڵکی راستەقینە دەبین-بازرگانان- و ئیتر"داکۆکیکاران" یان بەشێکی "لۆبییەک" نابین.

## دۆزینەوە مەجاز یان داڕشتەی شاراوەی هەر هەواڵێک

لەوانەیە هیچ رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بەڕادەی رۆبێرت کرولیچی هەواڵنێری ئێی بی سی نیوز لە سەرنجڕاکێشکردنی بابەتی گرینگ داهێنەر نەبێت. کرولیچ دەڵێت شێوازەکەی بریتییە لە دۆزینەوەی کەرەستەی شاراوەی ناو هەر هەواڵێک کە هەواڵەکە لە بیر نەچووە و راستەقینە

دەکات. ئەمەش بەمانای دوورکەوتنەوە لە هاوکێشەکانە– مامەڵەکردن لەگەڵ هەر هەواڵێک وەک هەواڵێکی بێ هاوتا و ڕێگەدان بە کەرستەکە بۆ ئەوەی شێوەی دارشتنی خۆی دیار بکات. "من زۆر هەواڵی نابەرجەستە دەکەم، چونکە پێویستە ئەو مەجازە بدۆزرێتەوە کە خەڵک بەبیری دەمێنێتەوە. وەک قولاپێک وایە وەک ئەو قولاپەی کۆتەکەی پێ هەڵدەواسیت. ئەگەر قولاپەکەت هەبێت، کەواتە (وایە، ئەوە هەواڵی ئەو مریشکە بوو کە دەیخوێندەوە. وایە؟ ئەو باسی لە چی دەکرد؟ ئۆه، ئەرێ، داشکانی دراو)".

مەجازەکانی کرولێچ زۆربەی جار یەکجار چاوەڕواننەکراون. بۆ بەهێزکردنی بیرۆکەی دابەزینی ئابووریی ژاپۆن ئەو ڤیدیۆکە هێواشتر دەکاتەوە. بۆ پتەوکردنی ئەو بیرۆکەیەی خەڵک ناتوانن وشەی (lennium mil هەزارە) ڕێنووس بکەن، ئەو مامۆستایەکی سەرسەختی قوتابخانە پێشان دەدات کە لەسەرەخۆ وشەکە دەنووسێتەوە.

## سوود لە هێزی ئینتەرنێت وەربگرە

زۆرێک لە ژوورەکانی هەواڵ هەستاون بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بەهێزترکردن و کەسێنیترکردن و تێکەڵاوترکردنی هەواڵەکانیان. ئینتەرنێت هەروەها برەو بە دیوەدەری دەدات و ڕێگە بە خوێنەران دەدات تێڕامانێکی کورتیان لەبارەی چۆنیەتیی کارکردنی پرۆسەی هەواڵنێرییەوە هەبێت. ئەمانە هەندێک بابەتی زیادکراوەی گشتین بۆ وێنەی ئینتەرنێتیی هەواڵەکە:

## ڤیدیۆی هەواڵەکە یان ڤیدیۆ لەبارەی هەواڵەکەوە

تۆماری دەنگیی دیمانەکان، چیرۆکبێژی لەلایەن کەسایەتییەکەوە لەگەڵ سلایدشۆی وێنەکان یانیش تێبینییەکانی خودی هەواڵنێران. چات لەگەڵ هەواڵنیران یان ڕێگەکانی تر بۆ تێکەڵکردنی خوێنەران بە مشتومڕیکردن لەسەر هەواڵەکە.

## سلایدشۆی وێنەکان

هێڵکاریی تێکەڵکار کە کەسانی بەکاربەر بتوانن بەکاری بێنن

دەقی تەواوی بەڵگەنامەکانی بەکارهاتوو و لینکی سەرچاوەکانی تری ئاماژەپێدراو لەناو هەواڵەکەدا لیستەکەی ئێمە تەنیا نموونەیەکە. ئێمە تەنیا بۆ ئەوە باسمان کرد کە ئاماژە بەوە بدەین هەواڵکاران دەتوانن شتێکی زیاتر بە ئەزموونەکەوە بکەن، هەر هەواڵێک بەبێ وێنە دابنێن و بەرهەڵستی هاوکێشەکان بکەن. خاڵی سەرەکیی تێگەیشتنە لەوەی سەرنجڕاکێشکردنی بابەتی گرینگ بنەمایەکی کۆڵەکەییە و پێویستیی بە ڕەنگدانەوەی زیاترە.

لە کۆتاییدا، ئاگەدارکردنەوەیەک. لە ساڵانی دواییدا هەواڵنووسیی چیرۆکبێژانە وای لێ هاتووە لەلایەن نووسیارانەوە بە "نووسینی بۆچووندار" تەماشا دەکرێت. ئەمە نووسینێکە کە تێیدا رۆژنامەنووس هەست یان بۆچوونەکانی خۆی وەک چپەدووی سەر شانۆ لە ناکاو هەڵدەرژێنێت، وەک چۆن لە دێری خۆ ئاماژەپێدەری وەک "هەواڵنێران نرکەنرکێکی بیستراویان لێ هەستا کاتێک کاندیدەکە دەستی بە قسەکردن کرد.." ئاشکرا دەبێت.

لە هەندێک باردا بۆچوونێک پەرە دەسەنێت کە هەواڵ دوای هەواڵ خۆی دەنوێنێت، تەنانەت لە چاپکراوەی جیاوازدا- جۆرێک لە بەکارهێنانی مێتانەرێتیڤ کە لەناو رۆژنامەنووساندا باوە. سیاسەتوانان تەنیا بۆ دەسەڵات تێیدان. ناوت گینگریچ شێتۆکەییی بچووکە. بیڵ کلینتۆن هەرگیز بەڵێنەکانی ناباتە سەر. جۆرج دەبلیوو بوش ساختەچییە. مێتانەرێتیڤ دەتوانێت ئەوەندە بەهێز بێت کە راستی بشارێتەوە. کاتێک ئێمە باسی تەکنیک دەکەین پێویستە لە بیرمان نەچێت فۆرم هەرگیز ناتوانێت بڕیار لەسەر ناوەڕۆک بدات - تەکنیک هەرگیز نابێت راستییەکان بگۆڕێت. بەکارهێنانی فۆرمەکانی چیرۆکبێژی لەلایەن رۆژنامەنووسەوە پێویستە هەمیشە بەو بنەمایانەی وردبینی و راست و دروستییەوە کۆنترۆڵ بکرێن کە پێشتر باس کران. بێ رەچاوکردنی فۆرمەکە بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ، پێویستە بیر لە تێکەڵکارترین شت لە نێوان هەمووان - واتە بیر لە هەواڵە راستەکە - بکرێتەوە.

ئێمە لەم باسەدا جەختمان لەسەر گوزارشکردنی کاروباری گشتی کردووەتەوە، بەڵام هیچ بابەتێک نییە کە پێویستی بە رۆژنامەوانییەکی تێکەڵکار و پێوەندیدارەوە نەبێت. بە زۆر شێوە هەواڵێک کە یارمەتیی جەماوەر دەدات بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ستراتیجیی بیڵ گێیتس لە بازاڕدۆزینەوەدا کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت بەهەمان رادەی گفتوگۆیەک لەبارەی هەڵوێستی کاندیدێکی سەرۆکایەتی لەبارەی سیاسەتی ئیەنتەرنێتی گرینگە. کورتە گوتارێکی وەسفی لەبارەی ناودارێکەوە کە پێشانی بدات بۆچی هۆلیوود ئەو فیلمانە بەرهەم دێنێت کە دروستی کردوون، رەنگە بەرهەمێکی سەرەکی بێت بۆ روونکردنەوەی کولتووری ئەمەریکی- یان رەنگە هۆکارێک بێت بۆ برەودان بە چاپەمەنی. ئەوە دەوەستێتە سەر مامەڵەکردنەکە نەک بابەتەکە. بەم شێوە هاووڵاتییان دەتوانن بنەمای تێکەڵکاری و پێوەستبوون بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی هەر رۆژنامەوانییەک بەکار بێنن کە تووشی دەبن.

بنەمای دواتر ئەمە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی سنوورییەوە: ئاخۆ ئێمە چۆن بڕیار دەدەین کام هەواڵانە سەرەتا رووماڵ بکەین؟

# تێما: چیاپاز
# ناسیۆنالیزم و دەوڵەت

جێگری فەرماندە مارکۆس

بەشی دووەم

لە ڕۆژەڤی مردووی دەوڵەتگەلی نەتەوەییدا ئەوە توێژی سیاسەتوانەکان بوون کە پاوانیان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبوو. دەسەڵاتێک کە لە ڕاستیدا هەموو چەشنە دەسەڵاتی ئابووری، ئایدۆلۆجیا و کۆمەڵایەتیی لەخۆ گرتبوو بەڵام بەو حاڵەشەوە هەتا ڕادەیەک سەربەخۆییی خۆی لە بەرانبەر ئەواندا پاراستبوو. ئەم چەشنە سەربەخۆییە ئەو شیانەی پێک هێنابوو کە بەوپەڕی دووربینییەوە، دەوڵەتگەلی نەتەوەیی بەرەو پێشەوە ڕێنوێنی و بەرەو داهاتوو سەرکێشی بکا. لە داهاتووشدا دەسەڵاتی ئابووری نەک تەنیا دەسەڵاتی خۆی سەلماند بگرە ئەوەشی نیشان دا کە بەهێزترین دەسەڵاتە.

لە کۆندا هونەری سیاسەتکردن لەلایەن شار (پۆلیس) "هونەرمەند"ێک بەڕێوە دەچوو کە سەرۆک یان بەڕێوەبەرێکی تایبەتی بێ کە زانا بوو و لە هونەری ئینسانی و هەروەها سەربازی شارەزا بوو. ئاوەزی بەڕێوەبەریی لە سەرکێشی ڕاست و بەکاربردنی ڕێک و بەجێی ماڵ و موڵکی دەوڵەت پێک دەهات. هەموو شێوازە جیاجیاکانی دەوڵەتی و دەسەڵاتدارییەتیش بەهەمان شێوە کەم و زۆر لەسەر تایبەتمەندیی دابەشکردنی شیان و سەرچاوەکان بووە هەتا ئێستا. هاوسەنگییەک لە نێوان کاروباری ئیداری، سیاسەت و دەسەڵات و بەکاربردنی زۆردا لە خۆیدا دیموکراسییەکی پێشوەچوو بوو. بەکارهێنانی سیاسەتی زۆر و زەبەن، کاروباری ئیداریی کەم و بەکارهێنانی زۆر و سەرکوتی شاراوە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمێکی گەلی بوون. بە پێچەوانە بەکارهێنانی سەرکوتی فراوان و گوێپێنەدان بە سیاسەت و کاروباری ئیداری تایبەتمەندیی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بوون. لە

..............................................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی



هەولێر پێشکەوتن



سیستەمی "دابەشکردنی کار"ی نێونەتەوەیی لەو سەردەمەدا کارمەندانی حکوومەتی چ پیاو و چ ژن بەشێک بوون لە سیستەمی کاپیتالیستی پێشکەوتوو. لەو وڵاتانەدا کە کاپیتالیزم پێشکەوتوو بوو حکوومەتەکانیان سەرەڕۆ و یاخی بوون. ڕژێمە دیکتاتۆرە عەسکەرتارییەتەکان نوێنەرانی ڕاستەقینەی مۆدێرنیتە بوون: حەیوانگەلی مرۆڤئامالّی خوێنخۆر. دیموکراسی تەنیا دەمامکێک نەبوو کە سروشتی هۆڤانەییی دیوی ناوەوەی ئەوانی داپۆشیبوو، بگرە گەلانیشی بۆ پەڕینەوە بۆ نێو قۆناغێکی نوێ ئامادە دەکرد کە لەودا بازاڕ شەرت و مەرجی باشتری بۆ پێشوەچوون و گەشەئەستاندن دەدیتەوە. گلۆبالیزم وەک ئەوەی هەیە و وەک ئەوەی هەموو جیهان دەخاتە ژێر ڕکێفی درێژەی هەمان شتە و سەروبیچمی بە شۆڕشی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ ناگۆڕدرێ. لەم نێوەدا هەبوون و قورساییی نێونەتەوەیی پارە، کەرەستە و ڕێگەکانی لەنێوبردنی کۆسپەکان وەک سنوورەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خستە ڕۆژەڤ. ئەمە دەکرێ وەک شەڕی جیهانی (شەڕی جیهانیی چوارەم) ناودێر بکرێ. ئێستا دەوڵەتە نەتەوەییەکان کەوتوونەتە نێو بارودۆخێکی بەو شێوەیە بەبێ تواناییی ئابووری، سیاسی، سەربازی و ئایدۆلۆجیایی و بەکورتی بەبێ پاراستنی یاسایی، بارودۆخێک کە ئاکامەکەی شەڕ و بازاڕ و گرێبەستی ئازادی جیهانییە.

ئەم مێژووە بە ڕووخانی دیواری بەرلین و تێکشکانی بەرەی سۆسیالیستی بەکۆتا نەهات. ئەم نەزمە نوێیە جیهانییە ئێستاش بووەتە ئامانجی شەڕ لە پێناوی پارەو بەرژەوەندیدا و دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە لە لێواری مردن لەم شەڕەدا هەڵکەوتوون، دوا هەناسەکانی خۆیان دەکێشن. ئێمە ئەم بەڕێوەبەرییە بەکۆمەڵە کە جێگەی توێژی سیاسی لە ژێرخانی ناوەندی بڕیاردەریدا گرتەوە وەک "تاقمی دەسەڵات" دەتوانین ناودێر بکەین. ئەوەی کە پێی دەگوترێ: (society of Power. ئەم تاقمە گرووپێکن کە زیاتر لە دەسەڵاتی ئابووری دەسەڵاتیان هەیە بەڵام لە نەتەوەیەک "دەوڵەتێک" دەسەڵاتی زیاتریان نییە. ئەم تاقمە نوێیە دەسەڵاتدارە زیاتر لە ڕێکخراوەیەکی پێکەوە لێک گرێدراو بەپێی مۆدێلی "پێوەندیی شاراوە" لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و توێژە سیاسییەکان لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتووە، پڕ بکاتەوە. ئەم تاقمە دەسەڵاتیان بەسەر دامەزراوەی ئابووریدا و لەو سۆنگەیەوە هەموو وڵات، میدیا، شەریکە بازرگانی و پیشەسازییەکان، ناوەندەکانی پەروەردە، ئەرتەش و هەروەها داوودەزگای فەرمی و نافەرمیی پۆلیسدا هەیە. ئەم تاقمە بە شوێن دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیهانییەوە لە سەرەوەی سنووری نەتەوەییەکان کە بەڕێوەبەری هەموو جیهان بکا، عەودالن. بەڵام هاوکات لە هەوڵی جێبەجێکردن و دامەزراندنی کرداری ئەم دەوڵەتە جیهانییەدا نین.

بەجیهانیبوون لە ڕاستیدا ئەزموونێکی تراومایی بووە بۆ مرۆڤایەتی بەتایبەتی بۆ تاقمی دەسەڵاتی نوێ. بە ئاسانی و بەبێ زەحمەتی تێپەڕین لە گەڕەک و ناوچەوە بۆ هیپر پۆلیس Hyp-er-Polis ، لە سنووری هەرێمییەوە بۆ جیهان لە کاتێکدا دەوڵەتی نەتەوەیی کەوتووەتە بەر مونافسە و ڕکابەری، دەسەڵاتی نوێ ئەوجار دەسەڵاتدارییەتی خۆی لە سەرووی دەوڵەتی نەتەوەیی قایم کردووە. دەسەڵاتی نوێ لە ڕێگەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە شیزۆفرێنییانە خۆی وا نیشان دەدا کە لەوپەڕی هێزدایە و هەموو دەسەڵاتی لەژێر ڕکێفدایە. هەبوونی ئێستای دەوڵەتی نەتەوەیی لە مێترۆپۆلەکاندا، جۆرێک هۆلۆگرامییە.

دوای ئەوەی دەیان ساڵە دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بنەمای سەقامگیری بانگەشەی بۆ دەکرا، ئەوە ئێستا خەریکە بەرەو هەڵوەشان دەچێ. بەڵام ناوەڕۆکی هۆلۆگرامییانەی هێشتا ماوە و دەیەوێ ئەو بۆشاییەی کە گلۆبالیزم لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە پڕ بکاتەوە. کە جیهان لە وەخت و لە جێگەدا بەجیهانیبوو بکرێ پرۆسێسێکە کە هێشتا دەسەڵات دەیەوێ دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ و لەژێر ڕکێفی خۆی بیهێڵێتەوە. "ئەوانەی تر" ئیتر لە شوێنێکی تر بوونیان نییە، بگرە لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا هەن. هەر بۆیە "ئەوانی تر"ش بۆ دەسەڵات مەترسین.

چۆن لەگەڵ ئەم مەترسییە بەربەرەکانێ بکرێ؟ لە ڕێگەی هۆلۆگرامی "نەتەوە" و ڕەشداهەڵگەڕاندنی "ئەوانی تر" وەک هێرشبەر. ئاخۆ ئەمە یەکێک لە ئارگومێنتەکانی ئاغای بوش لە شەڕی ئەفغانستان و عێراق نەبوو کە ئەو دوو وڵاتە هەردووک مەترسی بوون بۆ سەر "نەتەوەی" ئەمەریکای باکور؟

بەڵام بێجگە لەو "ڕاستییە" کە تەلەڤزیۆنی سی ئێن ئێن دروستی کرد، ئەو ئاڵایانەی دواتر لەسەر کابول و بەغدا شەکانەوە، ئاڵاکانی ئەستێرە و خەتخەتی ئەمەریکا نەبوون بگرە ئاڵاکانی شەریکە ترانسناسیۆنالەکان بوون.

لە هۆلۆگرامی دەوڵەتی نەتەوەییدا، یەکێک لە فێڵ و تەڵەکەکانی مۆدێرنیتە ئەوەی پێی دەگوترێ "ئازادیی تاک" بە بارمتە گیراوە و لە قەوەزێکدا دیل کراوە کە لە سەردەمی گلۆبالیزمیشدا کەمتر لە جاران سەرکوت ناکرێ. تاک ئەوەندە ونبوو و نادیارە کە تەنانەت وێنەی قارەمانانی دوێنێش چکۆڵەترین شانسی وەدەرکەوتنیان نییە. "The self made man" ئیتر ئیمرۆکە بوونی نییە و لەبەرئەوەش شیانی ئەوە نییە لەسەر شەریکەیەکی "self made" قسە بکرێ. ئەوە دەبینین کە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە بەرەو لای تر تووشی هەڵدێر هاتوون. کەواتە هیوایەت چییە؟ کە بگەڕێیەوە دواوە و لە پێناوی ڕزگارکردنی شەقامەکەت و گەڕەکەت خەبات بکەی؟ نا، هیچ کام لەوانە.

لەت لەتکردن و دابڕانەکان بە شێوەویەکی وەها بەربڵاو ڕوویان داوە، کە تەنانەت لەتلەتەی ناسنامە لێک هەڵوەشاوەکانیش نەیانتوانیوە خۆیان بپارێزن.

ئەی چوارچێوەی بنەماڵە؟ چی و چۆن؟ ئەگەر تەلەڤزیۆن وەک شاژنێک لە دەروازەی ماڵەوە هاتە ژوورەوە ئەوە ئینتەرنێت لە درزێکی فەزای سایبرییەوە هاتە ژوورەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە لەلایەن ئەو سەربازە بەریتانیایی و ئەمەریکای باکورییانەوە کە عێراقیان داگیر کرد، هێرش کراوەتە سەر هەموو ماڵێک لەسەر گۆی ئەم زەوییە. دەوڵەتی نەتەوەیی کە ئێستا پێناسەی "دەستی خوایی"ی ئەمەریکا وەرگرتووە تەنیا لە تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ژمارەیەک کۆوار و ڕۆژنامە و سینەمادا بوونی هەیە. لە فابریکای میدیا زەبەلاحەکاندا سەرکۆمارەکان وەک کەسانی زیرەک و وشیار و میهرەبان و ئەوە کە "یەکسانی هەمیشە سەردەکەوێ" دەرخواردی خەڵک دەدەرێ. لای ئەوان کۆمەڵگە سەرەڕۆ دەڕووخێنێ و شۆڕش و سەرهەڵدان بە زوویی و بەکاریگەرییەوە بەرسیڤ وەردەگرێ. ئێستاش دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەڵێنێ ئەوە " هەموومان لە کۆمەڵگەدا خۆشبەخت دەبین" بە خەڵکی دەدەن. بەڵام ڕاستینەی کۆمەڵگە بە پێچەوانەی هەموو ئەم بانگەشانەیە.

قارەمانەکانی شەڕی ئەفغانستان لە کوێن؟ کوان قارەمانەکانی داگیرکەری عێراق؟ مەبەستی من ئەوەیە کە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ قارەمانگەلی خۆی هەبوو وەک: ئاگرکوژێنەوەکان و هەموو دانیشتوانی شاری نیویۆرک کە هەوڵیان دا گیانی کەسانێکی زیاتر لە ڕووداوی شێتانە و هۆڤییەتی ڕزگار بکەن. بەڵام ئەم قارەمانگەلە ڕاستەقینانە بەکاری دەسەڵات نەهاتن هەر بۆیە زووش لە بیر کران. چونکە بۆ دەسەڵات "قارەمان" کەسێکە کە هێرش دەکا (واتە تێک دەدا و لەنێودەبا)، کەسێک نییە ڕزگار دەکا (واتە چێکەر و بنیاتنەرە). وێنەی ئاگرکوژێنەوەکان کە سەرتاپایان لە تەپ و تۆزدا داپۆشرابوون و لە نێوەڕاستی وێرانەی جووتە ئاسمانڕووشێنەری نیویۆرکدا کاریان دەکرد هەر زوو لەگەڵ وێنەی تانکەکان کە پەیکەری سەدام حوسێنیان لە بەغدا

دەهێنایە خوارێ، گۆڕدرایەوە.

تاقە شتێک کە شار "دەوڵەت" پۆلیسی مۆدێرن (ئەڵبەت لێرەدا مەبەستی من لە بەکارهێنانی پۆلیس لە باتیی شار بۆ ئەوەیە کە شار وەک جێگەیەکی شارستانی کە هەموو لایەنی ئابووری، ئایدۆلۆجی، کولتووری، مەزهەبی و پێوەندییە سیاسییەکان وەبەردەگرێ، نیشان بدەم) لەگەڵ پێناسەی کلاسیکیی ئەفلاتوون یەک دەگرێتەوە هەمان وێناکردنی ڕەواڵەتی و لاوەکیی شار وەک پێوەندیی نێوان پەز (خەڵک) و شوانە (بەڕێوەبەر). مۆدێرنیتە وێنە و پێناسەکردنی ئەفلاتوونی لە شار بەتەواوەتی سەرەوژێر کرد. ئێستا شار پیشەسازییەکی پڕ گرێ و گۆڵ و پێچەڵپێچە: ژمارەیەک لە مەڕەکان لەبەر خورییەکانیان دەبڕدرێنەوە. هەژمارێکیان لەبەر گۆشتەکانیان دەکوژرێنەوە و هێندێکیشیان ئەوانەی "نەخۆش"ن تەریک دەخرێنەوە، لەنێو دەبردرێن و "دەسووتێندرێن" بۆ ئەوە ئەوانی تر گیرۆدە و تووشی نەخۆشی نەکەن.

نوێ لیبرالیزم خۆی وەک بەڕێوەبەرییەکی شایستە بۆ ئەم کوشتارگایە تێکەڵپێکەڵە پێ ناساندین. بەڵام دواتر دەرکەوت کە لیاقەت و لێهاتووی ئەو تەنیا بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنی سنوورەکانی میترۆپۆلە و دواتر پەرەپێدان و پانکردنەوەی سنوورەکان (یان داگیرکردنی) هەموو سەرتۆپی زەوی: داهێنانی هیپرپۆلیس.

بەڵام وەک ڕووی داوە "بەڕێوەر" (ئەوەی حوکم دەکا) شێت بووە، ئەو بڕیاری داوە هەموو مەڕەکان بکوژێتەوە ئەگەرچی نەتوانێ هەموویان پێکەوە بخوا، تەنانەت ئەگەر بەسەربڕینی هەموو مەڕەکانیش، مەڕی تر بۆ داهاتوو نەمێنێتەوە کە لە خورییەکەی کەڵک وەرگیردرێ یان گۆشتەکەی بخورێ.

سیاسەتوانە کۆنەکان ( لەگەڵ کۆن مەبەستم سیاسەتوانانی پێش لە زاین نییە بگرە ئەوانەی پێش لە کۆتاییی سەدەی بیست هەبوون) پسپۆڕی ئەوە بوون کە نەزم و ڕێسا بە پێشوەچوونەکانی خەڵک و کۆمەڵگە بدەن، مەڕ هەبێت بۆ کەڵک لێوەرگرتنی جۆرەوجۆر، ئەوان هەمیشە هەبن بەڵام تەنیا سەربزێو و یاسابەدەر نەبن.

سیاسەتوانی نوێ و ئیمڕۆیی ئیتر هەمان شوانی بەئاوەزی دوێنێ نییە. ئەو کابرایەکی ئەحمەق و لە گورگ نەترسە (کە ئیتر وەک پێشوو تەنانەت ناچێتە پێستی مەڕەوە) بگرە بە ئاشکرا بە خۆشحاڵییەوە ئەو بەشە لە مەڕەکان دەخوا کە پێی دراوە، ئەو مرۆڤانەی کە لە ئەرکە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خۆیان دەستیان شتووە.

ئایا پێویست نییە وا بیر بکرێتەوە ئەوەی پێویستە بکرێ ئینسانیکردنی سەروبیچمی ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە ئەم فابریکا یان کوشتارگایە نییە بگرە لەوە بەولاوەتر داڕماندانی ئەو لۆجیکەیە؟ ئەگەر هاتوو ئەوان لە پێستی مەڕ دەرکەوتن و بوون بە شوانی بێ مەڕ ئەوە ئەو دەمەیە کە "شوان، سەربڕ و مەڕبڕەوە" نە تەنیا بوونیان پێویست نین بگرە کۆسپ و تەگەرەشن؟

لۆجیکی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوە بوو کە دەوڵەتێک لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا دەسەڵاتی هەبوو نەک بەپێچەوانە. هەرێمێک لە چەند شار پێک دێ و چەند هەرێمێکیش پێکەوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێک دێنن. هەر بۆیە شار بەردی بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، شاری پایەتەخت لە سەرووی شارەکانی ترەوە بوو و لۆجیک و حوکمی ئەو بەسەر هەموو شارەکانی ترەوە بوو. ئەو دەم یەک شتی هاوبەش هەبوو، یەک یان چەند فاکتەرێک شارەکانی پێکەوە لێک گرێ دەدا، هەر ڕاست هەمان فاکتەرگەل کە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پێکەوە لێک گرێ دا، (خاک، زمان، پارە، سیستەمی سیاسی و کولتوور و فاکتەرگەلی تر). ئەم فاکتەرگەلە بە هۆی ئەو شتەی کە ئێستا پێی دەگوترێ گلۆبالیزاسیۆن بە لاوە نردراون یان تێکومەکان دراون و تێک ڕووخاون. بەڵام چی بەسەر شار لە سەروبەندی سەرەولێژی دەوڵەتی نەتەوەیی (کە خەریکە بگاتە خاڵی کۆتایی و ونبوون) هاتووە؟ ئەوجار کامەیان؟ شار یان دەوڵەتی نەتەوەیی؟ تێکڕووخانی ئەم یان ئەویان زووتر دەستی پێ کرد؟ کامەیان، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ لانی کەم بەو تێرمانەی کە من باسیان دەکەم. دیارە لێرەدا مەبەستی پرسیارەکە ئەوە نییە کە لاوازبوونی بۆ نموونە شار کاریگەری لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی داناوە، یان بەپێچەوانە.

شار هەروەک دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو تایبەتمەندییانە کە ئەوی یەکپارچە و قایم ڕاگرتبوو لە دەست داوە. هەر شارێک ئێستا بێجگە لە فراگمەنتێکی شێواو و نارێک شتێکی تر نییە. ئەمەش شتێک نییە تەنیا لەنێو خودی شارەکاندا ببیندرێ بگرە شارەکان لەگەڵ کێشە و پرسگریش لەگەڵ یەکتریدا خۆیان دەبیننەوە. دەسەڵاتی پارە شوێن و پێگەی تایبەت بە خۆی دەوێ، ئەمەش تەنیا ڕەنگدانەوەی گەورەیی و خۆشکەیفیی ئەو نییە بگرە لەوە بەولاوەتر خۆی دەپارێزێ لە بەرانبەر شارەکانی "تر" (ئەوانی تر) کە ڕکابەری دەکەن و مەترسین بۆ سەری. شارەکانی تر ئیتر وەک کۆمەڵگە بەربەرییەکانی پێشوو ناچن. شاری پارە هەوڵ دەدا شارەکانی تر لە لۆجیکی پێویستییەکانی خۆیدا قووت بدا و بیکا بە بەشێک لە خۆی و بەو شێوەیە مەترسی لە خۆی دوور بخاتەوە. لەگەڵ ئەوەی شاری ئێستا پێویستی بە شاری "تر" هەیە لە هەمان کاتدا وەک مەترسی بۆ سەر خۆشی دەبینێ و لە هەمان سۆنگەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکا.

ئەوەی کە لە ڕابردوودا دەوڵەتی نەتەوەییی هەبوو، (یان ئەوە ئێستاش دەوڵەتی نەتەوەیی خەبات بۆ مانەوەی دەکا) ئیمڕۆ لە باتیی ئەو دەوڵەتێک یان شارێک هەیە کە لە وەدەستهێنانی قازانجی زیاتردا تووشی بێ سەرەوبەری هاتووە. پارەی دەوڵەت، ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیییە و قسەی یەکەم و قسەی ئاخر هەر پارە دەیکا. ئەوە کە پێشتر سیستەمێکی دادوەری لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا پێوەندییە نێوەخۆیی و نێونەتەوەیییەکانی نێوان دەوڵەتانی لە پێوەندی لەسگەڵ پارەدا ڕێکوپێک دەکرد، ئیمڕۆ شوێنەوارێکی لێ نەماوەتەوە.

سیستەمی دادوەریی نێونەتەوەیی بەلاوە نراوە لە جێگەی ئەو سیستەمی لە نەکاوی کاپیتاڵ جێگەی خۆی قایم کردووە. کە بەشێوەیەکی هۆڤانە، نایەکسان و تەنانەت بەوەڕێخستنی شەڕ و

خوێنرێژی وە دووی قازانج و پارەی زیاتر لە ڕکابەرییەکی چەپەڵدا لە جیهاندا هەڵسوکەوت دەکا.

کەوایە فەرمییەتی شارەکان "دەوڵەتە نەتەوەییەکان" چییە؟ کاتێک پلانێکی ئاسایشی ئەو کەسانە دەپارێزێ کە هەموو شتێکیان هەیە و ئەوانەش کە هیچیان نییە، تووڕ دراون. ئێستا ئیتر گەلاڵە و پلانە ئاسایشییەکان نەتەوەیی نین، بگرە لە دژی دەوڵەت یان نەتەوەکانی تر یان لە دژی هەمووان دادەڕێژرێن. وێنەیەک لە دەوڵەت نیشان دەدرێ کە لە هەموو لایەوە مەترسی و هێرشی لەسەرە. هەژاری و نارەزایەتیی خەڵکانی تر کە هۆکارەکەیان بۆ خۆیان نین و نە لەبەر ویستی خۆشیان هەتا ئێستا بەو شێوەیە ماون و دەژین، ئیتر ئێستا لە پەراوێزدا نین. بگرە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو مێرۆپۆل و شارەکان و لە هەموو وڵاتان هەن و لە ناوەندی ڕووداوەکانیشدان.

ئەوەی کە من لێرەدا هەوڵ دەدەم جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئەو "دووبارە خۆڕێکخستنەوە"ی کە حکوومەتی شارەکان یان دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەیانەوێ بەسەر وێرانەی ئێستادا وەک خۆڕێکخستنەوەی نەتەوەیی ئەنجامی بدەن، هیچ کاریگەرییەکی نابێت و تەنیا کات بە فیڕۆدانە. چونکە ئەو ئەرکەی ئەوان خستوویانە سەرشانیان زیاتر لە خولقاندنی نەزمێکی نوێ ئەوەیە کە بەشە وێران و زەربەدیتووەکان تەریک بخەنەوە و کاریگەری داخوازی، بەرهەڵستکاری و خەبات لە دژی پارەی دەوڵەتی نەتەوەیی کەمتر بکەنەوە. ئەوانەی کە ئێستا حوکمی شارەکان دەکەن تەنیا ئیدارە و بەڕێوەچوونی پرۆسێسکی هەڵاوردن دەکەن بەو هیوایە ئەو پرۆسێسە لە هەموو ئاستێکی دەوڵەتی نەتەوەییدا ڕەنگ بداتەوە. پرۆسێسی بە کەرتی تایبەتکردنی شوێن و دەسەڵاتە پێشووەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بێجگە لە ترس و خۆف و چەسپاندنی دەسەڵاتی زیاتری لە هەموو بوارەکاندا شتێکی تر نییە.

دەوڵەت یان شار کراوەتە فەزایەکی ئانارشیستی هەروەک کۆمەڵێک دوورگەیەکی لێک دابڕێندراو. تەنیا هۆی پێکەوەژیان لە شاریشدا یان لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەستراوەتەوە بە پێکهێنانی ئەو ترسە گشتییە کە لە "ئەوانی تر" واتە لە شار و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تر ساز کراوە.

واتە ئەوەی شەڕی ئەتۆمیی نەکرد ئێستا شەریکەکان دەیکەن. وێرانکردنی هەموو شتێک، تەنانەت ئەوەی کە قازانجی ئەوانیشی پێوە بەستراوەتەوە. جیهانێک کە تێیدا جێگەی جیهانەکانی تر و تەنانەت جیهانی خۆشیان نابێتەوە. ئەمە هەمان پرۆژەیەکە کە من ناوم لێ نا هیپر پۆلیس کە ئێستا بۆ خۆ لەنێو وێرانەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدا خەریکی ڕووخان و داڕمانە.

پاشکۆی یەکەم

## وەرگێڕانی تێکستێک لە مارکۆس بەناوی زاپاتیست و سێو

زاپاتیست و سێو
جێگری فەرماندە مارکۆس
لە شەفەق و دەمەوبەیانیانێکی سەدەی بیست و یەکەمدا
سەرچاوە ئەرشیفی نامەکانی مارکۆس ماڵپەڕی: www.chiapas.nu

دورتیۆ دەڵێ زۆرجاران ژیان وەک سێوێک وایە.

ئەو دەڵێ کەسانێک هەن ئەو سێوە بە کاڵی دەخۆن، هی تر بە گەنیویی دەیخۆن و کەسانی واش هەڵدەکەون بە گەییوی دەیخۆن. دورتیۆ دەڵێ بەڵام کەسانێکی بە ژمارە کەم هەن کە دەتوانن هەڵبژێرن کە ئەو سێوە چۆن بخۆن: ئەوان دەکرێ سێوەکە بە جوانی سپی بکەن، قاژی بکەن و بیخۆن یان بەکوتراوی لەسەر دەوریەیەک ڕۆی بکەن و بیخۆن، یان وەک دورتیۆ پێی خۆشە ئاوەکەی بگرن و بیخۆن یان نا، خۆشاوی لێ ساز بکەن و بیخۆن. بەهەرحاڵ هەر چۆنێک بۆ گەدە لەبار بێ و ئیشتیهاهێنەر بێ، دەیانەوێ بیخۆن. دورتیۆ دەڵێ هیندییە پێستسوورەکان (دانیشتوانی ڕەسەنی قارەی ئەمەریکا) بەزۆر مەجبوور دەکرێن کە سێوەکان بە گەنیووی بخۆن و لاوەکانیشیان سێوە کاڵ و نەگەییوەکان بە ئیجباری بخۆن. لە کاتێکدا بەڵێنی سێوی جوان و بەتام بە منداڵەکانیان دەدرێ بەڵام لە باتیی سێوان کرم و درۆودەلەسەیان بە دەرخوارد دەدرێ. ژنەکانیشیان بە گوێیاندا دەچپێندرێ کە سێوێکی ساقیان پێ دەدرێ، بەڵام لە باتیی سێو تەنیا نیوە پرتەقاڵێکیان دەدرێتێ.

دورتیۆ زۆرجاران دەڵێ ژیان وەکو سێوێک وایە.

ئەو دەڵێ کاتێک زاپاتیستێک سێوێک دەبینێ شمشێرەکەی بۆ لە هەسان دەسوێ و زۆر بەوردی و کارامەیی بە وەشانێکی لەخۆڕادیتوو لە نێوەڕاستدا دەیکاتە دوو لەتەوە. دورتیۆ دەڵێ زاپاتیست هەوڵی ئەوە نادا سێوەکە بخوا، ئەسڵەن زاپاتیستێک بە لایەوە گرینگ نییە کە ڕەنگە سێوەکە گەییو یان نەگەییو یان گەنیو بێ. دورتیۆ دەڵێ بگرە زاپاتیستێک زۆر بە ئەسپایی تۆوەکان لەنێو خانووی تۆودانی سێوەکە دەردێنێ، تۆزێک عەرز هەڵدەدڕێ و تۆوکانی تێ دەخا.

دورتیۆ دەڵێ زاپاتیست ئەو تۆوە چێندراوانە بە فرمێسکی چاوەکانی و بە خوێنی لەشی ئاو دەدا و پاشان بە دیار تووڵە نەمامەکانەوە شەو و ڕۆژ کێشک دەگرێ. دورتیۆ دەڵێ زاپاتیستەکە نامێنێ هەتا ئەو دەمەی دارە سێوەکە ببینێ کە خونچە بکا و پاشان بەر بدا.

دورتیۆ دەڵێ زاپاتیستەکە ئەو دارەی بەرهەم هێناوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کاتەی ئیدی

زاپاتیستێک نەماوە کەسانێک بێن و سێوە گەیبوەکان لێ بکەنەوە و بە ئازادی و دڵخوازی خۆیان بۆیان هەبێ هەڵبژێرن کە چۆن چۆنی سێوەکان بخۆن ئاخۆ سێوەکە بە جوانی سپی دەکەن و دەیخۆن، یان قاژی دەکەن و دەیخۆن یان بە کوتراوی لەسەر دەورییەک ڕۆی دەکەن و دەیخۆن، یان وەک دورتیۆ پێی خۆشە ئاوەکەی دەگرن و دەیخۆن یان ناخۆشاوی لێ ساز دەکەن و دەیخۆن.

دورتیۆ دەڵێ ئەمەیە ئەرک و کاری زاپاتیستێک کە تۆوێک شین بکا، گەشە بە نەمامەکەی بدا، بیکا بە بە دار و بەر بدا. دورتیۆ دەڵێ ئەرکی ئینسانەکانی تر ئەوەیە کە خەبات بکەن بۆ ئەوەی بتوانن سبەی سێوی دواڕۆژ بە ئازادی بخۆن. دورتیۆ دەڵێ هەر ئەمەیە جیاوازیی نێوان زاپاتیستەکان و خەڵکانی تر: خەڵکانی تر سێو دەبینن بەڵام زاپاتیست تۆوی سێو دەبینێ، عەرزی بۆ هەڵدەکەنێ، دەینێژێ و بەخێوی دەکا و سێوی لێ وەبەرهەم دێنێ.

دورتیۆ دەڵێ بێجگە لەمە زاپاتیستەکان هەروەک ئینسانەکانی تر وان و هیچ چەشنە جیاوازییەکیان لەگەڵ خەڵکانی تر نییە. دورتیۆ دەڵێ ئێمەی زاپاتیست ڕەنگە لە خەڵکی تر برێک ناشیرینتر بین، بەڵام ئەمە هەتا ئەو کاتەیە کە دەمامکەکانمان لادەبەین.

تێبینیی وەرگێڕ:

وشەی زاپاتیست لە ناوی Emiliano Zapataوە وەرگیراوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٠ هەتا ١٩١٩جووڵانەوەیەکی وەرزێڕی لە دژی خاوەن موڵکە گەورەکان ڕێبەری کرد و لە مەکسیک وەک قارەمانێکی نەتەوەیی دەناسرێ.

هەواڵنامەی کتێب

پاشکۆی دووەم

## نامەیەکی مارکۆس بەبۆنەی تیرۆرکرانی ژنە پارێزەر دیگنا ئوچوا

بۆ بنەماڵەی دیگنا ئوچوا Digna Ochoa

بۆ تێکۆشەرانی ناوەندیی مافی مرۆڤ میگل ئاگوستین پرۆ

لە جیاتیی پیران، منداڵان، پیاوان و ژنانی سەر بە هێزی ڕزگاریی نەتەوەییی زاپاتیستەکان ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم.

هەر ئێستا هەواڵی دڵتەزێنی کوژرانی دیگنا ئۆچوامان پێ گەیشت، تاوانێک کە کەوتە پێش هەموو تاوانەکانی تر و لەلایەن بێ بەرپرسایەتیترین بەرپرسەکانەوە ئەنجام درا. ئەو تاوانەی ئەو گیانە نازدارەی لێ ئەستاندین، بەتەنیا خۆی بەسە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێکی پاکژ قەڵس و تووڕە بکا. بەڵام کاتێک ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی مافی مرۆڤدا هەڵدەسووڕێن، دەکوژرێن، ئەوە خوان و سفرەی ئێوارانی دەستەڵات دەڕازێتەوە و لە هەمان کاتیشدا چەند سکەیەک بۆ خێر و سەدەقە لە گیرفانان بەردەبێتەوە. لەو سەرەوە بێجگە لە مۆدە و ڕواڵەت شتێکی تر ناگۆڕدرێ، لە

خـــوارەوەش نایەکـــســـانی هـەروا خـۆی دووپات دەکـاتـەوە و هەژاری و چارەڕەشـــیش لە نیگا و هەنگاوەکاندا دەبینرێن. لە خوارەوە ژان و ڕەنج و پێداویستیی هەموو جارێک دەگەڕێتەوە ... .

کـوژرانی دیگنا بێ شک سـێـبـەرێک دەخـاتە سـەر تەواوی ئەو پیـاو و ژنانەی کـە لـە بەرانبـەر پاراستنی مافی مرۆڤدا بە دڵ و بە گیان و بەبڕوای قایم بەرگری دەکەن.

بەڵام ئێمە پێکەوە و بە کۆمەڵ دەتوانین ڕووناکاییـیەکی وا هەڵبکەین کە ئەو سـێبـەر و تارماییـیە بڕەوێنێـتـەوە و نەهێلـێ سـەعات بۆ لای ئیمـرۆی تاوانی بەبێ سـزا، شـێتی و وەکـیـەکـبوون و ئەو شـتـانەی کـە نیـشـانەی لە بیـرکـردن و ونکردنن، جـارێکی تر بەرەو دواوە وەرسـووڕێ و خـول بخواتەوە.

زۆر زەحـمەتە ئەو وشـانە ببینینەوە کە بتـوانین ئەو هەسـتانەی پێ دەربڕین کـە تۆزێک لە خـەم و خـەفـەتی ئێـمـە و ئێـوە بـەسـەر ئـەم کـۆسـتـەیەدا کـەم بکاتەوە. بـەڵام دیگنای خـۆشـەویسـتی هـەر هەمووما‌ن، بێدەنگیی ئێمە وەک باوەڕشێکی پڕ لە هێمنی وەربگرە، ئەتۆی ئێستا هێمن و بێدەنگ ئەوا ئێمەشتان لەگەڵدایە.

تەنیا سڵاوە کە دەتوانم بیهێنمە سەر زمان. سڵاوت لێ بێ! بژی ئەی ئەو ژنەی کە بە ناوی خۆت خەبات و چارەنووست تۆمار کرد. لە پاتیی کۆمیتەی نهێنیی ئیندیانە شۆڕشگێڕەکان – لە جیاتیی فـەرمـاندەی گـشـتـیی هـێـزی نـەتەوەیی ڕزگـاریخـوازی زاپاتیـسـتـەکان، لـە باشـووری ڕۆهـەڵاتی کێوەکانی مەکسیک، جێگری فەرمانده مارکۆس، ئۆکتۆبەری ٢٠٠١، مەکسیک.

تێبینیی وەرگێڕ:

ژنە خـەباتگێڕ دیگنا، پارێزەر و تێکۆشـەری بەناوبانگی مەکسـیک بوو. لەبەر خـزمـەتە ئینسـانیـیـەکـانی هەتا کـوژرانی زۆر خـەڵاتی نێـونەتەوەیی پێ بەخـشـرا. دیگنا ئەو پارێزەرە بوو کە دەیوست تاوانبارانی نێو داوودەزگای حکوومەتی مـەکسیک بکێشـێتە بەردەم دادگـە و لەبەر کـارە نامـرۆڤـانەییـیـەکـانیـان دەرهـەق بە خـەڵکی چیـاپاز و ئینـدیانەکـان لێکۆڵینەوەیان لەســەر بکا. هەر ئەوە بوو لەلایەن تاوانبـارانەوە پیـلانی کوشـتنی بۆ داڕێژرا و لە ١٩ ئۆکتـۆبەری سـاڵی ٢٠٠١ لە بنکە و شـوێنی کـارەکـەی لە مەکسیکۆسیتی تەقەی لێ کرا و کوژرا.

سەرچاوە: ئەرشیڤی نامەکانی مارکۆس لە manifest.se دا.

# دەمەتەقێیەک لە نێوان
# یۆن فۆسە و لاش نۆرێن-دا

نۆرێن: بەڕاستی دواجار کەی بوو کە ئێمە یەکترمان بینی.

فۆسە: لە ئۆسلۆ بوو.

نۆرێن: دەمەتەقێیەکمان بەر لە نمایشکردنی نۆڤێمبەر کرد[١]. تەنیا باسی هونەر و مەرگمان کرد... من پێم وایە کە ئێستا لەسەر ئەو مەسەلانە قسە نەکەین. دەتوانین.

فۆسە: یان ناتوانین.

نۆرێن: بۆچی باسی ئەو شتانە بکەین کە دەربارەیان دەنووسین؟ شتێکی زۆر بێ مانایە. با زیاتر قسە لەسەر شتە پراکتیکییەکان بکەین.

فۆسە: هەست دەکەم قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە لەسەریان دەنووسم شتێکی هەڵەیە. ئەوانەی کە نووسیومن خۆیان باسی شتەکان دەکەن. کە باسی ئەوە بکەیت لە پڕ و لەخۆوە دەبێتە شتێکی هەر زۆر جیاواز.

نۆرێن: ئەی چۆن فریای ئەو هەموو شتە دەکەویت، ڕۆمان دەنووسیت، پیەسی شانۆیی دەنووسیت و ئامادەی یەکەمین نمایشی شانۆنامەکانت دەبیت، سیمینار ڕێک دەخەیت ... ئەی کەی پشوو دەدەیت؟

فۆسە: (دوودڵییەکی درێژ) ئەوی ڕاستی بێت من هەر زۆر کەم دەنووسم، چلۆنەها.

نۆرێن: بەڵام خێرا دەنووسیت؟

فۆسە: ئا، کەم و زۆر. بەڵام هەمیشە خەریکی نووسین نیم.

نۆرێن: کاتی نووسینەکانت چڕ دەکەیتەوە بۆ چەند مانگێک لە هاویندا؟

فۆسە: ئا، لە هاویندا دەنووسم. زیاتر لەم چەند ساڵەدا وای لێ هاتووە. بەڵام لارش، تۆ خۆت هەر زۆر دەنووسیت. لە من زیاتر، هەروەها کاری شانۆش دەکەیت.

نۆرێن: ئەوە بۆ هەشت مانگ دەچێت لە شانۆی دەوڵەت دوور کەوتوومەتەوە و خەریکی داڕشتنی شانۆنامەکانم بووم. ئێستاش سەرقاڵی پرۆڤەکردنم لە شانۆنامەیەکمدا بەناوی (ئاوی

.............................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف

مەنگ).

فۆسە: ئا، خوێندوومەتەوە.

نۆرێن: خوێندووتەتەوە؟ (شادمانییەکی چاوەڕواننەکراو) چۆن بوو بەلاتانەوە؟

فۆسە: پێم باش بوو.

(وچان)

نۆرێن: لە خانووەکەتەوە زەریاچە دەبینیت؟

فۆسە: ئێستا لە بێرگن و لە شوقەیەکدا دەژیم، زۆر نزیکە لە دەریاوە.

نۆرێن: ماڵت گواستووەتەوە؟

فۆسە: ئا، خانوویەکمان هەبوو، فرۆشتمان و لە بریی ئەوە شوقەیەکمان کڕی تا لە دەریا نزیک ببینەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین شوقەیان لەسەر ئاوەکان دروست کردووە و ئێمەیش خانووەکەمان فرۆشت و شوقەیەکی وامان کڕی. کە لە شوقەکەدا دادەنیشیت، هەروەک ئەوە وایە لەنێو بەلەمێکدا دانیشتبیت.

نۆرێن: بەلاتانەوە گران نییە کە خاوەنی خانوویەک نین؟

فۆسە: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک، هاوینەخانوویەکی بچووکم هەیە. لەوە زیاتر پێویست ناکات. خانووی کۆن ئیشی زۆرە و پێویستە هەر دەستت پێوە بێت و گەر مرۆڤیش بەدەستوبرد نەبێت، ئەوا بچووکترین گرفت دەبێتە مەسەلەیەکی گەورە.

نۆرێن: بەڵام خانووبەرەی زۆر لە شانۆنامەکانتدا هەن.

فۆسە: وەک مێتافۆر.

نۆرێن: لە (کەسێک هەر دێ) ڕۆژێکی هاوین، مرۆ دەچێتە خانوویەکی تازەوە نەک شوقە.

فۆسە: نەخێر دەچنە خانووەوە و ئەمەش پێوەندیی بە منداڵی و گەورەبوونی خۆمەوە هەیە لە خانوویەکی کۆندا. زۆر دڵم پێیان دەکرێتەوە. لەم ڕووەوە کۆنەپارێزم. پێم وایە پارێزگاریکردن لە خانوویەکی کۆن، مانای پارێزگاریکردنە لە سەردەمێک کە خانووەکەی تێدا ژیاوە.

نۆرێن: .... خۆ ماوە.

فۆسە: ئا، هەموو ژیان لەوێدا هەیە.

نۆرێن: وەک سێبەری وێنەیەکی فانتۆمی.

فۆسە: ئا، کە دەنووسم زۆر بەڕوون و ئاشکرا هەستی پێ دەکەم. هەندێ ژوور زۆر باشە بۆ نووسین، هەندێکی تر بە هیچ شێوەیەک بۆ من دەست نادات.

نۆرێن: لێرەش هەر وایە، لە ستۆکهۆڵم کە دەچیتە خانوویەکەوە، هەر لە داڵانەکەوە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە زۆر کارەساتی تێدا ڕووی داوە، دڵەڕاوکێ و ....

فۆسە: ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە گواستمانەوە. خانووەکەمان بەکەڵکی نووسین نەدەهات. لە ژوورێکەوە دەچوومە ژوورێکی تر و هەوڵم دەدا بنووسم، بەڵام هەرگیز

ئاسوودەیی و ئارامیم لە هیچ سووچێکی ئەو ماڵەدا نەدەدۆزییەوە.

نۆرێن: شوقەکە تازەیە؟

فۆسـە: هەر زۆر تازەیە. یان ئەوەتا تازە دروستکرابێت یان زۆر کۆن بێت. ژوورێک لەلایەکەوە بۆ من، ئاو. کە لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە دەریاچەیەک ببینیت، یان نزیک بە ئاو بیت.

(وچان)

نۆرێن: بەڕاست .. وەرگێڕانی (کەسێک هەر دێ)ت پێ چۆن بوو بۆ سوێدی[2].

فۆسە: زۆر باشە. وەرگێڕانەکەت ئاواز و گۆرانیی خۆی هەیە. وەرگێڕێکی باشیش دەبێت وا بێت.

نۆرێن: ئاوا؟ کارێکی زۆر گران بوو. هەموو رۆژێک نەنیا لە یەک ڕووپەڕی شانۆنامەکەتدا کارم دەکرد، زۆر گران بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەستم دەکرد وەرگێڕانەکە بەرەو خراپی دەچێت. ئەو ئەتمۆسفێرە بەرز و پاکییەی کە لە تێکستەکەدایە، لێرە و لەوێ لە دەستم دەدا. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بیرم کردەوە باشتر وایە بە زمانی نەرویجیی نوێ، نەک سوێدی نمایشی بکەین.

فۆسە: بە نەرویجیی نوێ؟

نۆرێن: بە جیدی ئەو مەسەلەیەم باس کرد، گرفتە زمانەوانییەکان بشکێنیت. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێت وا بکەین[3].

فۆسـە: گرفتەکانی وەرگێڕان لەلای من بەپێچەوانەوەیە. من زیاتر هەڵدەکێشێم. زمانەکە بەرەو شوێنێکی نەرم دەبات، بمەوێت یان نەمەوێت بەشێوەیەکی گران کار دەکەم و هەوڵ دەدەم لە نەژادی زمانەکە نزیک ببمەوە، وێنەکانی زمانی نەرویجیی نوێ بەرەو ئەو ڕێگەیەت دەبات.

نۆرێن: بەڵام بەرەنجامێکی باشمان بەدەست هێنا. کە خەریکی پرۆڤەی (نۆڤێمبەر)[4] بووین، کارم لەوەشدا دەکرد. هەندێک جار هەوڵمان دەدا لێرە و لەوێ داکشێین و تۆنێکی هێمن بدۆزینەوە... بەڵام پێویستە ئەو ئاستەنگە بشکێنین. نەرویجی نوێ هەر زۆر جوانە. شانۆنامەکانی تۆش پابەندە بەو وێنە زمانەوانییانەوە.

فۆسە: بەڕاستی وایە.

نۆرێن: ئەی لەگەڵ ئەڵمانییەکەدا چۆنە[5]؟

فۆسـە: هێندەی من شارەزای زمانە شانۆییە ئەڵمانییەکە بم، ئەویش وێنەیییە، لەبەر ئەوە بە ئەڵمانی زۆر باشە. بۆ فرەنسیش هەروەها. بێگومان گرانە بۆ من کە ئەو وەرگێڕانانە هەڵسەنگێنم.

(وچان)

نۆرێن: لەم ڕۆژانەدا (سەگە تۆپیوەکان)[6]مان خوێندەوە.

فۆسە: (بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو) ئەوها؟

نۆرێن: لە سەرەتادا وا هەستم دەکرد کە دۆخەکان زۆر دووبارە دەکەیتەوە. بەڵام کە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا خوێندمانەوە، بەشێوەیەکی تر گەشەی کرد و هەر لە هەڵکشاندا بوو.

فۆسە: لەوانەیە ئەو شانۆنامەیە بەکەڵک بێت، من زۆرجار، گەر نەڵێم هەمیشە، دڵنیا نیم لەو شانۆنامەیەی کە نووسیومە. باشە یان خراپە، شایانی نمایشکردنە یاخۆ شایانی ئەوە نییە بخرێتە سەر شانۆ. کە نووسەرێکی گەنج بووم هەمیشە هەستم دەکرد و دڵنیا بووم لەوەی کە نووسیومە. بەڵام ئەو حاڵەتە ئێستا وا نەماوە. بێگومان ئەمەش زۆر پێوەستە بە جۆری نووسینەکەوە. تا ئاستێکی باش دڵنیام لە شیعرێکی باش یان خراپ، یاخۆ ڕۆمانێک. ئەم مەسەلەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆنامەدا. کەسێکی بڕواپێکراو پێویستە پێم بڵێ کە باشە یان خراپە.

نۆرێن: شانۆنامەیەکی هەر زۆر باشە.[7]

فۆسە: (دڵخۆشە) زۆر سوپاس! لەو بڕوایەدا بووم کە شانۆنامەیەکی خراپ بێت.

نۆرین: ئێمە کاری تیا دەکەین و دەیخەینە سەر شانۆ. بەڵام شانۆنامە خوێندنەوە هەر زۆر گرانە.

فۆسە: لەوانەیە ئەمە ئەوە بێت کە منیش درکم پێ کردووە و ئەمەش وام لێ دەکات کە زۆر دڵنیا نەبم لە تێکستی شانۆنامە بە بەراورد لەگەڵ تێکستی تەرزەکانی تری ئەدەبدا. ئەوەی کە زیاتریش ڕووبەڕووی بوومەوە کە دەستم کرد بە نووسین بۆ شانۆ، ئەوە بوو کە تێکستەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، دەبێتە لەوە زیاتر، کە دەشبێتە شتێکی چاک، ئەوا زۆر باشتر دەبێت لەوەی کە لە خودی ڕووپەڕەکاندا نووسراوە. لەم مەسەلەیەدا بەهرەم هەیە، ئەمەش ئەو شتەیە کە دەبێت بزانرێت.

نۆرێن: بەڵێ، بەڵام ئێمە شانۆنامەیەکی تازەمان دەوێت. هیچ شک دەبەیت؟

فۆسە: نەخێر، ئێستا خەریکم ڕۆمانێک دەنووسم. گەرنا سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تازەیە. یان ڕاستتر وایە بڵێم، ئەو پیەسە لەسەر پیەسێکی تر بنیات نراوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەلام ناوە، دەرمهێنایەوە و سەرلەنوێ زۆر بە چڕوپڕی کارم تیا کردووەتەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە ببێتە شانۆنامەیەک کە بۆ یەکەم جار نمایش دەکرێت!

نۆرین: ئەی شانۆنامەی داهاتووت؟

فۆسە: سوپاستان دەکەم. چەندین شانۆنامەی تر بەڕێگەوەن. لە هەمان کاتدا من نامەوێت بەم شێوەیە بیر بکەمەوە، کە تێکستی شانۆنامەش تەواو بوو، گەر بە تەواوەتی پێم نەما، ئەوا وشک دەکەم.

نۆرێن: من دەمرم گەر نەتوانم بنووسم و پێم نەمێنێت.

فۆسە: مەسەلەکە بۆ تۆ وایە؟ بۆ من وا نییە. گەر نەتوانم بۆ شانۆ بنووسم، ئەو کات لە بریی ئەوە شیعر دەنووسم. بنووسە، ئەوەیان پێویستە و دەبێت بەردەوام بنووسم.

نۆرێن: بۆ من تەنیا شانۆ هەیە. شانۆماڵی منە. دەڵێن گوایە هەندێک کەس ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان واقیع و فەنتازیادا، من ناتوانم جیاوازی بکەم لە نێوان واقیع و واقیعدا.

فۆسە: بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەم کە مەسەلەکە وای لێ نەیەت و دەمەوێت لەسەر چەندین ئاست لە دەرەوەی شتەکانەوە بم و ژیانێکی بەهێزی تایبەتیشم هەبێت. ئەو ژیانەم هەیە.

من ژیانێکی خێزانیی تایبەتیم لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا هەیە. ئەمەش یەکەم واقیعی منە. دوای ئەوە نووسین دێت. (وچان)

فۆسە: هێندە نابێت بۆ یەکەم جار شانۆنامەیەکم ( کچەکە لە کورسییەکەدا ) لە ئەڵمانیا و لە ڕیژی تۆماس ئۆستەرمیەر نمایش کراوە[٨]. ڕەخنەکان هەندێکیان هەر زۆر باش بوون و هەندێکیشیان خراپ، هەر بەتەواوەتی هەڵواسین و داشۆرین. ئەمەش بۆ من شتێکی ئاساییە. ئەوەی ڕاستی بێت، هەمیشەش هەر وا بووە. ئەوەی تۆزێک مرۆ پێی نارەحەت و کەللەیی دەبێت ئەوەیە کە ڕۆژنامەکانی نەرویج کاتێ نموونەیەک دەهێننەوە، ئەوا نەنیا هەڵواسین و داشۆرینەکان دەهێننەوە.

نۆرێن: دەبێت بەرگەی ئەو جۆرە ڕەخنانەش بگریت. من ناوبانگ و لەسەر نووسین وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ڕق لێبوونەوە دەبینم. هەمیشە دەکەونە پشتەوە، ئەوە هەمان میکانیزمە.

فۆسە: ئا، وایە، شێوەڕقێکی تیادایە. هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆر کەمتر چاوپێکەوتن دەکەم، وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان نادەمەوە و ئەوەی ڕاستی بێت وازیشم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە نەرویجییەکان هێناوە.

نۆرێن: یەکەم کتێبم لە تەمەنی حەفدە ساڵیدا بڵاو کردووەتەوە. بەر لە چل ساڵ لەمەوبەر، لەبەر ئەوە من بەهەموو شتەکاندا ڕۆیشتووم. مرۆ هەر لە منداڵییەوە ئەوەی لەگەڵدایە کە بنووسێت، جۆرە ڕاستییەکە. مرۆ هەر ئەوانە دەخوێنێتەوە و هەر ئەو جۆرە نووسینانەش ئاسەوارێک جێ دەهێڵێت.

فۆسە: هەرگیز ڕاستی لە شتەکاندا نییە[٩]. زۆر شت دەوترێت بە زمانی منەوە، بەڵام من وام نەوتووە، یان بە هەڵە شتەکان وەردەگرن، یاخود بەتەواوەتی حاڵی نابن و شتەکان بەهەڵاوگێڕاوی وەردەگرن!

نۆرێن: لەوە دەچێت کە بۆ یەکەم جار بێت ئەم مەسەلەیەت بۆ دەرکەوتبێت، هەروەک ئەوەی دیاردەیەکی نوێ بێت. هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت خۆی بپارێزێت، ناکرێت.

فۆسە: (بە دەنگی بەرز) تۆ هەرگیز ناتوانیت خۆت بپارێزیت، بەڵام دەتوانیت هەوڵ بدەیت، لە ڕێگەی ئەوەوەی کە بڵێیت نەء و ئەو شتانەش نەخوێنیتەوە کە لەسەرت دەنووسرێت. هەندێ جار لێرە و لەوێ ڕەخنە دەخوێنمەوە، بەڵام زیاتر هەوڵ دەدەم نەیانخوێنمەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر زۆر زۆر بووە. بەهەرحاڵ ئەوەش ئاوهایە، ڕەخنە باشەکانمان لە بیر دەچێتەوە و نەنیا ڕەخنە خراپەکانمان دێتەوە یاد... (پێکەنین)
(وچان)

نۆرێن: نەنیا یەک پرسیارم ماوە. دەکرێت دەمەتەقێیەکی ئاسایی لەگەڵ کەسێکدا بکەیت، یان دەبێت هەمیشە ئەوە بێت کە تۆ (یۆن)یت؟

فۆسە: (دوای قەیرێک) بەڵێ دەتوانم، بەهەرحاڵ هیوادارم. بەڵام لە کاتی چاوپێکەوتندا ناتوانم. لە کاتێکدا ئاوها دادەنیشین و چاوپێکەوتنەکەش تۆمار دەکرێت و لە هەمان کاتدا قسەش

بکەیت[10]. من ئەکتەرێکی باش نیم.

نۆرێن: ئەی لە دەرەوەی ئەمەوە دەتوانیت قسە بکەیت؟

فۆسە: بەڵێ، لەگەڵ هاورێکانمدا. بەڵام ئێستا من لە رۆڵی یۆن فۆسەدام. ئەوەش من نیم.

نۆرێن: ئا، منیش ئەوەم ناوێت!

فۆسە: گەرنا دەبێتە شتێکی پریڤاتی تایبەت. بەبێ بەرگری لەخۆکردن.

نۆرێن: وایە، شتێکی زۆر ناخۆشە. منیش هەمان هەستم هەیە، بەلای منەوە ئەمە شتێکی هەر زۆر بێزارکەرە. دەبێت جارێک، بەبێ ئەوەی هیچمان رۆڵ ببینین، چاومان بەیەکتر بکەوێت. دێم بۆ ئۆسلۆ تا شانۆنامەیەک بۆ شانۆی نەتەوایەتی نمایش بکەم. کارێکی ئیبسن (لە کاتێکدا مردووەکان هەڵدەسنەوە) یان ئەوەتا (ئی یۆلۆف). کامیان باشترە؟

فۆسە: ئی یۆلۆفی بچووک.

نۆرێن: هەروەها زۆر نزیکە لە شانۆنامەکانی تۆیشەوە. لەو بڕوایەدام کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا پێشکێشی بکەم. بەر لەوە یەکتر هەر دەبینین.

فۆسە: لە ستۆکهۆڵم یان ئۆسلۆ.

(ئەم دەمەتەقێیە لەلایەن ئیلفا لاگەرسرانتەس وێنە گیراوە، دارێژراوەتەوە و سەرلەنوێ نووسراوەتەوە)

پەراوێزەکان:

١. (نۆڤێمبەر) یەکێکە لە شانۆنامەکانی لاش نۆرێن و یۆن فۆسە وەری گێڕاوەتە سەر نەرویجی و لەلایەن لاش نۆرێن خۆیەوە و لە ساڵی ٢٠٠١دا لەسەر شانۆی نەرویجی پێشکێش کراوە. دواتر هەمان نمایش و لە گەشتێکی شانۆییدا لە ستۆکهۆڵمیش پێشکێش کراوەتەوە.

٢. لاش نۆرین شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ )ی یۆن فۆسەی لە نەرویجییەوە کردووەتە سوێدی و لەسەر شانۆکانی زۆربەی شارەکانی وڵاتی سوێد نمایش کراوە.

٣. لاش نۆرێن مەبەستی ئەوەیە، گەر نەکرا شانۆنامەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی سوێدی، ئەوە باشتر وایە کە ڕاستەوخۆ بە زمانە ئەسڵییەکە پرۆژەکە نمایش بکرێت.

٤. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١.

٥. مەبەست لە وەرگێڕانی شانۆنامەکانی یۆن فۆسەیە لە نەرویجییەوە بۆ ئەڵمانی.

٦. سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تری یۆن فۆسەیە.

٧. مەبەست لە شانۆنامەی سەگە تۆپیوەکانە.

٨. تۆماس ئۆستەرمیەر یەکێکە لە ڕیژیسۆرە هەرە باشەکانی ئەم نەوەیەی ئەڵمانیا و لە شانۆی Schau-buhne Am Lehniner Platz لە بەرلین کار دەکات.

٩. یۆن فۆسە مەبەستی لە وتاری رۆژنامە و رۆژنامەنووسەکانە کە لەسەر ئەو و نووسینەکانی ئەو دەینووسن.

١٠. ئەم دەمەتەقێیە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنە گیراوە، دواتر لە رۆژنامەیەکی شانۆیی ئەلیکترۆنیدا (ئینتەرنێت) بڵاو کراوەتەوە، دەقی چاوپێکەوتنەکەش سەرلەنوێ بە نووسراوەیی لە پرۆگرامی شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ )دا، بڵاو کراوەتەوە.



هەوڵنامەی کتێب

# سەرەتایەک بۆ ناسینی
# موزیکی کلاسیکی

سەلاح حەسەن

### باخ بلیمەتێک بوو زەمانەکەی قەدری نەگرت

باخ ئەویش وەک مۆزارت و بیتهۆڤن ئەوەی بەرهەمەکانی لە سەردەمی باروکدا دەگاتە لووتکە، ئەو نزیکەی هەزار کاری موزیکی لە هەموو بوارەکاندا بێجگە لە ئۆپرا کردووە، ئیمڕۆش بەرهەمەکانی وەک کەرە و سەرتووی موزیکی سەردەمی خۆی ئەژمارد دەکرێت، لە کاتی خۆیدا ئەو تەنیا وەک ئۆرگۆنژەنێک دەناسرا، بەڵام پاش سەد ساڵ لە مردنەکەی وەک دانەرێکی مەزن دەناسرێت و ئەو قسەیەش راستە کە ئەوەندە بلیمەت بووە کە ئەو پێش زەمانی خۆی لەدایک بووە. بەرهەمە زۆرەکانی ئەو لە دانانی ئۆرگۆن و کەمانچە و کلافیکورد و هارپسیکورد، ئەو دووانەی دوایی دوو جۆرە پیانووی تایبەتین، دانەری ئۆرکسترای سالۆنەکان و گۆرانیی زۆریش بووە، ئەگەرچی ئەو بەرهەمی زۆر زۆری نووسیوە، بەڵام تەنیا لەوانە دە دانەی بڵاو کردووەتەوە، بەناچاریش بۆ بڵاوکردنەوەیان پارەی لە گیرفانی خۆیەوە داوە. هەموو لایەک لەسەر ئەوە هاوسۆز بوون، کەوا لەبەر زۆریی سازییەکان و زەحمەتیی تەکنیکییەکەی لەو زەمانەدا کارەکانی ئەو رەواجی نەبووە، بابەتێکی لەو جۆرە پێویستی بە لێزانینێکی باڵا هەبووە، لە خوێندنەوەی نۆتەکان و هەروەها لە ژەنینیش، دیارە لەبەر زۆری بەرهەمی دانەرانی ترەوە کە ئاسانتر و سازتر بوو بابەتەکانی ئەو وا بینرابوو. کەسە شارەزاکان و مێژوونووسەکان دەڵێن کەوا هۆکارێکی تریش هەبوو، بابەتەکانی باخ زۆرتر پابەند بوون بە موزیکی باروک و قاڵبەکانی کە پتەوییان لە ڕووی هەڵکشان و پەیدابوونی موزیکە کلاسیکییەکانی ترەوە لەدەست دەدا، بۆیە کارەکانی ئەو لە خانەی پارێزگارانەوە پۆلین دەکرا.

یوهان سیباستیان باخ لە رۆژی ٢١ ی مارسی ساڵی ١٦٨٥ لە ئایزناخ کە شارێکی گچکەی

..........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

هەرێمی تورینجینی ئەڵمانیایە لەدایک بووە، ئەو لە بنەماڵەیەک لەدایک بووە کە زۆرتر لە ٥٠ دانەری موزیکی ناوداریان لەسەر ئاستی حەوت سەدە بەرهەم هێناوە، موزیک وەک دەڵێن لەناو دەمارەکانی ئەو هەبووە و ڕۆیشتووە.

ئەو ڕەوانەی یەکێک لە باڵاترین قوتابخانەی موزیک لە لۆنبیرگی نزیک هامبۆرگی پایەتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی موقەدەسی ئەو سەردەمە دەکرێت. لەوێ پەنجەرەیەکی بەرینی هەموو کولتوورەکانی ئەوروپی دەبینێتەوە، ئەگەر نەهاتبووایە ئەو شارە، هەرگیز ئەوانەی نەدەبینی و لە کۆنە شارەکەی خۆی هیچ فێر نەدەبوو، ئەو لەو قوتابخانەیەدا بێجگە لە موزیک و زانستەکانی وانەی لاهوت و مێژوو و جوگرافیا و فیزیا و زمانەکانی ئیتاڵی و فەرەنسی دەخوێنێت. قوتابخانەکە تایبەتی بووە بە منداڵی چینە خانەدانەکان، تا منداڵەکانیان بۆ پۆستی باڵای حکوومەت فێر بکەن و بگەنە شوێنە باڵاکانی دیپلۆماسییەت و بەڕێوەبردنی سوپا، بەڵام ئەو لەو قوتابخانەیەدا ناگاتە هیچ پۆستێکی باڵا، تەنیا موزیک دڵی داگیر دەکات و لە ژیانیدا مەزنترین شاکاری موزیک لە مێژوو تۆمار دەکات، باخ دەست دەکات بەدروستکردنی ئامێری موزیک و دەیفرۆشتەوە و ژێیەکانی ساز دەکرد و جۆران کتێبی موزیکی دەفرۆشت و لەسەر ئۆرگۆنیش ئیشی کردووە، لە چەندین کۆشکی خانەدانەکان وەک ژەنیار و بەڕێوەبەری موزیکی ئیشی کردووە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتووەتە پلەی ستاری موزیک وەک هاندل. ئەو ناچار بووە لە بۆنەکان و ئاهەنگەکانی بووکگواستنەوە پارچە موزیک نمایش بکات، لە پرسەکاندا بەردەوام موزیک بژەنێت، لەبەرئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی خێزانەکەی زۆر بوون و ئەرکی سەرشانی قورس بووە.

ئەو دووجار ژنی هێناوە و بیست منداڵی لەو دوو ژنە بووە، بەڵام لەوانە دەیان بە منداڵی یان بە کۆرپەیی مردوون. چوار لە منداڵە زیندووەکانی دەبنە موزیکساز و لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناویان تۆمارە، لەو بیست و حەوت ساڵەی دوایی ئەو لە شاری لایبزیگ لە نێوان نووسین و وانەوتنەوەدا دەژیت. کارەکانی باخ پڕیەتی لە جوانی و هونەری دەگمەن، بەرهەمەکانی لە جۆری فیوگ کە جۆرێکە لە موزیکی سەردەمی باروک و شێوەیەکە لە دیالۆگی نێوان ئامێرەکانی موزیک، لە هەموویان ناودارتر توکاتا و فیوگە لە پەیژەی ڕێی بچووک، کە بەباڵاترین کارەکانی ئەو دەناسرێت. کۆنشیرتوی براندنبرگ کە ژمارەی شەشە و لە ساڵی ١٧٢١ پێشکێشی حاکمی براندنبرجی سەربازی کردووە، کە تێدا داوای دامەزراندن و کارێکی کردبوو، بەڵام نەک ئیشی دەست ناکەوێت، هیچ وەڵامێکیش وەرناگرێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو کارنە فڕێ نادەنە ناو تەنەکەی خۆڵەکە و لە ساڵی ١٨٥٠ و سەد ساڵ پاش مردنی هەموویان بڵاو دەکرێتەوە و ئەوانەش لووتکەی موزیکی باروک ئەژمارد دەکرێت. ئەو لە ساڵی ١٧٤٩ دووچاری نەخۆشیی دەروونی دەبێت و چاوێکی لە دەست دەدات و لە ساڵی ١٧٥٠ نەشتەرگەرییەکی لەسەر دەستی نۆژداری ئینگلیزی جۆن تیلور کە بەسەردان لە شاری لایبزگ بووە بۆ کردووە و زووتریش ئەو نۆژدارە نەشتەگەریی بۆ هاندلی دانەری موزیک کردووە، بەڵام هەردوو نەشتەرگەرییەکە سەرناکەوێت.

ئەو لە تەمەنی ٦٥ ساڵی و لە ساڵی ١٧٥٠ بە جەڵتەی مێشک و هەوکردنی سییەکانی دەمرێت، وتیان هۆکاری مردنەکەی زۆرتر سەرنەوکەوتنی نەشتەرگەرییەکە بووە، زۆرتریش ئەو ژانی هەبوو و خەمی لەوە دەخوارد، کەوا ئەو بەهرەیەکی مەزنی هەیە و نەدەکرا بەرهەمی سەرکەوتنەکانی ببینێت. ئەو قسەیەش راستە کە هەر شەش کۆنشێرتوەکانی براندنبرگ بڵاو دەبنەوە فاکتەرێک دەبێت بۆ ئەوەی وەک بلیمەتێکی موزیکی بناسرێت. بەڵام کە لە ساڵی ١٨٠٢ ژیاننامەی لەلایەن یوهان نیکۆلاس بڵاو دەبێتەوە زۆرتر ناو دەردەکات.

## هایدن باوکی سیمفۆنیا

فرانتز جوزیف هایدن دانەرێکی موزیکی نەمساییە و یەکێکە لە ستوونە دیارەکانی موزیکی کلاسیکی و بە باوکی سیمفۆنیاش ناویان بردووە، چونکە برگە کورتەکانی موزیکی کردووەتە ئۆرکسترای کورت و لەسەر شێوەی چوار جووڵەی چوار دەستەی ئامێرەکانی ئۆرکسترای سیمفۆنیا، وەک چۆن ئێستا ناسراوە کە برێتییە لە ژێی و مس و دار و تەپڵ.

جوزیف هایدن لە رۆژی ٣١ ی مارسی ساڵی ١٧٣٢ لە گوندی روهروی نزیک سنووری نەمسا و مەملەکەتی مجەر لەدایک بووە، باوکی ماتیاس هایدن لە کارگەیەکی دروستکردنی تایە ئیشی کردووە و موختاری گوندەکەشیان بووە، ماریا کۆلری دایکی چێشت لێنەری خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی نزیک خۆیان بووە، دایک و باوکەکە زوو تێ دەگەن، کەوا کورەکەیان بەهرەیەکی موزیکی مەزنی تێدایە، سەرەتا ئەوەیان لەو دۆزیوەتەوە، بۆیەش بیریان لەوە کردیتەوە کەوا مانەوەی ئەو لەو گوندەدا بەهرەی کورەکەیان پووچ دەکاتەوە، تا کورەکە لەو گوندە دەرباز بکەن خزمێکی باوکی بەناوی یوهان ماتیاس فرانک لە شاری هینبۆرگ قبووڵ دەکات، ئەو مناڵە بباتە لای خۆی، بۆیە ئەو لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە خێزانەکەی دوور دەکەوێتەوە.

لەلای فرانک کە بە چاوچنۆکی دەناسرا هایدن زۆر برسییەتی دەچێژێت و بە جل و پۆشاکە پیسەکانییەوە ئازار و نەهامەتیی زۆر دەبینێت، بەڵام فێری ژەنینی هاربسیکورد ئەو ئامێرە بووە، کە دواتر دەکرێت بە پیانوو و کەمانچەش فێر دەبێت و لەناو کۆرالی کڵێسای هینبۆرگ بەشدار دەبێت، بەو شێوەیە دوو ساڵ دەمێنێتەوە کە بەرێوەبەری کاتدرائیەی سانت ستیڤن لە ڤیەننا جۆرج ڤۆن رویتر ئەو کورە دەبینێت بایەخ بە بەهرەکەی دەدات، چونکە ئەو لە دەڤەرەکان لەدوای کەسانی بەهرەمەند لە بوارەکانی ستراندا دەگەڕا. ئیتر بەو شێوەیە هایدن دەچێتە پایەتەختی موزیک، بەڵام رویتریش وەک فرانک بایەخ بە خواردنی ئەو منالە نادات، بۆیەش ئەو بۆ پەیداکردنی خواردن و ژیانی خۆی ناچار دەبێت روو لە ماڵی ئورستقراتییەکان بکات، لەوێ ئاهەنگیان بۆ دەکات تا خواردن پەیدا بکات، کە تەمەنیشی گەورەتر دەبێت، دەنگی دەگۆڕێت و رویتریش دەری دەکات و فرێی دەداتە سەر شەقام، بەڵام هەندێ لە برادەرەکانی برێک قەرزی بۆ پەیدا دەکەن و یارمەتیی دەدەن چەند فێرکارێکی موزیکی بۆ بدۆزنەوە. بۆیەش لەودەمانە خەریکی وردبوونەوە و زۆرتر خوێندنەوەی سیستەمی موزیکی جۆرەوجۆر بووە و رۆژانە نزیکەی زۆرتر لە ١٦سەعات

ئیشی کردووە، لەودەمانەدا یەکەم ئۆپرای گاڵتەئامێزی بەناوی شەیتانە فێڵبازە نوێیەکە و پارچە قەداسییەکە لە پەیژەی فای گەورە ساز دەکات.

کە دەزانن ئەو هونەرمەندە بەهرەیەکی زۆری هەیە، میللەتەکە رووی تێ دەکەن، بۆیە کەسێکی وەک سنیور مارتینیر داوای لێ دەکات سەرپەرشتیی فێرکردنی کچەکەی بکات، لەودەمانە لەسەر دەستی هونەرمەند نیکولا باربورا فێری زمانی ئیتاڵی دەبێت و زۆرتر گۆرانییە کۆرالییەکان دەناسێت. لە ساڵی ١٧٥٥ وەچەرخانێکی مەزن لە ژیانی هایدن دەبێت و دووبارە دەچێتە ناو ماڵە گوندییەکەی پیاوێکی دەوڵەمەند بەناوی فرایفور فۆن فورنبرگ، کە سەرپەرشتیی سازکردنی ئاهەنگی بۆنەکانی دەکرد، لەو ماڵەدا چەندین بەرهەمی نووسیوە لەوانە سیمفۆنیای یەکەم و یەکەمین چوارینە ژێیەکان. پاش ساڵێک کە دەگەڕێتەوە ڤیەننا ناوی وەک ئەستێرەیەکی ناوداری هونەر دەردەکەوێت، لە ساڵی ١٧٥٩ بەخت بەڕووی ئەودا پێ دەکەنێت و دەکرێتە مایستری موزیکی ئۆرکسترایەک بەناوی مورزین. کە ئەو لەو پۆستەدا دەبێت چەند بەرهەمی ئۆرکسترایی دەنووسێت، لە ساڵی دواییدا لەگەڵ ئەنا ماریا کیلر هاوسەرگیری دەکات، بەڵام پرۆسەکەیان شادمان نابێت و ژیانێکی ناخۆش و بێ منداڵ بەسەر دەبەن، بۆیە لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە، دوایی کە سترانبێژی ئیتاڵی ناسراو لویجیا بولزیلی دەناسێت دەبێتە دۆستی ئەو، بەڵام بەردەوام پارە دەداتە ژنە تەڵاقدراوەکەی و هەتا لە ساڵی ١٧٨٠ دەمرێت.

لە ساڵانی ١٧٦٠ هەتا ١٧٩٠ لەناو کۆشکی شازادە بول ئیسترهایز لە شاری ئایزنشتاتی نزیک سنووری هەنگاریا دەژیت، زۆر کەمیش دەگەڕێتەوە ڤیەننا تا شازادە لە ساڵی ١٧٧٢ دەمرێت، ئینجا براکەی مووچەکەی ئەو سەرف دەکات و نیکولاس هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکات و دەیکاتە گەورە موزیکسازی کۆشک. هایدن لەو کەشە باش و ئارامەدا بەرهەم لەدوای بەرهەم تەواو دەکات و شێوازەکانی موزیکیش دەگۆڕیت، لەودەمانەدا دوازدە ئۆپرا و زۆرتر لە سی سۆناتای پیانووی گچکە ساز دەکات و چل لە چوارینە ژێیەکان و زۆرتر لە سەد کاری تر کە زۆریان سیمفۆنیا بوون تەواو دەکات و ١٧٥ پارچە موزیک بۆ شازادە نیکۆلاس بە ئامێری باریتون ساز دەکات کە ئەو حەزی لێ بووە.

ئیتر ناوبانگی هایدن لەناو هەموو شارەکانی ئەوروپا دەنگ دەداتەوە، هەر لە مەدریدەوە هەتا سانت پیترسبۆرگ، لە چەندین کاتدرائیەوە داوای لێ دەکرێت کاریان بۆ بکات، لەوانە لە کاتدرائیەی کادیزی ئەسپانی و کۆشکی پاشایەتیی بروسی و خانەی کۆنسیر سبربتولی پاریس. کە پێوەندی لەگەڵ فولفگانگ ئامادییاس مۆزارت دەبەستێت و لە زستانی ١٨٧١ و ١٨٧٢ زۆرتر دەیناسێت بەوەش وەرچەرخانێکی دیار لە ژیانی ئەودا روو دەدات، لەبەرئەوەی هایدن کەم سەردانی ڤیەننا دەکات، بۆیە دیمانەیان لەگەڵ ئەودا کەم دەبێتەوە، بەڵام کاردانەوەی هەردووکیان لە یەکتری زۆر دیار دەبێت و دەبێتە گۆڕانێکی زۆر لە موزیکی ئەوروپی لە سەدەی هەژدەم.

مۆزارت خۆی وتوویەتی کەوا ئەو لە هایدن فێری ژێیە چوارینەکان بووە، هایدنیش لە مۆزارت فێری پێکهاتە موزیکییەکان و پێداویستییەکانی ئۆرکسترایی بووە و ئەوەشیان لە سیمفۆنیاکانی

دوایی دیار دەکەوێت. کە هایدن مردووە بە پارچە موزیکی قەداسی مۆزارتی هاوڕێی تەرمەکەیان بەڕێ کردووە، ئەو بەرهەمەش یەکێکە لە شاکارەکانی مۆزارت.

کە شازادە نیکۆلاس لە ساڵی ١٧٩٠ دەمرێت ئۆرکسترای شازادەییەکەی هەڵدەوەشێتەوە و هایدینیش کارەکەی لەوێ نامێنێت، بۆیەش داوەتەکەی ئینگلتەرا قبووڵ دەکات و تا لەوێ شەش شاکاریان بۆ ساز بکات، کە دوایی بە سیمفۆنیاکانی سالۆمۆن دەناسرێت، داوای لێ دەکرێت سەرکردایەتیی ئۆرکسترای سالۆنی گۆڕەپانی هانۆڤەری لەندەنی بکات، بۆیە ساڵی دوایی روو لە لەندەن دەکات و لەوێ زۆر بەگەرمییەوە پێشوازیی دەکەن، زانکۆی ئۆکسفۆرد دوکتۆرای شانازی لە دانانی موزیک پێ دەبەخشێت.

کە دەگەڕێتەوە وڵات لەوێ گەنجێکی بەتوانا بەناوی لودفیگ ڤان بیتهۆڤن دەناسێت کە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووە، کانتاتا کە گۆرانییەکی خۆی بووە پێشکێش دەکات، هایدن ئەو بۆ ڤیەننا داوەت دەکات و ماوەی یەک ساڵ دەبێتە مامۆستای ئەو و ئەوەش بە روونی لە هەندێ لە شاکارەکانی بیتهۆڤن دیارن. کە کارەکانی تەواو دەکات دووبارە بۆ تەواوکردنی زنجیرەکانی سالۆمۆن کە ژمارەیان شەش دانە بووە دەگەڕێتەوە لەندەن.

لە ساڵی ١٧٩٥ هایدن لە ماریاهیف، کە یەکێکە لە گەڕەکەکانی ڤیەننا دادەنیشێت، لەوێ هەشت قەداسە موزیکییەکانی دادەنێت، هەر لەوێ سرووده نیشتمانییەکەی نەمسایی لە ساڵی ١٧٧٩ و موشحی ئوریتاریوی خەڵق لە ساڵی ١٧٩٩ و ئوریتاریوی بۆنەکان لە ساڵی ١٨٠١ کە شاکارە مەزنەکانی ئەو دەناسرێت دادەنێت. لەگەڵ تەواوکردنی ئەو کارانە تەندروستیی ئاڵۆز دەبێت و لە دانان و نمایشەکانیدا خانەنشین دەبێت، بەڵام لەناو هاوڕێیەکان و موزیکسازەکان هەروەک ناوێکی دیار و ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەبێت، وەک بلیمەتێکی مەزن رێزی دەگیرێت.

هایدن لە رۆژی ٣١ی مایوی ساڵی ١٨٠٩ لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا دەمرێت، بەڵام گەنجینەیەک کە برێتی بووە لە ١٠٤ شاکاری سیمفۆنیا و ٢٤ ئۆپرا و ٧٦ چوارینەی ژێی و ٥٤ سونات و ٣١ کۆنشیرتو و ١٦ قەداسی موزیکی و زۆرتر لە ٤٠ گۆرانیی کۆرالی و چەندین بەرهەمی تر کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٥٠ دانە لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت. هایدن پیاوێک بوو زۆر شەیدای شەراب بووە و بەشێکی زۆری مووچەی ساڵانەی بۆ ئەوە دانابوو.

لە کتێبی بیرەوەری و رۆژانەکانیدا کە فیردیناند کۆل لە ساڵی ١٨٧٨ نووسیویەتی نووسراوە، کەوا ژنەکەی هیچ رێزی لە بەهرە و شاکارەکانی نەگرتووە، وتوویانە کەوا لاپەڕەی نۆتەکانی وەک لوولەی قژلوولدان بەکار هێناوە، ئەو ژنەش تاکە مرۆڤ بووە کە هایدن لە دڵەوە رقی لێ بووەتەوە.

کە لە لەندەن بووە زۆر رێزی گیراوە و پاشا جۆرجی پێنجەم و شاژن شارلۆت بەشێکی کۆشکی ویندسوریان بۆ تەرخان کردووە، بەڵام ئەوانەی نەویستووە و لە ساڵی ١٧٩٥ گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی.

ئەو شاکارەی پێشکێشی قەیسەر فرانسیسی کردبوو کراوە بە سرووودی نیشتمانیی ئەڵمانی.

کە ناپلیۆن ڤەننا لە ساڵی ١٨٠٩ دەگرێت، فەرمان دەدات لە بەردەم ماڵەکەی ئەو پاسەوانی تایبەتی دابنرێت، ئەویش لە ماڵەوە لە سەرەمەرگدا بووە.

کە دەمرێت و تەرمەکەی دەنێژن، دوو کەسی بنەماڵەی خانەدانەکان سەرەکەی دەدزی، تا بزانن کەللەسەر و بلیمەتی چە پێوەندییەکی هەیە، بۆیەش کێشەکە دەکەوێتە دادگا و لێپرسینەوەی زۆری لەسەر دەکرێت، سەرەکە لەناو شووشەبەندێکی مۆزەی موزیکڤیرن لە ڤیەننا دادەنێن و ماوەی ١٥٠ ساڵ کەللەسەرەکە لەوێ دەمێنێتەوە و دوایی لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ جەستەکەی دەنێژنەوە.

## برامز دانەری سیمفۆنیای دەیەمی بیتهۆڤن

یوهانس برامز لە هامبۆرگ لە رۆژی ٧ی مایوی ساڵی ١٨٣٣ لەدایک بووە و باوکی یوهان یاکوب برامز موزیکساز بووە، لەسەر سێ ئامێر موزیکی ژەنیوە، یوهانا نیسینی دایکی تەونکەر بووە و حەڤدە ساڵ لە باوکی گەورەتر بووە. سەرەتا برامز لەسەر دەستی باوکی وانە سەرەتاییەکانی پیانووی فێر بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە باوکی مامۆستایەکی بەناوی ئۆتو کوستیل بۆ داناوە، کە ئەو کوڕە گچکەیە فێری موزیک بووە لە رێستورانت و تیاترۆ و مەیخانەکاندا ئیشی کردووە و پارەی وەرگرتووە، بەوەش یارمەتییماڵەوەی داوە. پاش کوستیل برامز لەسەر وەرگرتنی وانەی موزیک بەردەوام دەبێت، لە ڤیەننا لەسەر دەستی شاگردەکانی مۆزارت و شوبیرت زانستەکانی موزیک دەخوێنێت، بەوەش بەهرە و داهێنانی گەشە دەکات و لێرە و لەوێ لە هامبۆرگ نمایشی جوان پێشکێش دەکات، یەکەم جاریش تامی ناوداری لە هامبۆرگ دەکات و وەک ژەنیارێکی بەتوانا و مایسترۆیک و پێشەوایەکی تیمە کۆرالییەکان دەردەکەوێت، لەودەمانەدا کار و بەهرەی ژەنیاری هەنگاری ناودار جوزیف یواکیم سەرنجی ئەو رادەکێشێت، ئەویش بە چەند دانەرێکی دەناسێنێت، لەوانە فرانتز لیست و روبرت شومان، بۆیەش لەگەڵ شومان دۆستایەتییان پتەو و گەرم دەبێت و بایەخی زۆری پێ دەدات، ئەگەرچی جیاوازیی تەمەنیشیان زۆر بووە، چونکە برامز بیست و سێ ساڵ لەو گچکەتر بووە، ئەویش مۆژدەی ئەوەی پێ دەدات کەوا دوارۆژی گەش و داهێنەر دەبێت، ئەو دۆستایەتییەی نێوان ئەو دوو کەسە دەگاتە ژنەکەی شومان، کە پاشان دەبێتە عەشقێکی مەزن ئەگەرچی ئەو نزیکەی پازدە ساڵ لە ژنەکەش گچکەتر بوو. برامز بەدرێژاییی ژیانی ژنی نەهێناوە و هەموو نیشانە و ئاماژەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کەوا لەگەڵ کلارا شومان خۆشەویستییەکی بێگەردیان هەبووە، وەک ژنێکیش ئەو بەهرەی ژەنینی کەمانی لە پیاوان کەمتر نەبوو.

بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان خۆشەویستییەکەی نێوان برامز و کلارا یەکلایەنە نەبووە، ئەگەرچی جیاوازیی تەمەنیان زۆر بووە، برامز زۆریش بایەخ بە یەکێک لە کیژەکانی ئەو ژنە دەدات، بەڵام ئەو کەسە هەروەک دوو برادەر دەمێننەوە و هەموو کار و بەرهەمەکانی بەر لەوەی لە بەردەم خەڵک نمایش بکات پرسی بە کلارا کردووە، چاوەڕوانی رێنوێنی و تێبینییەکانی کردووە. دەڵێن برامز کۆششی کردووە بگاتە کەمال و لووتکە، ئەو لەسەر دانانی بەرهەمەکانی زۆر لەسەرخۆ و نەرم بووە، ماوەیەکی زۆر خەریکی نووسینی ئۆرکستراکانی دەبوو، جاری وا هەبووە بۆ کارێک دە ساڵ یان بیست ساڵ کاری لەسەر شاکارێک کردووە، تا بەتەواوی قەناعەتی پێ

کردووە. لە تەمەنی سی و سێ ساڵییەوە مامۆستاکەی و شومانی هاوڕێی هەستی پێ دەکەن، کەوا گەیشتووەتە لووتکەی ناوداری، ئەوەش بە تەواوکردنی (قەداسی پرسەداری ئەڵمانی) بووە، کە یەکێکە لە کۆراڵە مەزنەکانی، کە بۆ پرسە و سەرەخۆشیی دایکی خۆی و مامۆستا و هاوڕێیەکەی شومانی کردووە، کە بە نەخۆشیی سیلفیس مردووە، پاش ئەوەی ماوەی دوو ساڵ لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی دەمێنێتەوە، یەکەمین جار لەو قەداسە پرسەدارەدا زمانی ئەڵمانی بەکار هاتووە، کە زووتر تەنیا زمانی لاتینی بەکار هاتووە، بەوەش لە بازنە دانەرە موزیکە کلاسیکییەکانی کاسۆلیکی ئاسایی دەرچووە. بە دەرکەوتنی لەو شاکارەدا لە بەهرەکەی دڵنیا دەبێت، کە ئەو زۆر دوودڵ بووە و گومانی لە داهێنانەکەی خۆی هەبووە و بە پێهەڵدانی هاوڕێیەکانی دڵنیا نەبووە. پاش بیست ساڵ لە ئیشکردن لە سیمفۆنیای یەکەمی لە ساڵی ١٨٧٦ بۆ یەکەم جار ئەو بەرهەمە نیشانی جەماوەرەکەی دەدات، ساڵانێکی زۆریش ئیشی لەسەر کانتاتا (رینالدو) کردووە.

دەرکەوتنی ئەو سیمفۆنیایە بوار ساز دەکات لە ساڵی ١٨٧٧ و ١٨٨٣ و ١٨٨٥ سێ سمفۆنیای تر تەواو بکات، ئەو چوار شاکارەش بەبۆچوونی رەخنەگرەکان باشترین سیمفۆنیان.

ئەگەرچی بەرهەمەکانی ئەو زۆر کەمن و زۆریش کاری لەسەر دەکردن و ماوەیەکی زۆریان ویستووە تا تەواو بوون، ئینجا لە هەموو بوارەکانی موزیکی کلاسیکی تەنیا ئۆپرا نەبێت کاری کردووە و بەرهەمی شاکاری هەبووە. ناودارترین بەرهەمەکانی چوارینەکانی پیانووی سەر پەیژەی دۆی گچکە و پێنجینەکەی پیانوو لەسەر پەیژەی فای گچکە و پێنجینەی ژێیەکانی و چەندین چوارینەی تریشی هەبووە، دوو کاری لەسەر سۆناتای کلارنێت و پێنجینەی کلارنێت لە پەیژەی سی کردووە، بەپێی بۆچوونی رەخنەگرەکان ئەوەی دواییان یەکێکە لە مەزنترین شاکاری موزیکی سالۆنەکان، ئەویش لە هەموو خۆرئاوا بەوە ناسراوە کەوا پێشەنگ بووە لە گۆرانی نواندنی منالان، وەک گوتن ئابیند، گۆت ناخت (ئێوارەباش و شەوباش).

برامز لە شێوازەکانی داناندا کەسێکی پارێزگار بووە، هەر لە هەنگاو و بەرنامەکانی هاندل و مۆزارت و بیتهۆڤن و هایدن رۆیشتووە. ئەو هاوسۆزی رەوتی داهاتووی موزیک نەبووە کە ریتشارد فاگنری ئەڵمانی و فرانتز لیستی هەنگاری پێشەنگی بوون، بۆیەش کارەکانی ئەو بە کۆتاییی کلاسیکییەتی رۆمانسی ئەژمارد دەکرێت.

لە وەڵامی ئەوەی بۆچی ئەو هەر بڕوای بە قوتابخانەی کلاسیک بووە، ئەو وتوویەتی:

ئەگەر نەمانتوانی لە شیرینەکانی باخ و هاندل و مۆزارت و هایدن و بیتهۆڤن موزیک ساز بکەین، هەر هیچ نەبێت با وەک ئەوان بە بێگەردی ئیش بکەین.

کە رەخنەگرەکان وتوویانە ئیلهامی سیمفۆنیایەکانی سەرەتایی لە هزری بیتهۆڤنەوە وەرگیراوە و بەتایبەتی سیمفۆنیای نۆیەم ئەو لە وەڵامدا وتوویەتی:

بێگومان وایە، هەتا خەڵکە سادەکەش هەست بەو کاریگەرییە دەکەن.

بۆیەش رەخنەگرەکان ناویان لە سیمفۆنیای یەکەمی برامز ناوە، سیمفۆنیای دەیەمی بیتهۆڤن،

چونکە برامز هەرگیز نکوولّیی لەوە نەکردووە و دانی بەوە داناوە، بەوەش بەرەکەی لەبن پێی رەخنەگرەکان دەرهێناوە و خۆشی بەرامبەر بە هەوادارەکانی جوان کردووە، بۆیەش بەردەوام بووە لەسەر دانانی موزیک لەسەر ئەندێشە و دانانەکانی هاندل و هایدن. بەرهەمەکانی برامز دوورە لە پڕکردنەوە بەئاوازی دەنگ قەبەی وەک فاگنر، لەو بوارەدا نەگەیشتووەتە لووتکە، لە جیاتیی ئەوە وەک مەسەلەیەکی ئاسایی و بەسروشتییەوە کاری لەسەر دانانی موزیکی نەرم و لاسایی بیتهۆڤنی کردووەتەوە، کە بە پێشەنگی مامۆستاکانی خۆی زانیوە. بەرهەمەکانی برامز سەرەتا سەرنج ڕاکێش نەبووە، بەڵام پاش ئەوەی زۆرتر گوێی لێ گیراوە مەستبوون و شەیداییی لێ دەرکەوتووە. ئەو خۆی یەکێک بووە کارەکانی خۆی هەڵسەنگاندنەوە و رەخنەی زۆری لە بەرهەمەکانی گرتووە، سالانێکی دوور و درێژ لەسەر پرۆژەکانی بەردەوام بووە، ئەو کارانەی بە گەنجیەتی کردوویەتی هەمووی سووتاندووە و بە کاری بێ مانا و دوور لە داهێنانی زانیوە و هەستی کردووە، کەوا هەتا تەمەنی نەگەیشتووە سەرووی بیست ساڵ، کارەکانی هەموو کرچ و کاڵ و هەرزەکارانە بووە و بنەماکانی کامڵبوونی تێدا نەبووە، بۆیە زۆر لەو بەرهەمانەی نەویستووە، هەموو ئەو بەرهەمانەی بە مەزندەی خۆی نەگەیشتووەتە لووتکەی مەزنی موزیک سووتاندووە، یان ئەو بەرهەمانەی دوور بوون لە رەوتە ئاساییەکەی موزیکی کۆن فەوتاندووە، لەودەمانەش ڤیەننا پایەتەختی موزیکی ئەوروپی بووە. بۆیەش رەخنەگر و مێژوونووسان بەدڵنیاییەوە دەڵێن، ئەو بەرهەمانەی ئەو کە ئێستا ماون و شانازن، تەنیا بەشێکی کەمی بەرهەمەکانی دەبن، دەگەنە چارەگی ئیشەکانی کە لە ژیانیدا سازی کردوون.

برامز کەسێکی سادە و خاکی بووە و ئیشی بۆ ئەوە نەکردووە پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات، زۆریش حەزی لە سەیرکردنی سروشت بووە و هاوڕێیەتیی پێ خۆش بووە بەمەرجێک کار لە ئەندێشەی نەکەن، لەودەمانەی خەریکی دانانی موزیک بووە، لە ساڵی ١٨٩٧ برامز بە نەخۆشیی کانسەری جەرگ مردووە و ماوەیەکی زۆریش بەژان و ئازارەکانی ئەو نەخۆشییە نالاندوویەتی.

برامز لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا یەکەم سیمفۆنیای نووسیوە و لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا تەواوی کردووە.

کە زۆر رەخنەیان لێ گرتووە و گلەییان لەو کردووە لەسەر پابەندبوونی بە رەوتی کلاسیک، ئەو ڕووبەڕووی جەماوەرەکەی ووتویەتی:

هەموو ئەوانەی خراپەمان لەگەڵیاندا نەکردووە با لێم خۆش بن.

دانانی موزیک کارێکی زەحمەت نییە، بەڵام زەحمەت ئەوەیە پیاو بتوانێت دەستبەرداری ئەو کار و بەرهەمانە بێت، کە سوودیان نییە. ئەوەی وتووە بۆ پاکانە لەوەی کە زۆر لە بەرهەمەکانی سووتاندووە، بەو قسەیە بەرگریی لە بۆچوون و فەوتاندنی ئەو بەرهەمانەی کردووە.

بەرهەمە شکۆدارەکانی ئەو کۆرال و دەنگە تاکەکان و ئۆرکسترایییەکان کە لەسەر شیعرەکانی شیلر و گۆتە دانراون، ٤ سیمفۆنیا و کۆنشیرتوی پیانوو و ئۆرکسترایەک و زۆرتر لە ١٩٠ گۆرانی و حەوت بەرگ لە گۆرانییە میللییە ئەڵمانییەکان کە زۆر ناوبانگیان هەبووە. ئەو ٢١ سەمای

هەنگاریی ساز کردووە، کە هەندێکیان لە دانانی خۆیەتی و ژمارەیەکیش لە هونەری میللیی هەنگارییەوە ئامادەی کردوون، لەوانەی کە زۆر دەناسرێن سەمای پێنجەم و سەمای یەکەم و سەمای دووەمن، ئەو سەمایانەش لە فیلمی کارتۆنی منالآنە و فیلمە بێدەنگەکانی شارلی شاپلن بەکار هاتوون.

## بیتهۆڤن شێوازی موزیک دەگۆڕێت

هەندێک وا دەزانن مەزنترین موزیکساز یوهان سباستیان باخە، دانەری موزیکی فرەنسی کلۆد دیبوسیە ئەوی بە خواوەندی موزیک زانیوە، بەڵام هەندێکی تر مۆزارت بە مەزنتر دەزانن کە خاوەن بەهرەیەکی سروشتی بووە. بەڵام هەندێکی تر وا دەزانن بیتهۆڤن لەوانە مەزنترە. بیتهۆڤن یەکێک بوو لەوانەی رستەی موزیکیان پەرە پێ داوە و توانیبووی شێوازەکانی موزیکی بگۆڕێت، ئەوەش لەناو سیمفۆنیا و کۆنشیرتو و سۆناتای پیانوو و سۆناتای کەمان و چوارینەی ژێیەکان و موزیکی سالۆنەکان و موزیکی کڵێساکان دیارن.

ئەو هونەرمەندە کە بەرهەمی داهێنانی زۆری هەبووە، سەرەتا بە هایدن و موتسارت سەرسام بووە و لاساییی ئەوانەشی نەکردووەتەوە، ئەو لە جیهانە تایبەتییەکەی باڵی لەیەک داوە و هەزاران کاری کردووە و هەمووشیان سیمای تایبەتییان هەبووە، تا رادەیەک ئەو بوویتە پردی پێوەندیی نێوان موزیکی کلاسیکی و موزیکی رۆمانسی و لە قالبە ژمێریارییەکانی موزیکی کلاسیکی یاخی بووە.

لودتیچ ڤان بیتهۆڤن لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٧٧٠ لە شاری بۆن لەدایک بووە، ئەو دووەم منالّی خێزانەکەی بووە، کە ژمارەیان حەوت بووە و چواریان بە گچکەییەوە مردوون، ئەگەرچی رۆژی لەدایکبوونەکەی دیار و روون نییە، بەڵام دایک و باوکی سالآنە لە رۆژی شازدەی ئەو مانگە ئاهەنگی بوونیان بۆ کردووە.

یوهانی باوکی یەکەم مامۆستای ئەو بووە، کە لە گۆرانیی ئۆپرایی لە کۆشکی بۆندا ناوبانگی هەبووە، بەڵام مامۆستایەکی توندکار بووە، بۆیە ئەو لەبن دەستی رادەکات، زۆرتریش لەوە تووڕە بووە، کە هاوڕێیەکی خۆی لەسەر دەکاتە مامۆستا و ئەویش وەک خۆی کەسێکی مەست و خولیای ئەلکحول بووە، دیارە کەوا باوکیشی پیاوێکی مەست بووە، دەڵێن ئەو دوو پیاوە سەرخۆشە، ئەو منالّەیان لەناو جێگەی نووستنی قیت کردیتەوە و ناچاریان کردووە هەتا خۆر هەڵاتن پیانوویان بۆ بژەنێت. بەهرەی ئەو منالّە هەر زوو دەرکەوتووە و لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە ئۆرگۆن و فیول و پیانووی ژەنیوە، مامۆستاکەشی کریستیان نیڤە بووە، کە لەناو کۆشکی ئیمپراتۆریەت ئۆرگۆنی ژەنیوە، ئەو لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە بوویتە جێگری مامۆستاکەی و پاش ساڵێک ئەو مامۆستایەی یارمەتی داوە هەندێ لە بەرهەمە موزیکییەکان بڵاو بکاتەوە. بیتهۆڤن لە ساڵی ١٧٨٧ دەچێتە ڤیەننا چونکە لەودەمانە ئەو شارە پایەتەختی موزیک و داهێنەر و دانەرەکان بووە، بەڵام ئەو لەو سەفەرەدا زۆرتر مەبەستی بووە لەسەر دەستی موتسارت فێری موزیک ببێت، بەڵام ئەو

هەواڵنامەی کتێب

لەوەدا هەرەس دەهێنێت، چونکە تەنیا دوو هەفتە دەمێنێتەوە و بەس، بۆیەش دەگەڕێتەوە شاری بۆن، چونکە هەواڵی ئەوەی پێ دەگات کەوا دایکی نەخۆش دەکەوێت و زۆری نەماوە بمرێت، کە دایکی دەمرێت بەخێوکردنی هەردوو برایە گچکەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە باوکی بەردەوام سەرخۆش بووە و کەڵکی ئیشکردنی نەمابوو. پاش پێنج ساڵ دووبارە ئەو دەگەڕێتەوە ڤیەننا و دەبێتە فێرخواز لەبن دەستی ئەنتونیۆ سالییری، ئەوەی جێگەی رامانیش بووە، کەوا سالییری نەیار و ناحەزی زۆری موتسارت بووە، کە لەناو چینە ئورستقراتییەکە دەناسرێت و لە ڤیەننا بۆ ژیانی خۆی بەشداریی ئاهەنگەکانیان دەکات و بەوەش گوزەرانی باش دەبێت.

دەگێڕنەوە کەوا ئەو لەگەڵ کڵپەی گەرمی ئاگر و دەرچوونی خۆرا بە شادی و دڵخۆشییەوە پیانووی ژەنیوە و بەردەوام دەروازەی نوێی لەسەر کراوەتەوە، ئەو سەردەمەی ئەویان ناو ناوە قۆناخی دەستپێکردنەکە، یان سەردەمە کلاسیکییەکە لە ژیانی موزیکی ئەودا، کە لە نێوان ساڵانی ١٧٩٩ هەتا ١٨٠٢، کە تێدا ئەو شاکارانەی بەرهەم هێناوە، وەک سۆناتای هەشتەمی بیانوو (باتیتیک) و سۆناتای چواردەمی بیانوو (تریفەی مانگ) و سێ کۆنشیرتات و سمفۆنیای یەکەم و دووەم و شەش چوارینەی ژێی. لە ساڵی ١٧٩٦ەوە بیتهۆڤن هەست دەکات دەنگێک و هەژانێک لەناو گوێیەکانی پەیدا دەبێت، بۆیە لە تامکردن و بیستنی موزیک بێبەش دەبێت، بەوەش سەبر سەبر هەستی بیستن لەدەست دەدات، لە ساڵی ١٨٠٢ بەیەکجاری هیچ نابیستێت و بۆ هەردوو براکەی وەک نامەیەک و وەسیەت و کۆتاییی ژیانی دەنووسێت. بەڵام ئەو کۆڵ نادات و ورەی بەرز دەبێتەوە و دەست دەکات بە دانانی موزیک و هەموو کۆسپەکان ئازایانە دەرباز دەکات، لەو سەردەمەی کار و داهێنانەکەی بە قۆناخی ناوەندی، یان پاڵەوانیەتی ناویان بردووە سیمفۆنیای سێیەم (ئیرویکا) و پێنجەم کە دەستپێکەکەی بەناوی قەدەر لە دەرگەم دەدات و هەروەها شەشەم و حەوتەم و کۆنشیرتوی پیانووی چوارەم و پێنجەم و کۆنشیرتوی کەمان و ئۆپرا تاقانەکەی بەناوی ڤیدیلیو دادەنێت.

ئەو شاکارانە بوو ئەو دەباتە ناو گەورە داهێنەرەکان، بەڵام هەتا ساڵی ١٨١٢ بەرهەمی کەم دەبێت، ماوەیەکیش تووشی خەمۆکی و تەنیایی دەبێت، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبووە کە کەسێکی کەڕ بووە، بەڵام لە هەندێ پێوەندیی سۆزدارییەکانی سەرناکەوێت و تووشی هەندێ گرفتی یاساییش دەبێت و بەناچاریش پەروەردەکردنی برازایەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام دەتوانێت لەو رەوشە دەربازی ببێت و قۆناخی سێیەمی هونەریی لە ساڵی ١٨١٥ دەست پێ دەکاتەوە، کە بە قۆناخی کۆتاییەکان یان رۆمانسییەکە ناو دەبرێت. ئەو سەردەمەی ئیشکردن و داهێنانەکەی ئەو بە پردێک لە نێوان کلاسیکییەت و رۆمانسییەت دادەنرا و کارەکانی سۆزی قووڵی تێدا بووە و لە کۆتە کۆنە موزیکییەکان یاخی دەبێت. لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک سۆناتا کە ژمارەیان حەوتە و چەندین چوارینەی ژێی و سیمفۆنیای نۆیەمی داناوە و ئەوانەش دەرچوونێک بووە لە باوەکان و لە نەریت و شێوازە کۆنەکان دەرچووە و کۆرالی لەناو جوولەکانی داناوە.

کە سیمفۆنیای نۆیەمی پێشکێش کردووە، دەڵێن هۆڵەکە لەگەڵ چەپڵە و هوتافکێشانەکان هەژاوە، بۆیەش کە رووی لە خەڵکەکە وەرگێڕاوە و سەیری جەماوەرەکەی کردووە، لە خۆشییاندا دەستی کردووە بە گریان، چونکە نەیتوانیوە گوێی لە هاندانەکە ببێت، بەڵام دەیزانی کەوا ئەوانە چ سۆزێکی هاندان و خۆشەویستییان بۆ ئەو هەبووە. لەگەڵ خۆشیی سەرکەوتن و ناوداریییەکەی لە سنووری ڤیەنناوە بەرەو هەموو گۆشەکانی ئەوروپا لە سانتپیرسبۆرگە هەتا لەندەن دەڕوات، لە ساڵەکانی دوایی کە یاسا بەخێوکردنی برازاکەی لێ دەستێنێتەوە دڵی دەشکێت و ئازاری زۆر دەخوات، تەندروستیی بەرەو خراپی دەچێت و لە رۆژی ٢٦ی مارسی ساڵی ١٨٢٧ دەمرێت و لەدوای تەرمەکەی دەیان هەزار کەس بەشداری دەکەن، دیارە کەوا کەسی تر بەو شێوە شکۆدارە نەنێژراوە.

## ژیانی بیتهۆڤن بە چەند سەرەدێڕێک

لودڤیچ ڤان بیتهۆڤن لە ژیانیدا پرۆسەی هاوسەرگیریی نەکردووە، بەڵام لە ساڵی ١٨١٢ نامەیەکی بۆ ژنێکی نەناسراو نووسیوە، لەوێ بۆ ئەو ژنە دەستەواژەی خۆشەویستە نەمرەکەی بەکار هێناوە.

بیتهۆڤن لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، موزیکی بۆ موتسارت ژەنیوە، بۆیەش ئەو وتوویەتی: وریا و ئاگەداری ئەو کوڕە گەنجە بن، ئەوە رۆژێک دادێت هەموو جیهان بەناچارییەوە گوێی لێ رادەگرن و باسی دەکەن.

دوا بەرهەمی کە سیمفۆنیای نۆیەمە، دەڵێن زۆر لە موزیکسازەکان لەو بەرهەمە رەشبین بوون و ژمارەکەیان بە بەد دەزانی، لەوانە دانەری رووسی ئەلکسندر گلازونوف ئەوەندە نیگەران و رەشبین بووە کارەکەی تەواو نەکردووە، چونکە هەستی کردووە بە تەواوبوون ئەو بەرهەمە بیتهۆڤن دەمرێت.

بیتهۆڤن سیمفۆنیای نۆیەمی پاڵەوانیەتی، پێشکێشی ناپلیۆن کردووە، چونکە مەزندەی وا بووە کەوا ئەو سەرکردە کۆرسیکییە دەتوانێت دادپەروەری لە ئەوروپا بەرپا بکات، بەڵام دوایی کە دەزانێت ئەو سەرکردەیە کەسێکی دیکتاتۆر بووە، لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوە و پێشکێشکردنەکەی دەکشێنێتەوە.

بەرهەمەکانی بیتهۆڤن برێتییە لە نۆ سیمفۆنیا کە بە بەرهەمی موزیکی مەزن دەناسرێن و پێنج پارچە موزیکی لەسەر پیانوو هەیە، یەک پارچەشی لەسەر کەمان و چەندین پارچە موزیکی ئۆپرایی هەیە.

## تشایکوفسکی و دەریاچەی قاز

ژمارەیەک لە بلیمەتانی موزیکی کلاسیکی دانوستاندنیان لەسەر ئەوە بوو کەوا تشایکوفسکی پێشەنگ و بلیمەت بووە لە سەردەمی رۆمانسیەتی موزیکدا، هەندێکیان وتوویانە ئەو لەسەر هەوس و پێوانەکانی شکۆداری کاری زۆر هەبووە، هەندێکیش دەڵێن موزیکی ئەو جۆریک بووە لە تەنویمی

موگناتیسی.

ئەو خاوەنی چەند شاکارێکی مەزن و نەمرە وەک دەریاچەی قاز و جوانی نووستوو و سمۆرە.

تشایکوفسکی لە رۆژی ٧ی مایوی ١٨٤٠ لە شارۆکەی کامسکوی پیشەسازیی خۆرهەڵاتی مۆسکۆ لەدایک بووە، باوکی ئیلیا پیتروفیتش ئەندازیار بووە لە کانە حکوومییەکان، ئەلکسندرای دایکی رووسی بووە، بەڵام دایکی ئەو بەڕەچەڵەک فرەنسی بووە، برا گچکەکەی کە دە ساڵ لەو گچکەتر بووە نووسەرێکی درامی و وەرگێڕ بووە.

تشایکوفسکی لەبن دەستی ژنە خزمەتکارێکی فرەنسی گەورە بووە، ئەو پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ دایکی هەبووە، ئەوەش کاردانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و موزیکییەکەی کردووە، چونکە ئەو کەسێکی توندکار بووە و نەیویستووە بەنەرمییەوە لەگەڵییدا بجووڵێتەوە، ئەوەشیان کاردانەوەی نەگتیڤی دەبێت، ئەگەرچی ماوە ماوەش نەرم بووە و توندکارییەکانی لە بیر کردووە، بەڵام بەگشتی، ئەو دایکە تا کوڕەکەی ببێتە پیاوێکی چالاک و خۆڕاگر رەقکار بووە، بەڵام ژنە پەروەردکارەکە وا نەبووە. ئیتر ئەو کوڕە مناڵە لە نێوان ئەو دوو کولتوور و هەڵسوکەوتدا گەورە بووە، بۆیەش هەستەکانی دابڕان و سۆزداری و خۆشی و ئازاری رۆحی لە ناخیدا ئاوێتە بووە، ئەوەش لەناو شاکارەکانی وەک رۆمیو و جولێت و دەریاچەی قازەکە رەنگی داوەتەوە. لە ساڵی ١٨٤٨ بە ماڵەوە بەرەو سانت پترسبۆرگ بار دەکەن، پاش دوو ساڵ تشایکوفسکی دەچێتە قوتابخانەی زانستەکانی یاسا و لە ساڵی ١٨٥٩ وەک کارمەندێک لە وەزارەتی داد دادەمەزرێت، بەڵام هەر خولیای موزیک دەبێت، بۆیەش دایکی دەگێڕێتەوە کەوا ئەو بە مناڵی خەوی لێ نەکەوتووە، کە بێدار بووە تووڕە دەبێت و دەست دەکات بە گریان و بە دایکی وتووە:

من لەبەر موزیکەکە خەوم لێ ناکەوێت، ئەو خولیایە لە کەللەی داوم، ئەوە وازم لێ ناهێنێ، توخوا دایکە شتێ بکە ئەوە لە من دوور بکەوێتەوە، من هەراسانم!

بۆیە ئەو لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە فێری ژەنینی پیانوو بووە، مامۆستاکەی وتوویەتی کەوا ئەو لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە باش خوێندنەوەی نۆتەی زانیوە و باشتر لە مامۆستاکەشی موزیکی ژەنیوە، لەبەر دوو شت کە پێوەندی بە دایکییەوە هەبووە ئەو خولیای موزیک دەبێت:

یەکەمیان کە دایکی رەوانەی بەر خوێندنی کردووە، وای زانیوە کەوا دایکی دەیەوێ کوڕەکە لە خۆی دوور بخاتەوە.

دووەمیشیان مردنی دایکی بە نەخۆشیی کولێرا، بۆیەش یەکەم بەرهەمی فالتزی بەیادی دایکی داناوە.

تشایکوفسکی لەسەر دەستی نیکۆلای زاریبما هەتا ساڵی ١٨٨٢ کە ئامۆژگای کۆنسیرفتوار لە سانت پترسبۆرگ بۆ موزیک دەکاتەوە وانە دەخوێنێت و واز لە پۆستە حکوومییەکەی دەهێنێت و لەو ئامۆژگایە دەگیرسێتەوە، لەوێ بەڕێوەبەرەکەی ئەنتۆن روبنشتاین بایەخی پێ دەدات، زۆر بابەتی لە پێشڕەوایەتیی ئۆرکسترای فێر دەکات و شەرمی دەشکێنێت، ئەو گۆڕان و ئەو پێشهاتە وا دەکات دەستەی پێنج موزیکسازەکە رقیان لەو ببێتەوە کە ناودارەکەیان نیکولای ریمسکی

دانەری سیمفۆنیای شەهرەزاد بوو، ئەوانە لە مێژووی موزیکی رووسی بە دەستەی پێنج کەسەکە دەناسران، ئەوانە دەیانوت ئەو ئامۆژگایە و مامۆستاکەیان دەیەوێت موزیکی رووسی بەرەو وەرچەرخانێکی ترسناک ببات، بەڵام تشایکوفسکی بە کار و بنچینەکانی ئەوان سەرسامیش بوو، لەسەر شەرەفی ئەوان سیمفۆنیای دووەمی دەنووسێت، بەڵام هەرگیز هاوبیریان نەدەبوو چونکە ئەو دەیویست بەرەو عیرفانی دەولی بچێت و پشت لە لۆکالیش نەکات.

لە ساڵانی ١٨٦٩ هەتا ١٨٧٥ تشایکوفسکی لە بوارەکانی وانەوتنەوە و رەخنەی موزیکی و دانانا کار دەکات و سێ شاکاری ئۆپرایی دەنووسێت و لەناو رووسیا و دەرەوە دەناسرێت، لە ساڵی ١٨٧٧ کیژێکی فێرکاری خۆی حەزی لێ دەکات و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات، ئەگەر هاوسەرگیریی لەگەڵ نەکات خۆی دەکوژێت، بۆیەش بەناچاری زەواجی لەگەڵ دەکات و ماوەی نۆ هەفتە بەداماوی و ناخۆشییەوە لەگەڵی دەژیت، کە لەو جیا دەبێتەوە ویستی بۆ دەربازبوون لەو خۆی لە ئاو بخنکێنێت. ئەگەرچی مودیستی برای لەو گرفت و نەهامەتییەدا رزگاری دەکات، بەڵام ناتوانێت لە دارِمانە دەروونییەکەی دەربازی بکات، بۆیەش تشایکوفسکی بەرەو سویسرا و دواییش بەرەو ئیتاڵیا دەڕوات، لەوێ بارە دەروونییەکەی ئارام دەبێتەوە و چاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر داهێنانەکەی، لەوێشەوە پشتیوانیی کیژەکەشی هەر دەکرد، ئەویش لەگەڵ ژمارەیەک پیاوی تر ئاشنایەتی دەکات، بەرەنجام پاش تەمەنێکی دوور و درێژ لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی ژنەکە دەمرێت.

لەودەمانەدا تشایکوفسکی دەروازەیەکی بەسەردا دەکرێتەوە، ئەویش خاتوونێکی دەوڵەمەند بە ناوی مادام ناجدا فۆن میک، ساڵانە بڕێک پارەی دەداتێ تا ئەو خەریکی کاری خۆی بێت، نەک بە وانەوتنەوە و نووسینی رەخنەکان بژێت... ئەوەش بوو رووداوەکەی ئەو لەگەڵ خاتوونەکە، کە هەرگیز دیمانەشیان نەبووە، تەنیا بە نامەکان پیرۆزیی عەشقەکەیان گۆڕیوەتەوە، خاتوونەکە بەو سەرسام بووە و رێزی زۆری گرتووە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە سیمفۆنیای چوارەمی بۆ ئەو نوسیووە، واش زانراوە کەوا ماڵەوەیان بواریان نەداوە ئەو دوو عاشقە بەیەک بگەن.

لەبەر رۆشناییی چاودێری ئەو خاتوونە تشایکوفسکی نەک لەسەر رووسیا بگرە لە ئینگلتەرا و ئەمەریکاش دەناسرێت، لە ساڵی ١٨٨٥ ماڵەکەی دەگوازێتەوە خانووێکی لادێی و ژیانی تەنیایی هەڵدەبژێرێت، لەوێش سمفۆنیای مانفرید دادەنێت، کە لەسەر چامەیەکی لۆرد بایرونی درامای سازی کردبوو. لە ساڵانی ١٨٨٨ و ١٨٨٩ گەشتێک لەناو ئۆپراکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئینگلتەرا دەکات، پاش ئەوەی جوانە نووستووەکە نمایش دەکات، دەچێتە فلۆرەنسا و لەوێ ئۆپرای شاژنی کارتی گەمەکە دادەنێت و کە ساڵی دوایی لە سانت پترسبۆرگ نمایش دەکرێت. لەودەمانەش مدام فۆن میک یارمەتییەکانی لەسەر دەگرێتەوە، ئینجا یان لەبەر ئەوە بووە کە نەخۆش دەکەوێت، یان لەبەر هەژموونی ماڵەوەیان بووە، بەڵام تشایکوفسکی وای لێ هاتبوو دەیتوانی لەسەر کارە موزیکییەکانی بژیت و پێویستی بە پارەی ژنەکەش نەمابوو، بەڵام بڕیارەکە زەبرێکی توندی

سۆزداری بوو کە هەتا مردن لە بیری نەکرد.
کە لە ساڵی ١٨٩١ سەردانێکی ئەمەریکا دەکات، بەتایبەتی کە لە شانۆی موزیک هۆل کە دوایی ناوەکەی دەبێتە کارنیگ هۆل، کە یەکێکە لە هۆلە ناودارەکانی موزیکی لەسەر ئاستی هەموو ئەمەریکا، لەوێ پارە و ناودارییەکی زۆری دەست دەکەوێت، هەر لەو گەشتەدا و بۆ ساڵی دوایی ئۆپرای سمۆرەکە ساز دەکات، لە ساڵی دوایی لە زانکۆی کیمبریدج دوکتۆرای فەخری بەدەست دەهێنێت. کە سیمفۆنیای شەشەم تەواو دەکات تشایکوفسکی ئەو بەرهەمەی بە شاکارەکانی خۆی دەزانێت، بەڵام رەخنەگرەکان هێرشی دەکەنە سەر و خۆڵبارانی دەکەن، ئەویش لە خەفەتدا و تا نەخۆش بکەوێت و تووشی مەلاریا بێت، ئاو ناکوڵێت و دەیخواتەوە، بۆیەش وەک دایکی بەهەمان نەخۆشی دەمرێت، ئەوەش نۆ رۆژ پاش نمایشی سمفۆنیای شەشەمی بوو کە دواتر ناویان نابوو، بکوژەکە.

## دەریاچەی قازەکە

هەموو رەخنەگر و شارەزایان و مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا بالیەی دەریاچەی قاز ناودارترین و باڵاترین هونەرە لە مێژووی موزیکی کلاسیکی، کە لەلایەن موزیکسازی رووسی پیتر ئیلیتش چایکۆفسکی دانراوە و سیناریۆکەشی لەلایەن فلادیمیر بیچیشیڤ و ڤاسیلی جیلسترە، هەر ئەو بالیەش کە لە نمایشی کردنەوەی شانۆی بولشوی ناودار لە مۆسکۆ لە رۆژی ٢٧ی فبرایری ساڵی ١٨٧٧ەوە نیشان دراوە. بیچیشیڤ و جیلستر ئەو دەقەیان لە فۆلکلۆری رووسی و ئەفسانەی ئەڵمانی وەرگرتووە، کەرەستەی دیاری بالیەکە ئەوەیە، کەوا جادووگەرە بەدکارەکە ڤۆن روسبارت شازادە جوانەکە بە رۆژ دەکاتە قازێک و شەوانەش دەیکاتەوە ژن.
رووداو و رۆژانەکەی ئەو بالیە دەبێتە درامایەک پاش ئەوەی خۆشەویستی لە نێوان کیژەکە و شازادە سیگفرید سەرهەڵدەدات و گەرم دەبێت، بۆیە جادووگەرەکە غیرە لەو ئەڤینە دەکات. ئەو چیرۆکە لەگەڵ رۆژگار و بە دەستی دەرهێنەر و خانەکانی ئۆپرا بە چەندین شێواز نمایش کراوە، هەمووش یان زۆربەیان ئەندێشەکانیان لە نمایشی دووەمی سەر شانۆکەی مارینسکی سانت پیترسبۆرگ لە ١٥ ی ینایری ١٨٩٥ وەرگرتووە.
بەڵام ئەوەی لە دەقەکە هەموو لەسەری هاوبیرن، کەوا رەگی داستانەکە لە دەقی نووسەری ئەڵمانی یوهان کارل موزاوس (چەفییە سپییەکە) و چیرۆکێکی میللیی رووسی بەناوی مراوییە سپییەکە تێکەڵە، یەکێکە لە بالیە مەزنەکانی تشایکۆفسکی وەک بالیەی (جوانییە نووستووەکە)، کە دەریاچەی قازەکەدا رۆحی رۆمانسی سەدەی نۆزدەمە، لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و رەمزی دارستانی نقومبوو و دەریاچە و تریفەی مانگەشەو و تیشکی زیوین و ئەشکەوت و پارچەکانی دڵی شکاو بە ئەڤینە بەسۆزەکەی تێدایە.

## بالیەی قازەکە لە چوار بەش پێکهاتووە

### بەشی یەکەم

شازادە کوڕە نازدارەکەی کۆشکی پاشا سیگفرید، لە ئاهەنگی ساڵوەگەڕی بیست و یەکەمی دەگاتە ناو کۆشک، کە لەو بۆنەیەدا ئاهەنگی مەزنی بۆ ساز دەکەن، دەبێ وەک نەریتێک شازادە لەو ئێوارەیەدا، لەناو کیژە میوانەکان یەکێکیان دەستنیشان بکات و کیژەکانیش کە ژمارەیەکی زۆر لەو بۆنەیەدا بەسۆزەوە ئامادە دەبن و کۆشش دەکەن بە هەموو پێناوێک بگەنە ناو دڵی شازادە نازدارەکە، هەر لەو ڕۆژەش دایکی کوڕەکە شان بە تیروکەوان و وەک داوونەریتێکی شاهانە پێشکێشی دەکات و داوای لێ دەکات لەو ئاهەنگە هاوسەرێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت، دیارە کەوا شازادەش دڵی بەو بۆنەیە خۆش نابێت و ئارەزووی نابێت هاوسەرێک بەو شێوەیە هەڵبژرێت، بۆیە دەست بە تیروکەوانەکە دەچێتە ناو دارستانێک و لەدیار دەریاچەیەک دادەنیشێت.

### بەشی دووەم

سیگفریدی شازادە لە دیار دەریاچە مەندە ئارامەکە دادەنیشێت، کە ژمارەیەک قاز بە لەنجەولار مەلەیان تێدا دەکرد، لەناو قازەکان یەکێکیان تاجێکی لەسەردا بوو بۆیە قازە سەربەتاجەکە سەرنجی شازادە ڕادەکێشێت، زۆر لە دیار دیمەنە جوانەکە دەمێنێتەوە و هەتا کازیوەی بەیانی سەیری قازەکان دەکات، لەگەڵ خۆر دەرکەوتن لە ناکاو قازە سەربەتاجەکە دەبێتە کیژێکی زۆر جوانی ناسک، لە گێڕانەوەیەکی تردا گوتراوە، کەوا کوڕەکە بە تیرێک ئەوەی لەلایەن دایکییەوە پێشکێشی کرابوو ویستوویەتی تیرێکی تێ بگرێت بەڵام بەر لە دەرچوونی تیرەکە لە کەوانەکە، قازەکە یەکسەر و لە ناکاو دەبێتە کیژێکی زۆر جوان.

ئیتر بەو شێوەیە کیژەکە دەگاتە کن شازادەکە و باسی جادووگەرەکەی بۆ دەکات، کەوا چۆن بەندی کردووە و ئەو دەریاچەیەش گۆمێکی لە ئەشک و فرمێسکی گریاویی دایک و دڵسۆزانی ئەو قازانە کە داخ و ژانی دابڕانی ئەوانە ڕشتوویانە. کیژەکە ناوی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات و دەڵێت ناوم ئودیتە، من تەنیا بەوە لەو نەگبەتییە دەربازم دەبێت ئەگەر لە دەست ساحیرەکە ڕزگارم بکەیت و بکەومە ناو خۆشەویستی دڵی پیاوێکی خانەدانی مەزن، کوڕەکەش یەکسەر شەیدای کیژەکە دەبێت و خۆشەویستیی خۆی پێ ڕادەگەیەنێت، لەودەمانە و لە ناکاو ساحیرەکە لێیان پەیدا دەبێت و کیژەکە لەناو باوەشی شازادەکە دەفڕێنێت و فەرمان بە هەموو قازەکانی ناو ئاوەکە دەکات، کە هەموویان دەست بە سەما بکەن تا شازادە نەگاتەوە لای کیژەکە و ئەویش داماوانە بەدیار ئاوەکە و مەلەکردنی قازەکان دەمێنێتەوە.

## بەشی سێیەم

بۆ بەیانییەکەی و لە رۆژی ئاهەنگی رەسمیی جەژنی لەدایکبوونی شازادەکە، جوانترین کیژە شازادەکان ئامادە دەبن، تا ئەو یەکێکیان وەک هاوسەر هەڵبژێرێت، دیارە ئەویش دڵی لەلایەن ئۆدیتەوە رفێنرابوو، عاشقی قازە سەربەتاجەکە بووبوو، بۆیە نەیدەتوانی یەکێک لەوانە هەڵبژێرێت، دایکیشی زۆری لێ دەکات تا لەگەڵ یەکێکیان سەما بکات تا سۆزی بۆ بجووڵێت. لەگەڵ دەستپێکردنی دەنگی دەهۆڵ و موزیک لۆردە ساحیرە بەدکارەکە ڤۆن روسبارد دەگاتە شوێنەکە، کە دەستی ئۆدیلی کیژی گرتبوو، کە شێوەی کیژەکەی وەک شێوەی ئۆدیتی قازە سەربەتاجەکە لێ کردبوو، بۆیەش شازادە بەخۆشییەوە سەمای لەگەڵ دەکات و زۆریش بەگەیشتنی دڵشاد و کامەران دیاربوو، دانیش بە خۆشەویستیی خۆی دەنێت و وا دەزانیت ئەو لەگەڵ ئۆدیتە وا سەما دەکات، بەڵام خۆشەویستە راستەقینەکەی لەسەر بانێژەکەوە سەیریان دەکات، بەڵام بە دڵێکی بەژانی سووتاوە و بەرەو دارستانەکە رادەکات، کە شازادە بەڵێن بە کیژەکە دەدات و جادووگەرەکە کیژەکەی خۆی دەگێڕێتەوە سەر شێوەی جارانی خۆیەوە، بەڵام سیگفرید بەوە رازی نابیت و بەرەو دارستانەکە رادەکات تا ئۆدیت بدۆزێتەوە.

## بەشی چوارەم

ئۆدیت کیژە عاشقەکە دەگەڕێتەوە سەر دەریاچەکە و لەسەر کەنارەکە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی بە داماوی دادەنیشێت، ئەوانیش بەشداریی خەمەکەی دەکەن و ئەویش باسی فێڵەکانی ڤۆن روسبارديان بۆ دەکات، کە شازادەش دەگاتە لای باسی رووداوەکەی و فێڵەکانی جادووگەرەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و لێی دەبوورێت، بەڵام ئەو شادمانییە بەردەوام نابێت، چونکە جادووگەرەکە لەگەڵ کیژەکەی دەگاتە لایان و کە شێوەی ناشیرین و لە باڵندەیەکی خورافی بەد و ناشیرینی دەکرد، بۆیەش روسبارد داوای لە شازادە سیگفرید دەکات بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات و هاوسەرگیری لەگەڵ کیژەکەی بکات. بەڵام شازادەکە دەڵێت من دەمرم بەڵام ئەو بەڵێنە جێبەجێ ناکەم و هەرگیز لە جیاتیی ئەو نازدارە من هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کیژە ناشیرینە ترسناکە ناکەم، بۆیەش لەگەڵ باوکی کیژەکە دەبێتە شەڕەشیریان و لە ئەنجامدا ڤۆن روسبارد و کیژەکەی دەکوژرێن. بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت، گوایە سیحرەکەی بەتاڵ دەبێت کە ئۆدیت و کیژەکانی تری کردبووە قاز، لە هەندێ سەرچاوەی تریش باس لەو شەڕە نەکراوە و دەڵێت گوایە شازادەکە بۆ کیژەکە خۆی داوێتە ناو دەریاچەکە، واتە دوو گێڕانەوە هەیە، یەکێکیان باس لە خنکانی کیژەکە و شازادەکە دەکات، کە هەموو خەڵکەکە هەڵفڕینی رۆحیان دەکات بەرەو ئاسمان، هەموو خەڵکەکەش لە ئاسمانی سەر دەریاچەکە دەیانبینن.

* بەزنجیرە لە رۆژنامەی ئەلئیتیحادی ئیماراتی لە مانگی یانیری ٢٠١٢ بڵاو کراوەتەوە.

# پێوەندییە دیجیتاڵییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە چین

ئاشلی ئیساری، زانستگەی وایتمەن
چیائۆ کیانگ، زانستگەی کالیفۆرنیا لە بێرکێلی

### بەشی یەکەم

خۆشەویستیی تەکنۆلۆجیا ڕاگەیێنییە دیجیتاڵییەکان لەنێو جەماوەری خەڵکی چین بووەتە هۆی لیبراڵیزەبوونی گوتاری گشتی و دەرەتانگەلێکی نوێی لایەنگریی سیاسیی بۆ شارۆمەندان پێک هێناوە. ئەم وتارە بەمەبەستی تاقیکاریی تیۆریی ڕێژیمی زانیاری و دۆزینەوەی بەڵگەی شایانی سەرنجی پێکهاتنی گۆڕانکارییەک لە ئیمکاناتی پێوەندییە سیاسییەکاندا لە شیکاریی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکان و بلاگەکان کەڵک وەردەگرێ. پارتی کۆمۆنیستی چین کە بەڕێوەبەریی یاساکانە، هەر چۆنێک بێ، لە ڕێگەی داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی و تەکنۆلۆجێکی لە پێناو کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی دەربڕینی سیاسی وەڵامی ئەو چالێشە نوێیانەی داوەتەوە. نووسەرانی ئەم وتارە بەڵگەیەک دەخەنە ڕوو کە نیشانی دەدا ڕاگەیێنە نوێکان بە "نێتیزێن"ەکان [م. شارۆمەندانی ئینتەرنێتی] توانایی دەبەخشن و توانایی حکوومەت بۆ دانانی ئەجێندای گشتی و شکڵ پێدان بە سەرچاوە سیاسییەکان کەم دەکەنەوە.

### پێشەکی

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، کۆماری خەڵکی چین بەشێوەیەکی زۆر خێرا، زیادبوونی زانیاری و تەکنۆلۆجیای پێوەندییەکانی (ICT) ئەزموون کردووە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی رایەڵە کۆمەڵایەتییە نوێکان بە هێزی بێ وێنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شیمانەی دیاریکردنی

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

پڕوپاگەندەی زیادکراوی چین(Brady,2008; Castells, 2009). ژمارەیەک لەو کارناسانەی کە لەسەر گۆڕانکاریی پێوەندییە سیاسییەکان لە چین لێکۆڵینەوەیان کردووە، ئاماژە بە توانایی حکوومەت بۆ یەکڕەنگکردن و کۆنترۆڵی هێزی ڕاگەیێنەکان بەهۆی بەبازرگانیکردنی ڕاگەیێنەکانی ڕەوتی سەرەکی دەدەن ((Esarey, 2005; Stockmann & Gallagher, 2011; Zhao, 2008. کەسانی ترە، بۆ هێزی تەکنۆلۆجییە نوێیە ڕاگەیێنییەکان لە پێناو کرانەوەی گوتاری سیاسی و ئاسانکردنی چاودێری بەسەر حزبی کۆمۆنیستی چین ڕێز دادەنێن (Yang, 2009a; Zheng, 2008). هەوڵەکانی ئەم دواییانەی حکوومەتی دیکتاتۆری بۆ دەستەویەخەبوون لەگەڵ چالێشەکان تا ڕاگەیێنە نوێکان هەڕەشەی کۆنترۆڵی زانیارییان لەسەر بێ، هەر چۆنێک بێ پێویستی بە لێڕوانینگەلی نوێ بۆ ناسینی ئەوە دێننە ئاراوە کە چۆن خۆشەویستیی ئینتەرنێت لە سیاسەتەکانی چیندا گۆڕان پێک دەهێنێ. ئێمە بەڵگە ئەزموونییەکانی گرێدراوی کاریگەرییە سیاسییەکانی پێوەندییە دیجیتاڵییەکانمان وەکو تاقیکردنەوەیەکی تیۆریی ڕێژیمی زانیاری تاقی کردەوە و بەوەمان زانی کە شۆڕشی زانیاریی چین بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ پێوەندیی نێوان حکوومەت و بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕیوە.

بۆ ئەو سیاسەتوانانەی کە لە نەریتی لێنینیستی کۆنترۆڵی زانیاریدا نوقم بوون، ڕۆڵی حکوومەت بەڕێوەبەریکردنی ئەو زانیارییانەیە کە لە کۆمەڵگەی لە بواری میدیاوە دەوڵەمەندی چینیدا وەگەڕ کەوتوون. لە کاتێکدا تەکنۆلۆجیای پێوەندییەکان بۆ پەرەسەندنی ئابووری تۆخمێکی چارەنووسسازە، ئەوان ئەو ڕایەڵە پێوەندیکارییانەی کە هەڕەشە لە هەژموونی سیاسیی حزب (حزبی دەسەڵاتدار) دەکەن، بەهێز دەکەن. بەپێی "لاپەڕەی سپی" لە "بارودۆخی ئینتەرنێتی چین"دا کە لە ژوئەنی ٢٠١٠دا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی ئەنجوومەنی دەوڵەتەوە بڵاو کرایەوە، پتر لە ٣٨٠ میلیۆن لە خەڵکی چین یان نزیک بە ٢٩٪ی حەشیمەتی وڵات دەستیان بە ئینتەرنێت ڕادەگا. نزیک بە ٢٣٣ میلیۆن کەس لە مۆبایل کەڵک وەردەگرن و چین ٢٢٠ میلیۆن بلاگێری هەیە. "لاپەڕەی سپی"ی ٢٠١٠، ئیدیعا دەکا کە ئینتەرنێت هێڵێکی ڕاستەوخۆی پێوەندییەکانی لە نێوان دەوڵەت و خەڵک کردووەتەوە کە لە ڕێگەیەوە بۆچوونەکانی جەماوەر بەشێوەیەکی بێ وێنە وەرگیراوە. ٦٦ لە سەدی بەکارهێنەرە ئینتێرنیتییە چینییەکان، ڕوانگەکانیان لە زیاتر لە یەک میلیۆن ماڵپەڕدا دەردەبڕن و ٦٠ لە سەدی شارۆمەندانی ئینتەرنێتی وتوویانە کە ئەوان بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەمەڕ "چاودێری"ی چالاکییە دەوڵەتییەکان، لە ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرن.

دەوڵەتی چین بەپێچەوانەی ڕێژیمگەلێک وەک کوبا یان کۆریای باکور، بەشێوەیەکی قورس لەو پڕۆژە ئابووریی دەوڵەتی و ئابووریی بازرگانییانەدا سەرمایەگوزاریی کردووە کە دەرەتانەکانی کاروباری بازاڕ زیاد دەکەن و ئاستی ڕوونبوونی زانیاریی پێوەندیدار بەیاساکان و ڕێوشوێنەکان دەبەنە سەرەوە. پتر لە ٨٠ لە سەدی هەموو ئاژانسە خۆجێیی و نەتەوەییەکان ماڵپەڕیان هەیە، لە

کاتێکدا کارکردی ئەم ماڵپەڕانە لە بەراورد لەگەڵ ئەو ماڵپەڕانەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەڕێوەیان دەبەن، لە خوارن (Wu, 2009, p74).

سەرەڕای لەخۆگرتنی رواڵەتیی ئەو پێوەندییە سیاسییانەی بەهۆی تەکنۆلۆجیای پێوەندییەکارییەوەن، حکوومەت کۆنترۆڵی لەسەر ماڵپەڕەکان توندتر کردووە، ئەویش لە رێگەی یاساکانی بەرتەسککردنەوە، بەکارهێنانی فیلتێرە کۆمپیوتەرییەکان بۆ بژارکردن و لەنێوبردنی نێوەڕۆکە هەنووکەکان و بردنە سەرەوەی مۆنیتۆرینگ (چاولێکردن) لەلایەن کارمەندانی دەوڵەتی و ئۆپێراتۆرە ماڵپەڕییەکانەوە. "گوگوانگ وو" شێوازی بەڕێوەبردنی ئینتەرنێت لە چین وەکو "سیانە" پێناسە دەکات کە "پەرەسەندنی پیشەسازیی ئینتەرنێت، ڕێوشوێنە یاساییەکانی پێوەندیکاریی دیجیتاڵ و سانسۆریی سیاسی" لەخۆ دەگرێ (2009.p.74 Wu,). نموونەی دوا ئاماژە پێکراوی بانگەشەکانی "وو" بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر شوێندانەرە.

حکوومەت لە ئاستە خۆجێیی و ناوەندییەکاندا، ترافیکی ماڵپەڕەکان سانسۆر دەکات، ئەویش بەمەبەستی نەهێشتنی مەترسیی بەها کۆمەڵایەتییە سلامەتەکان، گۆڕینی مەترسییەکان، لەنێوبردنی هەوەسبازییەکان، تەمێکردنی ساختەچییەکان و سڕینەوەی بۆچوونە ناسلامەتەکانی فیرقە مەزهەبییەکان، ئیتنیکخوازەکان و چاکسازیخوازە دیموکراتەکان. یاساکان پێویستییان بە ماڵپەڕەکانە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەق لە دامەزراوە هەواڵییە فەرمییەکانەوە. ئەم ڕێوشوێنە هێڵێکی جیاکەرەوە بۆ ئەو بەرهەمە هەواڵییانە دەخوڵقێنێ کە دەستی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی و دابینکەرانی دەقیان تێدایە، لە حاڵێکدا پێڕەویکردن لێیان زۆر ناتەواوە.

رێبەرانی حزب بە چاوێکی ئەرێنی سەیری چالێشەکان بۆ سەقامگیریی سیاسی ناکەن. هەوڵە پێوەندیدارەکان لەلایەن شارۆمەندە کاریگەرە ئینتەرنێتییەکانەوە بۆ گوشارهێنان بۆ دەوڵەت لە پێناو سیاسەتی گۆڕانکاریدا، ئازاریان لێ کەوتووەتەوە. پۆلیس وەدووی بەرهەڵستکارە ئانلاینەکانەوەیە. لە نموونەیەکی وەپەڕاوێزخراودا، بلاگێرەکان و چالاکانی کۆمەڵایەتی توندوتیژیی جەستەییان دەرهەق کراوە یان خراونەتە بەندیخانەوە. هەزاران کارمەندی دەوڵەتی، شوناسی ڕاستەقینەیان دەشارنەوە و بۆچوونی نەناسراو بۆ ئاراستەکردنی بۆچوونی گشتی لەمەڕ ئەو بارودۆخەی کە مەیلی رێبەرانی حزبی کۆمۆنیستی تێدایە، دەنێرن (Bandurski, 2008). حکوومەت هەوڵ دەدا ناوی ڕاستەقینەی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکانی BBS و دەروازەی ماڵپەڕە گەورەکان تۆمار بکرێ و هەروەها دابەزاندنی نەرمەواڵە (Software) لەسەر کۆمپیوتەرەکان لە قوتابخانەکان و بارەکانی ئینتەرنێت لە سەرانسەری وڵاتدا بەمەبەستی پێشگرتن بە دەستپێڕاگەیشتن بەو ماڵپەڕانەی بابەتی هەستیاری سیاسی، مەزهەبی یان هەوەسبازییان تێدایە، پێویستە. دەوڵەتی ناوەندی بۆ پێویستکردنی دابەزاندنی نەرمەواڵەی "Green Dam Youth Escort" لە پێناو بەرتەسککردنەوەی دەرەتانی دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە "ناسلامەت"ەکان بۆ هەموو ئەو کۆمپیوتەرانەی لە چین فرۆشراون، هەوڵ دەدا کە بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی

شارۆمەندانی ئینتەرنێتیی چین، بازاڕە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتی ئەمەریکا بووەتەوە (بەڕێوەبەرایەتیی نوێنەرایەتیی بازرگانیی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٩دا، Yang 2009b).

ڕاپۆرتی ڕووناکبیرە بەرچاوە چینییەکان لەوانە مامۆستای زانکۆی پێکەن، تانک کێچائۆ، دەڵێ کە ئینتەرنێت بەهۆی کاریگەرییەکەی لەسەر شکاندنی پاوانبوونی حزبی ـ حکوومەتی جموجۆڵی سیاسییەوە، کۆنترۆڵی زانیاریی لاواز کردووە (Tang, 2009). بەپێی قسەی "دانگ گوانپێنگ"، راوێژکاری ستراتیجیکی میدیا بۆ شوورای حکوومەتی چین، پتر لە ٨٠ نووسینگەی حکوومەتی خۆجێیی بوونەتە ئامانجی ڕەخنەی شارۆمەندانی ئینتەرنێتی و یەک لەسەر سێیان بەهۆی پێکهێنانی ئانلاینی ژمارەی هەڵەیانەوە، بارودۆخەکەیان لەدەست دەرچووە (Zeng, 2009). شارەزایان هەروەها پتربوونی زۆری ڕادەیەکی مەزنی "ڕووبەڕووبوونەوە ئینتەرنێتییە گشتییەکان"یان بەڵگەمەند کردووە کە سەردانی یەک ملیۆن بەکارهێنەر یان زیاتر نیشان دەدات. لە ٢٠٠٣دا، دوو ڕووداوی لەو چەشنە ڕوویان دا. لە ٢٠٠٩دا، ژمارەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئینتەرنێتییە گشتییە رادە زۆرەکان بۆ ١٢ بەرز بووەوە. ئەم ڕووداوە گشتییەکان بوو بەهۆی هەڵوەشانەوەی ڕاگرتن و سیستمی گەڕانەوە بۆ نیشتمان بۆ کرێکارە کۆچبەرەکان، ڕاوەستاندنی ئەو پڕۆژانەی پەرەسەندنی شاری کە بە پشتیوانیی حکوومەت دەکران، چاکسازیکردن لە سیستمی دادپەروەریی تاوان بۆ کەمکردنەوەی هەڵسوکەوتی خراپی زیندانییەکان لە زیندانەکاندا، وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی کوشتنی بەرپرسێکی خۆجێیی و هەروەها لێکۆڵینەوە و بەردانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی حزبی خۆجێیی (Tong & Lei, 2010, pp. 1317).

لە وەڵامی کۆنترۆڵی توندوتۆڵی ڕادەربڕینی سیاسی، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ڕێگەکانی وەک گاڵتەنامە، لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕانە و کەڵکوەرگرتنی تەشەرلێدەرانە لە زمانی دروستی سیاسی، پەرەیان بە تواناییەکانیان لە دەربڕینی مەبەستەکانیان داوە (Esarey & Xiao,2008; Rosen, 2009). کارکردی ""ئێگائۆ" یان خۆگونجاندنی هونەرمەندانەی بەرهەمە ڕاگەیێنییە بەڕێوەبەرایەتییەکان وەکو شێوازێکی لاساییکردنەوە، یەکێک لەو نموونە ڕووخێنەرە سیاسی و کولتوورییانەیە کە ستایشی جەماوەری لێ کەوتەوە و لە کۆتاییشدا، هەوڵەکانی حکوومەتی بۆ بەرتەسککردنەوەی کارکردەکەی لە ڕێگەی پێویستکردنی داواکردنی ڕێدەرنامە لەلایەن خوڵقێنەرانەوە، لێ کەوتووەتەوە (Gong & Yang,2010;Meng,2009).

سەرەڕای هەوڵەکانی حکوومەت بۆ خودسانسۆری و ئاراستەکردنی بیروڕای گشتی، خۆشەویستیی خزمەتگوزارییە کورتەنامە لە ناکاوەکان هەروەک QQ، ماڵپەڕی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی قوتابیی زانستگە، "خیائۆنی" (www.xiaonei.net)، ماتۆڕەکانی گەڕان و ئامرازەکانی کەڵەی RSS هەروەک "بیادوو" (www.baidu. com) و ژواخیا (www.zhuaxia.com) و سیستمەکانی ئەنجوومەنی بولتەنی هەواڵی BBS بوونەتە هۆی پێکهاتنی گۆڕان لە شێوازی ژیان

و لە جیهانبینیی بەکارهێنەرە چینییەکانی ئینتەرنێت. بەپێی داتاکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨، ٨٠ لە سەدی ماڵپەڕە چینییەکان فۆرۆمەکانی BBCیان بۆ ئەوانەی ژمارەی گشتیی بۆچوونەکانی لاپەڕەی رۆژانەیان سەر لە یەک میلیارد دەدا بە ڕۆژانە ١٠ میلیۆن پۆستی نوێوە، دامەزراندووە. ماڵپەڕەکانی BBS دەستڕاگەیشتن بە دوورەدیمەنگەلێکی بەرینی ڕادەیەکی زۆر لە بابەتەکان دابین دەکەن.

ژمارەی بلاگێرە چینییەکان لە نێوەڕاستەکانی ٢٠٠٠ەوە، بەشێوەیەکی زیاتر و زیاتر پتر بوون. بەپێچەوانەی فۆرۆمی BBS کە لە هێندێ نموونەدا دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەران بەئەندامانی کۆمەڵگەیەک کە بێ ئەملا و ئەولا دەکرێ بناسرێن، بەرتەسک دەکاتەوە، بلاگێک بەتایبەتی بەهۆی تاکەکەسێکەوە وەگەڕ دەکەوێ و بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی مۆتۆڕەکانی گەڕانەوە شایانی دەستپێڕاگەیشتنە. لە کاتێکدا زۆربەی نێوەڕۆکی بلاگ بە شێوەی سروشتی تاکەکەسییە، ژمارەیەکی لە زیادبوونی ئەو بلاگێرانەی کە لەمەڕ کاروبارە گشتییەکان دەنووسن، دەبنە ڕێبەرانی بیرورِا لە کۆمەڵگەگەلێکی دینامیک و لێلکارکەریی مەجازیدا. لە ٢٠٠٩وە، خزمەتگوزارییەکانی میکرۆبلاگ لە چین تەقیونەتەوە. بەپێی "ییگوان تینگ تانک"، ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆمارکراوی میکرۆبلاگ لە ٢٠١٠دا گەیشتووە ٧٥ میلیۆن، ئەمە لە کاتێکدا کە لە ٢٠٠٩دا، ئەو ژمارەیە ٨ میلیۆن بووە.

سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ کۆنترۆڵی نێوەڕۆکی ماڵپەڕەکە بەشێوەیەکی بەرین شوێندانەرە، توانایی دەستکاریکردنی گوتاری سیاسی بەهۆی ئەو لێک گرێدراوییەوە بووەتە چالێشێک کە ئیزن بە زانیاری دەدا تا بەشێوەیەکی بەرینْ وەگەڕ بکەوێ و لە فەزای ئانلاین بۆ ڕێکخستن و وەجموجۆڵخستنی چالاکییە هاوبیروباوەڕەکان کەڵک وەربگیرێ. ئەم رایەڵە لێک گرێدراوە پێوەندیکارییانە، لە ئاستی جیهانیدا پێکەوە پێوەندییان هەیە (MacKinnon, 2008)، ئەندازەکەی بە خێرایی زیاتر و زیاتر دەبێ، سنوورگەلی نەگۆڕیان نییە و توانایی خۆڕاگرییان لە بەرامبەر هەوڵەکانی حکوومەت بۆ زاڵکردنی ئەو زانیارییانە هەیە کە لەلایەن بلۆکەکردنە فێڵبازانەکان و لە ڕێگەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە بەڕێوە دەچن (Castells, 2009.pp21-23). تەکنۆلۆجیای پێوەندییەکان بەشێوەیەکی دراماتیک تێچووی دەستڕاگەیشتن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی سیاسی کەم دەکەنەوە و هێزی هێزەکی ئاسانسازیی ڕکەبەریی سیاسیی سەلماندووە.

## تیۆری ڕێژیمی زانیاری

لەژێر ڕووناکیی باسی بەردەوامی کاریگەرییە سیاسییەکانی ڕاگەیێنە دیجیتاڵییەکان لە چیندا، ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی تەرکیزکردنە سەر تیۆری ڕێژیمی زانیارییەوە شیکاریی گۆڕانکارییەکانی پێوەندییە سیاسییەکان بکەین. ئامانجی ئێمە دیاریکردنی ئەوەیە کە ئاخۆ پێوەندییە دیجیتاڵییەکان بووەتە هۆی پەرەپێدانی ڕێژیمێکی زانیاریی نوێی چینی. چەمکی ڕێژیمی زانیاری

لەلایەن "بروس بیمبێر"ەوە ( Bruce Bimber) بۆ شیکردنەوەی کاریگەری گۆڕانکاریی بەرە بەرەی زانیاری لەسەر پێکهاتەی ڕێکخراوە سیاسییە بژاردەکان لە ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کەڵکی لێ وەرگیراوە. "بیمبێر" (٢٠٠٣) ڕێژیمێکی زانیاریی وەکو "پێوەندیی سەقامگیر لە نێوان زانیاری، ڕێکخراوەکان و پێکهاتەی دیموکراتیک" پێناسە دەکات (p.18) و تایبەتمەندییەکانی بە شێوەی خوارەوە باس دەکات:

(١) دەستەیەک تایبەتمەندیی زاڵی زانیاریی سیاسی، وەک تێچووی زۆر، (٢) دەستەیەک دەرەتان و ناچاری لە ڕووی بەڕێوەبەریکردنی زانیاریی سیاسی کە ئەو تایبەتمەندییان دەیانخولقێنن و (٣) دەرکەوتنی ڕێکخراو و پێکهاتە سیاسییە تایبەتییەکان وێڕای دەرەتان و ناچارییەکان.

بیمبێر دەپرسێ "کەی، گەر هەمیشە، تایبەتمەندییەکانی زانیاری و پێوەندییەکان بەشێوەیەکی لە ناکاو گۆڕانیان بەسەردا دێ و دواتر دەپرسێ چۆن وەها گۆڕانکاریگەلێک لەسەر سیاسەتەکان کاریگەری دادەنێن" (p.20). ناسینە پێوەندیدارەکان کە لەسەر بەرهەمە سیاسییەکان کاریگەری دادەنێن، بریتین لە: چ جۆرە زانیارییەک تا ڕادەیەک بەهادارن، یان بەدەستهێنانیان تێچوو هەڵدەگرێ یان بۆ کێ؟ چۆن دەستڕاگەیشتن بە زانیاری یان بەرتەسککردنەوەی، هێزی بژاردە سیاسییەکان زیاد دەکات؟ پێویستە جەخت بکرێتەوە کە گۆڕانی ڕێژیمی زانیاری لە ڕووی زەینییەوە لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی جیاوازە، کە ئەوەی دواتریان گۆڕینی یاسا فەرمی و نافەرمییەکانە کە پێکهاتەی لێککارکردنی ڕێبەرە سیاسییەکان و دەوڵەت و کۆمەڵگە دادەڕێژێ. گۆڕانێکی ڕێژیمی زانیاری، ئەو ڕێگە دەگۆڕێ کە خەڵک بەهۆیەوە دەستیان بە زانیارییەکان لەبارەی سیاسییەوە ڕادەگا و بەکاریان دەهێنن.

کاتێک بەکارهێنانی چەمکی ڕێژیمی زانیاری بۆ نموونەی چینی سەردەمە (١٩٤٩ تا هەنووکە)، ئەوە پێویستی بە ناسینی ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان زانیاری، ڕێکخراوەکان و بکەرە سیاسییەکان لە مێژووی چیندا لەو پێوەندییە لە ولاَتە یەکگرتووەکان زۆر جیاوازترە و ئەم جیاوازییەیش بەشێوەیەکی بەهێز لەسەر لێکەوتەکان کاریگەری دادەنێ. بۆ خستنەگەڕی ئەم چەمکە هەروەها پێویستە جیاوازییەکان لە پەرەپێدانی ئابووری، تەکنۆلۆجیای زانیاری و ئەنجوومەنە سیاسییەکان لە بەرچاو بگیرێن. لە کاتێکدا ژینگەی پێوەندیکاریی چین بەشێوەیەکی جێی سەرنج لە ڕەوتی زەمەندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئێمە ئیدیعا دەکەین کە پێناسەکردنی گۆڕانکاریگەلێکی بەڕاستی سوودمەند بۆ تایبەتمەندییەکانی زانیاری وەکو یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێژیمگەلێکی جیاوازی زانیاری، لواوە.

## ڕێژیمی زانیاری

لە دامەزراندنی کۆماری خەڵکی چینەوە، پێوەندییە سیاسییەکان سێ گۆڕانکاریی مەزنی ئەزموون

کردووه، یەکەمیان پاش دامەزراندنی سیستمێکی پڕوپاگەندەی نەتەوەیی لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی چینەوە (CCP) ڕووی دا. دەکرا چی لێ ببینرێ کاتێک یەکەمین ڕێژیمی زانیاریی وڵات لە ١٩٤٩ تا ١٩٧٨وە، هەمان بارودۆخی پڕوپاگەندەی شێوازی سۆڤیەت بوو. ستراتیجییەکانی بەڕێوەبەریی زانیاریی سیاسی لە کۆماری خەڵکی چیندا، ڕەنگدەرەوەی ڕێوشوێنە لێنینیستییەکان بوو. حزبی کۆماری خەڵکی چین وەکو حزبی پێشڕەو مافی دیاریکردنی ئەوەی هەبوو کە چ زانیاریگەلێک بۆ جەماوەر، کادیرەکان و ڕێبەرانی حکوومەت گرینگترن. ڕۆژنامەکان، کۆوارەکان و ڕادیۆ لە ماوەی گۆڕانکاریی سۆسیالیستی وڵاتدا وەکو وتەبێژی حزب خزمەتیان دەکرد. زانیارییەکان لەلایەن سیستمێکی پڕوپاگەندەی حزبسەروەرەوە پێناسە دەکران (لەوانە قوتابخانەکان، ئەنجوومەنەکانی دۆزینەوە، ستۆدیۆکانی فیلم و تەنانەت تیمە وەرزشییەکان). ئەو هۆکارە بنەڕەتییانەی ڕێژیمی زانیاریی "I"یان لێ کەوتەوە، لە بەردەستدابوونی ڕاگەیێنە چاپی و دەنگوڕەنگەکان بۆ وەجموجۆڵخستنی سیاسی و توانایی حکوومەت بۆ زاڵکردنی هەموو بەرهەمە ڕاگەیێنییەکان بوون. زیاد لەوە، ئایدیۆلۆجیی مارکسیست ـ لێنینیست ـ مائۆئیستی چین و هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکی، چینی لە باری سیاسییەوە لە بەرەی سۆڤیەتدا جێگیر کردبوو و بۆ سەرنج ڕاکێشی کۆنترۆڵی زانیاری، سیستمێکی شێوازی سۆڤیەتی دروست کرد. ئەو بارودۆخی پڕوپاگەندەیە هەم بەهۆی وەجموجۆڵخستنی سیاسی و هەم بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە زۆر یارمەتی بە دروستکردنی حکوومەت کرد.

ڕێژیمی زانیاریی "I"، هەر چۆنێک بێ، تێچوویەکی زۆری مرۆیی داسەپاند. بۆ خستنەڕووی تەنیا نموونەیەک، گەورەنیشاندنی ڕاگەیێنیی زۆربوونی بەروبوومی وەرزێڕی لە ١٩٥٨دا، بوو بەهۆی دابینکردنی لە ڕادەبەدەر و بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری دانەوێڵە کە خراپترین قاتوقڕی لە مێژووی جیهاندا لێ کەوتەوە. سەرەڕای نیشاندانی هێندێ بوێری بۆ دژایەتیی دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی چین بە شێوەی ڕاستەوخۆ ـ بەدەر لە ماوەی خولی شۆڕشی کولتووری کە ڕادیکاڵە لاوەکان هێرشیان کردە سەر ڕێبەرە حزبییە دیارەکان ـ کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی توتالیتاری هیچ کات بەتەواوی بێدەنگ نەبوو. زانیارییەکانی ئەم دواییانەی پێوەندیدار بە "دەورەی موا" ئەو پێشنیازە دەخاتە ڕوو کە کۆنترۆڵی توندوتۆڵی زانیاری لەوانەیە ڕوو لە دەسەڵات بکاتەوە و زۆربوونی دەنگۆی لێ بکەوێتەوە، وەکو لێکەوتەکانی بەرخۆدانی سیاسی (Smith, 2006, 2008).

## بەبازرگانیکردنی ڕاگەیێنەکان و گۆڕانی ڕێژیمی زانیاری

لە ١٩٨٠کاندا، چین بەتەواوی بەرەو بوون بەئابوورییەکی بازاڕ هەنگاوی نا. ڕاگەیێنەکان ڕەهەندی بازرگانییان گرتە بەر و لە باری ماڵییەوە پشتئەستوور بەخۆیان بوون. ئەو ڕاگەیێنە چاپی و دەنگوڕەنگییانەی پشکی حکوومەت بوون، لەسەر بنەمای داهاتی ڕێکلامکردن پەرەیان سەند، جگە لە هێندێ نموونەی تاقانە، هەموویان بەتەواوی سوبسیدی حکوومەتییان لێ سەندرایەوە. ڕاگەیێنە

چینییەکان بۆ خودسانسۆری هاندەری ماڵییان وەردەگرت و کاتێک پێڕەوییان لە ئاراستە حکومەتییەکان نەدەکرد، سزا دەدران. ڕاگەیێنە گشتییەکان هەواڵگەلێکی زیاتر ناسیاسی و ناکێشەخولقێنیان بەرهەم هێنا و جەختیان لەسەر بواری سەرقاڵکەرانە کردەوە، بەتایبەت ڕۆژنامەکانی شێوازی پرۆێنەی "مێترۆ". چاکسازیی ڕێکخراوەیی لە پیشەسازیی ڕاگەیێنەکاندا، ڕێژیمی زانیاریی "II"ی لێ کەوتەوە.

وەک لە خشتەی (١)دا تیشک خراوەتە سەری، ناناوەندگەرایی (دێسانترالیزم)ی کۆنترۆڵی سیاسی لەسەر ڕاگەیێنەکان ئەو ئیزنەی بە دەوڵەتە خۆجێیەکان دا کە لەپاش چەسپاوییەکانی کەمپەینەکانی سەردەمی مائۆ، دەسەڵاتی سیستەمی پڕوپاگەندەی خۆیان ڕۆ بنێنەوە. "ڕۆژنامە حزبییەکان" وەکو "دەربڕی"ی کومیتە حزبییە خۆجێیییەکان زیادیان کرد. ژمارەی ڕۆژنامەکان لە ١٩٨٠کاندا بە هۆی هۆکاری "هەشت"ەوە و ژمارەی تەلەڤزیۆنەکان تا ڕادەیەک بە هۆی هۆکاری "دە"وە زیادیان کرد - پەرەسەندنەکەی لەلایەن بەڕێوەبەریی شێوازی هاریکاریی ڕاگەیێنە نوێیە حکومەتییەکانەوە جێبەجێ بوو. گۆڕانکاری لە ڕەهەندی بازرگانیی پیشەسازیی ڕاگەیێنەکانی چیندا، حکومەتی هان دا تا دامەزراوەگەلێکی نوێ دامەزرێنێ کە توانایی چاوەدێریکردنی نێوەڕۆکە سیاسییەکانیان هەبێ وەک "بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە" (GAPP) و بەڕێوەبەرایەتیی حکومەتیی ڕادیۆ، فیلم و تەلەڤزیۆن (SARFT)، لە کاتێکدا حکومەتی خۆجێیی دەسەڵاتی سەرەتاییی بەسەر بەڕێوەچوونی ڕاگەیێنە ڕۆژانەکاندا هەبوو (Zhongguo guangbo nianjian, 1987.p. 38).

بەڕێوەبردنی حکومەتی چاپەمەنییەکان لەگەڵ یارمەتیدان لەلایەن کۆمیتە حزبییەکان جێی خۆی کردەوە کە مەبەستی هاندانی "ئەندێشەی ئاراستەکردنی پرۆفیشناڵ" بوو. "گرووپە بچووکەکانی هەڵسەنگاندنی ڕاگەیێنەکان" بەمەبەستی چاودێریکردنی ڕاگەیێنەکان بۆ دڵنیایی لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی نێوەڕۆکی حزبی کۆمۆنیستی چین پێک هێنران. سەرەڕای ئەوەی بە بازرگانیکردن، ئاستی داهاتی ڕێکلامکردنیان بەرز کردەوە، هەروەها سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پڕوپاگەندەی بۆ زیادکردنی باری سەرنجڕاکێشی بۆ بەکارهێنەرانی ئاسان کرد (Barmé, 1999; Brady, 2008). بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی هێندێ لە کارناسان (Gilley, 2004; Lynch, 1999)، هێزی حکومەت بۆ کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی بەهۆی ڕاگەیێنە بازرگانییەکانەوە بەکردەوە بە تێپەڕبوونی کات زیادی کرد، هەروەک چۆن دەستڕاگەیشتن بە ڕاگەیێنە گشتییەکان پەرەی سەند.

ڕێژیمی زانیاریی "II"، یارمەتیی بە پەرەپێدانی ئابووری و کۆنترۆڵی زانیارییە هەستیارەکان بە شێوەی سیاسی دا کە پێشی بە پشتیوانیی جەماوەری لە بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکان دەگرت، بۆ نموونە حزبی دیموکراسیی چین. ئەو کارە، توانایی پووش بەسەرکردنی زانیارییە پێوەندیدارەکان بە ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتیک و بەرهەمهێنانی پشتیوانیی جەماوەری بۆ دانی کاروبارە

حکوومەتییەکان بە پشکی تایبەتی ـ کە دەیان میلیۆن کەسی لە کاری باش، مافی خانەنشینی و سوودمەند بوون لە سلامەتی بێبەش کرد ـ بە حزبی کۆمۆنیستی چین بەخشی.

هەر لەو کاتەدا، بە بازرگانیکردن هاندەرەکانی بۆ ژێرکۆیەکی ڕاگەیێنەکان گۆڕی کە ڕاپۆرتە ئازاد و کەمتر دەمارگیرانەکانیان وەکو سوودمەند ناسران. کاتێک پێکهاتەی دەرەتانی سیاسی ئیزنی دا، ئازادیی ڕاگەیێنی زیاتر سەری هەڵدا، لە کاتێکدا بەرپرسانی خۆجێیی پتر لە بەرپرسانی ناوەند بەهۆی ڕاپۆرتدانی لێکۆڵینەوەییەوە تووشی چالێش بوون. پێڕەوی بەرتەسک لە هێڵی حزب هەمیشە بەسەر مافی جەماوەر بۆ زانینی بابەتەکان دەسەڵاتی نەدەکرد، بەتایبەت کاتێک کە ریسکی پاڵەپەستۆکان بۆ ڕاپۆرتدانێک کە تووڕەیی حکوومەتی لێ دەکەوتەوە، لە خوار بوو و داواکاریی جەماوەر بۆ هەواڵەکان زۆر بوو. زۆربەی کارناسانی پێوەندییەکانی چین لەسەر ئەوە هاوڕان کە بەبازرگانیکردن، پشتیوانیی جەماوەری بۆ دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی چین بەهێز کردووە (Brady, 2008; Stockmann & Gallagher, 2011; Zhao, 2008).

## پێوەندییە دیجیتاڵییەکان و گۆڕانی ڕێژیمی زانیاری

سێندێرۆمی هەناسەکێشانی زۆر توند (The Severe Acute Respiratory Syndrome)(SARS)، لە کۆتاییەکانی ۲۰۰۲دا لە پارێزگای "گوانگدانگ" سەری هەڵدا و، لە کاتی گۆڕانکارییەک لە دەسەڵاتدا، کە دانانی وەزیر و سەرکۆماری نوێ، هوو جینتائۆ بوو، بوو بەمەترسییەک بۆ سەر ڕێبەریی حزبی کۆمۆنیستی چین. پڕوپاگەندەکەرانی حکوومەتی لەوە تۆقان کە ترس لە بڵاوبوونەوەی ئێپیدێمییەکە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی. پاش دەورەیەکی ئازادیی ڕاگەیێنەکان لەبارەی SARSەوە لە سەرەتاکانی ساڵی ۲۰۰۳دا، بەڕێوەبەرایەتیی پڕوپاگەندە بڕیاری بە ڕاگەیێنەکان دا تا سەرپۆش بخەنە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە کە دواجار ۸٤۲۱ کەسی لە سەرانسەری جیهاندا خستبووە ژێر کاریگەرییەوە و ۷۸٤ کەسیشیان بە هۆی ئەو ڕووداوەوە مردبوون. کاتێک پزیشکی سەربازی، جیانگ یانیانگ، زانیارییە پێوەندیدارەکان بە شاردنەوەی ڕاستییەکان لەمەڕ ئێپیدێمییەکە بۆ ڕاگەیێنە بیانییەکانی لەقاو دا، هەواڵەکە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە گەڕایەوە چین و دەوڵەتی ناوەندی ناچار بە دداننان بە خراپیی بارودۆخەکە و سزادانی بەرپرسە پلەدارەکان وەکو قەڵغانێکی بەرگریکەر کرد (Esarey, 2005).

لە بەهار و هاوینی ۲۰۰۳دا، هاواری جەماوەری بۆ کوشتنی "سوون ژیگانگ" کە تازە زانکۆی تەواو کردبوو و لەبەر هەڵنەگرتنی کارتی پێناسی دانیشتن لە شاری "گوانگ ژوو" دەستبەسەر کرابوو، دەوڵەتی ناوەندی ناچار بە چاکسازی لە ڕێوشوێنە پێوەندیدارەکان بە کرێکارانی کۆچبەر کرد (Liebman, 2005). ڕووداوی "سوون ژیگانگ" وەکو یەکەمین ڕووداو لەو ژمارە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاترانەی ڕووداوە قەبە گشتییە ئینتەرنێتییەکان دەرکەوت کە بۆ دانی ئیمتیازی سیاسیی گەورە پاڵەپەستۆیان دەخستە سەر حکوومەت Tong & Lei, 2010. ڕووداوەکە هەروەها مزگێنیدەری

مردنی ڕێژیمی زانیاریی "II" بوو و نیشانەکانی سەرهەڵدانی سەردەمێکی دەرخست کە لەودا پێوەندییە دیجیتاڵییەکان لەسەر لێکەوتە سیاسییەکان کاریگەری دادەنێ.

## بەهێزکردنی شارۆمەند لە چینی دیجیتاڵیزەکراودا

لێکۆڵینەوەی بیمبێر لەبارەی ڕێژیمەکانی زانیارییەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باس لەوە دەکات کە تەکنۆلۆجییە ئینتەرنێتییەکان دامەزراوەکانی، جا بەسەرچاوەگەلێکی ماڵی و دامەزراوەییی هەژار یان نێونجییەوە لە پێناو وەجموجۆڵخستنی پشتیوانەکان لە پانتاییەکی گەورەتر لەوەی لە شێوازە نەریتییەکەیدا وەک تەلەفۆنکردن یان پارەدان بۆ ڕێکلامکردن لە ڕاگەیێنە گشتییەکاندا دەلوا، بەهێز کردووە. گرووپە مەدەنییەکان بە سەرچاوەگەلی زیاترەوە دەتوانن لە بواری پەرەپێدانی رایەڵە دامەزراوەییەکان و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیاکانی پێوەندیکاری و زانیاری بۆ پێناسەکردن و وەجموجۆڵخستنی پشتیوانەکان بۆ پانتاییەکی تەنانەت گەورەتر لە پێشوو بە قورسی سەرمایەگوزاری بکەن. ئەو دامەزراوانەی لە بواری سەرچاوەکانەوە دەوڵەمەندن، هەروەها پەنا دەبەنە بەر ڕاگەیێنە گشتییەکان. بە دەربڕینێکی تر، دەستپێکی ڕاگەیێنە دیجیتاڵییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا وەکو زەوی یاری لەنێو دامەزراوە سیاسییەکاندا نەدەژمێردرا. لێکۆڵینەوەکەی بیمبێر بەوەی زانی کە "ئەو NGOگەلەی لە بوونی سەرچاوەدا دەوڵەمەندن و زیاتر سەقامگرتوون، لەنێو کەڵک لێ وەرگیراوە زیاتر شوێندانەرەکانی تەکنۆلۆجیی زانیاریی نوێدان" (Bimber, 2003, p.234). ئەمە لە بەشێکدا بۆ توانایی NGOکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە جۆرە جیاجیاکانی "دامەزراوە سیاسییە پۆست بروکراتیکەکان"، یان ئەو چالاکگەرایییە دەگەڕێتەوە کە پێویستی بە ناسینی سنوورە دامەزراوەیییەکان بە شێوەیەکی ڕوون نەبووە و لە هاریکاری یان بەستراوەیی فەرمی کشاوەتەوە و خوازیاری سەرنجی ژێرکۆ تایبەتییەکانی ئەندامان یان پێوەندیدەران بووە. دامەزراوەی پۆست بروکراتیک توانایی بە وەڵامگەلی ئۆپۆرتۆنیستانە و لە کاتی خۆی بە ڕووداوە سیاسییەکان دەبەخشێ، لە حاڵێکدا دامەزراوەی سیاسیی "بروکراتیک" پێویستی بە سەرچاوەگەلێکی مادی شایانی ناسین، پێناسەگەلێکی چوارچێوەدار بۆ سنوورەکانی ئەندامگیری و دامەزراوەیی و کردارگەلێکی گونجاو بۆ بوون بە ئەندام لەسەر بنەمای ئەو خاڵە پلەبەندیکراوانەیە کە لەلایەن ڕێبەرییەکی ناوەندییەوە پێناسە کرابێ (p.105).

لە چیندا، دامەزراوە ناحکوومەتییەکان بوونێکی نایاسایی و شاراوەیان هەیە کە ئەمەیش تواناییيان بۆ زۆرکردنی بودجە، زیادکردنی ئەندام و پێوەندیگرتن لە ڕێگەی ڕاگەیێنە گشتییەکانی ڕەوتی سەرەکییەوە زۆر بەتوندی بەرتەسک دەکاتەوە مەگەر لە ڕێگەی بەستراوەییی نافەرمی و وتووێژە جاروبارەکانەوە. بەهۆی میراتی لێنێنیزمەوە، دامەزراوە حکوومەتییەکان بە شێوەیەکی باو پێوەندییان لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو یارییەکی سیفر ـ کۆ (zero-sum game)

دەبینین کە لەودا بەهێزکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە واتای لەدەستچوونی دەسەڵاتی حکوومەتە. لەم پێکهاتەدا، لەگەڕبوونی ئینتەرنێت، بلاگەکان و ماڵپەڕەکانی دامەزراوەکان دەبێتە هۆی زۆربوونی سەرچاوەکان بۆ چالاکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو خستنەڕووی کێشە سیاسییەکان، ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان و دەستڕاگەیشتن بەو ئەجێنداگەلەی پێوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە (Yang,2009a). بەم پێیە، حکوومەتی چین خۆی لەگەڵ خۆشەویستیی کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیاکانی پێوەندییە نوێکان ڕێک دەخات، ئەویش لە ڕێگەی لەنێوبردنی تواناییان بەمەبەستی ئاراستەکردنی بیروڕای جەماوەری بەهۆی ئەو دامەزراوانەی کە لە سەردەمی ڕێژیمەکانی زانیاریی "I" و "II"دا کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە.

هەر لەو کاتەدا، زاڵبوونی حکوومەتی بەسەر زۆربەی چالاکییە سیاسییەکان و ڕاگەیێنە فەرمییەکاندا بەو مانایەیە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە چیندا لە بەراورد لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دیموکراسییەکاندا، لاواز ماونەتەوە. هێشتا قەدەغەکان لەسەر ئەو دامەزراوە سیاسییانەی کە بەستراوەی دەسەڵات نین و پاڵەپەستۆ لەسەر ڕێبەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە دەگەیەنێ کە نزیک بە تەواوی دامەزراوە سیاسییەکان لە چیندا لە جۆری پاش بۆرۆکراتیکن کە داخوازیگەلێکی خۆڕسکیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو شارۆمەند و خەڵکانەدا هەیە کە لەو باوەڕەدان کردەوەی حکوومەت (یان نەبوونی کردەوە) دەبێتە هۆی لە مەترسیی کەوتنی ئۆگرییەکانی گرووپە ئیتنیکییەکان و هاوولاتییانی چینی مامناوەندی. ڕەخنەگرانی حکوومەت لە فەزای ماڵپەڕدا پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر حکوومەت بۆ ناساندنی سیاسەتەکانی و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی کردەوەکانی کارمەندەکانی لە ئاستەکانی حکوومەتە پارێزگاییەکان یان ژێرکۆکانی. حکوومەت بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنی پەرچەکرداری بەنیسبەت ئەو داخوازییە پلۆرالیستییانەی کە لە ڕەوتی ئیدانەکردنی گەندەڵی و کەڵکی نابەجێ لە دەسەڵات دێنە بەرباس، لەژێر پاڵەپەستۆدایە.

دەوڵەمەندیی پەرەسەندووی شارۆمەندە چینییەکان و هەر لەو کاتەدا دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆجیای پێوەندیکاریی دیجیتاڵ بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕێژیمی زانیاریی III: سەردەمی دیجیتاڵ. لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، میلیۆنان شارۆمەند دەستیان بە تەلەفۆن، مۆبایل و کۆمپیوتەری تاکەکەسی ڕادەگەیشت و پارەی مانگانەیان دەدا بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتێک کە لەباری باندەوە بەرینە. دەرسەدێکی زیاتر لە شارۆمەندانی چین دەستیان بەو تەکنۆلۆجیایە ڕادەگەیشت کە ئەو تواناییەی پێ دەبەخشین کە ڕوانگەکانیان لە ڕێگەی ڕایەڵە دیجیتاڵییەکانەوە لە سەرانسەری وڵاتدا و لە ڕاستیدا لە سەرانسەری جیهاندا دەرببڕن. بەرەنجامەکەی، دەربڕینی ئازادانەی بیر و بۆچوونی گشتی بووە، لە کاتێکدا وتاردانی ئازادانە دەتوانێ بەهۆی سانسۆری کۆمپیوتەری و پاڵەپەستۆهێنان بۆ جیابیرەکان، شتێکی کاتی بێ.

بەپێچەوانەی تیۆرییەکانی تری گۆڕانکاریی سیاسی، تیۆریی ڕێژیمی زانیاری لەسەر

وەگەڕکەوتنی زانیاری لە نێوان شارۆمەندان و حکوومەتدا تەرکیز دەکات. ئەوە جەخت لەسەر ڕێگەگەلێک دەکاتەوە کە لەودا دامەزراوە نێوبژیوانەکان وەک ڕاگەیێنە هەواڵییەکان، فۆرۆمەکانی BBS و ماڵپەڕەکان بەرهەمی کەرەستەکانی گۆڕانکاریی زانیاری لە کۆمەڵگایەکدان. تیۆری ڕێژیمی زانیاری هەروەها ئەوە نیشان دەدا کە چۆن ئەنجوومەنە حکوومەتییەکان زانیارییەکان بەڕێوە دەبەن و بەم هۆیەشەوە دەرەتانە سیاسییەکان بەرتەسک یان بەربڵاو دەکەن.

خشتەی ١- ڕێژیمەکانی زانیاریی چینی

| دامەزراوە زاڵەکان | دەرەتانەکان و بەربەستەکان | ئامرازەکان | هۆکارەکان | جۆری ڕێژیمی زانیاری |
|---|---|---|---|---|
| بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی پروپاگاندا، ڕۆژنامەی "پیپڵ دەیلی"، ئاژانسی هەواڵی جینهووا | زانیارییە سیاسییەکان کە حیزب بەسەریاندا زاڵە، زانیاری لە سەرەوە بۆ خوارەوە بڵاو دەبێتەوە، تێچووی دەستڕاگەیشتنی ناناوەندی زۆرە، ڕاگەیێنەکان لە لایەن حکوومەتەوە سوبسید وەردەگرن | سیستمی پروپاگاندا کە حکوومەت بەسەریدا زاڵە (لەوانە قوتابخانەکان و توێژینەوە)، چاپەمەنی و ڕاگەیێنی دەنگ و ڕەنگ و فیلم بۆ وەجموجۆڵخستن، رایەڵە پێوەندیکارییە تاکەکەسییەکان | ژێئۆپۆلیتیک، ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی، تێکنۆلۆژیی چاپی و دەنگ و ڕەنگ | بارودۆخی پروپاگاندا بە شێوازی سۆڤییەت (١٩٤٩–١٩٧٨) |
| بەڕێوەبەرایەتیی پروپاگاندای ناوەندی، جی.ئەی.پی.پی، ئێس.ئەی.ئێر.ئێف.تی، یووپینگ جیاوزۆ (گرووپە بچووکە بەهادارە ڕاگەیێنییەکان)، چاپەمەنییە پڕزریقەوبریقەکان ، گۆڤارەکان، | بەرهەمی پێکهاتەی هاندەرانە و خودسانسۆری، ڕکەبەری بازاڕ، ڕاگەیێنەکان خۆیان پێویستییەکانیان دیاری دەکرد بەڵام بۆ ڕەچاوکردنی هێڵە ڕێنوێنیکەرە روونەکان لە ژێر گوشاردا بوون | چاکسازی لە ڕاگەیێنەکان، هاوبەشی یەکیەتییەکانی ڕاگەیێنەکان لەگەڵ بازاڕی بەریندا ، فرۆشتنی ریکلامی بازرگانی دەبێتە هۆی کەمڕەنگبوونەوەی کونترۆڵی حکوومەت لەسەر | ناناوەندگەرایی، ستراتیژیی بەڕێوەبەریی کاپستالیستی | ڕاگەیێنە بازرگانییەکان (١٩٧٩–٢٠٠٢) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆنی ناوەندیی چین<br><br>وەزارەتی پیشەسازیی زانیاری، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی شوورای حکوومەتی، سی.پی.دی، ماڵپەڕە بەرینەکان بۆ دروستکردنی ماڵپەڕی دیکە بە هۆیانەوە، ماڵپەڕ و وێبلاگە ڕاگەیێنییەکان، دامەزراوە حیزبییە شاراوەکان بۆ کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی | یاسا حکوومەتییەکان کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت بەرتەسک دەکەنەوە، پێوەندیکاریی خێرا بە هۆی تاکەکەسەکانەوە، دەربڕینی سیاسی ئازادانە، زانیاری لەبەردەستی زیاتر، وەجموجۆڵخستنی زیاتر، بەربەستی فەرمی کەمتر لە بەردەم ڕاگەیێنە حکوومەتییەکاندا | تاکەکەسەکان و نیوەڕۆک، بابەتە ناسیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرین کاریان پێدەکرێ<br><br>فرەیی زانیاری و تێکنۆلۆژیای پێوەندیکاری، مۆبایل و کامپیۆتێری تاکەکەسی، ڕاگەیێنە پێوەندیدارەکان لەگەڵ ماڵپەڕ، حکوومەتی دیجیتاڵی | بەرزبوونەوەی ئاستی سامانی تاکەکەسی، خێراتربوون و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندیکاری | سەردەمی دیجیتاڵ (لە ٢٠٠٣ وە تا هەنووکە) |

# جیهانی سێیەم
# لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە

ئەنتۆنیۆ کابالێرۆ

سەدان ساڵی پێ چوو هەتاوەکو کەپیتالیزم شێوەیەکی شارستانیی وەرگرت. لێ دیسانەوە ئێستا بەهەمان دڕندەییی خۆی دەردەکەوێتەوە، ڕاست وەکو ساڵانی یەکەمی کەپیتالیزم. ئەمەریکای لاتینیش باشترین نموونەیە.

هەواڵنامەی پێشڕەو

بۆچی کەپیتالیزم تووشی ئەم تەنگژەیە بوو؟. کەپیتالیزم کەوتە ئەم تەنگژەیەوە، چونکە ئەو شێوازەی گرتە بەر، کە کەپیتالیزم لە گیتیی سێیەمدا پێڕەوی دەکات. دیسانەوە کەوتە هەژارکردنی خەڵکی و، هەوڵدان بۆ چۆنیەتیی لەناوبردنی ئەوانی تر.

من لە ئەمەریکای لاتینەوە دەنووسم. ئەم ناوچەیە پاش ئەوەی کە هەموو خەونەکانی بەدیهاتنی سۆسیالیزمی ریالیست لەناوچوو، ئینجا پڕۆژە ئابوورییەکانی واشینتۆن بەناوی Washington Consensus دەرکەوتن. کە ئەمەش ناوی ئەو پرۆگرامە ئابوورییەیە، کە ئەمەریکا بۆ ئەم ناوچەیەی داناوە. دیارە لەناو ئەم پرۆگرامەشدا، کۆمەڵێک داواکاریی پێویست هەیە، کە دەبێت ئەو دەوڵەتانەی شموولی ئەم پرۆگرامە دەکەن، ئەو مەرجانە جێبەجێ بکەن. دیارە ئەم مەرجانەش هەموو لە واشنتۆن دانراون.

لە ڕاستیدا ئەم مەرجانەی کە لەم پرۆگرامەدا نووسراوە، هەمان ئەو پرۆگرامەن کە لە: ڕێکخراوی داراییی جیهانی، بانکی جیهانی، کە هەردووکیان بنکەی سەرەکییان لە واشنتۆنە. هەروەها ڕێکخراوی دراوی جیهانی و بانکی یارمەتی و گەشەپێدانی ئەمەریکای لاتینە. ئەمەش ڕێک وەکو پەندە ئیسپانییە کۆنەکە دەڵێت:

Reunión de pastores, ovejamuerta، کاتێک شوانەکان کۆ دەبنەوە، باسی کوشتنی مەڕەکان دەکەن.

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

له ڕاسـتـیـشـدا لەو کـاتەوەی کـە ئەم پرۆگـرامـانە هاتوونـەتە کایـەوە و سـەپـێنراون بەسـەر ئەم وڵاتانەدا، وەکـو مـەڕ بەشـێکی زۆریان سـەربـڕاون، برژاون و کوڵێنـراون. لە ئابووریی نیـشـتـمـانی وڵاتانی ئەمـەریکای لاتین نـاعـەدالەتیـیـەکی زۆر هـەیە، دیارە ئەم دیاردەیـە پێشـتـریش هـەر هـەبوو. هێـــڵـی نێـــوان هـەژاران و دەوڵەمـــەنـدەکـــان، زۆر دوور و گـــەورەیـە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش، ڕێژەی هـەژاریش، ڕوو لە بەرزبوونەوەیە.

دەتوانین ئـەم هێـڵـە ترسناکـە بە روونی لـە وڵاتێکی وەکـو مـەکـسـیکدا ببـینین. لـە کـاتێکدا کـە ملیاردلێرێکی وەکو کارلۆس سـەلیم کە خـاوەنی تۆڕی تەلەفۆناتی مەکسیکە، دەوڵەمەندترین پیاوی جـیـهـانە، لە کـاتێکدا مـەکسـیک، بەو وڵاتانە دێتـە ژمـاردن، کە ڕێژەی هـەژاری زۆر بەرزە. ئا لـەم وڵاتەدا کـە زۆرترین ڕێژەی هـەژاریـی تێدایـە، دەوڵەمـەندتـرین پیـاوی جـیـهـان هـەیـە. لە کـاتێکدا هـاووڵاتیـیـانی کـارلۆس سـەلیم، بە ملیـۆنان کـەس سـاڵانە بە قـاچاخ ، سـنوورەکـانی ئەمـەریکا دەبەزێنن، بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەی دراوسـێیاندا، بە ڕەش کـار بکەن*، چونکە لە مەکسـیکدا هیچ کار بۆ ئەم خەڵکانە نییە و بێکارن.

زۆربەی حکوومـەتەکـانی ئـەمـەریکای لاتین، زۆر بـەتوندی مـوجـادەلەی ئەوە دەکـەن، کـە تەنگژەی ئابووریی ئەمەریکایی یان ئەوروپایی، بە هیچ شێوەیەک کار ناکاتە ئابووریی نیشتمانی ئەم وڵاتانە و بەهـەمـوو شـێـوەیەک ئەوان لەم تـەنگژەیەوە دوورن. ئـەوان وا خـۆیان دەردەخـەن کـە خـەڵکانی " زیرەکن "، بەڵام ئەمە هیچ ڕاست نییە.

دیارە ئابووریی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەتەنگژەی ئابووری ڕاهـاتووە و زۆرجار لەگەڵ تەنگژەی ئابووریدا ژیاوین. ئەگـەر کێشـەی " قـەرزە دەرەکییەکان " بە نموونە بهێنینەوە کە لێرە ناویان لێ ناوە کێشـەی (deudaexterna قەرزاریی دەرەکی) کە ماوەی سی ساڵە ئێمـە پێوەی دەناڵێنین، هـەر بۆیە خەڵکی بە گاڵتەوە ناوێکی تریان لێ ناوە (deudaeterna قەرزاریی هەمیشەیی). ئەم کێشـەیە (مـەبەسـتی قـەرزی دەرەکییـە)، هـەمـوو کـاتێک حـازر و ئامـادەیە و، هیچ پێـوەندیشـی بە کـێشـە ئابوورییەکانی جیهانەوە نەبووە.

دیارە جگـە لەمـەش ئـەو دینامـیکە زەرەرمـەندانـەش مـاون، کـە بـەهـۆی مـۆرکـردنی ڕێککـەوتنی (ڕێکخـراوی بازرگـانیی نێـودەوڵەتـی) تووشـمـان دەبێت. ئـەو ڕێکخـراوەی کە وڵاتـانی ئەمـەریکای لاتینی لەگەڵ زلهێزە ئابوورییـەکانی جیهان کۆ کردووەتەوە وەکو (ئەمـەریکا و یەکـەتیی ئەوروپا و کـەنەدا و ژاپۆن و وڵاتانی باشـووری ئاسـیـا)، کە هـەمـوویان ئیـمـزایان لەسـەر مـەرجـەکـانی ئەم ڕێکخراوەیان کردووە. بەم شێوەیەش ئابووریی نیشتمانیان خستـە حاڵەتێکەوە، کە ناتوانێت پشت بە پارێزگاری حکوومەتی ببەستێت* و خستیانە ناو بازنەی کێبەرکێی ئەو ئابوورییە بەهێزانەی کە پشت بە یارمەتیی حکوومی دەبەستن.

بەپێی چاودێری من بۆ باری ئابووریی نـاوچەکە، لەپاش مـۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامـانە و چوونە ئەو ڕێکخـراوانە، بەرەو خـراپی دەچێت، مـەکسـیک لەو کـاتـەی چووەتە ناو ڕێکخـراوی (ناوچەی

بازرگانیی ئەمەریکای باکور**) گەشەی ئابووریی ساڵانەی بەرەو پلەکانی ژێرەوە دەچێت. بەهەمان شێوەش وڵاتی شیلی، بازرگانیی لەگەڵ ئەمەریکا، بە ڕێژەیەکی زۆر تووشی کورتهێنان بووە، وڵاتی پیرۆش هەمان شتی لێ چاوەڕوان دەکرێت. کۆڵۆمبیاش کە پێشتر ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانیی لەگەڵ یەکەتیی ئەوروپا و کەنەدا مۆر کردبوو، پاشانیش لەگەڵ ئەمەریکا هەمان ڕێککەوتننامەی مۆر کرد. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لەم ڕێککەوتننامانەدا، کە زەرەرێکی دەداتە کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن، هەروەها کەرتی پیشەسازیش لاواز دەکات. بەڕازیل تاکە دەوڵەت بوو کە هێزی ئەوەی هەبوو، کە ئامادە نەبێت ئەم ڕێککەوتننامانە مۆر بکات.

خاڵێکی گرینگی تر کە پێویستە لێرەدا باسی لێوە بکەم، مەسەلەی ناردنەوەی دراوی گرانبەهایە لە دەرەوەی وڵات بۆ ناوەوەی وڵات. هەموو ئەو دۆلارە یان ئۆیرۆیانە، کە ئەو چەند ملیۆنە لاتینییەی کە لە ئەمەریکای باکور و ئەوروپا دەژین، ساڵانە بۆ یارمەتیدانی خێزانەکانیان دەینێرنەوە بۆ وڵات. ئەوانیش لەم تەنگژە گەورە ئابوورییەدا، کارەکانیان لەدەست دەچوو، بەمەش ناتوانن پارە بنێرنەوە بۆ وڵات و یارمەتیی خێزانەکانیان بدەن.

لەبەر ئەوە بەبێ هۆ نییە کە لەم کاتەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاڵەپەستۆی زۆر دەخاتە سەر کۆچکردووەکان و یاسای نوێی کۆچکردن دادەڕێژێت. هەر بۆیە بۆ ئەم وڵاتانە و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، تەنگژەی ئابووریی وڵاتە دەوڵەمەندەکان، کارەساتێکی گەورەیە بۆ ئەمانیش.

بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ من، هیچ شتێکی نوێ نییە. لە ئەمەریکای لاتین، هەمیشە کەپیتالیزم شێوازێکی دڕندانە و ناعادیلانەی هەبوو. هێندە دڕندانە و ناعادیلانە بووە، ڕێک وەک ئەو کاتەی، کە "کارل مارکس" ڕەخنەکانی لێ دەگرت و، چارلس دیکنیزیش بە شێوەی ئەدەبی باسی کارەساتەکانی ئەم سیستەمەی دەردەخست.

بەڵام لە ئەوروپا و هەروەها لە باکوری ئەمەریکاش، پاش ماوەیەکی زۆر لە خەبات، توانرا کەپیتالیزم وا لێ بکرێت، کە کەمێک شێوەیەکی شەرعی و سۆسیال وەربگرێت و کۆنترۆڵ بکرێت. کە ئەمەش وای کرد تا ڕادەیەکی زۆر، خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی بەشێوەیەکی دیموکراتی بەسەر کۆمەڵگەدا دابەش بکرێت. کە ئەمەش وای کرد، ئابووریی ئەم وڵاتانە چالاکتر بێت.

دیارە بۆ دروستکردنی ئەم حاڵەتەش، سەندیکاکان و پارتە کرێکارییەکان، هەروەها ڕاپەڕین و شۆڕشە کرێکارییەکان، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان هەبوو، بۆ شارستانیکردن و باشکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕۆئاوادا.

وە بەم شێوەیەش کەپیتالیزم بەرەو میانڕەوی هەنگاوی نا، هێدی هێدی بەرەو ئەوە چوو کە شێوازێکی "مرۆڤانە" وەربگرێت و پاشانیش بەرەو دەوڵەتی خۆشگوزەران هەنگاو بنێت. هەتاوەکو گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ بە دەوڵەتانی "خۆشگوزەران" ناویان لێ دەنێن.

بەڵام ئەمڕۆ کۆنترۆڵکردنی کەپیتالیزم زۆر لاواز بووە، یان دەتوانم بڵێم هەر نەماوە. دیسانەوە گەڕانەوە بۆ تێزی "نیولیبراڵەکانی سەدەی پێشوو" بەتایبەتی: (تاتچەر و ریگن و هاوڕێکانی).

هەروەها ڕووخانی کۆمۆنیستیش لە یەکەتیی سۆڤیەت، وای کرد کە چیی تر ترسیان لە شۆڕش نەبێت. هەر ئەم ترسەش (مەبەست کۆمۆنیست) ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە دروستکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی. هەر بۆیە جارێکی تر کەپیتالیزم گەڕایەوە دۆخە سەرەکییەکانی خۆی، شێوازێکی دڕندانە و نامرۆڤانە و ناعادیلانەی خۆی دەر دەخات.

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە، ئەمەریکای لاتین زۆر درەنگ هاتە ناو مەیدانەوە. هەروەک یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی کۆڵۆمبیا لە سەدەی نۆزدەمدا گوتی:

"هەموو شتێک لەلای ئێمە درەنگ دەستی پێ کرد، تەنانەت مردنیش".

لەبەر ئەوە ئێمە وێنەیەکی زۆر باش نین بۆ گلۆبالیزمی کەپیتالیزمی.

ڕێککەوتننامەکەی واشنتۆن کە بەتایبەتی بۆ ئەم ناوچەیە دانرابوون، بەڵام پاشتر بەسەر هەموو جیهاندا سەپێنران، کە ئەویش برێتییە لە:

(لیبراڵیزەکردنی بازرگانی و دارایی و، ئازادکردنی بازاڕەکان بۆ شمەک و کاڵاکان، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕێگە بدرێت مرۆڤەکان بە ئازادانە سەفەر بکەن، بگرە تەنیا ڕێگە بە خاوەن پارەکان دەدرێت کە ئازادانە هاتوچۆ بکەن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە سەرچاوەی ئەم دەوڵەمەندبوونە، هەروەها تایبەتیکردنی کەرتی گشتی و نەهێشتنی کۆنترۆڵی حکوومەتی و لاوازکردنی تەداخولکردنی دەوڵەت لە کاروباری بازرگانی و ئابووریی وڵاتدا.)

ئەم حاڵەتەش هەموو جیهانی گرتووەتەوە. تەنیا ئەمەریکای لاتین نییە کە بەدەست بەرەنجامە خراپەکانی گلۆبالیزمی کەپیتالیزمی دەناڵێنێت. لەبەر ئەوە ئەمڕۆ کۆمەڵێک ڕاپەڕین و بزاڤی گەنج لە جیهاندا دەبینین، بۆ نموونە (بزاڤی Puerta del Sol لە مەدرید، یان بزاڤی Platia Syn-tagmatos لە ئەسینا، بزاڤی Brooklyn Bridge لە نیویۆرک یان «Occupy Wall Street. دیسانەوە گەڕاوینەتەوە بۆ کاتانەی کە " کارل مارکس و چارلس دیکنز Charles Karl Marx , Dickens, باسیان دەکرد. بە دەگمەن کارێکت دەست دەکەوێت، ڕێژەی بێکاری بێ سنوور بەرز بووەتەوە، پارەی یارمەتیی خانەنشینی کەمی دەکەنەوە و یان نایهێڵن، چیی تر خوێندن بە خۆڕایی نییە و پێویستە پارە بدەیت. هەر لەبەر ئەوە، ئێستا ئێمە بەرەو "دەوڵەتی ناخۆشگوزەران " هەنگاو دەنێین.

لەبەر ئەوە گلۆبالیزم حاڵەتێکی وای لە جیهاندا دروست کردووە، کە چیی تر ئەو دابەشکردنەی پێشوو نەماوە، کە جیهانی بەسەر سێ جۆر ژیان دابەش کردبوو: جیهانی سۆسیالیستی "مەبەستی بلۆکی ڕۆهەلاتی جاران"، جیهانی سێیەم، جیهانی یەکەم، کە برێتی بوو لە وڵاتانی ڕۆئاوا. بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ هەموومان تەنیا لە یەک جیهاندا دەژین، ئەویش ژیانی جیهانی سێیەمە.


پەراوێزەکان:

* یەکێک لە مەرجەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی ئەوەیە، کە نابێت حکوومەت یارمەتیی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بدات و دەست نەخاتە ناو کاروباری ئابوورییەوە. کە ئەمەش زەرەرێکی زۆری بە ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گەیاندووە. پارادۆکس لەوەدایە، کە یەکەتیی ئەورووپا و ئەمەریکا، ساڵانە ملیارد دۆلار دەدەنە کۆمپانیا و کەرتە ئابوورییەکانی خۆیان بۆ نموونە کەرتی کشتوکاڵی. بەڵام ڕازی نابن، وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەم کارە بکەن. لێرەدا نووسەر ڕەخنەی ئەوە لە حکوومەتەکان دەگرێت، کە بۆچی چوونەتە ناو ئەم ڕێکخراوە ناعادیلانەیەوە... (وەرگێڕ).

** North American Free Trade Agreement ڕێکخراوی بازرگانیی ئازادیی ئەمەریکای باکور کە بە (NAFTA) دەناسرێت. ئەم ڕێکخراوە لە ١ی یانوەری ١٩٩٤ دامەزرا. ئامانجی بەهێزکردنی بازرگانییە لە نێوان وڵاتانی ئەندام کە بریتییە لە "کەنەدا، مەکسیک، ئەمەریکا". لەلایەکی ترەوە هەڵگرتنی خاڵی گومرگ لە نێوان ئەم وڵاتانەدا و ئازادکردنی لە سەرمایەگوزاری و گواستنەوەی دراو لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا. هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە، لەوانە: ئەم ڕێکخراوە لە خزمەتی ئەمەریکایە و دژ بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتی مەکسیکە. هەروەک نووسەریش لێرەدا ئاماژەی پێ داوە.

چەند دێڕێک لەبارەی نووسەرەوە:

ئەنتۆنیۆ کابرێلۆ، یەکێکە لە ناسراوترین نووسەر و ڕووناکبیری ئەمەریکای لاتین.



ساڵی ١٩٤٥ لە بۆگۆتا لە وڵاتی کۆڵۆمبیا لەدایک بووە. لەپاش ئەوەی ڕۆمانی "بێ فریادڕەسەکان"ی نووسی، ناوبانگێکی باشی لە کۆڵۆمبیا پەیدا کرد و پاشتریش توانی سنووری کۆڵۆمبیا ببەزێنێ. ئەمڕۆ بە یەکێک لە دەنگە نوێکانی ئەمەریکای لاتین دێتە ژماردن. یەکێکە لە نووسەر و بیرمەندە چەپەکانی ئەمەریکای لاتین. جێگەی گوتنە بەشێکی زۆری ڕۆمان و کتێبەکانی بۆ زمانە ئەورووپاییەکان وەرگێڕاوە.

سەرچاوە: Antonio Caballero.Die Dritte Welt ist überall.www.Zeit.de

# مەریوان جەلال
# ڕەنگ و قوڕ و ئاسن

ئاغالە

یەکەم شێوەکار کە لەسەرم نووسیبێ (مەریوان) بووە لە ساڵی ١٩٩٧. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بوو هاوڕێیەکی نزیکی یەکتر بووین و لە زمانی ڕەنگ و هەستی یەکتر تێ دەگەیشتین.

هەندێ جار دەترسم شتێ بنووسم لە وڕێنە بچێ وەک هەندێ لە برادەرانی تر گوایە خوێندنەوە دەکەن بۆ کاری هونەرمەندێک. بۆیە باشترین شت کە فێر بووم لە نووسەر و ڕەخنەگرە عەرەبەکانی عێراق و کورد ئەوەبوو کە هەرگیز نە وەک ئەوان و نە بنووسم نە وشەی ناخۆش بخەمە رستەوە و مانا نەبەخشێ و لە وەرگێڕانیش نەچێ. بەڕوونی بنووسم و تانە و هەڵکۆڵین لەسەر کەسایەتی و کاری شێوەکارەکە بکەم.

بۆیە شۆڕبوونەوە بەناو خودی کەسایەتیی هونەرمەند گرینگە بە بارتەقای کارەکانی.

ئەم شێوەکارە لە ١٩٦٩ لەدایک بووە، لە خێزانێکی نموونەیی لە شاری سلێمانی، هەموو منداڵەکانی لەلایەن دایکی و باوکییانەوە بە ناز و خۆشەویستییەوە پەروەردە کراون. لە بینینی دایکی مەریوانەوە فێر بووم کە دایک دەبێ ئاوا وەک (یا نەسرین و بەفراوی) دایکم بێ، هاوڕێش وەک مەریوان.

سەرەتای نەوەتەکان تا ساڵی ١٩٩٨ لە کۆیەوە کە دەهاتمە سلێمانی هەر لە ماڵە جوان و ئاسوودەکەی ئەوان دەمامەوە، تا ژنم هێنا و ماڵم هاتە سلێمانی. بۆیە لە ژێرزەوینەکەیاندا تێکەڵ بە کاری مەریوان دەبووم. ئەو کاتانەی بەیەکەوە دەمانخوێند لە یەک پۆل بووین، مەریوان زۆر چالاک بوو و کاری زۆری دەکرد تەنانەت دوای وانەکان لە پەیمانگە دەمایەوە. مۆدێل و ستیلایف لە دوای ستیلایفی دەیکێشا... مەریوان و سارا ئەنوەر بەجانتای ڕەنگیان دەوڵەمەند بوون، من و هەندێکی تریش دەستمان دەگرت بە ڕەنگ و فڵچە و قوماشەوە.

مەریوانم نەبینیوە جگە لە هونەر کاری تر بکات و ئەو تەنیا کاری هونەر بووە، لە هەندێ کاریش بە هەست و بڕیاری هونەری دەکرێ. بۆیە ئەوە هاوکێشەیە دەخەمە ڕوو چونکە لەو کاتەی

مەریوانم ناسیوە هەر ڕەنگ و قوڕ و کتێبی بەدەستەوە بووە.

من شتی باش لەو هاوڕێیەم فێر بووم وەک ڕێز و ناونیشانی کتێبی باش و دروستکردنی کەژی دنیای تایبەت و ئەرشیڤ و خۆشەویستی بەنهێنی و هاوڕێیەتی بەدڵسۆزی.


مەریوان کاری هونەریی بەئاشکرا دەکرد، بەڵام دڵداری و خۆشەویستیی لێ نەدەخوێندریەوە... بەو مانایە نایەت هونەرمەند پەراوەی ئەو بوارەی نییە، چونکە لە کارەکانی مەریوان فیگەر کە هەبێ ئەوە بە ڕێککەوت دەبینی یا لە بەرچاوت ون دەبێ زیاتر دەستێکی درێژکراو لەناو یان لەسەر دیواری قوڕ و گەچی کۆن دەبینی لەسەری تۆقەڵانی دەرگە و گوێسەبانەکان، مانگ یا تیرێکی نەناسراو بە قەلەباچکە دێتە بەرچاوان. سەردەمێ بووکێکی ئازیز و زیزت دەدیت لە چەقی تابلۆکانی یا لە ڕاستی تابلۆکەوە، رووخساری بووکی شێواو، نەناسراو، بێ چاو، بێ لێو، بێ گوێ، بێ لووت و شوێنە تەڕ و وروژێنەرەکانی بووکی ئازیز و زیز، نەدەبیندرا.

کەژی کاری مەریوان ئەبستراکتە و مەبەستییەتی لە کاریدا شوێن و ڕەنگی وڵات بناسرێ. مەریوان چەند نیگارکێشێکی سەرکەوتوو دەست بەکار و کارزانە (پرۆفیشناڵە) ئاواش سیرامیکزانێکی بەتوانای کوردە. من بەو کارانەی سەرسامم؛ هەروەها مەریوان ورد و عاقڵانە کاری ئەبستراک (رووتەیی) دەکات بە یەکێ لە شێوەکارە هەرە سەرکەوتووەکانی بواری (رووتەییی ئاوازبار) کوردە و شێوازی دەناسرێتەوە، بەڵام مەریوان لەپاش کاری سیرامیک (گۆزەگەری) کە بۆ ماستەرەکەی پەراوە و خۆی بۆ تەرخان کردووە... لێرە و لەوێ خەریکی قەوانە تۆپ و بەرمیلە نەوت و کاری مۆدێرینی ئیستیلیشنە، ئەوەش زیاتر سروشتی ژیانی ئەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ دەژی لە وڵاتی بەریتانیا و چاوی خۆشی فۆکس کردووە لەسەر ئەو کارانەی بەو شێوازەن وە چیی تریش بەڕێوەیە. ئەگەر کاری دوو بەرمیلە نەوتەکەی بە نموونە وەرگرین لەوە تێ دەگەین کە مەبەستییەتی بدوێ: ئەو ئاوارەی وڵاتێکە پڕیەتی لە چاڵ و جۆگا و عەمباری نەوت... نەوت خوێنە و خوێنیش دەمژێت، ئەو وڵاتانەی گیرفانی زەوییان نەوتی تێدایە ئارامی و، خۆشسەفاییی تێدا نییە مرۆڤەکانی هەر ڕاکەڕاکی نان و پڕکردنەوەی دەبە و بەرمیلی نەوتی ماڵەکەیانن تا سەرمایان نەبێ. کەچی بەبۆڕی بە تانکەر رۆژانە بە ملیۆن بەرمیل دەفرۆشرێت و بەرزی و نزمیی عەمباری پارە و جۆری پارەکان و ئابووریی دنیا لە کوردستان و کەرکووکەوە سەرومل دەگرێ.

جا ئەوە عێراقە بۆرەی شەڕانی و لووت بەخوێنەکەی خۆمانە یا ئێرانی هەرگەڕاوە لە کونەکەبە، رووسیای داهێنەری گەندەڵییە، نێجیریای لە برسا مردووە، سوودانی قاتوقوڕی و مێش و مەگەزە، ڤەنزویلای کراس سوور و لچەستوورە و سعوودیەی موڵکی سی و یەک شازادەکانە، زۆری تر.

بۆیە ئەوجارە کە مەریوان گەڕایەوە کوردستان دەبێت بیر و پڕۆژە نەوتییەکانی ناو گوند و دەم گوند و کەرکووکیش باش دیقەت بدا و کە چۆن منداڵانی نزیک ئەو کێڵگە نەوتییانە قوتابخانەکانیان لە گەوڕی مانگا و بزندایە... ئەو کاتە فۆرکی ئەو دوو بەرمیلە زۆر گۆڕانی تری بەسەردێ.





MARIWAN 05




هەوڵنامەی کتێب




















WAR
MARWAN


هەواڵنامەی کتێب



# ناونانی کارەکتەر

حەمەفەریق حەسەن

بەگشتی وەک هەموومان لەسەری ڕێک کەوتبین، ناوی گوڵ و ناوە ناسکەکان بۆ مێ و ناوە زبرەکانیش بۆ نێرن. وەلێ ئێستا کورد ناوی خۆرئاواییش لە نەوەکانی خۆیان دەنێن، بەتایبەتی ئەوانەیان، کە خۆیان بەکراوە دەزانن و بڕێکی کەمیش لەوانەی وا پەڕیوەی هەندەران بوونە و لەوان ژنیان خواستووە. دەنا بەگشتی لە کۆمەڵی ئێمەدا دوو جۆر ناو هەیە. کوردی و ئیسلامی، کە ئەمەی دوایییان یەکسانە بە ناوی عەرەبی نەک نەتەوە بەئیسلامبووەکان. تۆ وەک نووسەر هیچ چارت نییە، هەر دەبێت لە تەک ئەم جۆرە ناوانەدا مامەڵە بکەیت. واتە ناچاری تۆیش هەر ئەم ناوانە لە کارەکتەری چیرۆکەکانت بنێیت، هەر هیچ نەبێت تاکو کەشوهەوای چیرۆکەکانت واقیعییانە بەدیار بکەون و بگەنە وەرگر.

ئەگەر سەبارەت ناو لێم بپرسیت، ئەوا بێ دوودڵی پێت دەڵێم؛ بەگشتی ناوی عەرەبی لە تەک ئەلفوبێی زمانی کوردیدا نایەتەوە. ئەویش لەبەر دوو هۆی زۆر ساکار، چونکە هەندێک پیت لە زمانی عەرەبیدا هەن لە زمانی کوردیدا نین و هەر ناوێک ئەو پیتە عەرەبییانەی تێدا بێت، کورد ناتوانێت بە ڕەوانی گۆی بکات. وێڕای ئەوەیش، لەوە ناچێت کاتی خۆی پیتەکانی (ع، ح) لە ئەلفوبێی کوردیدا هەبووبن. بۆیە زۆرینەی کورد، جێگۆڕکێ بەم دوو پیتە دەکەن. هەروەها ئەو منداڵە کوردانەی لە ئەوروپا لەدایک دەبن، ناتوانن ئەم دوو پیتە بەئاسانی گۆ بکەن. ئەوان بەزۆری عەلی دەکەن بە ئەلی و محەمەدیش بە مهەمەد.

نزیکەی زۆرینەی کورد ناتوانن (محمد) وەک خۆی گۆ بکەن. ئەوەتا لە سلێمانی پێی دەڵێن (حەمە)، یان دالەکەی کۆتایی قووت دەدەن. لە هەولێرەوە بۆ پشدەر و لەوێشەوە تا بە قووڵاییی کوردستانی ڕۆهەڵات دەگات، پێی دەڵێن (معەمەد). لە هەندێک ناوچەی کوردستان، بووە بە حەمەد و، لە باکوریش بووە بە مەمەد. لەپشت قەفاسەوە بووە بە حەمەدۆڤ. وای بۆ دەچم، نەوەد و نۆ لە سەدی کورد ناتوانێت (عثمان) وەک خۆی گۆ بکات. بۆیە ئەوەی ناوی (عثمان) بێت هەر بەتەواوی

ناوەکەی بەپەند کراوە و بووە بە عوسمان و عوسە و وسوو و وەتمان. سەبارەت بە (محمود) تۆ لەوەی گەڕێ لە هەولێر بووە بە (مەعموود). لە ناوچەی سلێمانی هەر نەیکردبێت، لەوێ دەبێت بە خولە. هەر ناوێکیش پیتی (ط)ی تێدا بێت دەبێت بە (ت) هەر ناوێکیش (ظ، ض) تێدا بێت، دەبێت بە (ز). پیتی (ص) دەبێت بە (س) و...

بەڵام دوای ئەو هەموو دێوانگۆڕەی بەسەر ئەو ناوانەی لای سەرەوەدا هاتووە، تۆ ناتوانی جارێکی تر، بیانگێڕیتەوە سەر ڕەچەڵەکە عەرەبییەکانیان. خولە لە کوێ و مەحمود لە کوێ؟ مەمەد لە کوێ محەمەد لە کوێ؟ وەتمان لە کوێ و عثمان لە کوێ؟ پێشانی هەر عەرەبکێشیان بدەیت، لەو بڕوایەدا نیم بچێتەوە سەریان و بیانناسێتەوە.

وێڕای ئەوەی، بەزۆری تاکی کورد، وەختایێ ناوی عەرەبی لە نەوەکانیان دەنێن، واتای ناوەکە پێ نازانن و بەلاشیانەوە مەبەست نییە بیزانن. کەچی ئەگەر ناوی کوردی لە نەوەکانیان بنێن زۆر بەتەنگ چاوگ، واتا و مێژووی ناوەکەوەن. ئاخر بڕێ جاران ناوی عەرەبی واتای بەڕادەیەک ناجۆری هەیە، هەندێک لەو ناوانەی ئەوان لە مرۆڤی بەنرخترین سەرمایەی دەنێن، شیاوی ئاژەڵیش نین. وەک: عثمان و عفان و کلاب، کلیب، سعدان... تاد.

هەندێک جاران حاڵینەبوون لە زمانەکە ئەنجامی پێکەنیناویی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لە دیوی رۆهەلات بە جەعفەر ناوێک بڵێی: کاک جەعفەر چۆنی؟ ئەوا سەری دەسوڕمێت و یەکسەر پێت دەڵێت: بابە گیان ئەمن ناوم (جەفعەر)ە و ناوم (جەعفەر) نییە! بەلاتەوە سەیر نەبێت، کە (مەغدید)، ئەو ناوەی، کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکار دێت و بەزۆری لە دەڤەری هەولێردا باوە، (مقداد)ە و ئەم گۆڕانە ڕیشەییەی بەسەردا هاتووە. وەلێ نازانم ئەگەر بە مەغدید ناوێک بڵێی: (کاک میقداد ڕۆژباش!) چلۆن وەڵامت دەداتەوە.

زۆر ناویش هەن، مەرج نییە لە ڕەچەڵەکدا عەرەبی بن. وەک ئیبراهیم، کە لە خۆرئاوا (ئیبراهام)ە. یان یوسف، کە لەوێ (جۆزیف)ە. زمانی عەرەبی کە لە تەک عیبریدا ئامۆزان، ناوەکانیشیان لەیەک دەچن، یان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە. وەک مووسا و موشێ، یان سلێمان و شلێمون.

بڕێ جاران کارەکتەری چیرۆک بێ ناوە. لە دۆخی وەهایشدا دەشێ واتای ئەوە بدات، کە قارەمانی چیرۆک تاکێکی نەناسراوە و کەسیەتییەکی گرینگی لەنێو کۆمەڵدا نییە. یان ناوێک نییە شایانی باس بێت. دەکرێ ئەوەیش بگەیەنێ، ئەو ڕووداوەی وا لەو چیرۆکەدا بەڕێوە دەچێت و ڕۆشناییی لەسەرە، بەسەر زۆر کەس هاتووە.

ڕووداوێکە شیمانەی لێ دەکرێت لە من و لە تۆیش ڕوو بدات. یان بۆی هەیە، ئەو ڕووداوە چیرۆکی من و تۆیش بێت. بەو پێیەی زۆرجاران قارەمانی چیرۆک نموونەی هەڵبژێردراوی نێو کۆمەڵێکە، کەواتە دەشێ لەو جۆرە تاکانە زۆر بن. لێرەوەیە، کە نووسەر هاتووە یەکێکیانی بە

نموونـەی هـەمــووان هـێناوە و خــســتــوویەتـیــە بن چاودێریی خـۆیـەوە و چیــڕۆکـێکی لە دەور هۆنیوەتەوە.

دەشێ بەو واتـایەیش بێت، گـوایە ئەو کـێـشــە و مـلانێـیـەی وا نـووسـەر لەوێدا جـووڵاندوویەتی، کێشەی ناوێک یان کەسێکی تایبەت نییە، بگرە کێشەی باوی نێو کۆمەڵە و بەگشتی بووە. دەشێ لە جـێی تر و لـە سـەردەمـی تریشـدا دووبارە ببـێـتـەوە. دەشـێ وەهـایش لێک بدرێتـەوە، کـە ئەو کـارەکـتـەرە نمـوونەیەکـە لە نێـوان دەیان یان سـەدان تاکی وەک خـۆیدا هـەڵبـژێردراوە و بەمـۆدیل کـراوە. چونکە ئەو کـارەکـتـەرە خـاوەنی کـێشـەیەکی کـەسـەکی (شـخـصـی) نییـە بگرە خـاوەنی کـێشـەیەکی گشـتـییـە. یان لەو چیرۆکەدا نـووسـەر کـێـشـەیەکی کـەسەکی باس ناکـات، بگرە دەیگشتێنێ.

دەشێ گرینگی نەدان بەناوی قارەمان، تەنانەت گرینگی نەدان بە کارەکتەر خۆیشی، لە مەزنیی ڕووداوەوە بێت. لـەم سـەردەمـەدا، ڕووداوەکـان هێندە مـەزنن، مـرۆڤی تـاک لە هەقـیـان نـایەت، یان ڕووداوەکـان، لە توانا و کـاریگەریی مـرۆڤـیـان کـەم کـردووەتەوە. هـەروەها بۆ ئـامـێـرەکانیش، جـا بەرهـەمــهـێن بن، یان ئـامـێـری جـەنگ بن، تاکـیـان بـەگزگل کـردووە، نموودیان بـۆ نەهـێـشـتـووە و سنووریان بۆ داناوە. بۆیە لە بەرانبەر دۆخی وەهادا، کە قارەمانی تێ دەکەوێت و لە توانای تاکیش بەدەرە، نووســەر ناچار دەبێت ڕووداو زەق بکاتەوە نـاو و ئەدگـارەکـانی کـارەکـتـەر وەلانـێت، یان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان پێ نەدات.

کاتێک لە وردیلە چیرۆکدا ناوی قارەمان نایەت، دەشێ وەها لێک بدرێتەوە، کە ڕووبەری ژانرەکە هێندە بەرتەسکە جێی ناو، یان ناوەیلی تێدا نابێتـەوە. زۆرجاران دەبینین، لە بریی ناوی کارەکتەر ژمـارە هـەیە، وەک: یەکـەم وتی و دووەم وەڵامـی دایەوە... یان ئەم و ئەو. کـچـەکـە و کـوڕەکـە.. لەم سەردەمی خێرایییەیشدا دەشێ وەک ناوی ئامێر و پارچەی ئامێر، مرۆڤیش بە ژمـارە ببێت، وەک بەکرێگیراوی نهێنیی (العمیل السري) قارەمـانی فیلمـە هـەواڵگرییەکان، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت، ئەوانەشی، کە بە زیندانیی قورس و درێژخایەن سزا دەدرێن، ژمارە جێی ناوەکانیان دەگرێتەوە.

برێ جـاران، چیرۆکنووسـیش وەک شـانۆیینـووس، ناوی وەهـا هـەڵدەبژێرێت تەواو بـەپێـچـەوانەی دۆخی کۆمەڵایەتیی قارەمانەکەوە بێت. نووسـەر هـەن هـەژارێک ناو دەنێن (حـاجی غەنی)، یان دزێک ناودەنێن (ئەمین). نـاشـەریفـێکیش ناودەنێن شـەریف و ترسنۆکێک نـاودەنێن دلێر. ژێرکـەوتوویەک ناودەنێـن سـەرکـەوت. لێـرەدا ناوەکـە دەبێـتـە ناوێکی ئـیـرۆنی، چونکە لەوێدا نـاو بەشـێـوەیەکی پارادۆکسـاڵ بەکار هـاتووە.

ناوەکە ئـامـاژەیە بۆ دەستپـاکی، کەچی کارەکتەرەوە جەردەیە، یان گەندەڵە. هـەر چۆنێک بێت، لە جـێیـە قـارەمـانی چیـرۆک ناوی هـەبێت. چونکە نـاو ئـامـاژەی خـۆی هـەیە و بـەشـێکی دانەبڕاوە لە کەسێتیی هـەر تاکێک. ناوەکە بەلای خـۆیەوە موزیک و زرنگانەوەیەکی ئەفسانەییی تێدایە و مرۆڤ

بەخۆشییەوە گوێ بۆ ناوی خۆی شل دەکات و پێی وشیار دەبێتەوە.

ئەو تاکەیشی ڕکی لە ناوی خۆی ببێتەوە، واتە ئەو تاکێکە، لە کەسیەتیی خۆی ناقایلە. یان تەنانەت گلەوگازندەی لە خۆیشی هەیە. وێڕای ئەوەی بۆی هەیە وەرگر هەر بەناوی کارەکتەردا بزانێت ئەم کارەکتەرە کوێندەرییە و سەر بەکامە گەلە، یان سەر بە کامە ئۆلە.

واتە لێرەدا ناوەکە دەبێت بە کلیل و بەشێک لە مەبەستی نووسەر دەگەیەنێتە وەرگر. ئەوە بوو ماوەیەک لەمەوبەر لە عێراقدا، مرۆڤ دەبووە قوربانیی ناوەکەی. ئەگەر ژانرەکە چیرۆکی درێژ، یان ڕۆمان بوو، بە ژمارەیەک قارەمانی کاراوە، ئەو حەلە نووسەر ناچارە ناویان لێ بنێت. جار هەیە چیرۆک، یان ڕۆمان ناوی قارەمانی یەکەم هەڵدەگرێت. ئەمەیش گرینگیی ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە لە پانتاییی کارە ئەدەبییەکەدا دەردەخات.

بەداخەوە سەگ ئەو گیاندارە بەئەمەکەی، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە دۆست و هاوڕێی مرۆڤە، بەتایبەتی مرۆڤی کورد، کە دەیان سەدە بەچێودارییەوە مژووڵ بووە. کەچی لە کن ئێمە بەزۆری بەسووک و ڕیسوا سەیر دەکرێت.

هەندێک جاران وەک جمێنیش بەکاری دەهێنین. پێم وایە ئەو دەمانەی، کە باپیرانمان سەر بە دینەکەی زەردەشت بوون، لە ئێستا پتر ڕێزی سەگ و گیانداریان بەگشتی گرتووە.. جارێکیان وردیلە چیرۆکێکم نووسیبوو، قارەمانەکەی سەگێک بوو. ویستم ناوی لێ بنێم. من کە بەشێکی تەمەنم لە دێهات بەسەربردووە، هەرچەندە لە هزران ڕۆ چووم و بیرم لە ناوی سەگان کردەوە و کۆشام، لەم ناوانە زیاترم بەخەیاڵدا نەهات: (گوررە، گوپاڵ، شێرە، شەپاڵ، بۆرە و زەردە). واتە بە هەمووی کردییە شەش ناو.

وەلێ من کەوتم بەقینا، هیچ کامیانم بۆ قارەمانی چیرۆکەکەم بەگەن نەکرد. لەو هەناسەیەدا وتم، چ قەیدی با ناوی ئەم سەگە کوردی نەبێت، خۆ هەر بەوەی ناوێکی بیانیم لێ نا، ئەم چیرۆکە، لە کوردایەتی بەتاڵ نابێتەوە. چوومە سەر گوگڵ و نووسیم (Hunde Navne: ناوی سەگگەل). کاتێکم زانی بەسەر مەزنە قامووسێکی ناوی سەگاندا کەوتم نەیبینی. بەبێ زێدەگۆیی هێندەی ناوی مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەی لێی دەژیم دەبێت. لەوێدا ناوەکان بەپێی ئەلفوبێی زمانی دانیمارکی ڕیز کراون. دەستپێک بیست ناوی زۆر باوی بۆ دێڵەسەگان داوە، ئەوجا بیست دانە ناوی زۆر باویشی بۆ گۆڵەسەگان ڕیز کردووە.

تێکڕای قامووسەکەیش برێتییە لە (٢٢٨٤) ناو. لەو قامووسەدا هاتووە، گوایە لە نێوان هەزار دێڵەسەگدا بیست و شەشیان ناویان (فغایە)یە، لە کاتێکدا لە نێوان هەزار گۆڵەسەگیشدا پازدەیان ناویان (ڤیکتۆر)ە!.. منیش زۆر بەئاسانی سەگەکەی لای خۆمم ناونا (نایلۆ) و کردیشم بە ناونیشانی چیرۆکەکە. ئاو بێنە و دەست بشۆ!.

# حەوت نەریتی مرۆڤی کاریگەر

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

یەکێک لەو شتانەی بنووس ستیفن کۆڤی لە سەرەتای پەڕتووکەکەی "حەوت نەریتی یەکجار کاریگەر مرۆڤی" تێبینی کردووە، بریتییە لەوەی کە "نەریت دەکرێ فێری بیت و فێری نەبیت". بنووس ئاماژە دەکا کە شکاندنی هەندێک خو و نەریتی چەسپاو لە مێشک وەک خۆپەرستی و کەمتەرخەمی و بێ ئۆقرەیی، هەندێک کات دەخایەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا شکاندن و وازهێنان لە هەندێک لەو نەریتانە زۆرجار هەنگاوێکی گرینگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نوێیەکان.

سەرەڕای ئەوەی شکاندنی ڕەفتاری نەخوازراو پێویستی بە کۆشش و کات هەیە، کۆڤی پێی وایە ئەگەر حەزی مرۆڤ بۆ گۆڕینی نەریت و خووەکانی بریتی بووبێ لەوەی کە پێویستە مرۆڤەکە کارەکانی دابەش بکا لە نێوان ئەوەی ئێستە دەیەوێ ئەنجامی بدا و بەدەستی بێنێ لەوەی دواتر، ئەوە مرۆڤەکە لەم نەخشەیەی دای ڕێشتووە سەرکەوتوو دەبێ و پاداشت دەکرێ.

هەر کاتێک تاک پەی بەوە برد کە وەرگرتنی نەریتی نوێ شیمانە هەیە شوێنی نەریتی کۆن بگرێتەوە، ئەوە تاکەکە پاڵدەرێک لە مێشکییەوە دروست دەبێ بۆ ئەوەی نەخشەیەکی نوێ بۆ دەستپێک دابڕێژێ.

**یەکەم**: نەریت کە کۆڤی لە پەڕتووکەکەی باسی کردووە، بریتییە لەوەی دەستپێشخەر بێ لە ڕوودانی شتەکان نەک چاوەڕێی ڕوودانیان بکا. نموونەیەکی باش کە کۆڤی لەسەر دەستپێشخەری لە پەڕتووکەکەی هێناویەتییەوە بریتییە لە هاوسەربەندی. پیاوێک دڵی خۆی لای بنووس کردبووەوە کە ڕۆمانسییەت و سۆز لە هاوسەربەندییەکەی نەماوە. وەڵامی کۆڤی بۆ هاوسەرە بێ هیوایەکە بریتی بوو لەوەی کە پێویستە هاوسەرەکەی خۆی خۆشبوێ. بنووس ئامۆژگاریی پیاوەکەی کرد کە گوێ لە هاوسەرەکەی بگرێ، قوربانی لە پێناوی بدا، چاکەکانی پێ بزانێ، خزمەتی بکا، هاوخەمی بێ و بە دڵفرەوانییەوە پەسندی هاوسەرەکەی بکا.

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

وەرگـرتنـی ئامـۆژگـارییـەکـانی کـۆڤی مـانـای ئەوەیە کـە پیـاوەکـە چیی تر سکاڵا لـەبارەی هـاوسـەربەندییە تاڵەکەی نەکا، بگرە پێویستە دەستپێشخەری بکا و ڕۆڵێکی چالاکانەی هەبێ لە باشترکردنی هاوسەربەندییەکەی.

کۆڤی لە کتێبەکەیدا ئامۆژگاریی خەڵک دەکا دەستپێشخەری بکەن لەوەی چاوەڕێی کەسێک بن هاوکاری و چاودێرییان بکا یاخۆ لە چاوەڕێی شتێکی خۆش بن بۆ ئەوەی ڕوو بدا. کۆڤی بە وردی ئامـاژە بەوە دەکا کـە ئەو خـەڵکانەی کـاری باشـیـان دەست دەکـەوێ ئەوانەن کـە چارەسـەر بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە لە بریی ئەوەی ببنە بەشێک لە کێشە.

بیـرۆکـەی سـەرەکی لە پشت یەکـەم نەریتی کـاریگەرانـەی کـۆڤی برێتـیـیـە لەوەی کـە خـەڵک بەرپرسیـارن لە ژیانی پڕ لە سۆزی خۆیان، خەڵک ئازادن لە دیاریکردنی ئاراستەی کردەوەکانیان، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێ زۆر لە کەسانی تر بکا و بیانخاتە دۆخێک کە حەز ناکەن بەشێک بن تێـیـدا. بۆیە ئـەوکـاتـەی کـەس بەرپرسـیـارەتی دۆخـەکـەی خـۆی هـەڵگرت و ئامـادەییی دەربڕی لە ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دەستپێشخەر بۆ چوونە نێو دۆخێکی باشتر لەخۆی، ئەوە کەسەکە ڕێگەیەکی ڕاستی هەڵبژاردووە بۆ ڕابەرایەتیکردنی ژیانێکی بەختەوەرتر و کاریگەرتر.

**دووەم:** نەریتی کۆڤی برێتییە لە "دەستپێکردن لە کۆتاییی مێشکدا". کۆڤی ڕوونی دەکاتەوە کە دەستپێکردن لە کۆتاییی ئەوەی لە مێشکدایە یەکێکە لە پرەنسیپە گرینگەکانی کەسایەتیی سەرکردە. ئەو نەریتە لای کۆڤی مانای ئەوەیە کە پێویستە تاک دڵنیا بێ لە هەرچییەک دەیکا لە هەر ڕۆژێکدا و ڕەنگ بداتەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی و پڕ مانا لە ژیانیدا.

بەپێی کۆڤی "هەموو شتێک دووجار دێتە دروست بوون: یەکەمیان لە هزردا و دواتر جەستەی بۆ دروست دەبێ و دەبێتە ڕاستی". بۆیە تاک پێویستە هەموو ڕۆژێک دەست بکا بە هێنانە پێش چاو و بیرکردنەوە کە چۆن شتەکانیان دەوێ لە ژیاندا. کۆڤی بەراورد لە نێوان وێنەگرتنی هزری (هێنانەی پێشچاو) لەگەڵ نەخشەکێشانی خانوو دەکا و دەبێژێ، پێویستە کەسەکە خەون ببینێ و بیر بکاتەوە کە خانووەکەی چۆن بێ بەر لە بەکرێگرتنی بەڵێندەری دروستکەری خانوو.

مەترسیی نەبوونی وێنەی هزری لەبارەی ئەوەی کەسەکە لە ژیاندا چی دەوێ، وا لە مرۆڤەکە دەکا دەستنووس و نەخشەی کەسانی تر پێڕەو بکا وەک برادەر و خزم لەبری ئەوەی هەست بە بەرپرسیارەتیی بکا و یەکەم داهێنانی خۆی ئەنجام بدا.

کۆڤی لە دووەم نەریتدا پێشنیاز دەکا کە تاک پێویستە کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆی لە ژیاندا بکا بەر لەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر سەرکردایەتیی خەڵکانی تر بکا. بۆیە دووەم نەریت پرەنسیپێکی گرینگە لە کەسایەتیی سەرکردەدا.

یەک لەو ئامرازانەی کۆڤی پێشنیازی دەکا، شیمانە هەیە سوودی بۆ خەڵک هەبێ تا ببنە یەکەم دروستکەری خۆیان، ئەویش برێتییە لە وتاری ئەرکی کەسی. کار یاخۆ ئەرکی کەسی برێتییە لە لیستێک ئامانج، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە لە ژمارەیەک پرەنسیپی کەسی پێک دێ کە خەڵک گەڵاڵەی دەکا بۆ ڕێنوێنیی کردەوەکانیان.

بیرۆکەکە بریتییە لەوەی کە خەڵک بە بەردەوامی وتاری ئەرکی کەسی خۆیان پێش دەخەن، هاوکات پێشنیازێکی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە هێشتا نەوەستاون لە بیرکردنەوە لە پرەنسیپەکانی ژیان کە پێیان وایە گرینگن. ئەو کەسانەی پێشوەختە ئاگادارن کە چییان دەوێ لە ژیان، هەندێک لە نەریتەکانی کۆڤی لەبارەی کاریگەرییەتی بۆ ئەو کەسانە سووی هەیە.

**سێیەم:** سێیەم نەریت پێشنیاز دەکا کە تاک تێکەڵەیەکی جیای لەناو خۆیدا هەیە و ئەگەر حەزی کرد کاریگەریی زیاتری لەسەر دەوروبەر هەبێ ئەوە ڕێگەی (خستنەپێشەوەی یەکەم شت) بگرێتەبەر باشە. زۆربەی خەڵک لەو ڕاستییە تێ دەگەن، بەڵام بەهۆی جۆرەوجۆرەوە هەموو کەسێک لە توانایدا نییە پێشەنگی بداتە ئەو شتانەی کە گرینگن.

هەروەها هەتا ئەو کەسانەی کە شارەزان لە نووسینەوەی لیستی شتە گرینگ و ئەوانەی لە پێشەوە دێن، دان بەوە دادەنێن کە هەموو کاتێک ناتوانن ئامانجەکانیان بێننە دی بەو ڕیزبەندییەی کە خۆیان دەیانەوێ.

گرینگترین ئامۆژگاری کۆڤی دەیدا لەبارەی (پێشخستنی ئەو شتانەی یەکەم دێن)، بریتییە لەو زوانەی کە نووسەر بەکاری دێنێ بۆ دەربڕین لەوەی چۆن خەڵک لە ڕووی کردارەوە، ئەو بیرۆکە و خاڵە گرینگانەی لە لیستێکدا هەیانە، دێننە پراکتیزەکردن و دەیکەن بە ڕەفتارێکی کاریگەر.

ئەو نەریتە پێشنیازی ئەوە دەکا کە خەڵک یەکەم جار لە یەک شت ورد دەبێتەوە کە بەشێوەیەکی گەورە ژیانی کەسی و پیشەییان پێش دەخا، هاوکات هەندێک کەس شیمانە هەیە ڕەخنە بگرن کە ئەوان پێشوەختە هەستیان کردووە کە پێویستیان بە خۆگۆڕین هەیە. بەشێوەیەکی تر، هەندێک خەڵک دەزانن کە پێویستە لەسەریان چیی تر کەمتەرخەم و خاو نەبن و لە کاتی خۆیان بگەنە دیدارەکانیان. خەڵکانێک هەن زووتر فێری ئەوە دەبن کە چۆن شتەکان بوەستێنن لە بڕین و ڕێگەگرتنیان کە شیمانە هەیە ببنە هۆی تەواونەکردنی پرۆژەکانیان. بۆ نموونە هەندێک خەڵک پێشوەختە دەزانن بەخەڵک یاخۆ ئەو شتانەی دێتە ڕێگەیان لە کاتی کارکردن، بڵێن (نەخێر) و بیانوەستێنن. ئەو نەریتە بەشێکی پشت بەوە دەبەستێت کە چەند کەسەکە پێشوەختە کۆنترۆڵی بەسەر لیستی کارە کەسی و پێشەنگەکانی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەی ناتوانن ئامانجەکانیان بەدەست بێنن.

کۆڤی لیستێکی بەسوود دەخاتە ڕوو کە لە پێشنیازی کرداری پێک هاتووە. پێشنیازەکان بریتین لە کێشانی نەخشەی بەڕێوەبردنی کات و هەروەها کاتی بەسەربردن لە جێبەجێکردنی چالاکیی جۆرەجۆر لە ماوەی ٣ ڕۆژدا کە ڕێی تێ دەچێ بەسوود بن بۆ هەندێک کەس، بەڵام ڕەخنەگران پێیان وایە ئەو کەسانەی کە زۆربەی کاتەکانیان پێشوەختە لە ئەنجامدانی ڕەفتاری بەرهەمهێن و بەکەڵک بەسەر دەبەن، تەنیا ئەنجامدانی چالاکی لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کاتدا هیچ کاتێکی زیادیان لە ڕۆژێکدا پێ نادا.

بۆیە پێشنیازی تر شیمانە هەیە بەسوود بێ بۆ ئەو کەسانەی کە پێشوەختە کارەکانیان بەڕێکی ئەنجام دەدەن، وەک سێیەم پێشنیازی کۆڤی کە داوا لە تاک دەکا ژمارەیەک لە چالاکی

بنووسێتەوە کە خەڵکی تر حەزی پێ بکەن و نوێنەرایەتیی ئەوانیش بکەن.

ئەو بیرۆکەیەکە پێشنیاز دەکا کە خەڵک چالاکییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن حەوتووەک پێش ئەنجامدانی، بەڵام ئەو پێشنیازە یارمەتییەکی کەم بەو خەڵکانە دەدا کە پێشوەختە خشتەی کارکردنی مانگانەیان هەیە.

**چوارەم**: چوارەم نەریتی کۆڤی پێک هاتووە لە (بیرکردنەوەی بردنەوە بردنەوە) واتە لە هەردوو سەردا بردنەوە تۆمار دەکەی و هیچ لایەک زیانی نییە.

نووسەر پێناسەی (بردنەوە بردنەوە) دەکا وەک چوارچێوەی هزر و دڵ کە بە بەردەوامی داوای سوودی دوولایەنە دەکا لە هەموو تێکەڵاوییەکی مرۆڤدا لەگەڵ دەوروبەرەکەی. ئەو کەسانەی دەزانن چۆن ڕێککەوتنی بردنەوە بردنەوە ئەنجام بدەن، زووتر لە ئامانجی کەسانی تر تێ دەگەن و دەزانن چۆن گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن، جا لە چوارچێوەی کەسی بێ یاخۆ پیشەیی.

لە دۆخی بردنەوە بردنەوەدا، هەردوولا ئامانجەکانیان بەدەست دێنن. دووبارە کۆڤی چەند پێشنیازێکی دەخاتە ڕوو کە پێی وایە ڕێککەوتنی بردنەوە بردنەوە لەنێو خەڵکدا ئاسان دەکەن. سێیەم پێشنیازی کۆڤی ئاماژە بەوە دەکا کە خەڵک پێویستە خۆیان بهاوێنە پێڵاوی کەسانی تر (واتە خۆیان بخەنە شوێنی ئەوان و وەک ئەوان بیر بکەنەوە) و چارەسەرێک بدۆزنەوە کە خەڵکی تر شیمانە هەیە پێشوازی بکەن.

ئەو پێشنیازە بریتییە لە هەستێکی زگماکانە کە ئاماژە بە باشبوون لەگەڵ خەڵک و ڕاگرتنی هەستیان دەکا. سەرنج ڕاکێشترین شت لە پێشنیازی (بردنەوە بردنەوە)دا بریتییە لەوەی چۆن بتوانی هاوسەنگی ڕابگریت کە لەلایەن کۆڤی بە (حسێبی بانکی سۆزدار) هاتووەتە ناساندن.

لە کاتی دروستکردنی پێشنیازێکی سۆزاوی، ئەگەر کەسەکە متمانەی بە کەسی تر نەبێ، پرۆسەی گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو کەسەدا گرانتر دەبێ.

کۆڤی پێشنیاز دەکا کە خەڵک بەر لەوەی هەوڵی ڕەزامەندبوون یاخۆ پەسەندکردن و کڕین بدەن، پرۆسەی دانان لە حسێبی بانکی سۆزی خەیاڵیی خۆیان ئەنجام دەدەن کە لەگەڵ خەڵکانی تر هەیانە.

کۆڤی بڕوای وایە کە ئەو کەسەی ڕەفتارێکی هەرەمەکی باش بەرامبەر کەسێکی تر ئەنجام دەدا، باشترە و بەتواناترە بۆ ئەنجامدانی کاری تر لەگەڵ کەسانی تردا.

نووسەر بەبیر خەڵک دێنێتەوە کە کارێکی کەم ئەنجام بدەن بەر لەوەی لە بیری بکەن، چونکە لە دنیایەکی خێرا و مۆدێرندا دەژین و شتەکان بە ئاسانی لە بیر دەکرێن.

**پێنجەم**: پێنجەم نەریتی کۆڤی پێویست بەوە دەکا کە کەس بەدوای تێگەیشتن بگەڕێ و دواتر لێی تێ بگەن. ئەو نەریتە پێوەندییەکی نێزیکی بە چوارەم نەریت هەیە، چونکە پراکتیزەکردنی پێویستی بەوە هەیە کە کەسەکە تێ بگا کە چۆن خەڵکی تر بیر دەکەنەوە و کەسەکە هەوڵ دەدا شتەکان لە ڕوانگە و بۆچوونی کەسانی تر ببینێ.

بۆ ئەو کەسانەی پێشوەختە دەزانن چۆن ڕەفتاری سۆزاوی ئەنجام بدەن وەک دەروونناسان،

ئەوە پرەنسیپی سەرکردایەتیکردن ئەنجام دەدەن و بۆچوونێکی نەناسراو نییە، بەڵام هەندێک کەس هەن تا ئێستە نازانن چۆن گوێ بۆ کەسانی تر بگرن یاخۆ ئاگەدار نین کە چۆن پێوەندییەکانیان لەلایەن خەڵکەوە دێتە دەرکەوتن. ئەو بەشەی کۆڤی کە لەسەر ئەو بابەتەی نووسیوە، سوودی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەندێک کەس نووسەرەکە تەنیا زانیاریی کۆن بەشێوازی نوێ دەردەبڕێ.

**شەشەم:** شەشەک نەریتی کۆڤی برێتییە لە هاوکاریکردن. ئەم پرەنسیپە برێتییە لەوەی کە خەڵک پێویستە بەشێوەیەکی دیاریکراو سەرکردایەتی ئەوانی تر بکا بەگوێرەی پرەنسیپەکانی مرۆیی. ئەو کەسانەی دەیانەوێ ببنە سەرکردەی کاریگەر پێویستە دۆخی بردنەوە بردنەوە بەدەست بێنن هەر کاتێک ڕێی تێ بچێ و هەروەها هەوڵ بدەن خۆیان بە پێوەندیی سۆزاوی خەریک بکەن. بۆیە شەشەم نەریت پێک هاتووە لەو بیرۆکە و بۆچوونانەی لە نەریتی چوار و پێنچ هەن.

بەگوێرەی کۆڤی ئەوکاتەی ئاستێکی زۆر لە متمانە لە نێو خەڵک دەبینرێ، ئەوە هەست و ڕۆحێکی گەورە لە هاوکاریکردن لە پێوەندیی خەڵکدا دروست دەبێ لەگەڵ یەکتر کە شیمانە هەیە بەرەنجام و دەسکەوتی ئەو پێوەندییانە لە پرەنسیپی هاوکاریکردن و بردنەوە بردنەوە بێت. ئامۆژگارییەکانی کۆڤی هەستی پێ دەکرێ لەو خەڵکانەی متمانەی ئەوانی تر وەردەگرن و کار دەکەن بۆ هێنانی چارەسەری نوێ بۆ ئەو کێشانەی کە پێویستی بە بەشداریکردنی هەموو لایەک هەیە.

دیپلۆماتی سەرکەوتوو وەک جێمی کارتەر و هێنری کیسینگەر لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بۆچوونی هاوکاریکردن و تاکتیکی بردنەوە بردنەوە، پێشوەختە ئەنجامانێکی زۆریان بەدەست هێناوە و پراکتیکی زۆریان هەبووە لەسەر ئەو بۆچوونانە.

گەنج پێویستی بەوە دەبێ تێ بگا لە پێشنیازەکانی کۆڤی، چونکە بوون بە سەرکردەیەکی کاریگەر پێویستی بە تێگەیشتن و شارەزاییی هەیە لە نەریتی شەشەمی کۆڤی.

**حەوتەم:** لە کۆتادا دواین نەریت پێک هاتووە لە پرەنسیپی خۆنوێکردنەوە یاخۆ (تیژکردنەوەی مشار). لە ناوەڕۆکدا پرەنسیپی خۆنوێکردنەوە هیچ نییە جگە لە دووبارە داڕشتنەوەی وشەی کۆن و پێشتر گوتراو کە نێزیکە لەو وتەیە (هەموو کارێک بەبێ یاریکردن، وا لە جاک دەکا منداڵێکی سست و هەست مردوو بێ).

کۆڤی پێشنیاز دەکا کە خەڵک خۆی لە دۆخێکی باشی جەستەیی دەهێڵێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی دەمارگرژی. ئەو تاکەی کارێک ئەنجام دەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەلایەتیی خۆی، کاتی خۆی خەرج دەکا لە پێشخستنی دۆخی دەروونی و خۆی خەریک دەکا بەو چالاکییانەی کە حەزی پێ دەکا، دەبێتە سەرکردەی کاریگەر.

بەگوێرەی کوڤی، کات تەرخانکردن و بەسەربردن بۆ خۆنوێکردنەوە (تیژکردنەوەی مشار) کاریگەرییەکی بەردەوام لە ژیاندا دروست دەکا کە یارمەتیی کەسەکاندا دەدا سەرکەوتوو بن لە

ژیانیاندا و هەروەها یارمەتییان دەدا ببنە سەرکردەیەکی ڕۆحی.

لەگەڵ باسکردنی ئەو حەوت نەریتە وەک نموونەی داهێنان، ئەو وتارە هەوڵی داوە ئەوە پێشان بدا کە بوون بە سەرکردەیەکی ڕەفتار گۆڕاو یاخۆ هەر کەسێکی تر، سەرکردە نوێیەکە هانی شوێنکەوتوانی دەدا بۆچوون و نەریتیان بگۆڕن، هاوکات سەرکردەکان لە ژیان و کێشەکانیاندا لە چارەسەری بەرهەمهێن و داهێنەرانە نێزیک دەکەونەوە.

ئەو حەوت نەریتە وەک بیرۆکە تەنیا بیردۆزێکی سادە نییە، بگرە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی ستێرنبێرگ بۆ نموونەی سەرکردە کە ئەو سەرکردانەی ئەو نەریتەیان پێڕەو کردووە، خوێندنەوە و بینین و ئامانجێکی ئاشکرایان هەیە.

لە نەریتی یەکەوە تا سێ، کۆڤی پێشنیازی ئەوە دەکا کە کەسێکی دەستپێشخەر بی لە دەستپێکەوە تا جێبەجێکردن و هەروەها ئەو کۆسپانەی پێویست نین لە ڕێگەدا لایان ببەی. سەرکردە ڕەفتارێک دادەهێنێ لە ڕێگەی دووبارە ناساندنەوەی کێشەکە، هەروەها شیکردنەوەی کێشە و بۆچوونەکان.

لە هەردوو خاڵی ناساندنەوەی کێشە و شیکردنەوەی کێشە و بۆچوون، بنووس لە وردەکارییەکانی ئەو کێشانەی لە بەردەستدایە ورد دەبێتەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی باشترین و کاریگەرترین چارەسەری.

لە نەریتی چوار بۆ شەش، سەرکردە بەشێوەیەکی سەرەکی (ئارەزوو بۆ گەیشتن بە خەڵاتی دەرەکی بۆ ئەو شتانەی تاک لە ناوەخۆیدا هانی داوە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی پێ بدا)، دەدۆزێتەوە.

ئەوەش مانای ئەوەیە کە سەرکردە لە هەوڵی دروستکردنی سیستەمێکە کە کار دەکا بۆ باشترکردنی هەموو کردەوە و ڕەفتارەکان لە گەیشتن بە ئامانجکانیان.

لە کۆتادا نەریتی حەوت کە بریتییە لە تیژکردنەوەی مشار، تەنیا نابێتە باشترینیان لە هەموو ڕۆڵەکان لە ژیاندا وەک ڕۆڵی هاوسەر، مامۆستا، قوتابی، سەرکردە و چەندانی تر، هەروەها پێک هاتووە لە پراکتیزەکردنی حەوت نەریتەکە بۆ ئەوەی ببنە نەریتی کرداری.

تیژکردنەوەی مشار پێڕەوی بیرۆکەی کۆنفۆشی دەکا کە پشت بە ڕێگەی سووڕی و بەردەوامبوون دەبەستێ بۆ ئەوەی هەر حەوت نەریتەکە هەبێ و سەرکردە بە بەردەوامی مشارە کاریگەرەکەی تیژ بکاتەوە.

پێویستە سەرکردە پێڕەوی ئەو نەریتانە بکا کە ڕێ تێ دەچێ دواتر ڕادەیەک لە سەرکەوتن بەدوای دابێ، جا کەسی بێ لە ڕووی ڕێکخستن یاخۆ پێوەندیی بەکارەوە هەبێ لە ڕووی بەڕێوەبردنی کاتەوە.

سەرچاوەکان:

covey, S. R (1990). the 7 habits of highly effective people. New York: Simon & Schuster.
Marshak, R.j. (1993). Lewin meets confucius: A re-view of the OD model of change.
journal of Applied Behavioral Science, 29, No. 1, 393- 415.
Sternberg, R. J. (2007). A systems model of leadership. American psychologist, 62, No. 1, 34-42.

# ئەبێت بڕۆیت؟
# ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەر-دا

دانا ڕەئووف

**هارۆڵد پینتەر: ئەبێت بڕۆیت؟**

**ئەنتۆنیا فرەیسەر: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات بڕۆم.**

هەواڵنامەی کتێب

هارۆڵد پینتەر و خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەر لە هەشتی مانگی یەکی ساڵی ١٩٧٥دا، بە ڕێککەوت و بەهۆی هاوڕێ هاوبەشەکەیانەوە، لە میوانداریی ئێوارەخوانێکدا یەکتری دەبینن.

بە درێژاییی ئەو شەوە هیچ کامێکیان ڕێک ناکەوێت قسە لەگەڵ ئەوی تر بکات، تا ئەو چرکەساتەی ئەنتۆنیا فرەیسەر خەریکی ڕۆیشتە. هارۆڵد پینتەر لەو کاتەدا و لە پڕ بە چاوە ڕەشە چڕەکانییەوە سەیرێکی دەکات و بە هێمنی پێی دەڵێت: "ئەبێ بڕۆیت؟" ئەنتۆنیا فرەیسەر بیر لە کارەکانی ڕۆژانی دوایی خۆی دەکاتەوە کە دەبێ بیانکات، منداڵەکانی بەرێت بۆ قوتابخانە، کار لە کتێبەکەیدا بکات ... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ دوودڵی دەڵێت: "نەخێر .. بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات بڕۆم."[١]

ئەو شەوە دەبێتە سەرەتای خۆشەویستییەکی گەورەی نێوان هارۆڵد پینتەر و ئەنتۆنیا فرەیسەر کە زیاتر لە سی ساڵ دەخایەنێت و بۆ هەتاهەتایە ژیانی هەردووکیان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت.

دوای مردنی هارۆڵد پینتەر، ئەنتۆنیا فرەیسەر لە کتێبێکی چوارسەد لاپەڕەییدا، بیرەوەری و یاداشتە تایبەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو سی ساڵەیان ١٩٧٥–٢٠٠٨ دەگێڕێتەوە[٢].

هارۆڵد پینتەر وەک شانۆنامەنووسێکی بەتوانا، دیدێکی نوێ بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا دەکاتەوە، لەم شانۆیەدا بە ئاسانی دنیابینی و جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشکراکان جیا ناکرێنەوە. ئەتمۆسفێر و سترکتوری ڕووداو و کارەکتەرەکانی لە

بۆتەیەکی توندوتیژ و هەڕەشە و دوژمنکاریدا دەسووڕێنەوە.

لە ژوورێکی ریالیزمییەوە، لە شێوازێکی تەبای دراماتۆرگییەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ریالیزمی ئەندێشەئامێز و تەلیسماوی نادیار. رستە کورت و وچانە درێژ و وشە هێماگەلییەکانی، بینەران دەخاتە دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکی ترسناک و بەردەوامەوە.

هارۆلد پینتەر لە ساڵی ١٩٣٠دا لە لەندەن و لە ناوچەی ئێست ئێند لەدایک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٥دا پاداشتی ئەدەبی نۆبڵ وەردەگرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨دا و لە تەمەنی حەفتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. کە هارۆڵد پینتەر و خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەر یەکتری دەبینن، هەردووکیان تەمەنیان لە سەروو چل ساڵییەوە دەبێت، هەردووکیان ژیانی تایبەتی خۆیان و پێشتر بە ئەزموونی هاوسەرگیریدا رۆیشتوون، هارۆڵد پینتەر نووسەرێکی رادیکاڵی جوولەکە، زیاتر لە بەرەی چەپەکانەوە نزیک بووە و خاتوونە ئەکتەری ناسراوی ئینگلیزی فیفیان مێرچنت هاوسەری بووە. هەرچی ئەنتۆنیا فرەیسەر-یشە ئافرەتێکی کاسۆلیک، ئەرستۆکرات و دایکی شەش منداڵ بووە، مێردەکەشی هیو فرەیسەر سەر بەپارتی پارێزگارەکان و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی بووە.

ئەنتۆنیا فرەیسەر بەر لە دوو ساڵ ئەم بیرەوەری و یاداشتانەی ژیانی هاوسەریی خۆی و هارۆڵد پینتەر لە بەرگێکی گەورەدا بڵاو دەکاتەوە و هەر زوو وەردەگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا.

ئەنتۆنیا فرەیسەر ئەم یاداشتانەی بۆ ئەوە نەنووسیوە تا دواتر بڵاویان بکاتەوە، بگرە بۆ خۆی نووسیوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ رووداوەکاندا بژی و لە بیری نەچنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت زەمەن، گەر لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکانیش بێت، بۆ تاوێک بوەستێنێت. زەمەن لەم کتێبەدا وزەیەکی بەهێز و ئامادەبوونێکی لە بەرچاوی لە دێر و وشە و ساتەوەختی رۆژەکاندا هەیە و بیرەوەرییەکان، لە گەڕانەوەی زەمەندا سەرلەنوێ بەرجەستە دەبێتەوە.

ئەنتۆنیا فرەیسەر لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٠دا دەنووسێت:

''من ئەم بیرەوەرییانە بۆ ئەوە نانووسم تا ببێتە ئەدەبێکی گەورە، بگرە ئەمە هاوڕێکەمە، دۆکیومێنتێکە لەبارەی ژیانی هەردووکمان و هەندێک جاریش دڵنەواییکەرمە ...'' ئەنتۆنیا فرەیسەر ئاماژەی ئەوە دەکات کە هەر دوای دوو مانگ بەسەر مردنی هارۆڵد پینتەردا، دەستی کردووە بە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ئەمەش جۆرێک بووە لە دڵدانەوە و سەرلەنوێ ژیانەوەی ئەو رۆژگارانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەمە گەورەیەی کە هارۆڵد پینتەر لە دوای خۆی جێی دێڵێت.

ئەم بیرەوەرییانە بە شێوەیەکی ساکار تیشک دەخاتە سەر ژیانی هارۆڵد پینتەر و وەک کەسایەتییەکی ئاسایی و مرۆڤێکی میهرەبان، لە ڕاڕەوە تاریکەکانی ژیانەوە، لەودیو نووسینی شانۆنامە پڕ لە راز و نهێنییە توندوتیژەکانیەوە، دەردەکەوێت و ئەو کلێشە و وێنە تەبایانەی کە

خوێنەر و ڕەخنەگرەکان لەلای خۆیان سەبارەت بە کەسایەتیی هارۆڵد پینتەر دروستیان کردووە، بە تەواوەتی دەشکێت. ئەم نووسەرە ئەبسورد و تۆقێنەر و نادیارەی ناو شانۆنامەکانی، وەک کەسێکی عاشق و ناسک دەردەکەوێت.

نووسەر بەم یاداشتە ڕاستگۆ و لێوڕێژ لە ژیان، هەستێکی (لێرە و لە ئێستا)ی خولقاندووە و خوێنەر دەباتە ئەودیو پەردە دادراوەکانەوە و وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەمان پێشان ئەدات.

ئەم بیرەوەرییانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ئەدەبێکی تایبەتمەند دەخولقێنێت و مانا دەبەخشێتە هەموو ئەو ڕۆژانەی بەسەرچوون، بە جووڵانەوە ئاساییەکانەوە، بە ساتەوەختە ساکارەکان و بە ساتە چڕەکانی پرۆسەی داهێنانەوە.

نووسەر بە ڕستە کورتەکانی دەسپێکی کتێبەکە، تا کۆتایی و هەڵکشانی ڕووداوەکان، درامایەکی بەهێز دروست دەکات کە تەنیا دوو کارەکتەر، پینتەر/ فرەیسەر لە ناوەندی ڕووداوەکاندا، هێدی هێدی گەورە دەبن. ئەم کتێبە تەنیا دەروازەیەک نییە بۆ ژیانی ڕۆژانە و ئەو چیرۆکە خۆشەویستییە بەتین و بەهێزەی نێوان هارۆڵد پینتەر و ئەنتۆنیا فرەیسەر، بگرە پێناسە و تێڕوانینێکیشە بۆ کەسێتیی ئەم دوو نووسەرە، بەتایبەتی لە بوارەکانی شانۆ، ئەدەب و سیاسەتدا.

هەروەها لەم یاداشتانەدا وێنەی هارۆڵد پینتەرێکی بەختیار لە ژیانی هاوسەرگیری و خێزانیدا دەبینین، ژیانێکی پڕ لە ماچی تەڕ و گوڵی بۆنخۆشی جوان و گفتوگۆی لێوانلێو لە خەندە. خوێنەر چیرۆکی عەشقی دوو مرۆڤ دەخوێنێتەوە کە بە یەکەوە و بە تەنیشت یەکەوە گەورە دەبێت، هەڵدەکشێت و لەناو جیهانەکەی ئێمەدا جیهانێکی تایبەتمەند بۆ خۆیان دروست دەکەن.

ئەنتۆنیا فرەیسەر دەڵێت:

"ئێمە هەرگیز لەگەڵ یەکتری بە شەڕ نەهاتووین، بەڵێ بیروڕای جیاوازمان هەبووە و گفتوگۆمان زۆر کردووە، بەتایبەتیش سەبارەت بە مەسەلە سیاسییەکان و چەمکەکانی ئاین، بەڵام هەمیشە ئەم گفتوگۆیانە بۆ هەردووکمان بە مانا بوون. ئێمە بەردەوام لە گفتوگۆیەکی بێ کۆتادا بووین."

(ئەبێت بڕۆیت؟) تەنیا ژیانی هارۆڵد پینتەر و ئەنتۆنیا فرەیسەر ناخاتە ڕوو، بگرە لە پەراوێزی ژیانی ئەم دوو مرۆڤەدا، وێنەیەکی ڕەوتی شانۆ و کولتووری بەریتانی، بەتایبەتی لە لەندەن-مان پێ دەناسێنێت و چەندین کەسایەتیی گرینگی بواری شانۆ بەنێو ڕووپەڕەکانی ئەم کتێبەدا، بەنێو ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو مرۆڤەدا تێ دەپەڕێت.

لۆرانس ئۆلیڤەر، یولیەت واڵتەر، ڤاکلاف هاڤل، سەلمان ڕوشدی، پێتەر هاڵ، سامۆێل بێکێت، ئارسەر میللەر، ف. سی نیاپاول، یوان بەیێز .... و هتد.

کە فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەی ( ئایەتە شەیتانییەکان) لە مەلاکانی ئێرانەوە دەدرێت، بۆ ماوەیەک لەماڵی پینتەر/ فرەیسەر خۆی دەشارێتەوە، پینتەر و فرەیسەر بە توندی بەرگری لە سەلمان روشدی دەکەن، بەرگریکردن لە سەلمان روشدی بۆ ئەوان بەرگریکردن بووە لە مافی ئازادیی دەربڕین و وشەی ئازاد.

– هارۆڵد پینتەر لە شانۆوە دەستی پێ کردووە، سەرەتا ئەکتەر بووە و لە هونەری نواندنەوە، لە ریژی و پێکهێنەرەکانی تری پرۆسێسی نمایشێکی شانۆییەوە دەستی کردووە بە نووسینی شانۆیی. لە کتێبەکەشدا ( ئەبێت برۆیت؟ ) جگە لە هارۆڵد پینتەری نووسەر، هارۆڵد پینتەری شانۆکاریش دەبینین، بەردەوام شانۆنامەکانی خۆی و نووسەرەکانی تر لە لەندەن، ئەمەریکا و ئەوروپا پێشکێش دەکات و ساڵانە ئامادەی ئەو فیستیڤاڵی تایبەتمەندانە دەبێت کە لە ئەمەریکا، مەکسیکۆ و ئێرلاند بۆ شانۆنامەکانی ساز دەکرێت.

هارۆڵد پینتەر کە وەک ریژیسۆر کاری کردووە، هەمیشە خۆی لە بەرەی ئەکتەرەکاندا بینیوەتەوە، خۆی لەواندا دۆزیوەتەوە و گەر هەر جیاوازییەکیش لە بیروباوەڕ و چۆنیەتیی خوێندنەوەی تێکستەکاندا هەبووبێ، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە هارۆڵد پینتەر لەلایەکەوە تا ئاستی لێبێزران بە دیقەت بووە و لەلایەکی تریشەوە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ هیچ کەسێک نەهێشتووەتەوە تێکستەکە کورت بکەنەوە، یان دەستەواژە و تەنانەت وشەیەکیش بگۆڕن و ئاڵوگۆڕی پێ بکەن[3].

هارۆڵد پینتەر جگە لە شانۆنامە، شیعریشی نووسیوە، لە کۆتاییی ژیانیدا بە تەواوەتی رووی کردووەتە شیعر و کۆمەڵێ شیعری دڵداری، بەتایبەتی بۆ ئەنتۆنیا فرەیسەر نووسیوە. فرەیسەر دەڵێت: "ئێمە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە هارۆڵد پینتەر دەیویست ببێت بە شاعیر و لە زۆر رووەوە خۆی وەک شاعیر دەبینی."

هارۆڵد پینتەر کەوتبووە ژێر کاریگەری شیعرەکانی ت.س. ئەلیوت وییتس، لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەدا تروسکەیەکی رۆحی بەدی کردووە و هەر لە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرەوە وزەی وەرگرتووە و بەدوای پێوەندییە رۆحییەکاندا گەڕاوە.

هارۆڵد پینتەر هەستێکی چڕی بۆ مەسەلە رۆحییەکان هەبووە، کە سەردانی هەر وڵاتێکیشی کردبێت، بۆ ماوەیەک لە کڵێسا کۆن و تاریکەکاندا بەبێ دەنگ دانیشتووە. ئەنتۆنیا فرەیسەر ئاماژەی ئەوە دەکات کە هارۆڵد پینتەر زۆرجار لە کڵێسا شێدارە تاریکانەدا، لە ساتە تەنیا و بێدەنگەکاندا، لەبەر خۆیەوە شیعرەکانی ئەلیوتی خوێندووەتەوە و هەستی بەوە کردووە کە پریشکێکی رۆحی لە شیعرەکانی ئەلیوتدا هەیە و راستەوخۆ لەگەڵ هەستە نادیار و رۆحییەکانی مرۆڤدا دەدوێت.

هارۆڵد پینتەر ئەو هەستە رۆحییەشی لە (فرانس کافکا)ش دا بینیوەتەوە، کە رۆمانی (پرۆسێس)ی کافکا بۆ شانۆ و تەلەڤزیۆن تۆمار دەکات، دووپاتی پێوەندییە رۆحییەکانی نێوان مرۆڤ لەم رۆمانەدا دەکاتەوە. پرۆسێس بۆ هارۆڵد پینتەر گەڕانی بنیادەم بووە بەدوای خوادا، نەک پێوەندییە سیاسییەکان. هارۆڵد پینتەر زۆربەی دیمەنەکانی رۆمانی (پرۆسێس) لە پراگ، جێنزرگەی کافکا تۆمار دەکات، ڤاکلاڤ هاڤل ئەوکات سەرکۆماری ئەو وڵاتە دەبێت و زۆربەی رۆژ، دوای کار سەردانی هارۆڵد پینتەر لە شوێنی وێنەگرتنەکان دەکات.

هارۆڵد پینتەر و ڤاکلاڤ هاڤل شانۆنامەنووس و سەرکۆماری چیک پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبووە، کە ڤاکلاڤ هاڤل بەهۆی هەڵوێست و بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسییەکەی ئەو وڵاتەوە لە بەندیخانەکاندا توند دەکرێت، هارۆڵد پینتەری هاوڕێ و هاوپیشەی لە لەندەن شانۆنامەکانی پێشکێش دەکات، تا چاوی میدیا و سیاسەتوانەکانی بەریتانیا و ئەوروپای بچێتە سەر و بەو شێوەیەش پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ڕژیمیی ئەوکاتەی چیکۆسلۆڤاکیا.

هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاکانی رەوتی نووسینە شانۆییەکانییەوە پێوەندییەکی راستەوخۆی بە سامۆییل بێکێت-ەوە دەبێت و ئەو پێوەندییە دەبێتە دۆستایەتییەکی نزیک و درێژخایەن. هارۆڵد پینتەر لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا و لەژێر کاریگەری بێکێتدا شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" دەنووسێت کە دواتر دەبێتە یەکێک لە شاکارە کلاسیکییەکانی شانۆی مۆدێرنی جیهانی[٤].

بە مردنی بێکێت، هارۆڵد پینتەر خەمبار و دڵگران دەبێت و وەک رێزلێنانێک لەو ڕابەرە گەورەیە، لە شانۆی نەتەوایەتیی لەندەن یادێکی شکۆمەندانەی دەکەنەوە، هارۆڵد پینتەر لەو یادەدا دەڵێت: "هیچ شتێک لە جیهان و دنیابینی بێکێتدا نەمردووە، بە تایبەتی بێکێت خۆی، تەنانەت مردووەکانیش لە شانۆی بێکێتدا زیندوون[٥]."

ئەنتۆنیا فرەیسەر دەڵێت: "بەلای منەوە بێکێت لەو نامەیەدا کە بۆ هارۆڵد پینتەری نووسیوە، لە هەموو کەسێک باشتر باسی ئەو کارەکتەرە دانسقە و تایبەتمەندەی شانۆنامەی (ناپاکی) دەکات، هەروەها بێکێت باسی هێز و وزەی دیمەنی کۆتاییی ئەم شانۆنامەیەش دەکات کە لە بنەڕەتدا دیمەنی یەکەمە[٦]."

کە ئارسەر میللەریش کۆچی دوایی دەکات، رۆژنامەنووسەکان لە هەموو دنیاوە پێوەندی دەکەن بە هارۆڵد پینتەرەوە، هارۆڵد پینتەر هاوڕێیەکی نزیکی شانۆنامەنووسی ئەمەریکایی ئارسەر میللەر دەبێت و بەپێی یاداشتەکانی ئەنتۆنیا فەیسەر، هارۆڵد پینتەر لە دڵەوە بۆ مەرگی لە ناکاوی ئارسەر میللەر گریاوە.

ئەنتۆنیا فرەیسەر: تۆ هەرچەندە بە مردنی بێکێت زۆر خەمبار و دڵتەنگ بوویت، بەڵام نەگریایت؟
ئێستا بۆ مەرگی ئارسەر میللەر دەگریت.

هارۆڵد پینتەر: بێکێت خۆی دەیویست بەرەو مەرگی خۆی بڕوات، بەڵام ئارسەر میللەر وزەیەکی گەورە بوو لە ژیان و دەیویست بەردەوام بێت، دەیویست بژی.

هارۆڵد پینتەر هەمیشە بە شێوەیەکی رادیکاڵی هەڵوێستی سیاسیی خۆی دەربڕیوە، رەخنەی توندی گرتووە و لایەنگریی خۆی بۆ چەوساوەکانی دنیا دەربڕیوە. لەم کتێبەشدا نووسەر ئاماژەی ئەوە دەکات کە چۆن هارۆڵد پینتەر هێدی هێدی رووداوەکانی جیهان و هەڵوێستە سیاسییەکان هەموو ژیانی داگیر کردووە، فرەیسەر باسی ئەو رۆژانە دەکات کە هارۆڵد پینتەر بەهۆی رووداوە سیاسییەکانی جیهانەوە بە قووڵی هەستی بە نیگەرانی کردووە[7].

هارۆڵد پینتەر لە سێ ناوچە و مەداری جیاوازی دنیاوە بەرگریی لە گەلانی چەوساوە کردووە و دژی سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیستەکان بووەتەوە: یەکەمیان وڵاتانی ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین، بە تایبەتییش نیکاراگوا، دووەم ئەوروپای رۆهەڵات و بە تایبەتی وڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا، سێیەمیشیان تورکیا بووە.

نووسەر لە زۆر شوێنی ئەم بیرەوەرییانەدا باسی بەرگریکردنی هارۆڵد پینتەر لە گەلی کورد دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بەشداریی خۆپێشاندانەکانی کردووە کە لە بەریتانیا دژی سەدام حوسێن و دەسەڵاتدارانی تورکیا، لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆزی کورد و چارەنووسی خەڵکی کورددا کردووە. ئەنتۆنیا فرەیسەر لە رۆژی ٢٤ی مانگی سێدا نووسیویەتی:" ئەو شانۆنامە تازەیەی هارۆڵد دەستی کرد بەنووسینی، زمانی چیا بوو، ئەم کارەشی راستەوخۆ بۆ بەرگریکردن و دژی چەوساندنەوەی کوردەکان نووسیوە.

هارۆڵد بۆی دەرکەوت کە زمانی کوردی تەنانەت لەناو کوردەکان خۆشیاندا قەدەغەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بۆ هارۆڵد هێماگەلێکی بەهێزی چەوساندنەوە بوو، جیهانبینی هارۆڵد پینتەر زۆر نزیک بوو لە چەمکی (زمان)ەوە، کە زمانیش قەدەغە بکرێت، مانای وایە مرۆڤ لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی خۆی وەک مرۆڤ دابماڵرێت. هارۆڵد هەرکە لە تورکیا گەڕایەوە بۆ لەندەن دەستی کرد بە نووسینی ئەم شانۆنامەیە." لە هەمان کاتدا هارۆڵد پینتەر بە توندی دژی جەنگی عێراق بوو، هێرشی دەکردە سەر ئەمەریکا و بەریتانیا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەدا سەرکردەکانی ئەو جەنگە ریسوا بکات[8].

کە هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠٥دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، پێگەی ئەم پاداشتە بۆ زیاتر قووڵبوونەوە، فۆرمۆلەکردن و بەفەرمیکردنی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و ئەو پاداشتە جیهانییەی وەک ناوەندێک بینیوە تا بتوانێت لەم روانگەیەوە گوزارشت لە دیدە رادیکالییەکانی بکات.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠١دا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبێت، دوای حەوت ساڵ بەم

نەخۆشییە دەمرێت، بەڵام لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ژیانی هارۆڵد پینتەر بەتەواوەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا دێت، بەردەوام لە نەخۆشخانەکان دەمێنێتەوە، نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت، جەستەی بچووک دەبێتەوە و هێز و تواناکانی لە هەموو ڕوویەکەوە کەم دەبنەوە. لەو ڕۆژانەدا بەردەوام لە نزیک مەرزەکانی مەرگەوە دەژی، ئەودیوی ژیان، وڵاتی مردووەکان دەبێت و بە هەستێکی پڕ لە ژان و ئازارەوە دەڵێت:" ناتوانم خۆم لەسەر ئەو ڕەوشە رابهێنم کە دەمرم، تەمەنم تەنیا تۆزێک لە سەروو حەفتاوەیە"

چیرۆکی هارۆڵد پینتەری نووسەر و عەشقی ئەم مرۆڤە بەرهەڵستکارە لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٨دا کۆتاییی پێ دێت: (سەعاتی دەوروبەری حەوت و بیست دەقیقە بە تەنیشت جێگەکەی هارۆڵدەوە دانیشتم و دەستم کرد بەخوێندنەوەی "ژیانەوە"کەی تۆڵستۆی. هارۆڵد هەناسەی ئەدا، بەڵام بە دەنگێکی لەرزۆک و قرخەقرخ. سستەرەکان لە دەرەوە چاوەڕوانیان دەکرد. منداڵەکانم و منداڵی منداڵەکانمان ڕۆیشتبوون. من بە تەنیا لە ژوورەکەدا بووم. هەستم دەکرد ئەمەش بڕیارێکی ڕاست و تەواوەتی بوو. لە پڕ هارۆڵد لە پرخەپرخ کەوت، چاوە ڕەشەکانی بە گەورەیی کردەوە، وەک ئەوەی چاو زەق بکاتەوە، کاتێک من وەک جاران گوتم: "ئەوە منم ئەنتۆنیا، کە تۆی خۆش دەوێت." بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. هەموو جەستەی بە توندی گرژ بوو، دواجار ئارام و بێدەنگ بوو. من سەرم بردە پێشەوە، بەڵام هەستم بە هەناسەی نەکرد. ئەو سپی و مردبوو. بۆ تاوێک لەوێدا دانیشتم. ماچم کرد. جەستە نازدارەکەی سارد بووبووەوە: ئەبێت بڕۆیت؟ بەڵێ، کاتی هاتووە. بەر لەوەی بچمە دەرەوە ماچێکی ترم کرد، دوا ماچ و گوتم:" شازادە ئازیزەکەم، شەوباش! فریشتەکان بە گۆرانییەوە بەرەو دوا ئارامگات بەرن.[٩]"

پەڕاوێزەکان:

١. لەیدی ئەنتۆنیا مارگەرێت فرەیسەر لە ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی بە نەژاد ئایرلەندیدا لەدایک بووە. چەندین کتێبی بیۆگرافیی گرینگی لەسەر ژیانی شاژن و پادشاکانی ئەورووپا نووسیون، لەوانە لۆدڤیکی چواردە، هێنریکی هەشتەم و ماری ئەنتوانێت. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئەو کتیبەی لەسەر ماری ئەنتوانێت نووسیویەتی دەکرێتە فیلم. ئەم خاتوونە جگە لەوەی کە نووسەرە، چەندین چالاکیی تری هەبووە، لەوانە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨–١٩٩٩دا سەرۆکی پێن کلوبی بەریتانی بووە.

٢. ئەنتۆنیا فرەیسەر ئەم چیرۆکە بیرەوەرییەی کە لە ماوەی سی و سێ ساڵدا نووسیویەتی، ڕۆناوە. ئەم شوێنپێ هەڵگرتنە ورد و ڕۆژانەیە تەنیا چیرۆکی خۆشەویستیی ئەم دوو نووسەرە هارۆڵد/ ئەنتۆنیا ناگێڕێتەوە، بگرە بیۆگرافیایەکی نزیک و هاودەمی هارۆڵد پینتەرە، لە هەمان کاتدا خستنەڕوویەکی تەواوەتی چینە بەرز و ئەرستۆکراتەکەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی دەیەی نەوەدەکانە.

٣. هارۆڵد پینتەر هەموو ساڵێک لە شانۆی (ڕۆیال کۆرت) وۆرکشۆپێکی بۆ شانۆنامەنووسە نێونەتەوەییەکان ساز کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش نووسەرە لاوەکانی وڵاتانی یۆگۆسلافیا، ئەفریقیا،

وڵاتانی عەرەب و ئیسرائیل بانگهێشتن کراون. لەم کتێبەشدا خاتوو ئەنتۆنیا فرەیسەر باسی ئەم چالاکییە لاوەکییانەی هارۆڵد پینتەری کردووە و ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە هارۆڵد پینتەر گرینگییەکی زۆری بەم وۆرکشۆپانە داوە.

٤. شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" و " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە وەرگێڕانی عەلی عوسمان یاقووب و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٣٦ دا بڵاو کراونەتەوە.

٥. ئەنتۆنیا فرەیسەر لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا باسی پێوەندییەکانی هارۆڵد پینتەر و بێکێت دەکات، ئەوەش ناشارێتەوە کە پینتەر چەندە کاریگەری بێکێت-ی بەسەرەوە بووە. هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە: ئەو نیوەیەی هارۆڵد پینتەر کە بێکێت نییە، ئەوە هەمەنگوایە.

٦. ئەنتۆنیا فرەیسەر لە ٢٧ی دیسەمبەردا دەنووسێت: هارۆڵد بە درێژاییی دوازدە سەعات خەریکی نووسینی ئەو شانۆنامەیە بوو کە ئێستا بە (ناپاکی) ناوزەدی کردووە.

* شانۆنامەی "ناپاکی" و "کاتە بەسەرچووەکان" و "دیمەنێکی سروشتی" لە وەرگێڕانی فاروق هۆمەر و لە زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ٢٨دا بڵاو کراونەتەوە.

٧. هارۆڵد پینتەر نووسەر و هونەرمەندی وەک هاووڵاتییەک داناوە و بەتوندی دەستەواژەی (هونەرمەندیش هاووڵاتییە)ی بەکار هێناوە.

٨. ڕەخنەگر و ئەو کەسانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا بوون هێرشیان کردووەتە سەر هارۆڵد پینتەر و بەوە تاوانباریان کردووە کە بەرگری لە سەدام حوسێن دەکات. " هارۆڵد دژی سەدام بوو، چەندین جار خۆپێشاندانی بۆ مافی کوردەکان و دژی سەدام کردبوو، بەڵام دژی شەڕ بوو، دژی ئەوە بوو کە خەڵکی سڤیل بۆردمان بکرێن."

٩. ئەنتۆنیا فرەیسەر بەم شێوەیە کۆتایی بەو یاداشت و بیرەوەرییانە دێنێت کە بە درێژاییی سی ساڵ ڕۆژەکانی ژیانیانی تۆمار کردووە. (ئەبێت بڕۆیت؟) ئەبێتە سەرەتا و کۆتاییی ژیانێکی پڕ لە داهێنان و خۆشەویستییەکی بەهێز و بەرەنگاری.

سەرچاوە:

Mäste du gä?
Mitt liv med Harold Pinter
Översättning av Margareta Eklöf
Bokförlaget: Forum

# ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا
# لە تەنگژەدایە*

ڕاینەر روپ

ئەو تەنگژە ئابوورییەی کە وا بۆ ماوەی چوار ساڵە بەردەوامە و نایەوێت تەواو بێت، دیارە ڕەگ و ڕیشەی زۆر قووڵتر دەڕوات لەوەی کە باسی لێوە دەکرێت. لە ڕاستیدا کێشەکە پێوەندیی بەخودی سیستەمی کەپیتالیزم "سەرمایەداری"یەوە هەیە. ئەو تەنگژە ئابوورییەی ئەمڕۆ، کە بووەتە هۆی ئەوەی ملیۆنان کرێکاری زەحمەتکێش و هەژار بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەرێت، مێژوویەکی کۆنتری هەیە و، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١.

ئا لەم ساڵەدا بەشێوەیەکی فوندەمێنتاڵ ئابووریی ڕۆئاوایی سەرلەنوێ دروست کرایەوە. بەشێوەیەکی جوان ماڵێکی وەرەقی لە پارە دروست کرا، کە ساڵ لەدوای ساڵیش، قاتی نوێی لەسەر دروست دەکرا، هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ هەمووی بەسەر یەکتردا ڕووخا.

لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە، ساڵی ١٩٧١ دەست کرا بەقۆناغێکی نوێی گەشەسەندنی ئابووریی ڕۆئاوا. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە کاتێک دەستی پێ کرد، کە واز لە پشتبەستن بە ئاڵتوون بەسترا[١]، ئەویش لە ڕێگەی سەرۆکی ئەمەریکاوە ڕیتشارد نیکسۆن ئەم کارە کرا. لەو کاتەدا واز لە یاسای Bretton-Woods دارایی هێنرا، کە لە ساڵی ١٩٤٤ەوە واتە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە کاری پێ دەکرا، ئەو یاسایەی کە بۆرسە جیهانییەکان کاریان پێ دەکرد. وردە وردە هەموو "کۆنترۆڵێک" بەسەر ئابووریی جیهاندا نەما، هەروەک Paul Volcker, پاول ڤۆکەر سەرۆکی بانکی فیدراڵیی ئەمەریکایی" FED" گوتی.

ئەم گۆڕانکارییە کە لە واشنتۆنەوە سەری هەڵدا، ئامانجی سەرەکیش لەم سیاسەتە ئەوە بوو، کە ئەمەریکا دەیویست لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەژموونی خۆی بەسەر ئابووریی جیهاندا بسەپێنێت.. چونکە لەو کاتەدا نەیدەتوانی پشت بە ڕێگە کۆنەکان ببەستێت، واتە

................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا

بەهێزکردنی بازرگانی (هەناردە) بۆ دەرەوە، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی و ئاسیاویدا.

کورتهێنانی بازرگانیی دەرەکی و کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتی، ئەم دوو کێشەیە ئابووریی ئەمەریکای، لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەتا کۆتاییی شەستەکان، زۆر بەتوندی هەژاندبوو.

هەناردەی سەرمایە "کەپیتاڵ" لە ئەمەریکاوە، هەروەها گەشەسەندنی دینامیکیی ئابووریی وڵاتانی رۆئاوا، لە ساڵی ١٩٧١دا، تووشی تەنگژەیەکی ئابووریی گەورە بوو و کەوتبووە ناو چاڵێکی قووڵەوە. کۆتاییهێنان بە سیستەمی کۆنی ئابووری و دامەزراندنی ئەم سیستەمە ئابوورییە نوێیە، مانای سەپاندنی هەژموونی ئابووری و سیاسیی ئەمەریکا بوو، بەسەر تەواوی وڵاتانی رۆئاوا و هەموو جیهاندا.

## کۆتاییی مۆدێلێکی بازرگانی

لە جیاتیی ئەوەی سیاسەتێکی ئابووریی توند دابنێن و دەست بکەن بەسەپاندنی سیاسەتێکی (تقشف)، بۆ ئەوەی کێشەی کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتی کەم بکەنەوە، سەرانی ئەمەریکا سیاسەتێکی ئێجگار ترسناکیان گرتە بەر و، نەک کورتهێنانی بودجەیان کەم کردەوە، بگرە زیاتریش بوو. بەڵام کێ دەبێت باجی ئەم یارییە ترسناکەی ئەمەریکا بدات ؟. هەموو جیهان !. ئەی چۆن ؟. لە رێگەی گواستنەوەی سەرمایەیەکی زۆر لە دەرەوە بۆ ناو ئەمەریکا، بەم شێوەیە سەرمایەی بیانی لە ئەتلانتیک " ئەوروپا" و پاسیڤیک (رۆهەڵاتی ئاسیا)، بە لێشاو بەسەر ئەمەریکادا رژا.

بەم شێوەیە کورتهێنانی دووانە لە ئابووریی ئەمەریکا (مەبەست لە کورتهێنان لە بودجەی دەوڵەت و بازرگانیی دەرەکی)، بێ سنوور بەردەوام بوو. ئەمەریکا وەکو گسکێکی کارەبایی، هەموو ئەو بەرهەمەی کە لە وڵاتانی تر بەرهەم دەهات هەڵدەمژی، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە بەرهەمێکی زۆریان بەرهەم دەهێنا و هەناردەی دەرەوەیان دەکرد، هەتاوەکو پارچە کاغەزێکی چاپکراوی سەوزیان دەست بکەوێت "دۆلاری ئەمەریکی "، رێک وەکو ئەوەی ئاڵتوونیان دەست بکەوێت، بگرە لە ئاڵتوونیش بە بەهاترە، چونکە بەشێوەیەکی رەها "مطلق" گرەنتییە "مسۆگەرە"، لە هەمان کاتیشدا دەشتوانن "سوود"یشی لێ وەربگرن.

وڵاتان دۆلاریان پاشەکەوت دەکرد وەکو گرەنتییەک بۆ کاتی خراپ (واتە خەزنکردنی دراوی گرانبەها). یان لە جیاتیی ئەو شمەکانەی کە لە بازاڕەکان دەیانکڕی، دۆلاریان بەکار دەهێنا بەتایبەتی وزەی سروشتی "نەوت و گاز".

ئەم سیستەمە ئابوورییە نوێیە واتە "بەکارهێنانی دۆلار لە جیاتیی ئاڵتوون "، وای کرد کە وڵاتانی تر، قەرزەکانی ئەمەریکا بدەنەوە، هەتاوەکو ئەمڕۆش واشنتۆن هیچ قەرزێکی نەداتەوە و

لەم سیاسەتەش بەردەوامە.

هەرچەندە ئەم ئارگومێنتە نوێیە، کە لە حاڵەتێکدا وای کردووە کە پالانسی ئابووریی جیهان تێک بدات، کەچی بۆ ئەوانەی کە سوودمەندن لەم سیستەمە، وەکو گرەنتییەکی باش دایدەنێن، بۆ ئەوەی پالانسی ئابووریی جیهان ڕابگرێت.

جێگەی گوتنە ئەم سیستەمە جیهانییە نوێیە، توانی بەشێوەیەکی خێرا سیاسەتی ئابووری و دارایی و بازرگانیی جیهان تێکەڵ بکات، تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆریش توانی ئارامییەکی زۆر بەباری ئابووریی جیهان ببەخشێت و گەشەی ئابووریش بەهێز بکات. لە هەمان کاتیشدا چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەدارەکانی ئەم وڵاتانەش کە ئەم سیستەمەیان بەرقەرار کرد، (واتە ڕۆئاوا)، توانییان لەم ماوەیەدا قازانجێکی زۆر بکەن، لە هەمان کاتیشدا توانیشیان جۆرێک لە خۆشگوزەرانی بۆ چینی کرێکاران لەم وڵاتانەدا فەراهەم بکەن.

بەپشتبەستن بەم میکانیزمە نوێیە، ئابووریی نیشتمانیی هەندێک وڵاتان بەتایبەتی (ئەڵمانیا، ژاپۆن، وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، هەروەها پاشتریش چین) توانییان لەم ماوەیەدا، شمەکی زۆر بەرهەم بهێنن و و بواری خزمەتگوزاری پێشبخەن، کە سوودیان لە بەهێزبوونی هێزی کڕینی هاووڵاتییانی ئەمەریکایی بینی.

نزیکەی ٧٠٪ی ئەو بەرهەم و سەرمایە زۆرەی وڵاتان کە لەم ماوەیەدا دەستیان کەوت، ئەویش لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زۆرەو دەستیان کەوت و بوو بەهۆی ئەوەی کە ئابووریی جیهان پێش بخات، هەموو ئەم دەستکەوتانە ڕژانە ناو قوڕگی ئەمەریکاوە کە ئەویش لە ڕێگەی بۆرسەی Wall Street ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەو پارەیەی کە دەستیان دەکەوت، دەهاتن لەم بۆرسەیەدا پشکیان پێ دەکڕی، کە ئەمەش وای کرد کە سیستەمێکی ئابووریی نوێ دروست بێت، کە زیاتر لە خەڵکانی سەرکێش پەیدا بوون، لە بۆرسەکاندا بازرگانییان بە پشکە مالییەکانەوە دەکرد.

پاول ڤۆکەر Paul Volcker, بەزیرەکی و دووربینیی خۆی، توانی بڕیارێکی ئێجگار گرینگ بدات، ساڵی ١٩٧١ بەدەسەڵاتدارانی ئەمەریکای گوت:

یان ئەوەتا ئێوە دەست دەکەن بە سیاسەتێکی " تقشف"ی توند، ڕێگە لە کورتهێنانی "بودجە و بازرگانیی دەرەکی" دەگرن، کە ئەمەش وا دەکات جارێکی تر ئەمەریکا هێز و توانای ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت، یان ئەوەتا ڕێگەیەکی تر دەگرنە بەر کە ئەویش بڕیتییە، کە بۆرسەی نیۆرک Wall Street بکرێتە سەنتەرێکی کۆنترۆڵکردنی ئابووریی جیهان، وە بەم شێوەیەش دەتوانن هەژموونی خۆتان بپارێزن و کێشەی کورتهێنانی "بودجەی حکوومەتی و بازرگانیی دەرەکی" چارەسەر بکەن.

ئەم سیاسەتە نوێیەی جیهان وای کرد، کە دراوی ئەمەریکی "دۆلار" لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بکرێتە "یەدەگی سامانی نەتەوەیی" بۆ هەموو وڵاتانی جیهان. ئەمەش وای کرد کە یارمەتییەکی زۆری ئابووریی ئەمەریکا بدات و لەو کێشە گەورەیە ڕزگاریان بکات کە ڕووبەڕووی

بووبوونەوە.

ئەم سیاسەتە ئابوورییە نوێیە وای کرد، کە ئەمەریکا لە ماوەی ئەم چل ساڵەی پێشوودا، هەژموونی خۆی بەسەر ئابووریی جیهاندا بسەپێنێت و، بەردەوام بێت لەوەی کە وەکو تاکە زلهێزێکی جیهانی حوکمی ئابووریی جیهان بکات، هەر ئەمەش وای لێ کرد، کە هیچ وەختێک بیر لە سیاسەتی "تقشف" نەکاتەوە و، بەبەردەوامیش بودجەی حکومی کورت بهێنێت و قەرزی حکومیش زیاد بکات، چونکە هەموو ئەمانە هیچ نابنە ڕێگر و کێشە بۆ ئەمەریکا دروست ناکەن.

ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زۆر دەیتوانی "پەنیر و فیشەک"ی بەرێژەیەکی زۆر بەرهەم بهێنێت. بەڵام لە کۆتاییدا نەیتوانی چیی تر لەم بارە بەردەوام بێت و تووشی تەنگژە و نابووتییەکی گەورە هات. کۆشکە کاغەزەییەکە رووخا، هەروا ئاسانیش نییە جارێکی تر ئەم کۆشکە دروست بکرێتەوە، چونکە هەموو موشتەرییەکان، ئەمەریکا دەستی سووتاندن. بەواتایەکی تر درۆکان کەشف بوون و باوەڕبوونیش نەما.

بەدڵنیاییەوە بە بەردەوامی هەندێک وڵات هەن، کە ئابوورییەکی خورتیان هەیە بۆ نموونە "چین". بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری یەدەگی دراویی خۆیان بە دۆلارە پاراستووە، بەڵام بیریش لە ئەلتەرناتیڤی تریش دەکەنەوە. بەڵام خۆدزینەوە و دوورکەوتنەوە لە دۆلار، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهاندا بەرەو زیادبوون دەچێت.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نموونە چینییەکان فێر بوون بۆ ئەوەی خۆیان لە تەنگژە ئابوورییە دەرەکییەکان بپارێزن، پێویستە بازاڕی ناوەخۆیی و بازرگانیی ناوەخۆیی بەهێز بکەن. ڕابەرانی پکین زۆر بەجدییەوە سەرقاڵی ئەوەن، کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سترەکتووری ئابووریی وڵاتدا بکەن، بۆ ئەوەی پشت بە بازاڕی ناوەخۆ ببەستن و شمەک بۆ ئەم بازاڕە بەرهەم بهێنن.

لە ژاپۆنیش ماوەیەکی زۆرە گەشەی ئابووری زۆر و بەرهەمهێنانی زۆر نەماوە و گوم بووە. ژاپۆن بەڕێژەیەکی ترسناک، بازرگانیی دەرەکی کورتهێنانی تۆمار کردووە. ئەمەش مانای وایە، کە کورتهێنانی دووانەی ئەمەریکا (کورتهێنانی بودجەی حکومی و بازرگانیی دەرەکی)، زیاتر و زیاتر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا رووخانی دۆلاری ئەمەریکی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خێراتر دەبێت.

## کاریگەرییەکانی تری ئەم تەنگژە ئابوورییە

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی ئەم تەنگژە ئابوورییە دروست بوون، کاریگەری بەسەر هێزە ئابوورییەکانی جیهانەوە هەبوو، بە دڵنیاییەوە ئەم تەنگژەیە کاریگەری تریشی دەبێت، کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دەردەکەون. هەر بەهۆی ئەم تەنگژەیەوە، لە دە ساڵی داهاتوودا، گۆڕانکاریی هەموو بوارەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆجی) دەگرێتەوە.

لە ئەنجامی ئەم تەنگژەیەدا، کۆمەڵێک ئاسۆ و دیدی نوێ و گۆڕانکاریی گەورە دەبینین، کە خۆیان لە هاوپەیمانی و بەرەی ئابووریی نوێ دەردەکەون، هەروەها رووخان و لێکترازانی گەورەش دەبینین بەتایبەت لە رۆئاوادا. ئەو هاوپەیمانییەی کە حاڵی حازر لە نێوان ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپای رۆئاوادا هەیە، پێ ناچێت هەر وا بمێنێتەوە.

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بڵێم، کە زۆربەی وڵاتانی رۆئاوا بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ڕووبەڕووی فەشەلێکی گەورە بوونەتەوە. ئەم وڵاتە پیرانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئابووریی گەشەسەندووی بەهێز دەبنەوە کە پێیان دەڵێن هاوپەیمانی چوار دەوڵەتە بەهێزەکە (رووسیا، چین، بەرازیل، هیند)، لەگەڵ ئەم وڵاتانەش کێبەرکێیان پێ ناکرێت.

ئەم تەنگژەی ئابوورییە تەنیا ئابووریی وڵاتانی رۆئاوای نەگرتەوە، بگرە بنەوانی ئایدۆلۆجیی رۆئاواشی گرتەوە. لیبرالیزمی نوێی رۆئاوایی و هەموو سیستەمی ئابووریی رۆئاوایی، مسداقەیەتی خۆی دۆڕاندووە.

ڕابەرە سیاسییە ئیفلیجەکانی وڵاتانی رۆئاوا، هەر خۆیان بە ئایدۆلۆجییە کۆنەکەوە بەستووە و، هەر هەمان سیستەمی کۆن و میکانیزم و دەرمانی کۆن بەکار دەهێنن، بۆ نموونە وەکو بەکارهێنانی یاسای (کێشەی قەرزاری، بەقەرزی زیاتر چارەسەر بکەیت). ئەمەش کێشەکە قورستر و خراپتر دەکات، لە هەمان کاتیشدا نوخبەی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتانە، رۆژ لەدوای رۆژ لە هاووڵاتییان دوور دەکەونەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا بەگشتی بەرچاومان دەکەوێت، کە ڕابەرانی سیاسیی ئەوروپا شەرعیەتییان لە دەست داوە، کە ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت و دەتوانێت پاڵانسی سیستەمی سیاسیی ئەوروپا لەناوبەرێت و پشێوی بڵاو بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەمەریکا کە بەپاسەوانی ئەم سیستەمە دێتە ژماردن، چ لە دەرەوە چ لە ناوەوە، ڕووبەڕووی رووخان و فەشەل دەبێتەوە. ئەمەش لە هەژاربوونێکی ترسناکی چینی مامناوەندیی ئەمەریکا هەستی پێ دەکەین، ئەو چینەی کە بە کۆڵەیەکی سەرەکیی بەرگری لەم سیستەمە دادەنرێت.

پسپۆڕانی ئەمەریکا، لەو باوەڕەدان کە لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەمەریکا ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبێتەوە و، کە ئەمەش وا دەکات، کە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئەمەریکی بخاتە حاڵەتێکی نائارامی و ناجێگیرییەوە. Gerald Celente گێرالد کەلەنت بەڕێوەبەری ئەنستیتوی «Trends Research Institute» پێی وایە: کە لەوانە بێت ئەمەریکا تووشی جەنگێکی ناوخۆییش ببێتەوە و، دەوڵەتیش ڕووبەڕووی رووخان و فەشەل بێتەوە.

بەڵام ئاخۆ حکوومەتی ئەمەریکا گوێ بۆ بۆچوونی ئەم دەزگا و پسپۆڕانە دەگرێت و، واز لە شەڕەنگێزی دەهێنێت، بۆ ئەوەی کێشە ناوەخۆییەکان داپۆشێت، یاخۆ بە جدییەوە پێچ دەکاتەوە

بۆ ناوەخۆی وڵات و کێشە ناوەخۆییەکانی چارەسەر دەکات؟. دیارە ئەمەش زەحمەتترین بڕیار و پێشبینییە کە ئێمە ناتوانین بیکەین.

لێ لەدەستدانی نرخی دۆلار و فەشەلهێنانی لەوەی کە ببێتە یەدەگێکی دراوی جیهانی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەمەنی دۆلار کورت دەکاتەوە، کە ئەمەش بەرەو ئەو بەرەنجامەمان دەبەن، کە چیی تر جیهان، سەنەدە حکوومەتییەکانی ئەمەریکا ناکڕن. کە ئەمەش مانای ئەوەیە، کە لەمەولا، پێویستە واشنتۆن خۆی پارەی جەنگەکانی بدات، وە چیی تر لەسەر حیسابی ئابووریی جیهان، ناتوانێت وڵاتانی تر بۆمباران بکات. بۆ هەموو وڵاتانی جیهان، بە ئەمەریکاشەوە کە قەرزارترین وڵاتی جیهانە، تەنیا یەک ئەلتەرناتیف هەیە: (فیشەک یان پەنیر[٢]). ئەو کاتانەی کە ئەمەریکا دەیتوانی هەردووکیان فەراهەم بکات، چوون و نەمان.

## ناوچەی ئویرۆ بەرەو هەڵدێر دەڕوات

ناوچەی ئویرۆ بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێت. لە کاتێکدا کە ئەو هەڵە گەورانەی کە لە سترەکتووری ئویرۆدا کران، ئەم دراوەی بە بەردەوامی تووشی فەشەل کردووە، یان دەتوانم بڵێم لە پڕێکدا تووشی مەرگ بووەوە. ئەم دراوە تەنیا دەتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان، ئەویش بە دوو مەرج، یان دەتوانم بڵێم کە دوو مەرجی ناواقیعین، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. لەژێر پاڵەپەستۆی دیکتاتۆری مالیی بەرلیندا، کە وای کردووە هەموو وڵاتانی تری ناوچەی ئۆیرۆ بکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئەمەش حاڵەتێکی وای بەسەر دەوڵەتانی تردا سەپاندووە، کە لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی چەندین ساڵە بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، بەڵام ناچارن کە ملکەچی بڕیارەکانی بەرلین بن.

٢. یان ئەوەتا ئەوروپایەکی فیدراڵ دروست دەکرێت لەم حاڵەتەشدا، ئەڵمانیا بە حوکمی بوونی یاسای " ڕێکخستن و یەکسانیی ئابووریی دەوڵەتانی ئەوروپایی"، ناچار دەبێت ئەو دەوڵەتانەی کە دەکەونە ناوچەی "ئویرۆ"وە و ئابوورییان لاوازە، بەڕێژەیەکی زۆر پشتگیریی ئابوورییان بکات، بۆ ئەوەی کورتهێنانی بازرگانی و بودجەیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. گەر ئێمە سەیری ئەم کێشەیە بکەین، کە چۆن ساڵانە لە نێوان ولایەتە فیدراڵەکانی ئەڵمانیا دروست دەبێت، کاتێک ولایەتە دەوڵەمەندەکانی وەکو (Bayern بایەرن) لەگەڵ ولایەتە هەژارەکانی وەکو (Saarland، سارلاند و مێکلینبورگ ڤۆرپۆمێرن Mecklenburg-Vorpommern) دەکەونە کێشەی گەورەوە، چونکە ولایەتە دەوڵەمەندەکان دەبێت یارمەتیی ولایەتە هەژارەکان بدەن. کاتێک ئەم حاڵەتە دەبینین، ئینجا تێ دەگەین کە مۆدێلی فیدراڵییەت لە ئەوروپادا، بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت و کارێکی ئاسان نییە.

لەلایەکی تریشەوە ڕاپەرینی جەماوەریی گەورە و نائارامیی زۆر ڕووی لە ناوچەی ئۆیرۆ کردووە،

کە لەم ناوچانەدا هیچ وەختێک ناتوانرێت سیاسەتێکی نیولیبرالیزم و، دیکتاتۆری مالیی ئەڵمانیایی قبووڵ بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شیرازەی کۆمەڵگەکان.

یەکێک لە بەرەنجامە پۆزەتیڤەکان ئەوەیە، کە (بیری ئەوروپایی)، لە ئەنجامی ئەم کێشە گەورەیەی " ئۆیرۆ"وە، وای کردووە کە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی، EU یەکەتیی ئەوروپایی، وەکو هەڕەشەیەک ببین، هەڕەشەیەک بۆ سەر سەربەخۆییی وڵاتەکانیان، بۆ ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگەکانیان و دەستکەوت و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

لە تەواوی ئەوروپادا لەناو زۆربەی خەڵکیدا زۆر رقیان لە دراوی یەکەتیی ئەوروپا "ئۆیرۆ"یە، بەڵام بۆچی نەک سەرمایەداری ئەڵمانیایی، بگرە زۆربەی نوخبە سیاسییەکانی وڵاتانی تری ئەوروپا دەیانەوێت، بەهەر چۆنێک بووە، ئۆیرۆ لە مردن رزگار بکەن؟.

دیارە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری لەپشت ئەم هەڵوێستەوەن. هەر لە سەرەتاوە دروستکردنی دراوی " ئۆیرۆ"، سەرانی ئەوروپای ناچار کرد، کە یەک بگرن. لە حاڵەتێکدا دروستکردنی ئەم دراوە، لە ڕووی بنەواکانی ئابوورییەوە، کێشەیەکی زۆری هەبوو، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم کێشەیە وەکو خۆی ماوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە هەر لە سەرەتای دروستبوونی "ئۆیرۆ" زۆربەی کۆمێنتار و نووسینەکان پێشانیان دەدا، کە ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم دراوە ئەوەیە، ملهوڕی ئابووریی واشنتۆن نەهێڵن، لە داهاتووشدا کاتێک یەکەتیی ئەوروپا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، باسی دابەشکردنی جیهان دەکەن، ئویرۆ هێزێکی گەورەیان پێ ببەخشێت بەشێوەیەک، کە بەشی ئەمانیش یەکسان بێت لەگەڵ ئەمەریکادا.

هەتاوەکو کەشوهەوا خۆش بێت، ئویرۆش بە ئاسایی گەشە دەسێنێت و باری ئابووریش زۆر باش دەبێت. لە ئەوروپادا لە سالانی یەکەمی "ئۆیرۆ"دا، وا دەردەکەوت کە ئەم دراوە دەتوانێت یەکەتیی ئەوروپا بەهێز بکات. لە بازاڕەکانی جیهانیشدا، ئەمەریکا ترسی لێ نیشت کە ئەم دراوە سەرکەوتوو بێت و دۆلاریش رۆڵی خۆی لە ئابووریی جیهاندا بدۆڕێنێت و چیی تر وەکو جاران نەبێتە یەدەگی دراوی دەوڵەتان.

لەلایەکی ترەوە EU یەکەتیی ئەوروپا لە ڕێگەی یاسای "دامەزراندنی سیستەمێکی ئاسایش و بەرگریی هاوبەشی ئەوروپایی " دەستێکی سەربازیی دروست کرد، بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی لە جیهاندا بگێڕێت. لە ئەنجامی ئەزموونی پەلاماردانی یۆگۆسلۆڤیا لە ساڵی ١٩٩٩، کە سەرکردایەتییەکی هاوبەشی سەربازیی ئەوروپا دروست بوو، لەو کاتەوە کۆمەڵێک گفتوگۆ لە بروکسێل، واشنتۆن، NATO ناتۆ، لەبارەی چۆنیەتیی کاری هاوبەش لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت کرا، هەروەها لەبارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی هێز و لەشکر لە تەواوی جیهاندا، گفتوگۆی چڕوپڕ کرا.

# گەڕانەوە بۆ کۆڵۆنیالیزم

لە دیسەمبەری ٢٠٠٦دا لە کاتی شەڕی کۆسۆڤۆدا، یەکێک لە پسپۆڕە شارەزاکانی ڕێکخراوی NATO– ناتۆ Jamie Shea، لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی (ئاسایش و بەرگریی یەکەتیی ئەورووپادا)، کە سەر بەپەرلەمانی یەکەتیی ئەورووپایە، لە شاری برۆکسیل کە لەبارەی چۆنیەتیی کارکردن لە نێوان یەکەتیی ئەورووپا و ناتۆ، کۆمەڵێک پێشنیازی ڕاگەیاند:

پێویستە لە داهاتوودا یەکەتیی ئەورووپا زیاتر گرینگی و بایەخ بەو کارانە بدات، کە پێوەندییان بە کاری سەربازییەوە نییە، باشترە هەرچی پێوەندیی بە کاری سەربازی و ئەمن و ئاسایشەوە هەیە، تەسلیمی ڕێکخراوی ناتۆ بکات.

هەروەها Shea داوای کرد کە پێویستە ئەو وڵاتانەی کە پێشتر کۆڵۆنیای ئەورووپا بوون، جارێکی تر ببێتەوە بە بەشێک لە کاری برۆکسیل، هەروەها بەشێکی گەورەی ناوچەی "ڕۆژهەڵاتی ناڤین " ببێتە کاری ڕێکخراوی ناتۆ. Shea ئەم پێشنیازانەی کاتێک پێشکێش کرد، کە بوو بە بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی پلاندانانی سیاسیی ڕێکخراوی ناتۆ.

دیارە ئەم بۆچوونە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو کیشوەری ئەفریقیا، جارێکی تر بکەوێتەوە ژێر دەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا. دیارە لەپاش نەمانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەمە بووەتە سیاسەتی سەرەکیی کۆنەپارێزە نوێکانی ڕۆژئاوا، کە ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، گەڕانەوە بۆ سەدەی ١٩، لەو کاتەی کە کۆڵۆنیالیزم لە لووتکەیدا بوو.

دەتوانین هەست بەو ملهووڕی و لووتبەرزییەی نوخبە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بکەین، کە بەهەمان شێوەی سەرانی کۆڵۆنیالیزمی پێشووەوە هەڵسوکەوت دەکەن و، زۆر "ئارۆگانت، کەپوو بڵندی و ملهووڕی "یەوە، سەیری خەڵکی تر دەکەن و، مافی خەڵکی تریش دەخەنە ژێر پێڵاوەکانیانەوە.

لە هەمان کاتیشدا سەپاندنی "سیاسەتی هێز، یان دیپلۆماسیەتی هێز"، جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ ناو جیهان. لە ڕاستیشدا زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لەژێر ناوی یەکەتیی ئەورووپا و ناتۆدا، کە هەمان شێوەی کۆنگرێسی بەرلینی ١٨٧٨ و، کۆنگرێسی ڤیەننا ١٨١٥ هەیە، بەشێوەیەکی تەواوەتی کیشوەری ئەفریقیایان لە نێوان کۆڵۆنیالیستە ئەورووپاییەکاندا دابەش کردووەتەوە.

جێگەی گوتنە هەموو ئەو گەشبینییەی کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا هەبوون، بۆ چارەسەرکردنی تەنگژە ئابوورییەکە و، هەروەها کەمبوونەوە " یەدەگی وزەی سروشتی. نەوت و گاز" لەم چەند ساڵانەی دواییدا، پاڵنەرێکی گەورەیە بۆ گەڕانەوەی کۆڵۆنیالیزم.

دیارە ئەم گۆڕانکارییە لە ئەنجامی کۆمەڵێک وانەی ئازارگەیێنەوە پەیدابوو، بەشێوەیەک ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ناتۆ و ئەمەریکا کە پەیدا بوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر سیستەمێکی نوێی

جیهانی دابنرێت، وای لێ هات کە لە هەموو لایەکەوە بەرەو بەرەنجامی پێچەوانەی بردن. ئەمەش دەتوانین بە ڕوونی لە جەنگی عێراق، ئەفغانستان، وە دوایین جەنگیش " لیبیا" ببینین، کە چۆن هیچ کامیان سەرکەوتوو نەبوون، هەمووی " بەرەنجامی کارەساتباریان " لێ کەوتەوە، کە ڕۆئاوا بە زەبری شەڕەنگێزی خۆی، دەیەوێت سیستەمێکی نوێی جیهانی دابنێتەوە.

لە دواییدا ڕاپۆرتی سالانەی ئەنستیتوی لەشکری ئەڵمانیایی بۆ ساڵی ٢٠١١ ( de (Soz-ialwissenschaftlichen Instituts der Bundeswehr دەڵێت:

"لە حاڵەتی دۆڕاندنی ڕۆئاوا لە ناوچەی هیندوکوش[٣]، گەورەترین زەرەر بە سیاسەتی جیهانی دەگەیەنێت."

بۆ وڵاتانی پیشەسازیی ڕۆئاوا، کە دەیانەوێت سیستەمێکی نوێی جیهانی دابنێن، یەکێک لە پسپۆڕە ناودارەکانیان، Zbigniew Brzezinski[٤]، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، خۆی بەتێزێکەوە خەری کردووە. ئەو دەڵێت:

"وڵاتانی ڕۆئاوا دەتوانن بە زەبری بوونی لەشکر و ئامێری جەنگیی مۆدێرن، وڵاتانی تر لەناوبەرن و داگیر بکەن، بەڵام هیچ وەختێک ناتوانن، ئیرادەی سیاسیی خەڵکی ئەو وڵاتانە داگیر بکەن."

دیارە ئەم بۆچوونەش شتێکی نوێ نییە، گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، دەرک بەم ڕاستییە دەکەین.

بەدڵنیاییەوە چەند ساڵێکی پێ دەچێت هەتاوەکو سیاسییە دەنگبەرزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانە زایۆنیستە لۆبییەکانیان، لەم ڕاستییە تێ دەگەن و، واز لە سیاسەتی (بۆمب بەسەر ئێراندا ببارێنن) دەهێنن. ئەمانە هەموویان بە دەست کەم شارەزایی و زانیارییەوە دەناڵێنن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەخۆشییەکی دەروونییە. ئەمانە هێشتا لەو باوەڕەن، کە هێشتا ئەمەریکا زلهێزێکی گەورەیە و هەرچی بیەوێت دەیکات، لێ نازانن کە ئەمەریکا تووشی نابووتبوون بووە.

### سەنتەری دەرکردنی هێزەکان

بەڕێوەبەری قوتابخانەی " دیپلۆماسیی رووسی " سەر بەوەزارەتی دەرەوەی رووسیا، Igor Panarin کە ماوەیەکی زۆرە پسپۆڕە لە کاروباری ئەمەریکا و ڕاوێژکاری کرێملینە، لە دوایین ڕاپۆرتیدا دەڵێت:

"پێ دەچێت لەم دە ساڵەی داهاتوودا، بەهۆی خراپیی باری ئابووری و نەمانی مۆراڵ "ئەخلاق"ەوە، ئەمەریکا تووشی جەنگێکی ناوخۆی قورس بێتەوە و، لەوانە بێت ئەم وڵاتەش بە

سەر سێ یان چوار بەشدا دابەش ببێت."

تۆ بڵـێیـت Panarin و ئەو كـۆمـەڵە زانا و پسـپـۆڕانەی ئـەمـەریكا بۆ نموونە Celente و خـەڵكانی تریش، هـەمـوو ئەمــانە شـێت بـووبێتن؟. یان ئەوەتـا لە ڕاسـتـیـدا بارەكـە بـەشـێـوەیـەكی ترەو، وە شیـرازەی كۆمـەڵگەی ئەمەریكاییش، كە هـەریەكـەیان لە شـوێنێكی جیـهانەوە هاتووەتە ئەم وڵاتەوە، بە شێوەیەكی زۆر توندوتۆڵە و ناپچڕێت؟.

پێ دەچێت هێندەش توندوتۆڵ نەبێت، كـە نەتوانێت دژ بـەسـەنتـەری هێـزەكـان "مـراكـز القـوی" بوەستێتەوە. ئـەویش لە ڕێگەی بوونی نایەكسـانییـەكی كۆمـەڵایەتی، نەبوونی مـۆراڵ لەلایەن چینی سـەرمـایەدار و سیاسییەكانیانـەوە، كە وای كردووە لەناو خەڵكیدا بە گشتی هیچ بەرپرسیارێتی و هەستی هاوبەش نەمێنێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئـەم پرسـیـارە، كـەس نـاتوانێت وەڵامی تەواوی هـەبێت، لـێ من دڵنیـام كـە ئێـمـە تەنیـا نین، كە ئەم پرسـیارە دەكـەین. تەنیا باسكردن و پرسـیارێكی لەم جۆرە لەبارەی ئەمـەریكاوە، هـەیبـەتی ئەم زلـهێزە دەهـەژێنێت و لە ڕووی سـیـاسـەتی نێودەوڵەتیـشـەوە، تووشی ئیـحراجبـوونی دەكاتەوە. هـەر لە ئێـستـاوە نوێنـەرانی سـەرمـایەداری ئەوروپایی، خـۆیان بە پرسـیـارێكی گرینگەوە خەریك كردووە:

ئاخۆ لە داهاتوودا ئـەم هاوپەیمانییەی لە نێوان هـەردوو بەشی ئەتلەنتیكدا هـەیە، هیچ قازانجی هـەیە بۆمـان؟. هەروەها ئەو هەمـوو خـەرجییـەی كە لە بواری سیـاسی و ئابووری و سـەربازی، ئەم هاوپەیمانییـە دێتـە خـەرجكردن، كە بـەرەو فـەشـەلهێنانی ئەمـەریكا دەڕوات و، هێشـتـا لەلایەن ئەوروپاوە یارمەتی دەدرێت و پشتگیری دەكرێت، ئاخـۆ ئەم هاوپەیمانییە چیی تر سوود و قازانجی هەیە بۆیان؟

ئاخۆ هێشتا سوودیان لە بەردەوامبوون لەو سیسـتـەمی كاری هاوبەشی ئیمپریالیزمییە هەیە، كـە تێیـدا ئەوروپاییـیـەكان ڕۆڵی شـەریكی بچـووك دەبینن و، واز لە ڕۆڵی كێـبـەركـێكردن لەگـەڵ ئەمەریكا بهێنن و واز بێنن ئەمەریكا خۆی بەتاقی تەنیا یاری بكات؟.

وەڵامـدانـەوەی ئەم پرسـیــارە و هاوشـێـوەی ئەم پرسـیــارانـەش، پێ دەچێت لە چەند سـاڵی داهاتوودا، پێوەندیی نێوان ئەم هاوپەیمانییە بەتەواوەتی بگۆڕێت. بەدڵنیـاییـەوە كەس پێشبینیی ئەوە ناكــات كــە لە ئەوروپادا، یـەكــەتیـــیــەكی تەواوەتی چێ بێت، بگرە بەپێـــچـــەوانـەوە ڕووبەڕووبوونەوەی توند دەبینین.

هـەر لە ئێستاوە دەبینین لەناو یەكـەتیی ئەوروپادا، هـەندێك دەوڵەت مـەیلیـان بەلای ئەمەریكاوەیە، هەندێكی تریشیان زیاتر مەیلیان بەلای بەرژەوەندیی نیشتمانی خۆیانەوە هەیە.

لە كـۆتاییـدا ئـەم گۆڕانكارییـانە بەوەوە بـەسـتـراونـەتەوە، ئاخـۆ تا چەندە بـە خـێـرایـی " ئۆیرۆ"

لەناودەچێت و دەڕمێت، وە تا چەندە بە قـوولی هەندێک دەوڵەتی ئەوروپایی ئەم دارمـانەی ئۆیرۆ کاریان تێ دەکات.

جێگەی گوتنە " ئۆیرۆ" جگە لەوەی کە وەکو دراوێکی ناوەخۆی ئەوروپایە، لە هەمان کاتیشدا وەکو ئامرازێکە بۆ دروستکردنی یەکەتییەکی سیاسی، هەروەها وەکو ئامرازێکیشە بۆ هێنانەدیی ئەو خەونە گرینگ و پڕ بایەخەی کە خۆی لە پرۆژەی " یەکەتیی ئاسایش و بەرگریی ئەوروپایی" دەبینێتەوە.

هەر بۆیە هەموو نوخبە سیاسییەکانی ئەوروپا، زۆر شێلگیرانە بۆ ئەم ئامانجە کار دەکەن و، هەر لەبەر ئەوەشە، بۆ ڕزگارکردنی " ئۆیرۆ " ئامادەن موجازەفە بکەن، بە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکانیانەوە، تەنانەت ئامادەشن موجازەفە بە ئاشتیی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکانیانیشەوە بکەن.

لەلایەکی تریشەوە، بەحوکمی ئەو بارە سیاسی و ئابوورییە قورسەی کە ڕووبەڕووی ئەم دەوڵەتانە بووە، وای کردووە کە سەربەخۆیی دەوڵەتیشیان لە دەست بدەن، تەنانەت چاوەڕوانی ڕووخانی سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتانەش، دەکرێت.

## جارێکی تر چاوبڕینە ڕووسیا

وەرگری خەڵاتی ئەلتەرناتیڤی نۆبڵ، Johan Galtung ژوان گالتونگ، ئەو پیاوەی کە پێش ئەوەی یەکەتیی سۆڤیەتی برووخێت، پێشبینیی ڕووخانی کرد. ژوان لەو باوەڕەدایە کە ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا، هەتاوەکو ساڵی ٢٠٢٠ نامێنێت و دەڕووخێت. دیارە ئەم بۆچوونەشی زیاتر پشت بە کۆمەڵێک ڕاپۆرتی شیکاری و چەند سەرچاوەیەکی تر بەستووە.

لەلایەکی ترەوە، وڵاتانی BRICS[٥]، ئەمڕۆ وەکو هێزێکی نوێی ئابووری دەردەکەون، بوونەتە بازاڕێکی بەهێز، کە بە بەردەوامی لە بازرگانیی جیهانیدا، جێ پێی خۆیان بەهێزتر دەکەن، لە بەرامبەردا ڕووداوەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن، کە هێندەی تر ئەوروپا کێشەی زیاتر بێت و لە کۆتاییشدا پەراوێز بخرێت.

ئا لەم سیناریۆیەدا بەرلین دەیەوێت هەوڵێکی نوێی بدات، ئەویش بە ڕێگەخۆشکردن بە بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ ڕووسیا و، لە هەمان کاتیشدا دەیەوێت ڕووسیا بکاتە سەنتەری بەرژەوەندیی خۆی. دیارە ئەم پێوەندییەش لەسەر حیسابی پێوەندی لەگەڵ ئەتڵەسیدا دەبێت. لەوانە بێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش، پێوەندیی نێوان هەردوو بەرەی ئەتڵەسیش، بێهێزتر بکرێت.

* تێبینی:

وتارەکە بە ئەڵمانی ناونیشانێکی تری هەبوو، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو ئەم ناونیشانەی بۆ دابنێین، چونکە زیاتر لەگەڵ کرۆکی وتارەکەدا دێتەوە.

پەراوێزەکان:

١. پێشتر سیستەمی دارایی جیهان پشتی بەیەدەگی ئاڵتوون دەبەست بۆ مامەڵەی دراو و بازرگانی. بەڵام لە ساڵی ١٩٧١ەوە، واز لە ئاڵتوون هێنراو، پشت بە دۆلاری ئەمەریکا بەسترا. ئەم یاسایەش سوودێکی زۆری بۆ ئابووریی ئەمەریکا هەبوو، بەڵام زەرەری بەئابووریی جیهان گەیاند.

٢. ئەمە پەندێکی ئەڵمانییە، مەبەست لەوەیە، تۆ دەبێت یان پەنیر بۆ هاووڵاتییان دابین بکەیت، یان شەڕ بکەیت. واتە یان دەبێت ژیانی هاووڵاتییان دابین بکەیت، یان دەبێت شەڕی گەلانی تر بکەیت. (وەرگێڕ).

٣. هیندوکوش، ناوچەیەکە دەکەوێتە رۆئاوای ئەفغانستانەوە. لەوێ سوپای ئەڵمانیا جێگیرە و بەشداریی شەڕی ئەفغانستان دەکات. جێگەی گوتنە ساڵی پار لەم ناوچەیەدا، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەڵمانیا، کۆمەڵکوژییەکی ئێجگار کوشندە و قێزەونیان ئەنجام دا.

٤. Zbigniew Brzezinski یەکێکە لە پسپۆرە سیاسییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا، بەڕەگەز خەڵکی پۆڵۆنیایە، لە سەردەمی جیمی کارتەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا بوو.

٥. BRICS، کورتکراوەی ناوی پێنج دەوڵەتە (بەرازیل، رووسیا، هیندستان، چین، باشووری ئەفریقیا). ئەمە هاوپەیمانییەکی نوێیە لەسەر ئاستی جیهان، کە لەم پێنج دەوڵەتە پێکهاتووە. ئامانجی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانێتییە، بەهێزکردنی رۆڵی ئابووری و سیاسیی ئەم دەوڵەتانەیە، لە هەمان کاتیشدا رێگەگرتن لە ملهوڕییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان. جێگەی گوتنە ئەم هاوپەیمانێتییە لە ساڵی ٢٠٠١ دروست کرا. ئەوکات تەنیا چوار دەوڵەت بوون، لە ٢٣ دیسەمبەر٢٠١٠شدا، باشووری ئەفریقیاش بوو بەئەندامی ئەم رێکخراوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی یونگەڤێلتی ئەڵمانی


Rainer Rupp. Imperium in der Krise. www.Jungewelt.de

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد شاملوو

سازدانی: بەڕۆژ ئاکرەیی

بەڕۆژ: حەز دەکەم بپرسم، لە چ سەردەمێکدا هەستت کرد کە شیعری تۆ گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەر هاتووە؟

شاملوو: ڕێک لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەفرانباری ساڵی ١٩٤٨دا! ئاگات لێیە؟ زۆرتر لە ڕۆژی لەدایکبوون دەچێ. تەنانەت ڕۆژەکەیشم لە بیرە. سێ ڕۆژ بەر لە پازدەی بەفرانباری ئەو ساڵە بوو، کە شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییەکەیان بۆ شای ئێران ڕێک خست. ڕووداوەکە بەم چەشنە بوو، کە من و هاوڕێی هێژام عەبدولڕەزا نازر (کە ماوەیەک بەر لە ئێستا و هەر لە ناکاو، کۆچی دوایی کرد و برادەرەکانی خۆی خستە خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە) چەفتەنامەیەکمان بەناوی "سخن نو" [پەیڤی نوێ] و بە مەبەستی پەرەدان بە قوتابخانەی "نیما" بڵاو دەکردەوە. ئێمە لە هەر ژمارەیەکی ئەو کۆوارەدا، وتارێکمان لەمەڕ بۆچوونەکانی "نیما" وە، (کە نیما خۆی دەینووسی) و شیعرێکی ئەو و چەند بابەتی ترمان بڵاو دەکردەوە. مانگێک دەبوو، کە "نیما" خەریک بوو لەسەر شیعری "مانێلی" کاری دەکرد. من ئەو شیعرەم هێشتا نەدیبوو و نەخوێندبووەوە، بەڵام شاگەشکەییەکەی نیما و ئەو تاو و تین و وردبینییەی پێشانی ئێمەی دەدا، کە خەریکە دوا پێداچوونەوەکان لەسەر ئەو شیعرە ئەنجام دەدا؛ من و هاوڕێکەمی کونجکۆڵ کردبوو و ئۆقرەی لێ بڕی بووین. ئێمە دەمێک بوو دوایین لاپەڕەی کۆوارەکەمان، بۆ ڕێکلامی ئەو شیعرە تەرخان کردبوو. من لە ڕۆژی دوازدەی بەفرانباردا، دوایین پاکنووسی "مانێلی"م لە نیما وەرگرت. ئەم قسەیەم، بەهیچ شێوەیەک بە مانای کەمکردنەوەی ڕێز و حورمەتی ئەو پیاوە گەورەیە (کە من تا سەر ئێسقان خۆم بە قەرزاری ئەو و قوتابیی ئەو دەزانم) نییە و نابێ بەو مانایە لێک بدرێتەوە، بەڵام ئەمە هەقیقەتێکە و ڕۆژێک دەبوو باسم کردبا. هەقیقەتەکەیش ئەوەیە، کە خوێندنەوەی "مانێلی" بۆ من و عەبدولڕەزا (کە یەکەمین خوێنەرانی ئەو شیعرە بووین) سەرسووڕهێنەر بوو. بەبۆچوونی ئێمە، بڵاوکردنەوەی "مانێلی" گەورەترین زەبرێک بوو، کە دەکرا لە نیما و شیعری ئەو بدرێ. ئەم بەرهەمە ناتەواوە، سەرلەبەری



ئەحمەد شاملوو

تیۆرییەکانی نیمای لەخۆ گرتبوو و بڵاوکردنەوەیشی، بەرپرسییەک بوو، کە ئێمە شانمان نەدەخستە ژێر باریەوە. بەڵام چیمان بکردبا؟ "نیما" شانازییەکی زۆری بەو شیعرەوە دەکرد. ئێمەیش موژدەی بڵاوکردنەوەی "مانێلی"مان بە خوێنەرانی کۆوارەکەمان دابوو و ئیدی نەدەکرا لێی پاشگەز ببینەوە (چونکە بەر لە خوێنەران، دەبا "نیما"مان سەبارەت بە بڵاونەکردنەوەی شیعرەکە ڕازی کردبا). لەلایەکی ترەوە، گەورەیی و حورمەتی نیما، جورئەتی ئەوەی پێ نەدەداین، کە پێی بڵێین ئەم بەرهەمەی کە خۆی شانازیی پێوە دەکا، بەپێچەوانەوەی ڕوانینی ئەو، هیچ سوودێکی بۆ قوتابخانە شیعرییەکەی خۆی نییە و نابێ.

بەڕۆژ: چۆن بەم ئاکامە گەیشتیت، کە شیعری "مانێلی" پێچەوانەی تیۆرییەکانی نیمایە؟

شاملوو: من قوتابیی نیما بووم و ئاگام لە بیر و بۆچوونەکانی بوو. هەڵبەت هێشتا شارەزاییەکی ئەوتۆم لە کارەکەمدا بەدەست نەهێنابوو و دەبوایەساڵانی ساڵ خۆم ماندوو و هیلاک بکەم، بەڵام ناسینی تیۆریی بابەتێکە و بەدەستهێنانی ئەزموونی کردەوەییش بابەتێکی تر. من لە خودی "نیما"وە فێر بووبووم کەوا کێش دەبێ لەگەڵ بابەتدا هاوکوف و یەکانگر بێت. کەچی دەمبینی "نیما" خۆی دڵی بە بەرهەمێک خۆشە، کە نەک تەنیا وەڵامی وانەکانی خۆی ناداتەوە، بگرە ڕێک پێچەوانەوەی دید و بۆچوونەکانیەتی. من لە نیما خۆیەوە... فێری ئەوە بووبووم، کێش دەبێ لە سروشتی پەیڤەوە نزیک بێت. کەچی دەمبینی ئەو بەرهەمەی هێندە خۆی پێوە ماندوو کردووە، ڕێک لە بەرامبەر "سروشتی پەیڤ"دا وەستاوە. من نازانم وەرگێڕانی ئەم نموونانە بۆ سەر زمانی کوردی، دەتوانێ بابەتەکە بۆ خوێنەرانێک کە فارسی نازانن بگوێزێتەوە و بخاتە بەرچاو یان نا؟ بەڵام ناکرێ لە کێشەیەک بدوێین و نموونە نەهێنینەوە. بۆیە پێشنیاز دەکەم لە پاڵ وەرگێڕانی نموونەکاندا، دەقە فارسییەکەیشیان بڵاو بکەیتەوە:

موج برخاست ز موج
وز نفیری کانگیخت
بگرفت از بر هر موجی بگریخته دیگر موج اوج
مرد را آنچه که می بودش در فرمانش
رفت از دست به در و آمد بیم از آتش.

شەپۆل ڕابوو لە شەپۆل
لەو زەنایەش کە نایەوە

تەشقی گرت شەپۆل لە هەر شەپۆلێکی ڕاکردوو
پیاوەکەیش هەرچییەکی بە فەرمان بوو
لە دەستی چوو و ترس هات لە ئاگرەوە.

یان بۆ نموونە:

پس به ناچار به لب ها لرزان
به سخن با آن مه پاره دریا افتاد
ای بهین همه هوسران
سایه پرورد حرم های نهفت،
دختر پادشه شهر که مائیم در آن!
بی گناه هستم من [...]
رنجم ار چند فراوان تر از رنج کسان در مقدار،
من مردی ام بی تاب و توان کز هرکس
کمترم برخوردار.

کەواتە ناچار بە لێوی لەرزۆکەوە
لەگەڵ ماپارە زەریادا کەوتە پەیڤین
ئەی چاترینی سەراپا دڵچەرێن
نسێ پەروەری حەرەمە حەشاردراوەکان،
کچی شای شارێک کە ئێمەی تێداین!
بێ تاوانم من [...]

گەرچی ڕەنجم پترە لە ڕەنجی دیتر کەسان،
پیاوێکی بێ هێزوپێزم من کە لە گشت کەسێک
کەمترم من بەهرەمەند.

یان دیسان بۆ نموونە:

مثل آن بود که می سوزد شمع
برسر ناوی کان ناو می‌آمد سوی ایشان نزدیک

دەتگوت خەریکە دەسووتێ مۆم

لەسەر کەشتییەک کە نزیک دەکەوتەوە لێی ئەو کەشتییە

من بە لاپرەسەنیم دەزانی بە مامۆستای خۆم بڵێم: "مانێلی" بە ڕاشکاوی نیشان دەدا، تیۆرییە جوانەکەتان لەبارەی کێشی شیعرەوە، دەتوانێ، تەنیا لەو شیعرانەدا خۆی بخاتە بەرچاو، کە کەشێکی چەقیو و نەگۆڕیان هەبێ. کەچی لە هەڵبەستێکی وەک "مانێلی"دا، کورت و درێژ بوونی دێرەکان هیچ کارێک ناکەن، بگرە یەکچەشنبوونی ستوونیی عەرووز لەلایەکەوە مرۆڤ ماندووتر دەکا، لەلایەکی تریشەوە، خۆبەستنەوە بە کێش، لە بریی نزیکخستنەوەی شیعر لە سروشتی پەیڤ، شتێکی دەستکرد و نامۆ دەخاتە بەرچاو و گوێ. من هەڵسوکەوتم لە بەرامبەر "نیما"دا، کوڕ و باوکانە بوو و هەر بۆیەیش نەمدەتوانی پێی بڵێم، لە "مانێلی"دا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان نبرەی وەرگێڕ و شازادەخانمی دەریایی و ماسیگرەکەدا نییە و پێبەندبوون بە کێشیش لەم شیعرەدا، تەگەرەی خستووەتە سووک و ڕەوانبوونی گێڕانەوە. کەواتە دەمتوانی بپرسم مەبەستت لە نزیکخستنەوەی شیعر لە سروشتی پەیڤ چییە؟ جیا لەمانەیش، من بەو ئاکامە گەیشتبووم، لەنێو شاکارەکانی نیمادا، لە هەموویان جوانتر و درەوشاوەتر، شیعری "چیرۆکێکی نە تازە"یە و سەراپای ئەم شیعرەیش، لە کێشی عەرووزدا نووسراوە. گرفتی من ئەوە بوو، دەمزانی کێشەی سەرەکیمان لە شیعردا، عەرووزی کۆن و کێشەی کورت و درێژبوونی دێرەکان نییە. سەرەنجام بیرم بۆ ئەوە چووبوو، کە کێشی شیعر دەبێ لە شوێنێکی تردا بدۆزینەوە. ئێمە دەستەوەستان مابووینەوە، چی لە "مانێلی" بکەین، کە نیما تووشی بەدگومانی نەبێ. عەبدولڕەزا گوتی: با مایەپووچی خۆمان لە بەڕێوەبردنی کۆوارەکەماندا ڕابگەیەنین و بڵێین چاپخانە ئامادە نییە ئیدی بە قەرز بۆمانی چاپ بکا. کەچی هەر لە ناکاو "سیاسەت" بە فریامان گەیشت و تەقەکردنە گاڵتەجارییەکە لە شای ئێران هاتە گۆڕێ و ڕاستییەکەت دەوێ لە بیرم نەماوە، کە شارەوانی کۆوارەکەمانی ڕاگرت، یان خۆمان ئەو ڕووداوەمان کردە بیانوو و گوتمان پێیان داخستووین. بەهەرحاڵ دەمانویست لە پێناو بڵاونەکردنەوەی "مانێلی"دا، کۆوارەکەمان بکەینە قوربانی و ئەو کارەیشمان کرد. پاشان دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی حەفتەنامەی "روزنە" [کلاوڕۆژنە] کە جوانترین بەرهەمەکانی نیما لەوێدا بڵاو کرانەوە. ئەم کۆوارەیش دوای حەوت ژمارە و بە هۆی بێ پارەییـیەوە، پەکی کەوت، بەڵام بڵاوبوونەوەی شیعرە درێژەکەی من، "رۆکسانا" (١٩٥٠) لەم کۆوارەدا، بوو بە هۆی ئاشنابوونم لەگەڵ "فەرەیدوون ڕەهنەما" و بە بەرەکەتی ئەم ئاشناییەیش، ئاشنای شیعری جیهان بووم، کە ئەمەیان ئیدی باسێکی ترە.

نیما "ڕۆکسانا"ی خوێندبووەوە و کەمێکیشی پێدا چووبووەوە، بەڵام، کە بۆی دەرکەوت من ئەو شیعرەم لە پێناو بە دەستهێنانی شتێکدا نووسیوە، کە جێنشینی کێشی عەرووز بکرێ، کەمێک لێم لالووت بوو. چەند جارێکیش هەوڵم دا لەم بارەوە بیدوێنم و بڵێم، من لە ڕێی ئەو دەرسانەوە،

کە لە خۆیەوە فێریان بووبووم و پتر لە هەمووشیان لە سەرنەکەوتنی ئەو لە شیعری "مانێلی"دا بەم ئاکامە گەیشتووم، کە عەرووز تەنیا لەو شیعرانەدا کارسازە، کە تاکبابەت بن. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو گوێ لە قسەکانم بگرێ و نەیویست تێبینییەکانیشم لەمەڕ "مانێلی"یەوە ببیسێ و تەنانەت شیعری "ماڵی سریڤێلی"یشی پێشان نەدام. دوای بڵاوبوونەوەی "بڕیارنامە"یش [کۆمەڵە شیعرەکەم] هێدی هێدی پێوەندییەکەی خۆی لەگەڵمدا پچڕاند.

بەڕۆژ: بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەزموونە دوور و درێژەی لە نووسیندا بە دەستت هێناوە، پێت وایە زەینییەت چۆن لە شیعردا ئەزموون دەکرێ؟

شاملوو: پرسیارەکەت زۆر روون نییە. وابزانم ئەو کردارەی ئەنجام دەدرێ، تاکو شیعرێک هەر لەخۆڕا (بەبێ ئامادەبوونی زەین و دوور لە ئیرادە و خۆ تێهەڵقورتاندنی ئاگایانەی شاعیر) بهێتە دی، تا دواتر شاعیر بکاتە نوێنەری نووسینی خۆی، بەم چەشنەیە: سەرەتا ئەزموونی دنیای دەرەوە یان دەوروبەر، هزری شاعیر بە خۆیەوە خەریک دەکەن، تا دواتر بە وێنەی زەینییەتی شاعیرانەی ئەو خۆی دەردەخا. سەرچەمی ئەم ڕەوتەیش، خۆی لە شێوەی شیعردا دەنوێنێ.

بەڕۆژ: ئەم قسەیە، کە شیعر، شاعیر دەکاتە نوێنەری نووسینی خۆی " بابەتێکە لە شوێنی تریشدا ئاماژەت پێی کردووە، بەڵام لەوانەیە قەبووڵکردن و تێگەیشتنی بۆ هێندێک کەس سەخت بێت"...

شاملوو: ئاساییە. ڕاستییەکەت گەرەکە، تێگەیشتن لەم گوتەیە بۆ خۆیشم کارێکی ئاسان نییە. هۆیەکەیشی ئەوەیە، هێشتا نەمتوانیوە بۆ خۆیشمی ڕوون بکەمەوە کە ئەم ڕەوتە چۆناوچۆن سەردەگرێ. هەر بۆیەیش تێگەیاندنی ئەم کێشەیە، کەم تا زۆر نامومکینە.

ڕواڵەتی کێشەکە، رێک وەکو ئاوسبوونی ژنێکە کە نازانێ نوتفەیەک چۆن لە پزدانیدا دەبێتە ئەو منداڵەی دواتر دەیبێت. نائاگابوونی ژن لە چۆنایەتیی ئاوسبوونی لە پیاوێک و دواتر لەدایکبوونی منداڵەکە، لە ویست و توانای ئەودا نییە. ئاوسبوونی زەین و نووسینی شیعریش دوورە لە ئاگایی و بەشداربوونی خۆم، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم دوو ڕواڵەتە هاوچەشنە، جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندایە. ژنە، کەم یان زیاد، دوای مانگێک دەزانێ کەی و لە چ کەسێک ئاوس بووە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی خۆی، یان ژنانی تر، مانگەکان دەژمێرێ و ئەگەر لە باری نەبا، دەزانێ لە فڵانە مانگدا دەبێتە خاوەنی منداڵێک. بەڵام من بەپێچەوانەی ئەو ژنەوە، نازانم زەینم لە چ شتێک و کەی، پتێکی بەر کەوتووە و هیچ ئاگاداری ئەوە نیم کە لە چ ساتێکدا، چ شتێک دێنمە دی. ئەم ئاوسبوونە، ئاکامی جۆرە نوتفەبەستنێکە لە حاڵەتی نائاگاییدا. نە گۆڕانکارییە چلۆنایەتییەکان شتێک دیار دەخەن و نە گۆڕانکارییە چەندایەتییەکان. منداڵێک هەر لە ناکاو لەدایک دەبێ، کە بە هیچ شێوەیەک چاوڵەڕێی هاتنی نین. بێ خەبەر دەردەکەوێ و زۆربەی

جارانیش، ناوەخت. میوانێکی ناوەختە، کە لە کاتی هاتنیدا نەناسە و بە ئاسانیش خۆی دەرناخا، تا بزانیت کێیە و چ پەیامێکی پێیە؟ بەڵام گشت مافەکانی هاتن و دەرکەوتن هی ئەون. واتا ناچارت دەکا واز لە گشت کارێک بێنیت و بەس خەریکی ئەو بیت، دەنا زۆر بێ بەزەییانە زیز دەبێ و تووشی ئازارێکی قووڵی دەروونیت دەکا، کە بە ڕاستی وەسف ناکرێ. ئەمە، بەداخەوە ئەزموونی منە و بڕوا ناکەم دەرکپێکردنی بۆ زۆربەی شاعیرانیش کارێکی ئاسان بێت. ئاساییە، کە هزرێکمان بە زەیندا دێ و هێدی هێدی پەروەردەی دەکەین و هێندە وەرگێڕ و داگێڕی دەکەین تا سەرەنجام لێی ڕازی دەبین و خاڵی کۆتاییەکەی بۆ دادەنێین.

بەرۆژ: مەبەستت لە "بێوەخت هاتن" و "نەناس هاتن" چییە؟

شاملوو: لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا دانیشتوویت و خەریکی گفتوگۆیەکی فەلسەفی، یان کۆمەلایەتیت کە هەر لە ناکاو دێت و لە دەرگە دەدات. دەزانیت ئەوە شیعرە، کە هاتووە، بەڵام شیعرێکی چۆن؟ دەبێ بچیتە پەنایەک و دەست بە نووسینی بکەیت تا بزانیت چییە؟ ئاخۆ هۆکاری هاتنەکەی، هەمان گفتوگۆی نێوان تۆ و هەڤاڵەکانت بووە؟ نا. هەستێکی ئەڤیندارانە، یان گەڵاڵەیەکی نیگارئاسای پایزیی بۆ هێناویت، یانژی فریان بەسەر ئەو گفتوگۆیەوە نییە، کە بەر لە هاتنی، خەریکی بوویت. بۆ نموونە، مەودای زەمەنیی نێوان نووسینی دوو شیعری خۆم دێنمەوە: "لەم بنبەستەدا" و "ئەڤیندارانە". یەکەمیان شیعرێکی کۆمەلایەتییە و دووەمیان شیعرێکە، ناوەڕۆکەکەی هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، بەڵام هەردووکیان لە یەک ڕۆژدا نووسراون!

ئێمە لە ماڵی برادەرێکدا خەریکی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە بووین، کە شیعری یەکەم هات. چوومە ژوورەکەی تەنیشتمان و نووسیمەوە. شیعرێکی کۆمەلایەتی و دوور لەو قاقا و نوکتانەی لە ژوورەکەی ترەوە دەبیستران. شیعرەکەم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە ژووری میوانەکان. برادەرەکانم شیعرەکەیان خوێندەوە و باسێکی توندی کۆمەلایەتی هاتە ئاراوە. ئێمە لە گەرمەی قسەوباسەکاندا بووین، کە شیعری دووەم، لە دەرگەی دا. چووم ئەویشم نووسی. ئەمیان شیعرێکی ئەڤیندارانە بوو! شیعری یەکەم شیعرێکی کۆمەلایەتی بوو، کە لە گەرمەی قسە و نوکتەی برادەراندا هاتبوو، شیعری دووەمیش هەر زۆر دوور لەو قسەوباسانە بوو، کە شیعری یەکەم بووبوو بەهۆی مشتومڕی برادەران. کە مرۆڤ لەگەڵ چەند کەسێکی دژ بەبۆچوونەکانی خۆیدا خەریکی مشتومڕە و دەیەوێ بە لۆجیک و بەڵگە هێنانەوە قسەکانی بسەلمێنێ، ئاساییە، کە زەین و بیری لای بابەتەکەیە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی زەینی خۆی نادا بە شتی ترەوە خەریک بێت، بەڵام شیعر، هەروەکو دەبینی، جیا لەم بنەمایە دەجووڵێتەوە و تەنانەت ڕێز لە زەینی مرۆڤیش ناگرێ. واتە نەک تەنیا بەربەستی زەین دەشکێنێ و بە مەیلی خۆی دێتە ژوورەوە، بگرە ناچارت دەکا سەراپا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو بیت، کە زۆربەی هەرە زۆری جاران، دوورە لەو شتەی پێیەوە خەریکیت. هێندێک جار لە خەودا دێت، هێندێک جار لە گەرماودا و بڕێ جاریش لە

کاتێکدا دەردەکەوێ، کە سەرقاڵی کێشەیەکی ناشاعیرانەی وەکو ژماردنی دوازدە هەزار تمەن پارەی کارەبایت، لە حاڵێکدا شەش مانگێکە لە سەفەر بوویت و کەسیش لە ماڵەوە نەبووە.

بەڕۆژ: باشە، مەگەر ئاسایی نییە کە تروسکەیەکی شاعیرانە، یان هەر ئەو شتەی پێشینان پێیان دەگوت "ئیلهام"، شاعیر ڕادەچڵەکێنێ تا بە یاریدەی ئەو وردەکارییانەوە، کە دەیانزانێ، یان لە کاتی نووسیندا دایاندەهێنێ، بینووسێتەوە؟

شاملوو: نەخێر. سەبارەت بە منەوە، نە ئەو ئیلهامە ناوبراوە لە کاردایە و نە ئەو شتەی تۆ پێی دەڵێی تروسکەی زەینی شاعیر. شارەزایی و وردەکارییش کارێکی ئەوتۆم بۆ ناکەن. هەروەکو گوتم، کە فەرمانی "بمنووسە!" ڕادەگەیەنرێ، نە دەزانم بە تەمام چی بنووسم و نە پێویستیم بە شارەزایی و وردەکارییەکانی نووسینە. هەر ئەوەندەیە لاپەڕەیەک و پێنووسێک هەڵبگرم و دەست بەنووسینی بکەم. تەنیا دوای نووسین و خوێندنەوەی نووسراوەکەمە، کە دەزانم و بۆم دەردەکەوێ بابەتەکە چییە و لە چی دەدوێ. شیعر خۆی، سەرلەبەری پەیڤە پێویستەکان و وێنە شیعرییەکان و ڕێکار و وردەکارییەکانی نووسین لەگەڵ خۆیدا دێنێ. تەنانەت هێندێک جار پێویست بە پێداچوونەوە و گۆڕینی پەیڤ و ڕستەکانیش ناکا. هێندێک جار بە سەرسووڕمانەوە بۆم دەردەکەوێ، کە بە یارمەتیی ئەو پەیڤانەی زەینم لە حاڵەتی نائاگاییدا ڕێکی خستوون، مەبەستێکی ئاڵۆزم بەوپەڕی ساکارییەوە لە شیعردا درکاندووە! وابزانم واز لەم باسە بێنین باشترە... "شیعرێک نووسراوە" هەر ئەمە و هیچی تر! بۆ من، هێندێک جار تەنانەت بیرکردنەوە لەوەی فلانە شیعرم چۆن نووسیوە، شتێکە لە درێژەی هەمان حاڵەتی شالاوی شیعر و پێکهاتنەکەی.

جارێکیان شیعرێک لە خەو وشیاری کردمەوە و منیش نووسیمەوە. شیعرەکە لەمەڕ بارینێکەوە بوو، کە من پێم وابوو دەنگی تنۆکەی باران بەسەر بانۆچکەی ماڵی دراوسێکەمدا، بووەتە ئەنگێزەی نووسینی ئەنگێزەیەکی جێپەسند. کەچی دواتر، شایەدی ڕووداوەکە، (هەڤاڵی هەرە خۆشەویستم "ع. پاشایی") دەری خست، کە ئەو ئەنگێزەیە هیچ ڕاستییەکی نییە، چونکە نە هاوسێکەمان بانۆچکەی هەبوو و نە لەو بەرەبەیانەدا بارانێک دایکردبوو. "پاشایی" ئەم ڕووداوەی لە کتێبەکەی خۆی "ئەنگوست و مانگ" بەرباس داوە.

بەڕۆژ: لە شیعردا گرینگی بە کام تایبەتمەندی دەدەیت؟

شاملوو: بە بڕوای من نەک تەنیا لە شیعردا، بگرە لە هەموو هونەرێکدا، ئەو شتەی بە "تایبەتمەندی" لێک دەدرێتەوە، شتێکی پێشوەخت ئامادەکراوە و بەواتایەکی تر، بایەخێکی "ستاندارد" نییە، کە لە دەرەوەی بەرهەمدا هەبێ و هونەرمەند بە کاری بێنێ، یان نا. دەمەوێ

بڵێم: زۆربەی هەرە زۆری جاران، تایبەتمەندی وەک سیفەتێکی ئاکاری، تەنیا کاتێ بایەخی هەیە، کە لە هەل و دەرفەتێکی چاکدا هەڵبسەنگێندرێ.

بەرۆژ: بڕوات بەدەربڕینی ئەندێشە هەیە لە شیعردا؟

شاملوو: بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی، کە ئەندێشە چۆن لە شیعردا جێ کەوتبێ، وەڵامەکەم ئەرێیە. شیعرێک، کە هیچ ئەندێشەیەک نەگوازێتەوە، یان هەستێک نەجووڵێنێ، چ کەڵکێکی هەیە؟ من هەمیشە گوتوومە: لەو بڕوایەدا نیم، کە هەموو شتێکی جوان، سوودمەند و پڕ لە بایەخە. بگرە لەو بڕوایەدام: هونەر، کە دەتوانێ شتێکی سوودمەند بە شێوەیەکی جوانتر بخاتە بەرچاو و هێزی کارتێکردنێکی زیاتری پێ ببەخشێ، دەبێ لە ئاست بێباربووندا تەریق بێتەوە. مەبەستم هەرگیز ئەوە نییە، کە حەز و ویستی خۆم بە "دەبێ" و "نابێ"یەکان بسەپێنم، بەڵام ئەوە هەڤیازیی هونەرمەندە، کە عەودالّی دۆزینەوەی دەرمان بێت لەم جیهانە نەساغەدا، نەک بە شوێن هێورکردنەوەی ئازارەکاندا بگەڕێت. دەبێ پزیشکێکی خەمخۆر بێت، نەک قەشمەرێکی بێعار.

بەرۆژ: ئەدی ئامانجخوازی؟

شاملوو: ئامانجی هونەر، هەڵکشاندنی مرۆڤە. ئاسایە، ئەو کەسانەی دەیانەوێ کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی خورافەپەرست و ملشۆڕ بمێنێتەوە، تا شتێکیان لەم نێوانەدا چنگ بکەوێ، "ئامانجخوازی" بە "لایەنگری سیاسی" لێک دەدەنەوە و هونەری ئامانجخوازیش بە "هونەری ئامێتەی سیاسەت" ناودێر دەکەن. ئەمانە پەسن و ستایشی خۆیان، نەک تێکەڵبوون بە سیاسەت، بگرە بە "ستایشی هەقیقەت" لێک دەدەنەوە، پێیان وایە، هونەر جگە لە داهێنانی جوانی– تەنانەت ئەوپەڕی "جوانیی ڕەسەن"– هیچ ئەرکێکی نییە. من لایەنگری ئەو چەشنە هونەرە نیم، هەرچەند کاتێک لە بەرامبەر تابلۆیەکی هونەری ئابستراکتدا دەوەستم، یان کە شیعرێکی ڕەسەنی بێ ئامانج دەخوێنمەوە، لە قووڵاییی دڵەوە سوپاسی شارەزایی و زیرەکیی داهێنەرەکەی دەکەم، بەڵام، کە دەبینم هاوارێکی بەرز و بەهێز تەنیا دەرخەری هێزی قوڕگ و دەنگە و ئێمە مانانی نیازمەندی هاودەردیی لە بیر خۆی بردووەتەوە، ئاخم هەڵکێشاوە.

بێدەنگبوونی ئاو

دەکرێ

وشکایی و هاواری تینوویەتی بێت.

بێدەنگبوونی گەنم

دەکرێ

برسییەتی بێ و هاواری سەرکەوتووانەی قاتوقڕی.
هەروەکو چۆن بێدەنگبوونی هەتاو
تاریکییە–
بەڵام بێدەنگبوونی مرۆڤ نەبوونی جیهان و خوایە
هاوارێک
وێنا بکە!

هونەرمەندێک، کە بتوانێ بە پێنووسە سیحراوییەکەی شتێک بە ئێمەی فریوخواردووی قوربانیکراو و تاڵانکراو (کە پێمان دەگوترێ مرۆڤە باشوورییەکان) بڵێ، تاکو سەرەودەرێک لە ڕاستییەکان دەربکەین، هونەرمەندێک کە دەتوانێ لە ڕێی هونەرەکەیەوە تۆزێک وشیاریمان بداتێ. ئێمە خەڵکانێکین، کە لە گواستنەوەی ئەمڕۆ بۆ سبەینێمان، لە بریی پێشکەوتن خەریکین ڕۆ دەچین (و بە داخەوە ئەم ڕۆچوونەیشمان پێ شتێکی قەدەرییە) بۆ دەبێ هونەرمەندەکەمان هەل و دەرفەتێکی وا بە هێند وەرنەگرێ؟ مەگەر ئەو هونەرمەندە خۆیشی تنۆکێک لەم ئۆقیانووسە نییە؟ بە واتایەکی تر: خۆ هونەرمەندی ئەم ڕۆژگارە وەکو هونەرمەندی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، لەسەر سەکۆ بەرزەکان دانەنیشتووە، کە لە ڕووی هاودەردی، یان نەیاری، یان بێلایەنییەوە، دیمەنی لەت لەتبوونی فریوخواردووەکان وێنا بکا. هونەرمەندی ئەم ڕۆژگارە لەسەر هیچ سەکۆیەک ئاسوودە و دوور لە مەترسی نییە. لە هیچ مەیدانێکدا بینەری دوور لە پەلامار و دەستدرێژی نییە. ئەو لە هەموو سات و دەمێکدا دەتوانێ هەم شێر بێت و هەم قوربانی، چونکە لەم ڕۆژگارەدا، هەموو شتێک گوێ لە مستی زەبرێکی بێ هەست و بێ بەزەییانەیە، کە سەراسەری ئەم جیهانە بەربڵاوەی کردووەتە مەیدانی ڕمبازیی خۆی و تاوانکار و بێ تاوان و لایەنگر و بێلایەنیش ناناسێ.

بەڕۆژ: ئەدی بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤەکان بە هەرحاڵ تووشی بۆچوون و ئایدیۆلۆجیای خۆیانن؟

شاملوو: مرۆڤ، پێکهاتەیەکی یەکپارچەیە، کە لەم قسانە گەلێک گەورەترە. مرۆڤ لە ئایدیۆلۆجییەکان مەزنترە. ئەو کەسەی بانگەشە بۆ بەرزبوونەوەی ڕەگەزی مرۆڤ دەکا، دەبێ بەرزتر لە ئایدیۆلۆجیا و ئەو بۆچوونانەی بوونەتە هۆی لەتبوون و جیاکردنەوەی ئەم یەکپارچەییە هەنگاو هەڵێنێ. ئەو ئایدیۆلۆجیانەی، کە "ئێمە" دەکا بە "من" و "تۆ" و "ئەو" بانگەشەکاری تەفروتوونابوونی مرۆڤە. ئەندێشەیەک، کە کۆمەڵی پاکی مرۆڤایەتی بەرەو لەتبوون دەبا؛ ئەندێشەیەکی ئەهریمەنانەیە. هەڵکشان و بەرزبوونەوەی مرۆڤ و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر تەختی ڕێز و حورمەتی خۆی، تەنێ بە ڕەتکردنەوەی "چەندبەرەکی" مەیسەر دەبێ.

بەڕۆژ: کەواتە دەکرێ بپرسم، شاعیر، یان نووسەر، تا چ ڕادەیەک دەتوانێ خۆی تێکەڵ بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکا؟

شاملوو: ئەوەی، کە تۆ لەودیو سنووره سیاسییەکانەوە لەگەڵمدا دەدوێی، کێشەیەکی سیاسییە. کە ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ، کە ئێمە ئەندێشە و بۆچوونە تەنانەت جیاوازەکانمان بە پێشێلکردنی مافی یەکتر نازانین، کە بڕوامان بە مافی ژیان بۆ یەکتر هەیە، کە تەنانەت لە کاتی جیاوازیی بیر و بۆچوونیشدا گوێ لە قسەی یەکتر دەگرین و گفتوگۆمان پێ لە یەکتر کوشتن باشترە، هەر هەموویان بابەتگەلی سیاسین. نان و ئاو و جلوبەرگ و ماڵ و حاڵ هەر هەموویان کێشە و بابەتی سیاسین. خۆ شاعیر، یان نووسەر، چاویان لە خەڵکی تر ڕەشتر نییە؟

بەڕۆژ: لەگەڵ کێشەی شوناسدا چۆن سازاویت؟ مەبەستم نیشتمان و گەل و وڵات و ئەم کێشانەیە.

شاملوو: وەڵامتم داوەتەوە. من خۆمی هەرە نزیکی مرۆڤم. من نە ئێرانیم پێ لە نائێرانی چاکترە و نە پێچەوانەکەی. من لور بەلوچ کورد فارسم. فارسزمانێکی تورکم. ئەفریقییەکی ئەوروپاییی ئوسترالیاییی ئەمەریکاییی ئاسیاییم، ڕەشپێست زەردپێست سوورپێستێکم کە نە تەنیا لەگەڵ خۆم و کەسانی تردا هیچ کێشە و گرفتێکم نییە، بگرە لە نەبوونی ئەوانی تردا و لەژێر پێستی لەشمدا، هەست بە مردن دەکەم. من لەسەر گۆی پیرۆزی زەوی، مرۆڤێکم لە نێوان مرۆڤانی تردا، کە بە نەبوونی مرۆڤانی تر، هیچ مانایەکم نییە.

بەڕۆژ: ئاخۆ لە کاتی نووسیندا، خوێنەرێکی تایبەتیت لە بەرچاوە و بۆ ئەو دەنووسی؟

شاملوو: نا. ئەو کەسەی بۆ خوێنەری تایبەتی دەنووسێ، خاوەنی خوازەی خۆیەتی. من هیچ خوازەیەکم نییە و بۆ خۆم دەنووسم. نانێکە و بۆ خوانی خۆمی دەپێژم، بەڵام ئەگەر ئەم نانە لە زاری کەسێکی تریشدا چێژێکی هەبوو، ئەوە هەڤاڵێکی هاوچێژ بۆ خۆم دەدۆزمەوە. منی من دەبێتە منی خوێنەر و "من" دەکاتە "تۆ" و "ئەوان". گەلێک جوانە کەسێک بتوانێ لەگەڵ کەسانی تردا، لەگەڵ هەموو کەسێکدا، منێکی هاوبەش بدۆزێتەوە. جوان نییە؟

من تێکڕای مردووەکان بووم:
مردووی ئەو مەلانەی دەچریکێنن و
بێدەنگن،
مردووی جوانترین گیانلەبەران

لەسەر خاک و لەنێو ئاودا،
مردووی مرۆڤەکان
لە چاک و خراپ

من لەوێ بووم
لە ڕابردوودا
بێ هیچ سروودێک.
ڕازێکم نەبوو
نە بزەیەک
نە تاسەیەک.

منت
بە میهرەوە
هەر لە ناکاو
لە خەودا بینی و
لەگەڵ تۆدا
وشیار بوومەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەڕۆژ: تۆ ئەزموونێکی چاکت لە وەرگێڕانی شیعردا هەیە و خاوەنی بۆچوونەکانی خۆتیت. دەکرێ باسی ئەوە بکەیت، شیعر چۆن دەبێ لە بێژینگی زەینی وەرگێڕ بدرێ و وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر، کە هەم شیعرییەتی بریندار نەبێت و هەم لە زمانی دووەمدا جێ بگرێ؟

شاملوو: جاری وا هەیە، پەیف بەپەیفی شیعرێک دەگوازرێتەوە سەر زمانێکی تر. بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە شیعرەکانی "لۆرکا" بکەم، کە خۆم وەرم گێڕاونەتە سەر زمانی فارسی. هێندێک جاریش شیعری وا هەیە، ڕێک وەکو خۆی و پەیف بەپەیف ناگوێزرێتەوە سەر زمانی دووەم. لەم حاڵەتەدا دەکرێ واز لە وەرگێڕانی پەیف بەپەیف بێنین و هەوڵ بدەین سەرلەنوێ و لە زمانی دووەمدا دایبهێنینەوە، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێ ڕەنگ و تام و بۆی شیعرە ڕەسەنەکە بە چەشنێک بگوازینەوە، کە پێمان وابێت خودی شاعیرەکە شیعرەکەی بەم زمانە هۆنیوەتەوە.

بەرۆژ: "هەمینگوای" گوتوویەتی "تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت چاک بنووسیت، کە ئاشق بیت" ڕای جەنابت لەم بارەیەوە چۆنە؟

شاملوو: ئاشقبوون، پشتیوانێکی هەرە چاکی هەموو کارێکە. دیارە چیرۆکی ئەو کرێکارەت بیستووە، کە خشتەکانی لە قرچەی هەتاودا و بە دەم گۆرانی گوتنەوە لە هەموو کرێکارەکانی تر بەرزتر هەڵدەدا. بەڵێ. کەریمخان کەسێکی نارد بزانێ هۆی زەوق و کەیفخۆشیی کرێکارەکە لەو گەرما سووتێنەرەدا چییە؟ خەبەریان هێنایەوە: کرێکارەکە ئاشقێکی بەختیارە.

نە قەڵەمڕەوی نووسین، تاقە شوێنی بەکارهاتنی ئەڤینە و نە ئەڤینیش مانایەکی ڕەهای هەیە. ئەڤین لە ئاست تێکڕای گیانەوەران و ئاشقی نێچیر بوون! ئەڤین لە ئاست داهێناندا و ئاشقی وێرانکردن! ئەڤینی "فەرهاد"انە و ئەڤینی "تەیموور" و "هێتلەر"انە! کەواتە پرسیار ئەمەیە: جەنابی "هەمینگوای" بە چ شتێکی گوتووە ئەڤین؟ ئاخۆ سەرکەوتنەکەی لە نووسیندا، ئاکامی بەختیارییەکەی بووە لە ئاست حەزە شێتانەکەی بۆ ڕشتنی خوێنی شێر و پڵینگ و ئاسک و فیل؟ ئاکامی بەختیارییەکەی بوو لە ئاست کوشتنی ئەو گیانەوەرانەی کە جوانیی سرووشت قەرزاری هەبوونی ئەوانە؟ دەروونناسەکان دەڵێن ئەڤینێکی لەم چەشنە، دەگەڕێتەوە سەر کەمایەسییە دەروونییەکانی مرۆڤ و لەو گومانانەوە هەڵدەقووڵێ، کە وەلانانیان لە گرەوی ئەم خۆنواندنانەدایە، چونکە ئەڤین نیازێکی مرۆییە و نیشاندەری تەندروستیی دەروونی مرۆڤە، کە تێکڕای هەبوون لەخۆ دەگرێ و مەرج نییە ئاکامەکەی بە سێکس و پێخەف بگا. "هاوسەرخوازی" تاقە هاوڕێژەی ئەم چەشنە ئەڤینەیە، کە لەو حاڵەتەدا دەبێ ماف بە ڕاوچییە بەڕێزەکان بدرێ، چونکە تێکڕای گیانەوەران لەو وەرزەدا چاکتر دەپەڕن!

بەرۆژ: هۆکارە ڕۆشنبیرییەکانی وەک پێوەندیی نێوان نووسەر و شاعیرانی دنیا، چ گرینگییەکان بۆ شاعیر و نووسەران هەیە؟

شاملوو: شاگەشکەهێنەرە. شتایەکی زۆر لە یەکترەوە فێر دەبین. ئەمڕۆ ئیدی هەر نووسەر و شاعیرێک، نووسەر و شاعیری هەموو جیهانە. ئێمە هەموومان سەر بە خێڵێکین و هاواری گشت مرۆڤەکان بەرز دەکەینەوە.

بەرۆژ: منداڵێتی داخی لەعنەتێکە، کە لەگەڵ شاعیردا دەمێنێتەوە و شاعیریش منداڵێکە هەرگیز گەورە نابێت. پێت وایە بەرەوپیری دەچیت، یان منداڵی؟ یان ئامێتەیەک لە هەردووکیان؟

شاملوو: نازانم چۆن بەم بڕیارە سەیرە گەیشتوویت! بەهەرحاڵ کۆمەڵگەی مرۆڤ پڕە لەو

کەسانەی لە دنیای ساکاری منداڵێتیی خۆیاندا دەمێننەوە و لە بریی ئەوەی گەورە ببن و تۆکمەتر لە جیهان و دەوروبەریان بڕوانن، گومانە منداڵکارییەکانیان تا دوا قۆناغی ژیان لەگەڵ خۆ دەبەن. منداڵێتی داخی لەعنەت نییە، سەردەمی داخی کۆیلەتی خواردنە بەدەستی ئەو دایک و باوکانەی، خۆیان منداڵی بە تەمەنن. کۆمەڵی مرۆڤ لە بریی ئەوەی "ببن بە" مخابن تەنێ بە "بوون" ڕازین. هەر بۆیەیش لە درێژاییی ئەم هەموو چەرخەدا، ڕۆژەکان هەمان ڕۆژی پێشوون و ساڵەکانیش هەمان ساڵی گۆڕین و سەدەکانیش هەمان سەدەن، کە بەسەر باپیرانماندا تێپەڕیون. ئێمە لەدایک نابین، تەنیا بە ساکاری "کۆپی" دەکرێین. ئێمە هەزاران ساڵە زەمەنمان بە دەستەوە نییە و تەنیا لە زیندانەکانی ڕابردوودا بەند کراوین... پاکیزەیی و بێتاوانیی سەردەمی منداڵانە، بەڵێ! بەڵام ترس و ملکەچککردنی منداڵانە، هەرگیز!

بەڕۆژ: ئەدی نووسینی شیعر چێژە یان ئازار؟

شاملوو: شیعر بۆ من ئامرازێکە لە پێناو پەسنی مرۆڤدا. دەنگ هەڵبڕینێکە لە ئاست ئەو بێ حورمەتییەی پێی دەکرێ. هێندێک جاریش سەربردەی دڵتەنگییە. خەمڕەوێنێکە کە هێمنایەتی دەبەخشێ.

بەڕۆژ: نهێنیی مانەوەی شیعرێکی چاک لە چیدایە؟

شاملوو: لە سەلماندنی ئەو خاڵەدایە، کە مرۆڤ و زەمانە نەگۆڕاون، چونکە مەبەستی شیعر گۆڕانی مرۆڤ و زەمانەیە، تا ئەو شوێنەی ئیدی هیچ نیازێکمان بە شیعر نەمێنێ. نیازمەندبوون بە دەفر و گۆزە، نیشانەی ئەوەیە، کە تینوویەتی هێشتا لە ئارادایە.

بەڕۆژ: شیعر و سیاسەت لە کوێ بە یەکتری دەگەن؟

شاملوو: ڕێک لەسەر مەیتی یەکتر!

بەڕۆژ: کامیان جیهان ڕزگار دەکا؟ شیعر یان سیاسەت؟ یان ئامێتەیەک لە هەردووکیان، کە لەو حاڵەتەدا هەم جەلاد پەروەردە دەبێ و هەم ڕزگارکەر؟

شاملو: ڕزگارکەری جیهان، کەسێکە، کە دەرک بە هونەر دەکا!

بۆ نموونە، تۆ خۆت دەتوانی ڕزگارکەری جیهان بیت، چونکە بێ هیچ گومانێک دەتوانم بڵێم تۆ ناتوانیت جەلاد بیت. سیاسەتبازی و دەسەڵاتخوازی، کە هەردووکیان پێویست و گەرەکی یەکترن، کاری کەسێکە، کە مافی کەسانی تر بە سەلکەتوورێکیش ناکڕێ و لە درۆهەڵبەستن و تەڵەکەبازی و قڕکردن و وێرانکردندا، مێشێکیش میوانی نییە. لە دەستووری سیاسەتدا، هەر چەپەڵییەک

ئیمتیازێکە، تا ئەو جێیەی، کە "شا عەباسی سەفەوی" دەتوانێ بە بەرەکەتی کارنامە خوێناوییەکەی، نازناوی "مەزن" وەربگرێ. ئەهلی سیاسەت بیر لە پیرۆزیی ژیان ناکەنەوە، بگرە زیندەوەران تێکڕا بە ئامرازگەلێ دەبینن، کە لە کاتی پێویستدا دەبێ دەستبەجێ ببن بە قوربانیانی سەرکەوتنی ئەو. هێندێک کەس ئەم بڕوایە قەبووڵ ناکەن و ناسین و حورمەتی هونەر بە چەمکێکی تر دەزانن و سوپای ڕایشی ئەڵمانیا بە نموونە دێننەوە، کە زۆربەی ئەفسەرەکانی بە لای کەمەوە، لە ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقادا پسپۆڕ بوون. لە وەڵامیشدا دەڵێن: بەڵێ. ئەگەر لە بیرت نەماوە خۆم بە بیرت دێنمەوە: ئەوان هێندە لایەنگری ئەم هونەرە بەرز و ئینسانییە بوون، کەوا خەڵکیان دەستە دەستە و بە نەوای ئۆرکێسترەوە ڕەوانەی ژوورەکانی گاز دەکردن. ژەنیارەکانیش لە خودی زنیدانییەکان پێکهاتبوون و هەر هەمووشیان بەلای کەمەوە ژەنیارێکی لێهاتووی ئۆرکێستری "فیلارمۆنیک" یان "سەمفۆنیک"ی وڵاتە داگیرکراوەکەی خۆیان بوون و بەس بە تاوانی ئەڵمانی نەبوون، ڕۆژانە لە پێناو لەتە نانێکدا و لە کارگەکانی چەکسازیدا کار بکەن و هەرکە نیشانەی شەکەتی و لە کارکەوتنیان لێ دەرکەوتبا، بەرەو ژووری گاز بەڕێ دەکران. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەو کەسانەی پەسنی "مۆزارت" و "بێتهۆڤێن"یان دەدا و حەزێکی قووڵیان لە مۆسیقا و لە ڕێی مۆسیقایشەوە لە هەموو هونەرەکان بوو و ڕێزیان لە هونەر دەگرت، فرێ بەسەر پەروەردەبوونە ئەشرافییەکەیانەوە نەبوو! وێڕای ئەمەیش دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین: لە جیهانێکدا، کە حورمەتی هیچ شتێکی مرۆیی ناگرێ و بەڕێوەبردن و ڕێنوێنیکردنیشی کەوتووەتە دەست شێت و سەرسەری و خوێڕییەکانەوە، ناکرێ لەو جیهانەدا چاولەڕێی ڕزگارکەربوونی شیعر و هونەر بین. هەرچەند ئامانجی هونەر لەوە بەدەر نییە!

هەڵبەت ئەگەر ڕۆژێک حکوومەتی ئەقڵ دامەزرێ، سیاسەتیش مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەدەست دێنێتەوە. واتە ئەو کاتە ئیدی ئەم پەیڤە گڵاوە، بەڕێخۆشکەرییەکی شەرافەتمەندانە دەگوترێ، کە بۆ گەیشتن بە ڕێکوپێکی و کۆئەنجامێکی شایستە و شیاوی مرۆڤ بەکار دەهێنرێ.

بەڕۆژ: زۆربەی شیعرەکانت، بەبۆچوونی من، سەربوردەی هاوارێکن لە دەروونی تەنیاییی شاعیرەوە بۆ جیهانی دەرەوە. حەز دەکەم بزانم تەنیایی بۆ تۆ چ واتایەکی هەیە؟

شاملوو: دەبێ چاکی بۆچووبیت. ئێمە هەر کامێکمان بە تەنیایی و لە کۆڵانەکانی تاریکیدا، منداڵێکی سێوی و سەرگەردانین. لە کۆمەڵگەیەکدا، کە مرۆڤەکان هێشتا دەستیان بە غەریزە هەموارکراوەکان نەگەیشتووە، زۆرجار ڕستەی "خۆشم دەوێیت" بەرتیلێکە و بۆ ڕاکردن لە تەنیایی دەدرێ و یەکێک لەو هۆکارانەی، کە "خۆشەویستی" بە "داگیرکردن" دەگۆڕێتەوە، دوور نییە هەر ئەم هەترەشچوونەی مرۆڤ لە تەنیایی بێت. دەڵێن "مرۆڤ گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە" کەواتە مرۆڤ ناچار بە خۆشویستنی ئەوانی ترە.

بەڵام ئەو تەنیاییيەی تۆ ئاماژەت پێی کرد، باسێکی ترە. شیعر لە زاتی خۆیدا هاوارێکە لە قووڵاییی تەنیاییيەوە، چونکە جیهانی شاعیر، جیهانێکی تاکەکەسییە. کەلوویەکی تەسکە، کە پەپوولەیەک تێیدا جێی دەبێتەوە، بەم جیاوازییەوە، کە کرمی ئاوریشم ماشۆتی خۆی بە دەوری خۆیدا دەچنێتەوە، بەڵام شاعیر لە قۆزاخەدا وشیار دەبێتەوە و هاوارەکەیشی سەربوردەی ئاوازی خەمناکی کۆششێکی گیانپرووکێنە، کە بۆ ڕزگاربوون لە قۆزاخە دەیکا.

بەڕۆژ: ڕازی تەنیاییی مرۆڤ، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، لە چیدایە؟

شاملوو: پرسیارێکی سەختە و وەڵامدانەوەیشی لە توانای مندا نییە. ڕەنگە لە دوورەوڵاتیدا، هەستی بێپەنابوون و ترسان لەو هەستە، یەکێک لە هۆکارەکانی بێت. دەبێ بۆ بەدەستهێنانی وەڵامە دروستەکەی لە دەروونناسان بپرسیت. دیارە گرفتێک هەیە، کە من پێی دەڵێم "ژانی وڵات". ساڵی ١٩٧٠، یان کەمێک پێشتر، لە کەناراوەکانی زەریای عەممان‌دا، چەند کەپرێکم بەرچاو کەوتن. هەشت – نۆ دانەیەک دەبوون. چەند ماسیگرێکیش لەو کەپرانەدا دەژیان. چەند دارخورما و چاڵێکی بە گومبەز داپۆشراویش کە ئاوی بارانیان بۆ خواردنەوە، تێدا پاشەکەوت دەکرد. هەر ئەمە و هیچی تر. نانیان لە ڕێی گۆڕینەوەی ماسی بە گەنم بە دەست دەهێنا. دەلاڵێک، هەر دوو–سێ ڕۆژ جارێک بە کەچە پیکابێکەوە دەهات و بە درێژاییی ئەو کەناراوەدا، کە بە ناوی خۆی تاپۆی کردبوو دەسووڕایەوە و بەرهەمی نێچیریانی دەبرد و نیازەکانیانی بە کاش و قەرز دابین دەکرد. پێوەندیی ئەوان بە دەوڵەتەوە هەر ئەوەندە بوو، کە جارجار ژەندرمە دەهاتن و لاوە بە تەمەنی یاسایی گەیشتووەکانیان بە شەق و چەپۆک دەبردن، تا ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بە "شا" و "نیشتمان" بەجێ بهێنن! هەر لەوێ پیرەمێردێکم بینی، کە سەرهاتێکی سەیری هەبوو. کابرا لە تەمەنی شازدە ساڵیدا ژنی هێنابوو و بەر لەوەی بچێتە سەربازی، بووبوو بە خاوەنی دوو منداڵ. قوربەسەرە نەیدەزانی "بە پێی یاسا" ناتوانن نانهێنەری خێزانێک بگرن و قوڕی پێ بشێلن. بەهەرحاڵ دوای دوو ساڵ سەربازییەکەی، بۆ پەیداکردنی پاروونانێک ڕووی لە ناوچە شێخنشینەکان کردبوو. ژنەکەی لە نەبوونی ئەودا مردبوو، خەڵکیش منداڵەکانیان بەخێو کردبوون. دواتر منداڵەکانیشی مردبوون و ئەویش، کە هیچ کەسوکارێکی لەو دنیایەدا نەمابوو، ماوەیەک لە ناوچەکانی کەنداودا مابووەوە. کە لێیم پرسی چ شتێک بووەتە هۆی ئەوەی ئێستا و پاش تەمەنێکی درێژی پڕ لە کوێرەوەریی بگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی؟ گوتی چونکە هەستی کردووە مردن لێی نزیک بووەتەوە، هاتووەتەوە تاکو لە "وڵات"دا بمرێ. لە وڵاتی خۆیدا!

نازانم ئەم نیازە دەروونییە لە چ شتێکەوە سەرچاوە دەگرێ. بەهەرحاڵ، هەستی تەنیایی لە دوورەوڵاتیدا، دەکرێ بە هەستێکی گشتی بزانین، بەڵام هەستی تەنیایی لە وڵاتدا، هەستێکی گشتی و هاوبەش نییە. هەستی کەسێکە، کە لە هیچ شوێنێکی ئەم گۆی زەوییەدا هاودڵێک نادۆزێتەوە. جا چونکە هەستێکی کارەساتئاسای لەم چەشنە لە "ماڵی خۆدا" تاقەتپرووکێنترە و لە

دوورەولاتیدا هەرچۆنێک بێت پاکانەیەکی هەر بۆ دەکرێ، تاقە ڕێگە هەمان ڕوو لە دەرەوەی ولات کردنە. ئەمەیش کارێکە و هەموو کەس دەروەستی نایە.

بەڕۆژ: تۆ گەلێک سەفەرت بۆ ئەوروپا و دوورترین شوێنەکانی ڕۆئاوا کردووە و هەندێک جاریش بۆ ماوەیەکی درێژ لەو شوێنانەدا ماویتەوە، دەکرێ بپرسم وەک مرۆڤ و مینا شاعیرێکی ڕۆهەلاتی، دنیای شیعری دەرەوەت چۆن بینیوە و چۆنی هەڵدەسەنگێنیت؟

شاملوو: ناسینی شیعری ڕۆهەلاتیی نزیک و ڕۆئاوا پێویستی بە سەفەر و مانەوە نییە. بۆ نموونە من "ژاپۆن"م نەبینیوە، بەلام کەمتاکورتێک ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی ئەو ولاتەدا هەیە.

یەکێک لەو شتە چاکانەی شاعیرانی هاوچەرخمان هەیانە و شاعیرانی پێشوو لێی بێبەش بوون، هەر ئەم دەست گەیشتنەیە بە شیعری جیهان. جا ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێی وەرگێڕانەوە بێت بۆ ئەو زمانانەی دەیانزانین، یان دەتوانین فێریان بین. کە دەرفەتێکی وایش لە ئارادا نەبێ، شیعری بەندکراوی "ناوچەیی" هێندە لەنێو خۆیدا دەمێنێتەوە، کە بە هۆی پاتەوپاتبوونییەوە دەگەنێ. گرفتی شیعری کۆنی ئێمەیش هەر ئەمە بوو. "حافز"، کە شاعیری شاعیرانە، ناچار بوو بابەتگەلی شاعیرانی بەر لە خۆی داگیر بکا. دەکرێ بە لانی کەمەوە سەرلەبەری لێکچوواندن و لێکدانەوە شیعرییەکانی "حافز" لە شاعیرانی بەر لە خۆیدا ببینینەوە. شاعیرە کۆنەکانمان کەمێک ئاشنای شیعری شاعیرانی عەرەب بوون، ئەم ئاشناییەیش بەهۆی دێرینەبوونییەوە، ئیدی شتێکی تازە و کارەساز نەبوو. "حافز"، پێچەوانەی شاعیرانی تر، خاوەنی زمانێکی ئاریشە و ئیلتیزامێکی بە کوڵ و قسەی نوێ بوو. ئەو بەگژ فرتوفێڵەکانی ئەهلی ڕیادا دەچوو و ڕازی مانەوەیشی لەمانەدایە: زمانێکی پاراو و ئیلتیزامێکی مرۆیی – کۆمەلایەتی و دەروونێکی شاعیرانەی قووڵ. ئەمەیش ئەو شتانەن، کە نە شاعیرانی بەر لە"حافز" هەیانبوو و نە ئەو شاعیرانەی بە دوایدا هاتوون.

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: ئەمڕۆ ئیدی ناکرێ شاعیرێکی مەزن بدۆزینەوە، کە لە چوارچێوەی سنوورە سیاسییەکاندا، یان لە دەڤەری زمانی خۆیدا بەند کرابێ و بە شاعیری جیهان نەناسرێ. هەر بۆیەیش شیعری ئەمڕۆی جیهان، شیعرێکی درێژی سەرانسەری مێژووی ئەم هونەرەیە و دەستنیشانکردنی کەسێک بە وێنەی "شاعیری هەرە گەورە" لە نێوان ناودارانی شیعری ئەمڕۆدا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستەمتر دەبێ.

بەڕۆژ: گوایە شارستانییەت لەم سەردەمەدا گەلێک شت هەڵدەلووشێ. تەنانەت دەکرێ بگوترێ، شەڕی نێوان شیعر و شارستانییەت دەمێکە دەستی پێ کردووە. بۆ نموونە:

بۆچی ئەمڕۆ ئیدی شاعیرانی وەک "ڕامبۆ"، "ڤێرلین"، "ئەلیۆت"، "لۆرکا"، "ڕیلکە"، ئێلیوار"، "ئاراگۆن" و... دەرناکەون؟ شیعر خەریکە بەرەو کوێ ڕێ دەکا؟ یان بە کوێ گەیشتووە؟

شاملوو: دوو خاڵ لە پرسیارەکەی تۆدا هەن، کە دەبێ ڕوون بکرێنەوە. یەکەمیان چەمکی شارستانییەتە، کە بەبۆچوونی تۆ خەریکە گەلێک شت هەڵدەلووشێ. تۆ لەوپەڕی وردبێژیدا دەڵێیت: ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا "ڕامبۆ" و "ڤێرلین" و شاعیرانی تر دەرناکەون، هۆکارەکەی ئەوەیە کە "شیعر" لە ئاست "شارستانییەت"دا شکستی هێناوە. من نازانم تۆ شارستانییەتت لە بریی چ وشەیەک بەکار هێناوە و گرینگیش نییە، بەڵام شیعر لەگەڵ شارستانییەتدا نەکەوتووەتە شەڕ و ململانێوە. ئەمانە هەردووکیان پاڵپشتی یەکترن. ئەگەر بەشێک لە کەرەستە و ئامرازی شارستانییەت برێتی بن لە چاپخانە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما و شتی تری لەم بابەتە، دەبێ بپرسم مەگەر تێکڕای ئەم شتانە نەکەوتوونەتە بەردەستی نووسەر و شاعیر و فەیلەسووف و هونەرمەندەکان؟ کەواتە لەوانەیە مەبەستت زێدەبوونی ئەم کەرەستانە و ڕەواجی هونەری پەست و هەرزان و بێمانا و لە ئاکامدا شوێن چۆڵکردن بە ڕەسەنایەتییەکان بێت. لەم حاڵەتەدا، لەلایەکەوە قسەی تۆیە و لەلایەکی تریشەوە نا:

سەرەتا ئەو لایەنەی قسەی تۆیە:

بەڵێ. لێرەدا سێ ڕەگەزی تێکدەر و بێ بەزەیی لە ئارادان، کە یەکەمیان خەڵک و دووەمیان سەرمایە و سێیەمیشیان خورافاتە.

خەڵک، هیچ گلەییەکی لێ ناکرێ، چونکە لە هەژاری، یان دەوڵەمەندییەکی گەندەڵکارانە و لەوپەڕی نەزانیدا دەژین. نەزانییەکی ئەوتۆ، کە لەلایەکەوە بە سوودی "سەرتاپا ورگەکان" برەوی پێ دەدرێ و لەلایەکی تریشەوە کەوتووەتە دەست ڕێکخراوێکی مافیاییەوە، کە ڕێگەی ورگئەمبارکردنەکەی ڕێک بە دەروازەی نەزانیندا دەگوزەرێ، چونکە ژین بەسەربردنە لامژییەکەی ئەم، لە گرەوی نەزانییەکی دەمارگرژانەی خەڵکدایە. ئەمانە هەردووکیان هەر کەرەسەیەکی تازە دەرکەوتوو (مەکینەی چاپخانە، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، سینەما و...) بۆ هەموارکردنی ئامانجەڕێی خۆیان بەکار دەهێنن. یەکەمیان تەنیا بۆ سەودا و کاسبی و دووەمیشیان هەر بەم مەبەستە، گریمان بە وێنەی کەرەستەگەلێک بۆ بانگەشەی نەزانین. لەم کارەدا سەرکەوتنیش بەدەست دەهێنن، چونکە بەتایبەت ئەمەی دووەمیان زووتر سەلیقە و فەرهەنگی بەفیرۆچووی کۆمەڵگەی بەرەو پلەیەکی هێندە هەرزان و ڕووکەشانە بردووە، کە کاڵاکەی ساناتر دەکڕدرێ. لە ڕاستیدا ئەم دوو هۆکارە، (شارستانییەت و کەرەستە فەرهەنگییەکان) بۆ دژایەتیکردنی شارستانییەت و فەرهەنگ بەکار دەهێنن و وەک شمشێری "دۆمۆکلۆس" کەڵکی لێ وەردەگرن، کە لایەکی هەژارییەکی لە چارە نووسراوە و لایەکەی تریشی ورگ تێرکردنە تا قورقوڕۆچکە. ئەم برسییەتی و

ورگزلییه، به چەشنێک ئاقاری بۆ پەستی و خورافەپەرستی و هەرزانباوی (کە کلیلی کردنەوەی دەرکەی قەڵای سەرکەوتنیانە) ئامادە کردووە، کە خەڵک، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێ، ڕێی ڕزگاربوونی خۆی لە خێرخوازەکانی خۆی گرتووە.

بەڵام لایەکەی تریان کە قسەی تۆ نییە:

سەرەتا هەرچەند پێڕستی ڕاگەیاندنەکەت ناڕێکە، خودی هەبوونی مێژوویی ئەم ناوانە، بەڵگەی ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی تۆن. چونکە بەشێک لەم ناوانە هێشتا زیندوون و ناتوانین بڵێین بۆچی دەرناکەون. دووەمیان، کەسانێکی وەک "ڕامبۆ" و "ڤێرلین" پەیامبەرێتیی مێژوویی خۆیان ئەنجام داوە. واتە لە پێشبڕکێی ئەم غاردانە ماراتۆنییەدا، دارەکەیان گەیاندووەتە دەست ڕاکەرەکەی تر و ڕاکەرەکانی دوای ئەوانیش هەموو هەوڵێکی خۆیان خستووەتە گەڕ. سێیەمیشیان، تۆ لەم پێڕستەدا چاک و چرووکت تێکەڵ کردوون، ئەمەیش واتا تێکەڵکردنی بەها و نرخەکان، بەڵام بەداخەوە دەبێ لە کورتی بیبڕینەوە، دەنا ناچار دەبین سەرەتا خەریکی بەراورد و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی یەکە یەکەی ئەم شاعیرانە بین و ئەم کارەیش لە گفتوگۆیەکدا بە ئەنجام ناگا. وابزانم بە کورتە ئاماژەیەک دەتوانین کێشەکە یەکلا بکەینەوە. ناکرێ "ریلکە" لە پاڵ "لۆرکا" دابنێین و بپرسین بۆچی "لۆرکا"یەک دەرناکەوێ و بەم پرسیارە ڕۆڵەی شیعری ئەو، واتە "ئۆکتاڤیۆ پاز" لە بەرچاو نەگرین.

بەرسڤی من ئەمەیە: شیعری جیهان، خەریکە پەرە بە ڕەوتە مێژووییەکەی خۆی دەدا.

بەڕۆژ: گوتەیەک هەیە، دەڵێ: "هەر شاعیرێک لە دەروونی خۆیدا، هەڵگری پرسیارێکە، کە لە بەرامبەر بووندا قووتی دەکاتەوە". دەتوانین بڵێین لە ڕۆئاوادا، بۆ نموونە: دوو کەس (ڕامبۆ و مارکس) لە سەردەمێکی دیاریکراودا، کۆمەڵە پرسیارێک لەپێش مرۆڤ و جیهاندا قووت دەکەنەوە. "مارکس"ی فەیلەسووف دەڵێ "گۆڕینی جیهان" و "ڕامبۆ"ی شاعیریش دەڵێ "گۆڕینی ژیان". دەبینین، شیعر ئەو توانایەی هەبووە، کە پرسیارگەلی بنەڕەتی لە ئاست شارستانییەتی ڕۆئاوادا قووت بکاتەوە. بەڕای تۆ، لەم ڕۆژگارەدا، پرسیارگەلی لەم چەشنە چۆن دێنە گۆڕێ و لە کوێ هەڵکەوتوون؟ پرسیارەکە لەم ڕووەوە دێتە دی، کە دەبینین زۆربەی زانا و فەیلەسووف و تەنانەت سیاسییەکانیش هەر ئەم کێشە و پرسیارانە دەخەنە ڕوو.

شاملوو: پرسیارێکی جوانە. بەیەکگەیشتنی ئیشراقی شاعیرانە و هەڵهێنجانی زانایانە. گەیشتنی زانستمەندێک (کە لە تاقیگەدا ئارەقە دەکا) بەو هەقیقەتە، کە شاعیر بە کەشف و شهوود پێی گەیشتووە، بەڵام سەد بریا وشەی "سیاسییەکان"ت نەخستبایە نێو پرسیارەکەتەوە، چونکە لە سیاسەتدا بەوپەڕی بێشەرمییەوە، بناغەی هەموو شتێک، لەسەر بە ڕەوازانین

هەڵچنراوە و سیاسەتبازیش بە ڕاشکاوییەوە درۆکردن بەکارێکی ڕەوا دەزانێ. هەر بۆیەیش نابێ هەر چییەکی دەیڵێ، تەنانەت ئەگەر بەشێکی زۆریشی ڕاست بێت، بە بەرەنجامی ئاوەز و ویژدانی ئەو بزانین. لە بارێکی ئاوادا، دەبێ دەستبەجێ و بەوپەڕی وردبینییەوە لێی بپێچینەوە، تاکو بۆمان دەربکەوێ و بزانین، کە ڕاستبێژی و هەقیقەتخوازییەکەی ئەو، هۆکاری چ ناڕاستییەکی تازەیە. وریا بە لەو دزەی ڕاستکاری و ئەمانەتداریت پێ دەفرۆشی! گومانی تێدا نییە، کە ئەو بەدکارە بەتەمای هەلێکە، بۆی هەڵکەوێ، تاکو دارونەدارت بەجارێ هەڵلووشێ!

بەڕۆژ: وابزانم خۆخەریککردنی سیاسییەکان، (شیعرەکانی "ماو") و خەریکبوونی شاعیران بە سیاسەتەوە (سیاسەتی بایرۆن) کار و هەوڵێکی بێهوودەیە، تۆ ئەم بارە چۆن دەبینیت؟

شاملوو: ئەمەیان پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە وشەی "سیاسەت" چۆناوچۆن لێک دەدەینەوە، بەڵام پێکهەڵسەنگاندنی ئەم دوو چەمکە دیار و خویایە، کارێکی نامومکینە، چونکە لە یەک ڕەگەز نین. شیعرەکانی "ماو" شیعری چاکن. هەرچەند لە شیعرەکانیدا زۆرتر بانگەشەی بیروبڕوا سیاسەکانی خۆی دەکا. مەرگی "بایرۆن"یش مەرگی مرۆڤێکی پاکە، کە گیانی خۆی لە پێناو ئامانجەکەیدا بەخت دەکا. کورتەی ژیانی ئەو لە فەرهەنگی "لارۆس"دا گەلێک شت ڕوون دەکاتەوە: "لۆرد جۆرج گۆردۆن بایرۆن" شاعیری ئینگلیزی، لەدایکبووی ١٧٨٨ لە "لەندەن" و کوژراو لە ١٨٢٤ لە "یونان" شیعرەکانی لەمەڕ سەختییەکانی ژیانەوە دەدوێن. (زیارەتی چایلد هارۆلد ١٨١٢ و مانفێرد ١٨١٧ و دۆن خوان ١٨٢٤) تێکڕا لە ستایشی پاڵەوانە یاخییەکاندا نووسراون. "بایرۆن" لە ڕیزی شۆڕشگێڕە یونانییەکاندا (کە لە پێناو سەربەخۆیی خۆیاندا چەکیان هەڵگرتبوو) کوژرا و ئەم چەشنە مردنەیش سیمایەکی پاڵەوانانە و نووسەرێکی ڕۆمانتیکی پێ بەخشیوە.

دەبینین، کە نەیانتوانیوە تەنانەت لە نووسینی ژیننامەکەیشیدا کەمتەرخەمی نەکەن. مەرگی بایرۆن مەرگی شاعیرێکە، کە بڕوای بە ئامانجەکەی هەیە و گیانی خۆیشی لە پێناودا بەخت دەکا. نووسینی ئەم ڕستەیە، کە "ژیانی بە کارێکی سەخت دەزانی" تەنیا کەمنرخ نواندنی مردنە ئامانجخوازە مرۆییەکەی ئەوە و گیانفیداییەکەیشی تەنیا لە چوارچێوەی بێ مەیلییەکەی سەبارەت بە ژیان دەخاتە بەرچاو. ئاماژە بە ڕۆمانتیکبوونەکەیشی بۆ ئەوەیە، کە پێمان بڵێن: "بایرۆن" مرۆیەکی سەرەڕۆ و ڕۆمانتیک بووە و بە زمانێکی خۆمانە، واتە: ڕۆنی ڕژاوی کردووەتە خێری ئیمامزادە. بەهەرحاڵ، "بایرۆن" گیانی خۆی لە پێناو ئامانجەکەیدا بەخت کرد. "ماو"یش بە شیعرە دروشمائاسا بەڵام بە هێزەکانییەوە، بانگەشەی بۆ بیروبڕواکانی خۆی دەکرد و ئەمانەیش لە یەک ڕەگەز نین و پێک هەڵناسەنگێندرێن.

بەڕۆژ: تۆ و "مەحموود دەوڵەتابادی" لە دەرەوەی وڵات و بۆ یارمەتیی کوردە ئاوارەکان،

دوو کـۆڕی ئەدەبیـتـان پێـشکێش کـرد. دەکـرێ بـاسـی ئەو کـۆڕانەمـان بۆ بکـەیت؟ شیـعرەکـان هـی کام شـاعیـر بوون و کێ وەری گێڕابوونە سـەر زمـانـی فارسـی؟ دەکرێ بە لای کەمەوە وەک بیرەوەرییەک، بۆمانی بگێڕیتەوە؟

شـاملوو: وابزانم تۆ پێت وایە ئێمـە لەو دوو شـەوەدا دەرفەتمان بۆ ناسـاندنی شیـعری کوردی بە هەل زانیوە، کە بەداخەوە و بەهۆی نەبوونی کاتەوە، ئەم کارەمان بۆ نەکرا.

من لە ٤ی مـانگی مـای ۱۹۹۱دا و بە هـەوڵی برادەران، کۆڕێکی شـیعرخوێندنەوەم لە زانسـتگەی "بێرکلی"دا سـاز کرد. دواتر، کە هەڤاڵی هێژام مەحمـوود گەیشتـە ئەمەریکا، کۆڕێکی هـاوبەشـمـان لە ۱۱ی هـەمـان مـانگ و لە زانسـتگەی "یو. ئێس. ئای. لۆس ئەنجلێس"دا و یەکـێکی تریشـمـان لە کۆتاییی مـانگی هـەمـان سـاڵ و لە "ڤیـەننا" بەڕێوە برد. دەسـتکەوتی هـەردوو شـەوەکـەی ئەمـەریکا، پازدە هـەزار دۆلار و پێنج هـەزار دەسـت جلوبەرگ و هـەزار و دووسـەد جووت پێـڵاو و پۆتین بوو، کـە لە ڕێی خـودی بـرادەرە کوردەکـانـەوە گـەیشـتـە دەسـت تیـمـەکـەی پرۆفـسـۆر "نۆئام چامـسکی". ئاگـەداری دەسـتکەوتی شـەوەکەی ڤـیـەننا نـیم. ئەنسـتـیـتـۆی "ئافرۆ– ئـاریاتیک" شـەوەکـەی ڕێک خستبوو و ئاگەدار نیم، کە دەستکەوتەکە بە چ شێوەیەک بۆ کوردستان بەڕێ کرا.

سـەعـاتێک بەر لـە دەسـتـپـێکردنی کـۆڕەکـەی "لۆس ئـەنجلێس" وەرگـێـڕدراوی چەند شـیـعـرێکی شاعیرێکی هاوچەرخی کوردیان بۆ هێنام، کە شیعری گەلێک چاک بوون. کۆڕەکە بە خوێندنەوەی ئەو شـیـعـرانە دەسـتی پـێ کرد و بە خـوێندنەوەی چەند دەقـێکی دەوڵەتـابادی و شـیـعـرەکـانی من کۆتاییی پێ هات. نازانم شیعرە کوردییەکان چییان لێ هات، خۆزگە برادەران هیممەتێک بکەن و بۆمـیان بنێرنەوە، یان تۆ هیمـمـەتێک بکەیت و لەگەڵ ئەو شیـعرانەدا، کـە بە پێویستـیـان دەزانیت بکرێنە فارسی، وەریان بگێڕیت و بیانگەیەنیتە دەستم. دەکرێ ئەو شیعرانە لەسەر کاسێت تۆمار بکەین، یان تەنانـەت لە کـتـێـبـێکدا بڵاویان بکەینەوە. ئەم کـارە گـەلێک پێـویسـتـە. ئێـمـە هیچ ئاگایـەکمان لە شـیعر و ئەدەبیاتی گەلی کورد نییە و ئەمـەیش بەڕاستی مـایەی شەرمەزارییە. من بەداخـەوە ناوی ئەو شاعیرەم لە بیر نەماوە، کە شـیعرە جوانەکانیم لەو کۆڕەدا خـوێندنەوە، بەڵام دەزانم، بە لای کـەمـەوە لـەمـەڕ ڕانانی شیـعـرەکـانی دۆسـتی شـەریفم "شـێرکۆ بێکەس" بۆ زمـانی فارسی، کەمکارییەکی زۆر کراوە، کە تەنیا دەکرێ بگوترێ مایەی داخە. دیارە کوردەکان شاعیری گەورەیان پـەروەردە کردووە، کە هێندێکیـان لە ئـاسـتی شـیـعـری جیـهـاندان. ڕاسـپـاردەم ئەوەیە، شـیـعـرەکـانـیـان بە زووترین کـات بکرێنە فـارسـی و بناسـرێن، ئاخـر ئێمـە ئەندامـانی خـێزانێکین، ئەوەمان قەت لە بیر نەچێت!

جۆلای ۱۹۹۲

# ئەمە و هیچی تر نا

مارگریت دۆراس

## پاشەکی

مارگریت دۆراس، ١٩٩٦/٣/٣، مرد. سێ ڕۆژ پێش ئەوە دوایین کتێبی خۆی؛ ''ئەمە و هیچی تر نا''ی تەواو کرد، کە یاداشت و هاوپەیڤینێکە لە نێوان خۆی و (یان ئەندرێیا ستێینەر)دا. یان ئەندرێیا هەمان خوێندکاری فەلسەفە و هۆمۆسێکسوێلەیە کە زیاتر لە هەموو کەسێک، گرینگی بەکارەکانی دۆراس دەدا. "یان" لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەگەڵ دۆراسدا ئاشنا بووبوو و چەند ڕۆڵێکی وەک: دۆست، هاودەم، سکرتێر و پەرستاری لە ژیانی دۆراسدا هەبوو. بەڵام کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم ''دوایین سترانی بەر لە مردن''ەی دۆراس، برێتین لە: نووسەر و نووسین، دوو "هەبوون"ی تەواو وا بەستە بەیەکترەوە. دوو ''هەبوون''ی پێشتر بڕیار لەسەر درا و وەکو مۆمێک کە هەردوو سەری داگیرساوە، دەبێت یەکتری ببڕێننەوە. دۆراس خەریکی نووسینی "کتێبی ونبوون"ە و ئەم کتێبەیش مەرگی دۆراس بە ئاوات دەخوازێت.

کاتێک ''ئەمە و هیچی تر نا'' لە فرەنسا بڵاو کرایەوە، قسە و باسی زۆری لە هەموو ڕوویەک و بە هەموو شێوەیەک لێ کەوتەوە. هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وا بوو کە ئەم کتێبە پێشاندانێکی ترسناکی ململانێی نووسەرە لەگەڵ مەرگدا، دەربڕینێکی ناحەز و قێزەونە بۆ ئەو بەخۆوە نازین و خۆخۆشویستنەی نووسەر کە بەرەبەرە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، زێتر هەڵ دەکشا. لەگەڵ ئەوەیشدا کە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، یاداشتەکانی دوایین نیوەساڵی ئەوی لە کتێبەکە دەرهێنا بوو. (لە چاپی یەکەمی، چاپی فرەنساییدا، یاداشتەکان تا ١٩٩٥/٨/١ بەردەوام دەبن. چاپێکی تری ئیتاڵیایی، کە ساڵی ١٩٩٦، بە هەردوو زمانی ئیتاڵیایی و فرەنسایی، بڵاو کراوەتەوە، سەرلەبەری یاداشتەکانی تێدایە. چاپی فرەنسایی کتێبەکەش، ''ئێدیسیون

.................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف و بەڕۆژ ئاکرەیی

دێفینیتیڤ''، کە هەموو یاداشتەکانی لە خۆ گرتووە، ساڵی ١٩٩٩، بڵاو کراوەتەوە.) هەر چۆنێک بێت، جوانی و چڕوپڕیی تێکستەکە، هێشتا ئەوە پێشان دەدەن کە نووسەرێکی کارا و کارامە خەریکە دەدوێ.

''ئەمە و هیچی تر نا'' ململانێیەکی توند و شێلگیرانەیە لەگەڵ بێ مانایی مردن و لە ئارادانەبوونی خوادا. بەڵام لێرەدا، ئەو بابەتانەیش دەبینرێنەوە کە دۆراس بەردەوام لە دواترین کتێبەکانی خۆیدا دەگەڕایەوە سەریان، هێندە نەبێت کە لێرەدا زیاتر ڕووت کراونەتەوە: سەردەمی منداڵی لە هیند و چینی فرەنسایی و ئەڤینی ئەو لە ئاست دایکیدا: ''هێشتا دایکمم خۆش دەوێت. بە دەست خۆم نییە، هێشتا خۆشم دەوێت.''

بەڵام، ئەمە کتێبێکە، بەر لە هەر شتێک، لە نووسین دەدوێ. ئەمەیش، بۆ دۆراس، ژیانێکی ترە: ''شتێک نییە کە ناوی چیرۆکی ژیانی من بێت. کاتێک دەنووسم، بۆ ئەوە نییە چیرۆکی ژیانی خۆم بگێڕمەوە. نووسین هەموو ئەو شتەی بە "با" دا، کە لە ژیان تێمدا مابووەوە. تەنیای کردم و کەسی لە دەوروبەرمدا نەهێشتەوە. ئێستا ئیتر نازانم کامیان ڕاستە، ئەوەی لەبارەیەوە نووسیومە ژیانی منە، یان شتێکە، کە بەڕاستی، لەگەڵیدا ژیاوم و تاقیم کردووەتەوە!'' ''دۆست''، ئەو ڕۆمانەی ناوبانگی ئەوی بە هەموو دنیادا بڵاو کردەوە، وەک چیرۆکی ژیانی ئەو، چاوی لێ دەکرێت، هەرچەند دیمەنەکانی، بێ چەند و چۆن، لە ژیانی ئەوەوە وەرگیراون، تا ئەو جێیە چیرۆکی ژیانی ئەوە کە پڕاوپڕ لەنێو وشەی ''چیرۆکی ژیان''دا جێی دەبێتەوە، واتە: نووسین سەبارەت بە جۆری ژیان. دۆراس دواتر، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەمەیش بکاتەوە، گێڕانەوەیەکی نوێی کتێبەکەی بە ناوی ''دۆستەکەی باکوری چین''ەوە نووسی.

بەڵام ڕوانگە و بۆچوونی ئەو بەرانبەر بە نووسین لە هەموو جوانکردنەکانی ژیانی ڕاستەقینە ورد بوونەتەوە: ''ئەگەر هەموو ژیانت خەریکی نووسین بیت، فێری نووسین دەبیت. ئەمەش هیچ کەس لە هیچ شتێک ڕزگار ناکات.'' ئەم تێڕامانە لە جوانکردنەکانی ژیانی ڕاستەقینە، هەموو چالاکییەکی مرۆڤانەیش دەگرێتەوە: ''هەموو شت پووچە و پووشی دەم بایە.'' دۆراس، زۆر بەشی ''کتێبی کۆمەڵگەی''*ی تەوراتی لەبەر بوو، کە تاکە کتێب بوو لە دوارۆژەکانی ژیانیدا دەیخوێندەوە.

دۆراس، لە دواین دەیەی ژیانیدا، خووی بەوەوە گرتبوو کە لە زمانی کەسی سێیەمەوە لە خۆی بدوێت. ئەمە لەوانەیە شتێکی هێندە خۆش نەبێت، بەڵام هەر بە تەنیا دەربڕینێکیش نییە بۆ پێشاندانی بەخۆوەنازین و خۆخۆشویستن. خۆ بەئەفسانەکردن یەکێک بوو لە شێوازەکانی "دۆراس" بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناو و ناوبانگدا. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو ڕاستییەیشدا دەهاتەوە کە دۆراس ''نازناو''ی ئەو بوو، ئەو ناوەی، کاتێک وەک نووسەرێک لە سەرەتای چلەکان دا، لەبریی ناوی خۆی؛ دۆنادیۆ، بە کاری هێنا. (ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە بە نرخ و بەهای خۆی زانی بێت. یان دوور نییە بە پێچەوانەوە: دەربڕینێک بووبێت بۆ نادڵنیایی لە خۆ.) هەر بەهەمان شێوە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت سەیری ئەو ''دۆراس''ە بکرێت کە لە ''ئەمە و هیچی تر نا''دا باسی دەکرێت،

وەک یەکێکی تر لەو کەسایەتییانەی لە پێشانگەی کەسایەتیی ئەودا – بۆ نموونە: نووسەر – دەبینرێت، شانبەشانی کەسایەتییەکانی تری ڕۆمانەکانی وەک ئێمیلی ئێل، لۆل ڤێ ستێین، ئاورێلیا ستێینەر و هەروەها. وەکو تریش، هەمان شت، سەبارەت بە (یان)یش ڕاستە. دۆراس، کاتێک لەگەڵ (یان) یەکتریان ناسی، ناوی ئەوی گۆڕی و ناوی لەو نا ئەندرێیا، وەک ئەوەی بیەوێت، یەکسەر، جێیەک بۆ ئەویش لە دنیای نووسینی خۆیدا بکاتەوە.

بەخۆوەنازین و خۆخۆشویستن، هەندێک جار، جێی خۆیان چۆڵ دەکەن و دەبن بەو هەست و نەستانەی کەسێک، کە پێی وایە هەمیشە کەسێکی تری بە دواوەیە و ڕاوی دەنێت، بەڵام هاوکاتیش گاڵتەبەخۆکردنێکی ئاشکرایشی تێدا دەبینینەوە: "لە داهاتوودا هیچم ناوێت. بێجگە لەوەی کە باسی خۆم بکەمەوە، هێشتا، وەک نووسراوەیەکی یەکنەوا. دیسان لەبارەی خۆمەوە."

کە هاوکات، نووسەر و نووسین، پێکەوە و لە هەمان چاوتروکاندا نامێنن و لەگەڵ پەڕە سپییەکەدا دەبن بە یەک، بە تەنیا سێ ڕۆژ لە ژیانی "دۆراس"ی مرۆڤ ماوەتەوە. هێندە زەحمەت نییە ئەوە بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە ئەو سێ ڕۆژە، سەختترین ڕۆژەکانی ژیانی دۆراس بوون.

هەواڵنامەی کتێب

بۆ: یان.
هەرگیز، پێشتر، کەس نازانێ چی دەنووسێ.
خێراکە، بیر لە من بکەرەوە.

بۆ: یان، یاری شەوانەم.
واژۆ: مارگرێت، یاری ئەو کەسەی
تا ڕادەی پەرستن خۆشەویستە،
٢٠/١١/١٩٩٤، پاریس،
شەقامی سان – بنۆوا

**٢١ / ١١، پاش نیوەڕۆ، شەقامی سان – بنۆوا**
یان: لەبارەی خۆتەوە چی دەڵێی؟
مارگرێت: دۆراس.
یان: ئەی لەبارەی منەوە؟
مارگرێت: سەر لە تۆ دەر ناکەم.

کەمێک دواتر، هەمان پاش نیوەڕۆ
بەتاڵم، هەندێک جار، ماوەیەکی دوور، درێژ.
ناسنامەم نییە.

ئەمەش، سەرەتا، دەمترسێنێ. پاشان دەبێتە خۆشییەک و
ڕام دەچڵەکێنێ. دواتریش کۆتایی دێ.
بەختەوەری، واتە: نەختێک مردن.
نەختێک دوور لەو جێیەوە کە قسەی لێوە دەکەم.

دواتر
ئێستا، یا کاتێکی تر. کتێبێک دەنووسم.
مەبەستمە، بەڵام دڵنیا نیم دەینووسم یا نا.
با بزانین چۆن دەبێ

**٢٢ / ١١، پاش نیوەڕۆ، شەقامی سان – بنۆوا.**
یان: لە مردن دەترسێی؟
مارگرێت: نازانم. ناتوانم وەڵام بدەمەوە.
لەوساوە کە پێم ناوەتە نێو زەریاوە، هیچ نازانم.
یان: ئەی لە پێوەندییەکەمان؟
مارگرێت: ئێستاش، وەک هەردە جاران، خۆشەویستیمان لە نێواندایە. مردن و خۆشەویستی.
ئەمەش پێوەندە بەوەوە کە تۆ خۆت دەتەوێ کێ بی.
یان: چۆن سەیری خۆت دەکەی؟
مارگرێت: ئێستا هەر نیم: نازانم دەبێ چی بنووسم.
یان: کتێبێک کە لە هەموویان زیاتر خۆشت بووێ؟
مارگرێت: "بەربەندی ئاو"، سەردەمی منداڵی.

یان: ئەی بەهەشت؟
مارگرێت: نا. پێکەنینم پێی دێ.
یان: بۆ؟
مارگرێت: نازانم. هەر بڕوام پێی نییە.
یان: دوای مردن چی دەمێنێتەوە؟
مارگرێت: هیچ. بێجگە لەو زیندووانەی بەدەم یەکترەوە پێ دەکەنن، شتیان بیر دێتەوە.
یان: کێ تۆی بیر دێتەوە؟
مارگرێت: خوێنەرانی گەنج. خوێندکارە بچکۆلەکان.

یان: بیرت بە چییەوە خەریکە؟
مارگرێت: نووسین. خەریکبوونێکی دڵتەزێن، بە واتایەکی تر:

ئەوەی پێوەندی بە ڕەوتی ژیانەوە هەیە. ئەمەش بۆ من شتێکی سروشتییە.
دواتر، هەمان پاش نیوەڕۆ

یان: هیچ ناوێکت بۆ کتێبی داهاتووت هەڵبژاردووە؟
مارگرێت: بەڵێ. کتێبی ونبوون.

**٢٣ / ١١ لە پاریس، ٣ی پاش نیوەڕ**
دەمەوێ باسی کەسێک بکەم.
باسی پیاوێک تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ زیاتر نەبێ.
پیاوێکی زۆر جوانە و دەیەوێ بمرێ، بەر لەوەی مردن بیدۆزێتەوە.
تۆ خۆشت دەویست.
لە خۆشەویستیش زیاتر.

دەستە جوانەکانی،
بەڵێ، دەستە جوانەکانی ئەو.
ئەو دەستانەی لەگەڵ ئەوانی تردا نزیک دەبنەوە – ئاشکراتر، ڕوونتر، وەک جوانیی منداڵێک دەدرەوشێنەوە.
ماچت دەکەم.
چاوەڕێت دەکەم بە هەمان شێوە کە چاوەڕێی ئەو کەسە دەکەم ئەم جوانییە خۆش و شێواو و هێشتا گەرمەم لێ تێک دەدا.
ئەم هەموو جوانییەش سەرلەبەر بۆ تۆ، بە دڵ، بە گیان.

دواتر، هەمان پاش نیوەڕۆ
دەمویست پێت بڵێم
هاوار بکەم و بڵێم
خۆشم دەویستی.
هەر ئەمە و هیچی تر نا.

**شەقامی سان – بنۆوا، یەکشەم ٢٧ / ١١**
پێکەوەبوون خۆشەویستییە، مەرگە، وشەیە، خەوتنە.

دواتر، ڕۆژی یەکشەم
یان: چۆن باسی خۆت دەکەی؟
مارگرێت: ڕاستییەکەی خۆشم نازانم من کێم.

هەولێرنامەی کتێب

لەگەڵ یارەکەمدام.
ناوی نازانم.
چ خەم.
پێکەوەبوون، وەک ئەوەی لەگەڵ یارێکدا بی.
دەمویست ئەوەم بەسەرهاتبا.
پێکەوەبوون لەگەڵ یارێکدا.

بێدەنگی و دواتر
یان: نووسین چ خێرێکی هەیە؟
مارگریت: نووسین هاوکات هەم قسەکردنە و هەم بێدەنگبوون. نووسین، نووسینە. هەندێک جاریش لە چرینی گۆرانییەک دەچێ.
یان: ئەی سەماکردن؟
مارگریت: ئەویش هەروەتر. سەماکردن حاڵەتێکی تایبەتە بە خودی کەسەکەوە. من زۆرم حەز لە سەما بوو.
یان: بۆ؟
مارگریت: هێشتا نازانم.
بێدەنگی و دواتر
یان: تۆ زۆر بەهرەمەندی؟
مارگریت: بەڵێ. وابزانم.

هەواڵنامەی کتێب

نووسین زۆر لە کێش و ئاوازی پەیڤینەوە نزیکە.

**دووشەمم ٢٨ / ١١، ٣ی پاش نیوەڕۆ، شەقامی سان - بنۆوا**
دەبێ باسی ئەو پیاوە بکەم کە لە "نەخۆشیی کوشندە"دایە.
ئەو کێیە؟
چۆن بەم ئاکامەی گەیاند؟
نووسین لەبارەی لەشە سیس و لاوازەکەوە،
لەشی سیس و لاوازی پیاوێک.

**ڕۆژێکی تر**
ئەو ئیتر سەری بە ژوورەکەدا نەکردەوە.
هەرگیز.
بیستنی گۆرانییەکەی ئەو، چاوەڕێکردنێکی بێهوودەیە؛ بڕێک جار شاد، بڕێک جار خەمگین و

هەندێک جاریش تاڵ و تاریک.
زۆر بەپەلەش دەگۆڕا و هێندەی نەدەبرد دەبوو بەو مەلەی لە کێڵگەکەکاندا پێی ئاشنا بووبووم.

دواتر، هەمان ڕۆژ
ئەوەی کە یان بزانێ ئەو نییە نامەکان دەنووسێ، بەڵام ئەوە کە دەتوانێ دوانامەیان واژوو بکا، پڕ بە دڵ دڵخۆشم دەکا. واژوو: دۆراس.

دواتریش
ناوە (چین)ییەکەی یارەکەم.
هەرگیز بە زمانی خۆی لەگەڵیدا نەدوام.

**ڕۆژێکی تر، شەقامی سان - بنۆوا**
بۆ یان.
بۆ هیچ.
ئاسمان بەتاڵە.
چەندین ساڵە ئەو پیاوەم خۆش ویستووە.
پیاوێک کە هێشتا ناویم نەهێناوە.
پیاوێک کە خۆشم دەوێ.
پیاوێک کە بەجێم دەهێڵێ.
ئەوەی تریان، چ بە بوون یا نەبوون، بەر لە من و دوای من، هیچ جیاوازییەکی نییە.
تۆم خۆش دەوێ.

تۆ چیی تر ناتوانی ناوی من بێنیتە سەر زار، ناوێک کە باوک و دایکم لێیان ناوم.
یارە نائاشناکان.
ئەگەر دەتەوێ باسیشی ناکەین.
دیسان چەند ڕۆژێک چاوەڕوانی.
تۆ دەپرسی: لە چاوەڕوانیی چیدا، من دەڵێم: نازانم.
چاوەڕوانبوون.
چاوەڕوانیی هەڵکردنی با.
سبەینێ لەوانەیە بۆت بنووسم.

دەتوانی بەمەش بژی.
پێکەنین و ئەمجا گریان.

هەوڵنامەی کتێب

باسی ئەو زەمەنە دەکەم کە لە زەوییەوە هەڵدەقوڵێ.
چیی تر تاقەتم نەماوە.
دەبێ واز لە قسەکردن بێنم.

دواتر
هەندێک ئەرک جارجار سەرنجم ڕادەکێشن، بۆ نموونە، مردنی ئەم کوڕە گەنجە. هەر نازانم ناوی چییە، یا بە چ ناوێک بانگی بکەم. بێماناییەکە، هەر ناگوترێ.

بێدەنگی و دواتر
ئیتر نازانم ئەوەی پێم وا بوو دەی زانم، چییە؛ ئەوەش نازانم ئاخۆ ئەوەی دەمویست ببینمەوە، دەیبینمەوە.
کەواتە، ئەمە و هیچی تر نا.

بێدەنگی و دواتر
دەستپێکی کۆتایهاتن بەم خۆشەویستییە، ترسێنەرە، دواش هەموو ساتێک تاسە و ئارەزوو بۆی.
پاشان ئەو ساتەی بە دوادا هات، کە هەنگاوێک بوو لە قووڵایی زەمەنەوە، هەنگاوێک کە تێگەیشتن لێی ئاسان نییە.
ساتێکی تۆقێنەر.
خەمڵیو و تۆقێنەر.
تەنیا بیرکردنەوە لە مەرگی ئەو بوو، لە خۆکوشتن دووری خستمەوە.
لە مەرگی ئەو، لە ژیانی ئەو.

بێدەنگی و دواتر
لەبارەی خودی ئەوەوە گرینگترین شتم هێشتا نەوتووە، لەبارەی ڕۆحی، پێیەکانی، دەستەکانی، پێکەنینەکەی.
گرینگترین شت بۆ من ئەوەیە لە چاوەکانی نەڕوانم، کاتێک لەنێو گێژەنی بیرکردنەوەدایە. ئەو زۆر جوانە. ئاسان نییە ئەمە بزانی.
کە لەبارەی ئەوەوە بدوێم، ئیتر نایبڕمەوە.
ژیانم نادڵنیایە، نادڵنیاتر لەو کەسەی لە بەردەممدا ڕاوەستاوە.

بێدەنگی و دواتر
وەک هەندێک پاش نیوەڕۆی هاوین، ئەگەر بمەوێ دەتوانم لەسەر قسە بێ سەروبەرەکانم بەردەوام بم. وەک ئەم هاوینە.

هەولێرنامەی کتێب

ئیتر نە ئارەزوو، نە تەنانەت تاقەتی ئەوەم هەیە

**١٤/ ١٠/ ١٩٩٤**

١٤/١٠/١٩١٤ ئەم سەردێڕە، بۆ نووسەر خۆی نەبێ، هیچ مانایەکی نییە. کەواتە سەردێڕەکە هیچ مانایەکی نییە. سەردێڕ خۆشی چاوەڕێی ئەمە دەکا: سەردێڕێک. شتێک کە بۆشایی نێوان دوو شت پڕ دەکاتەوە.

لە ئاسانەی ڕۆژی چارەنووسدا وەستاوم.

بۆش و بەتاڵ.

ڕۆژەکە، هەر چۆنێک بێ، لەسەر کاغەزێکی کاڵ نووسراوە.

سەری کاڵی پیاوێک نووسیویەتی.

سەری منداڵێک.

لەم باوەڕەدام: باوەڕم زیاتر بە خۆم هەیە وەک لەوەی کە هاوتەریب لەگەڵ سەری ئەم منداڵەدا نووسراوە.

ئەمە بەرماوەی نووسراوەکەیە. مانایەکە لە ماناکانی.

هەروەها بەرامەی خۆشەویستییەکە کە بەویدا تێپەڕی، بەنێو منداڵەکەدا.

خۆشەویستییەکی بێ مەخسەد کە بەر منداڵێک کەوت، ئەو منداڵە لە تاسەی ئەوەدا مرد کە ئەوەی لە ئارەزوودا نەناسراوە، بخوێنێتەوە.

کە نووسراوەیەک وێران دەکرێ، هەموو شتێک ون دەبێ.

**١٥/ ١٠**

لە پێوەندیدام لەگەڵ خۆمدا، ئازادییەک کە ڕێک لەگەڵ خۆمدا دێتەوە.

بێدەنگی و دواتر

من قەت سەرمەشقێکم نەبووە.

من لە کاتی ملدانیشدا، یاخی بووم.

کە دەنووسم، من بەشێکم لەو شێتییەی لە ژیاندا هەیە. کە دەنووسم، بەرەو ڕووی تاشەبەردەکان دەبمەوە. تاشەبەردەکانی "بەربەندی ئاو".

**شەمە، ١٠ / ١٢ ، کات: ٣ی دوای نیوەڕۆ، شەقامی سان – بنۆوا**

تۆ ڕاستەوڕاست دەچیتە نێو تەنیاییەوە.

من نا، من کتێبم هەن.

بێدەنگی و دواتر

هەست دەکەم دۆڕاوم.
مردن، هەر هەمان نرخی هەیە.
تۆقێنەرە.
حەزم لە هیچ هەوڵێک نییە.
بیر لە کەس ناکەمەوە.
هەرچی بوو، تەواو بوو.
تۆش.
تەنیام.

بێدەنگی و دواتر
تۆ ئیتر بە کلۆڵی ناژی، بە دوودڵی دەژی.

بێدەنگی و دواتر
یان: تۆ کێی؟
مارگرێت: دۆراس، هەر ئەمە و هیچی تر نا.
یان: دۆراس چی دەکا؟
مارگرێت: خەریکی ئەدەبیاتە.

بێدەنگی و دواتر
شتێکی تر بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی بینووسی.

**پاریس، ٢٥ / ١٢ / ١٩٩٤**
بارانی منداڵان لە خۆرەتاودا باری.
بە خۆشییەوە،
چووم و سەیرم کرد.
ناچار بووم و دەبوو بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە بارانەکە ئاسایی بوو. لەوەتی دنیا دنیایە هەر وا بووە. چونکە منداڵان تێ نەدەگەیشتن، ئەوان هێشتا نەیان دەتوانی لە هۆشیاریی خواکان تێ بگەن.
دوای ئەوەش ناچاری بوو کە دەبوو لە ڕۆیشتن بەنێو دارستانەکاندا بەردەوام بن. لەگەڵ گەورەکاندا، لەگەڵ سەگ و لەگەڵ پشیلەکاندا، گۆرانی بڵێن.

**پاریس، ٢٨ / ١٢**
نامەیەک بۆ من.

هێندە بەسە کە بیگۆڕیتەوە بە نامەیەکی تر، یا بۆ چارەنووسی خۆی بەجێی بهێڵی.
نامەکە.

**١٩٩٤/١٢/٣١**
پیرۆز بێ ساڵی نوێ لە یان ئەندرێیا.
بیری نامە کورتەکانت دەکەم.

**٣/١، شەقامی سان - بنۆوا**
یان، من هێشتا لێرەم.
دەبێ بڕۆم.
نازانم چی لە خۆم بکەم.
بۆت دەنووسم، ڕێک وەک ئەوەی بانگت بکەم.
بەشکم سەرێکم لێ بدەی.
دەشزانم هیچ دەردێک دەوا ناکا.

هەوالنامەی کتێب

**١/٦**
یان.
هیوادارم ئەم ئێوارەیە یەکتر ببینین.
پڕ بە دڵ هیوادارم.
پڕ بە دڵ.

**٢/١٠**
ئاوەزێک خەریکە لە دەست خۆی ڕا دەکا.
وەک ئەوەی لە زیندان هەڵهاتبێ.
کە بە دۆراس دەڵێن نووسەر، بارەکەی قوورستر دەبێ.
من نووسەرە کێوی و چاوەڕواننەکراوەکەم.

دواتر، هەمان پاش نیوەڕۆ
هەموو شت پووچ و پووشی دەم بایە.
"بَاطِلُ الأَبَاطِيلِ"
ئەمانەش سەرچاوەی هەموو ئەدەبیاتێکن لەسەر زەوی.
بەڵێ "بَاطِلُ الأَبَاطِيلِ".
هەر ئەم دووەش کلیلی کردنەوەی جیهانن: شتەکان، بایەکان، قیژە و هاواری منداڵان و

خۆرێکی مردووش لە نێوان ئەو هاتوهاوارەدا.
سەد بریا دنیا تەواو دەبوو.
"بَاطِلُ الأَبَاطِيلِ".
هەموو شتێک پووچ و پووشی دەم بایە.

**٣ / ٣**
من ڕاوکەری بام.

بێدەنگی و دواتر
کاغەز هەن دەبێ لەبەر سێبەری هۆشیاریی خۆمدا دایانبنێم.
تەواوبوونی بۆ نییە، ئەوەی دەی کەم.

**شەمە، ٢٥ / ٣**
ئازار دەبینم، کە دە ساڵەکان ئاوها خێرا تێ دەپەڕن. بەڵام هێشتا من لەمبەری جیهانم.
مردن سەختە.
لە ساتێکی دیاریکراوی ژیاندا هەموو شتێک تەواو دەبێ.
هەستم ئەمەیە: هەموو شتێک تەواو دەبێ،
ئاوهایە ئیتر.

بێدەنگی و دواتر
خۆشم دەوێی، تا ساتی مردن.
هەوڵ دەدەم کە زوو نەمرم.
لەوەش زیاترم لە دەست نایە.

بێدەنگی و دواتر
یان، هەست ناکەی نەختێک بە دۆراسەوە وابەستە بووی.

**هەینیی پیرۆز**
بمخەرە نێو فرمێسکەکانتەوە، نێو پێکەنین و گریانەکانتەوە.

**شەمەی پیرۆز**
ئەوەی کە دەبێ ببم.
دەترسم.
وەرە.

هەواڵنامەی کتێب

وەرە لەگەڵم.
خێرا، وەرە.

درەنگتر، هەمان پاش نیوەڕۆ
با پێکەوە تۆقین ببینین، مردن ببینین.

دیسان درەنگتر
بملاوێنەوە.
لەگەڵ مندا وەرە نێو ڕووخسارمەوە.
وەرە، خێراکە.

بێدەنگی و دواتر
زۆرم خۆش دەوێی.
ئیتر ناتوانم بنووسم.
خۆشەویستییە گەورەکەی نێوانمان، تا سنووری تۆقین.

بێدەنگی و دواتر
نازانم بۆ کوێ مل دەنێم.
دەترسم.
با بڕۆین.
وەرە، خێرا.
نامەت بۆ دەنێرم.
ئەمە و هیچی تر نا.
نووسین دەمترسێنێ.
ئەوەیە کە دەمترسێنێ.

**یەکشەم، ٢٩ / ٤، یەکشەمی دوای جەژنی هەڵسانەوە**
بێ تاوانین من و تۆ، هەردووکمان.

بێدەنگی و دواتر
ئێستا ژیانم لاکەوتەیە.
هەژارە.
هەژار کەوتووم.
دەقێکی تازە دەنووسم.

هەوالنامەی کتێب

بێ هیچ پیاوێک. بێ هیچ شتێک.
هیچم.
هیچ نابینم.
شتی تریش هەن، بۆ ماوەیەکی تریش، تا گەیشتنی مەرگ.

درەنگتر
دواین ماچ، بوونی نییە.

زۆر درەنگتر
نیگەرانی پارە مەبە.
ئەمە و هیچی تر نا.
لەوە زیاتریشم نییە بیڵێم.
تەنانەت وشەیەکیش.
هیچ، هیچم نییە بیڵێم.
با بڕۆین، پیاسەیەکی کورت بکەین.

هەمان یەکشەم
خوایەک ئەگەر هەبێ، ئەوە تۆیت. تۆ بڕوایەکی تەواوت بەو هەیە.

بێدەنگی و دواتر
من دەتوانم لەسەررا هەموو شتێک دەست پێ بکەمەوە.
هەر لە بەیانییەوە.
هەر کاتێک بمەوێ.
دەست بە کتێبێک دەکەمەوە.
دەنووسم.
هەر بەم ئاسانییە کە دەیبینی.
دەستەڵاتی تەواوم بەسەر زماندا دەشکێ.
لەمیاندا زۆر کارامەم.

بێدەنگی و دواتر
گوێ بگرن، دان بە دۆراسدا نراوە، لە هەموو دنیا و ئاخیرەتیشدا.

**چوارشەم ١٢ / ٤**
پاش نیوەڕۆ، شەقامی سان - بنۆوا

هەواڵنامەی کتێب

وەرە.

وەرە بەر خۆر، خۆر هەرچییەک دەبێ با ببێ.

**١٣ / ٤**

تەمەنێکە خەریکی نووسینم.

وەک دەبەنگێک ئەوەم کردووە.

ناخۆشیش نییە، کەسێکی وا بی.

هەرگیز کەسێکی خۆهەڵکێش نەبووم.

ئەگەر هەموو ژیانت خەریکی نووسین بی، فێری نووسینیش دەبی. ئەمەش هیچ کەسێک لە هیچ شتێک ڕزگار ناکا.

**چوارشەم، ١٩ / ٤ ، کات: ٣ی پاش نیوەڕۆ، شەقامی سان - بنۆوا**

دوور نییە بلیمەت بم.

ئێستا ئیتر لێی ڕاهاتووم.

هەواڵنامەی کتێب

بێدەنگی و دواتر

من لە تەدارێکی ڕەنگپەڕیوم.

تۆش هەروەها.

لە ڕەنگێکی تر.

**١١ / ٦**

تۆ ئەوەیت کە هەیت، ئەمەش سەرمەستم دەکا.

بێدەنگی و دواتر

خێرا وەرە، خێرا.

خێراکە، نەختێک لە گوڕوتینی خۆتم پێ ببەخشە.

وەرە نێو ڕووخسارمەوە

**٢٨ / ٦**

پەیڤی خۆشەویستی هەیە.

**٣ / ٧، کات: ٣ی پاش نیوەڕۆ، نۆفلێ - لێ - شاتو**

من دەزانم تۆ بە شتی تریشەوە خەریکی. دەزانم خەمگینی. بەڵام ئەمەیان بۆ من گرینگ نییە. کە تۆ خۆشت دەوێم، ئەمەیان لە هەر شتێکی تر گرینگترە. ئەوەی دەمێنێتەوە، چییە با

ببێت. گرینگ نییه.

دواتر، هەمان پاش نیوەڕۆ
هەبوون دەمفەوتێنێ.
ئارەزووی نووسینم دەداتێ.
کە لێرە نەبووی، زۆر شتم لەبارەی تۆوە نووسی بۆ ئەو پیاوەی خۆشم دەوێ.
هیچ کەس وەک تۆ سەرمەستی نەکردووم.
تۆ سەرچاوەی هەموو شتێکی.
هەرچییەکم کردووە، تۆش دەتوانی بیکەی.
گوێم لێتە کە دەڵێی چاوپۆشیم لەم گوتەیە کرد، لەو گوتەیەش.

بێدەنگی و دواتر
تۆش ئەم بێدەنگییە دەبیستی؟
گوێم لەو ڕستانەیە کە دەتگوتن، لە باتیی من، کە دەنووسم.

بێدەنگی و دواتر
هەرچییەک نووسراوە تۆ نووسیوتە، هەر بەو لەشەوە کە هەتە.
لێرەدا دەست لەم نووسینە هەڵ دەگرم و دەست بە نووسینێکی تر دەکەم لەبارەی تۆوە، نووسینێک بۆ تۆ، نووسێک کە دەبوو تۆ بینووسی، لە جیاتیی تۆ.

بێدەنگی و دواتر
دەی، حەز لە بیستنی چی دەکەی، تا لەبارەیەوە بنووسرێ؟

بێدەنگی و دواتر
ئیتر بەرگەی هەبوونت ناگرم.

**٤ / ٧، لە نۆفلێ**
وەک ترسێکی لەناکاو لە مردن.
دواتریش ماندووبوونێکی بێ پایان.

بێدەنگی و دواتر
وەرە.
دەبێ لەبارەی خۆشەویستیی خۆمانەوە بدوێین.
وشەکانی دەدۆزینەوە.

لەوانەیە هیچ وشەیەکیش نەبن.

بێدەنگی و دواتر
ژیانم خۆش دەوێ، تەنانەت لەم حاڵەشدا کە تێی کەوتووم.
چاکە، وشەکانم دۆزیونەتەوە.

دواتر، هەمان ڕۆژ
لە داهاتوودا هیچم ناوێ.
بێجگە لەوەی کە باسی خۆم بکەمەوە، هێشتا، وەک نووسراوەیەکی یەکنەوا. دیسان لەبارەی خۆمەوە.

بێدەنگی و دواتر
دەمەوێ ئەم حاڵە ببڕێتەوە، یا خوا ژیانم لێ بستێنێ.

بێدەنگی و دواتر
وەرە، خێرا.
ئێستا باشترم.
ترسەکەم کەمتر بووەتەوە.
با لەو شوێنە بم کە لێیم، لەگەڵ ئەو ترسەدا کە لە مردنی دایکم هەمبووە،
ترسێک کە هەمیشە لەگەڵمدا بووە، ڕێک وەک خۆی، نە کەمتر نە زۆرتر.
هەر ئەمە و هیچی تر.

**شەمە، ٨ / ٧، کات: ٢ی پاش نیوەڕۆ، لە نۆفلێ**
ئیتر هیچم لە سەردا نییە.
بێجگە لە شتی پووچ.

بێدەنگی و دواتر
ئا ئاوها.
من مردووم.
کۆتاییی هات.

بێدەنگی و دواتر
ئێوارە دەڕۆین خواردنێکی تیژ دەخۆین. ژەمێکی "چین"ی، بۆ نموونە. ژەمێک لە "چین"ی وێرانکراوەوە.

**۱۰ / ۷، له نۆفلێ**
خەریکی جوان دەبی.
لێت دەڕوانم.
تۆ "یان ئەندرێیا شتێینەر"ی.

**۲۰ / ۷، نۆفلێ، پاش نیوەڕۆ**
ماچەکانت، بڕوام بە ماچەکانتە تا ئەو ڕۆژەی دەمرم.
ماڵئاوا.
ماڵئاوا لە هیچ کەس. تەنانەت لە تۆش.
تەواو بوو.
هیچ شتێک نییە.
لاپەڕەکەش دەبێ تەواو بکرێ.
ئێستا، وەرە.
دەبێ بڕۆین.

پشوو. بێدەنگی و دواتر
کاتی ئەوە هاتووە کارێک بکەی. ناکرێ بەردەوام بی و هیچ نەکەی. نووسین، لەوانەیە.

بێدەنگی و دواتر
چی بکەم بۆ ئەوەی نەختێکی تر بژیم، نەختێکی تر.
ئەمە و هیچی تر نا.
من ئێستا ئیتر من نیم. من، کەسێکە کە ئیتر نایناسم.

بێدەنگی و دواتر
دەتوانی ئێستا دڵی خۆت بکەیتەوە. ڕەنگە من بم. من هێشتا لە کیست نەچووم.

بێدەنگی و دواتر
دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ژیان شیرین بێ؟
کەس نازانێ. هەر کەسە و دەبێ هەوڵی مانەوە بدا. خۆی هەڵداتە نێو مەرگەوە.
هەر ئەمە و هیچی تر.
سەر و بنی قسەکانم بەس ئەمەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**٢١ / ٧**

وەرە.
حەزم لە هیچ شتێک نییە.

دەمەوێ لە نزیکتەوە بم.
لە تەنیشتمەوە دانیشە.
ئەمە و هیچی تر نا.

دەمەوێ پەنام هەر ئەمە بێ.
خێرا وەرە و بمبە بۆ شوێنێک.

دواتر، پاش نیوەڕۆ
لەوە زیاتر تاقەتم نییە.
بە دووری دەزانم ئەم ترسە ناوێکی لێ بنرێ.
هێشتا نا.

لێوەکانتم بدەرێ.
خێرا وەرە تا بتوانین زووتر بڕۆین.
خێرا.
ئەمە و هیچی تر.
خێرا.

**شەمە ٢٢ / ٧، باران**
من ئیتر هیچی تر ناکەم کە ژیانت بەرتەسک، یا بەرفراوان، بکا.

بێدەنگی
وەرە نێو ڕووخسارمەوە.

بێدەنگی
هێندەم خۆش دەوێی، کە ناتوانم بەجێت بهێڵم.

بێدەنگی
تۆ هیچ نرخێکت نییە. هیچ. لە هیچیش کەمتریت.

هەوڵنامەی کتێب

**یەکشەم ٢٣ / ٧**

من ناتوانم خۆم بکەم بە هیچ.

بێدەنگی

مخابن، کە ناتوانم وەکو تۆ بم.

بێدەنگی

وەرە نێو پێخەفەکەمەوە، تا چاوەڕێ بین.

چاوەڕێی هیچ.

بێدەنگی

دێوانەیی لە پەلوپۆی خستووم.

یان: هیچی ترت هەیە لێی زیاد بکەی؟

مارگرێت: من ناتوانم لە شت زیاد بکەم. من تەنیا دەتوانم بخولقێنم. هەر ئەمە و هیچی تر.

هەوالنامەی کتێب

دووشەم، ٧/٢٤

وەرە و میهرم بدەرێ.

وەرە.

وەرە نێو کاغەزە سپییەکەوە.

لەگەڵ مندا.

من پێستی خۆمت پێ دەبەخشم.

وەرە.

خێرا.

ماڵئاواییم لێ بکە.

ئەمە و هیچی تر نا.

ئیتر هیچ شتێک لەبارەی تۆوە نازانم.

لەگەڵ قەوزەکاندا دەڕۆم.

لەگەڵم وەرە.

**٧ / ٣١**

هەقیقەتی من چییە؟

ئەگەر دەزانی، تۆ پێم بڵێ.
من لە دەست چووم.

لێم بڕوانە.

٨/١، پاش نیوەڕۆ
وا بزانم هەموو شتێک تەواو. ژینم بەسەرچوو.
من ئیتر هیچ نیم.
وام لێ هاتووە، لێم دەترسێن.
چیی تر بەرگە ناگرم.
وەرە خێرا.
چیی تر نە دەمم هەیە، نە ڕووخسار.

**پاریس، ١٢ / ١٠ / ١٩٩٥**
وەرە نێو ژیانمەوە.

**٥ / ٣ی پاش نیوەڕۆ**
من مردووم. تەواو.

**سێ شەم ٣١ / ١٠**
دۆراس، ئیتر، نییە. هیچم پێ ناکرێ. هیچ شتێکیشم نییە.

**٥ی پاش نیوەڕۆ**
من ئاشقێکم.
تۆ ئاشقێکیت.

**هەینی، ٣ / ١١**
ئەرێ لە خوا پاڕاویتەتەوە ژیانم لێ بسێنێ؟

**٤ی پاش نیوەڕۆ**
بوێریم گەرەکە، بۆ ئەوەی بمرم.

**پێنجشەم، ١٦ / ٩**
لە پاڵ زەریاوە، لە پاڵ تۆوە.

هەوانامەی کتێب

چیی تر من هیچ نیم. ئیتر نازانم له کوێم.
تەواو.

پایەیەک، بۆ نزیکتربوونەوە لە ئاسمان.
وەرە.

**١١ / ١٨**
مردووم. تەواو. دوای ئەوە بۆ تۆ سەخت دەبێ.

**چوارشەم، ٢٢ / ١١**
شێت دەبم، چونکە ئیتر هیچم نییە.
وا بزانم ژیانم تەواو.
دەمم ماندووە. هیچ وشەیەک نەماوە.
ئیتر هیچم نییە. هیچ کاغەزێکیش.

**١٢ / ٢**
تەواو. چیی تر هیچم نییە. نە دەمم هەیە و نە ڕووخسار. ئەمەش تۆقێنەرە.

**چوارشەم ٦ / ١٢**
تۆ قەلەڕەشێکی پیر، بەرازێکی پیری.

**پێنجشەم ٧ / ١٢**
هێزێک لە ڕووخسارتدا هەیە.

**هەینی ٨ / ١٢**
ئێوە کۆمەڵێک دەبەنگن.

هیچتان بۆ نەماوەتەوە.
بەرگەگرتنی شتەکان، تێکڕا، تاقەتپروێنن.

٧ی ئێوارە
یان: هەست بە چی دەکەی؟
مارگرێت: مردن کە نزیک دەبێتەوە.
تەواو. هەموو شتێک بەسەرچوو. وایە ئیتر.

هەواڵنامەی کتێب

**١٢ / ٢٤**

هیچ ناخۆم، چونکە ئیتر تینی ژیانم تێدا نەماوە.

بڕوانە: دەستەکانم مردوون.

**سێشەم ٢٦ / ١٢**

ڕقم لەوەیە دەبێ سایکۆلۆجیم دەرخوارد بدرێ.

قێزەونە.

نیوەشەو

من هیچم ناوێ، هیچ شتێک کە فەرمان درا بێ.

قاوەم دەوێ، هەر ئێستاش دەمەوێ.

**١٢ / ٢٧**

بڕوانە: بەتاڵم. ئارامیم لێ بڕاوە.

هەواڵنامەی کتێب

**١٢ / ٢٨**

خۆت ساویلکە مەنوێنە.

**١٢ / ٢٩**

من چیی تر هیچم نییە. مردووم. هەستی پێ دەکەم.

بڕۆ دارەمەیتێکم بۆ بهێنە.

دەمەوێ دایکم ببینم.

هەموو لەشم گڕی گرتووە.

دواتر

تۆ کە دڵی خۆتت لە دەست داوە، ئازارت هەیە؟

دواتر

وەرە خێرا و سڵاو بکە، لە من، شتێکم بدەرێ.

**شەمە، ٣٠ / ١٢، کات: ٢,٥ی شەو**

تۆ لە وڵاتی دۆراس وڵاتبەدەر کراوی.

**چوارشەم، ٣ / ١ / ١٩٩٦**

پووچی، بە واتایەکی تر ئازادی.

ژن دڵی خۆیان ناکەنەوە، هیچ ناڵێن. چاوەڕێ دەکەن. ژنێکی تەنیا هیچ ناڵێ.

**شەمە، ٦ / ١**

میهرەبانی نرخێکی ئەوتۆی نییە. ئەوەی گرینگە ئەو بیرە کێوییەیە کە بە هیچ کوێ و هیچ شتێکت، ناگەیەنێ.

دواتر

ڕق دەست بە باڵتەوە دەگرێ، بۆ ئەوەی زیاتر بەرگە بگری.

١ / ٧

سەرم ئیتر هیچی تێدا نەماوە. دەزانم.

١ / ٨

هیچی ترم پێ ناکرێ لەوە زیاتر کە بڕۆم.

نازانم بۆ کوێ.

ئاگرم کردەوە و هەموو شتێک سپی هەڵگەڕا.

هیچ مانایەک نابینمەوە و ئەمەش تەنیام دەکا، خەمگینا، تەنیا.

چاوم لە دەستکێشە ڕەشەکانە، لە پاڵمەوە دانراون.

هەواڵنامەی کتێب

دواتر

ئەی ئەم ئەدەبیاتە لە کوێوە دێ؟

حەزم لە کتێبی کراوەیە.

وەرە بۆ ژوورە سپییەکە. وەرە و کراسە هەورێشمەکەم لە بەر داکەنە. ئیتر هیچم نییە لە بەری بکەم.

ئەوە ژیانێکی خەیاڵییە کە من وام لە تۆ کردووە بیکەیتەوە. هیچ مانایەکی نییە، بەڵام لە کۆتاییدا بڕوای پێ دێنین.

من قەت کتێبێکم لە بیر نەچووە.

هیچ کەس بۆ هیچ کەس تەنیا نییە. کلۆڵێکی نەگبەت. ژنێکی کلۆڵ و هەژار. من ئەو ژنەم. ئەمە و هیچی تر نا.

بەجێم مەهێڵە، لێت دەپاڕێمەوە.
لە قووڵاییی خۆمدا دەگریم.
بەجێم بهێڵە، من مرۆڤێکی ئازادم.

**پێنجشەم، ١٨ / ١**

دەستم، دەنووسێ.

**١ / ١٩**

ئازارێک، نزیک و خۆیی.
یان، من دەبێ داوای لێبووردنت لێ بکەم، نازانم بۆ.
جوانم، قسەی تێدا نییە، هەر زۆر جوانم.

**١ / ٢٥**

ئەمە کۆتاییەکەیەتی. تەواو. مردنە. ترسە.
مردن خۆش نییە.

هەست بە "هیچ"ێک دەکەم کە لێم نزیک دەبێتەوە: مردن.
ئەمەش دەمترسێنێ.

چاوی لێکنراویش هەن.
زۆر دەترسم.
خێرا.
باوەڕ ناکەم. پێم وایە بەر دەبمەوە نێو تاریکییەکە.

هیچ شتێک نییە. هەرچییەک دەیکەی هیچە.
ناتوانم لەبارەی ئەو شتەوە بنووسم کە بێتاقەت و خەمگینم دەکا.

هێشتا دایکمم خۆش دەوێ. بە دەست خۆم نییە، هێشتا خۆشم دەوێ.

تۆ هەرگیز لە شتێک تێ ناگەی، ئەوە جۆرێکە لە کەموکووڕی. من، نەختێک تێ دەگەم.
لاپەڕەیەک، خێراکە. بەو جۆرەش دەگەیتە جێ. هەر بەو جۆرەش دەوەستی. خێراکە.

یان، من زۆرم خۆش ویستووی. ئێستاش دەبێ جێت بهێڵم و بڕۆم.
سەبارەت بە خوای میهرەبان، هەمیشە ئەوە نییە کە من دەی زانم... مرۆ کەمێکی پێویستە.
دوایی تێ دەگا. ڕەنگە هەر پێنج ڕۆژ جارێک؟



هەوالنامەی کتێب

**هەینی ٢٦ / ١**

بۆ چەند چرکەیەک هەستم بە بۆنی خاک کرد.

یان، یەزدانەکەت بەجێ بهێڵە، دەمترسێنێ. هەندێک جار دەمترسێنی.

ماندووم بە دەست ئەوەوە تەنیا بم. کەسێک پەیدا دەکەم کە بتوانێ پەرە بە کارەکە بدا.

دەمویست کتێبێک بنووسم لەبارەی خۆم و ئەو شتانەی بیریان لێ دەکەمەوە.

هەر ئەمە و هیچی تر. هەموو شتێک، ڕەش و سپی.

تۆ زۆر پووتی. من هەمیشە خۆم لە قووڵاییدا بینیوە.

**١ / ٢٩**

بۆشایی. بۆشاییەکەی بەردەمم.

**سێشەم ٣٠ / ١**

ئەوەی دەی زانم ئەوەیە کە چیی تر هیچ شتێکم نییە. ئەمە ترسناکە. ئەوەی ماوەتەوە تەنیا بۆشاییە. بۆشایی.

بۆشایی دواشوێن.

کەس دوو کەس نییە. هەریەک لە ئێمە تەنیاین.

هەوڵنامەی کتێب

**١ / ٣١**

لێم گەڕێ. تەواو. با بمرم.

شەرم دەکەم. هەینی ٢/٢

بیرتە چەند جوان بووین. لەوساوە هیچ کەس هێندە جوان نەبووە.

**٢ / ١٥**

ژووره کۆنەکە، کە یەکترمان تێدا لە باوەش گرت.

**٢ / ١٦**

سەیرە چۆن هێشتاش خۆشم دەوێی، تەنانەت ئەو کاتانەش کە خۆشم ناوێی.

**دووشەم ١٩ / ٢**

دەزانم کە دەبێ بەدەم ئازاراوە بە چیدا تێپەڕم: مردن. ئەوەی چاوەڕێم دەکا: بەژن و باڵای خۆم لەو ژوورەدا کە دارەمەیتی لێ دادەنرێ. تۆقێنەرە ئەمە، من ئەمەم ناوێ.

دواتر

ئەو هەموو خەڵکەی خواخوایانە دۆراس بمرێ.

دواتر
لە شەرمەزاری بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە، شەرمەزاری لە هەموو شوێنێک.
من ئیتر هیچ نیم.
هیچ.
چیی تر نازانم دەبێ چۆن هەبی.
ئەوەی کۆتایی نییە، ئەو هۆکارەیە کە تۆ وەک کەسێک پێکی دەهێنێ.

دواتر
کتێبەکەیە کە مەرگی من دەخوازێ.
یان: ئەی نووسەرەکە کێیە؟
مارگرێت: من. دۆراس.

**سێشەم، ٢٠ / ٢**
یان، دەبێ داوای لێبووردنت لێ بکەم، لێبووردن لە هەموو شتێک.

**٢٦ / ٢**
دەزانم کە دەتوانی زۆر بەهێز بی.
من بەرەو شوێنێکی تر دەڕۆم.
بەرەو هیچ کوێ.

**٢٨ / ٢**
تەواو بوو.
هەموو شتێک تەواو.
ترسناکە ئەمە.

**٢٩ / ٢ ، کات: ١ی پاش نیوەڕۆ**
خۆشم دەوێی.
ماڵئاوا.

* ئێکسێلێسیاستێس: بە فارسی: کتاب جامعه و بە عەرەبی: سفر الجامعة.

سەرچاوە:
مارگرێت دۆراس

هەوراتنامەی کتێب

# له عەممانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی*

بەشی سێیەم

## بەشی شەشەم

**کورد لەنێو جەنگەکانی فارس و تورکدا**

له ساڵی ١٧٢٢ەوە تا ساڵی ١٧٤٥ی زاین

### جەنگە بەراییەکان – تورک و ئەفغان

ئەو پەیماننامەیەی لە ٢٠ی مایسی ١٦٣٩دا، قەرە مستەفا پاشای وەزیری هەرە مەزن لەگەڵ فارسەکاندا لە بەغدا بەستی کە سوڵتان موورادی چوارەم گەڕاندییەوە، فارسی بۆ ماوەیەکی درێژ بەهێمنی هێشتەوە، پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و کاری تێ کرد و لە دەربارەکانی شایەکانیاندا ڕابواردن پەرەی سەند و ئەدەبیات پێشکەوت و لەم ماوەیەدا سێ شا فەرمانڕەواییان کرد کە شا سەفی و شا عەباسی دووەم و شا حوسێن بوون. لە ڕۆژگاری ئەمەی دواییشیاندا ئێران کەوتە ژێر دەستی داگیرکەرێکی ئەفغانی، تێکڕای ئەمەش بەمجۆرەیە: لە سەرەتای ساڵی ١٧٢٠ی زایندا مەحموود خانی یەک لە میرانی عەشیرەتی "غیلزب میروەیسی"ی ئەفغانی، لە قەندەهارەوە دەرکەوت و ڕووەو شارەکانی کرمان و یەزد–ی ئێران بووەوە و کە گەیشتە "گوڵ ئاباد"ی دوازدە میلی دوور لە ئەسفەهان لەگەڵ لەشکری فارسدا لەیەکیان دا و بەسەریاندا زاڵ بوو و شا حوسێنی بەدیل گرت کە دەستی لە تەختی ئێران هەڵگرت بۆی و تەهماسپی کوڕی ئەم شایە کە دوا کەس بوو لە نەوەی سەفەوییان مابووەوە، کە ئەوەی بینی بەسەر باوکیدا هات بەرەو باکور

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

هەلات و دەستی بەخرکردنەوەی لایەنگیرانی کرد بۆ ئەوەی تەخت لە ئەفغانییەکە وەربگرێتەوە.

دوای ئەم سەرکەوتنە مەحموود خانی داگیرکەری ئەفغانی بە سەلاری و دادپەروەری توانی گەل بەلای خۆیدا ڕابکێشێ بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بارودۆخ ساڵی ١٧٢٣ی زاین ناچاری کرد دادوەری بە زۆرداری و سەلاری بەکوشتوبڕ بگۆڕێ و تا ساڵی ١٧٢٥ی زاین لە کاری توندوتیژیدا بەردەوام بوو کە مەرگ یەخەی گرت.

## کاریگەریی هێرشەکانی ئەفغان لە ئاستانە

ئەم هێرشە گیانی ترس و بیمی لە ئاستانە ورووژاند و تورکی هان دا بۆ بەرەنگاربوونی ئەم شایە ئەفغانییە سوڵتانە سوننییە، بەمجۆرە سوڵتان ئەحمەدی سێیەم لەگەڵ شا حوسێن دەستی بە گفتوگۆ کرد، کە "دورری ئەفەندی"ی یەک لە باڵیۆزەکانی تورک و باڵیۆزی گفتوگۆی نێوانیان کە نامەیەکی دوور و درێژی لەبارەی کاروباری لە ئێراندا جێهێشتووە.

بەر لەوەی ئەسپەهان بکەوێتە بەردەستی مەحموود خان هەواڵ گەیشتە حەسەن پاشای والیی بەغدا، ئەمیش زانیاریی لەم بارەیەوە بۆ ئەستەمبووڵ نارد و بەخۆشی ئامادەی بەرگریی کرد، شووره ڕووخاوەکەی چاک کردەوە و کەندەکی لێ دان و بەتیزەوە پیرۆزباییشی بۆ داگیرکەری ئەفغانی نارد، ئەمیش وەڵامێکی دایەوە کە ڕێزی بۆ خەلیفە "جێنشین " و نیازپاکیی بەرامبەر حکوومەتی عوسمانییان تێدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی ئاستانە لە گرتنی ئێران لەلایەن ئەفغانییەوە لەبەر دوو هۆ دەترسا:

١) هەڕەشە لە عێراق و لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کردن.

٢) بەبوونی سوڵتانێکی سوننیی دراوسێ دەشێ ببێتە هۆی پەیدابوونی ئاژاوە و گرفت لە وڵاتە عوسمانییەکاندا.

بۆیە چاری تری نەدیتەوە جەنگ نەبێ، بەمجۆرە سەرەتا لە نێوانی ١٧٢٢ و ١٧٢٣دا بۆ سوود لە کات وەرگرتن لەگەڵ ئەفغان و فارس و ڕووسدا کەوتە گفتوگۆ، دواتر کە گفتوگۆی ئاشتییانە سەری نەگرت ناچار بوو ساڵی ١٧٢٣ی زاین بە فەرمی جەنگ لەگەڵ ئەفغان ڕابگەیەنێ. هەروەها توانیی فەتواگەلێکی شێوە توند بەدەرکردن بدا پاساوی جەنگی بەرامبەر داگیرکەری ئەفغانی بداتەوە. لە پایزی ئەو ساڵە تورک و ڕووس لەگەڵ شا تەهماسپدا لەسەر بۆ گەڕاندنەوەی تەخت ڕێککەوت بەرامبەر ئەوەی نیوەی شانشینییەکەیان بداتێ و بەمجۆرە تورک و ڕووس دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی ئەو پەیماننامە بەستراوەی نێوانیان کە سێ ساڵ بەر لەم مێژووە بەسترابوو، بەدابەشکردنی شانشینیی ئێران لە قەوقاس واتە داغستان و گورجستان "جۆرجیا" و حکوومەتی ئاستانە فەرمانەیلی بەپەلەی نارد بۆ پاشایان لە کوردستانی باکور و شوێنانی تر کە لە "ئەرزەڕۆم" کۆ ببنەوە، کە پاشای مووسڵ و میرانی کورد لە باشووری کوردستان پەسندیان کرد و

حەسەن پاشای والیی بەغدا و کوڕەکەی حوکمداری بەسرەی دژی وەستان کە وای بۆ دەچوون عێراقی عەرەب بکەنە بنکەی هێرش بردن لەبەر شیانی کەوتنە بەردەستی ئەفغان بەر لەوانی تر، وەڵام هاتەوە کە هێرش ببرێتە سەر فارس لە ڕێگەی "کرمانشا"وە و حەسەن پاشا بە ناچاری سەرکردایەتیی ئەم لەشکرکێشییەی کرد کە تەمەنی حەفتا ساڵ بوو و لە ڕێی خانەقینەوە دەستی بە پێشڕەویی بەرەو کرماشان کرد و میرە کوردەکان و لەشکرەکانی کەرکووکیش بە سەرکردایەتیی "عەبدوڕەحمان پاشا" چوونە پاڵ لەشکرە مەشقکردووەکە. کە ئەم هەڵمەتە لە کرماشان نزیک کەوتەوە "عەبدولباقی خان"ی حوکمداری هاتە دەرەوە و بەبێ هیچ بەرگیرییەک کلیلەکانی دا بە دەست پاشاوە کە گرتی و هەر لەو کاتەشدا "عەلی قولی خان"ی میری ئەردەڵان بۆ بەغدای نووسی داوای یارمەتیی کرد، بەڵام چاوساغان بە حەسەن پاشایان ڕاگەیاند کە نامەگۆڕینەوەیەکی نهێنی هەیە لە نێوانی "سنە" و ئەفغانەکاندا و بەپەلە "خانە پاشا"ی بابانی نارد بۆ گرتنی ئەردەڵان، کە ئەم گەیشتە سنە عەلی قولی خان و زۆربەی لایەنگیرانی خۆیان دا بە دەستییەوە و ئەردەڵان کەوت. ئینجا عەبدوڕەحمان پاشا و عەلی بەگی برای بە سەرکردایەتیی هەڵمەتێکەوە ناردە "لوڕستان" بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر مەردان خان کە بڕیاری یارمەتیدانی تەهماسپ –ی دابوو و لەگەڵیدا بەیەکدا چوون و لە جەنگێکدا ئەنجام بە بەزینەوە و خۆبەدەستەوەدانی گەیی.

سوپای عوسمانی زستانی ساڵی ١٧٢٣ی لە کرماشان بەسەر برد و سەرەتای بەهار حەسەن پاشا کۆچی دوایی کرد کە نازناوی داگیرکەری "هەمەدان"ی درابوویێ، سەرباز بۆی گریان و تەرمەکەی گوازرایەوە بەغدا، کە لە مزگەوتی "ئیمامی ئەعزەم ئەبی حەنیفە"دا نێژرا و لەسەر خواستی خەڵکی بەغدا لە جێی وی ئەحمەد پاشا دانرا، کە بەو ڕەوشت بەرزییە و نەرمونیانییە سیاسییەی کە هەیبووە بڕوای سەربازان و گوێڕایەڵییانی ڕاکێشا. لە ساڵی ١٧٢٤یشدا بەرەو هەمەدان پێشڕەویی کرد و پێشەنگێکی بۆ وەرگرتنی کلیلەکانی نارد، کە حوکمدارەکەی بەمەی زانی پێوەندیی بەئەسپەهانەوە کرد.

کە وەڵامی بۆ نەهاتەوە، بە پێچەوانەی ئارەزووی دانیشتووانی کە ئارەزوویان دەکرد بیدەنە دەست تورک، فەرمانی گەمارۆی دا، سەربازەکان دلێرییەکی گەورەیان نواند لە بەرگری لێ کردندا و تورک لە هێرشی یەکەم و دووەمیشیاندا سەرنەکەوتن، بەڵام لە هێرشی سێیەمیاندا توانییان بە کەلپەلە جەنگییەکانیان لە سێ لادا شووره بسووتێنن و چوونە ناو شار و لەگەڵ سەربازە تەنگ پێ هەڵچنراوەکاندا لە شەڕێکی شەقامە و شەقامدا بەیەکدا چوون کە سێ ڕۆژی جەژنی قوربانیی خایاند و بە بەستنی پەیمانێ بەکۆتا هات کە هەمەدان ببێتە ئییالەتێکی تورک و نزا بۆ جێنشین بکا و قەرە مستەفا پاشای لەسەر دانرا، کە ئەوەیە وا ساڵی ١٧٢٣ کە عەبدوڕەحمان پاشا لە کەرکووکەوە گوازرایەوە بەسرە ئەم لە "ترابزوون"ەوە گوازرایەوە حوکمدارێتیی شارەزوور لە کەرکووک. دوا بەدوای ئەم سەرکەوتنە جێنشین نووسراوێکی بە دەستنووسی خۆی نارد تێیدا

هەواڵنامەی کتێب

سوپاسی ئەحمەد پاشا دەکا. دوای گرتنی هەمەدانیش چەندین شۆڕش سەریان هەڵدایەوە، بەناوبانگترینیان ئەوەی لەتیف میرزا بوو کە "خانە پاشا"ی بابان لەناوی برد و سەرۆکەکەی گرت و لەشکرەکەی پەرت و بڵاو کردەوە.

دوای مردنی مەحموود خانی داگیرکەری ئەفغانی "ئەشرەف خان" جێی گرتەوە کە یەکسەر شاندی نارد و تورکی بەوە تاوانبار کرد کە بوونەتە هۆی یەکتری کوشتنی سوننییەکان و ئەم تاوانبارکردنانەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕای گشتیی عوسمانییانەوە هەبوو، ئەحمەد خان و سەرکردەکانی تریش یرۆپاگاندەی ئەفغانی ورە بە سەربازان بەربدا، بۆیە لەم بارەیەوە ڕاپۆرتەیلێکی تێروتەسەلی نارد بۆ ئەستەمبۆڵ.

هەر لەم ساڵەدا، واتە ساڵی ١٧٢٤ی زاین ئەحمەد پاشا گەڕایەوە عێراق و بۆ ئەوەی ئاگری ئەو پشێوی و ئاژاوەیە دابمرکێنێ کە تێیدا پەیدا بووە. لە ساڵی ١٧٢٥ی زاینیشدا بۆ گرتنی "لوڕستان" پێشڕەویی کرد و والییەکەی بەرگرییەکی سووکی لێ کرد و ئینجا هەڵهات و پاشا بەناو خاکەکەیدا چوو و عەشیرەتەکان پێشوازییان لێ کرد و ڕێز و گوێڕایەڵییان بۆ جێنشین نواند و دیاریگەلێکی بە بەهایان بە نێرراوەکانیان بەخشی. ئەوەی " چەلەبی زادە " باسی کردووە کە ئەحمەد پاشا هاوینی ئەو ساڵ سەرۆکایەتیی هێزە هێرشبەرەکەی دەکرد بەرامبەر "تەبریز" ڕاست نییە.

لە زستانیشدا بە بەشێک لە سوپاکەی بەرەو مووسڵ پێشڕەویی کرد و چووە ناو وڵاتی "بەختیارییان"یشەوە کە لەسەر سنووری ئییالەتی "ئەسپەهان"دان و پێش ئەوەی بگاتە ئەسپەهان بە سێ ڕۆژ بە هێزێکی پارێزگاری ئەفغانی گەیی پێشڕەوییەکەی ڕاگرت، کە زانیی لوڕەکان – کە ئەمان و بەختیارییەکان تایفەگەلی کوردن و لە لوڕستانی گەورە و گچکەدا دادەنیشن و سنووریان لە باکورەوە لە کرماشان و تا سنووری "موحەممەرە"، لە باشوور و چیاکانی ئەسپەهان لە باشووری خۆرهەڵات و لە خۆراواشەوە عێراقی عەرەبی – . سنووری عێراقی عەرەبیان ڕەت کرد دا عەشایەری بەنی لام و زوبێدی عەرەب سەربخا و بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە هەمەدان. لە هاوینی ساڵی ١٧٢٦ی زایندا ئەحمەد پاشا بۆ کاروبارێکی بە پەلە گەڕایەوە عێراق و بەو شەڕەی زانی لە نێوانی تورک و ئەفغاندا بەرپا بوو.

ئەشرەف خان کە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە دەمی ئاشتیدا بەهرەدار بوو لە جەنگیشدا کەمتەرخەمیی نەکرد، نێرراوەکانی بەبێ پەروا بە خێوەتگا تورکەکاندا ڕەت دەبوون و ئەو فەتوایانەیان بڵاو دەکردەوە کە لە "ئەسپەهان"ی پایەتەختی خۆرهەڵاتەوە دەردەچوو، هەرکە پایز داهات و دانەهات بە هۆی ئەم پڕۆپاگاندانەوە ورەی سوپای تورک لاواز بووبووەوە.

بەر لەوەی ئەحمەد پاشا بگەڕێتەوە ئێران سەرعەسکەر "سەرکردەی سەربازی"یێکی دامەزراند و هەموو ئەو وڵاتەی لە "دیاربەکر"ەوە تا "هەمەدان و بەسرە"ی خستە بەردەستی، واتە زۆربەی کوردستانی گەورە و عێراقی عەرەبی. لەشکرەکەی گەیشتبووە سەت هەزار "١٠٠٠٠٠"ی بە

چاکترین چەکەوە، بەرامبەر بە بیست هەزار "٢٠٠٠٠"ی ئەفغانی و کەمێکی لە ئازاکانی "قەندەهار" تێدا بوو کە زۆربەی چەکەکانیان چەکی سووکەڵە بوو.

کە سوپاکانی ئەحمەد پاشا لە هەمەدانەوە بەرەو ئەسپەهانی "پایەتەخت" پێشڕەوییان کرد، ئەشرەف خان دوازدە میلی لێ کشایەوە و لەشکری تورک لە ٢ی تشرینی دووەمدا گەیشتێ و ئەحمەد پاشا پێشەنگی نارد بۆ خەریککردنی ئەفغانییان بەڵام کەوتە بەردەستیان و تورک پێیان نەکرا ڕزگاری بکەن و هەروەها ئەشرەف خان بانگهێشتنکاریان نارد بۆ میرە کوردەکانی ناو لەشکری تورک و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن بۆ بەشدارینەکردنیان لە شەڕ، بەرامبەر پێبەخشینی کەرتە زەویی فراوان لە ئێران "ئیقتاعییات".

دوای ئەمانە چوار لە زانایانی ئەفغانان هاتن و لەگەڵ پاشا کۆ بوونەوە بۆ تێگەیشتنی هۆیەکانی جەنگ، کە بانگی نوێژی ئێوارە داهات چوونە سەربازگەی تورک و نوێژیان بە سەربازان کرد ، ئەم کارەیان کاریگەریی زۆری لە دڵی نوێژکەراندا هەبوو. ئینجا دوای نوێژ گەڕانەوە خێوەتگاکانیان و بەشێکی زۆر لە کوردەکانیان دواکەوتبوون. کاتێک پاشا بەم ئەنجامەی زانی لە پێشهاتی درێژە پێ دان ترسا و فەرمانی بە جەنگ دا و خانە پاشای یەک لە میرانی بابانی خستە لای ڕاست و محەمەد پاشا و دوو کەسی لە بنەماڵەی "کوێپرلی " خستە لای چەپ.

لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژی دووەمدا دە بۆمبا تەقێنرا وەک نیشانەی دەستپێکردنی هێرشی تورک، کە ڕۆژ گەرم داهات و نەهات کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئەفغان دەرکەوت و لەشکری تورک مانی لە جەنگ گرت، جگە لە تیپی بابان کە تا نیوەڕۆ لە جەنگ بەردەوام بوو، ئەوجا فەرمانی کشانەوەیان پێ گەیشت. لەم جەنگەدا دوازدە هەزار کەس لە تورک کوژران و ژمارەی ئاشتیخوازان و هەڵاتووان و یاخیبووان دوو ئەوەندەی ئەم ژمارەیە بوون.

هەموو کوردەکان گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و ئەحمەد پاشا کشایەوە بۆ کرماشان و بارە قورسەکانی لەپاش خۆیەوە جێ هێشت و ئەشرەف خان بە شێوەی بەخێرهێنان دوای کەوت تا گەیاندییە بەر دەروازەکانی کرمانشاه و لەوێدا بەبێ هیچ ڕێککەوتن و داواکارییەک دیلە تورکەکانی ئازاد کرد و ئازووقە و کەلوپەلەکانی گەڕاندەوە و ئەم کارە پیاوانەیەشی بە پەسندکردنی ئاشتەوایی کۆتاییی پێ هێنا.

هەر لە سەرەتاوە پێویستی بەم جەنگە نەبوو ئەگەر حەزی تۆڵەسەندنەوە لە دەروونی ئەحمەد پاشا و ئارەزووی جەنگی سەربازی لە ئەستەمۆڵدا نەبووایە، بۆیە تورک بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی ئەفغانیان بە هەر تێچوویەکەوە پێ دا و لەشکرگەلێکی تریان پێکەوەنا و ناردیاننە بەغدا، کە بەگەیشتنەوەی ئەحمەد پاشا بۆ کرمانشاه گەیشتن. لە سەرەتاکانی هاوینی ساڵی ١٧٢٧ی زایندا ژمارەی لەشکری لە بەغدا کۆبووەوە ( ٦٠٠٠٠ ) شەست هەزار کەس بوو، لە ئەیلوولی هەر ئەو ساڵە ئەحمەد پاشا دووبارە گەڕایەوە ئێران و بە کرمانشاهدا تێپەڕی و لە هەمەدان نزیک بووەوە بۆ گفتوگۆی ئەفغانان و بۆ ئەم مەبەستەش شاندێک لە ئاستانەوە هات و گفتوگۆی لەگەڵ

ئەفغانەکان کرد و پەیمانێکی لەگەڵدا بەستن .

که بەپێی ئەوە دەبوو:

١) کرمانشاه و ئەردەڵان و لوڕستان (هەموو کوردستانی خۆرهەڵات) بدرێتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی.

٢) جێنشین "خەلیفە" دان بە ئەشرەف خاندا بنێ وەک شای ئێران و سەر بەدەسەڵاتی ئاینی.

ئەحمەد پاشا دوای بەستنی ئەم پەیمانە گەڕایەوە عێراق و بەشێکی لەشکرەکەی بۆ پاراستنی سامانە نوێکان جێ هێشت و بەشەکەی تری برد بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئاژاوانەی لە عێراقدا دەرکەوتن و هەروەها ئەشرەف خانیش لە هەمەدانەوە گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشانە دابمرکێنێتەوە کە لەناو ئێراندا دەرکەوتبوون.

## (نادر تەهماسپ قولی) و گەمارۆدانی بەغدا

لەبەر گەندەڵیی کاروباری سەفەوییان و لاوازیی دەسەڵاتیان ئەفغانەکان توانییان دەست بەسەر تەختی ئێراندا بگرن و عەشایەر چوونە پاڵیانەوە کە زۆربەیان لە سوننەکان بوون. تیژڕەویی ئەفغانەکان لە جموجۆڵیاندا هۆیەکی گەورە بوو لە سەرکەوتنیاندا . بەڵام وڵاتی ئێران پان و بەرینە، پێویستی بە هێزێکی گەورەی لەشکر هەیە بۆ تێدا دابینکردنی ئاسایش و سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشانەی ناوە ناوە پەیدا دەبوون، سەرەڕای ئەوەی ئامادەکردنی سەرباز لە وڵاتی ئەفغانەوە هێندە سانا نەبوو لەبەر نەبوونی ڕێگەی هاتوچۆ و دووریی ماوە و سەختیی ڕێگەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان و بۆیە ئاسایی بوو کە حوکمی ئەفغانی لە ئێراندا دە ساڵی ڕەت نەکرد، لە کۆتاییدا لەگەڵ "نادر  تەهماسپ قولی"ی گەورەترینی سەرکردەکانی ئاسیای سەردەمی خۆیدا پێکیان دادا .

## ژیانی "نادر  تەهماسپ قولی"

نادر ساڵی ١٦٨٨ی زاین لە خوراسان، لە خێزانێکی بارودۆخ مامناوەندیدا لەدایک بووە کە ناکۆکی لە ڕەسەنی ئەودا هەیە کە دەچێتەوە سەر کورد یان ئەفشار، ئەوەی زانراویش بێ ئەوەیە کە لەنێو عەشیرەتەکانی ئەفشاردا پەروەردە بووە و ژیانی سەرەتاییی بە لەوەڕاندنی مەڕ و چارەوی ئینجا بە ڕێگری بەسەر بردووە، لەوێشەوە بۆ سەرکردایەتیی تیپێکی نانیزامی، لەمەشدا لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ داود – ی پێغەمبەردا هەیە کە ئیسرائیلییانی لە فەلەستینەوە ڕزگار کرد، بەر لەوەی بشچێتە پاڵ تەهماسپی سەفەوی هێزێکی لە پیاوە دڵسۆزەکانی خۆی پێک هێنا، ساڵی ١٧٢٧ ژمارەی پیاوانی گەیشتبوونە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس لە ئازایانی کورد و ئەفشار، بەم هێزەشەوە لە " فەرەح ئاباد"دا چووە پاڵ تەهماسپ کە کاروباری گەڕاندنەوەی خوراسانی پێ ئەسپارد و چوو بەبێ زەحمەتیی زۆر گەڕاندییەوە. چەند هەفتەیەکی کەمی نەبرد دوای ئەوە

تەهماسپ نازناوی "خان"ی دایێ و بە سەرکردەی گشتیی لەشکرەکانی دامەزراند و کاری گەڕاندنەوەی ئێرانی لە ئەفغانە داگیرکەرەکانی وڵات پێ سپارد. ساڵی ١٧٢٩ لەگەڵیاندا جەنگی و دووجاران بە خراپی شکاندنی و ئەسپەهانی لێ گەڕاندنەوە. " جیهان کۆسە "بە هەڵەدا چووە کە دەڵی لەشکرێکی بەهێزی تورک..................

..........................

............ ل / ٧١ ی عەرەبی لە کۆپییەکەدا باش دەرنەچووە.

دوای ئەوەی " تەهماسپ " چووە سەر تەخت باڵیوزێکی ناردە ئاستانە داوای گەڕاندنەوەی کوردستانی خۆرهەڵاتی کرد. لە کاتی گفتوگۆدا هەواڵ لە ئێرانەوە گەیییە پایەتەختی عوسمانییان جەخت لەسەر بەرپابوونی جەنگ لەنێو فورس و تورکدا دەکرد و نادر خان سوورە لەسەر ئەوەی تورک وەری گرتووە تا عێراق وەری بگرێتەوە.

لە ساڵی ١٧٣٠ی زاینیشدا نادر خان پەلاماری ئەو سوپایانەی تورکی دا کە لە هەمەدان جێگیر بوون و عوسمان پاشای بەزاند کە پاشەکشەی کرد دا بچێتە پاڵ "تەیموور پاشا"ی برادەری کە کەوتە شوێنی و لەگەڵ هەردووکیان پێکەوە جەنگی و بەسەریاندا زاڵ بوو و دەستی بەسەر هەمەداندا گرت و چەکێکی زۆری دەست کەوت و بە بانگێکی زۆرەوە چووە ناو شار. هێزی پارێزەری تورک پاشەکشێی کرد بۆ "کرمانشاه" ئینجا بۆ "زەهاو" ئینجا بۆ "خانەقین"ی سەر سنوورە کۆنەکە. هەر لەو کاتەشدا کە هەواڵی پاشەکشەی ئەحمەد پاشا گەیشت هەواڵەیلێکیش لەبارەی ڕاگەیاندنی جەنگەوە بۆ سەر فورس لەلایەن سوڵتان ئەحمەدی سێیەمیش گەیشت و دەستی بەکۆکردنەوەی لەشکر کرد لە "زەهاو" ئینجا پەلاماری "کرمانشاه"ی دا و بێ بەرگری دەستی بەسەردا گرت و هەروەها "ئەردەڵان"یشی گەڕاندەوە.

"فۆن هاممەر" لە لاپەڕە (٢٥٣)ی کتێبی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا دەڵێ سەرعەسکەر "سەرکردەی لەشکر"ی ئەم لەشکرانە "عەلی پاشای حەکیم زادە" بووە، بەڵام لە لاپەڕە (٢٥١)دا قسە بەپێچەوانەی قسەکەی خۆی دەکا. هەروەها سەرچاوە فارسی و تورکییەکانیش دژایەتییان تێدایە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سەرعەسکەر ئەحمەد پاشا بووە، کە تەهماسپ بە چوونە ناو ئێرانەوەی ئەحمەد پاشا و داگیر کردنی "کرمانشاه" و "ئەردەڵان" زانی بواری دیکەی نەبینی جگە لە بەرەنگا بوونەوەی دوژمن نەبێ بەهۆی ئامادە نەبوونی نادر خانەوە کە لە خوراسان بووە بەپەلە "ئەریڤان"ی جێ هێشت و چووە باشوور و کە لێی نیشتەجێ بوو، کە نزیک کەوتەوە لە "هەمەدان" لەشکرەکانی پاشا گەیشتبوونێ و خێوەتگەلیان لە دەرەوەیدا لێ دابوو. ئەحمەد پاشاش ناردی بۆ گفتوگۆ بەڵام پەسندی نەکرد و لە ١٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٧٣١دا جەنگ لە "قۆریجان"ی ڕۆژەڕێیەک دوور لە هەمەدان بەرپا بوو، تێیدا ئەحمەد پاشا سەرکەوت دوای ئەوەی زیانی لە نیوەی لەشکری فارسی دا و هەموو ئەو چەک و ئازووقانەی گەڕاندەوە کە پێشتر نادر خان لێیانی سەندبوون. زیانەکانی عوسمانییانیش لەم شەڕەدا هەزار کەسی ڕەت نەکردبوو. لەنێو کوژراوانی فورسدا دوو

پیاوگەورە هەبوون یەکێکیان حاکمی شیراز و ئەوی تریان حاکمی "تەورێز" بوو، دوای ئەم سەرکەوتنەش عوسمانییەکان چوونە ناو "هەمەدان" و درایە دەست میری "ئامێد" کە کورد بوو و "وەیوودا" "ماردین" فەرمانی کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانی دا و حوکمی عوسمانیی چەسپاند.

وشەی "وەیوودا" وشەیەکی سلاڤییە، لە ویلایەتە ئەوروپییەکاندا نازناوی والییە تورکەکانە و لە ویلایەتە ئاسیاییەکاندا تەنیا بە حاکمی" ماردین " نەبێ بە کەسی دیکە ناگوترێ.

دوای ئەم شەڕە تەهماسپ نەیتوانی لە بەردەمی لەشکری عوسمانیدا بووەستێ، هەروەها ئەحمەد پاشاش نەیوێراوە لە هەمەدان بەولاتر بچێتە ناو ئێران. لەو کاتەشدا کە ئەحمەد پاشا ئەم سەرکەوتنەی بەدەستەوە هێنا سوڵتان مەحموود چووە سەر تەختی عوسمانی، پیرۆزباییی بۆ پاشا نارد و وەزیری مەزن "الوزیر الاعظم" بەپەلە فەرمانی بۆ ئەحمەد پاشا نارد پەیماننامەیەک لەگەڵ فارسدا ببەستێ لە ترسی ئەوەی نەک نادر خان بگەڕێتەوە و جەنگ دەست پێ بکاتەوە کە تورک ئەوەی نەدەویست لەبەر ناسەقامگیریی باری سیاسی لە ئاستانە. ئەحمەد پاشا لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٧٣١ەوە گفتوگۆیەکی لەگەڵ شا دەست پێ کرد، تا ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٣٢ کە پەیماننامەیەک لە نێوانی هەردوو لادا بەسترا و بڕیار درا:

١) تەورێز و ئەردەلان و کرمانشاه ( کرماشان ) و هەمەدان و حەوێزە و لوڕستان بدرێتەوە دەوڵەتی ئێران.

٢) ئەو سنوورە پەسند بکرێ کە لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمدا لەسەری ڕێک کەوتوون.

لە پایزی ساڵی ١٧٣٢شدا نادر خان نووسراوێکی بۆ ئەحمەد پاشا نارد، بە شێوەی داگیرکەر و گیانێکی سەرکەوتووەوە تێیدا دەڵێ: " ئەی پاشای بەغدا بزانە، ئێمە داوای مافێک دەکەین گومانی تێدا نییە، داوای سەردانی گۆڕەکانی پێشەوایان و دانەوەی ئەو دیلە فارسانەی لە دوا جەنگدا گیراون، ئێمەش لەم نزیکانە بەسەر لەشکرێکی سەرکەوتووەوە بۆ هەڵکێشانەوەی شەماڵی بۆنداری بەغدا دێین و لەبن سێبەری شوورەکانیدا دەحەسێینەوە".

جێگری شای نوێ

نادر

ئەوەی نادریشی وا لێ کرد ئیمزا لە جیاتیی شا بکا لەسەر تەخت لابردنی تەهماسپ بەهۆی شکستی لە شەڕی ١٧٣١ و بەدەستەوەدانی هەمەدان و بەستنی هاوپەیمانییەتی کە بەڵگەی لاوازی بووە و خستنە سەر تەختی وەک شای عەباس میرزای منداڵ و بە خۆی جێگریی شاهێتییەکە دەکرد.

کە نووسراوەکەی نادر گەیشتە ئەحمەد پاشا بەپەلە دەستی بە توندکردنی ڕێڕەوەکانی سنووری لە دەرنە و بەدرە و مەندەلی کرد و هێزەکانی زەهاو و قەسری شیرینی دوو بەرابەر کرد و

کۆگاکانی شار و شوورەکانی نۆژەن کردەوە و نووسراوی بۆ ئاستانە نارد لە نزیکبوونەوەی مەترسیی ئێرانی ئاگەدار کردەوە، بەڵام نادر خان دوای ناردنی نووسراوەکەی بۆ پاشا بە پەلە چووە هەمەدان، کە میرەکانی دەرەبەگ و خانەدانان بە لەشکرەکانیانەوە لەگەڵیدا کۆ بوونەوە و لەشکرەکانیان گەیشتە سەت هەزار کەس، سەرکردایەتی کردن و بەرەو کرماشان چوو کە بەپێی گێڕانەوەی "هانوی" کە بەڕای ئەو بە دەست تورکەوە بووە، ئەم گێڕانەوەیە دوور نییە ڕاست بێ ئەگەر وای دابنێین کە تا ئەوسا نەدراوەتەوە دەست فارس، ئەگەرچی پەیماننامە تازەکە گەڕاندنەوەکەی تێدا تۆمار کراوە. پاش کرماشان نادر خان دوای ئەوەی تۆپە قورسەکانی لە "ماهی دەشت"دا جێ هێشت بەرەو زەهاو چوو، هەرکە لە هێزی پاراستنی تورک لە زەهاو نزیک بووەوە سوودی لە تاریکیی شەو کرد و گەمارۆی دا و سەرلەبەیانی بەبێ بەرگری، ناچاری خۆبەدەستەوەدانی کردن و ئینجا بە هەموو هێزەکانییەوە ڕووی کردە عێراق.

کە ئەحمەد پاشا بەمەی زانی بەغدای قایم کرد و هێزەیلی ناردە کەرکووک و مووسڵ بە نیازی خلافاندن و ڕێگری لە ناردنی یارمەتی بۆ بەغدا. ئەم هێزانە لە "تووزخورماتوو"ەوە پێشڕەوییان کرد و گوندەکانی کەرکووک تاڵان کران و تیپێکی پیادەیان لە ڕێکردنی بەرەو مووسڵیدا بەردەوام بوو، حاجی حوسێن جەلیلی ی حاکمی ناچار بوو پاشەکشە بکا، گەڕایەوە لای هێزەکانی باشوور. لە حەوتووی یەکەمی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٣٣ی زاین نادرخان لە بوهرز-ەوە پێشڕەویی کرد و دیالەی ڕەت کرد، دوای ئەوەی هێزی پارێزەری تورکی بەتەواوی لەناوبرد و ئینجا لەگەڵ ئەو تیپەی بە سەرکردایەتیی پاشای کۆیسنجەق لە بەغداوە نێررابوو پێکیان دادا، کە سەرکردەکەی کوژراو بەزاندنی ئینجا بەرەو بەغدا ڕێی گرتە بەر و گەمارۆی دا و دەستی بەسەر لای کەرخدا گرت و برسێتی تینی بۆ گەمارۆدراوان هێنا و بەهای پێویستییەکانیان لەلا بەرز بووەوە. گەمارۆیەکە لە ١٩ی ئاداری ساڵی ١٧٣٣ی زایندا بووە، کە ڕۆژی جەژنی سەری ساڵی ئێرانی بووە، هەر لەو ڕۆژەدا هەردوو شێخی " بەنی لام " و " حەوێزە " بۆ پیرۆزبایی هاتنە لای نادر خان کە پێشوازییەکی بەرزی کردن و بە فەرمانگەلێکەوە گەڕاندیانییەوە بۆ پەلاماردانی بەسرە.

کاربەدەستانی ئاستانە کە بە هاتنە عێراقی نادر خانیان و گەمارۆدانی بەغدایان زانی، پەلەیان لە ناردنی عوسمان پاشا کرد، بە سەرکردایەتیی هێزێکەوە کە ژمارەی لە هەشتا هەزار پتر بوو و ئەم عوسمان پاشایەش لە وڵاتی یۆنان لەدایک بووە و لە ئاستانەی خوێندووە و شەڕێکی زۆری دیبوو و لە پێیەوە زۆر جار بریندار بووە و لە ڕێکردنی خستووە بۆیە نازناوی عوسمان پاشای شەل " تۆپال عوسمان پاشا"ی دراوەتێ و گەلێک پلە و پایەی بەرزی لە پایەتەختی جێنشینیدا دراوەتێ.

عوسمان پاشا گەییە باشووری کەرکووک و ڕووباری "عوزێم"ی لە ١٩ی تەمووزدا بڕی و لەگەڵ نادر خاندا بەیەکدا چوو و هەرچەندێک کە میرە کوردەکانی لێ بوونەوە بەسەریدا سەرکەوت. نادر

خان گەڕایەوە "هەمەدان" و لەشکرەکەی ڕێک خستەوە و لە ڕێی "کرماشان"ەوە گەڕایەوە عێراق دا تۆڵە لە عوسمان پاشا بکاتەوە و کاری بەغدای بۆ کاتێکی تر جێ هێشت، کە گرتنی کاتێکی دوور و درێژی دەویست و ڕاستەوخۆ بۆ عوسمان پاشا چوو و لە شەڕێکدا گورزێکی کوشندەی لێ دا کە پاشای تێدا کوژرا و زۆربەی چەک و سەربازەکانی کەوتنە بەردەست فارس، ئەم شکستە کاریگەرییەکی بە ئازاری بەسەر ئەستەمبۆڵەوە هەبوو کە کاربەدەستان و پیاوانی جەنگ دووبارە خڕبوونەوە و بڕیاری ناردنی عەبدوڵڵا پاشای کوێپریلی-یان وەک سەرعەسکەر دا لە جیاتیی عوسمان پاشا.

دوای ئەم سەرکەوتنەی نادر خان بەدەستەوەی هێنا چیی تر نەمابوو چوونە سەر بەغدا نەبێ، ڕووباری حاسا "خاڵس؟"ی بڕی و مەفرەزەیەکی بۆ خڵافاندنی ئەحمەد پاشا نارد کە وەرگرتنەوەی سەربازانی عوسمان پاشای ڕەت کردەوە و لەگەڵ خێزانەکەیدا ناردنی بۆ بەسرە.

لەم جارەشیاندا بەخت دژایەتیی نادری کرد و بڕیاری دا بگەڕێتەوە ئێران بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی لە هەرێمی فارسی باشووری ئێراندا بەرپا بووبوو. ئامانجی ئەم شۆڕشگێڕانەش گەڕاندنەوەی سەفەوییان بوو بۆ سەر تەختی ئێران. بەر لە گەڕانەوە پەیماننامەیەکی لەگەڵ ئەحمەد پاشادا بەست پەسندکردنی سنووری سوڵتان موڕادی چوارەم و دیلگۆڕینەوەی تێدا تۆمار کرا. خان دوای ئەوەی سەری لە شوێنە پیرۆزەکانی عێراق دا و بەپەلە گەڕایەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕش.

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا پاشا بووە سەرعەسکەری ئاسیا بە لەشکرە بەهێزەکانییەوە پێشڕەویی کرد و لە کوردستانی باکوردا ستاری گرت و فەرمانی دا ئەحمەد پاشا لە پاداشتی ئەوەی پەیماننامەی لەگەڵ نادر خاندا بەست بگوازرێتەوە و بکرێتە والیی حەڵەب. ئەحمەد پاشا "ئورفە"ی لە حەڵەب پێ باشتر بوو و ساڵی ١٧٣٤ چووە ئەوێ. نادر خان دوای ئەوەی شۆڕشی لە فارسدا سەرکوت کرد بەرەو سنووری تورک پێشڕەویی کرد و شارەکانی "تفلیس" و "ئەریوان" و "گەنجە"ی گەمارۆ دا. لە حوزەیرانی ساڵی ١٧٣٥دا لە "باغوەند"ی نزیک شاری "قارس"دا ڕووبەڕووی لەشکری عەبدوڵڵا پاشا بووەوە و لەگەڵیدا جەنگی و بەسەریدا سەرکەوت و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری لەشکرەکەیدا کوشتی و شارە گەمارۆدراوەکانی داگیر کرد و بەرەو باکور چوو بۆ گرتنی گورجستان " جۆرجیا " و داغستان. کە هەواڵی ئەم شکستە ترسناکە گەییە کاربەدەستان لە ئەستەمبۆڵ، دامان و بەبێ سوود لە ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی کانوونی دووەمی ١٧٣٣ی زاین پەشیمان بوونەوە. ناچار بوون ئەحمەد پاشایان بۆ بەرزترین پلە لە ئاسیای تورکیدا بەرز کردەوە و ڕێیان دا ئاشتەوایی لەگەڵ نادر خان ببەستێ کە "ئورفەی یەکسەر بەرەو ئەرزەڕۆم جێ هێشت و لەگەڵ نادر کەوتە گفتوگۆ تێیدا سەرنەکەوت، چونکە داواکارییەکانی ئێرانی توند بوو، گفتوگۆ شەش مانگ درێژەی کێشا، ئینجا نادر پساندی و چوو بۆ جەنگی ڕووس و هەر وا لەگەڵیاندا لە جەنگدا بوو تا هەموو کەرتەکانی دەریای قەزوینی گەڕاندەوە. لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٧٣٦دا بە

شای ئێران ڕاگەیەنرا و لە وتاری چوونە سەر تەختدا کە لە ئاهەنگی چوونە سەر تەختیدا باسی ئەو داواکارییانەی کرد کە لەسەریان گفتوگۆ لەگەڵ ئاستانەدا دەکا، کە هەر هەموو لەبارەی ئەوەوە بوو کە شیعە لە ئیسلامدا وەک ڕێبازێکی پێنجەم پەسند بکرێ پێی دەگوترێ "جەعفەری". مەبەستیشی لەوە فراوانکردنی دەسەڵاتی بنەماڵە سوننییەکەی و یەکخستنی پێکهاتەکانی ئەو لەشکرەی بوو کە لە کورد و ئەفغان و تورکمان پێکەوە هاتبوو بەشێوەیەک کە پشتگیریی ئەو شیعانەی بۆ دابین بکا کە بە سەفەوییەوە پابەند بوون. سوڵتانیش لە کۆتاییدا ئەم داواکارییەی زۆر بەخۆشی پەسند کرد و فەرمانی لە ئەحمەد پاشا کرد پەیماننامەکە بەپێی ئەم مەرجانە ببەستێ:

١ ) پەسندکردنی شیعە وەک ڕێبازێکی پێنجەم لە ئیسلامدا پێی بگوترێ "جەعفەری".

٢ ) دانانی میرێکی تایبەت بۆ حاجییانی ئێرانی.

٣ ) ئازادکردنەوەی دیلەکان.

سنووریش هەر وەک خۆی مایەوە کە لە ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٦٣٩ی سوڵتان موڕادی چوارەمدا هەبوو. پەیماننامە نوێکە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٣٦ی زایندا ئیمزا کرا و ئەحمەد پاشاش دوای دوو ساڵ لێ دوورکەوتنەوە گەڕایەوە بۆ حوکمی بەغدا.

دوای بەستنی ئەم پەیماننامەیە نادر شاه بۆ داگیرکاری لە خۆرهەڵاتدا تەرخان بوو و ڕووی لە هیندستان کرد و سەرکەوتنەکانی تێدا یەک بەدوای یەکەوە دەهاتن. لە ساڵی ١٧٣٨یشدا لە" قەندەهار"ەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسی دیاربەکر و کوردستان و ئەرمینیا بداتەوە، بەڵام وەڵامی نەدایەوە و ساڵی ١٧٤١ باڵیۆزی ئێرانی بە فەرمی داوای لە حکوومەتی تورک کرد جەعفەرییان لە ئیسلامدا وەربگیرێ بەڵام سوڵتان ئەوەی ڕەت کردەوە و جەعفەرییانی بە کافر دانا: بەم هۆیەوە هەڵوێست لەنێو دوو دەوڵەتدا شڵەژا و گەڕایەوە شام، بێ ئەوەی بە فەرمی جەنگ ڕابگەیەنێ و لە ڕێی "مەندەلی"یەوە سنووری بەزاند و هەڕەشەی لە بەغدا کرد. لە بەهاری ساڵی ١٧٤٣ی زایندا شاه بۆ ئەحمەد پاشا نووسی کە وای لێ هاتبوو ڕێزی لێ دەنا گوتی: " من نە زیانی تۆم دەوێ، نە خراپەی شارەکەت، تۆ دوژمنم نیت، کە سوڵتانم مەبەستە " ئەحمەد پاشا وەڵامی دایەوە " مووسڵ بگرە بەغدات دەدەمە دەست ".

لەسەر ئەمە نادر شاه پێشڕەویی بەرەو مووسڵ کرد و گەمارۆی دا، حاجی حوسێن پاشای جەلیلی و موراد و ئەمین–ی دوو کوڕی بەرگرییەکی سەربەرزانەیان لێ کرد. ئێرانییەکان پەلامارەکانیان چەند بارە کردەوە و توانییان بەشێک لە شوورەکەی بڕووخێنن بەڵام نەیانتوانی شارەکە بگرن. نادر شاه زۆر درێژەکێشان و بە چاکی بەرگریی جەلیلیی بینی وازی لە بەرگری هێنا و بەرەو باشوور بۆ بەغدا بووەوە، کە لێی نزیک بووەوە لە لەشکرەکەی جودا بووەوە و بە تەنیا چووە " موعەززەم " و لەوێشەوە بۆ شوێنە پیرۆزەکان کە دەستی بە گفتوگۆ کرد و لەم ماوەیەدا هەواڵی بەرپابوونی شۆڕشگەلی لە وڵاتەکەیدا و ئامادەبوونی تورکان لە باکوردا پێ گەیی، ناچار

گەڕایەوە و دوای ئەوەی بەشێکی لەشکرەکەی لە کەرکووکدا هێشتەوە بە سنەدا ڕەت بوو بەڵام تورکی تێدا لێ هەڵگەڕانەوە.

نادر شاه کە گەیشتە " ئازەربایجان " لە کوردستانی باکوردا لەگەڵ تورکدا بەشەڕ هات و لە ساڵی ١٧٤٥دا قارس-ی گەمارۆ دا و لەشکری یەحیا پاشای بەزاند و لەسەر ئەم سەرکەوتنە نادر شاه داوای پەسندکردنی جەعفەرییانی لە ئیسلامدا کرد و داوای گەڕاندنەوەی شاری وان و بەشە کوردستانەکەی تر و عێراق بە شارە پیرۆزەکانییەوە کرد. لە ساڵی ١٧٤٦یشدا داواکارییەکانی فورس تەنیا کەربەلا و نەجەف بوو. لە ئەیلوولی ئەم ساڵەشدا شا لە کەرتی "قەزوێن"دا بوو لە خێوەتگاکەیەوە بۆ سوڵتانی نووسی داوای بەستنی پەیماننامەیەکی کرد بەپەسندکردنی سنوور وەک لەوەوپێش بوو هەروەها وازی لە داواکارییە ئاینییەکانی کردبوو و گۆڕینەوەی باڵیۆز. سوڵتانیش ئەم پێشنیازانەی بە خۆشییەکی زۆرەوە پەسند کرد و "ئەحمەد پاشای قەیسەرییەلی"ی نارد کە یەک لە پیاوانی دەربار و ناودارەکانی سیاسەت بوو لە تورکیا بۆ گفتوگۆی شاه. لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٧٤٧ی زایندا کە گەیشتە ئەردەڵان بە کوژرانی شای بیست. بەمجۆرە لە سنەوە لە ڕێی "قەڵاچوالان"ەوە گەڕایەوە بەغدا و ئێرانی لەنێو گێرمە و کێشەی ئاژاوە و جەنگی ناوخۆییدا هێشتەوە کە سەدەیەکی ڕێک بەردەوام بوو.

لۆرد کرزون-ی خاوەنی کتێبی فورس و فارس دەڵێ شا چووە خوراسان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردانی کەرتی " قووچان " کوردێک لەناو خێوەتەکەیدا کوشتی و کۆتاییی بە ژیانی هاورد و دوای ئەوە لەشکرەکەی نەیتوانی شۆڕشەکەیان دابمرکێنێ.

*

## هەڵوێستی میرە کوردەکان لە ماوەی ئەم جەنگەدا

### خانە " خانک " پاشای بابان

لە ماوەی ئەم جەنگانەدا دەسەڵاتی کورد پەرەی سەند، ئەویش بەهەڵکەوتنی دوو کەسایەتی لە نێویاندا بە دلێری و ئازایی زانران کە خانک پاشا و خالید پاشای برای بوون. خانک پاشا ئان "خانە پاشا"ش وەک پێشتر باس کرا کوڕی ئەبوبەکر بەگە ساڵی ١٧٣١ی زاین بووەتە حاکمی قەڵاچوالان. کە عوسمانییەکان ئەردەڵانیان گرت ئەمیان کردە والی بەسەریەوە، قەڵاچوالانی جێ هێشت بۆ خالید پاشای برای و چووە سنە، بەمەش دەسەڵاتی بابان لە "کەرکووک"ەوە تا "هەمەدان" فراوان بووەوە و ماوەی لە ئەردەڵان مانەوەی " خانک " پاشا چوار ساڵ بووە و دوای ئەمیش کوڕەکەی جێی گرتەوە و هەردووکیان بە دادوەری و بەزەیی ناوبانگیان بووە. ساڵی ١٧٣٠ش نادر شا فەرمانڕەواییانی لەناوبرد.

لە ساڵانی ١٧٣٣ و ١٧٤٣ی زایندا ئەردەڵانییەکان "شارەزوور"یان گرت و حاکمێکی بیانییان

بەسەرەوە دانا، بنەماڵە فەرمانڕەواکەیان کردە دوو حزب، یەکیان لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوو. یەکەم بابانییش کە پەنای بردووەتە بەر نادر شا، سەلیم پاشا بووە کە ساڵی ١٧٤٣ لەسەر "قەڵا چوالان"ی دانا،کە شارەزووری یەک ساڵ بەدەست ئێرانییانەوە هێشتەوە و کە ئەمانە لە عێراق چوونە دەرەوە هەردوو برا، سەلیم پاشا و سلێمان پاشای کوڕانی خالید پاشا لەسەر حوکمداریێتیی بابان دەستیان بە ناکۆکی کرد. هەڵوێستی ئەحمەد پاشای والیی بەغدا پشتگیریکردنی سلێمان بووە دژی ئەو برایەی پەنای بردە نادر شا، بەوەش لایەنگیریی سیاسەتی ئێرانی نواند.

بابانەکان لە سەروبەندی ئەم جەنگانەی تورک- ئێراندا توانیویانە دەسەڵاتیان بەرەو باکور تا "ڕەواندز" بگەیەنن. دوای ئەوەی ساڵی ١٦٠٠ میرنشینییان لە ناوچەیەکی بچووکدا بووە، ئێستاکە گەیشتووەتە دەشتی هەریر "حەریر". ساڵی ١٧٣٠ش خالید پاشا "کۆیە"ی داگیر کرد دوای ئەوەی تا ئەو ساڵە بە سەربەخۆیی لەژێر فەرمانڕەوایی ئافرەتێکی بنەماڵەی "سۆران"ەوە بووە.

### ئەبولێلە " ئەبولەیلا " و کورد

ئەحمەد پاشا ساڵی ١٧٤٧ مرد، سولەیمان ئەبولێلەی گورجی-ی کۆیلەی پلەی پاشایی و میری میرانیی بەدەست خست و سوڵتان مەحموود وەک والی ناردی بۆ " ئەدەنە " کە چەند ساڵێکی لێ مایەوە و ئینجا گەڕایەوە بەغدا و بە دەستێکی پۆڵاین ئاسایشی سەقامگیر کرد و لە پلە بەرزەکاندا گەلێکی لە کۆیلە گورجییەکان دامەزراندن. هەروەها لە سەردەمیدا گورجییەکی زۆر لە ویلایەتی تەفلیس-ەوە هاتن، هەروەها لاز و ئەبازە لە ڕۆخەکانی دەریای سیاو قەفقاسی باکورەوە. قوتابیی تایبەتیان بۆ کرایەوە بۆ مەشق پێکردنیان لەسەر کاروبار بەڕێوە بردن، ئەمەش چینێکی دڵسۆزی پەیدا کرد لە کاروباری ناوەخۆییدا پشتی پێ دەبەستن. لە ساڵی ١٧٥ شدا لەشکری خۆی و لەشکری مووسڵی بردە سەر کوردستانی باشوور و دوای ئەوە بە پێنج ساڵ ناچار بوو هەڵمەتێکی تر بکاتە سەر ئێزیدییە کوردەکان لە چیای سنجار، کە ئەمین پاشای کوڕی حاجی حوسێن پاشای جەلیلی- شی چووە پاڵ و بۆی ڕێککەوت هەردوو شۆڕش دابمرکێنێتەوە.

*

## بەشی حەوتەم

### بابان و ئێران

دوای کوژرانی نادر شا ئاژاوە ئێرانی گرتەوە و داواکارانی تەختی شاهێتی زۆر بوون کە هێزەکانیان کۆ کردەوە و لە شوێنی جودا جودادا دەستیان بە شۆڕش کرد، بەهێزەکان بێهێزەکانیان دەخستە ژێر ڕکێف، تا سێ کەسیان لێ مایەوە یەکەمیان سەرکردەیەکی تورکی "

قاجار" بوو لە ئازەربایجان و دووەمیان سەرکردەیەکی ئەفغانی بوو لە سەرکردەکانی نادر شا و سێیەمیان کوردێک بوو لە عەشیرەتەکانی زەند. حوکم کەوتە دەست یەکێکیان کە گەل هەڵی بژێرێ و زەندەکە، لەبەر ڕەوشت چاکی و خواردەیی و دادوەری و فراوانی ناوبانگی هەڵبژێررا و ساڵی ١٧٥٧ی زاین بووە فەرمانڕەوای ئێران و ئیسماعیل سەفەویش بە ناوە بووە شا و بە کردەوە گەمە.

دوای ئەوەی کەریم خانی زەند دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئێرانی گرتە دەست، خۆی کردە جێگری شا و بیست ساڵ حوکمی وڵاتی کرد و "شیراز"ی کردە پایەتەختی خۆی. جەودەت پاشای مێژوونووسی تورک لە مێژووەکەیدا دەڵێ: کەریم خان وەک وتراوە یەک لەو کەسانەیە کە نادر شا لە عەشیرەتی زەندی کوردی وەرگرتوون کە لەو میللەتانەن ڕێبازی "غورابییە"ی شیعەی زێدەڕۆ کە لە دەوروبەری شیرازدا نیشتەجێن و ماوەیەک خزمەتی نادر شا و عادل شای برازای و کەسانی تری کرد و پلەی "ئۆنباشی"ی بەدەست هێنا و ئینجا گەیشتە " بینباشی ".

دوای ئەوە هەلی شۆڕشەکانی دوایی قۆزتەوە و نازناوی خانی بە خۆی دا و بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوت و لە نازناوی شا گەڕا و سەربەخۆیی بەناوی جێگری شای ئێرانەوە بەدەست هێنا و شیرازی کردە پایەتەختی حکوومەتەکەی و بارمتەی لە کوڕانی میران و خزمانی لایەنگیریان لە ئێران وەرگرت و پۆست و ویلایەتانی پێ بەخشین و بەوەش بنکەی حوکمەکەی بەهێز کرد و خۆی و منداڵەکانی ماوەی چل ساڵ حوکمیان کرد و لە مێژووی ئێراندا بە زەندییەکان ناسراون.

ئینجا دەڵێ، تایەفەکانی "لوڕ" و "بەختیاری" و "لەک" و "کورد" لە یەک ڕەسەنەوە بوونەتەوە و هەریەکەیان بوونەتە چەند تیرەیەک و وڵاتیان لە "دیار هورمز"ەوە لە ویلایەتی شیرازەوە تا نزیکی مەلاتییە و مەرعەش ڕاکشاوە.

کاتێک کەریم خانی زەند لەسەر تەختی ئێران دانیشت گیانی یەکگرتن لە ناخی ئەم تایفانەدا وروژا کە بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی و شانازییان بەوە کرد کە شایەکی وەک ئەمیان لێ دەرکەوێ و بەلای ئەویاندا شکاند و هەموو بۆ لای ئەو چوون و لەبەر ئەمە کاروباری پاراستنی وڵاتی کورد لە تورکیا پێویستی بە هێزێکی بەهێزی زۆر گەورەی پاراستن دەکرد و حکوومەتی بەغدا کە کاروباری پاراستنی وڵاتی کوردانی بە ئاژاوەی پێ سپێررابوو، ئەو ناوانە کەوتە بارودۆخێکی خراپەوە. کە هەواڵی کەریم خان بە دەوڵەتی بەرزی " عوسمانی " گەیی دانی بە حکوومەتەکەی لە ئێراندا کرد.

لە سەرەتای چوونە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمید خانیشدا نێرراوێکی تایبەتی بۆ نارد نامەیەکی هومایۆنیی پێ بوو پیرۆزبایی شاهانەی لێ دەکرد. کە کێشەی نێو خانانی ئێران توند بوو بەهۆی ئەو نارێکییەی وڵاتی تێ کەوتبوو گەل ناچار بوو و دانیشتوانی ئازەربایجان داوای پاراستنیان لە دەوڵەتی بەرزی عوسمانی کرد و هەندێکیش هانیان دا دەست بەسەر هەندێک لەلایەکانی ئێراندا بگرێ، بەڵام ڕێز لەو پەیمانانە گیرا کە لە سەردەمی نادر شادا بەسترابوون و فەرمان بەسەرکردەکانی سەر سنوورەکان درا هیچ جموجۆڵێکی پێچەوانەی پەیماننامەکە نەکەن.

بەوەش کەریم خانی زەند لەلایەنی دەوڵەتی عوسمانییەوە دڵنیا بووەوە بەڵام ئەم هێمنییە زۆری نەخایاند، لەسەر بەرژەوەندی لە وڵاتی کورداندا گرژی کەوتە نێو دوو سیاسەتەکەوە.

## کارەکانی کەریم خان

کارەکانی کەریم خان لە چاککردنی وڵات و بەختەوەریی ڕۆڵەکانیدا مایەوە. لە کۆتاییی حوکمیدا نەبێ بیری لە هێرشبردنە سەر عێراق نەکردەوە و پێوەندیی بە ئەبولێلە "سلێمان پاشا" وە هەبوو و دیاریی لەگەڵدا گۆڕییەوە و لە سەردەمی عومەری حاکمی بەغدادا کە ئەو کۆیلەیە بوو دوا بەدوای سلێمان پاشا ئەبولێلەوە هاتبوو لەشکری کەریم خان لەگەڵ لەشکرەکانی بەغدادا بەشداریی لە سەرکوتکردنی عەشیرەتی "کەعب"ی عەرەب لە باشووری عێراقدا، کینەی عوسمانییان بە درێژاییی ئەم ماوەیە بە نهێنی بەردەوام پتر دەبوو، ئێرانییان هەستیان بەمە کرد و بێزار بوون لە:

١. توندیی عوسمانییان لە هەڵسوکەوتدا لەگەڵ حاجییانی شیعەدا و باجێکی زۆریان لە دەرنە لەسەریان دانرا بوو بەرامبەر چوونە شوێنە پیرۆزەکان لە عێراقدا.

٢. هەڕەشە لە ژیانی شیعە کردن لەناو خاکە عوسمانییەکاندا.

کەریم خانیش نارەزاییی بەرامبەر ئەم بەدهەڵسوکەوتە و هەڕەشەی لە پاشای بەغدا کرد. بە گوازتنەوەی بازرگانیی کەنداوی فارسی لە "بووشیر" و "بەندەر عەباس"ەوە بۆ "بەسرە" تورکەکان بەدکارییەکی تریان خستە سەر بەدکارییەکانیان. بەر لەوەی باسی جەنگە نوێکەی نێوانی تورک و ئێران، دەبێ هەڵوێستی حکوومەتی "قەڵاچوالان" بکەین لەبەر ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەی بەم جەنگەوە.

ساڵی ١٧٤٧ سەلیم پاشای بابان بەسەر سلێمان پاشای برای و لەشکری ئەحمەد پاشای والیی بەغدادا سەرکەوت و "قەڵاچوالان"ی گەڕاندەوە و هێرشی بردە سەر خاکی عێراق و چەند ساڵێک هەر تیزی بە حکوومەتی بەغدا دەکرد. لە ساڵی ١٧٥٠شدا ئەبولێلە پێشڕەویی کرد بۆ شکاندنی سامی سەلیم پاشا و لە چوار شەڕدا جەنگی لەگەڵدا کرد کۆتا بە سەرکەوتنی ئەبولێلە هات و سەلیم پاشاش هەڵات و چووە ئێران و سلێمان پاشا گەڕایەوە قەڵاچوالان و ماوەی چواردە ساڵی پچڕپچڕ حوکمی تێدا کرد. ئەم سلێمان پاشایە لە مەزنەکانی بابانییان دادەنرێ و یارمەتیی ئەبولێلەی بە بەرچاوەوە گرتبوو بەوەی کە بە درێژاییی حوکمەکەی سوپاکەی لەژێر دەسەڵاتیدا دانابوو. عادیلە خانمی کچی ئەحمەد پاشا و هاوسەری ئەبولێلە یەک لەو بێزاربووانە بوو بەرامبەر کارەکەی سەلیم پاشا، سوور بوو لەسەر تۆڵە لێ کردنەوە و بە شێوەیەکی دۆستانە بانگهێشتنی بەغدای کرد و لەوێ ناپاکانە کوشتی.

بەمردنی ئەو سلێمان پاشا جگە لە محەمەد پاشای کوڕی خانک پاشا ڕەقیبی نەما و ساڵی ١٧٦٠ بەسەر هاودژەکەیدا سەرکەوت و قەڵاچوالانی لێ داگیر کرد و سلێمان پاشاش گەڕایەوە و

پەنای بردە بەر بەغدا و بە هێزێکی گەورەوە بۆ جەنگی محەمەد پاشا هاتەوە و لەسەر ڕۆخی ڕووباری "نارین"دا بە لەشکرەکەی گەیشت و بەسەریدا زاڵ بوو و بە دیلی گرت و ئینجا کوشتی.

## مردنی ئەبولێلە و ڕاپەڕینی بابان

بەمردنی ئەبولێلە ئەو مۆتەکەیەی بابانی لەژێر گوێڕایەڵیی بەغدادا هێشتبووەوە لاچوو و دەستیان بەهێرشبردنە سەر خاکی عێراقی عەرەب کرد، عەلی پاشای کۆیلە ئەوەی دوای عومەر بووە والیی بەغدا ئاگەداری کردنەوە، وازیان لەو هێرشانە نەهێنا ئەویش لەشکرێکی کردە سەریان. بەلەشکرێکی چوار هەزار سوارە و هەشت هەزار پیادەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرچوون و لەگەڵیدا بەیەکیاندا دا و لە شەڕێکدا لە ئەنجامدا شکستیان هێنا و سلێمان پاشای بابان لەگەڵ هەشتا کەسی دەست و پێوەندی هەڵهاتن و پەنایان بردە بەر حکوومەتی ئێران، کە لەشکری کرماشانی دایێ و لەگەڵیدا گەڕایەوە خاکە عوسمانییەکان و میرنشینییەکەی گەڕاندەوە. لە ساڵی ١٧٦٣شدا هێرشی بردە سەر ئەردەڵان و میرەکەی بەزاندی و زیانی زۆری لێ دا.

ساڵی دواتر پەسندیی کەریم خانی بەدەست هێنا و بۆ تەنیا ساڵێک کردییە والیی "سنە" تێیدا کوژرا و دوای خۆی بە ئاماژەی کەریم خان عەلی پاشای کوڕی لە جێی دانرا و محەمەد پاشای برای "قەڵاچوالانی" بەدەست خست و ئەم ئاڵوگۆڕە دژایەتییەکی لەنێو محەمەد و ئەحمەدی کوڕانی خالید پاشادا پەیدا کرد ئەنجام بە شەڕێکی گەرم بەکۆتا هات تێیدا ساڵی ١٧٧٤ محەمەد بەسەر ئەحمەدی برایدا سەرکەوت و کە ئەوسا حاکمی کۆیە بووە و چووەتە بەغدا و پەنای بۆ عومەری کۆیلەی والی برد کە لەشکرێکی دایێ بۆ گەڕاندنەوەی قەڵاچوالان، گەڕایەوە و لەگەڵ برایدا جەنگی و بەسەریدا سەرکەوت و ناچاری کرد هەڵبێ و بچێتە سنە. ئەم سەرەوژێرییەی سیاسەتی بابان و بەغدایە لەگەڵ ئەو هۆیانەی باسیان لێوە کرا لە هەڵسوکەوتی بەرامبەر حاجییانی شیعە، هۆگەلێک بوون بەس بوون کەریم خان جەنگ بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنێ.

## جەنگی فارسی – تورکی

کەریم خان بە سەرکردایەتیی " عەلی مەردان خان " لەشکرێکی ناردە کوردستانی فارس یان ئەردەڵان چواردە هەزار کەس دەبوون، کە لەوێوە بەرەو خاکی تورک بچن و محەمەد پاشای بابان بگەڕێنێتەوە جێی خۆی. کە والیی بەغدا بەمەی زانی هێزێکی گەورەی نارد چووە پاڵ لەشکری قەڵاچوالان و لەگەڵ هێزی شادا بەیەکیاندا دا و بەسەریدا زاڵ بوو و عەلی مەردانیشی بە دیل گرت و بردیانە بەغدا و لەوێشەوە والی ناردیەوە بۆ شا کە بە فەرمی جەنگی ڕاگەیاند و لەشکرەکانی چوونە وڵاتی بابان و کەرتەکانی تری سەر سنوور و زیانێکی زۆری لە " باجەڵان " و " دەرنە " دا و شارەزووریشی گرت و محەمەد پاشای گەڕاندەوە و دوای ئەوە ئەم لەشکرانە پێشڕەوییان بەرەو کەرکووک کرد و هەڕەشەی لە هێزی پارێزەری کرد و " بەدرە " و " مەندەلی "

کەوتنە بەردەستی خان و میرەکانی کوردستان.

کە حکوومەتی ئاستانە بە هەواڵەکەی زانی ئەویش بە فەرمی جەنگی دژ بە ئێران ڕاگەیاند و عەبدوڵڵا پاشای درێژ "ئوزون"ی والیی دیاربەکری بە والییەتی نارده بەغدا و عومەر پاشای کۆیلەمەندی گوازتەوە و هەروەها حەسەن پاشای حاکمی " ماردین " و کەهیەی ئەبولێلەی بۆ " کەرکووک "نارد و کردییە حاکمی گشتیی سەر کەرکووک و مووسڵ ئینجا هەردووک لە عەبدوڵڵا پاشا و حەسەن پاشا دەسەڵاتێکی فراوانیان درایێ بۆ جێبەجێکردنی پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی ئێرانییان و دەرکردنیان لە عێراق.

یەکەم کار کە حەسەن پاشا کردی پشتبەستن بوو بە دوو برا، محەمەدی حاکمی قەڵاچوالان و ئەحمەدی حاکمی کۆی بوو هەرچەند کە هەردووکیان لە سیاسەتیاندا بەرامبەر هەردوو حکوومەتی ئێران و عوسمانیدا جێگیر نەبوون. ئەحمەدی لە ڕێی زەهاوەوە نارده کرماشان و محەمەدی لە قەڵاچوالانەوە نارد بۆ سنە، ئەمیان چووە ناو ئێران و بەسەر لەشکری ئەردەڵاندا سەرکەوت و زیانێکی زۆری لێ دا و شاری بانەی تاڵان کرد و لەگەڵ خوسرەو پاشای ئەردەڵانیدا بەیەکدا چوون و سەرکەوتنێکی بەرچاو بەسەریدا سەرکەوت و خوسرەو بۆ چیاکانی هەڵهات و خۆی لێ قایم کرد.

ئەم سەرکەوتنە کاریگەرییەکی باشی لە ئاستانەدا هەبوو، سوڵتان دیاریی بەهاداری بۆ محەمەد پاشا نارد لە پاداشتی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنابوو. کەچی ئەحمەد پاشا چووە پاڵ ئەو لەشکری ئێرانەی وا کەریم خان بە سەرکردایەتیی "قەلب عەلی خان"ی میری لوڕستان ناردبووی. ئەم لەشکرە پێشڕەویی کرد تا لە هێزی محەمەد پاشای دا و بەزاندی و هەر بەدوایەوە بوو تا دەستی بەسەر شارەزووردا گرت و ئەحمەد پاشا گەڕایەوە سەر میرنشینییەکەی، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو محەمەد پاشای برای بە هاوکاریی حاکمی " کۆی " و " کەرکووک " هێرشی بردە سەر بەڵام سەرنەکەوت. دوای ئەوە ئەحمەد پاشا نووسراوێکی بۆ حەسەن پاشا نارد بە شێوەی سەرکەوتوو داوای لێبووردنی لێ دەکا لەسەر ئەو ڕووداوانە و داوای لێ کرد لە میرنشینیی شارەزوور پشتگیریی لێ بکا ئەویش بە پەسندکردن وەڵامی دایەوە. بەوەش ئەحمەد پاشا پشتگیریی فارس و تورکیشی بۆ میرنشینیی شارەزووری بەدەست هێنا. بەڵام لە هێرشەکانی پاشای سۆرانیی " کۆیە " و براکەی ڕزگاری نەبوو کە سەرەڕای بێ ئەنجامی یەک بەدوای یەکدا دەهاتن.

کە والیی بەغدا لە ئەستەمبوڵ ڕاپەڕی فەرمان بۆ حەسەن پاشا هات لەشکرێکی بکاتە سەر. نووسراوێکی بۆ ئەحمەد پاشا نووسی لە شارەزوور داوای یارمەتیی لێ کرد، هات بەڵام لە ڕێدا مرد و مەحموود پاشای برا گچکەی کاروباری هەڵمەتەکەی بەڕێوە برد و دوای ئەوەی لێک حاڵی نەبوونی لەگەڵ ئەستەمبوڵ لاچوو لایبرد، ئیبراهیم-ی برازای لە جێ دانا کە مەحموود پاشا بەرامبەر بەم جێبەجێکارییانە دەستەوسان نەوەستا و عوسمانی کوڕی نارد لەگەڵ هەردووک لە

عوسمان و حەسەن پاشای کەهیە و حاکمی کەرکووکدا گفتوگۆ بکا بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی هاوبەش، کە لە فرمانەکەیدا بەرکەوتوو بوو.

ئەم هەواڵانە گەیشتنە سلێمان پاشای گەورەی والیی بەغدا و پێشڕەویی بەرەو کەرکووک کرد، کە هێزی مووسڵ و هێزەکانی ناکۆکەکانی بابانی هاتە پاڵ، مەحموود پاشا بەرامبەر بەمە چاری لە قبووڵکردنی مەرجەکانی والی بەولاوە هیچی بۆ نەمایەوە بۆ ڕاگرتنی خوێنڕشتن و ساڵێک دوای ئەوە هێنرایەوە بۆ جێی خۆی و دەستی بەفراوانکردنی میرنشینییەکەی کرد کە "کۆ"ی خستە سەر، هەرچەند پێشتر درابووە مەحموود بەگی سۆرانی و سنوورەکەشی فراوان کردەوە بە خستنەسەری بەشێکی لە خاکەکانی میرنشینیی "ڕەواندز"ی ڕەقیبی گەورەی میرنشینیی بابان. ساڵی ١٧٨٣ی زاین ڕاپەڕی و دژی ئەو پەیماننامەیەی لە نێوان خۆی و سلێمان پاشای والیی بەغدادا بەسترابوو. والیش کە یەکێک بوو لە کۆیلەمەندەکان لەشکرێکی کرد بۆ سەرکوتکردنی سەرکردەکانی دەوروبەر کە ماودارترینیان پاشای کۆیە بوو. کە ئەم هێزە گەییە نیشتمانی شۆڕشگێڕەکە بەرگرییەکی ئەوتۆی نەبینی چونکە لایەنگرانی مەحموود پاشا بەجێیان هێشت و لە قەلاکانیان دەرکرد، کە هەڵهات و چووە ئێران کە مردنێکی خراپ مرد. لەشکریش دوای سەقامگیریی ئاسایش گەڕایەوە و عوسمان پاشای کوڕی شۆڕشگێڕەکەش چووە بەغدا و گوێڕایەڵیی بۆ والی نواند. ئیبراهیم پاشای کوڕی برای شۆڕشگێڕ بۆ دووەم جار لەسەر میرنشینیی بابان دامەزرا.

## ئیبراهیم پاشا

کوڕی ئەحمەد پاشای بابانە کە بنیاتنانی شاری سلێمانیی تەواو کرد کە ساڵی ١٧٨١ مەحموود پاشای مامی دەستی بە بنیاتنانی کردووە. ناوی سلێمانیی لێ نا بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی سلێمان پاشا کە گەورەترین پشتگیری بوو لە بوونە میری میرنشینیی بابان. دوای ئەوەی بنیاتنانی شارەکەی تەواو کرد شوێنە کارگێڕییەکەی خۆی توند کرد و زەوییەکی فراوانیشی لە کەرتەکانی زەهاو و قەسری شیرین و خانەقینی خستە سەر میرنشینییەکەی. گەلێکیش لەوانەی لەگەڵیدا بوون پێیان خۆش نەبوو لە شار دانیشن و لە عەشایەر دوور بکەونەوە، بۆیە وردە وردە دۆستایەتیی گەل و لایەنگیرانی لە دەست دەدا. کە حکوومەتی بەغدا داوای لێ کرد بچێ بۆ یارمەتیدانی ئەو لەشکرەی دەچووە باشووری عێراق دوا کەوت و عوسمان پاشای کوڕی مەحموودی نارد بۆ ئەوەی جێی بگرێتەوە، چوو و لە شەڕی "ئوممولعوبباس"دا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و لە شۆڕشی بەسرەی ساڵی ١٧٨٨ی زاین هەڵوێستێکی جودای هەبوو. حکوومەت بەمە تووڕە بوو و لە بەندیخانەی کرد و مرد و بە مردنیشی ئیبراهیم پاشا ساڵێکی تریش لەسەر تەختی میرنشینیدا بەبێ ڕەقیب مایەوە. لە کۆتاییی ئەو ساڵەشدا لابرا و عەبدوڕەحمان پاشای برای عوسمان پاشای لە جێ دانرا.

هەواڵنامەی کتێب

## عەبدوڕەحمان پاشا

لە ناودارانی میرانی بابانە، بە کارتوندی و ئازایی ناسراوە و فەرمانڕەواییی لە ساڵی ١٧٨٩-وە تا ساڵی ١٨١١ درێژەی هەبووە، لەم ماوەیەدا خزمەکانی سێ جار ویستوویانە لە ناوی ببەن و نەیانتوانیوە. لە سەردەمیدا بوومەلەرزەیەک بوو خانوویەکی زۆری ڕماند و تاعوون بڵاو بووەوە و خەڵکێکی زۆری پێ مردن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر ڕەوشی خۆی ماوەتەوە و هەوڵی باشترکردنی میرنشینییەکەی و چاککردنی داوە.

لە ساڵی ١٧٩٢دا بەغدا داوای لێ کرد بێتە یارمەتی لە تەمێکردنی شاوی-ی شۆڕشگێڕ، لە ساڵی ١٧٩٤یشدا لەشکرەکەی برد و چووە شنگار و هێرشی بردە سەر، ئینجا بەرەو " ئورفە " پێشڕەویی کرد. لە ١٧٩٩یشدا سێسەت کەس لە لایەنگیرانی لە هێرشبردنە سەر یەزیدییاندا بەشداریی کرد. ئیبراهیم پاشا لەم ماوەیەدا توانیبەغدا ڕازی بکا و بگەڕێتەوە حاکمێتیی سلێمانی و بەوەش حوکمی عەبدوڕەحمان پاشا لە "کۆی" و "هەریر"دا مایەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٨٠٢شدا خۆی و سالم-ی برای لە بەغداوە داوا کران و لەوێشەوە نێررانە بەندیخانەی شاری " حیللە " لە عێراقی عەرەبیدا.

*

### شارەزوور و بابان

### لە ساڵی ١٨٠٢ەوە تا ساڵی ١٨١٣ی زاین

### هەڵوێستی بابان لە تورک و ئێران

لەم ماوەیەدا هەڵوێستی بابان بەرامبەر ئەو دوو حکوومەتە بەمجۆرە کورت دەکرێتەوە:

١. کاریگەرییان لە دانان و لابردنی والییانی بەغدادا، ئەمەش بەزۆری لە ماوەی حوکمی عەبدوڕەحمان پاشا و کوڕیدا بووە.

٢. سەختبوونی دوژمنایەتیی تورک و ئێران بەهۆی کێبەرکێی میرەکانیانەوە.

٣. لاچوونی سنووری نێوان تورک و ئێران کە دواتر سەدەیەکی ویست تا دەستنیشان کرا.

## عەبدوڕەحمان پاشا

ساڵی ١٨٠٢ عەبدوڕەحمان پاشا دووبارە گەڕایەوە سلێمانی و ماوەیەک مایەوە کە دانی بەدەسەڵاتی بەغدادا دەنا و لە پەیمانەکانیدا ڕاستگۆ بوو، بۆیە لەشکرەکانی چوون بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئامێدی و لەوێشەوە گەڕایەوە عێراقی عەرەب تا لەگەڵ هێزی پارێزگاری

تورکیدا بەشداریی پاکسازیی فورات لە شۆڕشگێڕانی عەرەب بکا. ئینجا ساڵی ١٨٠٥ خۆی و مەحموود پاشای کۆیە چوون بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی شاوی و لە ڕێگە ناکۆکییان کەوتە ناو و مەحموود پاشا کوژرا. کە لە باشوور گەڕایەوە هێرشی کردە سەر بەغدا و پەیمانی عەلی پاشای والیی بەغدای ڕەت کردەوە و ئەمیش نووسراوێکی نارد بۆ جەلیلی-ی والیی مووسڵ، داوای لێ کرد ئەم شۆڕشگێڕە کوردە لەسەر کار لاببا، جەلیلییش لەشکرێکی بەڕێ کرد و لەلای کۆیە گەیشتە عەبدوڕەحمان پاشا و لە شەڕێکدا لەگەڵیدا بە یەکدا چوو و عەبدوڕەحمان پاشای تێدا سەرکەوت و چووە ناو کۆیە و تاڵانی کرد و ئینجا بەرەو دەربەندی بازیان پێشڕەویی کرد و بە ڕووی لەشکری بەغدایدا توند کرد و بەیەکیاندا دا بەڵام نەیتوانی خۆی بگرێ و هەڵات و چووە سنە و حکوومەتی بەغدا خالید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای برای ئیبراهیم پاشای بە میری سەر سلێمانی هەڵبژارد.

ئێرانیش هەر پشتگیریی میرانی شارەزوو ر و بابانی دەکرد بۆ ئەوەی تا دەتوانێ حەسانەوە لە دەوڵەتی عوسمانی تێک بدا، بۆیە شا ناوچەیەکی گەورەی بۆ عەبدوڕەحمان پاشا بڕییەوە و بۆ والیی بەغدای نووسی عەبدوڕەحمان بگەڕێنێتەوە سەر تەختی شارەزوور بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە. دوا بەدوای گەیشتنی نووسراوەکەی شا دەنگۆ پەیدا بوو کە کۆمەڵانێکی زۆر لە فارس هاتووەتە سەر سنوور خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرشبردنە سەر عێراق. هەرکە ئەم هەواڵانە گەیشتنە عەلی پاشای والی دەستی بە خۆئامادەکردن کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن. لە ناوەڕاستی هاوینی ساڵی ١٨٠٦دا بەغدای بەجێ هێشت و لە " شارەبان " لەگەڵ ئەو میرە کوردانەدا کۆ بووەوە کە سەر بەحکوومەتی تورک بوون و ئینجا بەبێ فەرمانی بەرزی ئەستەمبوڵ سنووری بەزاند. لە پێشڕەویدا بەردەوام بوو تا گەیشتە کرماشان و لەوێوە بەرەو خۆرهەڵات چوو، ئەوەندەی پێ نەچوو لەسەر فەرمانەکانی سوڵتان کە فەرمانی گەڕانەوەی دابوویێ گەڕایەوە بۆ عێراق.

هەرکە گەیشتە بەغدا سولەیمانی گچکەی کەهیەی نارد پشتی خالید پاشای بابان بگرێ و شاهیش بەرامبەر بەغدا دەستەوەستان نەوەستا و عەلی میرزای حاکمی کرماشانی کوڕی نارد و فەرمانی پێ کرد پاسەوانیی سنوور بکا و میری ئەردەڵانیش پشتگیریی عەبدوڕەحمان بکا. بەمەش هەردوولا، تورکیاش و ئێرانیش بەهۆی کێبەرکێی بابانەوە خۆیان ئامادەی جەنگ دەکرد.

سولەیمانی گچکە بە بەزاندنی سنوور جەنگەکەی دەست پێ کرد، بە هەڵەوەڕی و بەبێ ڕوونبینی بە لەشکرە شەکەتەکەیەوە ڕووی لە ئەردەڵان کرد بۆ خڵافاندنی لەشکری فارس، تووشی کاری خۆی هات و بەدیل گیرا. ئەم کارەی بووە هۆی ئەوەی عەلی میرزا لە باکوری خانەقینەوە پێشڕەویی کرد و چووە ناو ویلایەتی بەغداوە بە تالان و ڕووتکردنەوە و عەبدوڕەحمان پاشاش دوای شکاندنی لەشکری کەهیە چووە ناو سلێمانی.

سوڵتان لەم کارانە حەسانەوەی نەبوو کە بەهۆی بەدکارگێڕیی والیی بەغداوە بەرپا بوون،

لەسەر کاری لابرد و سلێمان پاشای لە جیاتیی دانا، لە سەردەمی ئەم والییەدا دەسەڵاتی بابان زیاد بوو و هێرشیان بردە سەر کۆیە و عەبدولڕەحمان پاشا لە ڕێی کفرییەوە هێزێکی بۆ سەر ڕووباری خاسە نارد و والیی نوێ فەرمانێکی تازەی بەلابردنی دەرکرد. دوا بەدوای ئەوەوە سلێمانی گچکە لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٨٠٨ ی زایندا پێشڕەویی کرد بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە و لەگەڵ عەبدوڕەحمان پاشا بەیەکدا چوون و بەزاندییە ئێران کە پەنای بردە بەر شا و سلێکان پاشاش لە سلێمانی دامەزرا و خالید پاشاش لە کەرکووکدا مایەوە کە دەسەڵاتی بەهۆی پیلانەکانی والییەوە ڕووی لە لاوازی دەکرد و ناچار بوو لەگەڵ " ٦٠٠ " سوارچاکدا لە لایەنگیرانی هەڵهاتە ئێران و چووە پاڵ عەبدولڕەحمان پاشا. بەوەش هەڵوێستی والی شلۆق بوو و بۆ عەبدوڕەحمانی نووسی داوای گەڕانەوەی لێ دەکرد بۆ میرنشینییەکەی لە سلێمانی و پێی ڕادەگەیاند کە سلێمان پاشا بە ناوچەگەلێکی تر قەرەبوو کراوەتەوە.

هات و بەگەڵ سیاسەتی تورکدا کەوت و بە هاوڕێتییە درۆزنانەکەیان هەڵخەڵەتا و بەوەش پشتگیریی ئێرانی لەدەست دا. بەڵام ئەم هاوڕێتییە زۆری نەخایاند، دوای دەرکەوتنی ناکۆکیی لەگەڵ ئەردەڵان و پەیدابوونی هەندێک ئاژاوەی گچکە لە سلێمانیدا هەردوو دەوڵەت لە دژی ڕێککەوتن و لایانبرد.

شتێکی سانایە کە دوای ئەوە عەبدوڕەحمان پاشا ڕقی لە هەردوو دەوڵەتەکە ببێتەوە و هەرکە لەشکری ئێرانی لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی چووە دەرەوە پەلاماری سلێمانیی دا و چووە ناویەوە و ئینجا پەلاماری دێهاتەکانی ناوچەکانی هەولێر و کەرکووکی دا بۆ ئەوەی گەمە بە هێزی بەغدا بکا و والی هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە ساڵی ١٨١١ فەرمانگەلێکی بۆ لابردنەوەی دەربکا، هەروەها لە حوزەیرانی ١٨١٢دا لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵا پاشاوە نارد. بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان، ئەم لەشکرە لەگەڵ لەشکری میری کورد لە کفری گەیشتنە یەک و بەشەڕ هاتن و لە سەرەتادا هێزی تورک شکستی خوارد کە کوردەکان هێرشیان بردە سەر هێزی بەرگریکار و لە هێڵی یەکەمی دوژمنیان دا.

بەڵام تورک زۆری پێ نەچوو بە سەرکردایەتیی " داود ئەفەندیی دەفتەردار " هەڵمەتیان بردەوە سەر کوردەکان و بەزاندیانن و بەمەش سەرکەوتنیان بۆ ڕەخسا، ئەم سەرکەوتنەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە بەغدا هەبوو کە میهرەجانگەلێکی گەورە گێڕرا و والیی ئەم هەلەی قۆزتەوە و دۆڵەکانی شارەزووری خستە سەر ویلایەتی بەغدا. عەبدوڕەحمان پاشاش دوای ئەم شکانە چاری لە پەنابردنە بەر ئێران بەولاوەی نەدیتەوە و چووە ئەوێ و لەگەڵ بێ متمانەییشی پێی، شا بەهانایەوە هات و بۆ والیی بەغدای نووسی فەرمانی پێ کرد بەبێ بەرگری بیگەڕێنێتەوە میرنشینییەکەی لە سلێمانی.. بەمجۆرە سلێمانی و کۆیە و هەریری ساڵێکی تریش حوکم کرد و ساڵی ١٨١٣ی زاین کۆچی دوایی کرد.

## سەعید پاشا و بابان

سلێمان پاشا دوای مردنی خۆی سەعید پاشای کوڕی کە لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا بوو لە ویلایەتی بەغدا لە جێی خۆی هێشتەوە. کە کارگێڕێکی باش نەبوو، بۆیە بەو هۆیەوە هەندێک ئاژاوە لە عێراقدا پەیدا بوو، وای پێویست کرد فەرمانگەلی سوڵتانی بەلابردنی دەرچوو. هەروەها هەڵوێستی لەگەڵ میرنشینییە کوردەکەشدا باش نەبووە. بابان دوای مردنی عەبدوڕەحمان پاشا مەحموود پاشای کوڕی سلێمان پاشایان بەسەر سلێمانییەوە کردە میر و سلێمان پاشای گچکەترینی کوڕانی ئیبراهیم پاشاشیان کردە حاکمی کۆیە و حوکمەکەی تا دوو ساڵ بەهێمنی بەسەر چوو و ئینجا دوو کەس لە بلیمەتەکانی بابان دەرکەوتن کە یەکێکیان خالید پاشا بوو دەستیان بە هاتوچۆی بەغدا کرد و بە ژیرییان توانییان حاکمێتیی هەولێر و کۆیە بەدەست بهێنن. ساڵی ١٨١٦ی زاین سلێمان پاشای حاکمی هەڵات بۆ لای میرزا لە کرماشان. سەعید پاشا عەبدوڵڵا پاشای برای عەبدوڕەحمان پاشای بابانی لە سلێمانی دامەزراند و چەکی دایێ بۆ چەسپاندنی شوێنی، مەحموود پاشای میری ناچار بوو داوای یارمەتی لە ئێران بکا.

## داود ئەفەندی و مەحموود پاشای بابان

ڕاپۆرتگەلی تێروتەسەل لەبارەی بارودۆخی گشتییەوە گەیشتە سوڵتان، ئەو ئامادەکارییە جەنگییانەی کوردستانی باشوور و عێراقی عەرەب و شایستەنەبوونی بۆ کارگێڕیی سەعید پاشایان دەردەخست و خۆی بووەتە هۆی ڕاستەوخۆی ئاژاوەکانی میرنشینییە کوردەکان و دەست تێوەردانی ئێران. فەرمانەکانی دەرکرد بەلابردنی و داود ئەفەندیی دەفتەردار ئەم هەلەی قۆزتەوە و خۆی پاڵاوت بۆ ویلایەتی بەغدا بەوەدەستهێنانی متمانەی گەل.

ئینجا چووە سلێمانی و زۆر کەس لە سەرکردەکان و لایەنگرانی دوای کەوتن و مەحموود پاشای بابان بە ناوی حاکمی عێراقی پاڵێوراو پێشوازییەکی گەورە و گەرمی لێ کرد و قسەشی دایێ ئەگەر ببێتە والیی بەغدا متمانەی بداتێ یارمەتیی ئێران ڕەت دەکاتەوە و سلێمان پاشای حاکمی کۆی و لایەنگرانی لە کرماشانەوە گەڕانەوە سلێمانی و هەر لەوێ بابانەکان داواکارییەکیان ڕێک خست و ناردیانە ئاستانە داوای دامەزراندنی داود ئەفەندییان تێدا کرد بە حاکمی عێراقی عەرەبی.

دوای ئەوەی داود ئەفەندی چل ڕۆژی لە سلێمانی بەسەر برد گەڕایەوە کەرکووک بۆ ڕێکخستنی کاروباری، ئینجا خۆی و میرە کوردەکان بەرەو بەغدا بوونەوە بۆ لەناوبردنی حوکمی سەعید پاشا کە خۆی بەعەشیرەتی عوقەیلی عەرەبی و کوردەکانی لایەنگرانی عەبدوڕەحمان پاشا و خالید پاشا قایم کردبوو، شەڕ لە نێوانی هەردوولادا بەرپا بوو لە سەرەتادا سەرکەوتن لەلای سەعید پاشادا بوو ئینجا داود ئەفەندی بە هێزەکانی بابان تێ هەڵچووەوە و بەزاندییە ناو شوێنە

قـایمەکـەی. گـەل دەروازەکـانی شـوورەکـانی شـاریـان کـردەوە بـۆ پیـاوانـی داود ئـەفـەنـدی و چوونە ژوورەوە. بەوەش حوکمی سەعید پاشا کەوت و داود ئەفەندی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دەستبەکار بوو و کاروباری ڕێک خست و لێبووردنی بۆ کوردان و عوقەیلییەکان دەرکرد.

دوای دوو سـاڵ واتە سـاڵی ١٨١٨ی زاین، گرژی کـەوتە پێوەندییـەکانی نێوان داود ئـەفـەندی و مەحمـوود پاشای بابان و ئەمیان هانای بۆ میرزا محەمەد عەلی برد، کە داود ئەفەندی لەشکرێکی کردە سـەر. میـرزاش بە دە هەزار سـەرباز و بـە سـەرکردایەتیی خـۆی و هـەرچی و پـەرچیی ناردە مـەندەلی و بەدرە و جەسـسـانی شـارە کوردەکانی تەک سنووری عێراقی عـەرەبی لە خـۆرهـەڵاتدا و تاڵانیان کردن و هێزەکانی بەغدا بە هـۆی ئەوەوە بوون بە دوو بـەش، بەشێکی کردە سـەر سنوور و شەڕی لەگەڵ ئێرانییان کرد و بەسەریاندا سـەرکەوت و بەشەکەی تری بە سـەرکردایەتیی عەبدوڵڵا پاشـای بابان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێـزەکانی میـرزا، کـە ئەم تیپـە گـەییـە کەرکووک سـەیری کرد هـەمـوو دۆڵەکانی خـۆرهـەڵاتی شـار کـەوتووەتە بەردەسـتی سـوپای ئێران و عـەبدوڵڵا پاشـا نەیوێرا بیـانگـەڕێنێتــەوە، لەبەر ئـەمـە داود ئـەفـەندی ناچار بوو بۆ داواکـارییـەکـانی مـیـرزا دانـەوێنێ و مەحـمـوود پاشـا بهێنێتـەوە میرنشینیی سلێمانی تا ئەو هێزانەی دەگاتێ کە لە ئەسـتەمبۆڵی داوا کردبوو، میـرزاش دوای جـێبـەجێکردنی کـارەکـەی گـەڕایەوە ئێـران، ئینجـا دەمـودەست لەبەر ئەم هۆیانە گەڕایەوە بۆ هێرشبردنە سەر عێراق:

١. پەنابردنـی هـەندێک لەو بابانانـەی داوای تەختی میـرنشـینیی سلێمـانییـان دەکـرد و هـی تر لە سەرکردەکانی بەغدا کە محەمەدی کەهیەشیان لەناودا بوو.

٢. عوسمانییەکان پارێزگارییان لە دوو عەشیرەتی کورد دەکرد کە ئێران دەیگوت سەر بەون.

هێـرشی سـەر عـێـراقی مـیـرزا لە ڕێی "زەهـاو"ەوە بوو کـە پێشـەنگێکی بـە سـەرکـردایـەتیی لەسـەرکردەکانی بابان نارد هێرشی بردە سـەر خـانەقین و تاڵانی کرد. کە هێزەکانی داود ئەوەندە نەبوو بەشی بەردەمی هێرشە ئێرانییـەکان بگرێ هانای بۆ سـوڵتان برد و پێی ڕاگەیاند کە مـیرزا مـحەمـەد عەلی پەلاماری کوردسـتانی باشـووری داوە و میرزا عـەباسی شازادەش " شـای هێشتـا لەسـەر تـەخت دانـەنیشتـوو " کوردسـتانی باکور و سـوڵتان پازدە هـەزار ئـەلبـانیی غـەیرە نیـزامیی بۆ نارد و بەشێکیان گەیشتنە بەغدا و والییەکەی خستییە تەک هێزەکەی و چل تۆپی بۆ دابین کردن و بەسـەرکردایەتیی مـەحمـوودی کەهیـە ناردییـە " زەنگاباد" کە لـە ئەیلوولی سـاڵی ١٨٢١دا گەیشتـە ئەوێ. چل ڕۆژی تێدا مایەوە.

ئینجـا کـەهیــە لە ڕێی کـەرکـووکـەوە بەرەو بازیان چوو و لەوێ زانی کـە عـەبدوڵڵا پـاشـای بە سەرکردایەتیی پێنج هـەزار ئێرانییـەوە لەوێیە و لە سنوورەوە هێناونییەتە شـارەزوور لە ڕێی بەرەو سلێمـانیـدا بەردەوام بوو و بەر لە عـەبدوڵڵا پاشـا گـەیشـتـە ئەوێ و بـەهۆی ئەو نەخـۆشـیـانەی کەوتبووە ناویان بـەهۆی کەشی زۆر ساردی کوردسـتان و تەواوبوونی ئازووقـەوە، سوپاکەی ورەی بەردابوو و لە بەردەمی هێرشەکانی مـحەمەد ئـاغای کەهیـە خۆی ڕانەگرت و کشایەوە کـەرکووک و

سوپای ئێرانیش هەر سەرکوتی سوپاکەی دەکرد و ئینجا چووە پاڵ دوژمنانەوە و بەوەش بوار بۆ عەبدوڵلا پاشا ڕەخسا سلێمانی بگرێ بچێتە ناویەوە و جێی خۆی تێدا قایم بکا. دوای ئەوەی میرزا لە پارێزراویی جێی پاشا دڵنیا بوو ڕووی کردە کەرکووک و لە ترسی کات بەفیڕۆدان قەڵا سەختەکەی گەمارۆ نەدا و بەرەو باشوور بەجێی هێشت و لەسەر ڕێی "داقووق – کفری"دا چەند شوێنێکی گرت و خستییە ژێر فەرمانی محەمەد ئاغای کەهیە و ئینجا لەسەر ڕووباری "خاڵس"دا وەستا.

داود ئەفەندی بە درێژاییی ئەم ماوەیە شوورەکانی بەغدای قایم دەکرد و خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشکری ئێرانی ئامادە دەکرد و هاواری بۆ ئەستەمبۆڵ دەبرد. کە لەشکری ئێرانی گەیشتە حیحب "دەبێ هبهب بێ"ی نزیک بەغدا دانیشتوانی دەستیان بە کۆچی بەرە و حیللە کرد، بەڵام بەبڵاوبوونی کۆلێرا لەنێو لەشکری ئێرانیدا و نەخۆش کەوتنی میرزا بە خۆی وای لە ئێرانییان کرد پەلە لە بەستنی پەیماننامە بکەن لەگەڵ والیی بەغدا و دوو زانا لە زانایانی شیعە و دووان لە زانایانی سوننە بەندەکانیان ڕێک خست و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

١. عەبدوڵلا پاشا پەسند بکرێ بۆ حاکمێتیی میرنشینیی بابان.

٢. جێهێشتنی زەوییەکانی عوسمانی و قەرەبووکردنی ئەوەی لە خاڵس تالان کراوە.

دوای بەستنی پەیماننامە لەشکری ئێرانیی پاشەکشەی کرد بۆ کرماشان و میرزا محەمەد عەلیی سەرکردەی لە " کرند " کۆچی دواییی کرد بەڵام بارودۆخی سیاسی لە نێوانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی توند گرژیی تێ کەوت بەهۆی مانەوەی میرزا عەباسی شازادە لە کوردستانی باکوردا و پێشـڕەویکردنی شا بە خۆی بە سەرکردایەتیکردنی لەشکرێکی بەهێزدا بۆ هەمەدان. خەلیفە "جێنشین"ی عوسمانییش بەرامبەر بەمە هیچی بۆ نەمایەوە دەرکردنی فەرمانگەلێک نەبێ بۆ والییانی دیاربەکر و مووسڵ و بەغدا دەرکرد پەلاماری ئێرانییان بدەن.

هەرکە ئەم فەرمانانە بە داود پاشا " داود ئەفەندی " گەیشت هێزێکی دە هەزار سەربازیی بە سەرکردایەتیی حاجی تاڵب ئاغای کەهیەی نوێ نارد، ئەمیش بە تۆپەکانییەوە لە ڕێی "خوراسان"ی کۆنەوە بەرەو ئێران پێشڕەویی کرد، کە ئەم هەواڵانە گەیشتنە محەمەد حوسێنی کوڕی میرزا محەمەد عەلی- ی کۆچکردوو، بە پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە بە پەلە چووە جەنگی تورکان و بە چل هەزار سەربازەوە لە سنوور ئاودیو بوو و لە "مەندەلی " پێنجسەت تورک کوژرا و ئینجا بەرەو قزلەربات " جەلەولای کۆن " چوو و کەهیەی ناچاری کشانەوە کرد و ئینجا بەناو زەوییەکانی عێراقدا چوو تا گەییە شارەبان و خاڵس، لێرە ڕووبەڕووی تاقمێک لە عەشایەری شەممەری عەرەب هات ژمارەیان هەشتسەت کەس دەبوو و پێشەنگی سوپاکەیان لەناو برد و ئەوانی تریش کۆلێرا لەناوی بردن و ناچار پاشەکشەی کرد و بەوەش هێرشی دووەمی ئێران بەکۆتا هات.

دوا بەدوای مردنی محەمەد عەلی میرزا مەحمووود پاشا پەلاماری سلێمانیی دا و گرتی، ئینجا

کـە لەشکرەکـانی ئێـران و ئەردەڵان تەنگاویان کـرد چۆڵی کـرد و بە لەسـەر ڕێککەوتنەوەی دوو حکوومەتی بەغدا و کرماشان عەبدوڵڵا پاشا هاتەوە. مەحموود پاشا تا گوێڕایەڵیی ئێرانی پەسند نەکرد نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی میرنشینییەکەی. گەڕانەوەکەشی بۆی بە ڕێککەوتنی هەردوو دەوڵەتەکە بوو. بەڵام حکوومەتی بەغدا ئەوەندەی پێ نەچوو پەیماننامەکەی هەڵوەشاندەوە و ئەحمەد بەگی برای داود پاشای والیی نارد بۆ جێبەجێکردنی حوکمی ڕاستەوخۆ لە میرنشینیی باباندا کە مەحموود پاشاش لە سلێمانییەوە کشایەوە هانای برد بۆ ئێران، کە بەهانایەوە هات و هێزێکیان دایێ سەرکردایەتیی کرد بەرەو شارەزوور و سلێمانیشی گرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکوومەتی بەغدا پەنا بباتە بەر عەبدوڵڵا پاشا کە بە هێزێکەوە ناردییە کەرکووک بە نیازی داگیرکردنی سلێمانی بەڵام بە نائومێدی گەڕایەوە، ئینجا لەسەر پەسندکردنی مەحموود پاشا بۆ میرێتیی سلێمانی و عەبدوڵڵا پاشا بۆ حاکمێتیی کۆیە ڕێککەوتن ئەنجام درا.

لە ساڵی ١٨٢٣ی زاینیـشدا هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی پەیماننامەیەکیان بەست لەبارەی سنوورەوە لە " ئەرزەڕۆم"، تێیدا لەسەر پەسندکردنی ئەو سنوورەی سوڵتان مورادی چوارەم دانی پێ دانابوو ڕێک کەوتن، هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر سەروەریی بابان نەبوو کە تا ساڵی ١٨٥٠ وەک هۆکارێک بوو لە بەردەوامیی جەنگی نێوانی هەردوو دەوڵەتدا. ئەمەش ئەو ساڵەیە کە حوکمیان بەسەرچوو و میرنشینییەکەیان ڕاستەوخۆ بە ئەستەمبۆڵەوە بەسترا.

## سلێمان پاشای بابان

لە سەردەمی دواینی حوکمی داود پاشادا سلێمان پاشای کوڕی عەبدوڕەحمان پاشا چووە سەر تەختی میرنشینیی بابان، کە ئێران لێی ڕازی نەبوو و لە ساڵی ١٨٣٢دا دەری کرد. دواتر گەڕایەوە بۆی و حەوت ساڵی دیکە حوکمی کرد، لەو ماوەیەدا تاعوون بڵاو بووەوە و بەشێوەیەکی خراپ دانیشتوانی لەناوبرد و ناکۆکیی میرەکان پتر بوو و بووە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتیان و بۆیە لەشکرەکانی ئێران تا ساڵی ١٨٣٤ لە میرنشینیی شارەزووردا مایەوە و ئینجا بەهۆی مردنی فەتح عەلی شای سوڵتانی ئێرانەوە داگیری کرد.

## ئەحمەد پاشا

کوڕی سلێمان پاشایە هاتە جێی باوکی لە میرنشینیی بابان، بەپێی سیستمی ئەورووپی لەشکری ڕێک خست، مەحموود پاشا بە یارمەتیی لەشکری ئێرانی هێرشی کردە سەر و تەختی میرنشینییەکەی لێ سەند، دوای ڕەتبوونی یەک ساڵ بەسەر حوکمیدا کە لەشکری ئێرانی لێ پاشەکشێ کرد، ئەحمەد پاشا هەڵی قۆزتەوە و هێرشی بردە سەر مامی و لە میری لایبرد و وڵاتەکەی دووبارە گەڕاندەوە بۆ حوکمی خۆی و دەستی پێ کرد کە دەسەڵاتی لە کاروباری سنوور وەردەدا، بەمەش حکوومەتی بەغدای تووڕە کرد و ساڵی ١٨٤٢ داوای کرد و قادر پاشای نەوەی

ئیبراهیم پاشای بنیاتنەری سلێمانیی لە جێ دانا. بەڵام عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا پەسندکردنی ڕەت کردەوە، کە ئێران خۆی تێ ئاخنی و بە نیازی گەڕاندنەوەی مەحموود پاشا سنووری بەرەو شارەزوور بەزاند، بەڵام عەبدوڵڵا پاشا پاشەوپاش گێڕایەوە دواوە و بە حاکمی سلێمانی مایەوە تا ئەحمەد پاشای برای بە کەفالەتی هەندێک لە پاشاکانی بەغدا گەڕایەوە.

نەجیب پاشای والیی نوێی بەغدا لەگەڵ بابانەکاندا بەپێی سیاسەتی "ناکۆکییان بخە ناو دەبییە گەورەیان" دەجووڵایەوە. بۆیە هەوڵی زۆری دەدا دووبەرەکی بخاتە نێو بابانەکان و ناکۆکییەکانی هان دەدا لەنێو میرەکانیاندا بۆ لەناوبردنی میرنشینییەکەیان و سیاسەتەکەشی سەری گرت و کە لە میرنشینیدا دایمەزراند مەرجی ئەوەی بۆ عەبدوڵڵا پاشا دانا کە هێزێکی پارێزگاریی تورک لە سلێمانیدا قبووڵ بکا و ئەو باجەی میرانی بابان لە ڕێگەی بەغداوە دەیاندایە گەنجینەی عوسمانی زیاد بکا.

## کەوتنی سلێمانی

ئیسماعیل پاشای سەرکردەی عوسمانی ساڵی ١٨٥٠ سلێمانیی داگیر کرد و جێی دوا بابانیی گرتەوە و ئەو میرنشینیی بابانەی لەناوبرد کە سەدە و نیوێک بەردەوام بوو. بەلەناوچوونی بابانیش ڕێمە عوسمانییەکان هاتنە گۆڕێ و لەگەڵیشیدا زمانی بیانیی تورک و هەروەها ژمارەی تورکی بیانیش زۆر بوو.

## کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی بابانەوە

لۆنگریک لەم توێژینەوە مێژووییانەوە کورتەیەک هەڵدەهێنجێ شایانی تۆمارکردنە، بە پێویستی دەزانین بینووسینەوە، ئەمەش پیتاوپیتی ئەوەیە کە دەڵێ: " ئەگەر میرانی بابان دووبەرەکیی ناو خۆیان نەبایە و بە شمشێری تورک و فارس لە ڕۆڵەکانی کوردستانیان نەدایە، میرنشینییەکەیان بەردەوام دەبوو و فراوان دەبوو و لە بارێکدا دەبوو هەڕەشەی لە دوو حکوومەتی تورک و ئێران دەکرد، گومانیشی تێدا نییە کە ئەگەر بابان لەگەڵ ئەردەڵان و میرنشینییەکانی تری کوردستانی گەورەدا هاوکارییان بکردایە کە بە کردەوە سەربەخۆییی تەواویان هەبوو و بە ناوە سەر بە ئێران و تورکیا بوون، ئەم یەکگرتنەیان دەوڵەتێکی گەورەی کوردیی پێک دەهێنا لەلایەن ڕووپێو و ژمارەی سەرژمێریان لە ئێران یان لە دەوڵەتی عوسمانی کەمتر نەدەبوو، بەڵام چاوچنۆکیی تاکەکەسیی نێو میرە کوردەکان و جەنگە ئایینییەکانی نێوان سوننە و شیعەش لە گەورەترینی ئەو هۆیانە بوون کە سەربەخۆییی کوردی لەناو برد ".

# مامەیارەی قارەمان

داستان – مێژوو

محەمەد تۆفیق وردی



**باسی مامەیارە** [٦]

وەکو مامۆستا " بەشیر موشیر " بۆی گێڕامەوە

من خۆم بەچاوی خۆم " مامەیارە " یان " سۆفی یارە "م دیبوو کە لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵیدا بووم لە شاری سلێمانی.

مامەیارە باڵایەکی بەرزی هەبوو، گەنمڕەنگ بوو، چاوی شینکار بوو، جبەی لەبەر دەکرد، پێستێکی سووری لەبەردا بوو و گوڵینگەیەکی ڕەشی پێوە بوو، پێستەکەشی ژاکاو بوو " بێ قاڵب بوو "..

هەموو ڕۆژی جومعەیەک دوو سەعات لەپێش نوێژی جومعەدا دەهاتە بازاڕ و دارێکی درێژی بەدەستەوە بوو بە چەشنی "سەولەجان "[٧] لەسەر هەموو کەس و گوزەرێکی بازاڕ ڕادەوەستا و بە دەنگێکی بەرز دەیفەرموو:

" ئەی کوردینە، ئەی ئیسلامینە، خۆتان چاک بناسن و بزانن کە ئەمڕۆ دنیایە و سبەینێ مردن و قیامەتە، ڕەوشتی ئیسلامی ون نەکەن، لەگەڵ یەکتریدا چاک بن و هەموو برا بن، چونکە هەر لە چاکە و لە برایەتی و یەکەتی و پشتگرتن شتی چاک دەردەچێت، من ئەم پەندانەتان دەکەم بۆ خوا، هەتاکو ڕۆژی قیامەت ئەو قسانەم بمێنێ و ونی مەکەن، ئەم نەسیحەتە بمێنێ بۆ نەتەوەکانتان بۆ یەکتری بگێڕنەوە، هەر کەسێ کردەوەی چاک نەبێ بە مەرامی خۆی ناگات، ئەخلاقی چاک خوا و

.................................................................

ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە

پێغەمبەر خۆشی دەوێت، بە مەرامی خۆتان دەگەن! "

حکوومەت ئەم پیاوەی خۆش دەویست و زۆر بەڕێز و دادپەروەر بوو، ئەم سۆفی یارەیە ئەگەر ژنێک جەزایەکی لەسەر بووایە بەپێی یاسا حەپسی دەکرد، دەینارده لای سۆفی یاره و له ماڵەکەیدا حەپسی دەکرد.

من خۆم دەمدی بە چاوی خۆم دەیانوت هەر ئەم مامەیارە لە دوانزە سوارەی مەریوانیش بووە، هەرچی مووچەی هەیبوو هەمووی دەدا بە خۆراک و لەسەر هەژار و بێ نەواکان دابەشی دەکرد. مناڵی بچووک ناویان نابوو مامەیارە و پیاوی گەورەش پێیان دەوت " سۆفی یارە "، لەگەڵ مناڵێکدا چۆن قسەی دەکرد، لەگەڵ پیاوێکی گەورەشدا وا قسەی دەکرد و جیاوازیی بچووک و گەورەی لا نەبوو...

زۆر خۆش مەشرەف بوو[٧]، بەڵام هیچ نەمدەدی پێ بکەنێ، وا دیارە ئاواتی نەگەییوەتە جێ...

تکا لە هەموو کوردێکی خۆشەویست دەکەم چونکە هەموومان دەمرین، من لە بەغدا ئەگەر مردم وەسیەتم بێ بمبەن بۆ سەر گردی سۆفی یارە و لەوێ بمنێژن. هیوادارم لە هەموو کوردێکی دڵسۆز، کە ئەم وەسیەتەم بەجێ بگەیێنن. ئیتر بژی کورد و کوردستان.

بەشیر موشیر

٢٩ / ٧ / ١٩٦١

**

## چۆن مامەیارە وەفاتی کرد؟!

ڕۆژێکی هەینی مامەیارە دیار نەبوو! خەڵکی کەوتنە تەلاشەوە و دڵتەنگ بوون، چوون بۆ لای، ئەم وەسیەتەی کرد کەوا لەپێشەوە نووسیمان، زۆر کەس بۆی گریان. لەپاش مردنی وەسیەتەکەیان بەجێ هانی، خەڵکی سلێمانی تازیەیەکیان بۆ گرت زۆر گەورە بوو. لەپاش چل ڕۆژ کەوا هەڵکەوتی ڕۆژی جەژنی قوربانی کرد، خەڵک زۆر کۆ بوونەوە. "حەسەن کەل "ێک ناوشیوەنەکەی دەکرد و خەڵکەکەش لە سنگیان دەدا. دوو سەعات لەسەر گۆڕەکەی شین و واوەیلا بوو، حەسەن کەل گۆرانیی دەوت و خەڵکەکەش بۆی دەگێڕایەوە و دەگریان. لەپاش فاتیحا خوێندن گۆڕی موبارەکیان بەجێ هێشت.

بەم وێنە قارەمانی کوردی دلێریان ناشت.

*

هەواڵنامەی کتێب

## چیرۆکی مام سێوکەی قارەمان[8]

"چەند لاپەڕەیەک" "لە مێژووی شاری کۆیە"

لە ڕۆژی ٢٧ / ٦ / ١٩٦١ بە ڕێک کەوت چوومە گازینۆی پەرلەمان، کە لە حەیدەرخانەیە و ئیستێ ناوی " گازینۆی شۆڕشە". کە دانیشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی عەرەبی، لەم کاتەدا مامۆستایەکی کۆنم کە لە قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری کۆیە لە پۆلی سێیەم دەرسی پێ وتبووم پەیدا بوو. پاش چاک و چۆنی دانیشت. چەند دەقیقەیەک لە سیاسەتی ڕۆژانە دواین، لە پاشا باسی نووسین و نامیلکەکانی لێ پرسیم و چیم بەدەستەوەیە بۆ چاپکردن. لە پاشا بەڕێک کەوت سیاسەتمان بەجێ هێشت و دەسمان کرد بە باسی مێژووی نەتەوەی کورد، لە پاشا من بۆم باس کرد کە من هەندێ شتم لەلایە لە بابەت مێژووی شاری کۆیە، بەڵام باسەکان زۆر ناتەواون. مامۆستای ناوبراو " مامۆستا سەعید فەهیم " پێی وتم من گەلێ باس و خواسی کۆیەم لا هەیە دەتوانم کە دەستت کرد بە نووسین یاریدەت بدەم. دیسان پێی وتم کە گەلێ شت لە بابەت کۆیەوە نووسرابووەوە، بەڵام " حوزنی موکریانی " لێی وەرگرتم و نەیدامەوە. دیسان باسی بوێژانی کۆیە و پیاوە کۆنینەکان و کۆیە و شاعیرانی بە پێنووسی " کەریم شارەزا " باس کرا، بە کورتی باسی مێژوویی و هونەری و ڕابردووی کۆیەمان زۆر کرد. لە ناکاو مامۆستا وتی:

– دەزانیت "گردی سێوکە" لە چییەوە هاتووە؟

وتم:

– وا دیارە "سێوکە" پیاوێکی کۆن بووە.

وتی:

– وا من ئەم باسەت بۆ دەگێڕمەوە کە لە نامیلکەیەکی دەستنووس نووسرابووەوە و دیسان مەلا "ئەسعەدە کەڕە = مەلا سەعد"ی بناو کە سەرچاوەی مێژوو و وێژەی کورد بوو لە کۆیە، ئەو باسەی بۆ گێڕاوەوە وا منیش بۆتی دەگێڕمەوە:

لە ٢٩ی مانگی ڕەمەزان " کە ساڵەکەی لە بیرم نەماوە " ئەحمەد پاشای بابان لە ماڵی حاجی بەکر ئاغای کۆیی[9] دابەزیبوو، خۆی و سەرکردەکانی سوپای کە بریێتی بوو لە " ٨ " هەزار سوارە و پیادە، ئۆردوگایان لەلای گردی سێوکە و یارەمیش هەڵدابوو. سوپای " نەجیب پاشا " کەوا سەرکردەی تورکەکان بوو بۆ لەناوبردنی سوپای بابان و داگیرکردنی شاری کۆیە لە بەینی گوندی " تۆبزاوا " و "گۆپ تەپە " خێوەت و خەرگای هەڵدابوو. خۆشی نەجیب پاشا خێوەتی سەرداری لەسەر گردێک بۆ هەڵدرابوو، کە پێی دەڵێن: " گردی چادر " یان " گردی نەجیب پاشا "، کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی هەولێر و کۆیە و کەرکووک.

حاجی بەکر ئاغا کە پیاوێکی تێگەیشتوو و زانا بوو ڕووی لە ئەحمەد پاشای بابان کرد و پێی

وت: "پاشا وا جێژن زۆری نەماوە، پێویستە لەسەرت کە مانگانەی سەرباز و ئەفسەرانی سوپاکەت بدەیت تاکو ئەو مانگانەیان بۆ ماڵ و مناڵیان بنێرنەوە چونکە بە تەمای ئەو مووچەن و بەس".

" جوامێر ئاغا "[10] کە سەرۆکی گشتیی سوپای " ئەحمەد پاشا " بوو لەولاوە هەڵی دایە و وتی: "پاشام خۆش بێ لەو قسەیە وام بۆ بەدەردەکەوێت کە حاجی بەکر ئاغا دەیەوێت تۆ بخاتە سەر ساجی عەلی و پارە و پوولێکت بەدەستەوە نەمێنێ و بەم وێنەیە دەربەدەرت بکات، من بڕوام وایە بیروباوەڕی حاجی بەکر ئاغا ڕاست نییە، بەڵکە وەکو دەڵێن سەگ هەتا برسی بێت چاکتر پاس دەکات!! ".

کە حاجی بەکر ئاغا ئەو وەڵامەی لە جوامێر ئاغای تاین بیست، زۆر دڵگیر بوو، ئیتر خۆی بۆ نەگیرا و چووەوە ناوماڵ و خێزانی خۆی.

کە سەرکردە و میرەکانی سوپای ئەحمەد پاشا گەڕانەوە ناو چادری خۆیان کۆمەڵیان بەست و دەستیان کرد بە گفتوگۆ کردن و لە قسەی جوامێر ئاغا زۆر زۆر تووڕە بووبوون، هەموو تێکڕا وتیان: "ئێمە ماڵ و مناڵ و کەسوکارمان بەجێ هێشتووە، وا بەرەجێژنانە، گیانی خۆمان لەسەر دەست داناوە و ڕوو بەرەو مردن دەچین کەچی جوامێر ئاغا ئێمەی بە سەگ دانا و پاشاش وەڵامێکی نەدایەوە و پێی نەوت کە تۆ بە چ هەقێک ئەو قسەت کرد لەم شتە نارەوایە. وتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە، کەواتە ئیش وای لێ هات ئێمەش شەڕی بۆ ناکەین، گەڕانەوە ناو ئۆردوگاکان و بەم چەشنە تەدبیریان ڕێک خست: پێویستە لەسەر هەر سەرکردەیەک هەموو سەرباز و ئەفسەرانی خۆی تێ بگەیەنێ کە سبەی ئێوارە لەگەڵ دەنگی بانگی عیشایێ هەریەکە لە جێگەی خۆی تەقەیەک بکات و تفەنگێک بهاوێت بەم چەشنە دەیکەین بە عەرش " یەنی بڵاوەی لێ دەکەین و دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان. جا بۆیە بەم ڕووداوە دەڵێن "عەرشی پاشا ".

بۆ ڕۆژی دوایی لە ساتی دانراودا هەر کەسە لە جێگەی خۆیەوە تەقەیەکی کرد و لەشکر بڵاوەی لێ کرد، هەر کەسە گەڕایەوە بۆ وڵات و ماڵی خۆی. تۆپچییەکی سوپای بابان کۆڕی شەڕی بەجێ نەهێشت، ئەو تۆپچییەش ناوی " مام سێوکە "[11] بوو. " دەڵێن نەختێ گوێشی گران بووە ". تۆپەکانی لەسەر گردەکە دابەستبوو سوپای تورکی دایە بەرتۆپ هەتاکو نزیکی نیوەڕۆ سوپای نەجیب پاشای تۆپباران کرد و سەری لێ شێواندن. نەجیب پاشا و سەرکردەکانی سوپای تورک وایان زانی سوپای ئەحمەد پاشای بابان هێرشیان هێناوە، بۆیە بۆی هەڵاتن و گەڕانەوە بۆ شاری هەولێر.

"جوامێر ئاغا "ش لە ترسی ئەحمەد پاشا هەڵات و خۆی ون کرد، جا هەندێ دوژمنی ئەحمەد پاشا کە دڵگیر بوون لە قەوماوی سەربڕانە[12] و گەلێ کەسیش لەوانەی حاجی بەکر ئاغایان خۆش نەدەویست هەموو پێکەوە ڕێک کەوتن و چوونە شاری هەولێر و تورکەکانیان هێنایە کۆیە و بەبێ

شـەڕ داگیـریان کرد. کـە ئەحـمـەد پاشـا و حـاجی بەکـر ئاغا ئەو شـتـەیان دی لەگـەڵ هەندێ لە سـەرکـردەکانی تر چوونە نـاو قـەڵای "کریسـە "وە، کە دەکەوێتـە گوندی " ئیلـلاڵڵا " لە دەوروبەری کۆیە. لەوێ حاجی بەکر ئاغا سێ مانگ مایەوە.

کە نەجیب پاشـا ڕووی کردە شـاری کۆیە، چووە دیوەخـانی حـاجی بەکر ئاغا دابەزی، " چونکە جوانترین کۆشک و سەراپەردە لە شـاری کۆیە هی ئەو پیاوە بووە، دەشڵێن ئەوەندە دەوڵەمەند بووە پارەی بەبێڵ کـردووەتە ناو جـەواڵ و گونیـە ". فـەرمـانـیـشـی دا کـەوا مـاڵی حـاجی بـەکر ئاغـا تاڵان بکرێت، جـا تورکەکان کەوتنە ناو مـاڵی و هـەرچـی تێدا بوو تاڵانیـان کرد. لە پاشـا زانا و پیـاوانی دین و گەورە گەورانی شـاری کۆیە مەزبەتـەیەکیـان بۆ حاجی بەکر ئاغا کرد و داوایان لە نەجـیب پاشـا کرد کە لە حـاجی بەکر ئاغا ببوورێت و مـاوەی بدات بێتەوە بۆ شـاری کۆیە. جا فەرمـان لە شای ئەستەمبۆڵ دەرچوو بۆ لێ خۆشبوون لە حاجی بەکر ئاغا، جا گەڕایەوە بۆ شاری کۆیە.

پاش سێ مـانگ حاجی بەکر ئاغا بوو بە یاریدەر بۆ ئەوەی کە فەرمـانی شـاهـانەی لێبـووردنیش بۆ ئەحمەد پاشای بابان وەربگرێت.

لەلایەن شـای ئەسـتـەمـبۆڵەوە فەرمانی لێبـووردن دەرچوو بەو مـەرجـە کە ئەحـمەد پـاشا بچێتـە ئەسـتـەمـبۆڵ. حاجی بەکر ئـاغا بەو جۆشنە ڕووی کردە قـەڵای " کریسـە " و چاوی بە ئەحمـەد پاشا کـەوت و پێی وت: " پاشـا شـەڕکردن بێ سـوودە، خـاین زۆرە، دوژمن لە هـەمـوو لایـەک لێت ڕاست بوونەتەوە، شـەڕی پێشـووت دۆڕاند، جا سـەریـشـت مەدۆڕێنە و دوور نییە لە پەنایەک تفـەنگێکت لێ بدەن و لە ناوت ببەن.. تکام وایە ئەو تکای من بسـەلمێنـی و خۆت بەدەستەوە بدەیت ".

ئەحمەد پاشا ڕووی لە حاجی بەکر ئاغا کرد و پێی وت: " حاجی بەکر ئاغا، من بۆم دەرکەوتووە کـە تۆ دڵسـۆزێکی منی هـەتا بۆ مـردنیش بێت لەسـەر بیروباوەڕی تۆ دەڕۆم ". جا ئەو حـەلە حـاجی بەکر ئاغـا ڕووداوەکەی بۆ گێڕاوە کـە چۆن " بابی عـالی " پەنای داوە، بەهـۆی هـەوڵ و تەقـەلای ئەو جا هـەڵسە کەوا بوو بڕۆین بۆ لای نەجیب پاشا..

ئەحـمـەد پاشـا وتی: "مـن بەو شـتـە ڕازیم، بەڵام بە مـەرجێک لەکە نەخـاتـە سـەر ناو و ناوبانگ و ئابڕووم تێـدا زەدەدار نەبێت، ئەو حـەلە دێم ". حـاجی بەکـر ئاغـا لـە وەڵامـدا وتی: " ئابڕووی تۆ ئابڕووی ئێمەیە، من سـەرت لەسـەر دادەنێم ". ئەو حەلە ئەحمەد پاشا هاتە کۆیە. حاجی بەکر ئاغا " ٧٠ " هەزار قڕانی دایە بۆ ئەوە لە ڕێگەدا خـەرجی بکات و پێی وت: " ئەگەر ئەو پارەیەش بەشـی نەکردیت ئامادەم لە هـەر ساتێ پارەت پێویست بوو خەبەرم بۆ بنێرە ".

جا حاجی بەکر ئاغا لەگەڵ ئەحمەد پاشا[١٣] تاکو مووسڵ چوو و بەڕێی کرد بۆ ئەستەمبۆڵ.

ئەحمـەد پاشا چووە بابی عـالی، لەبەرئەوەی نەیاندەویست کەوا لەم کاتەدا دوژمن بۆ خۆیان زۆر بکەن، لـە ئەحـمـەد پـاشا خـۆش بوون و فـەرمـانی شـاهـانەی بـۆ دەرچوو و کـرا بە والی لە شـاری "شام"[١٤].

لەبەرئەوەی کە تایفەی "حەویزی لە کۆیە " پشتگیریی شاکانی بابان بوون و بۆ کوردایەتی لە کاتی خۆیدا هەوڵیان داوە لەبەر ئەوە هەمیشە بە سەختترین ڕێگە، چە عوسمانییەکان، چە ئینگلیزەکان وایان کردووە ئەوانە لەناو بچن. پاش دامەزراندنی حکوومەتی عێراقیش هەر ئەو پیلانە لەگەڵ حەویزییەکان بەکار هات. تا وایان لێ هات، زۆرترین کەس لە حەویزییەکان بوون بە باخەوان و حەماڵ، هەتا ماڵی ئەمین ئاغا کۆربووەوە و ئیستێ کاولە، چونکە نەتەوەکانی نەیانتوانی خۆیان بکرنەوە. من ئەو قسەیەم بۆیە کرد کە خۆم دیم بە چاوی خۆم چۆن لە کاتی خۆیدا زۆرترینیان ئیشوکاریان پێ نەدرا.

بەڵام لەسەر ئەوەشەوە پاش ساڵانی " ١٩٣٠ – ١٩٤٠ " گەلێ نووسەر و بوێژ و مرۆڤیان لێ هەڵکەوت. لە سوپای عێراق چەند ئەفسەر لەم تایفەیە هاتە مەیدان، دیسان موحامی و کاربەدەست و قوتابی و گەلێ جۆری تر لە ئیشکەران لەم تایفەیە پەیدا بوون.

" ئەمین ئاغا ئەختەر " وەکو بۆیان باس کردووم، زۆر نیشتمانپەروەر بووە، "حاجی قادر " زۆر مەدحی دەکات. هیوادارم لە دوارۆژدا لەگەڵ مێژووی شاری کۆیە گەلێ باسی ترتان لە بابەت ئەو تایفەیە بۆ بنووسم هەر وەکو هەن و وەها چونکە من بۆرییەژەنی کەس نیم، تەنیا بۆ مێژوو دەنووسم و بۆ کورد...

ئەم شتانەم لە مامۆستا سەعید فەهیم وەرگرت*

لە ٢٧ / ٦ / ١٩٦١

" وردی "

هەوالنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

٦. ڕیشێکی سپیی تۆپی هەبوو و لە تەمەنی هەشتا ساڵی بوو.

٧. خۆش مەشرەف: لە خۆش مەشرەب–ەوە هاتووە، دەکرێ بڵێین واتە: سەرچاوەی پێکهاتەی ڕەوشتی خۆش بووە. " بڵاوکەرەوە ".

٨. سێوکە گردێکە لە شاری کۆیە، بە ناوی ئەو قارەمانە کراوە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، بەرزیی " ١٥ " مەترێک دەبێت.

٩. حاجی بەکر ئاغا ناودارێکی کورد بووە و هەم بوێژ و هەمیش مێژووناس بووە، لەقەبی (نازناوی) قاسید (قاصد) بووە، هەڵبەستەکانی زۆرن، بەڵام کۆ نەکراوەتەوە تا (٥٠٠) لاپەڕە هەڵبەستی کوردی و فارسی بووە، دەڵێن ئیستێ لای مەلایەکە لە کەرکووک.

١٠. جوامێر ئاغا یەکێک بووە لە نۆکەرانی تورک، لە سەرەوە بۆ کورد شەڕی دەکرد، بەڵام لە نهێنیدا خۆی فرۆشتبوو بە تورکی عوسمانیی دوژمنە گەورەی میللەتی کورد.

١١. گردی سێوکە لە دەشتی کۆیەیە، بیست دەقیقە لە کۆیەوە دوورە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەی ئێستا و نزیکی ئەسکی کۆ " کۆی کۆن "، لە نزیکی تەیارەخانەی کۆیە کە ئیستێ تەیارەی لێ

نانیشێتەوە.

١٢. سەربڕانە: بەو قەوماوە دەڵێن کە ئێستێ باسی دەکەین: "موتەسەڕیفی شاری کۆیە لە کاتی بابانەکان یەکێک بووە ناوی "عیساغا " بوو، دەشڵێن ئامۆزای ئەحمەد پاشا بووە. عیساغا ژنێکی زۆر جوانی بووە. ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنەکەی دەچێتە حەمام، یەکێ لە لاوانی کۆیە، بە ناوی "کاکەئەڵڵا" کە لە تایفەی غەفووری بوو، بە پەلامارەوە پێی دەڵێت: "خانم کەی نۆبەی ئێمەیە!". کە ژنی عیساغا دێتە ماڵ و دەگەڕێتەوە ئەو بەسەرهاتە بۆ مێردەکەی عیساغا دەگێڕێتەوە. عیساغا لەوە زۆر پەست دەبێت. جا بە خۆی و " ١٠٠٠ " چەکدارەوە دەچێتە سەر غەفوورییەکان، ئەوانیش زۆریان هەڵدێن و " ٨٠ " کەس لە پیاوە بەناوەکانیان خۆیان دەکوتنە ناو قشڵەی ئێستەی کۆیە. عیساغا لە ئابڵووقەیان دەنێت بەڵام لەبەر سەختیی قشڵە ناتوانێ بیانگرێت. حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئابڵووقەیان دەدات، ئاویان لێ دەبڕێت، پاش ئەو حەفت شەو و حەفت ڕۆژە، وەڵامی بۆ دەنێرن کە ئێمە تەسلیم دەبین بە مەرجێک نەمانکوژێت، ئەویش بە فێڵ سوێندیان بۆ دەخوات، کە دێنە دەرەوە هەموویان دەکوژێت و ماڵ و منداڵەکانیان دەربەدەر دەبن. جا بەم ڕووداوە دەڵێن سەربڕانە. لەو حەلەوە تایفەی غەفووری پشتگیریی بابانەکانیان نەکرد و بوون بە دوژمنیان. ماڵی عیساغای ناوبراو " سەرای کۆنی شاری کۆیە بووە ".

١٣. هەندێ دەڵێن کە " ئەحمەد پاشا " ماوەی چەند مانگێک لە قەڵای " ئاوەگرد "، کە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای کۆیە، سەنگەربەندیی کردووە، قەڵای ئاوەگرد قەڵایەکی زۆر سەختە و دەکەوێتە سەر بەرزترین لووتکەی کێوی سەفین، بەرامبەر بە گوندی " سناوە " و " جەلی ". ئەم قەڵایە تا ئێستێ ماوە، نۆ عەمباری ئاوی تێدا هەڵکەندراوە لە بەرد، لە کاتی خۆی نامیلکەیەکی تایبەتیم هەیە لەسەر ئەو قەڵا مێژووییە بڵاوی دەکەمەوە. هەندێ مەلا و زاناکان دەڵێن ناوی ڕاستیی قەڵاکە بە ناوی " ئەزمەگردە "وەیە، کە پاڵەوانێکی کورد و کاربەدەستی ناوچەی خۆشناو بووە.

١٤. کاتێ کە حاجی بەکر ئاغا مرد، دوو کوڕی لەپاش بەجێ ما، یەکێ بە ناوی " ئەمین ئاغا ئەختەر " کە بوێژێکی بەناو بووە و کوردپەروەرێکی باش بووە. دووەم: ناوی ئەسعەد ئاغا بووە. لە کاتێ کە ئەسعەد ئاغا چووە بۆ حەج لایداوەتە شاری شام و چاوی بە ئەحمەد پاشا کەوتووە، ئەحمەد پاشا زۆر خزمەتی کرد و هەمیشە لەگەڵ خۆیدا نانی دەخوارد کە پێکەوە دادەنیشتن بە ئەسعەد ئاغای دەوت: "من چاکەی حاجی بەکر ئاغای باوکتان ناتوانم بدەمەوە، مەگەر شادەماری ڕەگم بە چەقۆ هەڵبڕم و خوێنەکەمتان بدەمێ، ئا بەوە نەبێت لە چاکەی ئێوە دەرناچم. کە ئەسعەد ئاغا گەڕایەوە بۆ کۆیە، " ئەمین ئەختەر " زۆر لێی تووڕە بوو پێی وت: "وا دیارە چووی بۆ شام بۆ ئەوە کۆنە قەرزەکانی باوکمان وەربگریتەوە!"، بەڵام ئەسعەد ئاغا وتی: "من بۆ سەردان چوومە لای، نەک بۆ پارە!".

## پێڕست


موبارەک و سەردەمەکەی.. لە سەکۆوە بۆ گۆڕەپان – بەشی دووەم. محەمەد حەسەنێن هەیکەل ........ 3

ڕۆهەڵاتناسی بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە – بەشی چوارەم. د. موحسین محەمەد حوسێن ........ 87

کوردستان ئیسلامییە. د. فەهمی ئەلشناوی. لە عەرەبییەوە: حەمەفەریق حەسەن ........ 96

نیکۆلۆ ماکیاڤیللی. د. مەهدی مەحفووز. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ........ 103

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – ئەڵقەی حەوتەم. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 119

فەرهەنگی (فارسی – کوردی) زانکۆی کوردستان و.... عەبدوڵڵا ئیبراهیمی ........ 130

سەلەفییەکانی میسر هەڕەشەی شۆڕشێکی ئیسلامی دەکەن. ئولریکە پوتس ........ 174

ئاخۆ دەکرێ دیموکراسیی ئیسلامی هەبێت؟ دەیڤد بوکەی. لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان ........ 179

شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب – بەشی یەکەم. سەلاح ئەلئیمام. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 195

رۆشنگەری وەک خاڵی دەسپێک هاشم ساڵح. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ........ 208

خەمەکانی لێبوکی سێرک. میهای زامفێر. لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف ........ 224

بنەواکانی رۆژنامەوانی – بەشی شەشەم. بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ ........ 229

تێما: چیاپاز.. ناسیۆنالیزم و دەوڵەت – بەشی دووەم. جێگری فەرماندە مارکۆس ........ 271

دەمەتەقێیەک لە نێوان یۆن فۆسە و لاش نۆرێن–دا. لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف ........ 281

سەرەتایەک بۆ ناسینی موزیکی کلاسیکی. سەلاح حەسەن. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 287

پێوەندییە دیجیتاڵییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە چین. ئاشلی ئیساری و چیائۆ کیانگ ........ 303

جیهانی سێیەم لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە. ئەنتۆنیۆ کابالێرۆ ........ 316

مەریوان جەلال .. ڕەنگ و قوڕ و ئاسن. ئاغالە ........ 321

ناونانی کارەکتەر. حەمەفەریق حەسەن ........ 337

حەوت نەریتی مرۆڤی کاریگەر. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی. لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی ........ 341

ئەبێت بڕۆیت؟ ژیانم لەگەڵ هارۆڵد پینتەر–دا. دانا رەئووف ........ 347

ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکا لە تەنگژەدایە. ڕاینەر روپ. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 355

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد شاملوو. سازدانی: بەڕۆژ ئاکرەیی ........ 367

ئەمە و هیچی تر نا. مارگرێت دۆراس. لە سوێدییەوە: خەبات عارف و بەڕۆژ ئاکرەیی ........ 388

لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ........ 415

مامەیارەی قارەمان – بەشی دووەم. محەمەد تۆفیق وردی. ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە ........ 441